حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتیی زانکۆی سلێمانی
کۆلێجی زمان

# دەنگسازیی فەرهەنگی و دوافەرهەنگی لە زمانی کوردیدا

تێزێکە

**لیمۆ محمود تۆفیق**

پێشکەشی کۆلێجی زمان/ زانکۆی سلێمانیی کردووە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا لە زمانی کوردیدا.

سەرپەرشت:
**پ.د. فەرەیدون عەبدول محەمەد**

(**٢٧٢٣-٢٧٢٤**)ی کوردی (**٢٠٢٤**)ی زاینی

ئەم تێزە بە سەرپەرشتیی من لە زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە و بەشێکە لە پێویستییەکانی بڕوانامەی دکتۆرا لە زمانی کوردیدا.

ناو: پ.د. فەرەیدون عەبدول محەمەد

ڕۆژ: ٣ / ٣ /٢٠٢٤

بەپێی ئەو پێشنیازە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن دەکەم:

ناو: پ.ی.د. محمد عمر عول

سەرۆکی بەشی زمانی کوردی

ڕۆژ: ٢٥/ ٣/ ٢٠٢٤

ئێمەی ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن، ئەم تێزەمان خوێندەوە و لەگەڵ خوێندکارەکەدا گفتوگۆمان لەبارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی تری کرد و بڕیارماندا، کە شایەنی ئەوەیە بڕوانامەی دکتۆرای لە زمانی کوردیدا پێبدرێت.

ناو: پ.د. عبدالجبار مصطفى معروف
ئەندام
ڕۆژ: ٢٥/ ٤/ ٢٠٢٤

ناو: پ.د. صباح رشيد قادر
سەرۆکی لیژنە
ڕۆژ: ٢٥/ ٤/ ٢٠٢٤

ناو: پ.ی.د. عمر محمود كريم
ئەندام
ڕۆژ: ٢٥/ ٤/ ٢٠٢٤

ناو: پ.د. ئاڤێستا کمال محمود
ئەندام
ڕۆژ: ٢٥/ ٤/ ٢٠٢٤

ناو: پ.د. فەرەیدون عەبدول محمد
ئەندام و سەرپەرشت
ڕۆژ: ٢٥/ ٤/ ٢٠٢٤

ناو: پ.ی.د. ئازاد امین فرج
ئەندام
ڕۆژ: ٢٥/ ٤/ ٢٠٢٤

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێژی زمانەوە پەسەندکرا.

پ.د. شاخەوان جلال حاجی فرج
ڕاگری کۆلێژی زمان
ڕۆژ: ٢٧/ ٥/ ٢٠٢٤

**ئەم تێزە پێشکەشە بە:**

- **ڕۆحی پاکی مامۆستای کۆچکردوومان(پ.د. فارووق عمر صدیق)**
- **دایک و باوکم .**
- **هاوسەری ڕێزدارم و منداڵەکانم.**
- **هەموو ئەوانەی ڕێز لە زمانی کوردی دەگرن و خزمەتیان بە زمانەکە کردووە.**

## سوپاس و پێزانین:

- بۆ خوای گەورە، بۆ هەموو بەخششەکانی پێمان.
- بۆ زانکۆی سلێمانی و بەشی کوردیی کۆلیژی زمان، کە دەرفەتی ئەم خوێندنەیان بۆ ڕەخساندین.
- بۆ سەرپەرشتیاری بەڕێزمان(پ.د. فەرەیدون عەبدول بەرزنجی)، بۆ هاوکاری و پێدانی سەرنجەکانی کە بوون بە سەرچاوەی ئیلهامی ناوەڕۆکی ئەم تێزە و بەخشینی ئازادی لە دەربڕینی بۆچوونەکانماندا.
- بۆ بەڕێزان: ڕاگر و سەرۆکی بەش (د. محمەمەد عومەر عەول)و و سەرجەم ستافەکەیان بۆ پاڵپشتی کردنمان لە هەموو بوارەکاندا.
- بۆ بەڕێزان ئەندامانی لیژنەی سیمینارەکان :(د. عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، د. ئاڤێستا کمال محمود، د.تاراعبدللە سعید) کە تێبینییەکانیان و سەرنجەکانیان بوون بەهۆی دەوڵەمەندکردنی ناوەڕۆکی تێزەکە.
- بۆ بەڕێزان (پ.د. سەباح ڕشید قادر)، (پ.د.عەبدولجەبار مستەفا مەعروف)، (پ.ی د.سازان زاهر)،.. سەرجەم ئەو بەڕێزانەی تریش کە بەردەوام هاوکارمان بوون لە وەڵامدانەوەی پرسیار و داواکارییەکانماندا.
- بۆ ستافی یەکەی خۆیی کۆلیجی زمان کە لە سەرەتاوە تا کۆتایی بەڕایی کردنی کارەکانمانەوە ماندوو بوون.
- بۆ هاوسەری بەڕیزم کە پاڵپشتی گەورەم بوو لە سەرەتای ئەم قۆناغەی خوێندنمەوە تا کۆتاییهاتنی.
- هاوڕێمان (محمد حسین احمد'نیرنجی')، سەرجەم هاوڕێیانی تریش کە هاوکارمان بوون لە گشت بوارەکانی ئەم تێزەدا.

## هەندێک تێبینی دەربارەی شێوازی نووسینی تێزەکە:

**أ-** سەرەڕای هەبوونی لیستی زاراوەکان لە تێزەکەدا، بەڵام لەناواخنی بەش و بابەتەکاندا هەندێکجار زاراوە ئینگلیزییەکە بەکارهێنراوەتەوە بۆ یەکجار، لەبەرهۆکاری ئەوەی کە :

١-هەندێک لەو زاراوانە بۆ یەکەمجارە بەکاردەهێنرێن و ئەو وشەکوردییەی کە لەبەرامبەریدا بەکارهێنراوە تەواو پڕاوپڕی خۆی نییە و هەندێکجار تەنها وەرگێڕانە گشتییەکەیەتی بۆ زمانی کوردی، وەک ئاشکرایە سازاندنی زاراوە پێویستە لەلایەن لیژنەیەکی زانستی خاوەن ئەزموونی بوارەکەوە بێت نەک لەلایەن یەک لێکۆڵەرەوە.

٢- بەکارهێنانی وشەکوردییەکە بەتەنها، لەناو ناواخنی بابەتەکاندا لیڵی و ناتێگەیشتن و لادان لە مەبەستی سەرەکی زاراوەکە دەهێنێتە ئاراوە، لەبەر ئەوە زۆربەی جار زاراوە ئینگلیزییەکەش لەگەڵیدا بەکارهاتووەتەوە.

٣- نەبوونی فەرهەنگێکی زاراوەی زمانەوانیی فۆنۆلۆجییانە هۆکارێکی ترە بۆ زۆربەکارهێنانەوەی زاراوە بیانییەکان.

٤-لە هەندێک لەسەرچاوەکاندا، زاراوەیەکی کوردی لەبەرامبەر چەندین زاراوەی جیاجیای فۆنۆلۆجییانەی ئینگلیزی، یان بە پێچەوانەوە لەبەرامبەر زاراوەیەکی فۆنۆلۆجیی زمانی ئینگلیزی چەندین زاراوەی جیاجیای کوردی بەکارهاتووە. وەک زاراوەی **accent** لەبەرامبەر ئەکسێنت، هێز، تەوژم ، زرنگە، تۆن ...... بەکارهاتووە لە کوردیدا، بۆ خۆبەدوورگرتن لەو بابەتە، زاراوە ئینگلیزییەکە بەکارهێنراوەتەوە لە ناوەرۆکدا .

٥- هەندێک زاراوەی جیاجیای زمانی ئینگلیزی تەنها دەتوانرێت یەک وشەی کوردی لەبەرامبەریان دابنرێت وەک: **construction, restruction**، کە تەنها زاراوەی 'کۆتوبەندکردن' زۆر نزیکە لێیانەوە، سەرەڕای بەکارهێنانی زاراوەی 'بەستەوە'و 'پابەندکردن'، 'کۆتوبەندکردن' لەبەرئەوە زاراوە ئینگلیزییەکەش بەکارهێنراوەتەوە.

٦- هەندێک لە زاراوە ئینگلیزییەکان تایبەتن بە خودی زمانەکەیان و تەنانەت لە زمانی عەرەبیشدا وشەیان نییە تا لەبەرامبەریان دابنرێت وەک **ablaut** کە گۆڕینی کوالیتی کەرتەدەنگیەکانە، **(umlaut)**، دانانی هێمای تایبەتەلەسەر پیتەکان بۆ نواندنی دەنگێکی تایبەت، بۆ ئەمجۆرە زاراوانە بە دەربڕینی ڕستەیی گوزارشت لەواتاکانیان کراوە.

٧- هەندێک زاراوەی زمانی ئینگلیزی لەبەرامبەر چەند بابەتێک لە زمانی کوردیدا بەکاردێت وەک زاراوەی **derivation** کە هەریەکە لە (داڕشتن ، لێکدان، شکانەوە)ش دەگرێتەوە لەئینگلیزیدا، لەبەرئەوەی بەپێی ئەو سێ بابەتە زاراوەی جیاوازەکانی (داڕشتن، ڕۆنان) بەکارهاتووە لەناوەرۆکی بابەتەکاندا، لە داڕشتنەوەی زاراوەی **derived domain- derived environment یشدا**، بەهەمان شێوەیە.

**ب-** له نووسینی نموونەکاندا بۆ دەرخستنی دروستەی بڕگەییان، **<u>لەبری ئەلفبێی جیهانی، ئەلفبێی لاتینی</u>** بەکارهاتووە، چونکە تەواو نزیکە لە نواندنی کەرتەدەنگییەکانی زمانی کوردییەوە.

**پ-** لەم تێزەدا، لە هەندێک لە دەربڕینەکاندا ، پەیڕەوی ڕێسای ڕێزمانیی دروستەی ڕستەیی (بکەر. بەرکار. کردار **S.O.V**) نەکراوە، بەڵکو بەهۆی گرنگیدان بە تایبەتمەندێتی 'باسمەندی' و بەمەبەستی جەختکردنە سەر بابەتەکە لە بەسنکردنەکاندا، پیڕەوی ڕێسای (بکەر. کردار. بەرکار یان تەواوکەر S.V.O)کراوە، کە ڕێککردنەوەی بە (S.O.V) تایبەتمەندیی جەختەکەی نامێنێت.

# لیستی زاراوەکان

| | |
|---|---|
| | ئ |
| accent | ئەکسێنت |
| (level, strata, stratum, layer) | ئاست، چین، توێژ |
| Deep structure | ئاستی قووڵ |
| conjuctions | ئامرازەپەیوەندییەکان |
| intonation | ئاوازە |
| 'level tone | ئاستی تۆن |
| Lexicon and  Post-Lexicon | ئاستی فەرهەنگ و دوافەرهەنگ |
| levels of representation | ئاستەکانی نواندن |
| | ب |
| light syllable | برگەی سووک |
| weak syllabel | برگەی لاواز |
| footed syllable | برگەیەکی (پێ پێ کراو) |
| tense vowel | بزوێنی گرژ |
| Blockin | بلۆککردن |
| modular principles | بنەما مۆدولارەکان |
| Principle of Structure Preservation   PSP | بنەمای پاراستنی دروستە |
| domain | بوار |
| domains of phonetic constraints | بواری بەستنەوە/کۆتوبەندە فۆنەتیکییەکان |
| domains of phonological rules | بواری یاسا فۆنۆلۆجییەکان |
| domain of stress assignment rules | بواری یاساکانی هێزدانانە |
| The traditional configuration | بیچمی باو |
| The traditional configuration | بیچمی باوی کەتیگۆرییە پرۆسۆدیکییەکان |
| prosodic feature | بەتایبەتمەندیی پرۆسۆدیکی |
| rise | بەرزبوونەوە |
| auditory impression | بەرهەستی بیستەنیی |
| auditory impression | 'بەرهەستە بیستەنیی |
| output | بەرهەم/دەرکردە |
| constraint | بەستنەوە/کۆتوبەند |
| | پ |
| Paradigm | پارادایم |
| coda | پاشکۆ |

| | |
|---|---|
| **coda** | پاشکۆی برگە/ کۆتایی برگە |
| **filter** | پاڵێوەر |
| **prosodification** | پرۆسۆدیککردن |
| **word-formation processes** | پرۆسەکانی وشەڕۆنان |
| **superlative** | پلەی باڵا |
| **comparative** | پلەی بەراورد |
| **height** | پلەی بەرزێتی |
| **foot** | پێ |
| **footing** | پێ پێ کردن |
| **degenerate foot** | (پێ)ی گرێنەدراو |
| **bounded foot** | (پێ)ی پێکەوبەستراو |
| **metrical foot** | (پێ)ی پێوانەیی |
| **trochaic foot** | (پێ)ی ترۆکێکی |
| **bounded left-dominant feet** | (پێ)ی چەپ-باڵادەستی ئاوێتە |
| **dactyl foot** | (پێ)ی داکتڵ |
| **right-dominate feet** | (پێ)ی ڕاست-باڵادەست |
| **bounded right-dominant feet** | (پێ)ی ڕاست-باڵادەستی ئاوێتە |
| **rhthamical foot** | (پێ)ی ڕیتمییانە |
| **spondee foot** | (پێ)ی سپۆندی |
| **iambic foot** | (پێ)ی ئایامبیکی |
| **anapest foot** | (پێ)ی ئەناپست |
| **bounded foot** | (پێ)ی پێکەوبەستراو |
| **unbounded feet** | (پێ)ی پێکەوەنەبەستراو |
| **bounded left-dominant feet** | (پێ)ی چەپ-باڵادەستی ئاوێتە |
| **bounded right-dominant feet** | (پێ)ی ڕاست-باڵادەستی ئاوێتە |
| **rhythmical foot** | (پێ) ی ڕیتمییانە |
| **phrasal combination** | پێکهاتنی فرێزی |
| **component** | پێکهاتە |
| **syntactic component** | پێکهاتە سینتاکسییەکان |
| **structure phonological constituent** | پێکهێنەرە بنچینەییە فۆنۆلۆجییەکان |
| **measure of length** | پێوانەی درێژکردنەوە |
| **meter** | پێوەری مەتری |
| ت | |
| **prosodic feature** | تایبەتمەندیی پرۆسۆدیکی |

| | |
|---|---|
| properties of representations | تایبەتمەندیی نواندنەکان |
| phonological feature | تایبەتمەندییە فۆنۆلۆجییەکان |
| properties of phonological rules | تایبەتمەندییەکانی یاسا فۆنۆلۆجییەکان |
| tone | تۆن(ئاواز) |
| falling tone | تۆنی کەوتوو |
| assimilation | تیاچوونی دەنگ |
| pitch | تەوژم |
| | **ج ، چ، خ** |
| pronoun | جێناو |
| operative concept | چەمکی پەیوەندیدار بە کردەیەکی کاراوە |
| operative conceptە | چەمکێکی پەیوەندیدار بە کردەیەکی کاراو |
| Trisyllabic Laxing | خاوبوونەوەی سێ برگەیی |
| | **د** |
| derivation | داڕشتن |
| zero derivation | داڕشتنی سفر |
| assigning prominence | دانانی دەرکەوتوویی |
| element | دانە |
| underived lexical form | دانەی فەرهەنگیی دانەڕێژراو |
| metrical structure | دروستەی پێوانەیی |
| rhythmical structure | دروستەی ڕیتمی |
| Intonational structure | دروستەی ئاوازەیی |
| lengthening | درێژکردنەوە |
| post-cyclic | دواسووڕی |
| post-syntactically | دواسینتاکس |
| left-most | دواین دانەی لای چەپ |
| right-most | دوایین دانەی لای ڕاست |
| prosodic phenomena | دیاردە پرۆسۆدیکییەکان |
| under specification | دیاریکردنی خورتی |
| Utterance | دەربڕاو |
| one syllable utterance | دەربڕاوی تاک برگەیی |
| ready-made utterance | دەربڕاوی ئامادەکراو |
| pitch prominence | دەرکەوتوویی تەوژم |
| prominence | دەرکەوتوویی |
| lexical entries | دەروازە زانیارییەکان |

| | |
|---|---|
| **gradient sounds** | دەنگە پلەدارەکان |
| | **ڕ** |
| **phonetic realization** | ڕاستاندنی فۆنەتیکی |
| **right-most** | دوایین دانەی لای ڕاست |
| **Lexeme formation** | ڕۆنانی لێکسیم |
| **rhythm** | ڕیتم |
| **agreement** | ڕێککەوتن |
| **rhyme** | ڕیم(سەروا) |
| **PRoot** | ڕەگی پرۆسۆدیکی |
| **underived lexical root** | ڕەگی فەرهەنگیی دانەڕێژراو |
| | **ز** |
| **Syntactic information** | زانیارییە سینیاکسییەکان |
| **morphological informations** | زانیارییە مۆرفۆلۆجییەکان |
| **Polish** | زمانی پۆڵەندی |
| **Chines** | زمانی چینی |
| **French** | زمانی فەرەنسی |
| **Lenakel** | زمانی لێناکێل |
| **Norwegian** | زمانی نەرویجی |
| **Dutch** | زمانی هۆڵەندی |
| **Hungarian** | زمانی هەنگاری |
| **Yoroba** | زمانی یۆرۆبا |
| **Indonesian** | زمانی ئیندۆنیزی |
| **Aklan** | زمانی ئەکلان |
| **German** | زمانی ئەڵمانی |
| **Syllabel-Timed Languages** | زمانە برگەییە کاتڕێکخراوەکان |
| **tone languages** | زمانە تۆنییەکان |
| **Germanic** | زمانە جێرمینییەکان |
| **mora-timed languages** | زمانە مۆراییە-کاتڕێکخراوەکان |
| **Stress Timed Languages** | زمانە هێزییە کاتڕێکخراوەکان |
| **Intonational language** | زمانە ئاوازەییەکان |
| **pitch prominence** | زەقکردنەوە و دەرکەوتوویی تەوژم |
| | **ژ** |
| **derived environment /derived domain** | ژینگەی دارشتن/ڕۆنان |

| | |
|---|---|
| | **س** |
| **cyclic /ciclicity** | سووڕی/بازنەیی |
| **Initial head** | سەرسەرەتا |
| **categorical segments** | سەگمێنتە کەتیگۆرییانەکان |
| | **ش** |
| **Irregularities** | شاز/نارێکی |
| **inflection** | شکانەوە/ گەردانکردن |
| **a foot –shape parameter** | شێوەی پارامێتەری (پێ) |
| | **ف** |
| **phrasal tone** | فرێزی تۆنی |
| **phonological phrase** | فرێزی فۆنۆلۆجی |
| **Intonational phrase** | فرێزی ئاوازەیی |
| **underlying phonological form** | فۆرمی بنچینەیی فۆنۆلۆجییانە |
| **derived phonological form** | فۆرمی داڕێژراوی فۆنۆلۆجی |
| **underlying phonological form** | فۆرمی فۆنۆلۆجیی بنچینەیی ئاستی قووڵ |
| **lexical phonetic form** | فۆرمێکی فۆنەتیکیی فەرهەنگی |
| **word building** | فۆرمە وشە دروستکردن |
| **form word** | فۆرمە وشەکان |
| **Generative phonology** | فۆنۆلۆجیی بەرهەمهێنان |
| **Intonational phonology** | فۆنۆلۆجیی ئاوازەیی |
| **suprasegmental phonology** | فۆنۆلۆجییە سەرووکەرتییەکان |
| **lexical features** | فیچەری فەرهەنگی |
| **Lexicon** | فەرهەنگ |
| **mental lexicon** | فەرهەنگی ئاوەزی |
| **Pstem** | قەدی پرۆسۆدیکی |
| | **ک** |
| **stress timing** | کاتی ڕێکخراوو خایەنراوی هێزە |
| **nucleus** | کرۆک |
| **Phrasal nucleus** | کرۆکی فرێزی |
| **Intonational nucleu** | کرۆکی ئاوازەیی |
| **Prosodic Clitics** | کلیتیکی پرۆسۆدیکی |
| **foot- level shortening** | کورتکردنەوەی ئاستی (پێ) |
| **restriction** | کۆتوبەند |

| | |
|---|---|
| **tempo** | کێش |
| **Morphosyntactic categories** | کەتیگۆریی مۆرفۆسینتاکسی |
| **fall** | کەوتوو |
| گ | |
| **formulas** | گەلاڵەکراو(فۆرمولە) |
| **Loudness** | گڕی دەنگ/بەرزێتی |
| **Strong Domain Hypothesi s** | گریمانەی بواری بەهێز |
| **Lexical hypothesis** | گریمانەی فەرهەنگی |
| **Phonotactic generalisations** | گشتاندنی یاسا فۆنەتاکتیکییەکانە |
| **phonological generalization** | گشتاندنە فۆنۆلۆجییەکان |
| **discourse** | گفتوگۆ |
| **dissimilation** | گۆڕانی دەنگ |
| **pronunciation** | گۆکردن |
| ل | |
| **compounding** | لێکدان |
| م | |
| **modules** | مۆدول |
| **mora** | مۆرا |
| **morpho-prosodic** | مۆرفۆ-پرۆسۆدیکی |
| **Paradigm Function morphology** | مۆرفۆلۆجیی پارادایمی ئەرکی |
| **Inflectional Morphology** | مۆرفۆلۆجیی شکانەوە |
| **lexical morphology** | مۆرفۆلۆجیی فەرهەنگی |
| **under specification** | مەرجی پاڵاوتن/دیاریکردنی خورتی |
| **Strict Cycle Condition SCC** | مەرجی توندی سووڕی |
| **positive morpheme structure conditions** | مەرجی ئەرێنی دروستەی مۆرفێم |
| **range of applications** | مەودای بەکارهێنانەکان |
| ن | |
| **stressless** | ناهێزدار |
| **interffix** | ناوبەند |
| **nuclear tone** | ناوکی/کرۆکی تۆنی |
| **representations** | نواندن |
| **underlying representation** | نواندنە بنچینەییەکان |
| **boundary cues** | نیشانە دەنگییە پێکەوەبەستراوەکان |

| | |
|---|---|
| Bracket Erasure Convention BEC | نەریتی سڕینەوەی کەوانەکان |
| Stress Eraser Condition SEC | نەریتی سڕینەوەی هێز |
| Conventions | نەریتەکان |
| | ه |
| loudness | هاوار بەرزکردنەوە |
| Final Stress Assignment FSA | هێز دانانی کۆتا گری |
| stressed | هێزدار |
| strong S | هێزداری |
| stress assignment | هێزدانان |
| Initial Stress Assignment ISA | هێزدانانی سەرەتاگری |
| contrastive stress | هێزی جیاکاری |
| sentence stress | هێزی سینتاکسی |
| primary stress | هێزی سەرەکی |
| Fixed stress | هێزی شوێن چەسپاو |
| phrasal stress | هێزی فرێزییانە |
| Lexical stress | هێزی فەرهەنگی |
| word stress | هێزی وشە |
| Prosodic hierarchy | هەرەمی پرۆسۆدیکی |
| exception | هەڵاواردن |
| bearers of prominence relations | هەڵگری پەیوەندییە دەرکەوتووییەکان |
| | و |
| post-lexical meaning | واتا- دوافەرهەنگییەکان |
| word formation | وشە ڕۆنان دروستکردن |
| Coordinate word | وشەی تەککخراو |
| Phonological word = pw/ ω | وشەی فۆنۆلۆجی |
| PWord =Phonological/ prosodic word | وشەی فۆنۆلۆجیی پرۆسۆدیکی |
| Grammatical word | وشەی گراماتیکی |
| Lexical-Word (L- Word) | وشەی لێکسیکی / فەرهەنگی |
| Morphosyntactic-Word (M-Word) | وشەی مۆرفۆسینتاکسیی |
| sound-symbolic words | وشەی نیشانەیی دەنگی |
| Exocentric word | وشەی ئێکسۆسێنتریکی |
| Endocentric word | وشەی ئیندۆسێنتریکی |
| Functional word | وشەی ئەرکی |
| Accent word | وشەی ئەکسێنتی |

| | |
|---|---|
| subsystem | وەچەسیستەم |
| pouse | وەستانەکان |
| | ی |
| Prosodic rule | یاسا فۆنۆلۆجییە پرۆسۆدیکییەکان |
| post-lexical rules | یاسا فۆنۆلۆجییە دوافەرهەنگییەکان |
| lexical rules | یاسا فۆنۆلۆجییە فەرهەنگییەکان |
| process in rule | یاساکانی چارەسەرکردن |
| selectional restriction rule | یاساکانی سنووردارکردنی هەڵاوێرکردن |
| word formation rule WFR | یاساکانی وشەڕۆنان |
| Lexical Category Prominence Rule LCPR | یاسای دەرکەوتوویی کەتیگۆرییانەیی فەرهەنگی |
| single tone unit | یەک یەکەی تۆنی |
| tone unit | یەکەی تۆنی |
| weight unit | یەکەی قورسایی |
| core unit | یەکەی کرۆکی |
| morphosyntactic unit | یەکەی مۆرفۆسینتاکسی |

# لیستی هێما و کورتکراوەکان

| | |
|---|---|
| pw /ω | وشەی فۆنۆلۆجی |
| **Fnc.** | **وشەی فۆنۆلۆجی ئەرکی/وشەی ف.ئەرکی** |
| φ /**Pph** | **فریزی فۆنۆلۆجی** |
| **IP** | **فریزی ئاوازەیی** |
| **Utt** | **دەربڕاو/ دەربڕاوی فۆنۆلۆجی** |
| Σ w/ **Σ** | **(پێ)ی لاواز/ ناهێزدار** |
| **Σs/ Σ´** | **(پێ)ی هێزدار** |
| **σ** | **بڕگە** |
| **σs - σ́** | **بڕگەی هێزدار** |
| **σw** | **بڕگەی لاواز/  ناهێزدار** |
| ω =Σ =σ | وشەی یەک بڕگەیی= یەک (پێ)= وشەی فۆنۆلۆجی |
| هێزی سەرەتاگری σσ́= Σ ترۆکێکی= ω | وشەی دووبڕگەیی= (پێ)ی ترۆکێکی= وشەی فۆنۆلۆجی ڕیتمی سەرەتاگر |
| هێزی سەرەتاگری σ́ .σσ= Σ داکتڵ = ω | وشەی سێ بڕگەیی= (پێ)ی داکتڵ= وشەی فۆنۆلۆجی ڕیتمی سەرەتاگر |
| هێزی کۆتاگری σσ́ = Σ ئایامبیکی = ω | وشەی دووبڕگەیی= (پێ)ی ئایامبیکی = وشەی فۆنۆلۆجی ڕیتمی کۆتاگر |
| هێزی کۆتاگری σσ .σ́= Σ ئەناپست= ω | وشەی سێ بڕگەیی= (پێ)ی ئەناپست = وشەی فۆنۆلۆجی ڕیتمی کۆتاگر |
| هێزی پلەداری ڕیتمی سەرەتاگری لە سێ بڕگە زیاتر Σs Σw= ω | وشەی پێکهاتوو لە سێ بڕگە زیاتر= (پێ)ی سپۆندی= وشەی فۆنۆلۆجی |
| هێزی پلەداری ڕیتمی کۆتاگری لە سێ بڕگە زیاتر Σw Σs= ω | وشەی پێکهاتوو لە سێ بڕگە زیاتر= (پێ)ی سپۆندی= وشەی فۆنۆلۆجی |

| | |
|---|---|
| دەبێت بە | ← |
| کەوانەیی نواندن فۆنۆلۆجی | ( ) |
| کەوانەیی نواندنی مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجی | [ ] |
| نواندنی دەنگ | / / |
| هێمای نواندنی 'دەرکەوتوویی' لە هێڵکاریی تۆڕ/گرید دا چ هێز بێت یان برگەی هێزدار یان 'پێ' ی هێزدار... | X |
| [(پێ)ی بەهێز پێ ی لاواز] | [Σs Σw ] |
| [(پێ)ی لاواز پێ ی بەهێز] | [Σw Σs ] |
| گریمانەی  بواری بەهێز | SDH |
| **مەرجی توندی سووڕیی** | **SCC** |
| **The Sound Pattern of English**<br>(تەرزە دەنگییەکان لە زمانی ئینگلیزیدا) بەرهەمی (چۆمسکی و هاڵێ) یە لە ساڵی ١٩٦٨ دا نووسراوە. | **SPE** |
| **Word Formation Rule** یاساکانی وشەڕۆنان | **WFR** |
| ئەو دەنگەیە کە لە بەککەیشتنی دەنگەکانی /ن/+/گ/ لە کۆتایی برگەدا دروست دەبێت. | / ŋ/ |
| گۆڕینی ئاست لە لاوازەوە بۆ بەرز، یان بەرزکردنەوەی ئاست ،کە لە برگە یان (پێ)ادا ڕوودەدات | **w→s** |
| گۆڕینی ئاست لە بەرزەوە بۆ نزم، یان نزمکردنەوەی ئاست ،کە لە برگە یان (پێ)ادا ڕوودەدات. | **s→w** |

## پێڕست

**بەشی یەکەم** تیۆری فۆنۆلۆجیی فەرهەنگی و دوافەرهەنگی **لاپەڕە**


| | |
|---|---|
| پێشەکی: | 1 |
| ۱/۰)سەرەتا: | 4 |
| ۱) تیۆری فۆنۆلۆجیی فەرهەنگی و دوافەرهەنگی | 5 |
| ۱/۱) ناساندنی تیۆری فۆنۆلۆجیی فەرهەنگی و دوافەرهەنگی | 5 |
| ۲/۱) گریمانەی فەرهەنگی : | 8 |
| ۲/۱-۱) کەتیگۆریی دانە فەرهەنگییەکان: | 9 |
| ۲/۱-۱-۱)کەتیگۆریی کەرتەدەنگیەکان: | 10 |
| ۲/۱-۱-۲)کەتیگۆریی ئیدۆفۆنەکان: | 10 |
| ۲/۱-۱-۳)کەتیگۆریی وشە فۆنۆلۆجیيە ئەرکییەکان : | 10 |
| ۲/۱-۱-٤) کەتیگۆریی وشەی فەرهەنگی: | 13 |
| ۲/۱-۱-٥) کەتیگۆریی مۆرفۆسینتاکسی: | 14 |
| ۲/۱-۱-٥- ۱) وشە ئیندۆسێنتریکەکان و وشە ئێکسۆسێنتریکەکان | 16 |
| ۲/۱-۱-٥-۲) پارادایم: | 17 |
| ۲/۱-۱-٥-۳) ئیدیۆم: | 18 |
| ۳/۱)تێڕوانینی مۆرفۆ-فۆنۆلۆجییانە/مۆرفۆفۆنەمیکی: | 20 |
| ٤/۱)فەرهەنگ لە تێڕوانینی تیۆری فۆنۆلۆجیی فەرهەنگییەوە: | 22 |
| ٥/۱)بانگەشەی تیۆریەکە: | 26 |
| ٦/۱) بنەمای جیاوازیکردن لەنێوان ئاستی فەرهەنگ و دوافەرهەنگ / بنەما گشتییە پێوەرییەکانی تیۆریەکە : | 26 |
| ٦/۱-۱)تایبەتمەندییەکانی یاسا فۆنۆلۆجییەکان | 27 |
| ٦/۱-۲)تایبەتمەندیی نواندنەکان | 28 |
| ٦/۱-۳)نەریتەکان و بەستنەوەکان | 31 |
| ٦/۱-۳-۱)نەریتی سڕینەوەی کەوانەکان BEC : | 31 |

| | |
|---|---|
| ١/٦-٣-٢)مەرجی توندی سوورپیی SCC : | 32 |
| ١/٦-٣-٣)بنەمای پاراستنی دروستە PSP: | 33 |
| ١/٦-٣-٤)گریمانەی بواری بەهێز SDH: | 35 |
| ١/٦-٣-٥) بلۆککردن : | 37 |
| ١/٧) ئاست ڕێکخستن و سووڕی: | 38 |
| ١/٧-١)ژینگەی داڕشتن: | 38 |
| ١/٧-٢) ئاستەکان: | 39 |
| ١/٧-٣)ڕێکخستنی ئاستەکان: | 40 |
| ١/٧-٣-١)پرەنسیپی لووپ لە ڕێکخستنی ئاستەکاندا: | 40 |
| ١/٧-٤) سووڕی: | 41 |
| ١/٧-٤-١) بۆچوونی یەکەم: | 42 |
| ١/٧-٤-٢) بۆچوونی دووەم: | 44 |
| ١/٧-٤-٣) بۆچوونی سێیەم: | 45 |
| ١/٧-٤-٤) بۆچوونی چوارەم: | 46 |
| ١/٨) ئاستی دوافەرهەنگ: | 46 |
| ١/٩) جیاوازی نێوان یاسا فەرهەنگی و دوافەرهەنگییەکان | 48 |
| ١/١٠) ئاست ڕێکخستن و سووڕی لە زمانی کوردیدا: | 50 |
| ١/١٠-١) سووڕی و ناسووڕی لە زمانی کوردیدا: | 50 |
| ١/١٠-١-١)چەمکی سووڕی: | 50 |
| ١/١٠-١-٢) سووڕی لە ئاستەکانی داڕشتندا: | 51 |
| ١/١٠-٢) چەمکی ناسووڕی: | 54 |
| ١/١٠-٢-١)ناسووڕی لە ئاستەکانی داڕشتندا: | 54 |
| ١/١٠- ٢- ٢)سووڕی و ناسووڕی بۆ ڕەگی کردار لە پارادایمەکانی کرداردا: | 55 |
| ١/١٠-٢-٢-١) سووڕی بۆ ڕەگی کردار: | 56 |
| ١/١٠-٢-٢-٢)ناسووڕی بۆ ڕەگی کردار: | 56 |
| ١/١٠-٣)سووڕی و ناسووڕی بۆ ژینگە داڕشتنییەکانی ئاستی نواندن: | 59 |
| ١/١٠-٤)سووڕی و ناسووڕی بۆ دانە دانەڕێژراو و بنچینە فەرهەنگییەکان : | 60 |
| ١/١٠-٤-١)سووڕی بۆ دانە دانەڕێژراوەکان: | 60 |
| ١/١٠-٤-٢)ناسووڕی بۆ دانە دانەڕێژراوەکان: | 60 |
| ١/١٠-٥) سووڕی و دواسووڕی لە کوردیدا: | 62 |
| ١/١٠- ٦)بنەمای دەستنیشانکردن و ڕێکخستنی ئاستەکان لە فەرهەنگی زمانەکاندا: | 64 |
| ١/١٠-٧) بنەمای ڕێکخستنی ئاستە سووڕێتی و ئاستە نواندنییەکان لە فەرهەنگی کوردیدا: | 66 |

| | |
|---|---|
| ١٠/١-٨) دەرئەنجامی ڕێکخستنی ئاستە سووڕێتییەکان لە فەرهەنگی کوردیدا: | 66 |
| ١٠/١-٨-١) دەسنیشانکردنی ئاستەکانی فەرهەنگی زمانی کوردی لە ڕووی سووڕی و ناسووڕی و دواسووڕییەوە(ئاستە سووڕێتییەکان): | 66 |

بەشی دووەم تێڕوانینی پرۆسۆدیکییانە لە تیۆری فۆنۆلۆجیی فەرهەنگیدا لاپەڕە

| | |
|---|---|
| ٢/٠) سەرەتا | 69 |
| ٢)تێڕوانینی پرۆسۆدیکییانە لە تیۆری فۆنۆلۆجیی فەرهەنگیدا: | 71 |
| ٢/١)کەتیگۆرییە پرۆسۆدیکییەکان(هەرەمی پرۆسۆدیکی): | 74 |
| ٢/١-١) مۆرا: | 76 |
| ٢/١-١-١) مۆرا لە کوردیدا: | 76 |
| ٢/١-٢) برگە: | 77 |
| ٢/١-٣) پێ : | 80 |
| ٢/١-٣-١) جۆرەکانی (پێ) لە ڕووی چەمکی پێوانەیی و ڕیتمییانە : | 81 |
| ٢/١-٣-٢)جۆرەکانی (پێ) لە ڕووی دروستەی برگە پێکهێنەرەکانییەوە: | 81 |
| ٢/١-٣-٢-١)(پێ)ی گرێنەدراو : | 81 |
| ٢/١-٣-٢-٢)(پێ)ی ترۆکێکی: | 82 |
| ٢/١-٣-٢-٣)(پێ)ی داکتڵ: | 82 |
| ٢/١-٣-٢-٤)(پێ)ی ئایامبیکی: | 82 |
| ٢/١-٣-٢-٥)(پێ)ی ئەناپست: | 82 |
| ٢/١-٣-٢-٦)(پێ)ی سپۆندی: | 83 |
| ٢/١-٣-٣) دروستەی (پێ): | 83 |
| ٢/١-٣-٣-١) (پێ)ی ئاوێتە: | 83 |
| ٢/١-٣-٤)(پێ)ی بەهێز و (پێ)ی لاواز و هێزی سەرەکی و هێزی ناوەندی/دووەم: | 84 |
| ٢/١-٣-٥) کورتکردنەوەی ئاستی (پێ): | 84 |
| ٢/١-٣-٦) باڵادەستی (پێ): | 85 |
| ٢/١-٤) وشەی فۆنۆلۆجیی پرۆسۆدیکی: | 86 |
| ٢/١-٤-١)دروستەی پێوانەیی وشەی فۆنۆلۆجیی پرۆسۆدیکی: | 86 |
| ٢/١-٤-٢) دروستەی وشەی فۆنۆلۆجیی پرۆسۆدیکی لە ڕووی دروستەی مۆرفۆ-پرۆسۆدیکییەوە: | 87 |
| ٢/١-٥) فرێزی فۆنۆلۆجی: | 92 |
| ٢/١-٥-١) دروستەی فرێزی فۆنۆلۆجی : | 93 |
| ٢/١-٦) فرێزی ئاوازەیی: | 95 |
| ٢/١-٦-١) فرێزی ئاوازەیی لە زمانە ئاوازەییەکاندا: | 95 |

| | |
|---|---|
| ٢/١-٦-٢) فریزی ئاوازەیی لە زمانە تۆنییەکاندا: | 98 |
| ٢/١-٧) دەربڕاو/دەربڕاوی فۆنۆلۆجی: | 99 |
| ٢/٢) تایبەتمەندییە پرۆسۆدیکییەکان: | 99 |
| ٢/٢-١)(هێز، تۆن، تەوژم، pitch، ریتم) : | 100 |
| ٢/٢-٢) ئاوازەIntonation: | 104 |
| ٢/٢-٣) ئەکسێنتaccent: | 105 |
| ٢/٢-٤)هێزی ئەکسێنتیaccent stress: | 105 |
| ٢/٢-٤-١)هێزی جەخت emphatic stress: | 106 |
| ٢/٢-٤-٢)هێزی فەرهەنگی Lexical stressو هێزی فریزیphrase stress و هێزی ڕستەیی/سینتاکسیsentence stress: | 107 |
| ٢/٣) یاسا بنچینەییەکانی بنەمای هێزدانان و یاساکانی هێز: | 109 |
| ٢/٣-١) یاسا بنچینەییەکانی بنەمای هێزدانان: | 109 |
| ٢/٣-٢) هێزی ئازاد بەرامبەر هێزی چەسپاو Free Vs. Fixed stress : | 110 |
| ٢/٣-٣) هێزی ڕیتمی بەرامبەر بە هێزی مۆرفۆلۆجی Rhythmic Vs. Morphological stress: | 111 |
| ٢/٣-٤) هێزی بەند/پابەندکراو بەرامبەربە هێزی ڕەها/پابەندنەکراو Bounded Vs. ess/Unbouned st : | 111 |
| ٢/٤) تایبەتمەندییە پرۆسۆدیکییەکانی پۆلی زمانەکان: | 112 |
| ٢/٤-١) زمانە هێزییە کاتڕێکخراوەکانstress-timed languages : | 112 |
| ٢/٤-٢) زمانە بڕگەییە کاتڕێکخراوەکانsyllabel-timed languages : | 113 |
| ٢/٤-٣) زمانە تۆنییەکان Tonal languages: | 114 |
| ٢/٤-٤) زمانە ئاوازەییەکان Intonational languages: | 114 |
| ٢/٤-٥) زمانە تەوژمییەکان/ پیچییەکانPitch languages: | 114 |
| ٢/٥) نواندنە فۆنۆلۆجییەکان: | 115 |
| ٢/٥-١) نواندنی هێڵی: | 115 |
| ٢/٥-١-١)نواندنی پێکهاتەیی بەرامبەر بە نواندنی پرۆسۆدیکییانە: | 115 |
| ٢/٥-٢) نواندنی ناهێڵی: | 116 |
| ٢/٥-٢-١) نواندنی کەوانەیی، نواندنی درەختی، نواندنی تۆڕی: | 116 |
| ٢/٦) یاسا فۆنۆلۆجییە فەرهەنگیی و دوافەرهەنگییەکان لە کوردیدا: | 117 |
| ٢/٦-١) تایبەتمەندییە پرۆسۆدیکییەکانی پۆلی زمانەکان و زمانی کوردی: | 117 |
| ٢/٦-٢) بنەمای هێزدانان لە کوردیدا: | 117 |
| ٢/٦-٣) بنەمای هێزدانانی مۆرفۆلۆجییانەو کەتیگۆرییانە: | 118 |
| ٢/٦-٤) بنەمای هێزدانانی سیمانتیکی و مۆرفۆلۆجییانە: | 118 |

| | |
|---|---|
| ٦/٢-٤-١) گریمانەی کۆی واتای گشتی کەرتە پێکهێنەرەکان بۆ نواندنی ئاستی هێزی سەرەکی : | 118 |
| ٦/٢-٤-٢) گریمانەی جەختی واتایی فەرهەنگی بۆ نواندنی ئاستی هێزی سەرەکی: | 121 |
| ٦/٢-٤-٣) گریمانەی واتای زاڵی یەکێک لە کەرتە پێکهێنەرەکان بۆ نواندنی ئاستی هێزی سەرەکی: | 122 |
| ٦/٢-٤-٣-١)هێزدانان لە (هاوەڵناو)دا بەپێی گریمانەی واتای زاڵی یەکێک لە کەرتەپێکهێنەرەکان: | 122 |
| ٦/٢-٤-٣-٢) هێزدانان لە (ناو)دا بەپێی گریمانەی واتای زاڵی یەکێک لە کەرتە پێکهێنەرەکان: | 122 |
| ٦/٢-٤-٤) گریمانەی چۆنییەتی ژینگەی دارشتن بۆ نواندنی ئاستی هێزی سەرەکی: | 124 |
| ٦/٢-٤-٤-١)جێبەجێکردنی گریمانەکە بۆ نواندنی ئاستی هێزی سەرەکی: | 125 |
| ٦/٢-٤-٤-٢)هەڵاوێرکردن لە جێبەجێکردنی گریمانەی چۆنییەتی ژینگەی دارشتن بۆ نواندنی ئاستی هێزی سەرەکی: | 126 |
| ٦/٢-٥) هێزی ئەکسێنتی لە کوردیدا: | 126 |
| ٦/٢-٥-١)جۆرەکانی هێزی ئەکسێنتی: | 127 |
| ٦/٢-٥-١-١)نواندنی ئەکسێنتیی هێزی ریتم چەسپاو: | 127 |
| ٦/٢-٥-١-١-٢)نواندنی ئەکسێنتیی هێزی ریتم گۆڕاو: | 127 |
| ٦/٢-٥-١-١-٢-١) ئەکسێنتی هێزی ریتمیی لە کوردیدا: | 128 |
| ٦/٢-٣-١-١-٢-٢) ئەکسێنتیی هێزی پلەداری ریتمی: | 128 |
| ٧/٢) یاسا فۆنۆلۆجییە فەرهەنگییەکان لە کوردیدا: | 129 |
| ٨/٢)نواندنی کەتیگۆرییە پرۆسۆدیکییەکان لە ئاستی فەرهەنگی کوردیدا: | 130 |
| ٨/٢-١) نواندنی مۆرا لە وشەی فۆنۆلۆجیی پرۆسۆدیکی کوردیدا: | 130 |
| ٨/٢-٢) نواندنی برگە: | 133 |
| ٨/٢-٣) نواندنی ئاستی (پێ) Σ : | 133 |
| ٨/٢-٣-١) نواندنی هێز و دروستەی پێوانەیی(پێ) Σ : | 133 |
| ٨/٢-٤) نواندنی وشەی فۆنۆلۆجی : | 134 |
| ٨/٢-٤-١)نواندنی ئاستی هێز و دروستەی پێوانەیی لە وشەی فۆنۆلۆجیدا: | 134 |
| ٨/٢-٥)نواندنی فرێزی فۆنۆلۆجیی فەرهەنگی: | 134 |
| ٩/٢) دیاریکردنی ئاستەفەرهەنگییەکان بەپێی دروستەی پێوانەیی(پێ)ی ریتمی و هێز لە مۆدێلی فەرهەنگ و دوافەرهەنگی کوردیدا: | 134 |
| ٩/٢-١)ئاستی ریتمی چەسپاو: | 134 |
| ٩/٢-٢) ئاستی یەک: | 135 |

| | |
|---|---|
| ٢/٩-٣)ئاستی دوو: | 135 |
| ٢/٩-٤)ئاستی سێ: | 135 |
| ٢/٩-٥)ئاستی چوار: | 136 |
| ٢/٩-٥-١)نواندنی ئاستی (پێ) (٤) لە دانە فەرهەنگییەکانی ئاستی چواردا: | 136 |
| ٢/١٠) یاسا فۆنۆلۆجییە دوافەرهەنگییەکان لە کوردیدا: | 139 |
| ٢/١٠-١)یاسا فۆنۆلۆجییە مۆرفۆفۆنەمیکییە دوافەرهەنگییەکان لە کوردیدا: | 139 |
| ٢/١٠-٢)یاسا فۆنۆلۆجییە پرۆسۆدیکییەکانی ئاستی دوافەرهەنگ: | 140 |
| ٢/١١) نواندنی کەتیگۆرییە پرۆسۆدیکییە دوافەرهەنگییەکان لە کوردیدا : | 140 |
| ٢/١١-١) ئاستی هێزدانان و نواندنی دروستەی پێوانەیی فریزی فۆنۆلۆجی لە دەربڕاوی کوردیدا: | 141 |
| ٢/١١-٢)ئاستی هێزدانان و نواندنی دروستەی پێوانەیی فریزی ئاوازەیی لە کوردیدا: | 144 |
| ٢/١١-٢-١) فریزی ئاوازەیی لە دەربڕاوی ڕاگەیاندندا: | 145 |
| ٢/١١-٢-٢)فریزی ئاوازەیی لە دەربڕاوی پرسیاریدا: | 147 |
| ٢/١١-٣)ئاستی هێزدانان و نواندنی دروستەی پێوانەیی دەربڕاوUtterance : | 148 |
| ٢/١١-٣-١) نواندنی دەربڕاو کە لە یەک فریزی فۆنۆلۆجی و ئاوازەیی پێکهاتبێت: | 148 |
| ٢/١١-٣-٢) نواندنی دەربڕاو کە لە چەند فریزێکی فۆنۆلۆجی و ئاوازەیی پێکهاتبێت: | 149 |


**بەشی سێیەم** نواندنی ئاستی هێز و دروستەی پێوانەیی دانە فەرهەنگییەکان بەپێی ئاستەکان

**لاپەڕە**


| | |
|---|---|
| ٣/٠) سەرەتا: | 152 |
| ٣) نواندنی ئاستی هێز و دروستەی پێوانەیی دانە فەرهەنگییەکان بەپێی ئاستەکان: | 153 |
| ٣/١) نواندنی دروستەی پێوانەیی دانە فەرهەنگییەکانی ئاستی ریتمی چەسپاو: | 153 |
| ٣/١-١) نواندنی (ناو)ە یەک برگەییە ریتم چەسپاوەکان: | 153 |
| ٣/١-٢) نواندنی (هاوەڵناو)ە یەک برگەییە ریتم چەسپاوەکان: | 155 |
| ٣/١-٣) ڕاستاندنی ئاستی هێزدانان لە نواندنی (ڕەگی کردار)دا: | 155 |
| ٣/٢) نواندنی هێزی سەرەتاگری ودروستەی پێوانەیی دانە فەرهەنگییەکانی ئاستی یەک: | 157 |
| ٣/٢-١) نواندنی هێزی سەرەتاگری و دروستەی پێوانەیی هاوەڵناوە (٣،٢)برگەییەکان: | 157 |
| ٣/٢-١-١) نواندنی هێزی سەرەتاگری و دروستەی پێوانەیی هاوەڵناوە دوو برگەییەکان(سادە-داڕێژراو-لێکدراو)، دەبنە (پێ)ی ترۆکێکی: | 157 |

| | |
|---|---|
| 159 | ٢/٣-١-٢) نواندنی هێزی سەرەتاگری و دروستەی پێوانەیی هاوەڵناوە سێ برگەییەکان(سادە، داڕێژراو، لێکدراو) دەبنە (پێ)ی داکتڵ: |
| 161 | ٢/٣-١-٢-١)نواندنی (هاوەڵناو)ە ئێکسۆسێنتریکە سێ برگەییەکان: |
| 162 | ٢/٣-٢) نواندنی هێزی سەرەتاگری و دروستەی پێوانەیی دانە فەرهەنگییە داڕێژراوەکان بە پێشگر: |
| 162 | ٢/٣-٢-١)(ناو)ە داڕێژراوەکان بە پێشگر: |
| 164 | ٢/٣-٢-٢) (هاوەڵناو)ە داڕێژراوەکان بە پێشگر: |
| 164 | ٢/٣-٢-٣) (ڕەگی کردار)ە داڕێژراوەکان بە پێشگر: |
| 164 | ٢/٣-٣) نواندنی هێزی سەرەتاگری و دروستەی پێوانەیی بۆ هاوەڵناوە داڕێژاوەکان بە پاشگری[-ی] |
| 167 | ٢/٣-٤)نواندنی (ناو)ە لێکدراوە سێ برگەییەکان کە واتای کەرتی یەکەمیان زاڵە: |
| 168 | ٢/٣-٥)نواندنی هێزی سەرەتاگری و دروستەی پێوانەیی وشە ئەرکییەکان: |
| 168 | ٢/٣-٥-١) نواندنی هێزدانان کلیتیکە سەربەخۆکان: |
| 168 | ٢/٣-٥-٢) نواندنی هێزدانان بۆ وشە ئەرکییەکان /پۆلەبرگەزی ناسەرەکی: |
| 168 | ٢/٣-٥-٢-١) لەوشە ئەرکییە مۆراییەکان دا وەک [ و]-vc : |
| 169 | ٢/٣-٥-٢-٢) لەوشە ئەرکییە یەک برگەییەکاندا: |
| 169 | ٢/٣-٥-٢-٣) لە وشە ئەرکییە دوو برگەییەکاندا: |
| 169 | ٢/٣-٥-٢-٤) لە سێ برگەییەکاندا : |
| 170 | **٣/٣) نواندنی هێزی کۆتا-گری و دروستەی پێوانەیی دانە فەرهەنگییەکانی ئاستی دوو:** |
| 170 | ٣/٣-١) نواندنی هێزی کۆتا-گری و دروستەی پێوانەیی(ناو)ە (سادە وداڕێژراو و لێکدراو)ە (٢، ٣)برگەییەکان: |
| 170 | ٣/٣-١-١)نواندنی هێزی کۆتا-گری و دروستەی پێوانەیی(ناو)ە سادە(٢، ٣)برگەییەکان: |
| 171 | ٣/٣-١-١-١)هەندێک تێبینی و دەرئەنجام دەربارەی نواندنی هێزی ئەکسێنتی لە (ناو)دا: |
| 172 | ٣/٣-١-٢) نواندنی هێزی کۆتا-گری و دروستەی پێوانەیی (ناو)ەداڕێژراوە(٢، ٣)برگەییەکان بە پاشگرە هێزراکێشەرەکان: |
| 175 | ٣/٣-١-٢-١) نواندنی پێوانەیی (ناو) ی داڕێژراو بە پاشگری[-ی]: |
| 176 | ٣/٣-١-٣)نواندنی هێزی کۆتا-گری و دروستەی پێوانەیی(ناو)ە لێکدراوە (٢، ٣)برگەییەکان: |
| 177 | ٣/٣-١-٣-١)هێزدانان لە (ناو)ە ئیکسۆسێنتریکەکان دا(٢، ٣)برگەییەکان: |
| 177 | ٣/٣-١-٣-٢) هەڵاویرکردن لەیاسای هێزدانانی کۆتاگری لە ئاستی دوودا: |
| 178 | ٣/٣-٢) نواندنی هێزی کۆتا-گری و دروستەی پێوانەیی هاوەڵناوە داڕێژراوە(٢، ٣)برگەییەکان بە پاشگری [-ین]: |

| | |
|---|---|
| 179 | ٣/٣-٣) نواندنی هێزی کۆتا-گری و دروستەی پێوانەیی دانەکانی ئاستی دارشتنی سفر/ئاستی دارشتنی زیرۆمۆرفیم: |
| 179 | ٣/٣-٣-١) ئاستی دارشتنی سفر\ئاستی دارشتنی زیرۆمۆرفیم: |
| 180 | ٣/٣-٣-٢)نواندنی هێزی کۆتا-گری و دروستەی پێوانەیی لە گۆرینی کەتیگۆرییەکانی [رەگی کردار← ناو] لە ئاستی دارشتنی سفردا: |
| 182 | ٣/٣-٣-٣) نواندنی هێزی کۆتا-گری و دروستەی پێوانەیی لە گۆرینی کەتیگۆرییەکانی [هاوەڵناو← ناو] لە ئاستی دارشتنی سفردا: |
| 183 | ٣/٤) نواندنی هێزی ریتمی پلەدار و دروستەی پێوانەیی دانە فەرهەنگییەکانی ئاستی سێ: |
| 184 | ٣/٤-١)نواندنی پێوانەیی و دیاریکردنی شوێنی هێز لە وشە فۆنۆلۆجییەکان لە ئاستی سێیدا: |
| 184 | ٣/٤-٢)نواندنی ئاستی (پێ) (Σ) لە دانە فەرهەنگییەکانی ئاستی سێدا : |
| 185 | ٣/٤-٣)تایبەتمەندیی پرۆسۆدیکیی دانە فەرهەنگییەکان کە دەکەونە ئاستی سێ: |
| 185 | ٣/٤-٤) نواندنی پێوانەیی و دیاریکردنی ئاستی هێز دانە فەرهەنگییەکان کە هێزی ریتمیی سەرەتاگریی [ΣsΣw]یان هەیە : |
| 186 | ٣/٤-٤-١)نواندنی پێوانەیی هەندێک لە هاوەڵناوە 'دارێژراو'، 'لێکدراو'ە (٤،٥ ، ٦) برگەییەکان بەپێی ریزبەندیی هێزی ریتمی [Σs Σw]. |
| 186 | ٣/٤-٤-١-١)نواندنی پێوانەیی هاوەڵناوە چوار برگەییەکان: |
| 190 | ٣/٤-٤-١-٢)نواندنی پێوانەیی هاوەڵناوە (٥، ٦)برگەییەکان: |
| 196 | ٣/٤-٤-١-٣) نواندنی پێوانەیی هاوەڵناوە ئێکسۆسێنتریکەکان کە لەسێ برگە زیاترن : |
| 197 | ٣/٤-٤-٢) نواندنی پێوانەیی(ناو)ە (٤، ٥، ٦)برگەییەکان کە هێزی ریتمی [Σs Σw] یان هەیە |
| 197 | ٣/٤-٤-٢-١) نواندنی (ناو)ە دارژراوە(٤، ٥، ٦)برگەییەکان بە پێشگر کە هێزی ریتمی [Σs Σw] یان هەیە: |
| 200 | ٣/٤-٤-٢-٢) نواندنی پێوانەیی (ناو)ە لێکدراوە(٤ ،٥، ٦)برگەییەکان کە هێزی ریتمی [Σs Σw] یان هەیە . |
| 201 | ٣/٤-٥) نواندنی پێوانەیی دانە فەرهەنگییەکان کە هێزی ریتمیی کۆتاگریی [ΣwΣs]یان هەیە: |
| 202 | ٣/٤-٥-١)نواندنی پێوانەیی ناوە (سادە، دارێژراو، لێکدراو)ە (٤، ٥، ٦ )برگەییەکان بەپێی هێزی ریتمی [ΣwΣs] |
| 202 | ٣/٤-٥-١-١) نواندنی پێوانەیی ناوە سادە(٤، ٥، ٦) برگەییەکان و ناوەلێکدراوەکان کە بوون بە ناوی تایبەتی: |
| 206 | ٣/٤-٥-١-٢)نواندنی پێوانەیی ناوەدارێژراوە(٤،٥ ، ٦)برگەییەکان بە پاشگری [ـی] و پاشگرەکانی تر: |
| 208 | ٣/٤-٥-١-٣)نواندنی پێوانەیی ناوەلێکدراوە (٤، ٥، ٦ )برگەییەکان: |

| | |
|---|---|
| ٤/٣-٥-٢)نواندنی (ناو)ەئێکسۆسێنتریکە(٤، ٥، ٦ )برگەییەکان بەپێی هێزی ڕیتمی [ΣwΣs]: | 210 |
| ٤/٣-٥-٣) نواندنی (ناو) و (هاوەڵناو)ە لێکدراوە(٤، ٥، ٦ )برگەییەکان کە ژێنگەی دارڕشتنەکەیان پێکهاتووە لە [[وشە] + [پێشگر+[وشە]]] بەپێی ڕیزبەندیی هێزی ڕیتمی[ΣwΣs]: | 210 |
| ٤/٣-٥-٣-١)نواندنی پێوانەیی 'ناوەلێکدراو'ەکان کە ژینگەی دارڕشتنی [[وشە]+[پێشگر+[وشە]]]یان هەیە: | 211 |
| ٤/٣-٥-٣-٢)نواندنی پێوانەیی (هاوەڵناوەلێکدراو)ەکان کە ژینگەی دارڕشتنی [[وشە]+[پێشگر+[وشە]]]یان هەیە: | 213 |
| ٤/٣-٥-٤)نواندنی(ناو)ەئیندۆسێنتریکە(٤، ٥، ٦ )برگەییەکان بەپێی هێزی ڕیتمی [ΣwΣs]، | 216 |
| ٤/٣-٥-٤-١) ئاستی هێزدانان لە وشە ئێندۆسێنتریکەکاندا : | 217 |
| ٥/٣) نواندنی هێزی ڕیتمی و دروستەی پێوانەیی دانە فەرهەنگییەکانی ئاستی چوار: | 218 |
| ٥/٣-١)نواندنی هێزی ڕیتمی و دروستەی پێوانەیی پارادایمە ناوییەکان: | 219 |
| ٥/٣-٢) نواندنی هێزی ڕیتمی و دروستەی پێوانەیی پارادایمە هاوەڵناوییەکان: | 222 |
| ٥/٣-٣) نواندنی هێزی ڕیتمی و دروستەی پێوانەیی پارادایمە کردارییەکان: | 223 |
| ٥/٣-٣-١) ئاستی هێزدانان نواندنی پێوانەیی لە پرۆسەکانی شکانەوەی پارادایمی کرداری ڕێژەی ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن: | 225 |
| ٥/٣-٣-١-١)ئاستی هێزدانان و نواندنی پێوانەیی لە پرۆسەکانی شکانەوەی پارادایمی کرداری ڕێژەی ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندنی بکەردیار لە ڕەگی کردارەوە: | 225 |
| ٥/٣-٣-١-١-١) ئەو پارادایمە کردارییانەی کە لە دوو برگەو دوو (پێ)ی هێزدار پێکدێن: | 226 |
| ٥/٣-٣-١-١-٢) ئەو پارادایمە کردارییانەی کە ڕووبەڕووی پێکداچوون لە ئاستی برگە و کورتکردنەوەی ئاستی (پێ) بوونەتەوە ولەیەک برگەو یەک (پێ)ی هێزدار پێکدێن: | 228 |
| ٥/٣-٣-١-٢) ئاستی هێزدانان ونواندنی پێوانەیی لە پرۆسەکانی شکانەوەی قەدی کرداری سادەی ڕێژەی ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندنی بکەرنادیار لە ڕەگی کردارەوە: | 230 |
| ٦/٣) جێبەجێکردنی پرەنسیپی لووپ لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا: | 231 |
| ٦/٣-١) دارڕشتنی ناوی کرداریی(چاووگ) بە[-ن] لەو پارادایمی قەدی کردارانەوە کە بە پاشگرە ئەسپێکتییەکانی [-ا، -و، -ی] کۆتاییان هاتووە]: | 232 |
| ٦/٣-٢) دارڕشتنی ناوی کرداریی(چاووگ) بە[-اَن] لەو پارادایمی قەدی کردارانەوە کە بە پاشگرە ئەسپێکتییەکانی [-د، -ت] کۆتاییان هاتووە: | 233 |
| ٧/٣)ئەنجام: | 235 |
| پوختە | 241 |
| سەرچاوەکان | 244 |

# پێڕستی هێڵکارییەکان


| ژ | ناونیشان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 1 | هێڵکاریی(١)نواندنی ڕێبازەکانی تیۆری دەنگسازیی فەرهەنگی | 6 |
| 2 | هێڵکاریی (٢)کەتیگۆرییەکانی دانە فەرهەنگییەکان نیشاندەدات لە ڕووی دروستەی فۆنۆلۆجییەوە. | 20 |
| 3 | هێڵکاریی(٣) تیۆریە پێکهێنەرەکانی تیۆری فۆنۆلۆجیی فەرهەنگی نیشاندەدات کە لە(Kiparsky1982a:131) وەرگیراوە. | 22 |
| 4 | هێڵکاریی(٤) دیاریکردنی ئاستەکان لە فەرهەنگدا لە (Kiparsky,1982,b:4) | 42 |
| 5 | هێڵکاریی (٥) دیاریکردنی پرۆسە مۆرفۆلۆجییەکانی وشەڕۆنان لە ئاستەکانی فەرهەنگ و دوافەرهەنگدا لە زمانی ئینگلیزیدا(Kiparsky,1982a:2 ). | 43 |
| 6 | هێڵکاریی( ٦) نواندنی ئاستە سووڕی و دواسووڕییەکانی فەرهەنگ لای (Rubach ,1985: 160). | 45 |
| 7 | هێڵکاریی(٧ ) نواندنی سووڕێتیی لە یەکێک لە ژینگەکانی دارشتن دا(لە ژینگەی دارشتنی [گوڵاو]دا). | 52 |
| 8 | هێڵکاریی(٨ ) نواندنی ئاستە سووڕی وناسووڕی دواسووڕییەکانی فەرهەنگ لە زمانی کوردیدا. | 68 |
| 9 | هێڵکاریی(٩)بەراورد لەنێوان هەردوو تێڕوانینەکانی تیۆری فۆنۆلۆجی فەرهەنگیدا. | 73 |
| 10 | هێڵکاریی (١٠) پێکداچوونی هەردوو ئاستی مۆرفۆ فۆنەمیکی و پرۆسۆدیکی. | 73 |
| 11 | هێڵکاریی(١١) نواندنی درەختییانەی هەرەمی پرۆسۆدیکی کە تییدا ئاماژە بە مۆرا نەدراوە. | 75 |
| 12 | هێڵکاریی(١٢) نواندنی دروستەی برگە و(پێ) و وشەی فۆنۆلۆجی/پرۆسۆدیکی لە ئینگلیزیدا. | 84 |
| 13 | هێڵکاریی(١٣)دیاریکردنی ئاستەفەرهەنگییەکان بەپێی دروستەی پێوانەیی(پێ)ی ڕیتمی و هێز لە مۆدێلی فەرهەنگ و دوافەرهەنگی کوردیدا. | 138 |

# پێڕستی خشتەکان



| ژ | ناونیشان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 1 | خشتەی(١) نواندنی جیاوازیی لە نێوان یاسا فۆنۆلۆجیە فەرهەنگی و دوافەرهەنگییەکاندا. | 49 |
| 2 | خشتەی(٢) نواندنی دروستەی مۆرفۆ-پرۆسۆدیکی وشەی فۆنۆلۆجیی پرۆسۆدیکی. | 92 |
| 3 | خشتەی(٣)نواندنی دروستەی مۆرفۆ-پرۆسۆدیکی وشەی فرێزی پرۆسۆدیکی | 94 |
| 4 | خشتەی(٤) نواندنی جیاوازی لە نێوان تایبەتمەندیی زمانە هێزییە کاتڕێکخراوەکان و زمانە بڕگەییە کاتڕێکخراوەکاندا. | 113 |

## پێشەکی:

### ١/٠)ناونیشانی تێزەکە:

ناونیشانی تێزەکە بریتییە لە (دەنگسازیی فەرهەنگی و دوافەرهەنگی لە زمانی کوردیدا **Lexical and Post-Lexical Phonology in Kurdish**)، کە ناونیشانەکە ناوی یەکێک لە تیۆریە دەنگسازییە جیهانییەکانە و لە زمانی کوردیدابەرجەستەکراوە، مەبەست لێی شیکردنەوەی دەنگسازییانەیە بۆ زمانی کوردی بەپێی ئەو تیۆریە؛ بەڵام بە درێژایی تێزەکە زاراوەی (فۆنۆلۆجیی فەرهەنگیی و دوافەرهەنگی لە زمانی کوردیدا)بەکاردەهێنرێت، چونکە لەتێزەکەدا تەواو مەبەست لە زاراوەی(دەنگسازی= فۆنۆلۆجی) یە.

### ٢/٠)هۆی هەڵبژاردنی ناونیشانی بابەتی تێزەکە:

لە کۆتاییەکانی سەدەی ڕابردوو لە قوتابخانەی زمانەوانیی لەندەنەوە (دەنگسازیی فەرهەنگی و دوافەرهەنگی) سەریهەڵداوە، سەرەتا بۆ لێکۆڵینەوە لە دەربڕاوە زمانییەکانی زمانی ئینگلیزی بوو، بە تایبەت لە(دامەزراوەی ماساشیوستس بۆ تەکنۆلۆژیا، چاپکردنی زۆربەی بڵاوکراوەکان و لێکۆڵینەوەکانیش بەم تیۆریە لە زانکۆی (کامبریج ) لە لەندەن بووە، دواتر بۆ لێکۆڵینەوە لە زۆربەی زمانە ئەوروپاییەکان و پاشانیش زمانە جیهانییەکانی تر پەرەیسەندووە، ئەمەش گرنگی شیکار و جێبەجێکردن بە تیۆریەکە بۆ داتا زمانییەکان لە بواری دەنگسازیدا دەخاتەڕوو، هەر ئەم هۆکارانەش هاندەر بوون بۆ هەڵبژاردنی ناونیشانەکە، تا زمانی کوردیش وەک زۆربەی زمانەکانی تر لێکۆڵینەوەی بەپێی ئەم تیۆریە بۆ بکرێت، تا دەرئەنجامی ڕادەی گونجاوێتی کارپێکردنیشی بۆ زمانەکە بەدەستبێت؛ هۆکارێکی تری هەڵبژاردنەکە ناساندنی ئەو تیۆریەیە بەبواری زمانەوانیی زمانی کوردی و ناساندنی ئەو ژینگانەی(دەوروبەرانەی) کە دیاردەی دەنگسازی تیایاندا سەرهەڵدەدات(ژینگەی مۆرفۆفۆنەمیک) و (ژینگەی پرۆسۆدیکی)، لەگەڵ ئاماژەدان بە نواندنی پێکهاتەیی و نواندنی پرۆسۆدیکی فۆنۆلۆجیانەی دانە فەرهەنگییەکان لە زمانی کوردیدا.

### ٣/٠)ئامانج و گرنگی بابەتی تێزەکە:

### ئامانجی کارەکی بابەتەکە :

ئامانج لە تێزەکە بەکارهێنانی یەکێک لە تیۆریە جیهانییەکانە بۆ لێکدانەوەی زمانی کوردی بەگشتی و ئاستی دەنگسازی بە تایبەتی، بەم خاڵانە بەرجەستە دەکرێت:

١- پەسنکردنی لایەنی دەنگسازیی وشەیە بەپێی تیۆریەکە لە فەرهەنگ و دوافەرهەنگ لە زمانی کوردیدا.

٢- ئەو تیۆریە هەتا چەند بەبێ کێشە لەزمانی کوردیدا جێبەجێدەکرێت.

٣-گەیشتن بەودەرئەنجامە نوێیانەی کە بە ڕێبازی شیکاریی هەڵهێنجان(الاستنباط) بەدەستدەهێنرێت، تایبەت بە دەنگسازیی وشە، لە ئاستی فەرهەنگ و دوافەرهەنگی تایبەت بە زمانی کوردی.

٤- ئەنجامە بەدەستهاتووەکانی تێزەکە بەپێی ئەم تیۆریە، دەکرێت بۆ هەڵبژاردنی شێوازێکی دیاریکراو لە شێوازەکانی ڕێنووس بۆ زمانی ستانداردی کوردی و بۆ سوود بینین لە یەکلا کردنەوەی هەندێک لە گیرو گرفتەکانی نووسینی 'ئەلف بێ'ی زمانی کوردی لە داهاتوودا بەکاربهێنرێت.

٥- وەک لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمییانە سوودی لێدەبینرێت بۆ پرۆژەی بە ستانداردکردنی زمانی کوردی، چونکە تێزەکە بۆ دیاریکردن و چەسپاندنی چەشنی ستانداردی دروستەی  برگەیی (پێ) و دروستەی مۆرفۆپرۆسۆدیکی وشەی فۆنۆلۆجی و نواندنی دروستەی فرێزی فۆنۆلۆجی و فرێزی ئاوازەیی و دەربڕاوەکان تەرخانکراوە.

## ٤/٠)کەرەستەی تێزەکە:

 لەم تێزەدا، کەرەستەو نموونەکانی لە زمانی کوردییدا، لە ئاخاوتنی قسەپێکەرانی زاری کرمانجیی ناوەڕاست (شێوەزاری سلێمانی/ کوردیی ناوەندی) وەرگیراوە.

## ٥/٠)ڕێبازی لێکۆڵینەوەی تێزەکە:

بەپێی بەشە سەرەکییەکانی تێزەکە، ڕێبازی لێکۆڵینەوەی جیاجیا بەکارهاتووە، لەبەشی یەکەم و دووەمدا بۆ پەسنکردنی (تێڕوانینەکانی مۆرفۆفۆنەمیکی و پرۆسۆدیکی لە تیۆریەکەدا) تەنها  ڕێبازی پەسنکەرانە بەکارهاتووە، بۆ خستنەڕووی ئەوتێڕوانینانەش ڕێبازی  شیکردنەوەی پەسنکەرانە بەکارهاتووە لە کوردیدا، لە جێبەجێکردنی تیۆریەکەشدا لە زمانی کوردیدا ڕێبازی شیکردنەوەی پەسنکەرانە و هەڵهێنجان (الاستنباط)پەیڕەوکراوە، تیایدا سنووری بابەتی ناونیشانەکە، هەرێمی توێژینەوەکە، میتۆدی شیکردنەوەی زانیارییەکان دەخرێتەڕوو.

## ٦/٠) گریمانەی تێزەکە:

تێزەکە گریمانەی ئەوە دەکات، کە ئایا لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا و لە نواندنی فۆنۆلۆجییانەی وشە فەرهەنگییەکاندا، کە هەردوو نواندنی (پێکهاتەیی فۆنۆلۆجییانەو نواندنی پرۆسۆدیکییانە)دەگرێتەوە، جێبەجێکردنی سەرجەم یاسا فۆنۆلۆجییەکانە پێکەوە، بۆ نواندنیان، بە شێوەی سووڕی یان ناسووڕی ، یا دواسووڕی جێبەجێدەکرێن؟. کە پێیدەوترێت دیاریکردنی ئاستە سووڕییەکان لە فەرهەنگدا.  جگە لە دیاریکردنی ئاستە سووڕییەکان، دیاریکردنێکی تر بۆ ئاستەکانی فەرهەنگ هەیە، کە تیایدا دەبێت ئاستەکانی فەرهەنگ لەسەربنەمای هۆکاری فۆنۆلۆجی و تایبەتمەندییە فۆنۆلۆجییەکان بنیاد بنرێت، کە بریتییە لە بنەماکانی هێزدانان و دروستەی برگەیی و ودروستەی 'پێ پێ کردن' لە وشەی فۆنۆلۆجییدا، کە بەپێی شوێنی هێز و  نواندنی دروستەی پێوانەیی دانەفەرهەنگییەکان شانبەشانی پرۆسە مۆرفۆلۆجییەکانی وشەڕۆنان لەئاستی فەرهەنگ و دوافەرهەنگدا دیاریدەکرێت، تێزەکە گریمانەی دیاریکردنی ئەم ئاستە نواندنییە فۆنۆلۆجیانەو پرۆسۆدیکییانەیە دەکات و کە بە (دیاریکردنی ئاستەفەرهەنگییەکان بەپێی دروستەی پێوانەیی(پێ)ی ڕیتمی و هێز لە مۆدێلی فەرهەنگ و دوافەرهەنگی کوردیدا) دا ناوی هێنراوە؛ **کە** نواندنی پرۆسۆدیکییانەی دانە فەرهەنگییەکان دەگرێتەوە و لە بەشی دووەم و سێیەمی تێزەکەدا ڕاڤەکراوە. گریمانەی خستنەڕوو و پەسنکردنی دروستەی مۆرفۆپرۆسۆدیکی کەتیگۆرییە پرۆسۆدیکییەکان دەکات، کە دەکەونە ئاستی فەرهەنگ و دوافەرهەنگەوە، گرنگی دەدات بەخستنەڕووی دروستەی پرۆسۆدیکی و تایبەتمەندییە پرۆسۆدیکییەکانی وەک هێز و ئاوازە،... هەروەها ڕاڤەکردنی لایەنە باس**نە**کراوەکانی یاسافۆنۆلۆجییە فەرهەنگی و دوافەرهەنگییەکان

## ٧/٠) ناوەرۆکی تێزەکە:

لێکۆڵینەوە دەنگیسازییەکانی ناو ئەم تێزە لە بەشی یەکەمدا بەپێی بنەماکانی تێڕوانینی مۆرفۆفۆنەمیکییە لە تیۆری فۆنۆلۆجیی فەرهەنگییدا، لە بەشی دووەمدا بەپێی بنەماکانی ڕێبازی پرۆسۆدیکییە لە هەمان تیۆریدا، لەبەرئەوە دەرئەنجامەکانی لەگەڵ ئەو لێکۆڵینەوە دەنگسازییانەدا یەکناگرێتەوە کە بەپێی تیۆری فۆنۆلۆجیی بەرهەمهێنان و تیۆری فۆنۆلۆجیی خۆکەرتێتی/ئۆتۆسەگمێنتاڵییە، یان ئەو لێکۆڵینەوەو توێژینەوانەی تر کە بە تیۆریە فۆنۆلۆجییە جیاوازەکانی تری وەک (تیۆری فۆنۆلۆجیی نموونەیی/ئۆپتیماڵیتی، تیۆری فۆنۆلۆجیی سروشتی، تیۆری فۆنۆلۆجیی حوکمکردن،.....) ئەنجام دەدرێن. سەرەڕای وەلانانی دەرئەنجامی هەندێ لە لێکۆڵینەوە دەنگسازییەکانی تر، چونکە هەرچەندە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە لێکۆڵینەوەکانیان بەپێی تیۆری فۆنۆلۆجیی فەرهەنگییە، بەڵام زیاتر بەپێی بنەماکانی تیۆری فۆنۆلۆجیی بەرهەمهێنان کاریان تێداکراوە، یان لە پەیڕەوکردنی بنەمانی ئەم تیۆریەدا لەگەڵ لێکدانەوەکانی ئەم تێزەدا یەکناگرنەوە، هەرچەندە خاوەنی بەهای زانستی خۆیانن. بۆ نموونە لە (**مەحویی، محمەد- غەریب، دڵشاد محمەد ٢٠١٨ ؛ مەحویی، محمەد- غەریب، دڵشاد محمەد ٢٠١٩؛ غەریب، دڵشاد محمەد ،٢٠١٩؛ مەحویی، محمەد (١٣٩٨/٢٠٢٠)،....**).)دا ئاماژە دەدەن بەوەی کە توێژینەوەکەیان تایبەتە بە زانیاری لەبارەی هێز و جێکەوتەکانی هێز لە شێوەزاری کەرکوکدا، ئەمە خۆی لە خۆیدا دەبێتەخاڵی جیاواز لە نێوان ئەنجامەکانی ئەم تێزەدا و ئەنجامەکانی ئەو توێژینەوانەدا، چونکە دەربارەی شێوە زاری کەرکوکە، کە تیایاندا (پەسنی تەرزی هێز کراوە لە وشەی فەرهەنگیدا، لە وشەی سادەی مۆرفۆلۆجی، لە وشەی فەرهەنگیی سەرەکی و ناسەرەکیدا، لەسەربنەمای یەک بڕگەیی و بڕگەی کراوە و داخراو، دوو بڕگەیی و سێ بڕگەیی، لە وشەی هەڵگوێزراو بە پاشگرو پێشگر، لە وشەی لێکدراودا)، گریمانەی ئەوە دەکەن کە هێز نابێتە هۆی گۆڕینی واتا؛ دەرئەنجامە بەدەستهاتووەکانیان جیاوازە و یەکناگرێتەوە لەگەڵ ئەو گریمانەیەی کە لەم تێزەدا پشتی پێ بەستراوە بۆ دیاریکردنی ئاستەکانی هێزدانان و دەرئەنجامە بەدەست هاتووەکانی، چونکە لەم تێزەدا پشت بەستراوە بە گریمانەی یاسای هێزدانانی مۆرفۆلۆجییانەو ڕیتمییانە، کە شوێنی هێز دیاریدەکات بۆ کەتیگۆرییە پرۆسۆدیکییەکانی وەک وشەی فۆنۆلۆجی و فرێزی فۆنۆلۆجی لە ئاستی فەرهەنگدا، بە پشت بەستن بە دروستەی پێوانەیی وشەی فۆنۆلۆجی کە لە (کەرتی دەنگی /فۆنێم، مۆرا، بڕگە ، پێ) پێکدێت و پاشان بە پێی دروستەی (پێ)، کە یەکەی ڕیتمە، هێز بۆ وشە فۆنۆلۆجییەکە دادەنرێت، لەمبارەدا تایبەتمەندیە فۆنۆلۆجییەکانی بڕگە، وەک درێژی و کورتی یان قورسی و سووکی بڕگەکان کارناکاتە سەر بنەمای هێزدانان. لەدیاریکردنی ئاستەکانی فەرهەنگدا.

-لە ( **غەریب، دڵشاد محمەد ٢٠٢٢ A ؛ غەریب، دڵشاد محمەدB٢٠٢٢**) کە پێداچونەوەیان پێداکراوە، بەپێی تیۆری فۆنۆلۆجیی بەرهەمهێنانە نەک فۆنۆلۆجیی فەرهەنگی، خودی لێکۆڵەیش ئاماژەی پێداوە(**غەریب، دڵشاد محمەد ،B٢٠٢٢**: ٤١)دا. بەڵام جگە لەو سەرچاوانە چەندین سەرچاوەی تر لەبەردەستتدان کە بە پێی تیۆریەکە کاریانکردووە وەک: لە (**ساڵەح، دڵشاد غالی- علی، پێشرەو ساڵەح ٢٠١٩**)، (**بابکر، صالح عبدالله ٢٠١٦**)، (**صەمەد، سۆران عەبدولڕەحمان ٢٠١٤**)،لە هەندێک باردا ئەنجامە بەدەستهاتووەکانی لەگەڵ ئەنجامەکانی ناوەرۆکی ئەم تێزەدا هاوتادەبن.

# بەشی یەکەم

## تیۆری فۆنۆلۆجیی فەرهەنگی و دوافەرهەنگی

## ٠/١)سەرەتا:

ناونیشانی تێزەکە (دەنگسازیی فەرهەنگی و دوافەرهەنگی لە زمانی کوردیدا)، تیۆریەکە دوو تێڕوانینی جیاواز لە خۆدەگرێت. لە بەشی یەکەم و دووەمی تێزەکەدا هەوڵدراوە  بە وردی باس لە هەردوو تێڕوانینەکان بکرێت، کە لە سالآنی (١٩٨٢ز)  بەدواوە لە قوتابخانەی زمانەوانیی 'لەندەن'دا سەریهەڵداوە، هەروەها بۆچوونەکانی هەریەکە لەو زمانەوانانە کە لە بوارەکە دا کاریان کردووە بخرێتەڕوو.

لە بەشی یەکەمدا ئەوە خراوەتەڕوو کە تیۆریەکە بەوشێوەیە ڕاستەوخۆ نەهاتۆتە ئاراوە، بەڵکو پشتی بە تیۆریە فۆنۆلۆجییەکانی پێش خۆی بەستووە (کە لە قوتابخانەی فۆنۆلۆجیی بەرهەمهێنان **Generative phonology**)ەوە سەریانهەڵداوە، زاراوەی هەندێ تیۆریی تری باوی سەردەمەکەی خۆی بەکارهێناوە، ئەم تیۆریەش بووەتە بنچینە بۆ هەندێک تیۆری دواتری خۆی. هەوڵدەدرێت لەبەشی یەکەمدا ڕادەی گونجاوێتی شیاوێتی تیۆریەکە بۆ شیکردنەوە دەنگییەکانی زمانی کوردی هەڵبسەنگێنرێت ، بەتایبەت تێڕوانینی یەکەمی تیۆریەکە کە تێڕوانینی مۆرفۆفۆنەمیکییە.

بنەما مۆدولارییەکان لە تیۆریەکەدا خراوەتەڕوو، کە لە هەمان کاتدا بە بنەمای جیاوازیی کردن لە نێوان هەردوو ئاستی فەرهەنگ و دوافەرهەنگدادەنرێت، پاشان بەپێی پێویست هەریەکە لەو بنەمایانە بە نموونەی زمانی کوردیی ڕوونکردنەوەی بۆ کراوە سەرەڕای نموونەکان لە زمانی ئینگلیزیدا.  بەکورتی ئاماژە دراوە بە سروشتی یاسا فۆنۆلۆجییە دوافەرهەنگییەکان، سەرەڕای ئاماژەدان بە ئاستڕێکخستن و سووڕی و ناسووڕی لە چینەکانی فەرهەنگدا، لە ژینگەکانی دارشتندا، جێبەجێکردنی ئەم بنەما مۆدولارانەی تیۆریەکە لە تێڕوانینی مۆرفۆفۆنۆلۆجییانەدا و لە سووڕێتی/سووڕی و ناسووڕی لە تیۆریەکەدا  پەسنکراوە. لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵدەدرێت وەڵامی چەند پرسیارێک بدرێتەوە کە تایبەتن بە زمانی کوردیی، وەک :

– ئایا ئاستەکانی دارشتن لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا دەبن بە سووڕی و لە ئاستی دوافەرهەنگیشدا ناسووڕی بن وەک ئەوەی کیپارسکی (**Kiparsky 1982a,b**)ئاماژەی پێداوە؟

ئایا تەنها ئاستێک لەسەروو ئاستەکانی دارشتنەوە هەیە، ببێتە سووڕی و ئاستەکانی دارشتنیش لە فەرهەنگدا ببن بە ناسووڕی و لە دوافەرهەنگیشدا ببن بە دواسووڕی **post cyclic**، لە زمانی کوردیدا؟ وەک ئەوەی کە بوویج و ڕووباک (**Booij & Rubach ,1984: 1**) ئاماژەیان پێداوە لە زمانی  هۆڵەندی و پۆڵەندیدا.

–ئایا هیچ ئاستێکی سووڕی بۆ دانە و ڕەگە دانەڕێژراو و توخمەبنچینەییەکان لە فەرهەنگدا لە زمانی کوردیدا هەیە ؟

هەوڵدراوە وەڵامی بەشێک لەو پرسیارانە لە ڕێگەی پەسنکردنی نواندنی فۆنۆلۆجییانەی هەندێک لە ئاستەکانی دارشتنەوە بەپێی بنەماکانی جێبەجێکردنی سووڕیانە و ناسووڕییانەی یاسافۆنۆلۆجییەکان بەدەستبهێنرێت.

لە بەشەکانی تردا، ڕوونکردنەوەی کورت و پێویستی تایبەت بەو بەشانە خراوەتەڕوو لە ژێر ناونیشانی 'سەرەتا'دا، بەڵام بەگشتی لە بەشی دووەمی  تێزەکەدا، کە تێڕوانینی دووەمی تیۆریەکەیە تیایدا تێڕوانینی

پرۆسۆدیکی خراوەتەڕوو، کە لە سەرەتای بەشەکەدا ئاماژەپێدراوە، هەوڵدراوە ئەم کارەش بە ڕێبازی لێکۆڵینەوەی (شیکاریی–پەسنی )ئەنجام بدرێت بە شێوەیەکی ئەکادیمی و بە پشتبەستن بە شیکاری بەڵگەکان؛ پاشان تێڕوانینی پرۆسۆدیکیی لە کوردیدا پەسنکراوە، کە کەتیگۆرییە پرۆسۆدیکییەکان و تایبەتمەندییە پرۆسۆدیکییەکان دەگرێتەوە لە زمانی کوردیدا، لەهەردوو ئاستی فەرهەنگ و دوافەرهەنگدا. لە هەندێ باردا ئاماژە بە کارە ئەکادیمییەکانی پێشتر دەدرێت لەو بوارانەدا، سەرنجی تایبەتیش دەخرێتەڕوو، جا بە پشگیریکردنی بۆچوونەکە بێت، یان جیاوازی بێت لە گەڵیاندا. لە بەشی سێیەمی تێزەکەدا هەوڵدراوە جێبەجێکردنی سەرجەم یاسا فۆنۆلۆجییە فەرهەنگی و دوافەرهەنگییەکان و ڕێکخستنی ئاستەکانی نواندن بۆ نواندنە فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجییەکان و نواندنی هێزی ڕیتمیی بەپێی دروستەی 'ڕیتم' لە فەرهەنگ و دوافەرهەنگی زمانی کوردیدا تایبەتمەند بە دروستەی مۆرفۆپرۆسۆدیکی دانە فەرهەنگییەکانی وەک وشەی فۆنۆلۆجی و فرێزی فۆنۆلۆجیی فەرهەنگی بخرێتەڕوو. لە کۆتایی سەرجەم ڕاڤەکردنەکانیشدا ئاماژە بە دەرئەنجامە بەدەستهاتووەکان دراوە. لە کۆتاییشداسەرچاوەبەکارهاتووەکان خراوەتەڕوو.

## ١)تیۆری فۆنۆلۆجیی فەرهەنگی و دوافەرهەنگی:

### ١/١)ناساندنی تیۆری فۆنۆلۆجیی فەرهەنگی و دوافەرهەنگی:


تیۆری فۆنۆلۆجیی فەرهەنگی وایدادەنێت کە فۆنۆلۆجی لە نێوان دووپێکهاتەی جیاوازدا (بوونی)هەیە لە ڕێزماندا، کە بریتین لە فەرهەنگ و دەرەوەی فەرهەنگ/دوافەرهەنگ. بەپێی ئەم تیۆریە بەشێکی فۆنۆلۆجی دەکەوێتە ناو فەرهەنگەوە، کە دەتوانێت ئاماژە بەو زانیارییانە بکات کە لە فەرهەنگەکەدا ئامادەن و بوونیان هەیە، ئەم بەشەی فۆنۆلۆجی لە دووکۆمەڵە لە زانیارییەکان پێکدێت، کۆمەڵەی یەکەمیان پێکدێت لە سێتێک لە کەرتە/سەگمێنتە دەنگییە فۆنۆلۆجییە فەرهەنگییەکان و دروستەکانیان **Set of lexical phonological segments and structures**، کە دواتر وشەی فۆنۆلۆجی یان فرێزی فۆنۆلۆجی بەرهەمدێت لێیانەوە. کۆمەڵەی دووەمیشیان پێکدێت لە زانیارییە فۆنۆلۆجییەکانی پەیوەست بە زانیارییە مۆرفۆلۆجییەکانەوە.

بەشەکەی تری فۆنۆلۆجی لە دەرەوەی فەرهەنگدایەکە بە دوافەرهەنگی یان پاش فەرهەنگی ناودەبرێت، کە لەوێدا ئیتر هەر بەتەنها زانیارییە مۆرفۆلۆجییەکان بەردەست نین، بەڵکو سەرەڕای ئەو زانیارییانە زنجیرە دەنگێکیش بەرهەمدەهێنرێن، واتە دەربڕاو بەرهەمدەهێنرێن، کە بەتەنها لە کەرتە دەنگییە/سەگمێنتە فەرهەنگییە ڕووتەکان دروستنەبوون (چونکە تایبەتمەندیی تری دەنگی، یان نیشانەی تری دەنگییان لەگەڵدایە، وەک هێز، تەوژم/پیچ، ئاوازە**Intonation**، تۆن**tone** (ئەگەر زمانەکە تۆنی بێت)... ، هاوکات لەگەڵ کۆمەڵێک لەو تایبەتمەندییە دەنگییانەی تر کە دەیانبەستێتەوە بە یاسا فەرهەنگییەکانەوە، چونکە ئەو تایبەتمەندییە دەنگییانە تۆکمە و بەهێزن لەوەدا کە بتوانرێت لێک بدرێنەوە، واتە تۆکمەو بەهێزن لە شیاوێتی لێکدانەوەدا و بەشداردەبن لە جیاکردنەوە و جیاوازیکردن لە نێوان یاسا فەرهەنگی و یاسا دوافەرهەنگییەکاندا (**Gussen hoven and Jacobs ,2011:145-146** ).

دەبێت یاسا دوافەرهەنگییەکانیش **post-lexical rules** لە یاسا فەرهەنگییەکان **lexical rules** و لە یاساکانی جێبەجێکردنی فۆنەتیکی **Phonetic implementation rules** جیا بکرێنەوە، ئەوەش کارێکی گرانە چونکە لە پراکتیکدا یا لە جێبەجێکردنی کارەکیدا، یاساکانی جێبەجێکردنی فۆنەتیکی و یاسا فۆنۆلۆجیەکان کاریگەرییەکانیان لەیەکدەچێت و لە هەمان کاتیشدا یاسا دوافەرهەنگییەکانیش یاسای فۆنۆلۆجیی ناو مۆرفۆلۆجی و سینتاکیشن.

یاسا دوافەرهەنگییەکان هەستیارن و کاردانەوەی ورد و خێرایان هەیە بەرامبەر بە زانیارییە مۆرفۆلۆجییەکان، ئەوەش وادەکات واگریمانە بکرێت کە یاسا دوافەرهەنگییەکان دەتوانن ئاماژە بکەن بە زانیارییە سینتاکسییەکان، بەڵام بەڵگەی بەهێز لەدژی ئەم گریمانەیە هەیە، بەڵکو لە ڕاستیشدا، یاسا دوافەرهەنگییەکان ئاماژە دەکەن بۆ ئەونواندنانەی کە بەشێکن لە 'پێکهێنەرە سەرەکییە فۆنۆلۆجییەکان **phonological constituent structure**' کە بە پلەبەندی هەرەمی پرۆسۆدیکی ناسراوە**Prosodic hierarchy**، دواتر وەک تیۆری فۆنۆلۆجیی پرۆسۆدیکی ناسرا. دروستە پرۆسۆدیکییەکانیش وەک (مۆرا ، برگە، پێ **foot**، وشەی فۆنۆلۆجی، فریزی فۆنۆلۆجی، فریزی ئاوازەیی ، دەربڕاو) دەگرێتەوە(**سەرچاوەی پێشوو: 146**).

لە چوارچێوەی ئەم لێکدانەوە وردەوە، کە بۆ یاسا فۆنۆلۆجییە فەرهەنگی و دوافەرهەنگییەکان ئەنجامدراوە، دوو ڕێباز/تێڕوانینی جیاواز لە تیۆری دەنگسازیی فەرهەنگیدا هەیە: کە تێڕوانینی (مۆرفۆ-فۆنۆلۆجی (مۆرفۆ-فۆنەمیکی) و تێڕوانینی پرۆسۆدیکییە). وەک لە هێڵکارییەکەدا خراوەتەڕوو:




**هێڵکاریی (١)نواندنی ڕێبازەکانی تیۆری دەنگسازیی فەرهەنگی**

**(ئەم هێڵکارییە دروستکراوە بە سوود بینین لە ئەنجامی لە پەسنکردنەکانی ئەو سەرچاوانەی کەباسیان لە تیۆریەکە کردووە وەک:[pandy 1997: 97-102)؛ Gussen hoven and Jacobs ,2011:145-146؛ ئاستی ڕستە =ئاستی فۆنۆلۆجیی فریزی لە phrasal phonology ( Pulley blank,1986:2) لە NidhamSheet,2019: 217)؛ Crystal, 2008:277-278؛ Booij, 2006: 94؛ Crystal, 2008:2؛ ؛ Selkirk,1996 : 187]).**

تیۆریەکە لە هەردوو ڕێبازەکەدا ئاماژە بە هەبوونی دوو مۆدوڵی سەرەکی دەکات: مۆدوڵی ئاستی فەرهەنگ، کە بە فۆنۆلۆجیی فەرهەنگی یان **LP** ناسراوە، مۆدوڵی ئاستی دوافەرهەنگ کە فۆنۆلۆجیی دوافەرهەنگییە یان **Post-LP**.

فۆنۆلۆجیی فەرهەنگی **LP** ڤێرژنێکی بەهێزی ئەوەیە کە پێیدەڵێن: گریمانەی فەرهەنگی. (ئەم گریمانەیە وایدادەنێت، کە هەموو یاساکان وپرۆسەکانی وشەڕۆنان دەکەونە ناو فەرهەنگەوە، گەردانکردن/شکانەوەش لەناو فەرهەنگدا ئەنجام دەدەرێن(**Crystal, 2008:280** ). یەکەم پرسی بنەڕەتی لەم تیۆریەدا ئەوەیە کە تا چەند و چۆن دروستەی مۆرفۆلۆجیی وشەکان بەدیهێنانی فۆنەتیکییان بۆ دەکرێت و دەنوێنرێن.

تێڕوانین لە (وشە) بەوەی کە خاوەنی فۆرمی بنچینەیی فۆنۆلۆجییانەی خۆی هەیە، یاسا پەیوەندیدارەکانی (فۆنۆلۆجیی وشە) بۆ ئەو وشە خاوەن فۆرمە فۆنۆلۆجییە بنچینەییانە جێبەجێدەکرێن، پاشانیش یاسا مۆرفۆلۆجییەکانی بۆ جێبەجێدەکرێن لە فۆرمە دارێژراوە فۆنۆلۆجییەکەیدا **derived phonological form**، جێبەجێدەکرێت.

تیۆریەکە بانگەشەی ئەوە دەکات کە مۆرفۆلۆجی و یاساکانی فۆنۆلۆجیی وشە بە شێوەی سووڕی **cyclic**جێبەجێدەکرێن.

ئەم دوو هەنگاوە کە لە بانگەشەو تێڕوانین بۆ (وشە)دا جێبەجێکراوە بوارێکی/دۆمەینێکی نوێ دەخوڵقێنن بۆ بەکارهێنانەکانی یاساکانی فۆنۆلۆجیی وشە. بەم پێیە فۆرمێکی فۆنەتیکیی فەرهەنگی دادەڕێژرێت بۆ وشەکان، کە دواتر بەهۆی یاساکانی سینتاکسەوە پێکەوە دەبەسترێنەوە بۆ ئەوەی (فریزی سینتاکسی) و پێکهاتەی گەورەتر پێکبێنن، کە بەوەش نواندنی پرۆسۆدیکییانەی (دوافەرهەنگییان) بەردەست دەبێت.

پاش پێکهێنانی پێکهاتە سینتاکسییە گەورەترەکانی وەک فریز، ڕۆڵی ئاستی فۆنۆلۆجیی دوافەرهەنگی دەست پێدەکات، کە لەلایەن پێکهاتەکانی ئەم ئاستەوە هەژماری بۆ دەکرێت و لە دوای سینتاکسەوە جێبەجێدەکرێن(**Booij, 2006: 94**)**.** کەواتە ئاستی دوافەرهەنگ ئاستی ڕستە یان ئاستی فۆنۆلۆجیی فریزە **phrasal phonology** ( **Pulley blank,1986:2** لە **(NidhamSheet,2019: 217**).

هەرچەندە گریمانەی ئەوەی کە ئایا ئاستی مۆرفۆسینتاکس(ڕستەی ناوەکی) بە تەواوی دەکەوێتە ئاستی دوافەرهەنگەوە، یان دەکەوێتە چینەکانی خوارەوەی فەرهەنگ و ئینجا دەشکەوێتە ئاستی دوافەرهەنگیشەوە، وەک لە زمانە کلیتیکدارەکاندا هەیە، وا دەردەکەوێت لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر گۆڕانکاری بەسەردا بێت.

خاڵی گرنگ و جیاواز لە نێوان هەردوو تێڕوانینە سەرەکییەکەی تیۆریەکەدا(تێڕوانینی مۆرفۆفۆنەمیکی/مۆرفۆفۆنۆلۆجی و پرۆسۆدیکی) لە ئاراستەی شیکردنەوەکاندا و لە ڕێزماندا دەبینرێت.

لە تێڕوانینی مۆرفۆفۆنۆلۆجیدا ئاراستەی شیکردنەوەکان و لێکدانەوەکان لە فۆرمە فەرهەنگییە بنچینەییەکانەوە دەستپێدەکەن بۆ فۆرمە ڕۆنراوەکان/داڕێژراوەکان کە ئاستی مۆرفۆفۆنەمیکی دەنوێنێت، کە جێبەجێکردنی یاسا فۆنۆلۆجییە فەرهەنگییەکانە، پاشانیش بۆ فۆرمە سینتاکسییەکان، کە ئاستی مۆرفۆسینتاکس دەنوێنێت و جێبەجێکردنی یاسا دوافەرهەنگییەکان لەوانەوە دەستپێدەکات، بەڵام لە تێڕوانینی پرۆسۆدیکیدا تاڕادەیەک پێچەوانەیە؛ شیکردنەوەکان لە کۆتا ئاستی دروستە

پرۆسۆدیکییەکانەوە دەست پێدەکەن، واتە لە 'دەربڕاو' ەوە بۆ 'فریزی ئاوازەیی' و پاشانیش بۆ 'فریزی فۆنۆلۆجی' کە ئاستی دوافەرهەنگە، ئینجا بۆ شیکردنەوە و لێکدانەوەکانی ئاستی' فۆنۆلۆجیی وشە' کە ئاستی فەرهەنگە هەریەکە لە (پێ)، 'بڕگە'، 'مۆرا' و 'کەرتەدەنگییەکان/سەگمێنتەکان' دەنوێنێت(**Gussenhoven & Jacobs ,2011: 246-261**).

کریستاڵ دەڵێت تیۆریەکە لەو تێگەیشتنە زیرەکانەیەوە سەرچاوەدەگرێت کە پێیوایە زۆرێک لە یاسا فۆنۆلۆجییەکان لەگەڵ یاساکانی وشەڕۆناندا دەخرێنەکار لە مۆدێلێکی سووڕیی وشەدا **word cyclic** بۆدیاریکردن و پێناسەکردنی گروپ و دانە لێکسیکییەکان لە زمانێکدا( **Crystal, 2008:277-278**).

تیۆریەکە لە نوێترین دەرکردەیدا هەوڵدەدات پەیوەندییە ناوەکییەکانی نێوان مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجی ڕوونبکاتەوە بە تەرخانکردنی هەندێک لە پرۆسە فۆنۆلۆجییەکان بۆ ئەو فەرهەنگەی یان بۆ ئەو وشەنامەیەی کە مۆرفیمەکانی تێدا جێگیربوون یان لەخۆیگرتوون (**NidhamSheet,2019: 215**).

ئەو لێکدانەوانانەی کە تا ئێرە دەربارەی تیۆریەکە وتران، دەرئەنجامی کۆی ئەو لێکۆڵینەوانەیە کە دەربارەی ئەو تیۆریە ئەنجامدراون لە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە تا ئێستا. ئەوەش خرایەڕوو کە لێکۆڵینەوەکان بە ئاراستەی دوو تێڕوانینی جیاوازدا کرابوون، بەڵام **Booij** هەوڵیداوە کارکردن بە تیۆریەکە بەجۆرێک بێت کە هەردوو تێڕوانینەکە لەخۆبگرێت، بۆ ئەوەش دەبێت ئاماژە بە سەرجەم پرۆسە مۆرفۆلۆجییەکان بدرێت کە لە فەرهەنگدا هەن، هاوشان بە پرۆسە فۆنۆلۆجییە فەرهەنگییەکان، چونکە دەڵێت: (تیۆریەکە وایدادەنێت کە هەموو پرۆسە مۆرفۆلۆجییەکان و زۆرێک لە پرۆسە فۆنۆلۆجییەکان لە فەرهەنگدا ئەنجام دەدەرێن، خودی زاراوەی تیۆریەکەش ئاماژەیە بۆ تیۆریەکی تایبەت دەربارەی کارلێککردنی نێوان مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجی، کە تیایدا جیاوازیکردن لە نێوان فۆنۆلۆجیی وشە وفۆنۆلۆجیی فریز ڕۆڵێکی گەورەی تێدا دەبینن. دەربارەی گریمانەی تیۆریەکەش دەڵێت: (گریمانەی بنەڕەتی تیۆریەکە ئەوەیە کە تا چەند و چۆن دروستەی مۆرفۆلۆجیی وشەکان ڕاستاندنی فۆنەتیکییان **phonetic realization** دەردەخرێت؛ بانگەشەی سەرەکی تیۆریەکەش ئەوەیە کە مۆرفۆلۆجیی و یاساکانی فۆنۆلۆجیی وشە یەک لەدوای یەک جێبەجێدەکرێن.(**Booij, 2006: 94-95** )).

کەواتە ئەمە ئەو تێڕوانینە پشتڕاست دەکاتەوە کە دەڵێت فۆنۆلۆجیی فەرهەنگی **LP** ڤێرژنێکی بەهێزی ئەوەیە کە پێیدەڵێن :گریمانەی فەرهەنگی؛ لەبەرئەوە بە پێویست دەزانرێت کە بە کورتی ئاماژە بە گریمانەی فەرهەنگی و پۆلی دانە فەرهەنگییەکان بدرێت لە ڕووی دروستەی فۆنۆلۆجییەوە، چونکە پۆلی دانە فەرهەنگییەکان دەبێتە یەکێک لە بنەماکانی هێزدانانی مۆرفۆلۆجییانەو ڕیتمییانە لە فۆنۆلۆجیی وشەدا لە ئاستی فەرهەنگدا، لەم تێزەدا.

## ٢/١) گریمانەی فەرهەنگی:

ئەم گریمانەیە وایدادەنێت کە هەموو یاساکان و پرۆسەکانی فۆڕمداڕشتن کە ڕۆنانی لێکسیم **Lexeme formation** دەگرێتەوە(**P. H. MATTHEWS, 1991:37**)، دەکەونە ناو فەرهەنگەوە، گەردانکردن/

شکانەوەش لەناو فەرهەنگدا ئەنجام دەدرێن، چونکە مۆرفۆلۆجی بەشێوەیەکی ئاسایی لە: دارِشتن، شکانەوە، لێکدان، دەکۆڵێتەوە.

– دارِشتن : دارِشتنی مۆرفۆلۆجییانەی لێکسیمێکە لە لێکسیمەکانی ترەوە.

– لێکدان: پرۆسەیەکی مۆرفۆلۆجییە کە وشەی نوێ بەرهەمدێنێت بەهۆی بەستنەوەی دوو وشە یان زیاتر.

لە دارِشتن و لێکداندا پەیوەندی سینتاکسی لە نێوان کەرتە پێکهێنەرەکانیان/مۆرفیمە پێکهێنەرەکانیاندا نییە. بەواتایەکی تر سینتاکسییانە پەیوەست نین) (**John T. Jensen ,1990: 5-7**).

هەریەکە لە دەرکردەی پرۆسەمۆرفۆلۆجییەکانی دارِشتن و لێکدان، پێیاندەوترێت: وشەی لێکسیکی/فەرهەنگی **(L- Word)**. ژمارەیەکی زۆر لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی ئەکادیمی لەبواری مۆرفۆلۆجیی وشە بۆ ئەم جۆرەی پرۆسە مۆرفۆلۆجییەکان ودەرکردەکانیان لە زمانی کوردیدا ئەنجامدراوە. بۆ زانیاری زیاتر بروانە (**مەحویی، محەمەد ٢٠١٠**).

– شکانەوە : رِێککەوتن **agreement** لە نێوان دانە سینتاکسییەکاندا نیشاندەدات، یان رِێکەوتن لە نێوان ئەو دانە/توخمە سینتاکسییانەدا نیشاندەدات کە لەلایەن دانە سینتاکسییە حوکمکەرەکانەوە داواکراون، بەواتای ئەوەی کە سینتاکسییانە پەیوەستن بەیەکەوە.(**John T. Jensen ,1990:6** ) .

'مۆرفۆلۆجیی شکانەوە' **Inflectional Morphology** وەک لقێک لە لقەکانی مۆرفۆلۆجی، لە پارادایم **Paradigm** دەکۆڵێتەوە، چونکە پۆلی ئەو کەتیگۆرییە فەرهەنگییەی کە لەناو پارادایمەکاندایە، یان دانە پارادایمەکان بە کەتیگۆری مۆرفۆسینتاکسی دادەنرێن، چونکە ((مۆرفۆلۆجیی شکاندنەوە پەیوەندی نێوان فۆرمە–وشەکان لە پۆلەستوونی/پارادایمی لێکسیمەکاندا**lexemes paradigm** پەسەنددەکات)) (**مەحویی، محەمەد ٢٠١٠: ٤٢**). دانەکانی فەرهەنگ لەرِووی مۆرفۆلۆجییەوە لە ژێر چەند پۆلێکدا پۆلینکراون، کە دەکرێت لە مۆرفیمە سەربەخۆکان و مۆرفیمی بەندی مۆرفۆلۆجی(وشەدارِێژ)و مۆرفیمی بەندی سینتاکسی(رِێزمانی) پێکهاتبن. بۆ زانیاری زیاتر لەوبارەیەوە بروانە (**برزو،ئومێد بەرزان– محمد، شادان حەمە ئەمین،٢٠١٧: ٤٠٩–٤١٢**)).

## ١–٢/١) کەتیگۆریی دانە فەرهەنگییەکان:

دانەکانی ناو فەرهەنگ بەگشتی پێیاندەوترێت دانەی فەرهەنگی یان لێکسیم، سەرجەمی دانەکانی زمان و کۆکردنەوەیان، فەرهەنگ پێکدەهێنن، ئەو دانە کۆکراوانە لە فەرهەنگەکەدا دادەنرێن (**Crystal, 2008:279**). ئەم دانە فەرهەنگییانەش لەناو چەند کەتیگۆرییەکی جیاواز لە فەرهەنگدا پۆلینکراون، لە زۆربەی لێکۆڵینەوەکاندا بە (بەشەکانی ئاخاوتن) ئاماژەیان پێدراوە، ئەم کەتیگۆرییە فەرهەنگییانە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازن، لەم بارەیەوە لە (**عەزیز، عومەرئەحمەد ٢٠١٦: ٣٢–٤٨**)دا باس لە بەشەکانی ئاخاوتن لە زمانەکانی (عەرەبی، فارسی، ئینگلیزی، کوردی)دا کراوە، تیایدا پێداچوونەوە بە سەرچاوەکانی پێشووتردا کراوە لە زمانی کوردیدا، لە لە نامەکەیدا باس لە پۆلینکردنی کەتیگۆرییەکان کراوە بەپێی پێوەری مۆرفۆلۆجی، پێوەری سینتاکسی، پێوەری سیمانتیکی، بەبێ ئاماژەدان بە پێوەری فۆنۆلۆجی.

ئەم پۆلینکردنەی کە لێرەدا خراوەتەڕوو، پۆلینکردنی کەتیگۆرییەکانە تاڕادەیەک بەپێی بنەمای فۆنۆلۆجییانەیە هاوتا لەگەڵ دروستە مۆرفۆلۆجی و سینتاکسییەکاندا، وەک:

### ٢/١-١-١)کەتیگۆریی کەرتەدەنگییەکان:

(فۆنیم) و (ناوبەند/فیلەرەکان) دەگرێتەوە:

**فۆنیم**: پۆلی فۆنیمە بنچینەییەکانی زمانەکە دەگرێتەوە، بۆ نموونە ئەو فۆنیمانەی کەلە پێکهاتەی ئاستی قووڵدا دانە فەرهەنگییەکان پێکدەهێنن، ئەو کەرتە دەنگییانەش کە لە ئاستەکانی نواندندا دانە فەرهەنگییەکان پێکدەهێنن، بەڵام مەرج نییە هەموو کەرتە دەنگییەکانی زمانێک فۆنیمێکی بنچینەیی بن، بۆ نموونە دەنگێکی وەک وەک \ŋ\ فۆنیمێکی بنچینەیی نییە بەڵکو فۆنیمێکی پرۆسۆدیکییە.

**ناوبەندەکان/فیلەرەکان**: (ناوبەندەکان، ئەو کەرتە دەنگییانەن کە لە یەک دەنگ/فۆنیم پێکدێن کە لە پرۆسەکانی وشەڕۆنان و ڕۆنانی وشە مۆرفۆسینتاکسییەکان-پارادایمەکاندا تەنها وەک ناوبەند دێن؛ یان (پەیدابوونی دەنگێکی نوێیە لە نێوان دوو دەنگدا، چ بزوێن یان نەبزوێن بن، کە لە ئەنجامی کارتێکردنی ژینگەی فۆنۆلۆجیی جیاوازەوە سەرهەڵدەدەن (برزو، **ئومێد بەرزان-محمد، شادان حەمە ئەمین، ٢٠١٧: ٤٢١**)). ناوبەندەکان لەڕووی فۆنۆلۆجییەوە **نە** <u>دروستەی</u> برگەییان هەیە، **نە** <u>دروستەی (پێ)</u> و **نە** <u>هێزیشییان</u> هەیە، چونکە یەکەی دروستە پێکهێنەری برگە و پێ یەکانن و پەیوەندیشیان بە دانانی هێزەوە نییە. لێرەدا مەبەست لەو کەرتە مۆرفۆلۆجییانە نییە کە وەک 'ناوگر' دەچنە ناو پرۆسەکانی وشەڕۆنانەوە لە مۆرفۆلۆجیدا. لە سەرچاوەی پێشوودا(**ل:٤٢١-٤٢٤**) ) ئاماژە بە زۆربەی ناوبەندەکان دراوە لە کوردیدا.

### ٢/١-١-٢)کەتیگۆریی ئیدۆفۆنەکان:

(ئیدیۆفۆنەکان**ideophone** ئەو دانانەن کە جۆرێکی تایبەت و جیاکراوەی دەنگ یان جووڵەی دەنگ دەنوێنن،(**TRASK, R.L ,1996:176**) وەک وشەی ئۆنۆماتۆپیایی، کە ئەو دەنگانەن لاسایی دەنگە سروسشتییەکان دەکەنەوە وەک (گرمەگرم. تەقەتەق.. )، یان ئەو کەتیگۆرییە فەرهەنگییانەن کە 'وشەی نیشانەیی دەنگی ' **sound-symbolic words** لەخۆدەگرن(**Crystal,2008: 235-236**)). لە ڕووی فۆنۆلۆجییەوە خاوەنی دروستەی برگەیی و دروستەی (پێ) و هێزی سەرەکین و دەبنە وشەی فۆنۆلۆجی.

### ٢/١-١-٣)کەتیگۆریی وشە فۆنۆلۆجییە ئەرکییەکان :

زاراوەی وشە ئەرکییەکان لە ئاستی سینتاکسدا لە بەرامبەر( وشەگراماتییەکان **grammatical word** و فۆرمە وشەکان **form word**) بەکاردەهێنرێت، یان ئەو وشەیەیە کە ئەرکێکی ڕێزمانی هەیە، بەڵام ناوەرۆکێکی واتایی بچووکی فەرهەنگی هەیە( واتە لە ڕووی واتای فەرهەنگییەوە لاوازە)، وەک وشە ئەرکییە سەربەخۆکانی [لەگەڵ **and**، یا، یان**or** ، (وەک، وەها، ئاوا **such**)،...]. لە زمانی ئینگلیزیدا، زۆربەی جار وشە ئەرکییەکان لە ڕووی فۆنۆلۆجییەوە کورتکراونەتەوە و فۆرمە لاوازە فۆنۆلۆجییانەکەیان بەشێوەیەکی بەرفراوانتر بەکاردەهێنرێت لەچاو فۆرمە بەهێزە فۆنۆلۆجیانەکەیاندا (**TRASK, ,1996:153** ).

کریستاڵ دەڵێت هەندێکجار زاراوەکە لەو پۆلینکردنانەدا بەکاردەهێنرێت کە بۆ 'وشە' دەکرێن، کە تیایاندا (ئەو وشانەی کە بە وشەی ف.ئەرکی دادەنرێن) بە شێوەیەکی بەرفراوان ڕۆڵێکی ڕێزمانییانە دەبینن، بۆ نموونە وەک (ئارتیکڵەکان/ئامرازەکان، کلیتیکەکان، ئامرازە پەیوەندییەکان ). بەڵام دواتر ئاماژە بە خاڵێکی تر دەدات و دەڵێت لە هەندێک لە بەکارهێنانەکاندا ئەم زاراوەیە لە چوارچێوەی ئەم بیرە دەردەچێت (واتە لە چوارچێوەی ئەوە دەردەچێت کە بەتەنها ئارتیکڵکان/ئامرازەکان، کلیتیکەکان، ئامرازە پەیوەندییەکان )بگرێتەوە، بەڵکو هەموو ئەو پۆلانە دەگرێتەوە کە **نابنە** وشەی فەرهەنگی سەربەخۆ و نابنە هەڵگری ناوەرۆکێکی واتایی/سیمانتیکی(**Crystal,2008:202**).

پاشان سێلکیرک(**Selkirk,1996: 187**) لە توێژینەوەیەکدا لە ڕووی دروستەی پێوانەیی **metrical structure** فۆنۆلۆجییەوە، کە تیایدا 'دروستەی پرۆسۆدیکیی وشە ئەرکیەکان'ی خستووەتەڕوو بۆ زمانی ئینگلیزی، لە ناساندنی کەتیگۆری وشە ئەرکییەکان**functional word** و کەتیگۆری وشە فەرهەنگییە سەربەخۆکاندا **lexical word**، بە نزیکەیی وشە ئەرکییەکان بە هاوتای پۆلی داخراو و وشە فەرهەنگییەسەربەخۆکان بە هاوتای پۆلی کراوە دادەنێت، پاشان دەڵێت ئەو وشانەی کە دەکەونە پۆلی وشە ئەرکییەکانەوە تایبەتمەندیی گرنگی فۆنۆلۆجییانەیان هەیە و نیشانی دەدەن، جیاوازن لەو وشانەی کە دەکەونە پۆلی وشە فەرهەنگییە سەربەخۆکانەوە، بۆ نموونە وەک ئەوەی کە لە زمانی ئینگلیزیدا وشە ئەرکییە دوو برگەییەکان ڕەنگە لە ڕستەدا بە فۆرمێکی فۆنۆلۆجیی لاواز دەربکەون کە ناهێزداربن **stressless**، جارێکی تر لە ڕستەیەکی تردا دەربکەونەوە بەڵام فۆرمێکی فۆنۆلۆجیی بەهێزیان هەبێت و هێزدار بن **stressed**، بە پشتبەستن بە شوێنی هاتنیان لە ڕستەکەدا؛ لە کاتێکدا وشە فەرهەنگییە سەربەخۆکان هەمیشە هێزدارن، ئەم بیروبۆچوونەشی بە پاڵپشت بە ( **Bererndson 1986; Inkelas 1989; Kaisse 1985; Kanerva (1989,1990; Nespor&Vogel1986; Selkirk1972, 1984, 1986; Zec1993;)** دەربڕیوە؛ دەڵێت تاکە ڕاستی هەستپێکراو لێرەدا ئەوەیە کە قسەپێکەرانی زمانێک تەنها لە کاتی فێربوونی زماندا ئەو هەڵە دەقۆزنەوە و فێری ئەوە دەبن کە کام وشەیە و کام دانە فەرهەنگییە دەبێتە وشەی ف.ئەرکی و کامەش دەبێتە وشەی فەرهەنگی سەربەخۆ. کەواتە لەم توێژینەوەیەدا زاراوەی وشەی ف.ئەرکی بەرامبەر بە زاراوەی [کەتیگۆری وشە **ئەرکییەکان**functional word] **__بەکارنەهاتووە__** کە لە سینتاکسدا ئاماژەپێدراوە خاوەنی تایبەتمەندێتی سینتاکسیین کە لە:( **Abney1987; Chomsky,1986; Fukui&Speas1986; Grimshaw1991; Jackendoff1997;Pollock1989** )دا ئاماژەپێدراوە.

لە توێژینەوە کوردییە سینتاکسی و مۆرفۆلۆجییەکانیشدا بەهەمان شێوە زاراوەی 'وشەی ف.ئەرکی' بەواتای هەڵگری تایبەتمەندییە سینتاکسییەکانی 'وشە ئەرکییەکان' بەکارهێنراوە.

لەم تێزەدا لەسەر بنەمای دوایین بۆچوونی کریستاڵ و بنەمای بۆچوونی سێلکیرک**Selkirk 1996** ، زاراوەی وشە ئەرکییەکان بەرامبەر بە زاراوەی **__وشە فۆنۆلۆجییە ئەرکییەکان بەکار هاتووە__** نەک بەرامبەر __بە زاراوەی وشە ئەرکییە سینتاکسییەکان__؛ کەواتە لەم تێزەدا: لەو ڕووانگەیەوە کە ئاماژەپێدرا، 'وشە فۆنۆلۆجییە ئەرکییەکان' کە کورتکراوەی 'وشەی ف.ئەرکی' بۆ بەکاردێت یان 'وشە ئەرکییە فۆنۆلۆجییەکان' : ئەو دانە فەرهەنگییانە دەگرێتەوە کە لەئاستی فەرهەنگ و دوافەرهەنگدا، لە ڕووی

فۆنۆلۆجییەوە ئەرکە زمانییەکانیان جێبەجێدەکەن(بەکاردەهێنرێن)، دەبن بە دوو بەشەوە: وشەئەرکییە سەربەخۆکان و وشە ئەرکییە ناسەربەخۆکان.

**پۆلی وشە ئەرکییە سەربەخۆکان** : پۆلی وشە ئەرکییەسینتاکسییە سەربەخۆکانی دەگرێتەوە (کە بە پۆلی ئامرازە پەیوەندییەکان و لێکدەرکانیش ناودەبرێن) یان بە مۆرفیمە سینتاکسییەکان ناویان هێنراوە لە(**بەرزنجی، فەرەیدون عەبدول- علی، بەکر عومەر٢٠٠٤**) دا، جۆری ئامرازی لێکدان و ئامرازی بەستنەوەیان دیاریکردووە، هەندێک لە سەرچاوەکانی تر بە (پۆلە ڕگەزی ناسەرەکی یان بە وشەی فەرهەنگی ناسەرەکی ناویان هێناون وەک لە (**غەریب، دڵشاد محەمەد، ٢٠١٩: ١١٥-١١٩**)).

**وشەئەرکییە ناسەربەخۆکان** : وشە ئەرکییە داڕێژەرەکان و وشە ئەرکییە شکانەوەییەکان دەگرێتەوە.

**وشەئەرکییە داڕێژەرەکان**: مۆرفیمە بەندە وشە داڕێژەکان دەگرێتەوە، لە ژینگە ڕۆنانیەکاندا، کە دەچنە پێکهاتەی وشە فەرهەنگییە سەربەخۆکانەوە، دەبن بە بەشێک لە پێکهاتەی وشەکە، دروستەی فۆنۆلۆجییان لە ڕووی هێزداری و ناهێزدارییانەوە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر لە یەک جیاوازە، دەکرێت تەنها لەیەک زمانیشدا جیاواز بێت، وەک لە ئینگلیزیدا بەشێکییان هێزدارن لەناو پێکهاتەی وشە نوێیەکانیاندا پارێزگاری لە هێزەکەیان دەکەن و بەشێکیشییان ناهێزدارن و دەبن بە هێزڕاکێشەر یان هەر بە ناهێزداری دەمێننەوە (**بڕوانە** (٢/١-٤-١)).

**وشە ئەرکییە شکانەوەییەکان**: مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکان دەگرێتەوە کە بە وشە ئەرکییە شکانەوەییەکان ناسراون، ئەوانیش وەک: پۆلی ئەسپێکتەشکانەوەییەکان و مۆرفیمی کات/تاف کەدەچنە پێکهاتە مۆرفۆسینتاکسییەکانی وەک پارادایمە (ناوی، هاوەڵناوی، کردارییەکان)ەوە، پۆلی کلیتیکە بەندەکان(پۆلی کلیتیکە کەسییە لکاوەکان)، پۆلی ئارتیکڵەکان، پۆلی پێشناوەکان دەگرێتەوە.

وەک پێشتیریش ئاماژەپێیدرا سێلکریک**Selkirk,1996** لەبارەی وشە ئەرکییە شکانەوەییەکان و وشە ئەرکییە سەربەخۆکانەوە دەڵێت (ئەو وشانەی کە سەر بە پۆلی کەتیگۆرییە ئەرکییەکانن **functional categories**) تایبەتمەندیی فۆنۆلۆجیی تێبینیکراوو گەورەترو جیاوازتر لە وشەکانی سەر بە کەتیگۆریی وشەی فەرهەنگی سەربەخۆ نیشاندەدەن (**Selkirk,1996 : 187**))**.** کەواتە ئەم وشە ئەرکییە شکانەوەییانە و ئەم وشە ئەرکییە سەربەخۆیانە خاوەنی دروستەی بڕگەیی و دروستەی (پێ)ی بەهێزن و هەمیشە هێزدارن (وەک ئامرازە پەیوەندییەکان و وشە ئەرکییە لێکدەرە ڕێزمانییەکان کە بە کەتیگۆری ناسەرەکی ناو براون، لەگەڵ کلیتیکە سەربەخۆکان)، بەڵام هەندێکیان وەک (کلیتیکە ناسەربەخۆکان و مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکان(ئەسپێکتەکانی شکانەوە ومۆرفیمی تاف)) بە هەمان شێوە خاوەنی دروستەی بڕگەیی و دروستەی '(پێ)ی بەهێز'و 'هێزی' سەرەکین، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە بەندن و دەچنە ناو پێکهاتەی وشە مۆرفۆسینتاکسییەکانەوە، دووچاری هەڵوەشانەوەی دروستەی بڕگەیی و دروستەی (پێ) دەبنەوە و هەندێکجار دروستەکانیان و هێزەکەشیان وندەکەن، هەندێکجاریش دەیانپارێزن، هەر لەبەرئەوەشە <u>لە ڕووی دروستەی پڕۆسۆدیکییەوە بە وشەیەکی ئەرکییانەی وەک وشەی فۆنۆلۆجیی دادەنرێن</u>، بچنە داڕشتەی هەر پێکهاتەیەکی وشەی فۆنۆلۆجییەوە دەیکەن بە فریزی فۆنۆلۆجی (چونکە فریزی فۆنۆلۆجی پێکدێت لە **[وشەی فۆنۆلۆجیpw/وشەی ف.ئەرکی.fnc+ وشەی فۆنۆلۆجیpw/وشەی ف.ئەرکی.fnc]،...**

(Selkirk,1996: 187-188))**.(بڕوانە (٨/٢))**، بەڵام وشە ئەرکییە فۆنۆلۆجییە داڕێژەرییەکان، خاوەنی تایبەتمەندیی دروستەی (پێ) و (هێز) **نین** و کاتێک دەچنە ژینگە داڕشتنییەکانەوە تایبەتمەندییە فۆنۆلۆجیەکانیان دەبێت بە بەشێک لە تایبەتمەندیی دەرکردە نوێیەکان/دانە بەرهەمهاتووە فەرهەنگییەکان کە دەبنە وشە فۆنۆلۆجییە نوێیە بەرهەمهاتووەکان.

لە زۆربەی لێکۆڵینەوەکاندا کە بۆ زمانی ئینگلیزی ئەنجامدراوە زاراوەی وشە ئەرکیەکان بەزۆری بۆ وشەئەرکییە شکانەوەییەکان بەکارهاتووە، کە دەچنە پێکهاتەی وشە مۆرفۆسینتاکسییەکانەوە وەک لە (KOBY Shwayder,2013: 13-19)، ( Selkirk, 1996)چەندین سەرچاوەی تردا، پەسنکراوە، بەڵام لە سەرجەمی نۆ لێکۆڵینەوەدا لە (Hall, and Kleinhenz ,1999) بەنزیکەیی ئاماژە بە هەموو جۆرەکانی وشە ئەرکییە فۆنۆلۆجییەکان دراوە لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوە لە وشەی فۆنۆلۆجی لە ژمارەیەک لە زمانەکاندا.

لەم تێزەدا ئاماژە بە هەردوو جۆری وشەئەرکییەکان دراوە لە ڕووی دروستەی فۆنۆلۆجییەوە بۆ زمانی کوردی بە تایبەت لە( (٢/١-٤-١)؛ ((٢/١-٥-١))دا.

## ١-٢-١-٤) کەتیگۆریی وشەی فەرهەنگی:

سەرجەم ئەو دانە فەرهەنگییە سەربەخۆیانە دەگرێتەوە کە سەر بە کەتیگۆرییەکی دیاریکراون لە فەرهەنگدا و دەبنە وشەی فەرهەنگی (Lexical-Word (L- Word ، لە ڕووی فۆنۆلۆجییەوە دەبنە وشەی فۆنۆلۆجی و دروستەی تایبەتی پێوانەیی فۆنۆلۆجییان هەیە(واتە لە کەرتەدەنگییە بزوێن و نەبزوێنەکان پێکهاتوون و هەندێک لە بزوێنەکانیان یەکەی مۆرایی پێکدەهێنن، پاشان 'بڕگە' کان پێکدەهێنن، کە یەکەی پێکهێنەری (پێ)یەکانن، وشەفۆنۆلۆجییەکەش لە یەک (پێ)یان زیاتر پێکدێت)) وەک کەتیگۆری ناو، هاوەڵناو،....،کە دانەکانیان وشەی فەرهەنگین. دەکرێت بەمشێوەیە بناسێنرێن:

**وشەی فەرهەنگی سەربەخۆ Lexical –Word PWd**:سەرجەم ئەو دانە فەرهەنگییانە دەگرێتەوە کە دانەی فەرهەنگی بنچینەیین لە ڕووی مۆرفۆلۆجییەوە (لەڕووی داڕشتنەوە سادەن) یان بەرهەم و دەرکردەی پرۆسە مۆرفۆلۆجییەکانی (داڕشتن و لێکدان)ن و پرۆسەکانی تری وشەڕۆنانن(دەبنە ناسادە)، لە ڕووی فۆنۆلۆجییەوە خاوەنی تایبەتمەندییە 'پێوانەیی' **metrical** یە فۆنۆلۆجییەکانن، لەناو کەتیگۆرییە تایبەتییە فەرهەنگییەکاندان، وەک کەتیگۆری ناو، هاوەڵناو،... .لە ئاستی فەرهەنگدا، لەئاستی دوافەرهەنگیشدا دەچنە ناو پێکهاتەی کەتیگۆرییە پرۆسۆدیکییەکانی ترەوە. لە شیکردنەوە پرۆسۆدیکییەکاندا بە وشەی فۆنۆلۆجی(**PWord**)یان (**ω-Word**) ئاماژەپێدراوە ( **Kobey Shwayder , 2013: 13)**.

دەکرێت کەتیگۆرییەکی تایبەت بۆ (ڕەگی کردار) لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا دیاریبکرێت و ڕەگی کردارەکان بە وشەی فەرهەنگی دابنرێن، هەرچەندە ڕەگی کردار توانای نواندنی پرۆسۆدیکییانەیان نییە بەتەنها و هەرگیز وەک کەتیگۆرییەکانی (ناو) و (هاوەڵناو) بەتەنها نابنە 'وشەی فۆنۆلۆجی'؛ بەڵام لە ڕووی فۆنۆلۆجییەوە دەکرێت نواندنی پێوانەییان بۆدیاریبکرێت واتە نواندنی پێکهاتەییان بۆ دیاریبکرێت و ئاماژە بدرێت بە 'دروستە بڕگەییەکەیان'، بەپێی تایبەتمەندیی زمانی کوردی شوێنی 'هێز' تیایاندا

دیاریدەکرێت و لە یەک (پێ)ی فەرهەنگی یان زیاتر پێکدێن. لە ڕووی مۆرفۆلۆجیشەوە ڕەگی کردارەکان هەمیشە دەبنە سەری حوکمکەر(**X**) لە پرۆسەمۆرفۆلۆجییە 'بەستنەوەییەکانی وشەڕۆنان' و پرۆسە مۆرفۆلۆجییە 'شکانەوەییەکان'ی پێکهێنانی وشە مۆرفۆسینتاکسەکاندا و هەرگیز نابنە تەواوکەر (**Y**)، دەکرێت ئەوانە وەک بەڵگە دابنرێن بۆ داکۆکی کردن لەوەی کە دەکرێت (ڕەگی کردار)ەکان بە 'وشەی فەرهەنگی سەربەخۆ' دابنرێن وەک تایبەتمەندییەکی زمانی کوردی. دەکرێت لە پەسنکردنی وشەی فەرهەنگیدا: وشەی فەرهەنگی لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا بە دوو جۆر دابنرێت، **یەکەم**: ئەوانەی توانای نواندنی پرۆسۆدیکییانەیان هەیە و ڕاستەوخۆ دەبنە وشەی فۆنۆلۆجی، وەک کەتیگۆری ناو، هاوەڵناو،...، وشە تابۆکانیش بەشێکن لە وشە فەرهەنگییە سەربەخۆکان کە خاوەنی دروستەیەکی فۆنۆلۆجی تایبەت بە خۆیانن، بەڵام لەبەر سنوورداری تێزەکە باس لە 'وشە تابۆکان' یش نەکراوە.
**دووەم**: ئەوانەش کە ڕاستەوخۆ نابنە وشەی فۆنۆلۆجی، بەڵکو لە نێو وشە مۆرفۆسینتاکسییەکاندا لە پارادایمەکاندا دەردەکەون وەک ڕەگی کردار. لەم تێزەدا پشت بەم بۆچوونە بەستراوە، هەوڵدراوە لە بەشەکانی دووەم و سێیەمدا ڕاستاندن و سەلماندنی لە ڕووی فۆنۆلۆجییەوە بۆ بکرێت. (**بڕوانە ٣/١-٣**):).

### ٢/١-١-٥) کەتیگۆریی مۆرفۆسینتاکسی:

ئەو دانە فەرهەنگییانە دەگرێتەوە کە یاسا مۆرفۆلۆجییە سینتاکسییەکان لە ناو پێکهاتەکانیاندا هەن، یان (زاراوەکە ڕاستەوخۆ ئاماژە دەکات بۆ هەریەکە لەیاسا مۆرفۆلۆجی و سینتاکسییەکان لە بەستنەوەی پێکهاتەی دانە مۆرفۆسینتاکسییەکەدا. (**P. H. MATTHEWS, 1991:37- 40**)). وشەی مۆرفۆسینتاکسی بە 'وشەی ڕێزمانی' یش دەناسرێن.
ئەو یاسا مۆرفۆلۆجییانەی کە لە ناو کەتیگۆرییە مۆرفۆسینتاکسییەکاندا جێبەجێکراون، بەشێکن لە فەرهەنگ، واتە دەبن (بە بەشێک لە پێکهاتەی وشەڕۆنان **word formation component** ی فەرهەنگ ( **John T. Jensen , 1990:8** ) ). **<u>واتە کەتیگۆرییە مۆرفۆسینتاکسییەکانیش دانەی فەرهەنگیین</u>**، هەرلەم ڕووەوە کیپارسکی **Kiparsky, 1982** دەڵێت: (نزمترین ئاستی دروستەی فرێز **phrase structure** دەتوانرێت بە جۆرێک لە جۆرەکان بگەڕێنرێنەوە بۆ فەرهەنگ)؛ دەربارەی ملکەچ بوونیان بۆ یاسا فەرهەنگییەکان دەڵێت: (پێکهاتنی فرێزیشییان **phrasal combination** لەم ئاستەی فەرهەنگدا ملکەچی یاساکانی سنووردارکردنی هەڵاوێرکردن **selectional restriction** دەبن و بەرپرسیاردەبن لەوەی کە ئەو دروستە فرێزییانە ببن بە ئیدیۆم یاخود فۆرمولە/گەڵاڵەکراو **formula (Kiparsky, 1982 b : 32)** ).
مەبەست لەوەیە کە کەتیگۆرییە مۆرفۆسینتاکسییەکان دەکەونە فەرهەنگەوە، هەریەکە لە: (ئیدیۆمەکان، و ئەو وشە مۆرفۆسینتاکسییانەی کە بەلێکسیمبوون و (بە لێکسیمبووی: ناو $\bar{N}$، هاوەڵناو $\bar{A}$، دیاخەر $\bar{D}$، وشەی تەکخراو، بەلێکسیمبووەکانی، $\bar{V}$, $\bar{T}$ , $\bar{P}$) کە ئەو (سەر)انە سەنتەرن تیایاندا، کە بە ئیندۆسێنتریکەکان **endocentric** ناسراون؛ هەروەها 'پارادایم'یش وەک کەتیگۆری مۆرفۆسینتاکسی دەکەوێتە ناو فەرهەنگەوە. دانەکانی ئەم کەتیگۆرییەش پێیاندەگوترێت 'وشە مۆرفۆسینتاکسییەکان'، ئەمە لەڕووی **<u>دروستەی پرۆسۆدیکیی</u>** هەریەکە لە کەتیگۆرییە فەرهەنگییەکانی مۆرفۆسینتاکسەوە ڕاستە، **<u>نەک</u>** <u>لەڕووی پرۆژەی سازدراوی سینتاکسییانەی مۆرفۆسینتاکسییەکانەوە، چونکە بەپێی ئەوە دەکەونە</u>

ئاستی سینتاکسەوە، لەبەرئەوەی (هەر توخمێکی فەرهەنگی بە گشت زانیارییەکانیەوە لە فەرهەنگدا گەنج دەکرێت)( **مەعروف، عەبدولجەبار مستەفا– سەعید، سازان زاهیر،٢٠١٨: ٩٣**)، زانیارییە پرۆسۆدیکییەکانیش بەشێکی سەرەکین لە زانیارییە فەرهەنگییەکانی کەتیگۆرییە مۆرفۆسینتاکسییەکان.

دەربارەی پرۆژەی مۆرفۆسینتاکسی لە زمانی کوردیدا لە تویژینەوەیەکدا ئاماژە دراوە (بە پرۆژەی مۆرفۆسینتاکسیی لە نێوان فەرهەنگ و سینتاکسدا) لە (**مەعروف، عەبدولجەبار مستەفا– سەعید، سازان زاهیر،٢٠١٩**)، کەتیایدا ئاماژەدراوە بە پێکهاتەی مۆرفۆسینتاکسی، ئەو پێکهاتەیە پەیوەست بە پۆلە ڕەگەزەوە، ئاماژەدان بە پارامێتەرە مۆرفۆسینتاکسییەکان...)، کە لە ئەنجامدا لێکۆڵەرەکانی ئەم تویژینەوەیە پرۆژەی مۆرفۆسینتاکسی بە پرۆژەیەکی ناوەندیی سینتاکسی دادەنێن نەک پرۆژەیەکی فەرهەنگی(**مەعروف، عەبدولجەبار مستەفا– سەعید، سازان زاهیر،٢٠١٩:١٩٥** )، ئەوەش نابێتە خاڵێکی ناکۆک لەگەڵ ئەو بۆچوونەی کە لەم تێزەدا پشتی پێبەستراوە، چونکە لە بۆچوونی ئەم تێزەدا دانە مۆرفۆسینتاکسییەکان لەڕووی دروستەی پێوانەیی و پرۆسۆدیکییەوە بە دانەیەکی فەرهەنگی دادەنێت، بەڵام لەڕووی دروستەی سینتاکسییەوە هاوڕای ئەوانە و بە پرۆژەیەکی بەرهەمهێنراوی سینتاکسی هەژمارییان دەکات. ئەوەش ئاشکرایە کە دروستە پرۆسۆدیکییەکان هەرگیز ئایزۆمۆرفیمی/هاوتای دروستە سینتاکسییەکان نین(**Booij,1992:64**).

لە ڕووی فۆنۆلۆجییەوە وشە مۆرفۆسینتاکسییەکان بە دروستەی فرێزی فۆنۆلۆجی دادەنرێن، کە یەکێکە لە دروستە پرۆسۆدیکییەکان، چونکە لە وشە فۆنۆلۆجییە ئەرکییەکان و وشەفۆنۆلۆجییەکان پێکدێن، هەریەکێک لەوانەش خاوەنی دروستەی برگەیی و دروستەی (پێ)ی بەهێز و هێزی سەرەکین بەڵام لە ئەنجامی پێکهاتنە سینتاکسییەکەدا پێکدا دەچن و گۆڕان بەسەر دروستەی برگەیی و دروستەی (پێ)یاندا دێت لەناو پێکهاتە مۆرفۆسینتاکسییەکەدا. فرێزی فۆنۆلۆجی دەبێتە پێکهێنەری فرێزی ئاوازەیی بەبێ هیچ زیادکردن یان گۆڕانکارییەک لە دروستە سینتاکسییەکەیاندا و پاشانیش فرێزە ئاوازەییەکان **intonational phrasae** پێکدێت کە 'دەربڕاو' پێکدەهێنن، بۆ سەلماندنی ئەم بابەتە (**بڕوانە** ( ٣/٥)).

## وشە مۆرفۆسینتاکسییەکان(**Morphosyntactic-Word (M-Word)**:

ئەو کەتیگۆرییەمۆرفۆسینتاکسییە فەرهەنگیانەن کە خاوەنی تایبەتمەندییە پرۆسۆدیکییە فەرهەنگییەکانن و لە هەمان کاتیشدا دەکرێت تایبەتمەندیی پرۆسۆدیکیی دوافەرهەنگیش وەربگرن لە ئاستی سینتاکسدا. هێزدانان **assignment stress** و 'پێ پێ کردن **footing** لە پارادایم و وشە ئیندۆسێنتریکییە فەرهەنگییەکاندا یان لە یەکە مۆرفۆسینتاکسییەکاندا **morphosyntactic unit** کە بە وشە مۆرفۆسینتاکسییەکان(**M-Word**) ناسراون، وەک وشە لێکسیکییەکان (**L- Word**) نیین، ئاماژە بەوەدەدرێت کە هەندێکیان دەکرێت ببن بە وشەی فۆنۆلۆجی **Phonological-Word** وەک دانەیەکی فەرهەنگی، لە ئاستی فەرهەنگدا و لەهەمانکاتیشدا بە دروستەکانی هەرەمی پرۆسۆدیکیدا **Prosodic hierarchy** تێپەڕن و ببنە فرێزی ئاوازەیی**Intonational phrase** کە موودەکانی ڕستە(ڕاگەیاندن، پرسیاری، سەرسووڕمان)، دەردەبڕن و دواتر ببنە دەربڕاو**Utterance** (بڕوانە **Selkirk,1996:187-215**) لە ئاستی دوافەرهەنگییاندا، بەبێ ئەوەی هیچ شتێک لە دروستە سینتاکسییەکانیان بگۆڕدرێت؛ بەڵام ئەو

تایبەتمەندێتییە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی ترجیاوازە.(بڕوانە **Kobey Shwayder , 2013: 13-14**)؛ وەک لە زمانە کلیتیکدارەکانی وەک زمانی ئەڵمانی و ئیسپانی و ئیتاڵی...دا بەرچاو دەکەوێت، هەروەها لە زمانی کوردیشدا، بەتایبەت وشە مۆرفۆسینتاکسییە کردارییە کلیتیکییەکان ، کە لەبەشی سێیەمدا لێکۆڵینەوە لەبارەی هەندێکیانەوە کراوە. تایبەتمەندییەکی تری ئەم جۆرە وشە سینتاکسییەکردارییە کلیتیکدارانە، کە پارادایمەکانی کردارن، ئەوەیە کە لە ئاستی دوافەرهەنگدا دەبنە فریزی ئاوازەیی، لە هەندێک لە لێکۆڵینەوەکانیشدا بە فریزی کلیتیکی دادەنرێن، یان بە کلیتیکی پرۆسۆدیکی **Prosodic Clitics,** ، ( **Selkirk,1996:187-215** و **سەرچاوەی پێشوو13-14** :). شوێنی ئەم جۆرە فریزەش لە هەرەمی پرۆسۆدیکیدا بەپێی لێکۆڵینەوەکان و بەپێی تایبەتمەندێتی زمانەکان دەگۆڕێت.

بە شێوەیەکی گشتی وشە مۆرفۆسینتاکسییەکان بە (**M-Word**) ئاماژەیان پێدراوە لە لایەن ( **Embick& Noyer,2001**) لە پەسنکردنی کەتیگۆرییە پرۆسۆدیکییەکاندا لە (**Kobey Shwayder , 2013: 13**) پێکدێن لە:

### ٢/١-١-٥-١) وشە ئیندۆسێنتریکەکان و وشە ئێکسۆسێنتریکەکان

زاراوەکە لە لایەن ولیامز(**Williams 1981**)ەوە بەکارهاتووە، پاشان کیپارسکی ئاماژە بە وشە ئیندۆسێنتریکەکان دەدات لە فەرهەنگدا، دەڵێت: (وای دادەنێم کە هەموو پرۆسەکانی وشەڕۆنان ئیندۆسێنتریکین، بەو واتایەی کە کەتیگۆری وشە داڕێژراوەکان جیاوازنین لەو کەتیگۆرییانەی کە [سەر] ی ڕێزمانییان هەیە (**Kiparsky, 1982b: 6**)). دواتر زاراوەکە تایبەتکرا بە بەشێک لە وشە مۆرفۆسینتاکسییەکان. **کریستاڵ** دەڵێت، ئیندۆسێنتریکەکان ئاماژەیە بۆ کۆمەڵێک لە وشە کە سینتاکسییانە بەیەکەوە پەیوەستن، یەکێک لە وشەکان لە ڕووی ئەرکەوە یەکسانە بە هەموو گروپەکە، وەک لە نموونەی [سێ مشکی کوێر] کە سینتاکسییانە بەیەکەوە بەستراونەتەوە، بەڵام وشەی [مشک] تیایاندا یەکسانە بە هەموویان، بەو واتایەی کە بووەتە (سەر) بۆ فریزەکە(**Crystal, 2008:169**). ئەمە لە کاتێکدا ئەگەر بە دانەیەکی فەرهەنگی دابنرێت. دواتر زاراوەکە کەمێک لە بەکارهێنانەکەی کریستاڵ فراوانتر کرا، ئاماژە دەکات بۆ ئەو وشە مۆرفۆسینتاکسییانەی کە (بە لێکسیمبووی: ناو**N¯**، هاوەڵناو**A¯**، دیاخەر**D¯**، وشەی تەکخراو **Coordinate**، بەلێکسیمبووەکانی **P¯ , T¯ ,V¯,**) ئەو (سەر)انە سەنتەرن تیایاندا. بە شێوەیەکی گشتی یاساکانی فریزپێکهێنان بەکارهێنانێکی باڵایان هەیە لە دەرکردەی وشە ئیندۆسێنتریکەکاندا.

لە لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکانی زمانی کوردیدا، چەند لێکۆڵینەوەیەک لەوبارەوە ئەنجامدراون، لە (**مەعروف، عەبدولجەبار مستەفا- قادر، کاروان عمر،٢٠١١**)، لە توێژینەوەیەکدا ئاماژەیان داوە بە زۆرێک لە ڕێساکانی پرۆژە سازدانی سینتاکسییانەی وشە ئیندۆسێنتریکەکان لەزمانی کوردیی شێوەزاری سلێمانیدا، وەک یەکێک لە پرۆسەکانی وشەڕۆنان لە فەرهەنگەکەیدا، لەپرۆسەی بە لێکسیمبووندا، بەڵام ئاماژەیان بە زاراوکە نەکردووە. دواتر لە (**سەعید، محمد مجید،٢٠١٥**)دا، دەربارەی سەرجەم پرۆسەکانی وشەڕۆنان و ڕۆنانی لێکسیم لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا، بەتایبەت پەسنکردنی پێکهاتەی وشە ئیندۆسێنتریکەکان، کە بە (لێکسیمبووی دروستە سینتاکسسیەکان) ناوبراوە، ڕاڤەکراوە بەبێ بەکارهێنانی زاراوەکە (**سەعید، محمد مجید،٢٠١٥: ٧٤-٩٧**). لە (**محەمەد، بژوێن یەحیا ، ٢٠١٦: ٥٧-٦٥**) باس لە نواندنی فەرهەنگی و دوافەرهەنگی

لێکسیمەکانی زمانی کوردی کراوە لەڕووی واتا و کەتیگۆرییەکانیانەوە. لە(**یونس، سەمیرە تۆفیق ٢٠١٣**)دا ئاماژە بە هەمان بابەت دراوە بە بەکارهێنانی زاراوەکەی.

**وشە ئێکسۆسێنتریکەکان exocentric:** ئەوپێکهاتووە ئالۆزانەن کە سینتاکسییانە پێکەوە **نەبەستراونەتەوە**، هیچ کام لە پێکهێنەرەکانی هەمان ڕۆڵ و ئەرکی ڕێزمانییانەی خۆیان نابینن لەناو پێکهاتەکەدا، بەڵکو هەموویان پێکەوە دانەیەکی فەرهەنگیی مۆرفۆسینتاکسی بەرهەمدێنن، واتە هیچ (سەر)ێکی ڕێزمانی/ڕێزمانی لەناو پێکهاتەکەدا نییە. بە پێچەوانەی وشە ئێندۆسێنتریکەکانەوە ( **Crystal, 2008:178**). زۆربەی زۆری هاوەڵکرداره ئالۆزەکان لە زمانی کوردیدا لەم جۆرەن، وەک [ تا ڕۆژی قیامەت، هەتا هەتایە، لەبەیانییەوە تا ئێوارە، بەم ڕۆژگارە، بەم شەوەدرەنگە، ......]، هەندێک لە هاوەڵناوە ئالۆزەکانیش بە شێوەی ئێکسۆسێنتریکی دروست بوون وەک: [گوڵبەدەم، گوێلەمشت، چاولەدەرەوە، دەمبەهاوار ،...] هەرچەندە وادەردەکەوێت کە بەهۆی پێش ناوەکانەوە لێکدراون بەڵام لە ڕاستیدا هیچ پەیوەندییەکی ڕێزمانی تریان لە نێواندا نییە، هێچ کام لە پێکهاتەکانیان ڕۆڵی ڕێزمانی خۆیان نابینن تیایاندا(**John T. Jensen ,1990: 99**)). کیپارسکی ١٩٨٢ ئەم جۆرە دانانە بە دانایەکی فەرهەنگی دادەنێت و بە دەرکردەی لیڤڵی/ئاستی دووی فەرهەنگی زمانی ئینگلیزی هەژماریان دەکات، ( **Kiparsky, 1982a: 139**). بەڵام لە کوردیدا بەپێی دەرئەنجامە بەدەستهاتووەکانی بەشی دووەم و سێیەم، بەپێی ژمارەی برگە پێکهێنەرەکانیان وکەتیگۆرییەکەیان دەکەونە ئاستەکانی(یەک، دوو، سێ)ی فەرهەنگەوە.(**بڕوانە** ٣/٤-١-٣)،(٣/٤-٥-٢)؛ ٣/٤-٥-٤-١).

## ٢/١-١-٥-٢) پارادایم:

سەرجەم ئەو فۆرمە گەردانکراوانە دەگرێتەوە، کە لە لیکسیمێکی تایبەتمەندەوە یان لە پۆلێک لێکسیمەوە وەرگیراون. هەر لێکسیمێکی ئاشکرا، لە فۆرمەکەیدا گرنگی ڕێکخستن و ڕیزکردنێکی دیاریکراو و تایبەتمەندێتی گەردانکردن/شکانەوە دەردەخەن لە زمانێکی دیاریکراودا. هەر لێکسیمێکی دیاریکراو لە فۆرمێکی گەردانکراوەوە دیاریکراوە( **Rochelle Lieber, 2009: 103-104**). واتە هەر کەتیگۆرییەکی مۆرفۆسینتاکسی لە فەرهەنگدا، کە بەهۆی پرۆسەیەکی مۆرفۆلۆجی شکانەوەوە بەرهەمهاتووە، بۆ پێکهێنانی لێکسیمێکی فەرهەنگی بووە. یان بە واتایەکی تر،( پارادایمەکان سێتێکن لەفۆرمە گەردانکراوەکان/فۆرمە شکێنراوەکانی تاکە یەک لێکسیم (**John T. Jensen,1990:116-117**). کەواتە پارادایمەکانیش دەبنە وشە مۆرفۆسینتاکسییەکان **(M-Word)**. بەڵام پارادایمەکانی کردار لە زمانە کلیتیکدارەکاندا لەڕووی دروستەی پرۆسۆدیکییانەوە جیاوازن لە پارادایمەکانی کردار لەو زمانانەدا کە کلیتیک (جێناوی کەسی لکاو)یان نیەو ناچێتە سەر کردارەکانیان وەک لە زمانی ئینگلیزیدا، چونکە پارادایمەکانی کردار لە زمانە کلیتیکدارەکاندا فرێزی ئاوازەیی پرۆسۆدیکی بەرهەمدێنن لە ئاستی دوافەرهەنگدا، ئاوازە وەردەگرن، (چونکە ئاوازە **intonation** دیاردەیەکە پەیوەستە بە ڕستەوە.( **Fumio INOUE,2006: 197**)).

پارادایمی (ناو، هاوەڵناو و کردار) لە ڕووی ژمارە و دۆخەوە لە زمانی ئینگلیزیدا و لە زمانی لاتینیدا و لە زمانەکانی تریشدا بە کەتیگۆری 'مۆرفۆسینتاکسیی فەرهەنگی' دادەنرێن، چونکە (ئەو وشە

مۆرفۆسینتاکسییانە، بەهۆی زانیارییەکانیانەوە کە لە فەرهەنگدا هەیانە، ڕۆنراون لە ناوفەرهەنگەکەیاندا، بەڵام بەهۆی پێکهاتە سینتاکسییەکانیانەوە بەسادەیی لەلایەن سینتاکسەوە چارەسەرکراون**manipulated** (**John T. Jensen ,1990: 8** ))، هەروەها ژمارەی پارادایمەکانی ناو و هاوەڵناو و کردار لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازە، بۆنموونە لە زمانی لاتینیدا **Latin** ، ناو (شەش)پارادایمی هەیە، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیشدا ناو تەنها (دوو) پارادایمی هەیە کە( تاک و کۆ)، هاوەڵناویش (سێ) پارادایمی هەیە، کە (پۆزەتیڤ، پلەی بەراورد، پلەی باڵان)، کرداریش زۆرترین پارادایمی هەیە کە (هەشت)دانەن .( **John T. Jensen , 1990:116**).

لە فەرهەنگی زمانی کوردیشدا پارادایمەکانی ناو، هاوەڵناو لە ژمارەدا جیاوان، ژمارەکەشیان پەپێی زار و شێوەزار و ناوچەکان گۆڕانی بەسەردا دێت، هاوەڵناویش (دوو)پارادایمی هەیە، بەڵام نێگەتیڤ بۆ هاوەڵناوەکان وەک پارادایم دانانرێت لە زمانی کوردیدا. کرداریش زۆرترین پارادایمی هەیە لە زمانی کوردیدا، بەپێی زار وشێوەزارەکانیش دەگۆڕێت، چونکە زمانێکی کلیتیکدارە. لە شێوەزاری سلێمانیدا ژمارەیەکی زۆر پارادایمی کردارهەن کە بەپێی کرداری (تێپەڕ و تێنەپەڕ) و دەمی (ڕابردوو ڕانەبردوو)، شێوازی ڕاگەیاندن ودانانی و داخوازی و بکەردیار و بکەرنادیار و(ئەری و نەرێ)کانیان دەگۆڕێت، جگە لە شێوازی مەرجی کە پارادایمی نییە و بەهۆی دروستەی سینتاکس و سیمانتیکی دوافەرهەنگییەوە پێکدەهێنرێت.

ئاماژەدان بەم بابەتەش لەبەرئەوەیە لەم تێزەدا هەوڵدراوە زیاتر نواندنی دروستەی پرۆسۆدیکیی پارادایمەکان بخرێتەڕوو، نەک دروستەی سینتاکسییان، بەتایبەت لە( بەشی سێیەم)دا.

ئەوەی جێگای سەرنجە و پێویستە ئاماژەی پێبدرێت: وشە مۆرفۆسینتاکسییەکان و وشە فەرهەنگییەکان/لێکسیکییەکان لەڕووی نواندنی دروستەی پرۆسۆدیکیانەوە (واتە لەڕووی هێزدانان، پێ پێ کردن، هەبوونی ئاوازە، و دروستەی فرێزی فۆنۆلۆجی و فرێزی ئاوازەیی)دا تەواو لەیەکجیاوازن. پارادایمەکانی کردار لە زمانە کلیتیکدارەکاندا جیاوازن لە پارادایمەکانی کردار لەوزمانانەدا کە کلیتیکی کەسیی لکاویان نییە و ناچێتە سەر کردارەکانیان وەک زمانی ئینگلیزی، لەڕووی دروستەی پرۆسۆدیکییانەوە، چونکە لەو دەرئەنجامانەوە کە لە کۆتایی ڕاڤەکردنەکانەوە لەم تێزەدا بەدەستهاتوون، ئەوە دەردەکەوێت کە پارادایمەکانی کردار لە زمانە کلیتیکدارەکاندا فرێزی ئاوازەیی پرۆسۆدیکی بەرهەمدێنن لە ئاستی دوافەرهەنگدا، هەرئەوەشە وای کردووە زۆرێک لە توێژەران لە زمانی کوردیدا لە پەسنکردنی پرۆسە پرۆسۆدیکییەکانی وەک هێزدانان و ئەوانی تردا، بەڕوونی جیاوازییان نەکردووە لە نێوان وشەیەکی لێکسیکی وەک [چوون] و دەربڕاوێکی وەک [چوون]، (**بڕوانە** (۲/۱۱-۲))

### ۲/۱-۱-۵-۳) ئیدیۆم:


زاراوەیەکە کە لەڕێزمان و لێکسیکۆلۆجیدا/فەرهەنگسازیدا بەکاردێت بۆ ئاماژەدان بە زنجیرە وشەیەک کە سیمانتیکییانە و هەندێکجاریش سینتاکسییانە پێکەوە بەستراونەتەوە، لەبەرئەوە وەک یەک یەکەی فەرهەنگی ئەرک دەبینن. لەڕوانگەی سیمانتیکییەوە واتای گشتی دەربڕاوەکە لە واتای یەکە یەکەی وشەپێکهێنەرەکانییەوە بەدەست نایەت. لە ڕوانگەی سینتاکسیشەوە، لە زۆربەی بارەکاندا لە ئیدئۆمەکاندا

وشەکان بە جۆرێک پێکەوە دێن کە  ڕێگە بەو پێکەوەهاتنەیان نادرێت لە دەقە ئاساییەکاندا. هەندێک لە زمانەوانەکانی تر ئاماژە بە ئیدئۆمەکان دەدەن وەک دەربڕاوێکی ئامادەکراو(**ready-made utterance**) (**Crystal,2008: 236**). لەولێکدانەوەوە ئەوە دەردەکەوێت کە ئیدیۆمەکان سەرەڕای ئەوەی کە لەڕووی دروستەوە بەیاسا سینتاکسییەکان پێکهێنراون، بەڵام وەک دانەیەکی فەرهەنگی دادەنرێن، لەبەرئەوەی وەک یەک دانەی فەرهەنگی دادەنرێن، کەواتە لەڕووی فۆنۆلۆجیشەوە دەکرێت خاوەنی دروستەی پێوانەیی بن، لەهەمانکاتیشدا خاوەنی گەورەترین پرۆژەی سازدراوی پرۆسۆدیکی بن کە (دەربڕاو**Utterance**)ە، واتە خاوەنی کەتیگۆرییە پرۆسۆدیکییەکانن. لەبەرئەوە بە دانەیەکی مۆرفۆسینتاکسی فەرهەنگی دادەنرێن. بەڵام لەبەرسنووورداری تێزەکە ئاماژە بە دروستەی پرۆسۆدیکی ئیدیۆم نەدراوە.

لە سەرجەم لێکدانەوەکانەوە ئەو دەرئەنجامە بەدەستدێت: کە دانە مۆرفۆسینتاکسییەکان کە (پارادایمەکان و وشە ئیندۆسێنتریکەکان و وشە ئێکسۆسێنتریکەکان و ئیدیۆمەکان) دەگرێتەوە بە دانەی فەرهەنگی دادەنرێن، پارادایمەکان دەبنە پارادایمی کەتیگۆرییەکانی وەک ناو، هاوەڵناو، کردار کە ئەوانیش لێکسیمن. کرداری لێکدراویش جۆرێکی ترن لە پارادایمە کردارییەکان؛ بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر لەسەرکرداری لێکدراو لە زمانی کوردیدا(بڕوانە **عەول، محەمەد عومەر٢٠٠١**).

وشە ئیندۆسێنتریکەکانش بەهەمان شێوە دەبنە دانەی بەلێکسیم بووی فەرهەنگی. ژمارەیەکی زۆر لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی ئەکادیمی لەبواری مۆرفۆلۆجیی وشە و (مۆرفۆفۆنەمیکی) بۆ ئەم جۆرەی پرۆسە مۆرفۆلۆجییەکان ودەرکردەکانیان لە زمانی کوردیدا ئەنجامدراوە؛ لە (**مەحویی، محەمەد ٢٠١٠**) باس لە پرۆسەکانی (وشە دروستکردن**word formation**، فۆرمە وشە دروستکردن **word building**)کراوە، کە مەبەست لە وشە دروستکردن، پرۆسەمۆرفۆلۆژییەکانی وشەڕۆنانە لەفەرهەنگدا، کە وشەی لێکسیکی/فەرهەنگی بەرهەمدێنێت و مەبەست لە فۆرمە وشە دروستکردنیش، پرۆسە مۆرفۆلۆجییەکانی شکانەوە یە کە وشەی سینتاکسی بەرهەمدێنێت، بەبێ ئاماژەکردن بە وەی کە دەکەونە کام ئاست لە ئاستەکانی فەرهەنگدا. لە زۆربەی لێکۆڵینەوەکانی سەرەتا هەتا ساڵانی دەیەی یەکەمی دووهەزاریش تا ڕادەیەک ئاماژە بەجیاکردنەوەی ئاستی بنەڕەتی فەرهەنگ و دوافەرنگ نەکراوە، بەڵام لەو بەرواره بەدواوە جیاکردنەوەی ئەو دوو ئاستە سەرەکییە گرنگی پێدراوە.

دەکرێت کەتیگۆرییە فەرهەنگییەکان لە ڕووی دروستەی مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجییەوە بۆ دیاریکردنی دانە فەرهەنگییەکان، بەم هێڵکارییە بنوێنرێت:




**هێڵکاریی (٢) کەتیگۆرییەکانی دانە فەرهەنگییەکان نیشاندەدات له ڕووی دروستەی فۆنۆلۆجییەو،**

**که ئەم هێڵکارییە دروستکراوە بە سوود بینین له (Crystal, 2008:279؛ R.LTRASK ,1996:176؛ Selkirk,1996 : 187؛ KOBY Shwayder,2013: 13-19؛ P. H. MATTHEWS, 1991:37- 40؛ John T. Jensen , 1990:8؛ Kiparsky, 1982 b؛ Rochelle Lieber, 2009: 103-104؛ (pandy 1997: 97-102) ) هەروەها (عەزیز، عومەرئەحمەد ، ٢٠١٦: ٣٢–٤٨؛ برزو، ئومێد بەرزان–محمد، شادان حەمە ئەمین,٢٠١٧: ٤٢١؛...).**

## (٣/١)تێروانینی مۆرفۆ–فۆنۆلۆجییانە/مۆرفۆفۆنەمیکی:

ئەم تێروانینە لەلایەن: **(Kiparsky,1982 a,b; 1983,1985)); (K.PMohanan,1982,1986); (Booij&Rubach,1984); (Halle&Mohanan,1985); (Rubach,1985); (Kasse & Shaw,1985); (Pulleyblank,1986); (Katamba,1989,1996 ))**. پەرەرپێدراوە.

سەرەتای ئەم تێروانینەی تیۆریەکە له کیپارسکییەوە **Kiparsky,1982a,b** سەرچاوەدەگرێت، که له بنەڕەتدا ڕێبازێک بووە بۆ خستنەڕووی دروستەی وشە (**Kiparsky,1982a: 131**). دروستەی وشە له هەردوو دیوی ئەبستراکت و کۆنکرێتدا دەبینێتەوە، ڕووە ئەبستراکتەکەی وشە دەکرێت ڕووی واتایی وشەکە بێت و بەپێی تیۆریە تایبەتمەندەکانی سیمانتیکی فەرهەنگی (**Lexical Semantic**) لێکۆڵینەوەی لەبارەوە دەکرێت. ڕووی کۆنکرێتی وشەش که دیوی دەنگیی وشەکان دەگرێتەوە سەگمێنتە دەنگییە پێکهێنەرەکانی وشەو تایبەتمەندییە پرۆسۆدیکییەکانیشی دەگرێتەوە، وەک دانانی شوێنی هێز و هارمۆنی دەنگی بزوێن و تۆن(ئەگەر زمانەکە تۆنی بێت) و..... بەپێی تایبەتمەندیی زمانەکان، وشە چ سادە بێت یا وشەیەکی ڕۆنراو(دارێژراو و لێکدراو)بێت، لەڕووی مۆرفۆلۆجییەوە شیدەکرێتەوە بۆ مۆرفیمە پێکهێنەرەکانیان، که دروستە مۆرفۆلۆجییەکەی دەنوێنێت، ئەوانیش بۆ سەگمێنتە دەنگییە پێکهێنەرەکانیان شیدەکرێنەوە، که ئەوەش دروستەی فۆنۆلۆجیی وشەکانە و چۆنییەتی ڕاستاندنی فۆنەتیکی وشەکە دەنوێنن، سەرەڕای ئاماژەدان بەو گۆڕانکارییە فۆنۆلۆجیی و پرۆسۆدیکییانەی که له ئەنجامی پرۆسە


مۆرفۆلۆجییەکانی دارِشتندا ڕوویانداوە، وەک دانانی هێز و گۆرانی شوێنی هێزو.....، بەپێی یاسا فۆنۆلۆجییەکان لە فەرهەنگدا. پاشانیش ئاماژەدان بەو گۆڕانکارییانەی کە لە فۆڕمی دەنگی وشەکاندا ڕوودەدەن پاش ئەوەی کە دەچنە ناو پێکهاتەکانی ترەوە بۆ دروستکردنی فرێز و ڕستەکان، بەهۆی یاسا فۆنۆلۆجییە دوافەرهەنگییەکانەوە. ئەمەش زاراوەی (مۆرفۆفۆنەمیک) ڕووندەکاتەوە، دەکرێت لە کورتترین پێناسەیدا بوترێت(( خۆی بە دیاریکردن و کارلەیەککردنی پێکهاتەکانی ئاستی فۆنۆلۆجی لە نێو یەکە مۆرفۆلۆجییەکان خەریک دەکات)) (**صالح، دلّشاد غالی– علی، پێشرەوصالح،٢٠١٩ : ٢٠٠**).

گەیشتن بە لێکدانەوەو پێناسەکردنی مۆرفۆفۆنەمیک لە لای کیپارسکی (**Kiparsky,1982a: 131**) بە لێکۆڵینەوە لە یەک بابەتی سەربەخۆ ئەنجام نەدراوە، بەڵکو تێڕوانین لە دروستەی وشە لە تیۆری فۆنۆلۆجیی فەرهەنگیدا بەنزیکەیی لە نێوان چەندین بابەتی جیاوازو سەربەخۆدا کراوە، وەک :

- لێکۆڵینەوەکان لە تیۆری مۆرفۆلۆجی و فەرهەنگ**theory of morphology and lexicon** وەک لەلای(**Aronoff 1976**) باسکرابوو.
- یەکخستنی ئەو دوو تیۆریە لەگەڵ تیۆری مۆرفۆلۆجیی ئاستڕێکخراودا **Level–ordered morphology** کەلەلایەن ( **Allen 1978**) , **(Siegel 1984,1976)** ەوە پەرەی پێدرابوو.
- بەستنەوەی نواندنە فەرهەنگییەکان و یاسافۆنۆلۆجییەکان **Constraining lexical representation and phonological rules** کە لە لایەن (**Kiparsky 1968, 1973**)یەوە لێکۆڵینەوەی لەبارەوە ئەنجامدراوە.
- چەمکی فۆنۆلۆجیی سووڕی لە (**Mascaro 1976**)پەرەی پێداوە.
- تیۆری فۆنۆلۆجیی پێوانەیی هێز **Metrical theory of stress** کە لەلایەن **(Liberman& Prince 1977)** و(**Hayes1981**)ەوە پەرەی پێدرابوو.

کیپارسکی دەڵێت کاتێک ئەم تیۆرییانە یەکدەخرێن و بەرەوپێش دەبرێن بە ئاراستەیەکی دیاریکراو هەموویان پێکەوە زنجیرەیەک لە تایبەتمەندییەکانی یاسا فۆنۆلۆجییەکان و پەیوەندی ئەو یاسا فۆنۆلۆجیانە بە مۆرفۆلۆجی و فەرهەنگەوە ڕووندەکەنەوە(**Kiparsky,1982a: 131**). کە ئەوەش ڕوونترین پێناسەیە بۆ (مۆرفۆفۆنەمیک).

سەرجەم ئەو لێکۆڵینەوانەش کە دەکەونە ناو ئەم بوارەوە بەڕێبازی مۆرفۆفۆنەمیکی دادەنرێن لە تیۆری فۆنۆلۆجیی فەرهەنگیدا، لەبەرئەوە (**Clark& Yallop,1995:413**) دەڵێن (یاسا فەرهەنگییەکان تا ڕادەیەکی زۆر مۆرفۆفۆنەمیکین لە ڕووە باو و تەقلیدییەکەیانەوە ئەو یاسایانە دەگرێتەوە کە لە **SPE** دا ناسێنرابوون. یاسا دوافەرهەنگییەکانیش لە 'پرۆسە ئەلۆفۆنییە باوو تەقلیدییەکانی مۆرفۆفۆنەمیکی' دەچێت.




**هێڵکاریی(٣) تیۆریە پێکهێنەرەکانی تیۆری فۆنۆلۆجیی فەرهەنگی نیشاندەدات، کە بۆدروست کردنی هێڵکارییەکە سوود لە لە(Kiparsky1982a:131) وەرگیراوە.**

لە زمانی کوردیدا ژمارەیەکی زۆر لێکۆڵینەوە و توێژینەوە دەربارەی ئاستی فۆنۆلۆجی بەگشتی هەیە، وەک: (**مارف، ئەورەحمانی حاجی ١٩٧٧؛ وەیس، غازی فاتح١٩٨٤؛ علی، طالب حسین ١٩٨٩**)هەندێکی تریان لە ئاستی مۆرفۆفۆنەمیکیدان وەک (**مەحوی ،محەمەد ٢٠١٠؛ ڕسول، عەبدوڵا حوسێن ٢٠١٣ ؛ محێدین، بازیان یونس ٢٠١٣؛ بابکر، صالح عبدالله ٢٠١٦؛ غەریب، دڵشاد محەمەد ٢٠١٩؛ خضر، هاوکار عمر ٢٠١٩؛ علی، پێشڕەو ساڵەح ٢٠١٩؛ ساڵەح، دڵشاد غالی – علی، پێشڕەو ساڵەح ٢٠١٩؛....**) لە بواری مۆرفۆسینتاکسییشدا وەک( **قادر، ئەبوبەکر عومەر ٢٠٠٣، بەرزنجی، فەرەیدوون عەبدول- علی، بکر عمر٢٠٠٤**)،..... چەندین سەرچاوەی تر).

لەم تێزەدا هەوڵدەدرێت لەبەشی یەکەمدا، ئاماژە بدرێت بە بنەماکانی تیۆری فۆنۆلۆجیی فەرهەنگی لەڕووی مۆرفۆفۆنەمیکییەوە و چۆنییەتی جێبەجێکردنی یاسا فۆنۆلۆجییەکانی ئەو بوارە شیبکرێتەوە. لەبەشی دووەمیشدا ئاماژە بە یاسافۆنۆلۆجییەکان بدرێت، بەتایبەت لە ڕووی کەتیگۆری پرۆسۆدیکیی و تایبەتمەندییە پرۆسۆدیکییەکانیانەوە. لە بەشی سێیەمدا بەرەئەنجامی هەردوو تێڕوانینەکە و دیاریکردنی ئاستە فەرهەنگییەکان لە زمانی کوردیدا خراوەتەڕوو.

## ٤/١) فەرهەنگ لە تێڕوانینی تیۆری فۆنۆلۆجیی فەرهەنگییەوە:

ئەم تیۆریە، هەروەک لە ناوەکەیەوە دەردەکەوێت، گرنگییەکی زۆر دەدات بە فەرهەنگ.

فەرهەنگ لە (ئاست)ەکان **level** پێکدێت، کە (بوار)ن **domain** یان (ژینگەی داڕشتن)ن **derived domain** بۆ پرۆسە فۆنۆلۆجییە بنچینەییەکان و بۆ پرۆسە مۆرفۆلۆجییە بنچینەییەکان، کە پرۆسەکانی داڕشتن

**derivation**، لێکدان، گەردانکردن/شکانەوە**inflection** دەگرێتەوە. کیپارسکی بە مۆرفۆلۆجیی ئاستڕێکخراو**level-ordered** ناویبردووە، وایدادەنێت کە دەکرێت لە زنجیرەیەک ئاستدا ڕێکبخرێن، هەرئاستێکیش پەیوەستە بە ڕیزێک/سێتێک لە یاسا فۆنۆلۆجییەکانەوە، کە بۆ هەریەکێک لەو یاسا فۆنۆلۆجییانە بوارێکی بەکارهێنان دیاریکراوە، یان ڕوونتر بوترێت هەریەکێک لەو یاسا فۆنۆلۆجییانە بواری بەکارهێنانەکەی پێناسە دەکات (**Kiparsky,1982a: 131**). کەواتە ئەو گریمانە چارەنووسسازەی کە فۆنۆلۆجیی فەرهەنگی دەیکات ئەوەیە کە هەندێک لە گشتاندنە فۆنۆلۆجییەکان **phonological generalization** لە زمانێکدا، لە فەرهەنگەکەیدا دەردەخرێن(**Gussen hoven ,Jacobs, 2011: 137**). یان دەکرێت بگوترێت فەرهەنگ لە ئاستە ڕێکخراوەکان پێکدێت، کە بوارن بۆ پرۆسە فۆنۆلۆجی و پرۆسە مۆرفۆلۆجییەکان. ئەم چینە ڕێکخراوانە وەک بواری بەکارهێنانی یاسا فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجییەکان کاردەکەن(**Nidham Sheet,2019: 217** ).

بۆ نموونە: بەپێی تیۆریەکە، لەڕووی مۆرفۆلۆجییەوە، فەرهەنگ پێویستە لیستی ئەو فۆڕمانە لەخۆبگرێت کە هەڵاوێرکردنی **exception** یاسایەکی تایبەتن، وەک لەزمانی ئینگلیزیدا کە پێویستە ئەوە نیشانبدات وشەیەکی وەکو (**sheep**)هیچ نیشانەیەکی ئاشکرای کۆ وەرناگرێت(**Nidham Sheet,2019: 218**). چونکە کیپارسکی دەڵێت: (ئەو توخمە فەرهەنگییانەی کە خۆرسکییانە هەڵگری هەندێک فیچەری مۆرفۆلۆجییانەن، ئەو مۆرفێمانە وەرناگرن کە ئەو جۆرە فیچەرە نیشانە دەکەن (**Kiparsky,1982b: 8** )). ئەمە دەکرێت وەک بەڵگەیەک بەکاربهێنرێت بۆ ئەو بۆچوونەی کە لەم تێزەدا پشتی پێبەستراوە، کە واگریمانە دەکات کە وشە فەرهەنگییەداڕێژراوەکان و وشە مۆرفۆسینتاکسییەکانی وەک (پارادایم) دەکەونە فەرهەنگەوە. هەروەک چۆن لە زمانی کوردیشدا ئەو وشانەی کە لە ناوەرۆکە واتاکەیاندا خاوەنی فیچەری فۆنۆلۆجیی دیاریکراوی/ناسراوی خۆرسکانە(خۆرسکییانە)ن، مۆرفیمەکانی ناسراوی(-ەکە)و ئەلۆمۆرفەکانی وەرناگرن، کە ناسراوی نیشانە دەکەن لەسەر وشەکان لە ئاستی مۆرفۆسینتاکسدا، وەک وشەکانی (خۆر، مانگ)و وشەکانی ئەندامانی جەستە... بەمەرجێک بە میتافۆرییانە یان ئیدیۆمییانە بەکارنەهێنرابێتن (**توفیق،لیمۆ محمود،٢٠١٢: ٦٩-٧٢**). لەڕووی فۆنۆلۆجیشەوە، بۆ نموونە، فەرهەنگ کاریگەرییەکانی پاشگرێکی دیاریکراو لەڕووی دانانی تەرزی هێز، یان تۆن (ئەگەر زمانەکە تۆنی بێت)،... لەخۆدەگرێت لەسەر فۆڕمە بنچینەییەکان**base**، وەک لە وشەیەکی وەکو **elèctric** دا کاتێک پاشگرێکی وەک(**ity-**) وەردەگرێت یەکسەر هێزی سەر وشەکە ڕادەکێشرێت بۆ سەربڕگەی پێش پاشگرەکە لەکاتێکدا لە فۆڕمە بنچینەییەکەیدا**base** هێزەکە لەسەر بڕگەی سەرەتا بووە.

لە زمانی کوردیشدا، فەرهەنگ ڕێگە بە گۆڕانکارییە دەنگییە مۆرفۆفۆنەمیکییەکان دەدات لەوشە ڕەسەن**native word** و خوازراوەکاندا**borrowed** بۆ نموونە گۆڕانکاری دەکات لە (ذكاة، ثلاجة)دا و دەیانکات بە (زەکات، سەلاجە)؛ هەروەها لەڕووی تایبەتمەندیی پێوانەیی و پرۆسۆدیکیشەوە ڕێگە بە وەرگرتنی وشە نارەسەنەکان/خوازراوەکان نادات وەک خۆیان بێنە نێو زمانەکەوە، بۆ نموونە وەک شوێنی هێز لە وشەیەکی خوازراوی وەک **mòbile** کە هێز لەسەر بزوێنی بڕگەی سەرەتای وشەکەدایە، لە کاتی بەکارهێنانی لە کوردیدا شوێنی هێزەکە دەگۆڕێت بۆ سەربزوێنی بڕگەی کۆتایی بەپێی تایبەتمەندیی زمانی کوردی و دەبێتە [مۆبایل←مۆبایل] بەهۆی هێزەکەوە /ی/ درێژ دەبێتەوە، هەروەها

ئەو گۆڕانکارییانەش گۆڕانکاریی تری دەنگیی و مۆرفۆفۆنەمیکیی و پرۆسۆدیکیی تری لێدەکەوێتەوە لە ئاستی فۆنۆلۆجیی وشەکەدا. کەواتە تیۆری فۆنۆلۆجیی فەرهەنگی ڕۆڵێکی سەنتەری دەدات بە فەرهەنگ، چونکە زانیاری تایبەتمەندکراوی فۆنۆلۆجییانە و مۆرفۆلۆجیانە و ڕێزمانییانە و سیمانتیکییانەی دەربارەی مۆرفیمەکان و دانە فەرهەنگییەکان لەخۆگرتووە(**KATAMBA, F,1996: 254-255**). ئەم جۆرە جیاوازییانەی زانیارییەکان دەخرێنە ناو فەرهەنگەوە چونکە پەیوەستن بە بەکارهێنانی یاسا سیمانتیکی و سینتاکسی و مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجییەکانەوە. ئەوەی پێویستە زانیاری فۆنۆلۆجییە بۆ ئەوەی بزانرێت وشەکان چۆن گۆدەکرێن(**Nidham Sheet,2019: 217**).

دەربارەی زانیارییە فەرهەنگیی و نواندنە فۆنۆلۆجییەکان لە زمانی کوردیدا، لە (**مەعروف،عەبدولجەبار مستەفا- سەعید، سازان زاهیر٢٠١٨**)دا ئاماژە دراوە بە (زانیارییە زمانییەکان ونواندنی فۆنۆلۆجی ونواندنی فۆنۆلۆجیانەی بڕگە) لە زمانی کوردیدا، بەبێ ئاماژەدان بە لایەنی تایبەتمەندیی پرۆسۆدیکی و کەتیگۆرییە پرۆسۆدیکییەکان، کە هەردووکیان بەشێکی سەرەکین لە زانیارییە فۆنۆلۆجییە فەرهەنگییەکان و لە نواندنی فۆنۆلۆجیدا بەرجەستە دەبن، ڕەنگە هۆکاری سەرەکی ئەوەش پەیڕەوکردنی( تیۆری فۆنۆلۆجیی بەرهەمهێنان) بێت لە توێژینەوەکەدا، چونکە لەو تیۆریەدا بەوشێوەیەیە.

پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئایا تایبەتمەندیی پرۆسۆدیکیی و کەتیگۆرییە پرۆسۆدیکییەکان بەشێکن لە زانیارییە فەرهەنگییەکانی زمانی کوردی؟ چۆن دەکەونە فەرهەنگەوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە، وەک بەشێک لە ناوەڕۆکی تێزەکە هەوڵی سەلماندنی دراوە لە بەشەکانی دواتردا. (**بڕوانە ٢-٧**)).

لە تیۆریەکەدا کە دەوترێت (فەرهەنگ**lexicon**) تەواو مەبەست لە (فەرهەنگی ئاوەزییە**mental lexicon**)، هەرقسەپێکەرێکی ڕەسەنی زمانێک فەرهەنگێکی ئاوەزیی هەیە، جۆرێکە لە فەرهەنگی ناوەکیدا ژمارەیەکی زۆر وشەی تێدایە کە دەتوانرێت بەرهەمبهێنرێت یان بە لایەنی کەمەوە کاتێک دەیانبیستێت لێیان تێبگات. هەروەها کۆمەڵێک یاسای وشەڕۆنانیش هەیە لە فەرهەنگدا، کە ڕێگە دەدات وشەی نوێ بخوڵقێنرێت(ڕۆبنرێت) و تێگەیشتن لە واتاکانیشییان بەدەستبهێنرێت، کاتێک قسەپێکەرە ڕەسەنەکانی زمانەکە ڕووبەڕوویان دەبنەوە.

ئەو وشانەی کە لە فەرهەنگی ئاوەزیدا کۆدکراون، کۆی گشتی کۆزانیاری وشەکەن، کە قسەپێکەرە ڕەسەنەکان لە 'سەر'یاندا هەڵیانگرتووە. بەڵام فەرهەنگ/وشەنامەکان**dictionaries** وشەکانی زمان کۆد ناکەن یان چاکیانناکەنەوە، بەڵکو ڕەنگدانەوەی ئەو وشانەن کە قسەپێکەرە ڕەسەنەکانی ئەوزمانە بەکاریان دەهێنن. (جگە لەم جیاوازییانە چەندین خاڵی تری گرنگ بۆ جیاوازیکردن لە نێوان فەرهەنگی ئاوەزی و فەرهەنگی نووسراوودا لە(**قادر، سەباح ڕەشید- ئەحمەد، بڕوا ڕەسول، ٢٠٢١: ٢٠١٦-٢١٨** )دا دیاریکراوە. کەواتە مەبەست لە فەرهەنگی ئاوەزی کۆی هەموو ئەو زانیارییانەیە کە تاکە قسەپێکەرێکی ڕەسەن لەبارەی وشەکانی زمانەکەیەوە دەیزانێت. ئەوکۆزانینە هەموو ئەو زانیارییانە دەگرێتەوە کە دەربارەی چۆنییەتی گۆکردن **pronunciation**، کەتیگۆری وشەکە کە یەکێکە لە پرەنسیپەکانی هێزدانان(هێزی ڕیتمی مۆرفۆلۆجییانە)، واتاکانی وشەکە، لەگەڵ ئەوەشدا زانیاری تایبەتمەندیی سینتاکسی لە خۆدەگرێت، بۆ نموونە زانیاری دەربارەی تێپەڕی و تێنەپەڕی کردار، هەروەها ئاستی فۆرماڵێتی کە مەبەست لێی ڕێگاکانی کارکردنی وشەکەیە بە شێوەیەکی ئاسایی لە سینتاکسدا و ئەو زانیارییانەی کە

فەرهەنگنووسەکان پێیدەڵێن 'مەودای بەکارهێنانەکان**range of applications**' واتە ئەو مەرجە تایبەتییانەی کە پێویستە وشەکان لە ژێریاندا بەکاربهێنرێن( **Rochelle Lieber,2009: 8-15**)، کە لایەنی فۆنۆلۆجیی ئەم زانیارییانەش لە فۆنۆلۆجیی دوافەرهەنگیدا ڕەنگ دەداتەوە. کەواتە فەرهەنگی ئاوەزی وەک تۆڕێکی ئاڵۆزی 'دەروازە زانیارییەکان**lexical entries**' ڕێکخراوە، کە بە ڕێگای جۆراوجۆر ئاوێتەن لەگەڵ سیستەمێک لە یاساکان، بۆ پێکەوە بەستنی فۆڕمە ڕیزبەندکراوەکان، کە وادەردەکەوێت دەروازە زانیارییەکان و یاساکان (یاساکانی وشەڕۆنان) بەلایەنی کەمەوە تا ڕادەیەک بە بەشە جیاوازەکانی مێشکەوە بەسترابێتنەوە، بە پێچەوانەی وشەنامەکانەوە کە وشەکان تیایاندا بە شێوەی 'ئەلف بێ' ڕێکخراوە، لەگەڵ گۆکردنیان و واتاکانییان، لەوانەیە نموونەی بەکارهێنانەکانیشییان لەخۆ بگرێت، کە هەموو شتێکییان دەربارەی وشەکان تێدا **__نییە__** (**Rochelle Lieber ,2009: 5-30**).

لەو لێکدانەوەیەوە دەردەکەوێت کە (پرۆسە فەرهەنگییەکان هەمیشە هەستییارن بە زانیارییە فەرهەنگییەکان (**Oostendrop,2005: 2** )) و زانیارییە فەرهەنگییەکانیش لە نێو فەرهەنگی ئاوەزیدا کۆکراونەتەوە. پرۆسە فەرهەنگییەکانیش هەریەکە لە پرۆسە فۆنۆلۆجی و پرۆسەمۆرفۆلۆجییەکان دەگرێتەوە کە ئەم تیۆریە فۆنۆلۆجییە جەختێکیی زۆری لەسەرکردووە.

کەواتە ئەوە پشتڕاست دەبێتەوە کە فەرهەنگ پاشکۆی ڕێزمانییە و زانیارییە پێشبینی نەکراوە فۆنۆلۆجی و ڕێزمانی و سینتاکسی و فەرهەنگییەکان دەربارەی مۆرفێم و لێکسیمەکان لەخۆدەگرێت(**KATAMBA, F,1996: 254-255**).

پرسیارێکی تری گرنگ لێرەدا ئەوەیە کە دانەکانی فەرهەنگ کە لە پێشتردا ئاماژەیان پێدرا، چۆن لەڕووی فۆنۆلۆجییەوە ڕێکخراون ؟، 'فەرهەنگ' چۆن لەتیۆریەکەدا دەبینرێت؟

دەکرێت بۆچوونی کیڵی وایزس (**Kelli Wiseth, 2013: 8**)وەک وەڵامێک بۆ پرسیارەکە وەربگیرێت کە دەڵێت( ئەوەی چۆمسکی و هاڵێ ١٩٦٨ ڕوونیانکردووەتەوە لە **SPE** دا کە فەرهەنگییان دەبینی وەک 'شاز/نارێکی**Irregularities**'، وەک ئەوەی سنووردارکرابێت لە نێوان ڕێکنەخراوێتیدا، بەڵام فۆنۆلۆجیی فەرهەنگی، 'فەرهەنگ' وەک 'بەرجەستە کردنی ڕێکخراو' دەبینێت، واتە تیۆریەکە فەرهەنگ وەک بەرجەستەکردنی گۆڕانکارییە یاساییەکان دەبینێت. هەندێک لەو ڕێکخراوێتیانەی فەرهەنگ ئەو بەستنەوە/کۆتوبەندانە **constraint** و مەرجانەن کە بە (ئاست، چین، توێژ) ناودەبرێن کە زاراوەکانی (**level, strata, stratum, layer**)یان بۆ بەکارهاتووە؛ ئەوە وەک وەڵامی بەشی دووەمی پرسیارەکە. ڕێکخراوێتی فەرهەنگ لەو ئاستانەدا بۆ دانە/توخمە/ئایتیمە فەرهەنگییەکانە. کەهەریەکە لە (کەتیگۆرییە فەرهەنگییەکان، مۆرفیمەکان، لێکسیم، وشە دەگرێتەوە، کە بەشێک لە وشە مۆرفۆسینتاکسییەکان و فۆڕمەوشەکانیش دەگرێتەوە، کە لە ئاستی فەرهەنگدا بە وشەی فۆنۆلۆجی (**ω-Word, PW**) ناسراون و دواتر ئەو وشە فۆنۆلۆجییانە لە ئاستی دوافەرهەنگدا لە ڕووی سینتاکسییەوە دەبن بە وشە مۆرفۆسینتاکسییەکان (**M-Word**)، کە لە ڕووی فۆنۆلۆجییەوە بە فرێزی فۆنۆلۆجی و فرێزی ئاوازەیی **Intonational Phrase**پەسندەکرێن، لەسەر بنەمای تایبەتمەندییە فۆنۆلۆجییە پرۆسۆدیکییەکانی وەک هێزدانان و شوێنی هێز.... .

لە زمانی کوردیدا چەندین توێژینەوە دەربارەی فەرهەنگ ئەنجامدراوە، بەپێی تیۆریە جیاوازە زمانییەکان، کە تیایاندا گەشەسەندنی فەرهەنگ و هۆکارەکانی، جۆرەکانی فەرهەنگ، ڕێگاکانی گەشە سەندنی فەرهەنگ و دەوڵەمەندبوونی بە وشە باسکراوە، وەک لە (حەمە ئەمین،**خۆشناو عزیز-ڕەشید، سەلام ڕەحیم**٢٠١٩)دا، هەروەها لە(قادر، **کاروان عمر – ئیبراهیم، شیلان ڕەحیم** ٢٠١٩) تیڕوانین لە فەرهەنگ لە چوارچێوەی زمانەوانی درکپێکردنەوە، خراوەتەڕوو.

## ٥/١) بانگەشەی تیۆریەکە:

ئەم تیۆریەش وەک هەر تیۆریەکی تر بانگەشەی تایبەتی خۆی هەیە، بە شێوەیەکی گشتی لە هەردوو تێڕوانینیە سەرەکییەکەیدا بانگەشەی ئەوە دەکات کە ڕێزمان بەکارهێنانی یاسا فۆنۆلۆجییەکان لە دوو مۆدولدا ڕێکدەخات، کە یاسا فۆنۆلۆجییە فەرهەنگییەکان و یاسا فۆنۆلۆجییە دوافەرهەنگییەکانن.
بانگەشەی ئەوەش دەکات کە یاسا فۆنۆلۆجییە بنچینەییەکان لە زمانێکدا، دابەشدەبن بۆ:
١-ئەو یاسایانەی کە پێویستییان بە زانیارییە فەرهەنگییەکانە بۆ جێبەجێکردنیان و بەکارهێنانیان لە فەرهەنگدا، وەک بڕگەکردن، پێ پێ کردن ... .
٢- هەندێکی تر لەیاساکان پشتدەبەستن بە کەتیگۆرییە مۆرفۆلۆجییەکان، وەک دانانی هێز بەپێی بنەماکانی هێزدانانی ڕیتمی ومۆرفۆلۆجییانە، بۆنموونە بەپێی کەتیگۆرییە فەرهەنگییەکان، وەک جیاوازی هێزدانان لە (ناو) و (کردار) لە زمانی ئینگلیزیدا، لە (ناو) و (هاوەڵناو) لە زمانی کوردیدا.
٣-ئەو یاسا فۆنۆلۆجییانەی تر کە پشت نابەستن بە کەتیگۆرییە مۆرفۆلۆجییەکان کە لەوانەیە فەرهەنگییانە یان دوافەرهەنگییانە بەکاربهێنرێن، وەک دانانی 'هێز' و دیاریکردنی پلەکانی هێز لە گەتیگۆرییە مۆرفۆسینتاکسییەکاندا (وەک لە پارادایمەکانی (ناو) و (هاوەڵناو) و(کردار)دا، .....).
کەواتە (بانگەشەی سەرەکی تیۆریەکە ئەوەیە کە یاسا مۆرفۆلۆجییەکان و یاسا فۆنۆلۆجییەکانی ئاستی فەرهەنگ پێکدا دەچن)(**Booij & Rubach ,1984: 1** ). مۆرفۆلۆجی و یاساکانی فۆنۆلۆجیی وشە یەکلەدوای یەک جێبەجێدەکرێن، چونکە کیپارسکی بانگەشەیەکی بە هێز دەکات و دەڵێت: (یاسا فۆنۆلۆجییەکان یەکسەر لە دوای هەر پرۆسەیەکی مۆرفۆلۆجییەوە جێبەجێدەکرێن. واتە بەکارهێنانی یاساکانی وشەداڕشتن **WFR** هاندەری بەکارهێنانی یاسا فۆنۆلۆجییەکانن کە لەم تیۆریەدا کە بە فۆنۆلۆجیی فەرهەنگی ناسراوە(**Rubach ,1985:157**). دەرەنجامی ئەو بانگەشانە تیۆریەکە لە چەند بنەمایەکی پێوەرییانە/مۆدولارییانەی گرنگ پێکدێت لە ئاستی فەرهەنگدا.

## ٦/١) بنەمای جیاوازیکردن لەنێوان ئاستی فەرهەنگ و دوافەرهەنگ / بنەما گشتییە پێوەرییەکانی تیۆریەکە :

تێزی گشتی تیۆری فۆنۆلۆجیی فەرهەنگی و دوافەرهەنگی لە هەردوو ڕێبازە سەرەکییەکەدا (ڕێبازی مۆرفۆفۆنۆلۆجییانە و پرۆسۆدیکییانە)یە، بۆ لێکۆڵینەوەیە لە دروستەی وشە لە هەردوو ڕووی پێکهاتەی دروستەی 'مۆرفۆفۆنۆلۆجییانە' و دروستەی'مۆرفۆپرۆسۆدیکییانە'ی وشەکان بەتایبەتی و دانەفەرهەنگییەکان بەگشتی. پاندی (**Pandy,1997: 97-100** ) وایادەنێت کە، ئامانجی سەرەکی ئەم

تیۆریە گەڕانە بەدوای بنەما مۆدولارەکاندا **modular principles** یان گەڕانە بە دوای بنەما پێوەرییەکاندا، کە حوکمی نواندنە فۆنۆلۆجییەکان و جێبەجێکردنی یاسا فۆنۆلۆجییەکان دەکەن. تیۆریەکە وایدادەنێت ڕێزمانی هەرزمانێک بەکارهێنانی ئەو یاسا فۆنۆلۆجییانە لە دوو ئاستدا یا لە دوو مۆدولدا ڕێکدەخات، کە ئاستی فەرهەنگ و ئاستی دوافەرهەنگە و تیایدا یاسا فۆنۆلۆجییە فەرهەنگییەکان ویاسا فۆنۆلۆجییە دوافەرهەنگییەکانی تێدا جێبەجێدەکرێت. ئەم دوو ئاستەش یان ئەم دوو مۆدولەش لەسەر چەند بنەمایەک لەیەک جیاوازن. کەواتە هەریەکێک لە ئاستی فەرهەنگ و دوافەرهەنگی ڕێزمانی هەر زمانێک بە جیاواز لەیەکتر دادەنرێن لەسەر بنەمای: تایبەتمەندییەکانی یاسا فۆنۆلۆجییەکان **properites of phonological rules**، تایبەتمەندیی نواندنەکانیان**properites of representations**، نەریتەکان**Conventions**و بەستنەوەکان **Constraints**.

## ١-٦/١)تایبەتمەندییەکانی یاسا فۆنۆلۆجییەکان :

تایبەتمەندییەکانی یاسا فۆنۆلۆجییەکان لە سێ باردا دەبینرێنەوە:

١-تایبەتمەندییەکانی یاسا فۆنۆلۆجییەکان لە جێبەجێکردنی یاسا فەرهەنگییەکاندا دەبینرێنەوە، کە یاسا فەرهەنگییەکان لەناو وشەکاندا جێبەجێدەکرێن، بەڵام یاسا دوافەرهەنگییەکان لە هەردووباری ناو وشە و دەرەوەی وشەدا/بەسەر وشەدا جێبەجێدەکرێن. دەکرێت ئەو دەربڕینە بەمشێوەیە لێکبدرێتەوە:

تایبەتمەندییەکانی یاسا فۆنۆلۆجییەکان لە جێبەجێکردنی یاسا فەرهەنگییەکاندا دەبینرێنەوە، کە یاسا فەرهەنگییەکان لە ناو وشەکاندا یاخود لەناو پێکهاتەی لێکسیم و دانە فەرهەنگییەکانی وەک (وشە ئەرکییە سەربەخۆکان، وشەی فۆنۆلۆجی، وشە مۆرفۆسینتاکسییەکانی وەک: (پارادایمە ناوی، هاوەڵناوی، کردارییەکان، وشە ئیندۆسێنتریکەکان، وشە ئێکسۆسێنتریکەکان، تەنانەت ئەو ئیدیۆمانەش کەدەکەونە ناو فەرهەنگەوە)جێبەجێدەکرێن، بەڵام یاسا دوافەرهەنگییەکان لە هەردووباری ناو وشەو دەرەوەی وشەدا/بەسەر وشەدا جێبەجێدەکرێن؛ یان بە واتایەکی تر، یاسا دوافەرهەنگییەکان (لە نێوان وشەکاندا و لە ناو دروستە سینتاکسییەکانی وەک (فرێزی سینتاکسی و ڕستە) و لە سەرجەم دەربڕاوەکاندا جێبەجێدەکرێن وەک: (ئەو دەربڕاوانەی کە دەکرێت لە یەک بڕگە یان دوو بڕگە یان تەنها یەک وشەی فۆنۆلۆجیش پێکهاتبن، بۆنموونە [ئا، نا ، بەڵێ، نەخێر،] ، هەروەها لە دەربڕاوە ڕستەییەکانی تری وەک: [ منم، خۆمانین،.....]. ئەوەش بەپێی تایبەتمەندیی و جیاوازیی زمانەکان لەیەکتر دەگۆڕێت. لەزمانی کوردیدا دەبێت سەرەتا ئەوە یەکلابکرێتەوە ئایا لە ڕووی فۆنۆلۆجییەوە پێکهاتەی فرێزی سینتاکسی یان یەکە مۆرفۆسینتاکسییەکان دەکەونە فەرهەنگەوە یان نا، پاشان بەپێی ئەوە ئەم بنەمای جیاوازیکردنە لە نێوان دوو ئاستەکەدا ئاماژەی پێ دەدرێت، کە یاسا فەرهەنگگیەکان تەنها لەناو وشەدا جێبەجێدەکرێن یان لە ئاستی فەرهەنگدا بەسەر وشەشدا جێبەجێدەکرێن لە کوردیدا، هەروەها بۆ یاسا دوافەرهەنگییەکانیش بەتایبەتی لە ئاماژەدان بە دانە مۆرفۆسینتاکسییەکانی وەک پارادایمەکانی ناو هاوەڵناو و کردارلە زمانەکەدا، ئینجا دەتوانرێت ئەم بنەمایە بچەسپێنرێت.

٢- یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی یاسا فۆنۆلۆجییەکان ئەوەیە کە یاسا فۆنۆلۆجییە فەرهەنگییەکان لەگەڵ مۆرفۆلۆجیدا پێکدادەچن وکارلێکدەکەن، یەک لەدواییەک جێبەجێدەکرێن ولە ئەنجامدا سووڕێتی

**cyclicity** وەک تایبەتمەندییەکی سروشتیی یاسا فۆنۆلۆجییە فەرهەنگییەکان دەبینرێت کە هەرجارێک وەسفی یا پەسنی دروستەی فۆنۆلۆجیی وشەکە یان دانە فەرهەنگییەکە بکرێت؛ یاسافۆنۆلۆجییە فەرهەنگییەکە وەک دەرئەنجامی یاساکانی وشەڕۆنان **WFR** دەبینرێت.

یاسا فۆنۆلۆجییە دوافەرهەنگییەکانیش لەدوای یاسا مۆرفۆلۆجییەکانەوە جێبەجێدەکرێت لە پێکهاتە سینتاکسییەکاندا **syntactic component** لەم تایبەتمەندییەشدا دەبێت جیاوازی زمانەکان لەبەرچاو بگیرێت، لە هەندێک لەزمانەکاندا یاسا فۆنۆلۆجییە دوافەرهەنگییەکان لە دوای سینتاکسەوە جێبەجێدەکرێت، وەک لە زمانی ئینگلیزیدا، کە لەم تێزەدا هەوڵدەدرێت دەرئەنجامێک بۆ زمانی کوردیش بەدەستبهێنرێت.

٣- یاسا فۆنۆلۆجییە فەرهەنگییەکان دەکرێت بارەکانی هەڵاوێرکردن/هەڵاواردن یان وەلانانیان هەبێت، چونکە هەڵاوێرکردن مانای هەبوونی چەند دانەیەک کە لە یاسا فۆنۆلۆجییە فەرهەنگییەکە لادەدات، هەروەک لەیاسای (خاوبوونەوەی سێ بڕگەیی **Trisyllabic Laxing**) لە زمانی ئینگلیزیدا کە یاسایەکە گەر وشەیەکی فەرهەنگی لە سێ بڕگە پێکهاتبێت ئەوا بڕگەی پێش کۆتایی کە ( **untepenultimate syllable**)ی ئەو وشانەی بە پاشگری (**ity**-)داڕژراون، بزوێنی بڕگەی پێش کۆتاییان خاو دەبێتەوە، بەڵام لە وشەکانی (**nice, obese**)دا سەرەڕای وەرگرتنی پاشگرەکەش دەبنە هەڵاوێری یاساکە و بڕگەی پێشکۆتاییان خاونابنەوە، بەم پێیە هەر یاسایەک گەر هەڵاوێرکردنی هەبێت هەرگیز ناتوانێت ببێتە یاسایەکی دوافەرهەنگی(**Gussenhoven & Jacobs, 2011: 131**).

لە زمانی کوردیدا، لە ئاستی فۆنۆلۆجیی کەرتیدا، لە بوارێکی پێش ڕۆنانیدا، وەک جیاوازی لە دەنگی [و،وو] وەک دوو فۆنیمی جیاوازن لە وشەکانی [کوڕ، کووڕ]دا لە ئاستی فەرهەنگدا هەن، بەڵام لە زۆربەی وشەکانی تردا لە شێوەزاری سلێمانیدا وەک دوو ئەلۆفۆنی یەک فۆنیم دەردەکەون و گۆڕانی **واتا ناهێننە** ئاراوە کەواتە دەکرێت [و،وو]وەک دوو فۆنێمی جیاواز بارێکی هەڵاوێرکردن بێت بۆ فۆنیمی[و] لەو دوو وشە فەرهەنگییەدا (**بڕوانە: عەلی، بەکر عومەر٢٠٠٥B** )؛ بەڵام یاسا فۆنۆلۆجییە دوافەرهەنگییەکان بەبێ هەڵاوێرکردن و لە هەموو بارێکدا جێبەجێدەکرێن وەکو دەربڕینی ئاوازەی موودەکانی ڕستە یان سەرجەم ئەو گۆڕانە فۆنۆلۆجییانەی کە لە فۆنۆلۆجیی کەرتی و ناکەرتییەکاندا ڕوودەدەن، کە زۆربەی جار سەرپشکانەن. (**بڕوانە** ٢/٧؛ ٢/١٠)).

بەپێی تایبەتمەندیی زمانەکان هەندێک لە یاسا فۆنۆلۆجییە فەرهەنگییەکان تەنها لە بوارێکی ڕۆنانی/داڕشتنیدا جێبەجێدەکرێن لەبواری پێش ڕۆنانیدا جێبەجێ ناکرێن، بەڵام لە زمانی کوردیدا هەوڵدەدرێت ئەو تایبەتمەندییانە دیاری بکرێت کە دەکرێت لە یاسا فۆنۆلۆجییە فەرهەنگییەکاندا و لە بوارە پێش ڕۆنانییەکانیشدا جێبەجێ بکرێن.

## ٢-٦/١) تایبەتمەندیی نواندنەکان :

تایبەتمەندییەکانی نواندنە فۆنۆلۆجییەکان**Properties of Representations** لە تیۆریەکەدا چەند جۆرێکە:

١-تەنها سەگمێنتە کەتیگۆرییانەکان **segments categorical** لەمۆدولی فەرهەنگیدا دەنوێنرێن(**Pandy,1997:197**).واتە نواندنی فۆنەتیکییانە و پرۆسۆدیکییانەیان هەیە، بەواتایەکی تر تەنها ئەودانە فەرهەنگییانەی کە تایبەتمەندیی کەتیگۆرییانەیی(ناو، هاوڵناو، لەهەندێ زماندا کردار،..)یان هەیە و

دەنوێنرێن، یان دەتوانرێت بوترێت مۆرفیمە سەربەخۆکان و دانە فەرهەنگییە ئاڵۆزەکان لە مۆدولی فەرهەنگیدا توانای نواندنیان هەیە؛ ئەمەش وەک یەکێک لە بنەماکانی تیۆریەکە بۆ سەرجەم زمانەکان ناگونجێت، چونکە بەپێی تایبەتمەندیی زمانەکان شیاوی گۆڕانکارییە، زۆرێک لە کەتیگۆرییە ئەرکییەکانی وەک: پێشناوەکان، ئامرازەکان، وشە ئەرکییە سینتاکسییەکان، کە بە پۆلی ئامرازە پەیوەندییەکان و لێکدەرکانیش ناودەبرێن، لە هەندێک لە زمانەکاندا، وەک لە زمانی کوردیدا، لە فۆرمی مۆرفێمی سەربەخۆی فەرهەنگیدا دەردەکەون، لە کاتێکدا وشەی ف.ئەرکین/مۆرفیمێکی ڕێزمانین بەڵام سەربەخۆن لە ڕووی فۆڕمەوە، هەندێکیان بەتەنها نواندنی فۆنەتیکییانەیان بۆناکرێت لەئاستی فەرهەنگدا، بەڵکو تەنها لە ئاستی دوافەرهەنگدا دەنوێنرێن، تەنها نواندنی پرۆسۆدیکیانەیان بۆ دەکرێت، هەندێکیشیان هەردوو نواندنەکەیان بۆ دەکرێت، هەروەها کەتیگۆری کردار لە زمانە کلیتیکدارەکانداو لەو زمانانەدا کە یەکە مۆرفۆسینتاکسییەکان لەڕووی پێکهاتەی سینتاکسییەوە دەبنە کەتیگۆری کردار، وەک لە زمانی کوردیدا، جێگای مشتومڕە و بەندە بەوەی کە ئاخۆ ئەو دانە مۆرفۆسینتاکسییانە فەرهەنگیین یان دوافەرهەنگیین، پاشان بڕیاریان لەبارەوە دەدرێت.

مۆرفیمە بەندەکان و لاگرەکان (چ ڕێزمانی بن یا فەرهەنگی) تەنها توانای نواندنی فۆنۆلۆجییانەیان هەیە، بەڵام توانای نواندنی پرۆسۆدیکییانەیان نییە،(پاش ئەوەی دەچنە پرۆسەکانی وشەڕۆنانەوە، ئیتر نابنە دەروازەی زانیاریی فەرهەنگی **lexical entries** و هەرگیز فیچەری فەرهەنگییان**lexical features** نابێت، نە بە شێوەی خۆڕسکی نە بەهۆی بەدەستهێنانەوە (**Kiparsky,1982b: 6**).) لە ئینگلیزیدا.

مۆرفیمە بەندە وشەداڕێژەرە فەرهەنگییەکان، مۆرفیمە بەندە وشە گۆڕەکان(سینتاکسییەکان) دەکرێت کەرتەدەنگییەکانیان گۆبکرێن وبهێنرێنە ئاستی ڕووکەش، بەڵام هەرگیز ناکرێت بەتەنها نواندنی پرۆسۆدیکییانەیان هەبێت، کە ئەم نواندنەش هەر دەکەوێتە فەرهەنگەوە، هەرچەندە هەندێکییان پێکهاتەی برگەیی پرۆسۆدیکیانەو هێز و دروستەی (پێ)یان نییە و لە(**Booij,1992**) سەلمێنراوە، هەندێکی تریان هەیانە(وەک مۆرفیمە بەندە وشەگۆڕەکان کە ئەسپێکتی شکانەوەیین). گەر قسەپێکەری زمان بیەوێت ئاماژەیان پێبدات و نواندنی پرۆسۆدیکییانەیان بۆ بکات، تەنها کاتێک دەتوانێت کە بچنە بوارەکانی ڕۆنانەوە، بۆ نموونە: وەک ئاماژەدان بە [/-ین/] کە مۆرفێمێکی بەندی وشەداڕێژەرە، [/-ەکە/] کە مۆرفێمێکی بەندی وشە گۆڕی سینتاکسییە، بەتەنها نادرکێنرێن، چونکە سەگمێنتێکی کەتیگۆرییانەیی نین، بەڵام لە بواری ڕۆنانی لە [زێڕین] و[گوڵەکە]دا دەنوێنرێن. هەروەها خودی سەگمێنتە کەتیگۆرییانەکانیش بە تەنها نواندنە فۆنەتیکییانەکەیان بەس نییە بۆ نواندنی فەرهەنگییانەیان بەڵکو دەبێت لە پێشدا نواندنی پرۆسۆدیکییانەیان بۆ بکرێت تا نواندنە فەرهەنگییەکەیان تەواو و دروست بێت، چونکە نواندنی فەرهەنگی هەریەکە لە نواندنی فۆنۆلۆجی و پرۆسۆدیکییانەش دەگرێتەوە.

'بەستنەوەکان/کۆتوبەندەکان**Constraints**'یش ناتوانرێت لەسەر نواندنە بنچینەییەکانی **underlying representation** فۆڕمەکانی ئاستی قووڵ بناسێنرێن بۆ دەروازە فەرهەنگییەکان، چونکە بەستنەوەکان هەندێکجار دەبێت ئاماژەدان بێت بە تایبەتمەندییەکانی وەک هێز و دروستەی بڕگە، کە هەردوکییان بەپێی یاسا فەرهەنگییەکان دادەنرێن، کە ئەمانە کەمتر دەتوانرێت لەسەر نواندنە فۆنەتیکییەکان بناسێنرێن. لەم بارەیەوە کیپارسکی دەڵێت ((تەنها بەستنەوەکان دروستەی بڕگە لە خۆدەگرن [لە ڕاستیدا:

دروستەی پرۆسۆدیکی] لەوانەیە بەهۆی مەرجی ئەرێنی دروستەی مۆرفیمەوە بێت **positive morpheme structure conditions** (**Kiparsky,1982b: 62**). )) سەرەڕای ئەوەی کیپارسکی بە ڕاستەوخۆ ئاماژەی داوە بە زاراوەی (دروستەی پرۆسۆدیکی)، وتەکەی تەواو ئەوە دەگەیەنێت کە نواندنی فۆنەتیکی بەستنەوەکان لەخۆناگرێت، بەڵام بەستنەوەکان دروستەی بڕگە لە خۆ دەگرن، کە دروستەی بڕگە بەشێکە لە دروستە پرۆسۆدیکییەکان، لە کاتێکدا بەستنەوەکانش لە نواندنە فەرهەنگییەکاندا بەشێکن لە فەرهەنگ؛ تایبەتمەندییەکانی وەک هێزدانان ودروستەی بڕگەش بەشێکن لە تایبەتمەندیی پرۆسۆدیکی و کەتیگۆرییە پرۆسۆدیکییەکان، کە هەر دەکەونە فەرهەنگەوە. واتە نواندنەکانی ئاستی قووڵ ناتوانن بەستنەوەکان لەخۆ بگرن، بەستنەوەکانیش بەشێک لە زانیاریە فەرهەنگییەکان لە خۆدەگرن کە لە نواندنە فۆنەتیکییەکاندا بەرجەستە ناکرێن، لەگەڵ بەشێک لە زانیارییە پرۆسۆدیکییەکان کە بەرجەستە دەکرێن، کەواتە بەم پێیە بێت نواندنە پرۆسۆدیکییەکان دەبنە بەشێک لە هەڵگری زانیارییە فەرهەنگییەکان و دەکەونە ناو فەرهەنگەوە.

٢- بەها پێشبینی نەکراوەکانی فیچەرەکان لە نواندنە بنچینەییەکانی**underlying representation** فۆرمەکانی ئاستی قووڵدا دیارینەکراون، بەپێی تیۆری **مەرجی پاڵاوتن/دیاریکردنی خورتی under specification** یش دیارینەکراون، هەر لەم خاڵەوە دەتوانرێت جیاوازی لە نێوان نواندنی فۆنەتیکی و پرۆسۆدیکیدا بکرێت، چونکە نواندنی دانەکانی ئاستی قووڵ کە دێنە ئاستی ڕووکەش بۆ فیچەرەکان، بەهایەکی پێشبینی کراوە بەپێی تیۆری **دیاریکردنی خورتی****under specification** لە نواندنی فۆنەتیکیدا بەرجەستە دەکرێت، کە نواندنە فۆنەتیکییەکەیە، بەڵام بەستنەوەکانی وەک دروستەی بڕگەییان و دانانی شوێنی هێز و..... ئەو گۆڕانکارییە دەنگییانەش کە لە ئەنجامی ئەو بەستنەوانەوە ڕوودەدەن، لە نواندنی پرۆسۆدیکییەکەیدا بەرجەستە دەبێت. هەروەک لە نواندنی فۆنەتیکی بۆ دانەی ئاستی قووڵ لە فۆڕمی/وشەی [هەنگ]دا <u>کە دێتە ئاستی ڕووکەش</u>، دەنگی / **ŋ**/ بەهایەکی **<u>پێشبینی نەکراوە</u>**، چونکە بەیەکگەیشتنی دەنگی [/ن/+ /گ/] لە پاشکۆی بڕگەدا دەبێت بە دەنگی[/**ŋ**/] (هەرچەندە لە هەندێک لێکۆڵینەوەدا وادانراوە کە پێشبینی کراوە، چونکە گرنگی نەدراوە بە مەرجی/بەستنەوە ی پێکەوەهاتنییان لە کۆتایی بڕگەدا)، کە ئەوەش بەستنەوەیەکە لە نواندنی پرۆسۆدیکی وشەکەدا بەرجەستە بووە، هەروەها لە وشەی [زرنگ]دا، بەهای دەنگیی کەرتە دەنگییە پێکهێنەرەکانی وشەکە لە ئاستی قووڵدا پێشبینی کراوە، بەڵام بەستنەوەی بڕگە کردنەکەی، لە ئاستە قووڵەکەیدا بۆ ئەو فۆڕمە پێشبینی نەکراوە، بەڵام دروستەی بڕگەکەی لە نواندنە پرۆسۆدیکییەکەیدا بەرجەستە دەبێت، کە وەک زانیارییەکی فۆنۆلۆجیی فەرهەنگیی و پرۆسۆدیکی لە فەرهەنگی ئاوەزیدا بەرجەستە کراوە بەمشێوەیە :

[ز.رنگ] کە لە بڕگەکانی <u>ز</u>**<u>ی</u>**. <u>رِنگ</u> پێکهاتووە نەک لە <u>زِر</u>. <u>نِگ</u> .کە فیچەرێکی نادیاریکراوی بەرهەمهێنا (**مەعروف، عەبدولجەبار مستەفا ٢٠٢٢**).

٣- بەهای فیچەرە نادیاریکراوەکان بە یاسا تایبەتمەندەکانی زمانێک و یاسا گونجێنراوە گشتگیرە جیهانییەکان پڕدەکرێتەوە.(**Kiparsky,1982a: 167** ) هەروەک لە خاڵی پێشووتردا ئاماژەپێدرا، بەهای ئەم فیچەرە نادیاریکراوانەش بەهۆی یاسا تایبەتمەندەکانی زمانەکەوە دیاریدەکرێت، وەک لە تایبەتمەندیی دانانی هێز لەسەر بڕگەی کۆتایی لە (ناو)دا کە بەستنەوەیەکی فەرهەنگی کوردییە، دەبێتە هۆی

درێژکردنەوەی بزوێنی برگە هێزدارەکە، یان بەرزکردنەوەی هارمۆنی هەندێکی تریان، پاشانیش بەهۆی یاسا گونجێنراوە گشگیرەکانەوە، لەکاتی زیادکردنی هەر لاگرێکدا ئاماژە بە گۆڕان یان نەگۆڕانی شوێنی هێزەکە دەدرێت، لەگەڵ ئەو گۆڕنکارییە فۆنۆلۆجییانەی تر کە دێنەئاراوە، وەک لە بەشەکانی دواتردا خراوەتەڕوو بۆ [هاوێیَن، پایێزَ]←[ه اوینە، پـاێیزە]دا. (**بڕوانە**٢/١-٢))

## ٦/١-٣) نەریتەکان و بەستنەوەکان:

### -نەریتەکان Conventions:

هەروەک ئاماژەی پێدرا، تیۆریەکە تێڕوانینێک بووە بۆ خستنەڕووی دروستەی وشە و تیایدا ڕۆنانی فۆرمە وشەییەکانیش دەگرێتەوە لە ڕووی مۆرفۆلۆجیی و فۆنۆلۆجییەوە، واگریمانە دەکرێت کە داڕشتن و ڕۆنانی وشە و فۆرمەوشەکان یان (سەرجەم دانە فەرهەنگییەکان)لە هەردوو مۆدولی یاسا فەرهەنگی و دوافەرهەنگییەکاندا کە کەوتبێتنە ژێر ڕکێفی ئەم نەریت و بەستنەوانەوە:

### ٦/١-٣-١)نەریتی سڕینەوەی کەوانەکان BEC :

نەریتی سڕینەوەی کەوانە مۆرفۆلۆجییە ناوەکییەکان **Bracet Erasure Convention** ئەو نەریتەیە، یان ئەو خووەیە، کە لە کۆتایی هەر ئاستێکی داڕشتن یان ڕۆناندا کەوانە مۆرفۆلۆجییەکان دەسڕێنەوە و لادەبرێن (**Kiparsky,1982a: 140**).

**کەوانەی مۆرفۆلۆجی**: بریتییە لەو سنوورە مۆرفۆلۆجییەی کە هەردانەیەکی فەرهەنگیی هەیەتی چ سادە بێت یان داڕێژراو یان لێکدراو، کە تیایدا ڕێگە نادرێت بە مۆرفیم یان کەرتی تر ڕاستەوخۆ بە دانە فەرهەنگییەکەوە بلکێت، بەڵکو تەنها لە ژینگە داڕشتنییەکاندا و لە پرۆسەمۆرفۆلۆجییەکانی داڕشتندا ڕێگە بە سڕینەوەی ئەو سنوورە دەدرێت بۆ بەرهەمهێنانی دانەیەکی نوێ و ئینجا دووبارە دانانەوەی سنوورێکی نوێ بۆ دانە بەرهەمهاتووە نوێیەکە/دەرکردە نوێیەکە، کە بە [ ] یان بە ( ) دەنوێنرێن، پێیشی دەوترێت کەوانەی مۆرفۆلۆجی ناوەکی.

بەهۆی نەریتی سڕینەوەی کەوانەکانەوە لە ژینگەکانی داڕشتندا، کەوانە مۆرفۆلۆجییەکان لادەبرێن بەمشێوەیە: هەر دانەیەکی فەرهەنگیی دروستەیەکی مۆرفۆلۆجیی خۆیی هەیە، کە مۆرفیمێکی سەربەخۆیە یا لە چەند مۆرفیمێک پێکهاتووە، لەکۆتاییدا کەوانەیەکی مۆرفۆلۆجیی ناوەکیی هەیە، بەڵام لە کاتی داڕشتندا لە ژینگەکانی داڕشتندا ئەو کەوانە مۆرفۆلۆجییە ناوەکییە دەسڕێتەوە و کەوانەیەکی مۆرفۆلۆجیی بۆ دانە نوێیەکە دروستدەبێت، بەمشێوەیە لێکانەوەی خوارەزمی بۆ دەکرێت:

- $[N]^{root=base1} \rightarrow [[N]^{root=base1} + -Y] \rightarrow [NY]^{base2=Stem1}$
- $[[NY]^{base2=stem1} + -Y] \rightarrow [NYY]^{base3=Stem2}$

**بۆ نموونە:**

- $[[grammat]^{root=base1} + -ic\ (-Y1)] \rightarrow [grammatic]^{base2} =^{Stem1}$
- $[[grammatic]^{base2\ =Stem1} + -al(-Y2) \rightarrow [grammatical]^{base3=\ Stem2}$
- $[-un(Y3-) + [grammatical]^{base3=\ Stem2}] \rightarrow [ungrammatical]^{base4} =^{Stem3}$

- [ [ungrammatical] $^{base4}$ =$^{Stem3}$+ -ity(–Y4)] →[ungrammaticality] $^{base5}$ =$^{Stem4}$ (Roca,1994:254-255)

نموونە لەزمانی کوردیشدا:

– [شا ڕ]^ناو ← [[شا ڕ]^ناو + –ەوان] ← [شارەو اَن]^ناو (کەوانەی مۆرفۆلۆجی ناوەکی (شار) لە کۆتایی ئەم ئاستەی داڕشتندا لابرا)

_[شارەوا ن]^ناو←[[شارە و اَن]^ناو + – ی ] ←[شارەوان یَ ]^ناو (کەوانەی مۆرفۆلۆجی ناوەکی ( شارەوان) لە کۆتایی ئەم ئاستەی داڕشتنیشدا لابرا).

لە نموونەکەدا بۆ زمانی کوردی لە هەرسێ ژینگەی ڕۆنانەکدا کە (ناو) بەرهەمهاتووە، بەهۆی لابردنی کەوانە مۆرفۆلۆجیە ناوەکییەکانەوە، شوێنی هێز لەسەر بزوێنی برگەی کۆتاییان دانراوە، کە لە هەرسێ ڕۆنانەکەدا سێ برگەی جیاوازن.

تەنانەت نەریتی سڕینەوەی کەوانەکان لە ڕووی پرۆسۆدیکیشەوە جێبەجێدەکرێت، کە پێیدەوترێت نەریتی سڕینەوەی هێز، کە لە لابردن و گۆڕینی شوێنی هێزدا دەبینرێتەوە (Kiparsky,1982a: 141)، وەک لە زمانی ئینگلیزیدا، لە ئاستی/لێڤێلی یەکدا کە داڕشتن و ڕۆنانی (ناو) لە (کردار)ەوە، تەنها بە گۆڕینی شوێنی هێز لە سەر کردارەکە و دانانەوەی بەپێی تایبەتمەندیی شوێنی هێز لە (ناو)دا نەریتەکە جێبەجێدەکرێت، ئەم پرۆسەیەش بە نەریتی سڕینەوەی کەوانە مۆرفۆلۆجییە ناوەکییەکان دادەنرێت لە زماندا، بۆ نموونە وەک لە :

- [tormént]$^{V}$ → [tórment]$^{N}$

هەروەها لە ڕۆنان و داڕشتنی (کردار) لە (ناو)ەوە وەک لە ئاستی دوو/لیڤڵی دوو ی زمانی ئینگلیزیدا، بەهەمان شێوەی ئاستی یەک تەنها بە گۆڕینی شوێنی هێز لە سەر (ناو)ەوەکەو دانانەوەی بەپێی تایبەتمەندیی شوێنی هێز لە(کردار)ەکەدا جێبەجێدەکرێت، وەک لە

- [páttern]$^{N}$ → [pattérn]$^{V}$

## ٦/١–٣–٢) مەرجی توندی سووڕی SCC :

یاسا سووڕییەکان دەکەونە ژێر ڕکێفی مەرجی توندی سووڕی **Strict Cycle Codition** لە جێبەجێکردنی یاسا فۆنۆلۆجییە سووڕییەکاندا، لە ژینگە/بوارە **ڕۆنەنراوەکاندا**، یان لە ژینگە **دانەڕێژراوەکاندا**-**non-derived environment**. بەواتایەکی تر یاسا فۆنۆلۆجییە سووڕییەکان کە بە شێوەیەکی بازنەیی یا بە شێوەیەکی خولی دووبارە دەبنەوە لە کاتی فۆرم داڕشتنی وشەنوێیەکاندا، واتە لە ژینگەکانی ڕۆناندا؛ بەڵام بەهۆی مەرجی توندی سووڕی ئەم یاسا فۆنۆلۆجییە سووڕییانە ناکرێت لە ژینگە **نا**ڕۆنانییەکاندا/لە ژینگە دانەڕێژراوەکاندا جێبەجێ بکرێن، چونکە کیپارسکی دەڵێت: ((یاسا فۆنۆلۆجییە سووڕییەکان تەنها لە نواندنە داڕێژراوەکاندا جێبەجێدەکرێن))(**Kiparsky,1982a: 154** ). دەڵێت گرنگترین سەرئەنجامی مەرجی توندی سووڕی ئەوەیە کە (پێویستە پەیوەندییەک هەبێت لە نێوان ئەو ڕێگایەی کە یاسایەکی پێ ڕێکدەخرێت**ordered** و ئەو ڕێگایەی کە یاساکەشی پێ جێبەجێدەکرێت: ڕێکخستنی سووڕی پێویستە ببەسترێتەوە بە دیاریکردنی ژینگەی داڕشتنەوە.(**Kiparsky,1982a: 154** ) ). بۆ نمونە لە زمانی ئینگلیزیدا پاشگرەکانی (**-ary**)و (**-ory**) هێز وەردەگرن بەهۆی یاسای هێزدانان لە زمانی ئینگلیزیدا **English Stress**

Rule، کە لەدوای بڕگەیەکی بێ هێزەوە**unstressed syllable** بێن، بەڵام ڕاستەوخۆ هێزەکەیان لەدەست دەدەن، گەر لەدوای بڕگەیەکی هێزدارەوە **stressed syllable** هاتن(**Kiparsky,1982a: 155**) بۆ نموونە:

- **tránsit+ -óry→trànsitóry** هێزی وەرگرتووە چونکە لەدوای بڕگەیەکی بێهێزەوە هاتووە
- **advîs+-óry→advîsory**هێزەکەی لەدەست داوە چونکە لەدوای بڕگەیەکی هێزدارەوە هاتووە

دواتر ئەم بۆچوونەی کیپارسکی لە تیۆریەکەدا گۆڕانکاری بەسەردا هات.

دەکرێت ئەم بۆچوونە لە زمانی کوردیدا بەشێوازێکی جیاوازتر لێکبدرێتەوە لەبەر تایبەتمەندیی زمانی کوردی، لە ئاستی داڕشتنی سفر کە دەکەوێتە ئاستی یەکەمی فەرهەنگەوە لە زۆربەی زمانەکاندا و لە زمانی کوردیشدا دەکەوێتە ئاستی دووەمەوە، بە هەمانشێوە بە ژینگەیەکی داڕشتنی یان بوارێکی ڕۆنانی دادەنرێت، ئەوەش وادەکات کە دانەکانی ئەو ئاستە بکەونە ژێر ڕکێفی نەریتی سڕینەوەی کەوانە مۆرفۆلۆجییەناوەکییەکان و لەم بارەشدا دەکەونە ژێر ڕکێفی مەرجی توندی سووڕی، ئیتر بەهۆی مەرجی توندی سووڕییەوە یاسا فۆنۆلۆجییە سووڕییەکانی ئاستی داڕشتنە نوێیەکەی خۆیانیان بەسەردا جێبەجێدەکرێت، وەک دانانەوەی هێز، پاش ئەوەی کە دەرکردەکەی **output** بەرهەمهات، بنەمای نەریتی سڕینەوەی کەوانەکان لەکاردەخرێت و بنەمای مەرجی توندی سووڕی هەر کارادەبێت، پاشان بنەمای پاراستنی دروستە دەکەوێتە کار بۆ پاراستنی قەوارەی دەنگی دەرکردە نوێیەکە. وەک لە:

- [ش یَرین]^هاوەڵناو^ ← [شیر یَن]^ناو^ ئاستی داڕشتنی سفر [نەریتی سڕینەوەی کەوانە مۆرفۆلۆجییەکان**BEC**← مەرجی توندی سووڕی **SCC** ← بنەمای پاراستنی دروستە**PSP** گۆڕانی شوێنی هێزەکە دیاریدەکات، ڕاسەوخۆ بەهۆی گۆڕینی شوێنی هێزەوە درک بە کەتیگۆرییەکەی دەکرێت ]
- [خەو]^ڕەگی کردار^ ← [خ ەو]^ناو^=مۆرفیمی سەربەخۆ ئاستی داڕشتنی سفر [نەریتی سڕینەوەی کەوانە مۆرفۆلۆجییەکان**BEC**← مەرجی توندی سووڕی **SCC** ← بنەمای پاراستنی دروستە**PSP** ناتوانێت شوێنی هێزەکە بەئاشکرا دیاری بکات چونکە لەیەک بڕگە پێکهاتووە لە ئاستی ڕیتمی چەسپاودایە، بەڵام لە ڕووی دروستەی مۆرفۆلۆجییەوە دوو دانەی جیاوازن کە [خەو]^ڕەگی کردار^ مۆرفێمێکی بەندە، بەڵام[خەو]^ناو^ مۆرفیمێکی سەربەخۆیە ].

## ٦/١-٣-٣) بنەمای پاراستنی دروستە **PSP** :

بنەمای پاراستنی دروستە **Principle of Structure Preservation** لە بەرەوپێشچوونەکانی دواتری تیۆریەکەدا هەر لەلایەن کیپارسکییەوە ١٩٨٤،١٩٨٥ لە(**Kiparsky,1984:141, 1985:95**) باسکراوە، وایدادەنێت کە یاسا فۆنۆلۆجییە فەرهەنگییەکان دەکەونە ژێر ڕکێفی بنەمای پاراستنی دروستە.

**بنەمای پاراستنی دروستە:** کۆتوبەندێکە**restriction** لەسەر نواندنە بنچینەییەکانی(**underlying representation**)ی ئاستی قووڵ لەسەرانسەری هەموو فۆنۆلۆجیی فەرهەنگیدا جێبەجێدەکرێت، بۆنموونە ئەو دەنگانەی کە بە دەنگە پلەدارەکان (**gradient sounds**)ناسراون واتە فیچەری درێژکردنەوە و بەردەوامی پێدانیان هەیە، وەک دەنگەکانی [ɛ]، [e]. [i]، جیاوازن لە گۆڕانی پلەی 'بەرزێتی'یاندا (**TRASK,1996: 162** ))، کە ئەمە بەستنەوەیەکە **constraint** یان پابەندبوونێکی فۆنۆلۆجییە بۆ ئەو دەنگانە، تەنها دەتوانرێت لە مۆدولی دوافەرهەنگیدا بناسرێن، چونکە ئەم بەستنەوەیەی ئەودەنگانە(**gradient sounds**)تەنها دەتوانرێت لەگەڵ نواندنەکەیاندا بجوتێنرێن/پێکەوەبلکێنرێن، لە

فەرهەنگدا، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت تەنها لەکاتی نواندنی پرۆسۆدیکیدا ئەو تایبەتمەندییەیان دەردەکەوێت، چونکە لە ئاستی قووڵدا ئەو بەستنەوەیەیان بۆ زیاد ناکرێت و دەرناکەوێت.

گەرپرسیار بکرێت لەسەر ئەو بنەمایەی کە واگریمانە دەکرێت نواندنی پرۆسۆدیکیش بەشێک بێت لە نواندنە فەرهەنگییەکان، کەواتە دەبێت ئەو بەستنەوەیە بکەوێتە فەرهەنگەوە، لەوەڵامدا دەگوترێت بەڵێ وایە، بەڵام تەنها لەکاتی گۆکردندا هەستی پێدەکرێت چونکە دانە فەرهەنگییەکان یەک یەک گۆ ناکرێن بەڵکو بەسەر یەکەوەو بە شێوەی زنجیرە لەگەڵ کەرەستەکانی تردا، لە ئاستی دوافەرهەنگدا، گۆ دەکرێن.

لەم ڕووەوە دەکرێت نواندنی هەندێک لە وشەکان لە زمانی کوردیدا بە(یەک، دوو) بڕگە یان چۆنییەتی دروستەی بڕگەکە بە هێنانە ئارای بزرۆکە بۆیان، وەک بەستنەوەیەک**constraint** پابەندبوونێکی فۆنۆلۆجیی بۆ ئەووشانە دابنرێت، کە تەنها دەتوانرێت لە مۆدولی دوافەرهەنگیدا بناسرێن، بەهەمان شێوە بچێتە چوارچێوەی بنەمای پاراستنی دروستەوە، وەک:

- [زرنگ]ناو لە فەرهەنگدا ← نواندنی بڕگەیی ← زi. رانگ ← **cv.cvcc** نواندنی پرۆسۆدیکی دوافەرهەنگی←زi. رانگ **zi. riŋ** ← **cv.cvc**← [ **نەک بە** زار. نiگ **cvc. cvc** بۆهەردوو کەتیگۆرییە جیاوازەکەی وشەکە] ئەوەش ڕەنگە هۆکاری سەرەکی ئەوە بێت کە ن،گ= /**ŋ**/ دەبن بەیەک دەنگ

هەر ئەم وشەیەش بەپێی کەتیگۆرییەکە شوێنی هێزەکەی دەگۆڕرێت:

- [زرنگ] هاوەڵناو ←[ زiˊ رنگ] [ چونکە وا گریمانە دەکرێت لە کەتیگۆری هاوەڵناودا هێز بکەوێتە سەر بزوێنی بڕگەی یەکەم لە زمانی کوردیدا.]
- [زرنگ]ناو←[زi رiˊنگ ] گەر وەک (ناو) بەکارهات [لە کەتیگۆری ناو دا هێز دەکەوێتە سەر بزوێنی بڕگەی کۆتایی]
- [پشک] ناو، لە فەرهەنگدا ← نواندنی بڕگەیی ← پشiک← **ccvc** نواندنی پرۆسۆدیکی دوافەرهەنگی [ نەک بە ~~پiشک **cvcc**~~ چونکە لە کەتیگۆری (ناو)دا هێز دەکەوێتە سەربزوێنی بڕگەی کۆتایی، بەڵام لە [بزر]هاوەڵناودا، ← بiزر← **cvcc**، لەبەرئەوەی هاوەڵناوە هێزی سەرەتاگری هەیە؛ لەم جۆرە وشانەدا دانانی بزرۆکە بەپێی کەتیگۆری و زانیارییە فەرهەنگییەکان لە دروستەی بڕگەکاندا دادەنرێت و دەبێتە شوێنپێی هێزی فەرهەنگی دانە فەرهەنگییەکە.

بەڵام خاڵی نەگونجانی ئەم بنەمایە لەگەڵ یاسا فۆنۆلۆجییە فەرهەنگییەکانی زمانی کوردیدا، لە وشە تابۆکاندا دەبینرێنەوە، دەکرێت بوترێت **وشە تابۆکان** لە زمانی کوردیدا، دەبێت وەک کەتیگۆرییەکی جیاواز و تایبەت لە ڕووی یاسا فۆنۆلۆجییەکانەوە لە وشە فەرهەنگییەکانی تر دابنرێن. ئەوەش لەبەرئەوەی کە : جێبەجێکردنی یاسا فۆنۆلۆجییە فەرهەنگییەکان بەسەر وشە تابۆ کاندا ناسووڕێن (**بڕوانە** ١/١٠-١))، ئەوەش وادەکات کە نەکەونە ژێر ڕکێفی مەرجی توندی سووڕییەوە، لە بوارە داڕشتنی و ناداڕشتنییەکانیشدا، لەمبارەدا دروستبوونی ئەلۆفۆنەکانی فۆنیمە پێکهێنەرەکانیان کە لە ئاستی قووڵدایە بەشێوەی سووڕیی دووبارە نابنەوە لە هەر بارێکی گۆکردندا، لە ئاستی فەرهەنگ و دوافەرهەنگیشدا، ئەوەش دەبێتە هۆی لەکارکەوتنی بنەمای پاراستنی دروستەکەیان و تا ڕادەیەک نابنە خاوەن کەوانەی مۆرفۆلۆجیی ناوەکی خۆیان وەک دانە فەرهەنگییەکانی تر، لەبەرئەوە چەندین فۆرمی جیاوازی

پرۆسۆدیکی دوافەرهەنگییان بۆ دروستدەبێت کە تا ڕادەی ئەکسێنتی تاکە کەسی فۆرمی گۆڕاویان دەبێت، ئەوەش وادەکات کە ئەو دانە تابۆیانە بنەمای گریمانەی بواری بەهێز **SDH** نەیانگرێتەوە، ئەو فۆرمە گۆڕاوە پرۆسۆدیکییە دوافەرهەنگییانەیان وەک جوتێنراو/لکێنراو بە فۆمەکەی ئاستی قوڵیانەوە دانەنرێت. ئەمەش دەبێتە بەڵگە و پاڵنەر بۆ سەلماندنی ئەوەی کە دەکرێت لە زمانی کوردیدا **ئاستێکی سووریی و ناسووریی لە سەروو ئاستەکانی داڕشتنەوە هەبێت لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا.**
بنەمای پاراستنی دروستە لە گریمانەی بواری بەهێز **Strong Domain Hypothesis** دا دەبینرێتەوە، کە لە ( **Kiparsky,1984,1986**)دا ئاماژەپێدراوە.

## ٦/١-٣-٤)گریمانەی بواری بەهێز SDH :

گریمانەی بواری/ژینگەی داڕشتنی بەهێز**Strong Domain Hypothesis** ئەوەیە کە هەموو یاسا فۆنۆلۆجییەکان بەیەکەوە حوکمدەکەن لە یەک پێکهاتەدا، لە هەردوو ئاستی فەرهەنگ و دوافەرهەنگدا کاردەکەن و جێبەجێدەکرێن، بە دوو ئەگەری جیاواز:

- ئەگەری یەکەم:

هەموویاسا فۆنۆلۆجییەکان لە سەرەتاییترین ئاستی فەرهەنگدا بەردەستن، بۆ ئەو پێکهاتە/دانە فەرهەنگییانەی کە دەکەونە ژێر گریمانەی بواری بەهێزەوە، لە یەکەمین ئاستی فەرهەنگدا، واتە پێش ئەوەی دانە فەرهەنگییەکان بە پرۆسە مۆرفۆلۆجییەکانی داڕشتندا تێپەڕببن و بکەونە بوارەکانی داڕشتنەوە، گشت یاسا فۆنۆلۆجییەکان پێکەوە کاردەکەن و تیایاندا جێبەجێدەکرێن، کاتێک لەناو فەرهەنگدابن یاخود لە دوافەرهەنگدا بن.


- ئەگەری دووەم:

کاتێک ئەو دانە فەرهەنگییانە دەکەونە ناو ژینگەیەکی ڕۆنانییەوە، سەرجەمی یاسا فۆنۆلۆجییەکان کە پێکەوە کاریاندەکرد و جێبەجێدەکران و حوکمی دروستەی فۆنۆلۆجیی دانە فەرهەنگییەکەیان دەکرد بەهۆی گریمانەی بواری بەهێزەوە، لەوانەیە بەهۆی ژینگەداڕشتنە نوێیەکەیانەوە بووەستن لە کارکردن، لەوەش زیاتر لەوانەیە دەستنەکرێتەوە بە جێبەجێکردنیان، یان پێکەوە کارنەکەنەوە، لەئاستی دواتردا بە دانانی مەرج بۆیان.

بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا، لە یاسایەکی فۆنۆلۆجیی کەرتی وەک پێکەوە هاتنی دەنگی /ن/و/گ/ دەنگی /ŋ/ دروستدەبێت، کە کۆتوبەندێکە لەسەر نواندنەبنچینەییەکانی ئاستی قووڵی ئەو دانە فەرهەنگییانەی کە ئەم دوو دەنگەیان پێکەوە تێدایە، بەڵام ئەم دەنگە نوێیە بۆ وشەکان زیاد ناکرێن کەلە ئاستی قووڵدان بەڵکو دەجوتێنرێت لەگەڵ نواندنی پرۆسۆدیکی وشەکەدا لە ئاستی فەرهەنگ و دوافەرهەنگیشدا، ئەو مەرجەش کە حوکمی ئەم پێکەوە هاتن و دروست بوونی دەنگە نوێیە پرۆسۆدیکییە دەکات بەهۆی بنەمای پاراستنی دروستەوە، ئەوەیە کە دەبێت هەردوو دەنگی /ن/و/گ/ بکەونە بەشی کۆتایی/کۆدا **coda** لە ناو دروستەی برگەکەدا. بەڵام لە ئەگەری دووەمدا ئەگەر وشەکە بچێتە بوارێکی داڕشتنی ترەوە لە پرۆسەیەکی مۆرفۆلۆجیدا، ئەو یاسا فۆنۆلۆجییەی کە وەک بەستنەوە**constraint** کاریدەکرد بۆ نواندنی ئەو دوو دەنگە بە دەنگی /ŋ/، لەکار دەکەوێت، چونکە ئەو یاسایە مەرجدارە بەوەی کە دەبێت

هەردوو دەنگی /ن/و/گ/ بکەونە کۆتایی/کۆدای بڕگەیەکەوە، کاتێک پێکهاتە بڕگەییەکەی کە ئەم دوو دەنگەی تێدایە لە ئاستە نوێیەکەی داڕشتندا هەڵدەوەشێتەوە، لەمبارەدا هەر یەکە لەو دوو دەنگە لەناو پێکهاتەی کۆدای هەمان بڕگەدا نامێنن،/ن/ دەکەوێتە کۆدای بڕگەی یەکەم و /گ/ دەکەوێتە سەرەتای بڕگەی دووەم، ئیتر سەرجەمی یاسا فۆنۆلۆجییەکان کە پێکەوە کاریاندەکرد و جێبەجێدەکران، کە حوکمی دروستەی فۆنۆلۆجیی دانە فەرهەنگییەکەیان دەکرد بەهۆی گریمانەی بواری بەهێزەوە، لەکارکردن دەوەستن بەهۆی ژینگەداڕشتنە نوێیەکەیانەوە، جارێکی تریش دەستناکەنەوە بە جێبەجێکردن، یان پێکەوە کارناکەنەوە، لەئاستی دواتردا، بەمشێوەیە:

١-[ڕەنگ]ناو [/reŋ/] یەک بڕگەیە ← نواندنی بڕگەیی ← cvc




٢- [[ڕەنگ]ناو+ -ین] ← [ /ڕەنگین/] ← نواندنی بڕگەیی ← ڕەن. گین cvc. cvc [هەروەها بۆ وشەی [[ڕەنگ]ناو+ -اڵە] ← [ /ڕەنگاڵە/]ڕەنگاوڕەنگ کە لە سێ بڕگە پێکدێت← ڕەن. گا. ڵە cvc. cv.cv بەهەمان شێوە هەردوو دەنگی /ن/، /گ/ لەیەکجیادەبنەوە].

ئە گەر جارێکی تر [ڕەنگین] بچێتە ئاستی بوارێکی داڕشتنی ترەوە وەک:

٣- [[ڕەنگ]ناو + -ە] ← [ڕەنگە] پێکهاتەیەکی مۆرفۆسینتاکسییە، پارادایمی کرداری ناتەواوە بۆ کاتی ڕانەبردووی ئێستا، واتە دوافەرهەنگییە ← **re ŋ. e** لە دوو بڕگە پێکهاتووە، لەبەرئەوەی دوو دەنگەکە لەیەک جیانەبوونەتەوە لە ناو پێکهاتەی بڕگەکانیاندا، دەنگی /ŋ/ وەک خۆی ماوەتەوە، تەنانەت بڕگەی دووەمی پێکهاتەمۆرفۆسینتاکسییە دوافەرهەنگییەکە تەنها لە دەنگێکی بزوێن پێکهاتووە، ئەوەش دەکرێت وەک بەڵگەیەک دابنرێت بۆ ئەوەی کە دەنگە بزوێنەکان دەتوانن بکەونە سەرەتای بڕگەوە لەناو پێکهاتە مۆرفۆسینتاکسییەکاندا.

٤- [[ڕەنگین]هاوەڵناو + -ی] ← [ڕەنگینی]هاوەڵناو← نواندنی بڕگەیی ← [ڕەن. گی.نی **ren. gî. nî**] cvc.cv.cv

٥-هەروەها لە [دەنگوباس]یشدا بەهەمان شێوەیە: [[دەنگ]ناو+[و]+[باس]ناو]←[دەنگوباس]ناو←[دەن.گو.باس **den. gu. bas**]ناو cvc.cv.cvc ، گەر دەنگی/ن/ بە ئەلۆفۆنێکی تایبەت دەببڕدرێت، بەڵام هەر دەنگی /گ/ بەجیا گۆ دەکرێت و دەنگی /**ŋ**/ بەرهەم نایەت.

٦- هەروەها لە [نگین.**ngîn**] ناو ccvc یشدا دەنگی / **ŋ**/بەرهەم نایەت، لەبەرئەوەی ئەو دوو دەنگە نەکەوتوونەتە کۆتایی/کۆدای بڕگەکەوە بەڵکو کەوتوونەتە سەرەتای بڕگەکەوە.

مەرج نییە یاسافۆنۆلۆجییەکان بەهەمان شێوەی ئەم بوارانە پێکەوە کاربکەنەوە، بەهۆی مەرجی پاراستنی دروستەوە لە بوارەکاندا، چونکە مەرجی توندی سووری دەکەوێتە کار، یان دەشێت بەهۆی بنەمای بلۆککردنەوە، مەرجی توندی سووری لەکار بکەوێت.

## ٦/١-٣-٥) بلۆککردن:

بلۆککردن **Blocking** زاراوەکە لە مۆرفۆلۆجیدا ئاماژە دەکات بۆقەدەغەکردن یان نەهێشتن لە جێبەجێکردنی یاساکان لە پرۆسەکانی وشەڕۆناندا، بۆ ئەوەی کە دەشێ هەبێت لە وشەیەک لە وشەکانی زمانەکەدا.( واتە جێبەجێ جێکردنی ئەویاسایە دەشێت بۆ هەندێک لە وشەکان ڕێگەپێدراو بێت و بۆ هەندێکی تریان ڕێگەی پێ نادرێت و بلۆکدەکرێت لە هەمان بواری مۆرفۆلۆجیدا(**Crystal, 2008:57** )). بەگشتی پرۆسەی بلۆککردن لەچەند ڕوویەکەوە لە ناو یاساکانی وشەڕۆناندا**WFR** هەیە.

کیپارسکی ئاماژەی بە چەند پرۆسەیەکی بلۆککردن داوە لە ئاستەکانی داڕشتنی فەرهەنگیی زمانی ئینگلیزیدا. کیپارسکی لە (**Kiparsky,1982a: 134-140**) وایدادەنێت کە (کاریگەری دیاردەی بلۆککردن دەبێت هەژماری بۆ بکرێت)و دەڵێت (دیاردەی بلۆککردن لە پێویستبوونی یاسا مۆرفۆلۆجییەکانەوە سەرچاوەدەگرێت (**Kiparsky,1982a: 134** )).بۆ نموونە:

**$[[ox] + -s]^{N}$+ plural →⃠**

چەندین نموونەی تری لەو بارەیەوە هێناوەتەوە. دواتر هەر کیپارسکی لە توێژینەوەیەکی تایبەتدا بە دووروردرێژی لە بلۆککردنی کۆڵیوەتەوە لەسێ تیۆری جیاوازدا لە (تیۆری مۆرفۆلۆجیی فەرهەنگی **lexical morphology**، تیۆری مۆرفۆلۆجیی پارادایمی ئەرکی**Paradigm Function morphology**، مۆرفۆلۆجیی بەشکراو**Distributed Morphology** )، دەڵێت لێکۆڵینەوە لە بلۆککردن لەم تیۆرریانەدا پشت دەبەستێت بەوەی کە بلۆککردن پەیوەندییەک نییە لە نێوان ململانێی یاساکانی وشە داڕشتندا، بەڵکو پەیوەندییەکە لە نێوان ململانێی دەربڕاوەکاندا**expressions**. ئەوەش سەرچاوەی گرتووە لە تێڕوانینەکەی وۆندەرلیچ**Wonderlich1996**، کە ڕێزمانی زمان دابەشدەکات بۆ هەردوو پێکهاتەی بەرهەمهێنەرو**generative** پێکهاتەی پاڵێوەر**filter**، پێکهاتەی بەرهەمهێنەر پێکدێت لە سینتاکس و فەرهەنگ و مۆرفۆلۆجی، بەمانا باوو تەقلیدییەکەی دەربڕینە شاراوەکانی زمان و لێکدانەوەکانیان دیاریدەکات، پێکهاتەی پاڵێوەریش لە میکانیزم و ڕێکاری بلۆککردن پێکدێت کە دەربڕینە ڕاستەقینەکانی زمان و واتا ڕاستەقینەکانی دەربڕینەکان دیاریدەکات(**Kiparsky,2004:113** ).

پرۆسەی بلۆککردن لەیاساکانی وشەداڕشتندا بەتەنها لە مۆرفۆلۆجیدا نییە، بەڵکو لە بواری (سیمانتیکی، مۆرفۆلۆجی-سیمانتیکی، مۆرفۆلۆجی، مۆرفۆلۆجی-فۆنۆلۆجی، فۆنۆلۆجی)دایە، وەک بەستنەوەیەک/پابەندبوونێک لەناو یاساکانی وشە داڕشتن/ڕۆناندا لە زمانی کوردیدا هەن، بۆ نموونە:

- [[ چاو]^ناو + [پرتەقاڵی]^هاوەڵناو] ← ⃠ بلۆککردنی سیمانتیکی
- [[نەوزاد]^ناو +-ەکە] ← ⃠ بلۆککردنی مۆرفۆلۆجی-سیمانتیکی(تۆفیق، لیمۆ محمود ،٢٠١٢: ٩٧-١٠٥)
- [[[[کورد ]^ناو + -ایەتی] + -انە] + -یی ]← ⃠ بلۆککردنی مۆرفۆلۆجی
- [[خوێ]^ناو+ [ئاو]^ناو] ← ⃠ بلۆککردنی مۆرفۆلۆجی- فۆنۆلۆجی←[خوێیاو]

- [[مەلە]ناو + -ەوان] ← ⃠ بلۆککردنی فۆنۆلۆجی(دووبزوێن بەدوای یەکدا نایەت لە بوارێکی داڕشتنیدا، لە زمانی کوردیدا)

لە زۆربەی لێکۆڵینەوە مۆرفۆلۆجییەکانی زمانی کوردیدا ئاماژە دراوە بە ڕێگرییەکانی یاساکان، بەڵام لە ژێر ناو و زاراوەی جیاوازدا.

## ٧/١) ئاست ڕێکخستن و سووڕی:

هەریەکێک لەو یاسا فۆنۆلۆجییانەی کە لە ئاستەکاندا لە بوارەکانی داڕشتندا جێبەجێدەکرێن، دەکرێت بە شێوەی سووڕی دووبارەببنەوە، کە پێیدەوترێت سووڕێتی **cyclicity** .

بۆ ڕوونکردنەوەی سووڕی پێویستە چەند بابەتێکی گرنگ ئاماژەیان پێبدرێت، کە ئاستەکان و ڕێکخستنی ئاستەکان **level ordered** و بنەمای ڕێکخستنی ئاستەکان و ژینگەی داڕشتن/ڕۆنانە لە فەرهەنگدا، چونکە وشەکان لە فەرهەنگدا فۆڕمێکی فۆنۆلۆجیی دیاریکراویان هەیە و لە ئاستەکانی فەرهەنگدا ڕێکخراون و دەچنە ژینگە داڕشتنییەکانەوە بۆ بەرهەمهێنانی دانەی فەرهەنگی نوێ، بوویج **Booij** دەڵێت: (وەرگرتنی وشەیەک کە فۆڕمی فۆنۆلۆجیی بنچینەیی ئاستی قووڵی خۆیی هەیە **underlying phonological form**، یاسا پەیوەندیدارەکانی فۆنۆلۆجیای وشە بۆ ئەو دانە فەرهەنگییە جێبەجێدەکرێن و ڕەگێکی فەرهەنگی دانەڕێژراو **underived lexical root** بەرهەمدێت ( **Booij, 2006:95** )).

### ٧/١-١)ژینگەی داڕشتن:

هەریەکە لە زاراوەکانی (بواری داڕشتن/ڕۆنان، ژینگەی داڕشتن/ڕۆنان، دۆمەینی داڕشتن، دەوروبەری داڕشتن) بەکاردەهێنرێت، بەڵام لەبەرئەوەی سەرجەم پرۆسەکانی بەرهەمهێنانی وشە دەگرێتەوە، بەشیاوتر دەزانرێت زاراوەی ژینگەی داڕشتن/ڕۆنان بەکاربهێنرێت لە بەرامبەر زاراوەکانی **derived domain/ derived environment**.

ڕووباک (**Rubach ,1985:157**)دەڵێت کاتێک ژینگەکە بوارێکی داڕشتنی دەبێت، ئەگەر:

- ئەو دروستەیەی، کە مەبەست لێی پێکهاتە نوێیە بەرهەمهاتووەکەیە پەیوەندیی بە بەکارهێنانی یاسا فۆنۆلۆجییەکەوە هەیە، کە بەهۆی یاسایەکی فۆنۆلۆجیی پێشووترەوە بووە، دەبێت لەڕەوشێکی داڕشتنە فۆنۆلۆجییەکانەوە سەری هەڵدابێت.
- یان ئەو دروستەیە، کە پەیوەندیی بە بەکارهێنانی یاسا فۆنۆلۆجییەکەوە هەیە، دەبێت لە سنووری مۆرفیمیدا بێت، واتە دەبێت لە سنووری بەستنەوەی مۆرفیمیدا سەریهەڵدابێت.

ئەوخاڵانە بەو واتایە دێن، کە :

١- دەکرێت یاسایەکی فۆنۆلۆجیی تر بۆ ئەو وشە و دانە فەرهەنگییە جێبەجێبکرێت، فۆڕمێکی فۆنۆلۆجیی داڕێژراوی بدرێتێ بەبێ هیچ زیادکردنێکی مۆرفۆلۆجییانە. لەمبارەدا دەوترێت لە ئاستی داڕشتنی سفر **zero derivation** دایە، وەک گۆڕانی کەتیگۆری [ناو بۆ کردار، کردار بۆ ناو، ناو بۆ هاوەڵناو] لە زمانی ئینگلیزیدا، کە بەهۆی گۆڕینی شوێنی هێز یان بەهۆی جێبەجێکردنی یاساکانی هێزدانان بۆ ئەو کەتیگۆرییانەوە ڕوودەدات، لەمبارەدا ژینگەیەکی داڕشتنی **derived inviroment** بۆ یاسا فۆنۆلۆجییەکە

خوڵقاوە؛ دانە بەرهەمهاتووەکەش/دەرکردەکە دانەیەکی داڕێژراوە کە فۆرمێکی فۆنەتیکیی فەرهەنگیی ڕۆنراوی هەیە، کە بە ئاستی داڕشتنی سفر دادەنرێت.

٢- یان دەکرێت یاسایەکی مۆرفۆلۆجی بۆ ئەو وشەیە جێبەجێبکرێت، کە لە پرۆسەکانی وشەڕۆناندایە**WFR** کە پرۆسەکانی (داڕشتن و شکانەوە، لێکدان) دەگرێتەوە، لەم بارەشدا هەر ژینگەیەکی داڕشتنی نوێ بۆ یاسا فۆنۆلۆجییەکانی وشەکە و دانە فەرهەنگیەکان خوڵقاوە، کە دەرکردەکە فۆرمێکی فۆنەتیکیی فەرهەنگیی نوێی لە ئاستێک لە ئاستەکانی فەرهەنگدا هەیە.

کەواتە ژینگەی ڕۆنان کاتێک دەخوڵقێت، کە دانە فەرهەنگییەکە بەیەکێک لە پرۆسە داڕشتنییە فۆنۆلۆجییەکانی وەک ئاستی سفردا **zero derivation** ، یان بە پرۆسە مۆرفۆلۆجییەکانی وشەڕۆناندا لە فەرهەنگدا بڕوات. کەواتە ئاستەکانی فەرهەنگ یان ئاستە ڕێکخراوە فەرهەنگییەکان بواری بەکارهێنانی یاسا فۆنۆلۆجیی و مۆرفۆلۆجییەکان دەنوێنن، یان وەک بواری بەکارهێنانی یاسا فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجییەکان، بەکاردێن (**Giegeich,1999: 130**).(**بڕوانە** ٣/٣-٣): )

لەم شیکردنەوانەوە ئەو دەرئەنجامە بەدەستدێت کە کیپارسکی ئاماژەی پێداوە: کە فەرهەنگی زمانی ئینگلیزی یاخود فەرهەنگ بەگشتی لە ئاستەکان پێکدێت، کە بوارن/دۆمەینن بۆ پرۆسە فۆنۆلۆجییە بنچینەییەکان یان بۆ پرۆسە مۆرفۆلۆجییە بنچینەییەکان (**Kiparsky,1982a: 131-132** ). کەواتە ئاستەکانی فەرهەنگ لە چەند وەچەلقێکی بواری ڕۆنان پێکدێن.( هەرئاستێکی فەرهەنگ بوارێکی بەکارهێنان پێکدەهێنێت بۆ وەچە لقی یاسا فۆنۆلۆجییەکان، هەروەها چەقی پرۆسەکانی وشەڕۆنان پێکدەهێنن؛ یاسا فۆنۆلۆجییەکان لە نێوان ئاستەکانی مۆرفۆلۆجیدا جێبەجێ ناکرێن، هەروەک**Siegel** پێشنیاری کردبوو، بەڵکو بۆیان دادەنرێت(**McMahon, 2000:43**).

## ٢-٧/١) ئاستەکان:

کیپارسکی (**Kiparsky,1982a,b**)زاراوەی **Level** و هاڵی و موهەنان (**Halle& Mohanan, 1985: 58**) زاراوەی **strata** یان بەکار هێناوە، لەگەڵ زاراوەکانی ،**layer**، **stratum** یش لە لایەن لێکۆڵەرانی ترەوە، بەرامبەر بەزاراوەی (چین)یان (ئاست) لەم تێزەدا.

ئاستەکان یاخود چینەکان وەک وەچەسیستەم **subsystem** یان وەک مۆدول هەژمار دەکرێن، کە هەر وەچەسیستەمێک تەرخانکراوە بۆ ئەرکەکانی**task** خۆی، وەک یەکەیەکی کار**unit of work** کە دەرکردەکە دەردەکات و پێشکەش بە وەچە مۆدولی داهاتووی دەکات، واتە پێشکەش بەئاستی دووەم یان ئاستی دواتری دەکات.

**ئەرک task** : بریتین لە یاساکانی چارەسەرکردن**prossess in rule** بۆ ڕۆنانی وشەکان لە سێتێک مۆرفیمدا کە لاگرەکان، قەدەکان دەگرێتەوە، کە یاسا مۆرفۆلۆجییەکانیان بۆ بەکاردێن و بەسەریاندا جێبەجێدەکرێن(**Kelli Wiseth, 2013:8**).

## ٣-٧/١)ڕێکخستنی ئاستەکان:

بەگشتی تیۆریەکە یاسا فۆنۆلۆجییەکان لە ڕێزماندا/گرامەردا دابەشدەکات بۆ مۆدولی فەرهەنگ و دوافەرهەنگ، مۆدولی فەرهەنگیش دابەشدەکات بۆچەند ئاستێکی تر، کە بە ئاست ڕێکخستن ناو دەبرێت. تێڕوانینی بنەڕەتی ئاست ڕێکخستنی مۆرفۆلۆجی ئەوەیەکە پرۆسەکانی داڕشتن و گەردانکردن/شکانەوە لە زمانێکدا، دەتوانرێت لە زنجیرەیەک ئاستدا ڕێکبخرێت، لە فەرهەنگدا.

هەر ئاستێک پەیوەستە بە سێتێک یاسای فۆنۆلۆجییەوە، بۆ هەریەکێکیان بواری بەکارهێنانەکەیان پێناسە دەکات؛ هەروەها ڕێکخستنی ئاستەکان پێناسەی ڕێکخستنی ئەگەرییانەی پرۆسە مۆرفۆلۆجییەکان لە وشەڕۆناندا دەکات(**Kiparsky,1982a: 131**). لەم بۆچوونەی کیپارسکییەوە ئەوە دەردەکەوێت کە یاساکانی وشەڕۆنان(داڕشتن، شکانەوە، لێکدان) لە فەرهەنگدا جێبەجێدەکرێن، لەگەڵ یاسا فۆنۆلۆجییەجیاوازەکان و بەستنەوە وسنووردارکردنەکان کە لەناو ئەو ئاستە جیاوازانەی فەرهەنگدا هەن (**Car,2008: 90**) **لە** (**Nidham Sheet,2019: 217**)؛ هەروەها خاڵی گرنگ لە جیاکردنەوەی ئاستەکاندا ئەوەیە کە (جیاکردنەوەی ئاستەکان بەهۆی هۆکاری فۆنۆلۆجیەوەیە(**McMahon, 2000: 60**)). نەک بەهۆی هۆکاری مۆرفۆلۆجییەوە بێت.

بۆچوونی جیاواز هەیە دەربارەی ئەوەی کە ئایا گشت یاساکانی وشەڕۆنان و پرۆسە مۆرفۆلۆجییەکان دەکەونە فەرهەنگەوە؟، لە وەڵامدا دوو بۆچوونی سەرەکی دیاریدەکرێت:

بۆچوونی یەکەم(**Rubach ,2008:456**) وایدادەنێت گشت پرۆسەکانی وشەڕۆنان دەکەوێتە فەرهەنگەوە بە پرۆسەکانی شکانەوەشەوە، هەروەها کاتامباش (**Katamba, 1996:257**) هەمان بۆچوونی هەیە، بۆچوونەکانی تریش بەگشتی وای دادەنێن کە بەشێکیان دەکەونە فەرهەنگەوە وەک پرۆسەکانی داڕشتن، پرۆسەکانی شکانەوەش دەکەونە دەرەوەی فەرهەنگەوە. بەڵام لە ڕووی دروستەی پرۆسۆدیکییەوە لە نواندنی فۆنۆلۆجیی فەرهەنگیدا لەم تێزەدا، پەیرەوی بۆچوونی یەکەم کراوە.

بەکورتی ئاستەکان لە فەرهەنگدا ڕێکخراون، بەڵام ڕێکخستنی ئەوەی کە فەرهەنگ لە چەند ئاست پێکهاتووەو کام لە پرۆسە مۆرفۆلۆجییەکان و فۆنۆلۆجییەکانی وشەڕۆنان دەکەونە ئاستی یەکەم و دووەم؟، یاخود بنەمای دیاریکردنی ئاستەکان چییە؟. ئەمانە بۆچوونی جیاوازیان لە تیۆریەکەدا لەسەرە، کە لە(٤-٧/١))دا ئاماژەی پێدەدەرێت.

## ١-٣-٧/١)پرەنسیپی لووپ لە ڕێکخستنی ئاستەکاندا:

پرەنسیپی لووپ واتە جێبەجێکردنی یاسا فۆنۆلۆجییەکان بە شێوەی سووڕی، کە تایبەت نەکراوە/ پەیوەست نەکراوە بە تەنها یەک ئاستەوە، بەڵکو دەتوانرێت دانە فەرهەنگییەکە لە ئاستی کۆتاییەوە بگەڕێنرێنەوە بۆ ئاستەکانی پێشتری ئەگەر پێویستبوو بۆ تەواوکردنی پرۆسەی وشەڕۆنانەکە(**Mohanan, 1985:139**)، **لە** (**Kelli Wiseth, 2013:11**)؛ هەروەها دەربارەی ئەم پرەنسیپە ماک ماهۆن بە ئامرازێک یان ئالیەتێک دایدەنێت لە نەخشەسازی ڕێکخستنی ئاستەکاندا بەوەی کە : (ڕێگە دەدات بە جیاکردنەوەی ئاستەکان بە ئامانجی فۆنۆلۆجی، بەبێ سەپاندنی جیاوازییەکی هاوشێوە لە دابەشکردنی مۆرفۆلۆجیدا. یاخود بەبێ سەپاندنی تایبەتمەندیی هاوشێوە لە

دابەشکردنەکەدا(**McMahon,2000: 60**)). بەم پێیە لەوانەیە وشە پێکەوە بەستراوەکان بگەڕینرێنەوە/هەڵبفرێنرێنەوە بۆ ئاستەکانی پێشووتری مۆرفۆلۆجی بۆ وەرگرتنەوەی لە پۆلەکانی دارشتنی پێشووتردا، لەمبارەدا دەبێتە هاوشێوەی دابەشکرنی ئاستەکان، کە لەلای کیپارسکی(**Kiparsky,1982b:3**) ئاماژەپێدراوە. بۆنموونە وەک لە دارشتنی ناوی کرداریی لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا، کە پێویستە لە قەدی کردارەوە دابرێژرێت کە بە پارادایمی کرداری ناسراوە، بەپێی دیاریکردنی ئاستەکان کە لەم تێزەدا بەدەستهاتووە، پارادایمەکە دەکەوێتە ئاستی چوارەمی فەرهەنگەوە، لەکاتی دارشتنی ناوی کردارییدا لێوەی، دەبێت هەڵبگەڕێنرێتەوە بۆ ئاستی دووەم، چونکە ناوەکردارییەکە/چاووگە بەرهەمهاتووەکە دەبێتە کەتیگۆری (ناو) و ناویش دەکەوێتە ئاستی دووەمی فەرهەنگەوە، بۆ شیکردنەوەی زیاتری بابەتەکە(**بڕوانە** ٦/٣))

## ١/٧-٤) سووڕی:

فەرهەنگ لە ئاستەکان پێکدێت، ئاستەکانیش لەچەند وەچەلقێکی یاساکانی وشەڕۆنان پێکدێت، واتە لە چەند پرۆسەیەکی مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجیی دارشتنیی وەک دارشتن و لێکدان و شکانەوە پێکدێت، دەبنە( بواری رۆنان یاخود ژینگەی دارشتن)ی خولقاو بۆ یاسا فۆنۆلۆجییە فەرهەنگییەکان. کە لە رێگەی یاسا مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجییە پێشووترەکانەوە جێبەجێدەکرێن. کیپارسکی دەربارەی ئەم یاسا فۆنۆلۆجییە فەرهەنگییانە دەڵێت: (یاسا فۆنۆلۆجییەکانی فەرهەنگ سووڕین لەبەرئەوەی دووبارە لە دوای هەر هەنگاوێکی وشەڕۆنان لە ئاستە مۆرفۆلۆجییەکەی خۆیاندا جێبەجێدەکرێنەوە ( **Kiparsky,1982a: 131**)). پرەنسیپی مەرجی توندی سووڕی **SCC** دڵنیایی دەدات لەوەی کە یاسا فۆنۆلۆجییەکان تەنها بۆ یەک ئاست جێبەجێدەکرێن، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی دەرکردەی یاساکانی وشەڕۆنان لە ئاستێکدا ناکەوێتە ژێرڕکێفی یاسا فۆنۆلۆجییەکانی تری ئاستی دواتر. کیپارسکی دەڵێت (دەرکردەی هەر پرۆسەیەکی وشەڕۆنان دەخرێتە ژێر ڕکێفی یاسا فۆنۆلۆجییەکانی ئاستەکەی خۆیەوە، لەناو خودی فەرهەنگدا (**Kiparsky,1982a: 131** )). دەرکردەی **output** هەر پرۆسەیەکی مۆرفۆلۆجی بە یاسا فۆنۆلۆجییەکانی ئەو ئاستەدا تێدەپەڕێتەوە و دەگەڕێتەوە پیایاندا، ئەمە سووڕێتی لە مۆدیلەکەدا بنیاددەنێت، کە ڕێگە دەدات بە هاوتەریبوون و دامەزراندنی دروستە مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجییەکان (**Nidham Sheet,2019: 218**).

ڕوباک(**Rubach ,1984: 18-19**) <u>بە هێڵکارییەک جێبەجێکردنی یاسا فۆنۆلۆجییەسووڕیەکان لە بەبەرهەمی یاساکانی وشەڕۆناندا دەخاتەڕوو</u>، دەڵێت(یاسافۆنۆلۆجییە سورییەکان لەفەرهەنگدا جێبەجێدەکرێن، بەڵام دوای ئەوەی کە وشەکان پێکهێنران بە شێوەی سووڕییانە بەهۆی نەریتەکانەوە، ئینجا کەوانە مۆرفۆلۆجییەکانیان بۆ دادەنرێن)، وەک:

**Cyclic 1 R**

**Cyclic 2 R+X → [ [R] X] Rule A Rule B Rule C → WFR 1**

**Cyclic 3 R+X+Y → [ [ [R] X] Y] Rule A Rule B Rule C → WFR 2**

**Cyclic 4 R+X+Y+Z → [[[ [R] X] Y]Z] Rule A Rule B Rule C → WFR 3**

**Cyclic:**سوورِی ، **R: Root** رِەگ، **X, Y, Z :** تەواوکەر، **WFR:** یاساکانی وشەرِۆنان


(**نواندنی بەبەرهەمی یاساکانی وشە رِۆنان لە لایەن روباک(Rubach ,1984: 18-19)**)

لێرەدا پرسیارێک دێتەئاراوە: ئایا سوورِێتی تەنها بۆ ئاستەکانی پرۆسە مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجییەکانی وشەرِۆنانە لە فەرهەنگدا؟ ئایا هیچ ئاستێکی سوورِی بۆ رِەگە دانەرِێژراوەکان لە فەرهەنگدا هەیە؟
بۆ وەلاَم دانەوەی ئەو پرسیارانە بۆچوونی جیاواز هەیە لە لایەن دامەزرێنەرانی تیۆریەکەوە ئاماژەپێیدراوە، کە بەمشێوەیە پۆلێن دەکرێن:


### ١/٧-٤-١) بۆچوونی یەکەم:

کیپارسکی لە (**Kiparsky,1982 a,b**)دا وایدادەنێت، کە فەرهەنگ لە دوو ئاستی سەرەکی دروست بووە بەئاستی ١ و ئاستی ٢ **level 1, level 2** دایاندەنێت، دەڵێت (تێروانینی بنەرِەتی ئاست رِێکخستنی مۆرفۆلۆجی ئەوەیە کە دارِشتن و شکانەوە لە زمانێکدا، دەتوانرێت لە زنجیرەیەک ئاستدا رِێکبخرێت. هەر ئاستێکیش پەیوەستە بە سێتێک یاسای فۆنۆلۆجییەوە کە ئاستەکە بواری بەکارهێنان بۆ هەر یەکێک لەو یاسا فۆنۆلۆجییانە پێناسەدەکات(**Kiparsky,1982a: 131**و**Kiparsky,1982b:3-5** ). ئاماژە دەدات بەوەی کە یاسا فەرهەنگییەکان سوورِین و یاسا دوافەرهەنگییەکان کە ((ئەو یاسا فۆنۆلۆجییانەی کە پاش پێکەوەبەستنی وشەکان لە رِستەکاندا لە ئاستی سینتاکسدا جێبەجێدەکرێن))دەگرێتەوە، ناسوورِین-**non-cyclic rule** (**Kiparsky,1982a: 131-132, b 3-4**). بەم شێوەیە:

(1)




**هێڵکاریی (٤)دیاریکردنی ئاستەکان لە فەرهەنگدا لە (Kiparsky,1982,b:**




**هێڵکاریی (٥)دیاریکردنی پرۆسە مۆرفۆلۆجییەکانی وشەڕۆنان لە ئاستەکانی فەرهەنگ و دوافەرهەنگدا لە زمانی ئینگلیزیدا(Kiparsky,1982a:2 ).**

کیپارسکی فەرهەنگ بە دوو ئاست دیاریدەکات، پرۆسەکانی داڕشتن و شکانەوە دەخاتە ئەو دوو ئاستەوە، جێبەجێکردنی یاسا فۆنۆلۆجییەکانیش بە شێوازی سووڕی لەو دوو ئاستەدا دادەنێت، واتە یاسا فۆنۆلۆجییەکان لە ژینگەکانی داڕشتندا سووڕین، یاسا فۆنۆلۆجییە دوافەرهەنگییەکانیش بە شێوازی ناسووڕی**non-cyclic** دادەنێت، کە جێبەجێکردنیان تەنها بۆ یەک جارەو دووبارە بوونەوەی بە شێوازی سووڕییانە نییە. دواتر بەوردی پرۆسە مۆرفۆلۆجییەکانی وشەڕۆنان دیاریدەکات بەوەی پێشبینی (پەیوەندی نێوان ڕادەی بەقووەتی بەستنەوە**boundary** و ڕیکخستنی لاگرەکان دەکات( **Kiparsky,1982a: 139**)). کە لێرەدا زۆر بە کورتی پۆلینکرنی ئاستەکانی فەرهەنگ و دوافەرهەنگ بەپێی تایبەتمەندییە فۆنۆلۆجییەکانی (هێزدانان، کورتکردنەوەی سێ برگەیی و هێزی ئاڵۆز، خاوبوونەوە هاوشان بە پرۆسە مۆرفۆلۆجییەکانی شکانەوە و داڕشتن و ڕۆنان) <u>بۆ زمانی ئینگلیزی</u>، دەخرێنە ڕوو:

## ئاستی یەک L1:

- پرۆسە مۆرفۆلۆجییەکانی داڕشتنن کە بە لاگرە داڕێژەرەکانی وەک ( **-al, -ous, -ity, -th**) و لاگرە ڕێزمانییەکانی شکانەوە وەک ئەوانەی کە لە گەردانکردنە شازەکانەوە/ڕۆنانەڕێزمانییە شازەکانەوە **irregular in flection** لە (**met, kept, hidden, children,….**) ڕۆدەنرێن.
- ئەو گۆڕانکارییە فۆنۆلۆجییانەی بە(**ablaut**)ناسراون، کە گۆڕینی کوالیتی کەرتەدەنگیەکان وەک کورتکردنەوە یان درێژکردنەوەی بزوێنێک بۆ دەرخستنی بارێکی ڕێزمانی

**-[ sing]$^{V}$ →[sang]$^{past}$ →[song]$^{N}$**

- هەروەها حاڵەتەکانی (**umlaut**) کە دانانی نیشانەی ( ¨ ) لەسەر دەنگەکان وەک لە زمانی ئەڵمانیدا.

• ئەو گۆڕانکارییە مۆرفۆلۆجییانەی کە لە قەد دا ڕوودەدات وەک لە :

**-[ice, teeth ], [ bathe, bleed, teethe]V**

### ئاستی دوو L2:

لە ئاستی دووەمدا پرۆسە مۆرفۆلۆجییەکانی دارشتنی 'دووەهەمین جار' (واتە دارشتن لە فۆرمێکی دارێژراوەوە) کە بە **#boundary derivation** ناودەبات کە بە لاگرە دارێژەرەکانی (**-ist, -ism, -er, -ness, -hood,...**) لەگەڵ پرۆسەکانی لێکدان **compounding**دا ڕۆدەنرێن. (#) مەبەستی لەولاگرانە/ وشەئەرکییە دارێژەرانەیە، کە هێزدارن.

### ئاستی سێ L3:

لەم ئاستەشدا گرنگی دەدات بە شکانەوە(ناشازەکان/یاساییەکان)واتە ئەو گەردانکردنانەی بەپێی یاسا مۆرفۆلۆجییەکان بەڕێوەدەچن، وەک زیادکردنی (**-ed**)بۆ کاتی ڕابردوو، (**-s, -es**) بۆ کۆکردنەوەی ناو. کیپارسکی هەریەکە لە ئاستەکانی ١و٢ لە جێبەجێکردنی یاسا فۆنۆلۆجییە فەرهەنگییەکاندا بە وسوورِی دادەنێت. جێبەجێکردنی یاسا فۆنۆلۆجییە دوافەرهەنگییەکان بە شێوازی دواسوورِی **post-cyclic**دادەنێت.

### ١/٧-٤-٢) بۆچوونی دووەم:

بۆچوونی بوویج و ڕووباک (**Booij & Rubach ,1984: 1**)، لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە لە هەریەکە لە زمانەکانی هۆڵەندی **Dutch** و پۆڵەندی**Polish**، تێبینی ئەوەیان کرد کە بەکارهێنان و جێبەجێکردنی یاسا فۆنۆلۆجییەکان بە شێوازی سوورِی تەنها لە ناو پرۆسەکانی وشەرۆناندا ولە ژینگەکانی دارشتندا و لە ئاستەکانی فەرهەنگدا جێبەجێناکرێت، **<u>بەڵکو سوورِی/سوورِێتی لە وەرگرتنی فۆرمی فۆنۆلۆجییانەی بنچینەیی وشەشدا لە ئاستی قووڵدا جێبەجێدەکرێت</u>**: بە دوو شێواز:

١-کاتێک ڕاستاندنی فۆنەتیکی بۆ فۆرمی بنچینەیی ئەو دانە فەرهەنگییە دانەڕێژراوانە **underived lexical form**دەکرێت و دەهێنرێنە ئاستی ڕووکەش لە بوارێکی نادارشتنیدا، لەمبارەدا جێبەجێکردنی یاسا فۆنۆلۆجییەکان بەشێوەی سوورِییانە دەبێت، ئەوەش بەهۆی' مەرجی توندی هاوسێیەتی'یەوە کە لە نێوان کەرتە پێکهێنەرەکانی ڕەگەکەدا هەیە لەو دانە فەرهەنگییە دانەڕێژراوانەدا.


٢- کاتێک ڕاستاندنی**realization** فۆنەتیکی بۆ فۆرمی بنچینەیی ئەو دانە فەرهەنگییە دانەڕێژراوانە دەکرێت لە بوارەکانی ڕۆنانیدا/دارشتنیدا لە ئاستەکاندا، لەمبارەدا جێبەجێکردنی یاسا فۆنۆلۆجییە فەرهەنگییەکان بەشێوازی دواسوورِی**post-cyclic** دەبێت بۆ ئەو دانە فەرهەنگییە دارێژراوانە، کە ئەمە خاڵی جیاوازییانە لەگەڵ بۆچوونەکەی کیپارسکیدا.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئاستێکی تری(سوورِی**cyclic**) لە سەرووی ئاستەکانی دارشتنەوە لە فەرهەنگی ئەو زمانانەدا هەیە، ئینجا ئاستەکانی وشەرۆنانیش دەبنە ئاستی دواسوورِی**post-cyclic**، بە بەڵگەی ئەوەی **<u>لە زمانی هۆڵەندیدا</u>** یاسای کپکردنی دەنگە گرەکان هەیە بۆ دەنگی کۆتایی برگە وەک :

**-[held]** **underived lexical form** **→/helt/**

دەنگی/د/ کپکراوە بۆ دەنگی /ت/، ئەم یاسایە بۆ سەرجەم دانە فەرهەنگییەکان بە شێوازی سووڕی جێبەجێدەکرێت لەو زمانەدا، بەڵام لە پرۆسەکانی وشەڕۆناندا لە ئاستەکانی فەرهەنگدا جێبەجێ ناکرێت.
**[held]+ -en] →/helden/**

لەبەرئەوە یاسای گۆکردنی دەنگی گڕ لە هۆڵەندیدا دەبێت لە دواسووڕیدا ڕەچاو بکرێت لەدوای ئەوەی پرەنسیپی بلۆککردنی یاسا مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجییەکان ڕێکبخرێت(**Booij & Rubach ,1984: 1-2**). ئەگەر ئەم یاسا فۆنۆلۆجییە لە بوارەکانی ڕۆناندا/ئاستەکانی دارشتندا وەک یاسایەکی دواسووڕی **post cyclic** لەبەرچاو نەگیرا، ئەوا دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگیرێت کە پێویستە پێش هەموو یاسا فۆنۆلۆجییە فرەیزییەکانەوە جێبەجێبکرێت بەپێی مۆدولەکەی کیپارسکی، لەم بارەشدا دەکەوێتە نێوان یاسا سووڕییەکان و یاسای فریزی فۆنۆلۆجی، ئەوەش وا دەکات، کە دەبێت هەر وەک یاسایەکی دواسووڕی دابنرێت، هەروەها لە هەمان سەرچاوەدا ژمارەیەک نموونە بۆ زمانی پۆڵەندیش هێنراوەتەوە؛ کە بەم هێڵکارییە خراوەتەڕوو:




**هێڵکاریی(٦) نواندنی ئاستە سووڕیی و دواسووڕییەکانی فەرهەنگ لای (Rubach ,1985: 160)**

## ١/٧–٤–٣) بۆچوونی سێیەم:

هالّێ و موهەنان (**Halle& Mohanan, 1985:58**)، چوار ئاستی ڕێکخستنیان بۆ مۆدولی فەرهەنگ دیاریکردووە، کە تیایدا ئاماژە دەدەن بەوەی کە دەکرێت چینەکان لە ئاستەکانی فەرهەنگدا سووڕی یان ناسووڕی بن، لەمەدا لە کیپارسکی جیاوازن، خاڵێکی تر کە جیایان دەکاتەوە لە دوو بۆچوونەکانی پێشوو ئەوەیە کە نەخشەسازی یاساکان لە ئاستەکاندا، پرەنسیپی لووپ لەخۆدەگرێت، بڕوانە (١/٧–٣–١)، بەڵام خاڵی گرنگ لە دیاریکردنی ئاستەکاندا ئەوەیە کە ماکماهۆن ئاماژەی پێدەکات کە جیاوازی ئاستەکان بەهۆی هۆکاری فۆنۆلۆجییەوەیە؛ کەواتە تا جیاوازی لە نێوان هۆکارە فۆنۆلۆجییەکاندا زۆربێت، ژمارەی ئاستەکانیش زیاتر دەبێت.

### ٧/١-٤-٤) بۆچوونی چوارەم:

هەریەکە لە بۆچوونەکانی(Kasse&Shaw, 1985 و KATAMBA, 1996)دەگرێتەوە، کە تێڕوانینی کیپارسکی بە شیاو دەزانن لەوەدا کە یاسا فۆنۆلۆجییەکان بۆ دوو مۆدولی فەرهەنگ و دوافەرهەنگ دابەشدەکات؛ بەکارهێنانەکەی هاڵی و موهەنانیشHalle& Mohanan بە شیاو دەزانن لە ڕووی هەبوونی نەخشەسازی لووپ/قوڵفە بۆ ڕێکخستنی ئاستەکان و هەبوونی چوارئاست لەناو ئاستی فەرهەنگدا.

پاشان پرسیارێک دێتەئاراوە: گەر دانەیەکی فەرهەنگی/قەدێک لە یەک لاگر زیاتری پێوەبوو؟ ئایا کام لە لاگرەکان لە پێشدا چووەتە بواری ڕۆنانەکەوە و کردوویەتی بە قەدێکی داڕێژراو؟

لەوەڵامدا: لەم پرەنسیپەدا دوو ئەگەر هەیە:

١- هەموولاگرەکان و کەرتە وشەییەکان، لەیەک کاتدا زیاد دەکرێن.

٢- لەسەرەتادا یەک دانەیان زیاد دەکرێن واتە لاگرو ڕەگ، ئینجا یاسای فۆنۆلۆجیی بۆ قەدەکە جێبەجێدەکرێت، پاشان لاگر یان کەرتە وشەییەکەی تر زیاددەکرێت و یاساکانی فۆنۆلۆجیی جێبەجێدەکرێت و بەمشێوەیە بەردەوام دەبێت. کە ئەمەش یەکێکە لەو ڕێگایانەی کە پێیدەوترێت فۆنۆلۆجیی سووڕی. cyclic phonology . (**Oostendrop, 2005:6**).

تیۆریەکە زیاتر لایەنگری خاڵی دووەم دەکات، کاتامباش بە میتافۆڕی **'پیاز'** ناوی دەبات، کە ڕەگە فەرهەنگییە دانەڕێژراوەکە وەک کرۆکی پیازەکەیە، ئاستی ١ وەک ئاستی ناوەوەیە، ئاستی داڕشتنی ٢ وەک ئاستی دەرەوەی پیازەکەیە و فۆنۆلۆجیی دوافەرهەنگیش وەک توێکڵی پیازەکەیە( **KATAMBA, 1996:258**).

دیاریکردنی ئاستەکان لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا تایبەتمەند دەبێت بە یاسا مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجییەکانی زمانی کوردییەوە و مەرج نییە ئەو پرۆسە مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجییانە بگرێتەوە کە کیپارسکی ئاماژەی پێداون، کە وەک لە (هێڵکاریی (٥)دا خراوەتەڕوو، بەڵکو بەپێی ئەو دەرئەنجامە بەدەستهاتووانە دیاریدەکرێت کە لە بەشی دووەمی ئەم تێزەدا لە دەستنیشانکردنی شوێنی هێزی ئەکسێنتی (کە ئەکسێنتی هێزی ڕیتمییە) و هێزدانان بۆ دانە فەرهەنگییە بنچینەییەکان و بۆ دانەفەرهەنگییەکانی تر کە لە دەرکردەی پرۆسەمۆرفۆلۆجییەکانی وشەڕۆنان و وشەداڕشتنەوە بەدەستدێت، کە لە دواتردا ئاماژەیان پێدراوە.( **بڕوانە:** ٩/٢):).

### ٨/١) ئاستی دوافەرهەنگ:

یاسا فۆنۆلۆجیە دوافەرهەنگییەکان لە ئەنجامی کارەکانی ( **Kiparsky1973, Mascaro1976, Halle1978, Rubach1981, Mohanan1982,** لە**Kiparsky 1982b**) بەڕوونی پێشنیاری ئەوەیان کردبوو کە یاسافۆنۆلۆجییەکان بەگشتی دووجۆرن : یاسا فەرهەنگییەکان و یاسا دوافەرهەنگییەکان.

یاسا فۆنۆلۆجییە فەرهەنگییەکان لەگەڵ یاساکانی وشەڕۆناندا کارلێکدەکەن و لەبواری 'وشە'دا سنووردار دەکرێن. بەوپێیەی کە وشەکان لەناو فەرهەنگدا ڕۆدەنرێن نەک لە سینتاکسدا، لەلایەکی ترەوە ڕستە بواری سەرەکیی یاسا دوافەرهەنگییەکانن، لەبەرئەوەی ئەم یاسا دوافەرهەنگییانە بۆ زنجیرە دەنگییە

داڕێژراوەکانی وەک (دەربڕاو)ەکان جێبەجێدەکرێن کە لە لایەن ئۆپەراسیۆنە سینتاکسییەکانەوە جێبەجێکراون(**Rubach,2008:45**)لە (**Waffa Suhib,2019: 13**).

سەرەتا لای کیپارسکی جیاوازی نێوان ئەم دووئاستە لەسەر چەند بنەمایەک بوو، وەک ئاماژەپێدرا، پاشان جیاکردنەوەکە لەسەر بنەمای سووڕیی وناسووڕێتی بوو. دەرئەنجامی ئەم مۆدولەش سێ وەچەمۆدولی لێ بەرهەمهات، کە(وەچەمۆدولی مۆرفۆلۆجی، وەچەمۆدولی فۆنۆلۆجی وشەو، وەچە مۆدولی فۆنۆلۆجی فرێزییە). مۆدولی مۆرفۆلۆجی هەریەکە لە مۆدولەکانی (ئەلۆمۆرفیی پێش وشەیی، مۆدولی مۆرفۆلۆجیی لەخۆدەگرێت)، بەڵام ڕۆجا(**Roca,1994: 255**) وایدادەنێت، کە هەموو یاسا مۆرفۆلۆجییەکان لەخۆدەگرێت لەگەڵ مەرجە قورسە فۆنۆلۆجییەکانیشدا.

مۆدولی فۆنۆلۆجی، کە مۆدولی فۆنۆلۆجیی وشە دەگرێتەوە لەگەڵ فۆنۆلۆجیی فرێزدا، ئەم دوو مۆدولە بە شێوەیەکی بنەڕەتی هاوتایە لەگەڵ ئاستەکانی فەرهەنگدا، بەجۆرێک مۆدولی فۆنۆلۆجیی وشە هاوتایە لەگەڵ فۆنۆلۆجیی فەرهەنگیدا. دواتر مۆدولی فۆنۆلۆجیی فرێز دێت، کە بە فۆنۆلۆجیی ڕیزبەندیی وشە، یان ڕیزکردنی وشە یان فرێز دێت، کە لە هەندێک لە زمانەکاندا هاوتایە لەگەڵ یاسا فۆنۆلۆجییە دوافەرهەنگییەکاندا(**Roca,1994:254-255**)؛ لەهەندێک لە زمانەکانی تردا هەر دەکەوێتەوە ناو مۆدولی فەرهەنگەوە. نەریتی سڕینەوەی کەوانەکان و مەرجی توندی سووڕی و بنەمای پاراستنی دروستە، هیچ کام لەم نەریتانە لە ئاستی دوافەرهەنگدا ڕێگە پێدراو نییە. کەواتە جێبەجێکردنی سەرجەم یاسا فەرهەنگییەکان لەپێش یاسا دوافەرهەنگییەکان دێت. یاسا دوافەرهەنگییەکان دەرکردەی یاسا فەرهەنگییەکان دەگرێتەوە، کە بوارەکەیان لە بواری یاساکانی وشەڕۆنان فراوانترە، وەک ئەو یاسا فۆنۆلۆجییانەی کە ئاماژە دەکەن بۆ دروستەی فرێز(فرێزی فۆنۆلۆجی) یا ئەو یاسا فۆنۆلۆجییانەی کە لە دەرەوەی سنوورەکانی وشەدا جێبەجێکردن نەک لەناو وشەدا (**Clark,Yallop:1995: 413-414**). بۆ نموونە گۆڕینی دەنگی /s/بۆ /z/ لە **[-as you wish . /azyu:ʃ/]** ، ئەم یاسایە مەرج نییە لە هەموو دەربڕاوێکدا /**as**/ بە /**az**/ بنوێنرێت، لەبەرئەو هۆیەیە کە یاسا فۆنۆلۆجییە دوافەرهەنگییەکان بە <u>ناسووڕی</u>**non- cyclic** دادەنرێن. بەڵام لە دەربڕێنی /**box**/ لەباری کۆدا [ **[[box]+-s** گۆڕینی دەنگی /**s**/بۆ /**z**/ بە /**boksz**/ یاسایەکی فەرهەنگیی سووڕییە لە هەموو بارێکدا جێبەجێدەکرێت. کەواتە یاسا فۆنۆلۆجیی فەرهەنگییەکان تا ڕادەیەکی زۆر(مۆرفۆفۆنەمیکین)، بەڵام یاسا دوافەرهەنگییەکان هاوشێوەی پرۆسە سروشتییەکانی نیشانە کردنن **stampe** ، کە پرۆسەی سروشتیی نیشانە کردنی دەنگین؛ یان لە پرۆسە ئەلۆفۆنییە باوەکانی فۆنەمیکی دەچن**allophonic processes of traditional Phonemics** (**Clark,Yallop:1995:412-414**)، کە <u>مەبەست لەیاسا پرۆسۆدیکییەکانە</u>.

کەواتە ئاستی دوافەرهەنگ لە چوونەپاڵیەکی وشە فۆنۆلۆجییەکان لە فرێزداو لە ڕستەدا/سینتاکسدا و لە هاوسێیەتی بوونی کەرتە دەنگییەکاندا ڕوودەدات، کە فەرهەنگی نین و هی هیچ ئاستێکی داڕشتن نین، ئەنجامی ئەم هاوسێیەتی بوونەش دروست بوونی ئەلۆفۆنە جیاوازە کاتییەکانە بۆ ئەو سەگمێنتە دەنگییانە لەسەرجەمی زنجیرە دەنگییە دەربڕاوەکەدا. سەرەڕای کاریگەرییە فۆنۆلۆجییەکانی دروستبوونی فرێزی فۆنۆلۆجی وەک بڕگەبڕگە کردنەوە و پێ پێ کردنەوە و دروستبوونی فرێزی

ئاوازەیی(کە دەربڕی مووده جیاوازەکانە لە سینتاکسدا)، ئەم هۆکارانەش بە شدارن لە دروستکردنی ئەو ئەلۆفۆنە جیاوازە کاتییانەی سەگمێنتەکاندا، بەڵام دەبێت ئاماژە بدرێت بەوەش کە لە سنووری ئەلۆفۆمۆرفی وشەکە لە دەربڕاوەکەدا **utterance** دەرناچن.

لە ئاستی وشەی زمانی ئینگلیزیدا پرۆسەکان و جۆرەکانی لاگر لکاندن و لە خۆدەگرن، لە کاتێکدا فۆنۆلۆجیی ئاستی فریز دیاردەکانی وەک لکاندنی /**r**/ لە زۆرێک لە ئەکسێنتی 'نا-ڕۆتیکی'دا لەخۆدەگرن، (ئەکسێنتی 'نا-ڕۆتیکی' :واتە دەنگی /**r**/ دەخوێنرێتەوە لە دوای دەنگی بزوێن، ئەوە لە کاتێدا لە یاسا فەرهەنگییەکەدا ناخوێنرێتەوە)، وەک لە **far** دا بە /**fa:**/ یە، بەڵام لە هەندێ شێوەزاری نا-ڕۆتیکیدا دەبێتە/**far**/ ) (**Waffa Suhib, 2019:13**).

کەواتە ئەو پرۆسە فۆنۆلۆجییانەی کە دەخرێنە کار لە نێوان وشەکاندا (جگە لەوانەی کە لە ناو پرۆسەکانی لێکدانی وشەکاندان)بە یاسا دوافەرهەنگییەکان دەناسرێن، لەبەرئەوەی تەنها بە خستنەکاری ئۆپەراسیۆنی یاسا سینتاکسییەکان و بە تێ ئاخنینی فەرهەنگی**syntactic rule and lexical insertion** دەتوانرێت وشە فەرهەنگییەکان پێکەوەو ببەستێتەوە(**Hgiwara, 1992:2-3**).

لە زمانی کوردیشدا سەرجەم ئەو گۆڕانە دەنگییانەی کە لە ئاستی سینتاکسدا ڕوودەدەن بە گۆڕانی دوافەرهەنگی دادەنرێن، وەک ئەو گۆڕانکارییە فۆنۆلۆجییانەی کە بە( ئابووریکردن) ئاماژەیان پێدەدرێت، جا چ لە بەکارهێنەکانی ڕۆژانەدا بێت، یان لە بابەتێکی دیاریکراودا بێت(وەک لە ڕۆمانێکدا... )، یا هەر ئاماژەدان بێت بە ئابووریکردن لە زماندا لە ئاستی مۆفۆفۆنەمیکیدا. (**بڕوانە** (١٠/٢).)

## ٩/١) جیاوازی نێوان یاسا فەرهەنگی و دوافەرهەنگییەکان:

جیاوازیکردن لە نێوان یاسا فۆنۆلۆجییە فەرهەنگی و دوافەرهەنگییەکان بەپێی جیاوازی و تایبەتمەندیی زمانەکان دەگۆڕێت، بەڵام لە ئەنجامی ڕاڤەکردنەکانەوە، بەگشتی چەند خاڵێک دیاریکرا کە دەتوانرێت بە گشگیری بۆ سەرجەم زمانەکان بەکاربهێنرێت:

| یاسا فۆنۆلۆجییە فەرهەنگییەکان | یاسا فۆنۆلۆجییە دوافەرهەنگییەکان |
|---|---|
| ١-لەڕووی شوێنی جێبەجێکردنەوە: لەناو وشەدا جێبەجێدەکرێن، واتە تەنها لەناو پێکهاتەی ناوەوەی وشەدا . | ١-دەکرێت لە نێوان وشەکاندا جێبەجێبکرێن (لە بەستنەوەی وشەدا) بەشێوەی زنجیرەی دەنگی ، ئینجا دەربڕاو**utterance** بەرهەمدێت |
| ٢-بواری یاسا فۆنۆلۆجییە فەرهەنگییەکان: ژینگەی داڕشتنن و ڕۆنانی وشەیە کەبە ژینگەی ڕۆنراو دەناسرێت**derived domain** | ٢-بوارەکە/ژینگەکە لە دەرەوەی فەرهەنگدا لە هەرکوێیەکدا بێت جێبەجێدەکرێت، بەپێی تایبەتمەندیی زمانەکە. ژینگەی ڕۆنانی دەکرێت فریز یان ڕستە یا تاکە دەربڕاوێکی ڕستەیی بێت. |

| | |
|---|---|
| ٣-دەکردە/بەرهەمی **output** کەتیگۆرییانەیان هەیە، لەڕووی مۆرفۆلۆجییەوە خاوەنی کەتیگۆرییەکی تایبەتن، ئەوەش وادەکات دانانی شوێنی هێز برگەکردن و پێ پێ کردنی تایبەتییان هەبێت، واتە پێکهاتەی میتریکاڵی/پێوانەیی تایبەتییان هەبێت. | ٣- دەکردە /بەرهەمی **output** گۆڕاو **gradient** ی هەیە، واتە یاسا فۆنۆلۆجییە دوافەرهەنگییەکان دەرکردەی گۆڕاوی ناکەتیگۆرییانەیان هەیە،( واتە چۆن دەدوێت، چی دەدوێت، لەڕووی فۆنۆلۆجییەوە ئەوە بەرهەمەکەیەتی). |
| ٤-دروستەی دەرکردەکانی یاسا فۆنۆلۆجییە فەرهەنگییەکان پارێزراون **preserving**. | ٤-دەرکردەکانیان دروستەیان نییە و دەربڕاون **utterance** لەمبارەدا ناپارێزراون. |
| ٥-یاسا فۆنۆلۆجییە فەرهەنگییەکان دەکرێت بە شێوەی سووڕیی **cyclic** یان ناسووڕی **non-cyclic** جێبەجێبکرێن. | ٥- یاسا فۆنۆلۆجییە دوافەرهەنگییەکان ناسووڕییانە **non-cyclic** جێبەجێدەکرێن. |
| ٦- جێبەجێکردنی یاسا فۆنۆلۆجییەکان بۆ پێکهێنانی وشەیە.**applay to formative** بە ڕێگای دەستپێداگەیشتن و چارەسەرکردن **access**. | ٦- یاسا فۆنۆلۆجییە دوافەرهەنگییەکان: جێبەجێکردنیان بۆ چارەسەر و پێکهێنانی فرێزی فۆنۆلۆجی و فرێزی ئاوازەییە لە دەربڕاوێکدا. |
| ٧-یاسا فۆنۆلۆجییەکان بەرامبەریین/بێلایەنن **neuteralizing**، واتە کەرتی دەنگی هاوشێوەو هاوواتا بەرهەمدێنن. | ٧- یاسا فۆنۆلۆجییە دوافەرهەنگییەکان دەکرێت کەرتی دەنگی ناباو/داهێنراو **novel** بەرهەم بهێنن، وەک:- /بەقوربانتبم/←/بەقوربانوبم/← /وە قوروانو وم/←/وەقوروانتم/. ئەم گۆڕانانە دوافەرهەنگین. |
| ٨- فۆنێمێک دەگۆڕن بە یەکێکی تر و(ئەلۆمۆرف)بۆ مۆرفیمەکان بەرهەمدێنن، وەک : (ەکە← ەکە، یەکە، ەک...) | ٨- یاسا فۆنۆلۆجییە دوافەرهەنگییەکان ئاساییانە دەربارەی گۆڕینی ئەلۆفۆنین و و کاتین **allophonic change**، وەک. /نانی خوارد/←/نانی خواو /← /هات /←/هاو /. ئەم گۆڕانانە دوافەرهەنگین. |
| ٩-دەکرێت یاسا فۆنۆلۆجییە فەرهەنگییەکان هەڵاوێرکردنی فەرهەنگیی/ یاسابەدەری فەرهەنگییان هەبێت. | ٩- یاسا فۆنۆلۆجییە دوافەرهەنگییەکان لە هەموو بارێکی دەربڕیندا جێبەجێدەکرێن. |
| ١٠-یاسا فۆنۆلۆجییە فەرهەنگییەکان هەستیارن واتە کاردانەوەی وردو خێرایان هەیە بەرامبەر بە زانیارییەفۆنۆلۆجییە فەرهەنگییەکان **lexical informations**. | ١٠- یاسا فۆنۆلۆجییە دوافەرهەنگییەکان هەستیارن و کاردانەوەی وردو خێرایان هەیە بەرامبەر بە (**کۆزمانەوانی**) و **زمانەوانیی کارەکی**، بۆنموونە: واتە کارلێککردنی وردوو وخێرایان هەیە لەگەڵ ستاییڵە جیاوازەکانی زمان، یان بەرامبەر گیروگرفتە فۆنۆلۆجییەکان وەک لە جۆری زمانی ستانداردا. |
| ١١-یاسا فۆنۆلۆجییە فەرهەنگییەکان، فەرهەنگییانە یان مۆرفۆلۆجییانە مەرجدارکراون. | ١١- یاسا فۆنۆلۆجییە دوافەرهەنگییەکان هەرکاتێک کە پێناسەی دروستەییەکانیان **their structural descriptions are met** بەیەک گەیەنران جێبەجێدەکرێن. |

**خشتەی (١) نواندنی جیاوازیی لە نێوان یاسا فۆنۆلۆجیە فەرهەنگی و دوافەرهەنگییەکاندا.**

## ١٠/١) ئاست ڕێکخستن و سووڕی لە زمانی کوردیدا:

ڕێکخستن و جیاوازیی کردن لە نێوان ئاستەکاندا بەهۆی هۆکاری فۆنۆلۆجییەوەیە ( **McMahon, 2000:60**). هۆکاری فۆنۆلۆجیش مەبەست لێی پێواژۆفۆنۆلۆجییەکانە بەگشتی، کە یاسافۆنۆلۆجییە مۆرفۆفۆنەمیکی و یاسافۆنۆلۆجییە پرۆسۆدیکییەکان دەگرێتەوە و بەتایبەتی تایبەتمەندییە پرۆسۆدیکییەکانی وەک: شوێنی هێز و هێزدانان، هارمۆنی دەنگی بزوێن، تۆن ئەگەر زمانەکە تۆنی بێت، ..، تایبەتمەندیی دروستبوون و لێکهەڵوەشانەوەی کەتیگۆرییە پرۆسۆدیکییەکانە، کە : مۆراو و بڕگە و (پێ) و وشەی فۆنۆلۆجی دەگرێتەوە لە ئاستی فەرهەنگدا. لە ئاستی دوافەرهەنگیشدا فرێزی فۆنۆلۆجی و فرێزی ئاوازەیی، دەربڕاوەکان دەگرێتەوە، لەبەرامبەر دروستە مۆرفۆلۆجییەکان لە فەرهەنگدا و دروستە سینتاکسییەکانە لە ئاستی دوافەرهەنگدا.

لە زۆرێک لە لێکۆڵینەوە فۆنۆلۆجییەکاندا، لە زمانەوانیی کوردیدا، ئاماژە بە بواری مۆفۆفۆنەمیکی لە زمانی کوردیدا دراوە، بەڵام لێرەدا لە تێڕوانینی مۆرفۆفۆنۆلۆجییانەدا تەنها ئاماژە بە لایەنە باس نەکراوەکانی ئەو بوارە دەدەرێت، وەک: :سووڕیی و ناسووڕی و دواسووڕی لە زمانی کوردییدا، ئاستی دوافەرهەنگ، یاسا فۆنۆلۆجییە دوافەرهەنگییەکان لە زمانی کوردییدا، پاشان لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە لەو بابەتانەوە دیاریکردنی ئاستە سووڕیی و ناسووڕییەکان بۆ جێبەجێکردنی یاسا فۆنۆجییەکان لە فەرهەنگدا بەدەستدێت؛ پاشان لە دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی بواری مۆرفۆپرۆسۆدیکی دانە فەرهەنگییەکان و جێبەجێکردنی بنەماکانی تیۆریەکە لە تێڕوانینی پرۆسۆدیکیدا بۆ زمانی کوردی لە بەشی دووەم و سێیەمدا دیاریکردنی ئاستە فەرهەنگییەکان بەپێی دروستەی پێوانەیی(پێ)ی ڕیتمی و هێز لە مۆدێلی فەرهەنگ و دوافەرهەنگی کوردیدا بەدەستهاتووە.

### ١٠/١-١) سووڕی و ناسووڕی لە زمانی کوردیدا:

### ١٠/١-١-١) چەمکی سووڕی:

سووڕی یان سوڕێتی سەرەتا لەتیۆری فۆنۆلۆجیی سووڕییدا **Cyclic phonolocgy** ئاماژەپێدراوە لەلایەن (**Mascaro1976**)، دواتریش لە لایەن کپارسکی(**Kiparsky 1982a,b**)وەک یەکێک لە بنەمانی تیۆری فۆنۆلۆجیی فەرهەنگی لە ئاستی فەرهەنگدا دانراوە، کە بریتییە لە کۆمەڵێک بنەما وپرەنسیپ، یان دەکرێت وەک بنەما پێوەری و مۆدولارەکان دابنرێت(**Pandy,1997:97-100**)، کە بریتین لە تایبەتمەندییەکانی یاسا فۆنۆلۆجییەکانی تایبەت بەزمانێک، لەگەڵ تایبەتمەندیی نواندنی ئەو یاسا فۆنۆلۆجییانە، کە هەردووکیان پێکەوە بە پێواژۆفۆنۆلۆجییەکانی زمانێکی دیاریکراو ناسراون، جێبەجێکردنی ئەم یاسا فۆنۆلۆجییانە و نواندنیان لە فەرهەنگی زمانەکەدا و لەکاتی داڕشتنە مۆرفۆلۆجییەکاندا، بە ڕەچاوکردنی کۆمەڵێک بنەما، کە بە نەریتەکان ناسراون لەگەڵ کۆمەڵێک لە بەستنەوەکانی وەک نەریتی سڕینەوەی کەوانەکان، مەرجی توندی سووڕی، بنەمای پاراستنی دروستە، گریمانەی بواری بەهێز(**Kiparsky 1984, 1986**)، بلۆککردن(**Kiparsky,2004**))، پێکەوە، بە شێوەی بازنەییانە یاخود سوڕییانە جێبەجێدەکرێن لە ژینگەکانی داڕشتندا(**Rubach,1985**)، بەڵام شێوازێکی یەک لەدوای یەکییان هەیە، وەک ئەوەی سەرەتا بە نەریتی

سڕینەوەی کەوانەکان دەستپێدەکات، ئینجا پاش سڕینەوەی کەوانە مۆرفۆلۆجییە ناوەکییەکان مەرجی توندی سووڕی کارا دەبێت، کارابوونی ئەم مەرجەش دەبێت بەهۆی پاراستنی دروستەی مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجیی پێکهاتەکە، کە دەبێتە مەرجی پاراستنی دروستە، هەتا جۆری کەرتە دەنگییە پێکهێنەرەکانی دانە فەرهەنگییەکە و ڕیزبەندیان تێک نەچێت و نەگۆڕدرێت، بەهۆی ئەوەشەوە گریمانەی بواری بەهێز دێتەئاراوە، پرۆسەی داڕشتنەکە یان لێکدانەکە بەپێی یاسا بنەڕەتیە فۆنۆلۆجییەکان هاوشان بە پرۆسە مۆرفۆلۆجییەکانی زمانەکە بەڕێوە دەچێت. تەواوی پرۆسەکەش لە هەموو بارێکی داڕشتن یاخود لێکداندا لەو ئاستەدا بۆ سەرجەم ئەو دانانەی کە بەو یاسا مۆرفۆلۆجییەی داڕشتن ڕۆدەنرێن، دووبارە دەبێتەوە بە شێوەی بازنەیی، ئەمە **'سووڕی'** دەگەیەنێت؛ هەروەها پرۆسەی هێزدانان و بڕگەکردن و پێ پێ کردنیش بۆ دانە فەرهەنگییەکان بەهەمان پرۆسەی سووڕی و ناسووڕیدا تێدەپەڕن. بڕوانە :( **Kiparsky 1982a,b**)).

## ١٠/١-١-٢) سووڕی لە ئاستەکانی داڕشتندا:

لێرەدا هەوڵدەدرێت ڕاستاندنی ئەوە بکرێت، کە ئایا لەفەرهەنگی زمانی کوردیدا یاسا فۆنۆلۆجییەکان لە زۆربەی ئاستەکانی داڕشتندا بە شێوەی سووڕی جێبەجێدەکرێن ؟، بۆنموونە ژینگەی داڕشتنی خێزانی وشەیی [دار] و خێزانی وشەی هاوەڵناوی لێکدراو بە کەرتی/مۆرفیمی[-ئاو] وەردەگیرێت:

- [[دار]ناو١/وشەی فۆنۆلۆجی + -ستان وشەی فۆنۆلۆجی ئەرکی]← [نەریتی سڕینەوەی کەوانەکان **Bracet Erasure Convention BEC**+مەرجی توندی سووڕی **Strict Cycle Codition SCC**+بنەمای پاراستنی دروستە **Principle of Structure Preservation PSP** + گریمانەی بواری بەهێز **Strong Domain SDH Hypothesis**]←[دارستان]ناو/وشەی فۆنۆلۆجی هیچ پرەنسیپێکی بلۆککردن**Blocking** نییە، دەکرێت بە کورتی بەمشێوەیە دەرببڕرێت:
- [[دار]ناو١/وشەی فۆنۆلۆجی+ -ستان وشەی ف، ئەرکی ] ←سووڕی[**SDH+PSP+SCC+BEC**]←[دارستان]ناو/وشەی فۆنۆلۆجی هیچ پرەنسیپێکی بلۆککردن نییە
- [[دار]ناو١/وشەی فۆنۆلۆجی +-ەوان وشەی ف.ئەرکی ف.]←سووڕی[**SDH+PSP+SCC+BEC**]←[دارەوان]ناو/ وشەی فۆنۆلۆجی هیچ پرەنسیپێکی بلۆککردن نییە
- [[دار]ناو١/وشەی فۆنۆلۆجی+-ین وشەی ف. ئەرکی]←سووڕی[**SDH+PSP+SCC+BEC**]←[دارین]هاوەڵناو/وشەی فۆنۆلۆجی هیچ پرەنسیپێکی بلۆککردن نییە
- [[دار]ناو١/وشەی فۆنۆلۆجی +-ا وشەی ف ئەرکی]←سووڕی[**SDH+PSP+SCC+BEC**]←[دارا]هاوەڵناو/ وشەی فۆنۆلۆجی هیچ پرەنسیپێکی بلۆککردن نییە

پرۆسە مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجییەکانی وشەڕۆنان کە لە ڕێگەی یاسا مۆرفۆلۆجییەکان و یاسا فۆنۆلۆجییەکانی پێشووترەوە جێبەجێدەکرێن، توانای پێدانی زانیارییان هەیە بە یاسا فۆنۆلۆجییە فەرهەنگییەکان لە ئاستەکەی خۆیاندا بە شێوەی مۆدێلێکی سووڕیی یان بازنەیی کە توانای دووبارە

بوونەوەییان هەیە، وەک لەو نموونانەدا ئاماژەپێدرا، بەڵام ئەگەرلە جێبەجێکردنی یاسا فۆنۆلۆجییەکاندا لادان هەبوو، پرەنسیپی بلۆککردن دێت ئاراوە، بۆ نموونە لە پرۆسەیەکی مۆرفۆلۆجیی لێکداندا :

- [[گوڵ]ناو/ وشەی فۆنۆلۆجی + [ئاو] ناو/ وشەی فۆنۆلۆجی] ⟵ [نەریتی سڕینەوەی کەوانەکان **BEC**+مەرجی توندی سووڕی **SCC**+بنەمای پاراستنی دروستە **PSP**+ گریمانەی بواری بەهێز **SDH**] ⟵ نواندنی پێکهاتەیی(کە فۆنۆلۆجیی ئاستی مۆرفۆلۆجییە) ⟵[گوڵئاو] ⟵ ⃠بنەمای بلۆککردن **B** بۆ هاتنی دەنگی/ئ/لەوێدا،] زانیاری دەدەن بە یاسا فۆنۆلۆجییەکە بەوەی کە دەنگی /ئ/ دەبێت لەوێدا لاببرێت، لەناو پێکهاتەی مۆرفۆلۆجی و پێکهاتەی فۆنۆلۆجی/برگەیی وشەکەدا ↪ گەڕانەوە بۆچارەسەرکردن **Process** ⟵ [گوڵاو]ناو/ وشەی فۆنۆلۆجی ، ئەم بەستنەوەیە کۆتوبەندی لابردنی دەنگی /ئ/ یە <u>بەشێوەی دووبارەبوونەوەیی</u> لە هەمان ئاستی داڕشتنیدا، <u>لەبەرئەوە یاساکە دەبێت بە یاسایەکی فۆنۆلۆجی سووڕی</u>، کە دەکرێت بەم هێڵکارییە بنوێنرێت: بەم هێڵکارییە بنوێنرێت:

[[گوڵ]ناو۱ + ئاو]] ⟵[**BEC**+**SCC**+**PSP**+**SDH**]⟵[گوڵئاو]⃠[**B**] ↪ چارەسەرکردن[لابردنی/ئ/]⟵[گوڵاو]ناو

**هێڵکاریی(٧) نواندنی سووڕی لە یەکێک لە ژینگەکانی داڕشتن دا(لە ژینگەی داڕشتنی [گوڵاو]دا)**

بەمشێوەیە وەک بینرا سووڕێتییەک **cyclicity** لە جێبەجێکردنی یاسا فۆنۆلۆجییەکەدا هەیە هاوشان لەگەڵ پرۆسە مۆرفۆلۆجییەکەدا لە بواری ڕۆنانەکەدا، کە لە ئاستە فەرهەنگییەکاندا جێبەجێدەکرێت.

ئەم زانیاریەفۆنۆلۆجییەی لابردنی/ئ/، وەک یاسایەکی فۆنۆلۆجیی فەرهەنگیی زمانی کوردییە بۆ دەرکردە نوێیەکان کە لەگەڵ [ئاو] ناو/ وشەی فۆنۆلۆجی لێکدەدرێن بۆ ڕۆنانی ناوی لێکدراو، ئەمەش <u>بەشێوەیەکی سووڕی</u> لە هەمان بواری ڕۆناندا بۆ دانەکانی تر دووبارە دەبێتەوە، وەک لە [قوڕاو، ماستاو، شەربەتاو(چیمەنتۆگرتنەوە)،چڵکاو، زاخاو(شتنەوەی ئاڵتوون)،.... ]دا.

بەڵام لە: [[خوێ]ناو/ وشەی فۆنۆلۆجی +[ئاو] ناو/ وشەی فۆنۆلۆجی]دا:

لەبەرئەوەی دانە فەرهەنگییەکە[خوێ] بە دەنگی بزوێن کۆتایی هاتووە، ئەوا یاساکە پاش بنەمای بلۆککردنی هاتنی دەنگی/ئ/ توشی بنەمایەکی تری بلۆککردن دەبێتەوە کە هاتنی دوو دەنگی بزوێنە بەدوای یەکدا، لەمبارەدا دەبێت پرۆسەی چارەسەرکردنەکە دوو پرۆسەی بچووکتر لەخۆبگرێت یەکەم: لابردنی /ئ/ . دووەم: دانانی یەکێک لە دەنگە ناوبەندەکان لەجێی ئەودا، لەمبارەدا دووجار سووڕێتی لە ژینگەی داڕشتنەکەدا دووبارە دەبێتەوە، بەمشێوەیە:

- [[خوێ]ناو۱ + ئاو]] ⟵[**BEC**]⟵[خوێئاو]نابێت⃠[**B**] ↪چارەسەرکردن[لابردنی/ئ/]⟵[خوێ او]ناو ⃠[**B**] ↪ چارەسەرکردن [**SCC**+**SDH** +**PSP** ] ⟵[خوێیاو]ناو۲ ،هەروەها دروستەی پێوانەییەکەشی لە یەک

بڕگەوە بووە بە دوو بڕگە، (پیَ)ی ئایامبیکیی بەرهەمهاتووە، شوێنی هێزیش گواستراوەتەوە بۆ سەر بزوێنی بڕگەی کۆتایی، ئەوەش هەر گۆڕانکارییەکی سووڕییە لە دروستە پێوانەییەکەیدا.

- پێویستە ئاماژە بدرێت بەوەی کە وشەی [ئاو] ناو/ وشەی فۆنۆلۆجی جیاوازە لە بە پاشگری [-اوی] وشەی ف. ئەرکی کە لە ژینگەی ڕۆنانی [[خۆڵ]ناو + -اوی]دا، چونکە هاوەڵناوی [خۆڵاوی] هاوەڵناو/ وشەی فۆنۆلۆجی دادەرێژێت، بەڵگەش بۆ ئەوە ناکرێت لە [[خۆڵ] ناو + ئاو]* ەوە داڕێژرابێت، پاشان بووبێت بە[[خۆڵاو]+ -ی]← [خۆڵاوی]هاوەڵناو، هەروەها بۆ هەریەکە لە [خەماوی، گراوی، تەماوی، تۆزاوی،....] هەمان شێوەیە، کەواتە لەڕووی دروستەوە و لەڕووی واتاشەوە دوو کەرتی مۆرفۆلۆجی لەیەکجیاوازن لە ئێستادا(**محەمەد، فەرەیدوون عەبدول ٢٠٢٢**).

هەروەها لە (**طالب حوسێن علی**٢٠١٤:٢٦٠- ٣٠٠ )ئاماژە دراوە بە گۆڕانە دەنگیی و مۆرفۆفۆنەمیکییەکانی دەنگی /یَ/ لە بڕگەو وشە فەرهەنگییەکانی زمانی کوردیدا و پێداچوونە بە سەرچاوەکانی پێشووتردا، بەبێ ئاماژەدان بە پێڕەوکردنی ئەو بنەمایانەی کەلەم تیۆریەدا ئاماژەیان پێدراوە.

هەروەک لە بنەما گشتییەکانی تیۆریەکەدا ئاماژەپێدرا، بۆ دانە داڕژراوە نوێیەکان مەرجی توندی سووڕی کارادەبێتەوە، کە تیایدا یاسا فۆنۆلۆجییە فەرهەنگییەکان لەم دانە نوێیانەدا پێکەوە جێبەجێدەکرێن، ئەمەش دەبێتە هۆی پاراستنی دروستەی دانە نوێیەکان و دووبارە چەسپاندنەوەی کەوانەی مۆرفۆلۆجیی بۆیان و لەمبارەدا دانەیەکی جێگیری مۆرفۆلۆجیی بەرهەمدێت، ئەگەر بوارەکانی بەلێکسیم بوونیان بۆ ڕەخسا دەبنە دانەیەکی فەرهەنگیی جێگیر، ئەم پێڕەوە بۆ دروستەی فۆنۆلۆجییش بەهەمان شێوەیە.

لە ژینگە ڕۆنانییەکانی تری لێکدانیشدا بە هەمان شێوە جێبەجێکردنی یاسا فۆنۆلۆجییەکان دەکرێت بەشێوەی سووڕی جێبەجێ بکرێن لە نەبوونی پرۆسەی بلۆککردن تیایاندا، وەک لە [دارگوێز]دا، کە بەبێ بنەمای بلۆککردن دەبێت، بەمشێوەیە:

- [[دار]ناو/وشەی فۆنۆلۆجی + [گوێز]ناو]←سووڕیی[**SDH+PSP+SCC+BEC**]←[دارگوێز]ناو←[دار. گوێز] هیچ پرەنسیپێکی بلۆککردن نییە.

لە ڕووی دروستەی فۆنۆلۆجییەوە، دوای پرۆسەی داڕشتن هێزی سەر وشەکان لادەچێت، لەبەرئەوەی (ناو)ێکی دوو بڕگەیی بەرهەمدێت، یەک هێزی سەرەکییان دەبێت و دەکەوێتەسەر بزوێنی بڕگەی کۆتاییانەوە، یەک (پیَ)ی ئایامبیکی بەرهەمدێت [[دارْ]+ [گویَزْ]]← [دار.گویَزْ]←**cvc.ccv́c** ، [σσ́] ←[Σ]←ω.
هەروەها بۆ [گەڵامێو]ناویش بەهەمان شێوەیە، بەڵام لەبەرئەوەی لە سێ بڕگە پێکهاتووە (پیَ)ی ئەناپست بەرهەمدێت.

| |
|---|
| هەڵێنجان: کەواتە لە ئاستی فەرهەنگدا ولە ژینگەکانی داڕشتن و لێکداندا بۆ هەمان ژینگەی داڕشتن، یاسا مۆرفۆلۆجیی و فۆنۆلۆجییەکان بە شێوەی سووڕی بۆ بنچینەکە و بۆ پاشگرەکە یان بۆ هەردوو کەرتە مۆرفۆلۆجییەکەی پێکهێنەری وشە لێکدراوەکەش جێبەجێدەکرێن، وشەی فەرهەنگی **L-Word** بەرهەمدێنن، کەواتە دەکرێت جێبەجێکردنی یاسا فۆنۆلۆجییە فەرهەنگییەکان سووڕیبن لەهەمان ئاستدا. |

## ١/١٠-٢) چەمکی ناسووڕی:

ناسووڕی یان ناسووڕێتیnon-cyclicity دەکرێت بناسێنرێت بەوەی کە: ئەگەر هاتوو لە ژینگەکانی داڕشتندا پاش ئەوەی نەریتی سڕینەوەی کەوانە مۆرفۆلۆجییە ناوەکییەکان کارابوو، بەڵام جێبەجێکردنی یاسا فۆنۆلۆجییە فەرهەنگییەکە بەشێوەی سووڕی دووبارەبوونەوەی **__نەبوو__** بۆ پێکهێنەرەبنچینەییە دەنگییەکانی دانە فەرهەنگییەکە، واتە بۆکەرتەدەنگییە پێکهێنەرەکانی دانە فەرهەنگییەکە، ئەوا بنەمای پاراستنی دروستە لەکاردەکەوێت، ئەوەش دەبێتە هۆی وەستاندنی گریمانەی بەهێزیی بوارەکە، واتە گریمانەی بواری بەهێز لەکاردەکەوێت، دەرئەنجامی ئەوەش دانە فەرهەنگییە بەرهەمهاتووەکە/ دەرکردەکە لە هەر بارێکی ڕۆناندا و لە بوارە جیاوازەکانی تری ڕۆنانیشدا، هەمان فۆڕمی دروستەیی جێگیری نابێت و فۆڕمی فۆنەتیکییشی بە جێگیری نامێنێتەوە، ئەوەش دەبێتە هۆی هەبوونی چەند فۆڕمێکی جیاوازی فۆنەتیکی، کە لە فۆڕمە فۆنۆلۆجی و پرۆسۆدیکییە فەرهەنگییە جیاوازەکانی ئەو دانە فەرهەنگییەدا دەبینرێتەوە، وەک لە نموونەکانی ناسووڕی لە وشە فەرهەنگییەکان وپارادایمەکانی کرداردا ئاماژەپێیدراوە.

## ١/١٠-٢-١)ناسووڕی لە ئاستەکانی داڕشتندا:

لەپێشتردا ئاماژە بە چەمکی سووڕی و ناسووڕی لە ئاستەکانی داڕشتندا درا، لێرەدا هەوڵدەدرێت ڕاستاندنی ئەوە بکرێت کە ئایا یاسا فۆنۆلۆجییەکان بە شێوەی ناسووڕی بۆ بنچینەکە و بۆ پاشگرەکەش جێبەجێدەکرێن؟ بۆ بەدەستهێنانی وەڵام، ئاستی داڕشتنی (ناو) ی شوێن بە پاشگری[-دان] بە نموونە وەردەگیرێت،

- [[منداڵ]ناو/وشەی فۆنۆلۆجی +-دان]وشەی ف ئەرکی ]⟵ ناسووڕی [دوای نەریتی سڕینەوەی کەوانەکانBEC، مەرجی توندی سووڕیی SCC لەکاردەکەوێت، ئیتر بنەمای پاراستنی دروستەPSP کارناکات، گریمانەی بواری بەهێزSDH بۆ دانە بنچینەییەکە و پاشگرەکەش نامێنێت،/**د**/تیادەچێت لەهەردووکیاندا] ⟵ (لە ئاستی فۆنۆلۆجیی مۆرفۆلۆجیدا واتە لە ئاستی پێکهاتەییدا) یان نواندنی مۆرفۆلۆجییانە← [منداڵدان]وشەی فۆنۆلۆجی⟵[مناڵان]وشەی فۆنۆلۆجی/پرۆسۆدیکی ، لەبەرئەوەی دەرکردەکە دانەیەکی نوێی داڕشتووە کە سەر بە کەتیگۆری ناوی داڕێژراوە، کەواتە هەمان تایبەتمەندییە فۆنۆلۆجییە پرۆسۆدیکییەکانی (ناو) لە فەرهەنگدا وەردەگرێت، دەبێتە دانەیەک کە لە سێ بڕگە پێکهاتووە و بەیەک (پێ)ی بەهێزی ئەناپست دەردەبڕرێت و دەبێتە وشەیەکی فۆنۆلۆجی و ئاستی هێزدانانەکەی لە کەتیگۆرییە پرۆسۆدیکییەکەیدا کۆتاگری دەبێت، بەمشێوەیە:
- [مi. نا. ڵاُن]ڕحمی ئافرەت⟵[mi. na. ľan] __cv. cv. cv́c__ [σ σ.σ́]⟵[Σ ´ ]⟵ω.
- [[خوێ]ناو/وشەی فۆنۆلۆجی +-دان]وشەی ف ئەرکی ]⟵**ناسووڕی**[دوای BEC، SCC لەکاردەکەوێت، PSP کارناکات، SDH بۆ پاشگرەکە،/د/ تیادەچێت] ⟵[[ خوێ]+-ان] لەم بارەشدا پرەنسیپی بلۆککردن کارا دەبێت⟵⃠[B] ↪چارەسەرکردن[هێنانی /ی/ ناوبەند]⟵ [خوێیان] وشەی فۆنۆلۆجی .
- [[شەمع]وشەی فۆنۆلۆجی +-دان]وشەی ف.ئەرکی ] ⟵ **ناسووڕی**[دوای BEC، SCC لەکاردەکەوێت، PSP کارناکات، SDH بۆ بنچینەکە،/ع/ تیادەچێت] ⟵[شەمدان]وشەی فۆنۆلۆجی هەرچەندە [شەمعدان]یش

بەکاردێت. تیاچوونی /د/ لە [–دان]وشەی ف.ئەرکی بە بلۆککردن دانانرێت، چونکە سەرپشکانەیە و خورتی نییە. هەروەها تیاچوونی دەنگی /ع/ لە [شەمعدان←شەمدان] بەهەمانشێوەیە.

لە هەمان ئاستدا و لە هەندێک لە ژینگە دارشتنییەکانی وەک ئەو نموونانەی خوارەوەدا، جێبەجێکردنی یاسا فۆنۆلۆجییەکان دەبێتە **سووڕی**:

- [[نوقڵ]ناو/وشەی فۆنۆلۆجی+–دان وشەی ف.ئەرکی]، [[گوڵ]+–دان]، [[ئاگر]+–دان]←**سووڕی**[نەریتی سرینەوەی کەوانەکان BEC + مەرجی توندی سووڕی SCC+بنەمای پاراستنی دروستەPSP+ گریمانەی بواری بەهێزSDH ] ←[نوقڵدان]، [گوڵدان]، [ئاگردان].
- هەروەها لە ژینگەی ڕۆنانیی ناوی لێکدراوی [بەردەئاش]دا دوو بنەمای بلۆککردنی تێدا دەبێت و لە [[بەرد]ناو+ە+ [ئاش]]← [بەردە ئاش] نابێت ⃠[B] ↪ **ناسووڕی**[ دوای BEC، SCC لەکاردەکەوێت، PSP کارناکات، SDH بۆ کەرتی دووەم لەکاردەکەوێت /ئ/ / تیادەچێت]←چارەسەرکردن[لابردنی/ئ/]←[بەردە اش]ناو نابێت ⃠[B] ↪ **ناسووڕی** [ دوای BEC، SCC لەکاردەکەوێت، PSP کارناکات، SDH بۆ کەرتی یەکەم لەکاردەکەوێت /ە/ تیادەچێت، چونکە هەردوو /ە/، /ا/ بەدوای یەکدا نایەت]← چارەسەرکردن[لابردنی دەنگی /ە/ بزوێن] ←[بەرداش]ناو، ئەم بنەمای بلۆککردنە بە شێوەی ناسووڕیە چونکە لە سەرجەم ژینگە دارشتنییەکاندا دووبارە **نابێتەوە**، نواندنەکەی دەبێت بە:[[بەرد]ناو+ە+ [ئاش]]←[بەرداش] ← [بەر.داش] ← **cvc.cv́c** ← [σσ́]← [Σ́]←ω.

هەڵێنجان: کەواتە لە ئاستی فەرهەنگدا ولە ژینگەکانی دارشتن و لێکداندا بۆ هەمان ژینگەی دارشتن، یاسا مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجییەکان بە شێوەی ناسووڕی و( سووڕی)یش بۆ بنچینەکە و بۆ پاشگرەکە یان کەرتی دووەم جێبەجێدەکرێن، وشەی فەرهەنگی **L-Word** بەرهەمدێنن، کەواتە دەکرێت جێبەجێکردنی یاسا فۆنۆلۆجییە فەرهەنگییەکان سووڕی یان ناسووڕی بن، لەهەمان ئاستی دارشتنییدا.

## ١٠/١–٢–٢)سووڕی و ناسووڕی بۆ ڕەگی کردار لە پارادایمەکانی کرداردا:

جێبەجێکردنی یاسا فۆنۆلۆجییە فەرهەنگییەکان بۆ ڕەگی کردار لە جێبەجێکردنی پرۆسە مۆرفۆلۆجییەکانی شکانەوە/گەردانکردن بۆ بەرهەمهێنانی پارادایمە کرداریەکان/پارادایمە کلیتیکییە کردارییەکان و جێبەجێکردنی پرۆسەمۆرفۆلۆجیەکانی وشەدارشتن بۆ بەرهەمهێنانی وشەی نوێ، کە دەرکردەی بەرهەمهاتووی ئەو پرۆسانەن، دەکرێت بە شێوەی سووڕی یان ناسووڕی یان دواسووڕییانە بن، پێویستە تاقیبکرێنەوە تا دەرئەنجام بەدەستبهێنرێت.

بەبەرهەمی ڕەگی کردار و ئەو پرۆسەمۆرفۆلۆجیانەی کە باسکران لە ((**محەمەد، ڕۆکان عەبدوڵا (٢٠١٥)؛ فتح الله، محمود (٢٠١٧)؛ خضر،هاوکار عمر (٢٠١٩)؛مستەفا، ڕەزامستەفا(٢٠٢٠)**)دا ڕاڤەکردنییان بۆکراوە، وێرای پێداچوونەوە بە لێکۆڵینەوەکانی پێشووتردا لە(**مەحوی**)،**محەمەد عەبدولفەتاح سەعید– عەزیز، ئاریان صدیق (٢٠١٨)**).)، لێرەدا تەنها لایەنی جێبەجێکردنی یاساکان بە شێوازی سووڕی و ناسووڕی ئاماژەیان پێدەدرێت، بەمشێوەیە:

### ١٠/١-٢-٢-١) سووڕی بۆ ڕەگی کردار:

ڕەگی کردار لە پارادایمەکانی کرداردا وشەی مۆرفۆسینتاکسی بەرهەمدێنێت، لە ژینگە ڕۆنانیەکانی تریشدا وشەی فۆنۆلۆجی بەرهەمدێنێت. بەڵام ئایا جێبەجێکردنی یاسا فۆنۆلۆجییەکان لەگەڵ یاسا مۆرفۆلۆجییەکاندا لەم ژینگانەی دارِشتندا بە شێوازی سووڕییە؟

بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکە ڕاستاندن دەکەین بە چەند نموونەیەک، وەک:

١- ژینگەکانی دارِشتنی فۆرمە جیاوازەکان لە ڕەگی کرداری چاووگی[نووسین] وەردەگرین لە ژینگە ڕۆنانییەکانی شکانەوەی کردارەکەدا، واتە لە دارِشتنی فرێزی کلیتیکییدا، کە پارادایمەکانی کرداری لێبەرهەمدێت :

- [[نووس]ڕەگ/وشەی فۆنۆلۆجی +–ی وشەی ف.ئەرکی]←**سووڕی** [نووسی]قەد/وشەی مۆرفۆسینتاکسی/پارادایمی کلیتیکدار ← فرێزی فۆنۆلۆجی**PPh** بەرهەمدێت.
- [دە– وشەی ف.ئەرکی+ [نووس]ڕەگ/وشەی فۆنۆلۆجی +–م/ین/یت/ن/ێت/ن کلیتیک/وشەی ف.ئەرکی]←**سووڕی** [دەنووسم، دەنووسین،..]وشەی مۆرفۆسینتاکسی/پارادایمی کلیتیکدار←**PPh** فرێزی فۆنۆلۆجی
- [دە–وشەی ف.ئەرکی–+[نووس]ڕەگ/وشەی فۆنۆلۆجی +–رێ وشەی ف.ئەرکی]+–ن وشەی ف.ئەرکی]← **سووڕی** [دەنووسرێن]وشەی مۆرفۆسینتاکسی←**PPh** فرێزی فۆنۆلۆجی.

٢–لە ژینگە ڕۆنانییەکانی دارِشتنی وشە فەرهەنگییەکانیشدا لە:

- [[[نووس]ڕەگ/وشەی فۆنۆلۆجی+–ی]قەدی کردار/فرێزی فۆنۆلۆجی **+**–ن وشەی ف.ئەرکی] ← **سووڕی**[نووسین]چاوگ=ناو/وشەی فۆنۆلۆجی ←**ω**. وشەی فۆنۆلۆجی بەرهەمدێت (پرەنسیپی لووپ).
- [[ڕێ]ناو+[نووس]ڕەگ/وشەی فۆنۆلۆجی] ←[ڕێنووس]ناو/وشەی فۆنۆلۆجی ← **ω**وشەی فۆنۆلۆجی بەرهەمدێت.

لەو ڕاڤەکردنانەوە دەردەکەوێت، کە سووڕێتی بووەتە هۆی ئەوەی کە ڕەگی کرداری [نووسین] کە [نووس]ە یەک فۆرمی جێگیری فۆنەتیکی و مۆرفۆلۆجی هەبێت، لەسەرجەم بوارەڕۆنانییەکانی( شکانەوە، دارِشتن ،لێکدان)دا.

| |
|---|
| هەڵێنجان: کەواتە لە ئاستی فەرهەنگدا ولە ژینگەکانی دارِشتندا بۆ هەمان ژینگەی دارِشتن، لەپێکهێنانی هەندێک لە پارادایمەکانی کرداردا کە وشەی مۆرفۆسینتاکسی **M-Word** و وشەی فەرهەنگیش **L-Word** بەرهەمدێنن جێبەجێکردنی یاسا فۆنۆلۆجییەکان بە شێوەی سووڕی بۆ بنچینەکە، کە ڕەگی کردارەکەیە، جێبەجێدەکرێن. |

### ١٠/١-٢-٢-٢) ناسووڕی بۆ ڕەگی کردار:

هەوڵدەدرێت ڕاستاندنی ئەوە بکرێت کە ئایا جێبەجێکردنی یاسا فۆنۆلۆجییەکان بۆ دارِشتنی پارادایمەکانی کردار لە بنچینەی ڕەگی کردارەوە بە شێوەی ناسووڕیش هەیە، یان بە شێوەی ناسووڕی دەبێت؟، بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکە، ڕاستاندن دەکەین بە چەند نموونەیەک، وەک:

بۆنموونە ژینگەی دارِشتنی پارادایمەکانی ئەو کردارانەی کە لە چاووگی [خواردن] وەردەگیرێن :

بەپێی یاساگشتییەکانی ڕۆنانی چاووگ: [[ڕەگ]+ [ا،و، ی، د، ت]وشەئەرکییەکانی شکانەوەی کاتی ڕابردوو ] ]قەد+ن]چاووگ،
بەم پێیە ڕەگی چاوگی [خواردن]= [[خوار]ڕەگ + د]قەد ن]چاووگ ، دەبێت بە [خوار]ڕەگی کرداری خواردن :

- [[خوار]ڕەگ/وشەی فۆنۆلۆجی +–د وشەی ف.ئەرکی]قەد/فریزی فۆنۆلۆجی←[خوارد]پارادایمی کرداری ڕابردوو ←PPh
- [دەوشەی ف.ئەرکی+[خوار]ڕەگ/وشەی فۆنۆلۆجی +–ات کلیتیک]←**ناسووڕی** [دوای نەریتی سڕینەوەی کەوانەکان**BEC**، مەرجی توندی سووڕی **SCC** لەکاردەکەوێت، ئیتربنەمای پاراستنی دروستە**PSP** کارناکات، گریمانەی بواری بەهێز**SDH** بۆ ڕەگی کردارەکە نامێنێت، ]←[دەوشەی ف ئەرکی+[خۆ]وشەی فۆنۆلۆجی+–اتوشەی ف ئەرکی]←[دەخوات] وشەی مۆرفۆسینتاکسی ←**PPh**.

لە ژینگەیەکی دارشتنی تردا لە هەمان ئاستی دارشتندا کە ڕۆنانی فریزێکی تری کلیتیکییە:

- [دەوشەی ف ئەرکی+[خوار]ڕەگ/وشەی فۆنۆلۆجی+–م وشەی ف.ئەرکی]←**ناسووڕی**[دوای**BEC**، **SCC** لەکاردەکەوێت، **PSP** کارناکات، **SDH** بۆ ڕەگی کردارەکە نامێنێت،] ←[دەخۆم]وشەی مۆرفۆسینتاکسی ←**PPh** ، بۆ هەریەکە لە [دەخۆین، دەخۆیت، دەخۆن، بخۆ، بخۆن] گۆڕانە مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجییەکان و جێبەجێکردنی یاسافۆنۆلۆجییەکان دەبێتەوە <u>دواسووڕیی</u> بۆ ڕەگی کردارەکە پاش ئەوەی لە ژینگەدارشتنییانەدا لە [خوار]ڕەگی کردار ەوە گۆڕا بۆ[خۆ]ڕەگی کردار، کەواتە لەدوای ئەم ئاستەی دارشتنەوە واتە دارشتنی فریزەکلیتیکییەکانی تر بۆ ئەم ڕێژەیەی کردار دەبێتە دواسووڕیی **post-cyclic** بۆ ئەم ئاستەی دارشتن. بە واتایەکی تر، جێبەجێکردنی یاسا مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجییەکان بۆ ڕەگی کردارەکە دەبێتە سووڕیی و بۆ دارشتنی فریزە کلیتیکییەکانیش دەبێتە دواسووڕیی.

هەروەها، دووبارە <u>ناسووڕییە</u> لە :

- [دەوشەی ف ئەرکی+[خوار]ڕەگ/وشەی فۆنۆلۆجی+–رێ]فریزی فۆنۆلۆجی+-کلیتیک]فریزی فۆنۆلۆجی ناسووڕی[دوای **BEC**، **SCC** لەکاردەکەوێت، **PSP** کارناکات، **SDH** بۆ ڕەگی کردارەکە نامێنێت،]← [دەخورێن]وشەی مۆرفۆسینتاکسی ←**PPh**. پاشان بە هەمان شێوە لە دارشتنی فریزەکلیتیکییەکاندا بۆ ئەو کردارە دەبێتە <u>دواسووڕی</u>

هەڵێنجان: لە ئاستی فەرهەنگدا و لە ژینگەکانی دارشتندا بۆ هەمان ژینگەی دارشتن، لەپێکهێنانی هەندێک پارادایمەکانی کرداردا، یاسا مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجییەکان بە شێوەی ناسووڕی بۆ بنچینەکە کە ڕەگی کردارەکەیە جێبەجێدەکرێن.
کەواتە جێبەجێکردنی یاسا مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجییەکان بۆ پێکهێنانی فۆرمە جیاوازەکانی وشەمۆرفۆسینتاکسییەکانی پارادایمەکانی کردار **M-Word** لە ڕەگی کردارەوە وەک لە چاووگی (خواردن)دا دەرکەوت، بەشێوەی <u>ناسووڕییە</u>. و پاشانیش <u>دواسووڕییە</u> لە دارشتنی فریزی کلیتیکییدا.

بەمشێوەیە ڕەگی کردار لە پارادایمەکانی کرداردا کە وشەی مۆرفۆسینتاکسی**M-Word** بەرهەمدێنێت و کەتیگۆرییە پرۆسۆدیکییەکەشی دەبێتە فریزی فۆنۆلۆجی، جێبەجێکردنی یاسا فۆنۆلۆجییەکان لەگەڵ یاسا مۆرفۆلۆجییەکان تیایاندا بە شێوازی ناسووڕی دەبێت. ئەمە لە کاتێکدا وا گریمانە دەکرێت کە وشە مۆرفۆسینتاکسییەکانی پارادایمەکانی کردار کەوتبێتنە ناو فەرهەنگەوە و وەک دانەیەکی فەرهەنگی دابنرێن.

ئەو ڕاڤەکردنانە بۆ سووری و ناسووری لە ڕەگی کرداردا، دەبێتە وەڵامی سەلمێنراو بۆ ئەو پرسیارەی کە دەڵێت: ئایا وشە مۆرفۆسینتاکسیەکانی پارادایمەکانی کردار، دەکەونە فەرهەنگەوە یان نا؟ وەڵام:

بەڵێ، چونکە ئەو یاسا فۆنۆلۆجییانە کە بە شێوەی سووری و ناسووری و دواسووری کاردەکەن لە ژینگە دارشتنییەکانی ڕەگی کرداردا، بەڵگەی ئەوەن کە ڕۆنانی پارادایمە کرداریەکان دەکەونە فەرهەنگەوە، چونکە تایبەتمەندێتی یاسافۆنۆلۆجییەفەرهەنگییەکانیان هەیە و بنەما مۆدولارەکانی یاسافەرهەنگییەکانیان بەسەردا جێبەجێکراوە، نەک هی یاسا دوافەرهەنگییەکان.

ڕەگی کردار لە ژینگە ڕۆنانییەکانی وشە فەرهەنگییەکانیشدا **L-Word** لە:

- [[خوار]ڕەگ/وشەی فۆنۆلۆجی +ا– وشەی ف.ئەرکی] ← **ناسووری**←[دوای **BEC**، **SCC** لەکاردەکەوێت، **PSP** کارناکات، **SDH** بۆ ڕەگی کردارەکە نامێنێت،]←ڕەگی کردارەکە←[خۆر]←[[خۆر]+ا](زۆرخۆر)هاوەڵناو، هەندێک لە توێژەران /ر/ بە ناوبەند/فیلەر دادەنێن، بەڵام لێرەدا واگریمانە دەکرێت کە بەشێک بێت لە ڕەگی کردارەکە، چونکە وەک دەردەکەوێت لاگری/پاشگری وشە دارێژەری[ا–]وشەی ف.ئەرکی لەم ئاستەی دارشتندا ئەم جۆرە هاوەڵناوە دادەرێژێت بەبێ /ر/، وەک لە ژینگەی دارشتنی:
  –[[دان دانان، زان زانین، توان توانین، خۆر(خوار) خواردن]ڕەگی کردار/وشەی فۆنۆلۆجی+ا–]هاوەڵناو/وشەی فۆنۆلۆجی ←[دانا، زانا، توانا، خۆرا] هەروەها لە ژینگەی [[ناو]وشەی فۆنۆلۆجی+ا–وشەی ف.ئەرکی]هاوەڵناو/وشەی فۆنۆلۆجی یشدا وەک لە [دارا(دەوڵەمەند)، کارا]هاوەڵناو و لە [بخۆر]یشدا دەردەکەوێت کە /ر/ بەشێکە لە ڕەگەکە.
- هەروەها لە [ب–وشەی ف.ئەرکی [خوار]ڕەگ/وشەی فۆنۆلۆجی] ← **ناسووری**←[دوای **BEC**، **SCC** لەکاردەکەوێت، **PSP** کارناکات، **SDH** بۆ ڕەگی کردارەکە نامێنێت،] ← [ب+[خۆر]]←[بخۆر]هاوەڵناو/فرێزی فۆنۆلۆجی.

کەواتە ناسووڕێتی لە جێبەجێکردنی یاسا مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجییەکاندا و لە ژینگەکانی ڕۆناندا بووەتە هۆی هەبوونی فۆرمی جیاواز بۆ ڕەگی کرداری خواردن کە بریتین لە: [خوار لە (خواردن)، خو لە(خورا، دەخوات)، خۆ لە (دەخۆن)، خۆر لە(خۆرا)]دا.

| |
|---|
| هەڵێنجان: کەواتە لە ئاستی فەرهەنگدا و لە ژینگەکانی دارشتندا بۆ هەمان ژینگەی دارشتن، لەپێکهێنانی هەندێک وشە فەرهەنگییەکان لە ڕەگی کردارەوە، یاسا فۆنۆلۆجییەکان بە شێوەی ناسووری بۆ بنچینەکە کە ڕەگی کردارەکەیە جێبەجێدەکرێن. |

کەواتە:

| |
|---|
| جێبەجێکردنی یاسا فۆنۆلۆجییە فەرهەنگییەکان بۆ ڕەگی کردار، لە هەمان ژینگەی دارشتندا، بە شێوەی سووری و ناسووریە، لە پێکهێنانی وشەی فەرهەنگی و وشەی مۆرفۆسینتاکسیشدا. |

لە (**خضر، هاوکار عمر، ٢٠١٩: ١٥٧-١٨٦**)،ئاماژە دراوە بە گۆڕانە دەنگیی و مۆرفۆفۆنەمیکییەکانی ڕەگی کردار لە زمانی کوردیدا لە ڕووی دروستەی مۆرفۆفۆنەمیکییەوە، بەبێ ئاماژەدان بە پێڕەوکردنی بنەماکانی ئەو تیۆریەی کە لەم تێزەدا ئاماژەیان پێدراوە.

لەدوای ئەو ڕاڤە کردنانەوە پرسیارێک دێتەئاراوە، ئایا هیچ ئاستێکی سووڕی هەیە بۆدانە و ڕەگەدانەڕێژراو و بنچینەییەکان لە فەرهەنگدا؟وەڵامەکەی لەم ڕاڤەکردنەوە بەدەستدەهێنرێت:

## ٣-١٠/١)سووڕی و ناسووڕی بۆ ژینگە داڕشتنییەکانی ئاستی نواندن:

جێبەجێکردنی یاسا مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجییە فەرهەنگییەکان بە شێوەی دووبارەبوونەوە یان بە شێوەی بازنەیی، پێیدەوترێت سووڕی، کەواتە وەک کیپارسکی ئاماژەی پێدابوو مەرجی هەبوونی تایبەتمەندیی سووڕێتیی بۆ جێبەجێکردنی یاسافۆنۆلۆجییەکان هەبوونی ژینگەی داڕشتنە، لە ژینگەی داڕشتنیشدا جێبەجێکردنی یاسا مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجییەکان دەکرێت سووڕی یان ناسووڕی بن. بۆچوونی جیاواز دەربارەی سووڕێتی بۆ ئەم بابەتە لە ئارادا هەبوو وەک لە: ( ١/٧-٤) ١/٧؛-٤-١) ١/٧؛-٤-٢) ١/٧؛-٤-٣) ١/٧؛-٤-٤) :دا، ئاماژەپێیدرا و پرسیارەکانی : ئایا سووڕێتی تەنها بۆ ئاستەکانی پرۆسە مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجییەکانی وشەڕۆنانە لە فەرهەنگدا؟ ئایا هێچ ئاستێکی سووڕی هەیە بۆدانە/ڕەگە دانەڕێژراوەکان لە فەرهەنگدا؟ وەڵام درانەوە؛ بەڵام ئایا لە نواندنی فۆنۆلۆجییانەی دانە فەرهەنگییە بنچینەییەکاندا ژینگەی داڕشتن هەیە تا سووڕی هەبێت؟

ڕووباکRubach وەڵامی ئەوەی داوەتەوە و دەڵێت(ژینگەی داڕشتن دوو بار لە خۆدەگرێت، کاتێک دووکەرت کە مۆرفۆلۆجییانە پێکەوە دەبەسترێنەوە، لە بارێکی تردا کاتێک کەرتێک بەرهەمبهێنرێت لە ڕەوشێکی داڕشتنی فۆنۆلۆجیدا، واتە لە ئاستی قووڵدا دەرنەکەوتبێت، بەڵام بەهۆی جێبەجێکردنی یاسایەکی فۆنۆلۆجییەوە لە گۆکردندا لە فەرهەنگدا دەربکەوێت ( Rubach ,1984:8 ).) کەواتە **<u>نواندنی دانە فەرهەنگییەکان لە ئاستی قووڵەوە بۆ ئاستی نواندن، کە نواندنی فۆنۆلۆجی–پرۆسۆدیکیدەگرێتەوە</u>**، دەبێتە **<u>ژینگەی داڕشتنی ئاستی نواندن</u>**.

ئەوەی لێرەدا گرنگە، جێبەجێکردنی یاسا فۆنۆلۆجییە فەرهەنگییەکان لە زمانی کوردیدا لە ئاستی فەرهەنگ و دوافەرهەنگدا بەپێی کام لە بۆچوونەکان پەسن دەکرێت؟

ئایا ئاستە داڕشتنییەکانی فەرهەنگ و دوافەرهەنگ یەکسانە بە سووڕیی و ناسووڕیی، یان وەک بۆچوونی دووەم؟ ئاستی سەروو ئاستەکانی داڕشتن یەکسانە بە سووڕیی، و ئاستەکانی داڕشتن لە فەرهەنگدایەکسانە بە دواسووڕیی؟

ئایا هیچ ئاستێکی سووڕی بۆدانە و ڕەگی دانەڕێژراو و توخمەبنچینەییەکان لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا هەیە ؟

وەڵامی بەشێک لەو پرسیارانە لە ڕێگەی پەسنکردنی نواندنی فۆنۆلۆجییانەی هەندێک لە ئاستەکانی داڕشتنەوە بەپێی بنەماکانی جێبەجێکردنی یاسافۆنۆلۆجییەکان بەدەستهێنرا، کە لە پێشتردا ئاماژەپێیدرا و سەلماندن بۆ بۆ هەندێک لە ئاستەکانی داڕشتن لە ژینگە ڕۆنانییەکانی وەک [ناو]، کە وشەی فەرهەنگین و [پارادایمی کردار] کە وشەی مۆرفۆسینتاکسین و ڕاستاندنیان بۆ کرا. ئیستاش دەبێت ئەوە تاقیبکرێتەوە کە ئایا لە نواندنی فۆنۆلۆجییانەی وشە فەرهەنگییەکاندا، کە هەردوو نواندنی پێکهاتەیی فۆنۆلۆجییانە و نواندنی پرۆسۆدیکییانەدەگرێتەوە(**بڕوانە**٢/٥-١-١))، کە جێبەجێکردنی سەرجەم یاسا

فۆنۆلۆجییەکانە پێکەوە، بۆ نواندنیان، بە شێوەی سووڕی یان ناسووڕی جێبەجێدەکرێن، لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا.

### ١٠/١-٤)سووڕی و ناسووڕی بۆ دانە دانەڕێژراو و بنچینە فەرهەنگییەکان:

### ١٠/١-٤-١)سووڕی بۆ دانە دانەڕێژراوەکان:

کاتامبا بەڕوونی دەڵێت(یاسا فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجییەکان لە فەرهەنگدا بە شێوەی سووڕی جێبەجێدەکرێن، لەبەرئەوەی یاساکان وا دروستبوون وکاردەکەن تا یەکەمجار بە شێوەی سووڕی لەناو ڕەگەکاندا جێبەجێبکرێن)(**KATAMBA, 1996: 25** ). (مەبەست لە ڕەگ لای کاتامبا: دانە بنچینەییە دانەڕێژراوەکانە). بۆ ڕاستاندنی ئەوە لە کوردیدا چەند دانەیەکی فەرهەنگی دانەڕێژراو و بنچینەیی وەدەگیرێت، وەک:

- [کورد]دانەی ئاستی قووڵ ← **نواندنی فۆنۆلۆجیی سووڕی**[نەریتی دانانی کەوانەکان**BC**+مەرجی توندی سووڕی **SCC**+بنەمای پاراستنی دروستە**PSP**+گریمانەی بواری بەهێز**SDH**] ← نواندنی پێکهاتەیی فۆنۆلۆجی←[کورد] نواندنی پرۆسۆدیکی←[کورد]وشەی فۆنۆلۆجی
- [ڕۆژ]دانەی ئاستی قووڵ←نواندنی فۆنۆلۆجیی **سووڕی**[**SDH+PSP+SCC+BC**]← نواندنی پێکهاتەیی←[ڕۆژ] نواندنی پرۆسۆدیکی←[ڕۆژ].

| |
|---|
| هەڵێنجان: لەو نموونانەوە دەردەکەوێت کە نواندنی فۆنۆلۆجییانەی فەرهەنگیی دانە بنچینەییە فەرهەنگییەکان، کە نواندنی پێکهاتەیی و پرۆسۆدیکی دەگرێتەوە، تیایاندا جێبەجێکردنی سەرجەم یاسا فۆنۆلۆجییەکان پێکەوە جێبەجێدەکرێن، بۆ نواندنیان، بە شێوەی سووڕین. |

هەندێک نموونەی تر لە دواتردا وەردەگیرێت تا بزانرێت هەمان دەرئەنجام بەدەستدێت؟

### ١٠/١-٤-٢)ناسووڕی بۆ دانە دانەڕێژراوەکان:

لێرەدا هەوڵدەدرێت ڕاستاندنی ئەوە بکرێت کە ئایا جێبەجێکردنی یاسا فۆنۆلۆجییەکان بە شێوەی ناسووڕییش بۆ نواندنی دانە فەرهەنگییە دانە ڕێژراو و بنچینەییەکان هەیە، وەک لە نموونەکانی:

- [ڕەنگ]ناو/دانەی ئاستی قووڵ← **نواندنی فۆنۆلۆجیی ناسووڕی**[دوای دانانی کەوانە مۆرفۆلۆجییەکان **Bracket Condition**، مەرجی توندی سووڕی **SCC** لەکاردەکەوێت، ئیتربنەمای پاراستنی دروستە**PSP** کارناکات، گریمانەی بواری بەهێز**SDH** بۆ دانە فەرهەنگییەکە نامێنێت، ] ←نواندنی پێکهاتەیی/فۆنۆلۆجی [ڕەن+گ]←نواندنی پرۆسۆدیکی←[ڕەنگ–**reŋ** ] لەمبارەدا بنەمای پاراستنی دروستە کاری خۆی نەکردووە دوو فۆرمی دەربڕینی جیاواز بۆ دانە فەرهەنگییەکە هەیە. هەروەها بۆ [دەنگ، زەنگ، جەنگ، ژەنگ،.... ] بە هەمان شێوەیە، هەروەها/ن/+/د/ لە شێوەزاری سلێمانی، لە ناوسەنتەری شاری سلێمانیدا بە دەنگی /ŋ/ دەنوێرێت/گۆڕدەکرێت لەوشەکانی [دەوڵەمەند، دەوڵەمەندانە،..].
- [پشتدەر]ناو دانەی ئاستی قووڵ ←[دوای دانانی کەوانە مۆرفۆلۆجییەکان**Bracket Condition**، مەرجی توندی سووڕی **SCC** لەکاردەکەوێت، ئیتر بنەمای پاراستنی دروستە**PSP** کارناکات، گریمانەی بواری

بەهێزSDH بۆ دانە فەرهەنگییەکە نامێنێت]⟵نواندنی پێکهاتەیی [پشتدەر]⟵نواندنی پرۆسۆدیکی⟵[پژدەر]. هەروەها بۆ [پێشمەرگە/پێژمەرگە، دژ/دش، ...] بەهەمان شێوەیە.

- لەم نموونانەشدا بەمجۆرەیە: نواندنی فۆنۆلۆجیانەی دانەکانی[ددان، دەست، بازن... ]دانەی ئاستی قووڵ⟵[دوای BC، SCC لەکاردەکەوێت، PSP کارناکات، SDH بۆ دانە فەرهەنگییەکان نامێنێت،]⟵ نواندنی پێکهاتەیی⟵[ ددان، دەست، بازن]، نواندنی پرۆسۆدیکی ⟵[ ، دان، دەس،باز/ن **ئەلۆفۆنێکی نزیک لە**ŋ/، ].

هەروەها نواندنی هەندێک لە دانە فەرهەنگییە دانەڕیژراو بنچینەییەکانی تری نێو فەرهەنگیش بە هۆکاری ناوچەیی بێت یان هۆکاری ئەکسێنتی تاکەکەسی لە دەربڕیندا لە ئاستی قووڵەوە بۆ ئاستی ڕووکەش بە شێوازی (ناسووری)ن، هەندێکجار هەردوو فۆرمە گۆڕاوەکەش وەک دوو دانەی بنچینەیی فەرهەنگی هاوواتای یەکتر لە فەرهەنگەکەدا تۆمار دەبن، ئەوەش لە لێکۆڵینەوە فۆنۆلۆجییەکاندا بە یاسای 'ئاڵوگۆڕی دەنگی' دانراوە کە یەکێکە لە یاسا فۆنۆلۆجییەکانی زمانی کوردی، وەک:

- [جگەر]دانەی ئاستی قووڵ ⟵ **نواندنی فۆنۆلۆجیی ناسووری**[دوای دانانی کەوانە مۆرفۆلۆجییەکان **Bracket Condition**، مەرجی توندی سووری **SCC** لەکاردەکەوێت، ئیتربنەمای پاراستنی دروستە**PSP** کارناکات، گریمانەی بواری بەهێز**SDH** بۆ دانە فەرهەنگییەکە نامێنێت، ] ⟵نواندنی پێکهاتەیی /فۆنۆلۆجی [جگەر]وشەی فۆنۆلۆجی⟵نواندنی پرۆسۆدیکی⟵[جگەر، جەرگ] لەمبارەدا بنەمای پاراستنی دروستە کاری خۆی نەکردووە دوو فۆرمی دەربڕنی جیاواز بۆ دانە فەرهەنگییەکە هەیە.

جێبەجێکردنی یاسا فۆنۆلۆجییەکان بۆ نواندنی [جەرگ]وشەی فۆنۆلۆجی ناسوورییە، هۆکاری ئەوەش لە سەرەتادا دروستەی بڕگەکە لە [جگەر]وشەی فۆنۆلۆجیدا **ccvc** یەک بڕگەیە، بەڵام وەک تێبینیدەکرێت لە زمانی کوردییدا سیستەمی دروستەی بڕگەیی زمانەکە زیاتر هەوڵدەدات ئەو وشە یەک بڕگەییانەی کە ئەو دروستەیەیان هەیە، گەر بەواتایەکی نزیک لە وەسف یا هاوەڵناوئاسا بەکارهاتن زیاتر مەیلی گۆڕینی دروستەی بڕگەییەکەی دەکەن بۆ دروستەی **cvcc** وەک[جەرگ] **[cerg]**، بە مەرجێک نەبێتە هۆی گۆڕینی واتا یان دروستبوونی هاوبێژی؛ وادادەنرێت هۆکاری ئەوەش ئەوە بێت، کە هاوەڵناو لە کوردیدا هێزدانانی سەرەتاگری هەیە، هێز دەکەوێتە سەر نزیکترین بزوێن لەسەرەتای وشەکەوە و بزوێنی بڕگە هێزدارەکانیش بە بەرزترو بە وچانێکی زیاتر دەردەبڕرێن(**Zabata,2009:1-2**)، بۆ ئەوەش هەبوونی دوو دەنگی **<u>نەبزوێن</u>** لەسەرەتای بڕگەکەدا ڕێگرە لەم کارە، لەبەرئەوە هەوڵدەدرێت دروستەی بڕگەکە بگۆڕدرێت و بزوێنەکە بکەوێت سەرەتاوە؛ لە کوردیدا بە مانای وەسف بە[منداڵ/نەوە]دەوترێت [جەرگ].

- لە [روبع]دا کە وشەیەکی خوازراوە دروستەی بڕگەییەکەی [رو. بiع] دوو بڕگەیە بە هەمان شێوە دەگۆڕدرێت بۆ [ڕوعب]وشەی فۆنۆلۆجیکە دەبێتە **cvcc** دەبێتە یەک بڕگەی قورس. [روبع]دانەی ئاستی قووڵ ⟵ **نواندنی فۆنۆلۆجی ناسووریی**[دوای دانانی کەوانە مۆرفۆلۆجییەکان **Bracket Condition**، مەرجی توندی سووری **SCC** لەکاردەکەوێت، ئیتربنەمای پاراستنی دروستە**PSP** کارناکات، گریمانەی بواری بەهێز**SDH** بۆ دانە فەرهەنگییەکە نامێنێت،] ⟵نواندنی پێکهاتەیی/فۆنۆلۆجی [ڕوبع]⟵نواندنی پرۆسۆدیکی⟵[ڕوبع، روعب] لە م بارەدا بنەمای پاراستنی دروستە کاری خۆی نەکردووە دوو فۆرمی دەربڕنی جیاواز بۆ دانە فەرهەنگییەکە هەیە.]

- له وشەکانی [عەنبەر، مینبەر...]دا، له ئاستی قووڵیشدا بە هەمان شێوە نواندنی پێکهاتەیی و پرۆسۆدیکیەکەیان **ناسوورییە**و دەبێت بە [عەمبەر، میمبەر...]وشەی فۆنۆلۆجی، بەڵام ئەم گۆڕانەی /ن/ بۆ /م/ سووری نییە تا له هەموو بارێکدا دووبارە ببێتەوە، چونکە ئەم گۆڕانە له وشە ڕەسەنەکاندا ڕوونادات وەک له [ئانیشک، بنک، بنەوشە، بنێشت، بەند، تەنک،....] دیارە، هەرچەندە هاوبێژیش دروست نابێت؛ بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە هەندێک لەو وشانەی کە گۆڕانی /ن/ بۆ /م/ یان تێدا ڕوو دەدات وشەی خوازراون.

| |
|---|
| هەڵێنجان: لەو نموونانەوە دەردەکەوێت کە نواندنی فۆنۆلۆجییانەی فەرهەنگیی هەندێک لە دانە بنچینەییە فەرهەنگییەکان، کە نواندنی پێکهاتەیی و پرۆسۆدیکی دەگرێتەوە، تیایاندا جێبەجێکردنی سەرجەم یاسا فۆنۆلۆجییەکان پێکەوە جێبەجێدەکرێن، بۆ نواندنیان، بە شێوەی ناسوورِیین. |

کەواتە دەتوانرێت ئەو دەرئەنجامە بەدەستبێت کە:

| |
|---|
| دەرئەنجام: ئاستێک لە سەروو ئاستەکانی داڕشتنەوە لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا هەیە، کە نواندنی فۆنۆلۆجییانەی فەرهەنگیی دانەبنچینەییە فەرهەنگییەکان، کە نواندنی پێکهاتەیی و پرۆسۆدیکی دەگرێتەوە، تیایاندا جێبەجێکردنی سەرجەم یاسا فۆنۆلۆجییەکان پێکەوە جێبەجێدەکرێن، بۆ نواندنیان، بە شێوەی سووری و ناسوورین. |

بەڵام پرسیارێکی تر لێرەدا دێتەئاراوە کە ئایا ئاستەکانی داڕشتن لە فەرهەنگ و دوافەرهەنگی زمانی کوردییدا، دواسوورین **post cyclic**، وەک ئەوەی (**Booij & Rubach ,1984: 1**)) لە زمانی هۆڵەندی و پۆڵەندیدا ئاماژەیان پێداوە ؟

لە ڕاڤەکردنەکانی پێشووەوە ئەو دەرئەنجامە بەدەستهات کە جێبەجێکردنی یاسا فۆنۆلۆجییەکان پێکەوە لە ئاستەکانی داڕشتن ورۆنان و نواندندا، بە شێوەی سووری و ناسووریش بوون، بەڵام ئاماژە بە دواسووری**post cyclic** نەدرابوو، لەبەرئەوە وەڵامی ئەم پرسیارەو پرسیارەکانی پێشوو زۆر بەگرنگ دادەنرێت، چونکە دەبنە بنەما بۆ دیاریکردنی ئاستەکانی فەرهەنگ و نەخشەسازی سووری و ناسووری لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا. لە پەسنکردنی سووری ناسووریدا ئاماژە بەهۆکاری گۆڕان و تیاچوونی دەنگەکان نادرێت، بەڵکو تەنها چۆنییەتی جێبەجێکردنی یاسا فۆنۆلۆجییەکان دەخرێتەڕوو.

## ٥-١٠/١) سووری و دواسووری لە کوردییدا:

لە تیۆریەکەدا، لە فەرهەنگ و دوافەرهەنگدا و لە ئاستەکانی داڕشتندا، سووریێتی و دواسووریێتی دیاریکرابوو بۆ جێبەجێکردنی یاسا فۆنۆلۆجییەکان، بۆ ئەو بابەتەش چەند بۆچوونێکی جیاواز هاتبووە ئاراوە، وەک لە پێشووتردا ئاماژەیان پێدرا، بەڵام دەبێت بەپێی تایبەتمەندیی زمانی کوردی لە جێبەجێکردنی یاسا مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجییەکاندا بە شێوەی سووری**cyclic** یان دواسووری **post cyclic** ئاماژە بە ئاستەکان بدرێت .

بۆ دیاریکردن و هەڵهێنجانی ئەوەش وشەی فەرهەنگیی[دەست] بە نموونە وەردەگیرێت لە ئاستی قووڵەوە بۆ ئاستەکانی نواندن و پاشان ئاستەکانی داڕشتن:

- [دەست]دانەی ئاستی قووڵ ←[دوای نەریتی دانانی کەوانە مۆرفۆلۆجییەکان **BC**، **SCC** لەکاردەکەوێت، **PSP** کارناکات، **SDH** بۆ دانە فەرهەنگییەکان نامێنێت،]← نواندنی پێکهاتەیی[دەست]← نواندنی پرۆسۆدیکی ←[ دەس]وشەی فۆنۆلۆجی.

لەبەرئەوەی [دەست]ناو/دانەی ئاستی قووڵ، لەڕووی پرۆسۆدیکییەوە بە یەک (پێ)ی بەهێز دەردەبڕرێت، هێزدانان تیایدا کۆتاگرە، تایبەتمەندیی بەستنەوەی**constraint** توانەوە و لابردنی/ئەسیمیلەیشنی /ت/ی هەیە، ئەوا نواندنی پرۆسۆدیکی [دەس] وشەی فۆنۆلۆجیی هەیە، بەپێی بۆچوونەکانی ( **Booij & Rubach 1984,**)و(**Rubach ,1985**)بێت ئەوا مانای وایە کە ئاستێکی سووڕی لەسەروو ئاستەکانی داڕشتنەوە هەیە لە فەرهەنگدا بۆ دانە بنچینەییە فەرهەنگییەکان و ئاستەکانی داڕشتنیش دواسووڕیین، کەواتە دەبێت هەموو کاتێک بە شێوەی فۆڕمی [دەست]وشەی فۆنۆلۆجیبچێتە ناو ئاستەکانی داڕشتنەوە، نەک بە [دەس] یاخود هەردووکیان، هەروەک چۆن نموونەیان بە [[/helt/]→[held]] هێنابووەوە، لە نواندنی لە ئاستی سەروو ئاستەکانی داڕشتندا و بەڵام بە فۆڕمی فۆنۆلۆجی [**held**] دەچووە بوارەکانی داڕشتنەوە : [**[[held]+ -en**]](**Booij & Rubach ,1984:1-2**). بۆ ڕاستاندن یان ڕەتکردنەوەی ئەو بۆچوونە پەسن و ڕاڤەی هەندێک لە ئاستەکانی داڕشتن و ژینگە داڕشتنییەکان دەکرێت، کە [دەست]وشەی فۆنۆلۆجیی تێدەچێت:

- [[دەست]ناو/وشەی فۆنۆلۆجی+ [–بڕ]ڕەگی کردار/وشەی فۆنۆلۆجی ] ]← **ناسووڕی** [دوای نەریتی سڕینەوەی کەوانەکان**BEC**، مەرجی توندی سووڕی **SCC** لەکاردەکەوێت، ئیتربنەمای پاراستنی دروستە**PSP** کارناکات، گریمانەی بواری بەهێز**SDH** بۆفۆڕمی فۆنەتیکی [دەست]وشەی فۆنۆلۆجینامێنێت، ]← تیاچوون/توانەوەی /ت/←[دەسبڕ]هاوەڵناو/وشەی فۆنۆلۆجی←ω، هەروەها لەبواری ڕۆنانیی لێکدانیشدا لە[دەسڕەنگین]هاوەڵناو/وشەی فۆنۆلۆجیدا بە هەمان شێوەیە.
- [[دەست]ناو/وشەی فۆنۆلۆجی+ –گا وشەی ف.ئەرکی]← **ناسووڕی** [دوای نەریتی سڕینەوەی کەوانەکان**BEC**، مەرجی توندی سووڕی **SCC** لەکاردەکەوێت، ئیتربنەمای پاراستنی دروستە**PSP** کارناکات، گریمانەی بواری بەهێز**SDH** بۆفۆڕمی فۆنەتیکی [دەست] نامێنێت، ] ← تیاچوونی/ت/ و گۆڕانی/س/ بۆ /ز/←[دەزگا]وشەی فۆنۆلۆجی←ω، هەروەها لە [دەزگرە]ناو/وشەی فۆنۆلۆجی، [دەزگیران]ناو/وشەی فۆنۆلۆجی، [دەزگیرۆیی]ناو/وشەی فۆنۆلۆجی ،.. یشدا بە هەمان شێوەیە.
- [[دەست]ناو/وشەی فۆنۆلۆجی+ [–هاڕ]ڕەگی کرداری 'هاڕین'] ]← **سووڕی** بۆ [دەست]، ناسووڕی بۆ [–هاڕ] [دوای نەریتی سڕینەوەی کەوانەکان**BEC**، مەرجی توندی سووڕی**SCC** لەکاردەکەوێت، ئیتربنەمای پاراستنی دروستە**PSP** کارناکات، گریمانەی بواری بەهێز**SDH** بۆفۆڕمی فۆنەتیکی[هاڕ]ڕەگ نامێنێت، ]← تیاچوونی/ه/، گۆڕانی/هاڕ/بە/–اڕ/←[دەستاڕ]ناو/وشەی فۆنۆلۆجی←ω، هەروەها لە [دەستەوام(دانەوەی چاکەی بەرامبەر)]،[دەستاو(تامی خواردن دروستکردن)] یشدا بە هەمان شێوەیە.

هەڵێنجان: دوو فۆڕمی فۆنۆلۆجیی نواندنیی جیاواز هەیە بۆ فۆڕمی بنچینەیی[دەست] لە ئاستی قوڵەوە بۆ ئاستی نواندنی فۆنۆلۆجی( پێکهاتەیی و پرۆسۆدیکی) کە [دەست، دەس]ن پێش ئاستەکانی داڕشتن.

سێ فۆڕمی فۆنۆلۆجی جیاواز بۆ [دەست] هەیە لە ژینگەکانی داڕشتن دا کە [دەس، دەز، دەست].

کەواتە ئەوەش مانای وایە کە:

| |
|---|
| هەڵێنجان: ناکرێت بوترێت ئاستەکانی داڕشتن ئاستی دواسووڕیین، یان سووڕیین. بەمشێوەیە بۆچوونەکەی بوویج و ڕووباک**Booij & Rubach ,1984** و بۆچوونی کیپارسکی**Kiparsky,1982a,b**یش دەربارەی سووڕێتی، کە وایدادەنێت هیچ ئاستێکی سووڕی لە سەروو ئاستەکانی داڕشتنەوە نییە و سەرجەم ئاستەکانی داڕشتن لە فەرهەنگدا سووڕیین وئاستە دوافەرهەنگییەکانیش دواسووڕیین، ڕەتدەکرێتەوە بۆ زمانی کوردی. ناکرێت بوترێت ئاستی سەروو ئاستەکانی داڕشتن سووڕییە و ئاستەکانی داڕشتنیش دواسووڕیین لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا. |

کەواتە ئەو دەرئەنجامە بەدەستدێت کە:

| |
|---|
| دەرئەنجام: هەروەک لە پەسنکردنی نموونەکانەوە دەرکەوت، کە ئاستێکی جێبەجێکردن و نواندنی یاسا فۆنۆلۆجییەکان بۆ دانە فەرهەنگییە دانەڕێژراوەکان لە سەروو ئاستەکانی داڕشتنەوە هەیە لە فەرهەنگدا، کە جێبەجێکردنی و نواندنی یاسا فۆنۆلۆجییەکان بۆیان کە بە شێوەی سووڕی و ناسووڕییە. |

بەپێی بەپێی ئەو هەڵێنجان و دەرئەنجامانەی کە لە لێکۆڵینەوەکانەوە بەدەستهاتن، دەبێت نەخشە سازییەکی تایبەت بۆ ئاستەکانی داڕشتن بەپێی سووڕی و ناسووڕی دیاری بکرێت لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا، پاش ڕەچاوکردنی بنەمای دەستنیشانکردنی ئاستەکان لە زمانی کوردیدا، سەرەتا ئاماژە بە بنەمای دەستنیشانکردنی ئاستەکان دەدرێت لە هەندێک لە زمانەکاندا.

## ١٠/١-٦)بنەمای دەستنیشانکردن و ڕێکخستنی ئاستەکان لە فەرهەنگی زمانەکاندا:

بنەمای دیاریکردنی ئەو پرۆسە مۆرفۆ-فۆنۆلۆجییانەی کە لە ئاستەکانی داڕشتندا لە فەرهەهەنگدا ڕوودەدەن، لەسەر بنەمای هۆکارە فۆنۆلۆجییەکانە، چونکە خاڵی گرنگ لە دیاریکردنی ئاستەفەرهەنگییەکاندا ئەوەیە کە جیاوازی ئاستەکان بەهۆی هۆکاری فۆنۆلۆجییەوەیە و ئەم هۆکارە فۆنۆلۆجییانەش لە :

-لە زمانی ئینگلیزیدا: دیاریکردنی جۆری هێز، کە هێز و هێزی ئاڵۆز(کە مەبەست لێی هێزی پلەدارە ، سەرەکی ناوەندی،..)دیاریکراوە، شوێنی هێز و ئاستی داڕشتنی سفر، کە گۆڕینی شوێنی هێزە بەبێ پرۆسە مۆرفۆلۆجییەکان، کورتکردنەی سێ بڕگەیی و گرژبوون و خاوبوونەوەی بڕگەکان کە هۆکارەکەیان بە هەمان شێوە شوێنگۆڕینی هێزە لە بوارەکانی داڕشتندا (بڕوانە**Kiparsky,1982a:140-142**)). کەواتە بنەمای دیاریکردنی ئاستە فەرهەنگییەکان هۆکاری فۆنۆلۆجیی بنەمای هێزدانان و یاساکانی هیز و کاریگەرییەکانییەتی لەسەر دانە فەرهەنگییەکان لە زمانی ئینگلیزیدا، وەک لە بەشی یەکەمدا ئاماژەپێدراوە.(بڕوانە (**Kiparsky,1982 a, b**)).

-لە زمانی تورکیدا: بنەمای هێزدانان لە زمانێکی تری وەک تورکیدا(**Jumah , K. Hameed 1984**) ئاماژە دەکات بەوەی کە لە زمانی ستاندەری تورکیدا، لە مۆدێلە فەرهەنگییەکەیدا، فەرهەنگ لە سێ ئاستی سەرەکی پێکدێت، کە پرۆسە مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجییەکان لەخۆدەگرێت، لە ئاستی یەکەمدا:

لەسەر بنەمای دانانی هێزی سەرەتاگری **Initial Stress Assignment ISA** سەرجەم ئەو پرۆسە مۆرفۆلۆجییانەی وشەڕۆنان لە خۆدەگرێت کە دانانی هێز تیایاندا دەکەوێتە سەرەتای وشەڕۆنراوەکەوە. واتە هێز دەکەوێتە سەر بزوێنی بڕگەی یەکەم لە دانەفەرهەنگییەکەدا؛ لە ئاستی دووەمدا: سەرجەم ئەو پرۆسەمۆرفۆلۆجییانەی وشەڕۆنان لە خۆدەگرێت کە کە دانانی هێز تیایاندا کۆتا گرە **Final Stress Assignment FSA**، واتە هێز دەکەوێتە سەر بزوێنی بڕگەی کۆتایی لە دانە فەرهەنگییەکەدا؛ لە ئاستی سێیەمدا: ئەو پرۆسە مۆرفۆلۆجییانەی وشەڕۆنانی دیاریکردووە کە لاگرەکانیان(پێشگر یاخود پاشگرەکانیان) هێز وەرناگرن. ئاماژە دەدات بەوەی کە هەموو دانە فەرهەنگییە دانەرێژراوەکان دەکەونە ناو ئاستی سیستەمی ئاستی یەکەمەوە، واتە دانانی هێز تیایاندا سەرەتا گرە. بۆ نموونە لە ئاستی یەکەمدا زیادکردنی پاشگرەکانی **[-siz]**کە بە واتای **[-less,]** و **[-ki,]** بەواتای **[more]** دێت، لە ئاستی دووەمدا پاشگرەکانی پرۆسە مۆرفۆلۆجییەکانی شکانەوە دیاریدەکات وەک **[ -ler**، کە واتای کۆ دەگەیەنێت، پاشگرە خاوەنێتیەکانی**possessive**وەک **[-ln(your),-lm(my)....]** پاشگری**[-de]** شوێن و پاشگری **[-ln]** ی دانەپاڵ....

لە ئاستی سێیەمدا ئەو لاگرانەی دیاریکردووە کە لە ژینگەکانی دارشتندا پاش پێکهێنانی دانە فەرهەنگییە نوێیەکە هێز وەرناگرن. ئاماژەی بەو پرۆسانەی لێکدانیش داوە کە هێزی ئاڵۆزییان لەسەرە ( **Jumah , K. Hameed 1984:71-81**). لە کۆتاییشدا ئاماژە دەدات بەوەی کە جیاکردنەوە مۆرفۆ-فۆنەمیکییەکان، ڕەوشی یاسا مۆرفۆلۆجی و سیمانتیکی وفۆنۆلۆجییەکان لە ئاستەکاندا دیاریدەکات.( **Jumah , K. Hameed 1984:75**).

کەواتە پرۆسە مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجییەکان لە ئاستەکانی دارشتندا لە سەرجەم زمانەکاندا یەک لەدوای یەک جێبەجێدەکرێن. گەر پرسیار بکرێت کە ئایا کام لەو دوو پرۆسەیە دەبێتە هاندەر بۆ ئەوەی تریان؟ لە زمانی تورکیدا ئاماژەی داوە بەوەی کە یاسا مۆرفۆلۆجی و سیمانتیکیەکان هاندەری گۆڕانە فۆنۆلۆجییەکانن(**Jumah , K. Hameed 1984:75**).

لە زمانی هۆڵەندی و پۆڵەندیدا بە پێچەوانەوە تایبەتمەندییە فۆنۆلۆجییە پرۆسۆدیکییەکان هاندەری پرۆسە مۆرفۆلۆجییەکانن لە ئاستەکانی دارشتندا لە فەرهەنگدا، بەمشێوەیە:

-لە زمانی هۆڵەندیدا: کاتێک (ناو) لە (هاوەڵناو)ەوە دادەرێژرێت، ڕاستەوخۆ بەهۆی زانیاری فۆنۆلۆجییە-پرۆسۆدیکییەکەیەوە دەستدەکات بە جێبەجێکردنی یاسا مۆرفۆلۆجییەکە، کە لە هەڵبژاردنی هەریەکێک لە پاشگرەکانی **[-sch]** یان **[-ief]**دا دەبینرێتەوە، ئەوەش بە پشت بەستنە بە تەرزی هێز لە فۆرمە بنچینەیی هاوەڵناوەکەدا، بەمشێوەیە:

- **[-sch]** : دەچێتە سەر ئەوهاوەڵناوەی کە هێز لەسەر بڕگەی کۆتایی بێت،**final syllable stressed**
- **[-ief]** : دەچێتە سەر ئەوهاوەڵناوەی کە هێز لەسەر بڕگەی کۆتایی **نەبێت**، **final syllable unstressed. (Booij, 1992 : 6)**

-لە زمانە سلاڤیکییەکاندا: وەک لە زمانی 'پۆڵەندی' دا **polish** بەهەمان شێوە یاسایەکی سووڕیی وەک لابردن و سڕینەوەی دەنگی بزوێن**vowel deletion** لە وشەی فۆنۆلۆجیدا، وەکو بواری داڕشتن بۆ بەرهەمهێنانی کردار هەیە کە(**Rubach ,1984: 97** ).

**[ωρ [-̀V→ Φ/ - -V]verb**

## ٧-١٠/١) بنەمای ڕێکخستنی ئاستە سووڕێتی و ئاستە نواندنییەکان لە فەرهەنگی کوردیدا:

دەستنیشانکردنی  سووڕی و ناسووڕی و دواسووڕی کە بە سووڕێتی ناو دەبرێت، لە ژینگە ڕۆنانییەکانی فەرهەنگی زمانی کوردییدا ئاماژەی پێدرا، بەڵام تەنها دەستنیشانکردنی سووڕێتی بەس نییە لە ڕێکخستنی ئاستە فەرهەنگییەکاندا، ئەوەی کە دەبێت لە نەخشەسازی ڕێکخستنی ئاستەکاندا ئاماژەی پێبدرێت، دیاریکردنی ئەو پرۆسە مۆرفۆلۆجییانەیە کە هاوشان لەگەڵ پرۆسە فۆنۆلۆجیەکان لە هەریەکە ئاستەکاندا ڕوودەدات لە فەرهەنگەکەدا و  دەستنیشانکردنی ئەو بنەمایەیە کە دیاریکردنەکەی پێ ئەنجام دەدەرێت، بەڵام بە پشت بەستن بە دەرئەنجامە بەدەستهاتووەکانی، بەشی دووەم  سێیەم،  ئینجا دەگەین بەدەرئەنجامی ڕێکخستن و هەژمارکردنی ئاستەکانی نواندن لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا.

دەستنیشانکردن و ڕێکخستنی ئاستەکانی نواندن لە فەرهەنگی زمانی کوردییدا لەسەر بنەمای هۆکارە فۆنۆلۆجیی و پرۆسۆدیکییەکانی هێزدانان دەبێت، ئەو هۆکارە فۆنۆلۆجییانەش بریتییە لە هێزدانان لەسەر بنەمای پۆلەکەتیگۆری فەرهەنگی و بنەمای سیمانتیکی و مۆرفۆلۆجییانە، وەک لە ڕاڤەکردنەکانی(  ٢/٦-٢)؛ ٢/٦-٣)؛  ٢/٦-٤) )دا دەردەکەوێت. بنەمای سیمانتیکییانە ڕۆڵ دەبینێت لە هێزدانان لە دانە فەرهەنگییەکاندا، کە دەبنە بنچینە بۆ دەستنیشانکردنی هێزی ئەکسێنتیی لە فەرهەنگدا و ئەکسێنتی هێزی ڕیتمی لە دانە فەرهەنگییەکاندا، دەستنیشانکردنی دروستە برگەییەکان کە (پێ) پێکدەهێنن، (پێ)یەکانیش وشە فۆنۆلۆجییەکان پێکدەهێنن، کە هەڵگری هێزی فەرهەنگی و هێزی ڕیتمی وشەکانن، یان فرێزە فۆنۆلۆجییە فەرهەنگییەکان پێکدەهێنن کە هەڵگری هێزی ڕیتمین. سەرەڕای ئاماژەدان بە ئاستە سووڕی و ناسووڕی و دواسووڕییەکان، کە چۆنییەتی جێبەجێکردنی ئەو یاسا فۆنۆلۆجییانە هاوشان بە پرۆسەمۆرفۆلۆجییەکان و نواندنی دانە فەرهەنگییەکان، دەگرێتەوە، کە لە ڕاڤەکردنەکانی ئەم بەشەوە بەدەستهاتوون.

## ٨-١٠/١) دەرئەنجامی ڕێکخستنی ئاستە سووڕێتییەکان لە فەرهەنگی کوردیدا:

بەپێی ئەو دەرئەنجامانەی بەدەستهاتن لە ڕاڤەکردنەکانی پێشەوەدا، کە دەکرێت ئاستەکانی نواندن و داڕشتن و ڕۆنان بە  شێوەی سووڕی و ناسووڕی و دواسوڕی لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا، بەمشێوەیە دەستنیشان بکرێت:

## ١-٨-١٠/١) دەسنیشانکردنی ئاستەکانی فەرهەنگی زمانی کوردی لە ڕووی سووڕی و ناسووڕیی دواسووڕییەوە(ئاستە سووڕێتییەکان):

١- ئاستێک لە سەروو ئاستەکانی داڕشتنەوە هەیە لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا، کە جێبەجێکردنی یاسا فۆنۆلۆجییەکان بۆ نواندنی فۆنۆلۆجییانەی توخمە دانەڕێژراو و بنچینەییەکانی فەرهەنگ دەگرێتەوە، کە

(ڕەگ**root**)ن، دەکرێت بە شێوەی سووڕی یان ناسووڕی بن، کە بە ئاستی نواندنی دانە بنچینەییە فەرهەنگییەکان ناودەبرێت.

**٢**-لە ئاستی فەرهەنگدا ولە ژینگەکانی داڕشتندا بۆ هەمان ژینگەی داڕشتن، بۆ وشە فەرهەنگییەکان **L-Word**، یاسا فۆنۆلۆجییەکان بە شێوەی **سووڕی** بۆ بنچینەکە و بۆ لاگرەکانیش جێبەجێدەکرێن، هەروەها بە شێوەی **ناسووڕییش** وشەی فەرهەنگی بەرهەمدێنن، کەواتە دەکرێت جێبەجێکردنی یاسا مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجییە فەرهەنگییەکان سووڕی یان ناسووڕی بن، لەهەمان ئاستدا، یان هەندێ جاریش دواسووڕی بن، کە بە ئاستی نواندنی دەرکردەکان لە پرۆسەمۆرفۆلۆجییەکانی وشە داڕشتن و ڕۆنانەوە، ناو دەبرێن.

**٣**-لە ئاستی فەرهەنگدا و لە ژینگەکانی داڕشتندا بۆ هەمان ژینگەی داڕشتن، بۆ وشە مۆرفۆسینتاکسییەکان **M-Word** وەک پێکهێنانی پارادایمەکانی کردار(کە بە وشەیەکی فەرهەنگی دادەنرێت)، یاسا فۆنۆلۆجییەکان بە شێوەی سووڕی و ناسووڕی و دواسووڕی بۆ بنچینەکە کە ڕەگی کردارەکەیە جێبەجێدەکرێن. کەواتە جێبەجێکردنی یاسا فۆنۆلۆجییە فەرهەنگییەکان بۆ ڕەگی کردار، لە هەمان ژینگەی داڕشتندا، بە شێوەی سووڕیی و ناسووڕییە، هەندێ جاریش دواسووڕییە، کە ئاستی نواندنی وشە مۆرفۆسینتاکسییەکانە.


**٤**- لە ئاستی دوا فەرهەنگدا جێبەجێکردنی یاسا فۆنۆلۆجییەکان بە شێوەی دواسووڕییە.

**کەواتە ڕێکخستن و هەژمارکردنی ئاستەکان لە ڕووی سووڕی و ناسووڕییەوە لە کوردیدا بەمشێوەیە دەبێت :**

١-ڕێزمانی/ڕێزمانی زمانی کوردی لە دوو مۆدولی سەرەکی فەرهەنگ و دوافەرهەنگ پێکدێت.

٢-ئاستی فەرهەنگ لە ئاستێکی سەروو ئاستەکانی داڕشتن و چوار ئاستی داڕشتنی و ڕۆنانی پێکدێت، کە ئەوانیش لە چەند وەچە لقێکی تر پێکدێن.

٣-لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا، وەک ئەوەی لەپەسنکردن و ڕاڤەکردنەکانەوە بەدەستهات، ناکرێت ئاستی سەروو ئاستەکانی داڕشتن بە سووڕی و ئاستەکانی داڕشتن بە دواسووڕی **post-cyclic** دابنرێت، یان ئاستە داڕشتنییە فەرهەنگییەکان بە سووڕی و ئاستە دوافەرهەنگییەکانیش بە دواسووڕی دابنرێت، بەڵکو چارەسەری بنەڕەتی بۆ ئەم کێشەیە لەم توێژینەوەیەدا بە پێشنیاری ئەوە دەکرێت کە: پێویست ناکات لە دیاریکردنی ئاستەکانی فەرهەنگدا سووڕێتی و بکرێتە گرفت، بەڵکو لە هەر ئاستێکدا پێویستبوو، مەرجی توندی سووڕی لەکار دەخرێت، بەپێی تایبەتمەندیی پێواژۆفۆنۆلۆجی و فۆنەتیکییەکانی زمانەکە، ئیتر ئەو ئاستە دەبێتە ئاستێکی ناسووڕی؛ ئەگەر دەرکردەکە دوای جێبەجێکردنی یاسا مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجییەکانیش وەکخۆی، بەهەمان فۆرمە فۆنەتیکییە گۆڕاوە نوێیەکەیەوە، چووە ژینگەکانی تری داڕشتنەوە، ئەوا بە **دواسووڕی** دادەنرێت. یاسا دوافەرهانگییەکانیش هەمووکاتێک دواسووڕییانە جێبەجێدەکرێت، وەک لەم هێڵکارییەدا دەردەکەوێت:




**هێڵکاریی(٨) نواندنی ئاستە سووری وناسووری دواسووریییەکانی فەرهەنگ لە زمانی کوردیدا، بەپێی ڕاڤەکردنەکان لەم تێزەدا، ئاستەکانی نواندنی دانە فەرهەنگییە بنچینەییەکان کە نواندنی پێکهاتەیی و پرۆسۆدیکی دەگرێتەوە لەگەڵ ئاستەکانی دارشتن و ڕۆنان لە فەرهەنگدا دەکرێت سووری یان ناسووری یان دواسووری بن، ئاستی دوافەرهەنگیش بە ئاستێکی دواسووری دادەنرێت.**

# بەشی دووەم

## تێڕوانینی پرۆسۆدیکییانە لە تیۆری فۆنۆلۆجی فەرهەنگیدا

## ٠/٢)سەرەتا:

جگە لە ڕێکخستنی ئاستە سووری و ناسووریییەکان لە فەرهەنگدا، کە بۆ نواندنی دانە بنچینەییە فەرهەنگییەکان و چۆنییەتی جێبەجێکردنی یاسا فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجییەکان بوو لە ژینگە داڕشتنییەکانی وشەڕۆناندا؛ کۆکردنەوەو گەنجکردنی سەرجەم دانە فەرهەنگییەکانیش لە فەرهەنگی ئاوەزییدا و ڕیکخستنییان لە ئاستە ڕێکخراوەکاندا بەتەنها بە شێوەی نواندنی پێکهاتەیی و دروستەیی فۆنۆلۆجییانە نییە، بەڵکو شێوازی نواندن و گۆکردنی ئەو دانەفەرهەنگییانەش دەگرێتەوە لە ڕووی تایبەتمەندێتی شوێنی هێز و ئەکسێنتی دەربڕینەکەیانەوەیە، کە برگەکردن و پێ پێ کردن و ڕیتمی وشەکە دەگرێتەوە کە بە'ئاستەکانی نواندن **levels of representation** لە فەرهەنگدا' ناو دەبرێت و دەبێتە نواندنی پرۆسۆدیکییانە.

پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئایا نواندنە پرۆسۆدیکییەکانی بەشێکن لە دەروازەی زانیاریی دانە فەرهەنگییەکان؟ بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکە پێویستە شیکار و پەسنی **دروستەی فۆنۆلۆجییانە و پرۆسۆدیکییانەی دانە فەرهەنگییەکان** بکرێت.

کەواتە بە ئامانجی گەیشتن **بە پەسنی دروستەی فۆنۆلۆجییانە و پرۆسۆدیکییانەی دانەفەرهەنگییەکان، کە 'وشەی فۆنۆلۆجی' و 'فرێزی فۆنۆلۆجی' و 'فرێزی ئاوازەیی' و 'دەربڕاو' دەگرێتەوە لەم تێزەدا و ڕێکخستنییان لە ئاستەکانی فەرهەنگ و دوافەرهەنگدا،** پاشان دیاریکردنی ئاستەفەرهەنگییەکان لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا لە شێوەزاری سلێمانیدا بەپێی تیۆری فۆنۆلۆجی فەرهەنگی، دەبێت شیکاری پەسنییانە بۆ 'نواندنی پرۆسۆدیکییانە'ی دانە فەرهەنگییەکان بکرێت، ئەوەش لە ڕێگەی تێڕوانینی پرۆسۆدیکییانە لە تیۆریەکەدا بەدەستدێت؛ بۆ ئەوەش وا بەپێویست دەزانرێت کە لە ڕووی تیۆریەوە دروستەی کەتیگۆریە پرۆسۆدیکییەکان و کەبریتین لە (مۆرا، برگە، پێ، وشەی فۆنۆلۆجی، فرێزی فۆنۆلۆجی) و دروستەی مۆرفۆپرۆسۆدیکییان لەئاستی فەرهەنگدا و دیاریکردنی ( فرێزی ئاوازەیی، دەربڕاو)یش لە ئاستی دوافەرهەنگدا بخرێتەڕوو، لەگەڵ پەسنکردنی تایبەتمەندییە پرۆسۆدیکییەکانی وەک (هێز، تۆن، تەوژم، ڕیتم، ئاوازە، ئەکسێنت...) و جۆرەکانی 'هێز' وەک (هێزی فەرهەنگی، هێزی فرێزی، هێزی ڕستەیی)، هێزی ئەکسێنتی و هێزی جەخت وبنەماکانی هێزدانان و تایبەتمەندییە پرۆسۆدیکییەکانی پۆلی زمانەکان لە ڕووی تیۆریەوە پەسنبکرێن و بخرێنەڕوو، پاشان دەبێت جێبەجێکردنی کارەکییانەی ئەو بابەتانە لە زمانی کوردیدا شیبکرێتەوە تا دەرئەنجامی پێویست بەدەست بێت. لە ئەنجامدا دەستنیشانکردنی چەند **<u>'ئاستێکی نواندن</u>'** بەدەستدێت بۆ فەرهەنگی زمانی کوردی، کە ئاستەکانی نواندنی فۆنۆلۆجییانە و پرۆسۆدیکییانەی دانە فەرهەنگییەکان دەگرێتەوە، کە لەسەر بنەمای دیاریکردنی دروستەی پێوانەیی دانە بنچینەییە فەرهەنگییەکان و دەرکردەکانی پرۆسە مۆرفۆلۆجییەکانی وشەڕۆنان دەستنیشان دەکرێت، کە لە <u>تێڕوانینی پرۆسۆدیکییانە</u>ی تیۆری فۆنۆلۆجیی فەرهەنگی و دوافەرهەنگییەوە سەرچاوەی گرتووە، بنەما تیۆریەکانی ئەم تێڕوانینە و بەشێکی جێبەجێکردنی کارەکی تیۆریەکە بۆ زمانی کوردی لە بەشی دووەمدا ئاماژەی پێدەدرێت، کە جیاوازە لە تێڕوانینی

مۆرفۆفۆنەمیکییانە کە لە بەشی یەکەمدا ئاماژەپێیدراوە، جێبەجێکردنی کارەکی بەشەکەی تری ئەم تێڕوانینەی تیۆریەکەش بۆ زمانی کوردی دەکەوێتە بەشی سێیەمی تێزەکەوە.
لە بەشێکی تری ئەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵدراوە دروستەی پێوانەیی (پێ) لە ئاستی فەرهەنگدا لەکوردیدا دیاری بکرێت، کە یەکێکە لە دروستە پێکهێنەرە بنچینەییەکانی وشەی فۆنۆلۆجیی. بۆ ئەوەش پێویستە دروستەی پێوانەیی و دروستەی مۆرفۆپرۆسۆدیکیی وشەی فۆنۆلۆجیی دیاریبکرێت، چونکە نواندنی پێوانەیی وشەی فۆنۆلۆجیی لە فەرهەنگی کوردیدا بەپێی ڕیتمێکی تایبەت دەبێت، کە پەیوەستە بە ئەکسێنتی 'هێزی ڕیتمی'یەوە، کە لەسەربنەمای پۆلەکەتیگۆرییانەو مۆرفۆلۆجییانە دادەنرێت، بەپێی یاسای هێزی مۆرفۆلۆجیی بەرامبەر ڕیتمیی. جێبەجێکردنی ئەم بنەمایەی هێزدانانیش بەپێی یاسافۆنۆلۆجییە پرۆسۆدیکییەکان دەبێت لە کوردیدا. لەم بارەیەوە چەند پرسیارێک دێتەئاراوە:
– ئایا یاسا فۆنۆلۆجییە پرۆسۆدیکییەکان دەکەونە ئاستی فەرهەنگ یان ئاستی دوافەرهەنگەوە؟
–ئایا کەتیگۆرییە پرۆسۆدیکییەکان کەتیگۆرییە پێوانەییەکانی وەک (مۆرا، بڕگە، پێ، وشەی فۆنۆلۆجی)یش لەخۆدەگرن؟
–ئایا (هێزدانان) لە ئاستی فەرهەنگ و دوافەرهەنگدا، بەپێی دروستەی بڕگە یان (پێ)دادەنرێت لە کوردیدا؟
–دروستەی (پێ) و جۆرەکانی، پەیوەست بە ڕیتمەوە، چ پەیوەندیەکییان بە (هێز)ەوە هەیە لە کوردیدا؟ چ کاریگەرییەکیان لەسەر دروستەی پێوانەیی وشەی فۆنۆلۆجی دەبێت؟
– چۆن ئاستەکانی فەرهەنگ و دوافەرهەنگ بەپێی شوێنی هێز و نواندنی دروستەی پێوانەیی دانەفەرهەنگییەکان شانبەشانی پرۆسە مۆرفۆلۆجییەکانی وشەڕۆنان دیاریدەکرێت لە کوردیدا؟
زۆربەی لێکۆڵینەوە دەنگسازییەکان لە زمانەوانیی کوردییدا، ئاماژەیان داوە بە هێزدانان، باسیان لە هێزی وشە کردووە بەگشتی، بەڵام درکیان بەوە نەکردووە کە هێز دەچێتە سەر وشەی فۆنۆلۆجی نەک وشەی مۆرفۆلۆجی و دروستەی پێوانەیی وشەی فۆنۆلۆجیش بەرلەوەی لە 'بڕگە' پێکبێت، لە (پێ) پێکدێت، بەڵام ئاماژە بە دروستەی پێوانەیی وشە لەڕووی دروستەی (پێ)یە پێکهێنەرەکانیانەوە نەدراوە، پەسنی دروستەی (پێ) و جۆرەکانی پەیوەست بە (هێز)ەوە نەکراوە و کاریگەرییەکەیان لەسەر دروستەی پێوانەیی وشەی فۆنۆلۆجیی نەخراوەتەڕوو، لەم ڕووەوە پێویستە لە باسکردنی هێزداناندا ئاماژە بە دروستەی (پێ)ی وشە فۆنۆلۆجییەکە بدرێت ئینجا بڕگە پێکهێنەرەکانی. هەر لەو لێکۆڵینەوانەدا ئاماژە دراوە بە کەتیگۆرییە پرۆسۆدیکییەکان بەگشتی، سەرەڕای ئاماژەنەدان و پشتگوێ خستنی دروستەی ڕیتمی و هەبوون یان نەبوونی لە دانە فەرهەنگییەکاندا لە ئاستی فەرهەنگ و لەدەربڕاوە فۆنۆلۆجییەکانی ئاستی دوافەرهەنگدا.
لەم تێزەدا بە پشت بەستن بە ڕێبازی شیکاریی پەسنی و هەڵهێنجان هەوڵدەدرێت وەڵامی ئەو پرسیارانە بدرێتەوە بۆ زمانی کوردی شێوەزاری سلێمانی، لەچەند لقێکدا.

## ٢)تێڕوانینی پرۆسۆدیکییانە لە تیۆری فۆنۆلۆجیی فەرهەنگیدا:

تێڕوانینی دووەمی تیۆری فۆنۆلۆجیی فەرهەنگی و دوافەرهەنگی کە فۆنۆلۆجیی پرۆسۆدیکییە لە لایەن ((**Selkirk 1972,1984, 1986**) و (**Nespor & Vogel 1986**) )پەرەرپێدراوە. تیۆریەکە بنیادنراوە لەسەر جێبەجێکردنی یاسا فۆنەتیکییەکان لە چەند ئاستێکی جیاوازدا، بیرۆکەی ئەمەش لە بنەڕتدا لە ( **Selkirk 1972,1984**)دا هاتووە کە جیاوازی دەکات لە نێوان یاسا فۆنۆلۆجی و فۆنەتیکییەکانی ئاستی ڕستە **sentence-level** کە لە ڕووی سینتاکسییەوە مەرجدارن، هەروەک یاسا زۆربەکارهاتووەکانی ستایڵی قسەکردن لە زمانی فەرەنسیدا، لە (**Selkirk, 1972: 46**)دا لە یاساکانی ئاستەکانی ڕستەوە کە بەتەواوی بە دروستەی پرۆسۆدیکییەوە مەرجدار کراون(**Pandy,1997: 102** )؛ هەروەها لە هەندێک سەرچاوەکاندا بە (فۆنۆلۆجییە سەرووکەرتییەکان **suprasegmental**) یان بە دیاردە پرۆسۆدیکییەکانیش **prosodic phenomena** ناودەبرێت، کە پێکدێت لە فۆنۆلۆجیی ئاوازەیی و فۆنۆلۆجیی پرۆسۆدیکی.

فۆنۆلۆجیی ئاوازەیی کە بە **Intonational phonology** ناسراوە، لایەن (**Ladd 1996**)وەپەرەرپێدراوە، لە یەکە پرۆسۆدیکییەکان دەکۆڵێتەوە کە دروستەی ئاوازەیی **Intonational structure** بەدیدەهێنن، وەک فرێزی تۆنی **phrasal tone** و ناوکی/کرۆکی تۆنی **nuclear tone**، فۆنۆلۆجیی پرۆسۆدیکیش کە مامەڵە لەگەڵ دیاردەکانی هێز و ڕیتم دەکات، لەگەڵیشیاندا لە یەکە پرۆسۆدیکییەکان دەکۆڵێتەوە کە دەبنە بواری پرۆسێسە فۆنۆلۆجییەکانی وەک درێژکردنەوە و تیاچوون ، گۆڕانی دەنگ (**Pandy, 2018 d : 2** ).

فۆنۆلۆجیی پرۆسۆدیکی سەرکەوتنێکی گەورەی تۆمارکردووە لە ڕاستیە فۆنۆلۆجی و ڕاستییە ڕێزمانییەکاندا لە زۆربەی زمانەکانی جیهاندا، جگە لەو ئەرکەی کە لە سیستەمی زمانەوانیدا هەیەتی، لێکۆڵینەوە نوێیەکان تیشکیان خستۆتە سەر ئەو ڕۆڵەی کە دروستەی پرۆسۆدیکی دەیگێڕێت لە بوارەکانی درکپێکردن و تێگەیشتنی زمان، بەرهەمهێنانی قسەکردن و بەدەستهێنانی زمان( **Vigario** **,2010: 485-486**).

لە وەڵامی پرسیاری: ئایا یاسا فۆنۆلۆجییە پرۆسۆدیکییەکان دەکەونە ئاستی فەرهەنگ یان ئاستی دوافەرهەنگەوە؟.

لە سەرەتادا، پێناسەی یاسا پرۆسۆدیکییەکان: بریتین لەو ئەو یاسا فۆنۆلۆجییانەی کە دەتوانرێت بواری بەکارهێنانیان لە ڕووی چەمکی بەستنەوە فۆنۆلۆجییە پرۆسۆیدیکییەکانەوە دابڕێژرێن(**Booij,1992: 64**).

لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکەشدا دوو بۆچوون هەیە:

**بۆچوونی یەکەم**: نێسپۆر و ڤۆجڵ (**Nespor & Vogel 1986**) یاسا فۆنۆلۆجییە فەرهەنگییەکان **Lexical rule** و یاسا فۆنۆلۆجییە پرۆسۆدیکییەکان **Prosodic rule** بە دوو جۆری جیاکراوەی یاسا فۆنۆلۆجییەکانیان دادەنێن، کە دەکەونە دوو پێکهاتەی جیاوازەوە لە زماندا، وای دادەنێن یاسا فۆنۆلۆجییە فەرهەنگییەکان دەکەونە فەرهەنگەوە، یاسافۆنۆلۆجییە پرۆسۆدیکییەکانیش لەدواسینتاکس **post-syntactically** دا جێبەجێدەکرێن، ئەمە گریمانەیەکی دیاریکراو لە خۆدەگرێت کە یاسافۆنۆلۆجیەکان ناتوانن لەیەک کاتدا ئاماژە بۆ هەردوو دروستەی سینتاکسی و دروستەی پرۆسۆدیکی بکەن. <u>بەرئەنجامی ئەم گریمانەیە ئەوەیە کە</u> بڕگەبڕگەکردن **syllabification** یان گشت پرۆسەکانی تری

پرۆسۆدیککردن  **prosodification**، وەک پێ پێ کردن **footing**.. ناکەونە ناو فەرهەنگەوە، بەڵکو دەکەونە دوافەرهەنگەوە(**Booij, 1992: 64-65**). لەمبارەدا تەنها پێکهێنەرە بنچینەییەکان کە بۆ ئاستی فەرهەنگ دیاریکرابوو بریتیبوون لە 'بڕگە' و (پێ) و 'وشەی فۆنۆلۆجی' کە بە هەرەمی پێوانەیی/مێتریکاڵی دەناسرێت دەکەونە فەرهەنگەوە و دروستە پرۆسۆدیکییەکانی تر دەکەونە دوافەرهەنگەوە( **L.J. DOWNING.1999 In Hall, Kleinhenz , 1999:73**). وەک لە (**هێڵکاریی(١٠)**)دا  لە هەرەمی پێوانەیی و پرۆسۆدیکیدا نیشاندراوە؛ ئەم بۆچوونە لە زۆربەی لێکۆڵینەوە فۆنۆلۆجیەکاندا، لە کوردیدا جێبەجێکراوە، بەبێ وردبوونەوە لە دەرئەنجامەکانی. بەم پێیە بێت، هێزدانانیش بۆ دانە فەرهەنگییەکان دەکەوێتە دوافەرهەنگەوە، چونکە بەشێکە لە نواندنی فۆنۆلۆجیانەی دانە فەرهەنگییەکان.

**بۆچوونی دووەم**: بوویج (**Booij, 1992**)بە پێچەوانەی ئەوانەوە، ئەوە دەسلمێنێت کە یاسافۆنۆلۆجییە فەرهەنگی و یاسا فۆنۆلۆجیە پرۆسۆدیکییەکان دوو پۆلی **جیاوازنین**، یاسا فۆنۆلۆجییە سووڕییەکان و یاسافۆنۆلۆجییە دواسووڕییەکانیش، ئاماژە دەکەن بۆ بوارە پرۆسۆدیکییەکان، هەندێک لە دروستە پرۆسۆدیکییەکانیش لەسەروو ئاستی وشەوەدادەنرێن (وەک ئاستی پێ و بڕگە) لە بەشێکی فەرهەنگدان (**Booij, 1992: 65**). بانگەشەکەشی لە تێزەکەدا بۆ زۆرێک لە زمانەکانی وەک: (فەرەنسی، پۆڵەندی، هۆڵەندی) سەلماندووە، توانیویەتی ئەوە بەسەلمێنێت کە یاسافۆنۆلۆجییەکان و یاسا پرۆسۆدیکییەکانیش دەکەونە فەرهەنگەوە. لە (**Booij, 2006:94-97**)**یش**دا هەمان بۆچوونی دووبارەکراوەتەوە.


لەم تێزەدا پێڕەوی بۆچوونی (**Booij, 1992**) کراوە، هەوڵدەدرێت ئەوە بسەلمێنرێت بۆ زمانی کوردی، کە دروستە پرۆسۆدیکییەکانی وەک : بڕگە، پێ، وشەی فۆنۆلۆجی، هەندێک لە فرێزە فۆنۆلۆجیەکان، کە بە دروستە پێوانەییەکان/مێتریکاڵییەکان ناسراون، دەکەونە ئاستی فەرهەنگەوە و هەندێکی تری وەک بەشێکی ترلە فرێزە فۆنۆلۆجییەکان، فرێزی ئاوازەیی، دەربڕاوی فۆنۆلۆجییش دەکەونە ئاستی دوافەرهەنگەوە؛ بەپێی ئەمە لە  تێڕوانینی پرۆسۆدیکیدا:

ئاستی فۆنۆلۆجیی فەرهەنگی = ئاستی وشەی فۆنۆلۆجی، لە فۆنۆلۆجیی پرۆسۆدیکیدا،

ئاستی فۆنۆلۆجیی دوافەرهەنگی= ئاستی فرێزە فۆنۆلۆجییەکانی وەک فرێزی فۆنۆلۆجی، فرێزی ئاوازەیی، فرێزی تۆنی)لە فۆنۆلۆجیی پرۆسۆدیکیدا.

بە بەراودکردنی هەردوو تێڕوانینی مۆرفۆفۆنەمیکی/مۆرفۆنۆلۆجی و تێڕوانینی پرۆسۆدیکی، ئەوە دەردەکەوێت کە:

لە  تێڕوانینی مۆرفۆفۆنۆلۆجیدا: ئاستی فۆنۆلۆجیی فەرهەنگی= ئاستی مۆرفۆفۆنەمیکی و هاوتای ئاستی فۆنۆلۆجی وشەیە کە لە (**مەعروف، عەبدولجەبارمستەفا- سەعید، سازان زاهیر،٢٠١٨**) و چەندین سەرچاوەی تردا لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە کراوە لە کوردیدا). ئاستی فۆنۆلۆجی دوافەرهەنگیش= ئاستی مۆفۆرسینتاکسی و هاوتای ئاستی فۆنۆلۆجی فرێزییە کە لە (**مەعروف، عەبدولجەبارمستەفا- سەعید، سازان زاهیر،٢٠١٩**) و چەندین سەرچاوەی تردا ڕاڤەکراوە. لەم ڕوانگەیەوە دەکرێت تیۆریەکە بۆ هەردوو تێڕوانینەکە/ڕێبازەکە بەم هێڵکارییە بنوێنرێت:




**هێڵکاریی (٩)بەراورد لەنێوان هەردوو تێڕوانینەکانی تیۆری فۆنۆلۆجی فەرهەنگیدا**

لەمبارەدا واتە لە تێکهەڵکێشانی هەردوو تێڕوانینەکەدا ئینکلاس(**Inkelas,1989**) وایدادەنێت لە هەرەمی کەتیگۆری پرۆسۆدیکییدا کە وەچەلقی ئاستی فەرهەنگیش دەگرێتەوە تیایدا بواری وشەی پرۆسۆدیکی **PWord** پێکهێنەرە بنچینەییە (مۆرفۆ-پرۆسیکی **morfo-prosodic**)یەکان تری وەک قەدی پرۆسۆدیکی **PStem** و ڕەگی پرۆسۆدیکیش **PRoot** دەگرێتەوە، کە دەکرێت بەمشێوەیە لەم هێڵکارییەدا بنوێنرێت:

**هەرەمی پرۆسۆدیکی لە (Inkelasm,1989:80) پێشنیارکراوە،**

دەربڕاو **Utt**

فرێزی ئاوازەیی **IP** — ئاستی دوافەرهەنگ

فرێزی فۆنۆلۆجی **PPh**

....وشەی فۆنۆلۆجی/پرۆسۆدیکی**PWord** . — ... .وشەی فۆنۆلۆجی/پرۆسۆدیکی **PWord**.....

قەدی پرۆسۆدیکی **PStem** — پێ — ئاستی فەرهەنگ

ڕەگی پرۆسۆدیکی **PRoot** — **برگە**

**هەرەمی پێوانەیی**(( selkirk, 1986) (N & V, 1986))

**هێڵکاریی(١٠) پێکداچوونی هەردوو ئاستی مۆرفۆ فۆنەمیکی و پرۆسۆدیکی، دروستکراوە بە سوود بینین لە L.J. DOWNING.1999 In: Hall, Kleinhenz , 1999:73)، کە پێکهاتە مۆفۆ-پرۆسۆدیکییەکان دەنوێنێت.**

هەندێکی تر لە سەرچاوەکان پێناسەیەکی جیاوازتر بۆ (پرۆسۆدی) دەکەن، وەک لە ( **Gerken, & McGregor, 1998: 38)** پرۆسۆدی پێناسەدەکەن بەوەی کە ئاماژە دەکات بۆ سێ دیاردەی زمانی کە بریتین لە هێزی فرێزییانە **phrasal stress**، نیشانە دەنگییە ئاوێتەکان**boundary cues**، پێوەری مەتری**meter**، لەم تێزەدا پێڕەوی ئەم بۆچوونە **نە**کراوە.

## ١/٢)کەتیگۆرییە پرۆسۆدیکییەکان/هەرەمی پرۆسۆدیکی:

کەتیگۆرییە پرۆسۆدیکیەکان لە سەرچاوەکاندا بە (یەکە پرۆسۆدیکییەکان، دروستە پرۆسۆدیکیەکان، کەتیگۆرییە پرۆسۆدیکییەکان،..) ناوهێنراون، بەڵام لەڕاستیدا گەر بەوردی لێی بکۆڵرێتەوە، هەریەکە لەوانە واتای فراوانتر و دانەی جیاواز لە خۆ دەگرن.

لە (**Hays (1982,1984**)، (**Nespor & Vogel (1982, 1986)**) وای دادەنێن کە ژینگە داڕشتنە پرۆسۆدیکییەکان پێکهێنەری سەرەکی نواندنە فۆنۆلۆجییەکانن **phonological representation**، پێیدەڵێن فرێزی فۆنۆلۆجی**phonological phrase**، (ئەم فرێزانەش لە دروستە پێوانەییەکان پێکهاتوون)، هەروەها لە کارەکانیاندا بەپێی ئەوەی، کە نواندنە فۆنۆلۆجییەکان پێکدێت لە هەرەمی پێکهێنەرە پرۆسۆدیکییەکان، یان کەتیگۆرییە پرۆسۆدیکییەکان، دەکرێت ئەم کەتیگۆرییانە ببن بە بوارەتایبەتمەند و جیاکراوەکانی یاسا فۆنۆلۆجیەکان(**Selkirk, 1986:383**). درێژە پێدراوترین ڤێرژنی/دەرکردەی فۆنۆلۆجیی پرۆسۆدیکی لە (**Nespor & Vogel 1986**)کەبە (**NV**) ناسراون، وای دادەنێن کە هەرەمی کەتیگۆرییە پرۆسۆدیکییەکان پێکدێن لە :

بڕگە **σ syllable**

- پێ **Σ foot**

-وشەی فۆنۆلۆجی **ω phonological word**

-گرووپی کلیتیکەکان**cl. clitic group**

-فرێزی فۆنۆلۆجی **φ / pph phonological phrase**

-فرێزی ئاوازەیی **I /IP intonational phrase**

-دەربڕاوی فۆنۆلۆجی **U / Utt . phonological utterance**

گەر سەرنجبدرێت گرووپی کلیتیکەکان دەکەوێت نێوان وشەی فۆنۆلۆجی و فرێزی فۆنۆلۆجییەوە، بەڵام مەرج نییە لە سەرجەم زمانەکاندا بەهەمان شێوە بێت.

ئەم کەتیگۆرییە پرۆسۆدیکییانە لە توانایاندا هەیە سێ یاسای سەرەکی و شاراوە لە خۆبگرن، کە بریتین لە: بواری یاسا فۆنۆلۆجییەکان **domains of phonological rules**، بواری بەستنەوە فۆنەتیکییەکان **domains of phonetic constraints** کە بواری دیاریکردنی ڕێگەپێدراو و ڕێگە پێنەدراوەکان دەگرێتەوە، هەڵگری پەیوەندییە زەقکراوەکان /دەرکەوتووییەکان **bearers of prominence relations** بۆ نموونە پەیوەندی بەهێزی و لاوازی بۆ بڕگەو پێ یە،... هاوسێکان؛ هەروەها (**Nespor & Vogel 1986**) ئەوە دەسەلمێنن کە دروستە پرۆسۆدیکییەکان ئایزۆمۆرفێم و هاوتای دروستە سینتاکسییەکان نین ( **Booij, 1992: 63-64**). دەکرێت ئەو دەربڕینە بەمشێوەیە ڕوون بکرێتەوە:


: [ئەم کەتیگۆرییە پرۆسۆدیکییانە لە توانایاندا هەیە سێ یاسای سەرەکی و شاراوە لە خۆبگرن، کە بریتین لە: بواری یاسا فۆنۆلۆجییەکان]، واتە لە کەتیگۆرییەکی پرۆسۆدیکی وەک 'وشەی فۆنۆلۆجی'دا یان لە هەریەکێک لەو کەتیگۆرییە پرۆسۆدیکییانەی تردا کە ئاماژەیان پێدراوە، یاسا فۆنۆلۆجییەکان تیایاندا جێبەجێدەکرێن، ئەوەش وادەکات کەتیگۆرییە پرۆسۆدیکییەکان ببنە بواری یاسافۆنۆلۆجییەکان لە زمانێکدا، بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا بەهۆی وشەی فۆنۆلۆجییەوە دەزانرێت دەنگەکانی **/ن/+/گ/= /ŋ/**

، کەواتە بواری ئەم یاسا فۆنۆلۆجییە وشە فۆنۆلۆجییەکەیە، کە کەتیگۆرییەکی فۆنۆلۆجییە و تەنها لە کاتی پرۆسۆدیککردندا یا لە کاتی بەرجەستەکردنی گۆکردنێکی تەواو و ڕاستدا یاساکە جێبەجێدەکرێت، وەک لە وشە فۆنۆلۆجییەکانی [ڕەنگ، دەنگ،..]دا.

: [ کەتیگۆرییە پرۆسۆدیکییەکان لە توانایاندایە یاسایەکی تری شاراوە لە خۆ بگرن کە دەبنە بواری بەستنەوە فۆنەتیکییەکان کە بواری دیاریکردنی ڕێگەپێدراو و ڕێگەپێنەدراوەکان دەگرێتەوە]، ئەمەش بەواتای ئەوەی کە ئەو یاسا فۆنۆلۆجییانەی کە ڕێگە پێدراون یان ڕێگە پێنەدراون لەناو کەتیگۆرییە پرۆسۆدیکییەکاندا جێبەجێدەکرێن، وەک لە نموونەکەی پێشتردا دەنگەکانی **/ن/+/گ/** کاتێک ڕێگە پێدراوە ببن بە /**ŋ**/ کە بکەونە ناو پاشکۆ/کۆدا ی برگەوە، گەر بکەونە سەرەتای برگەوە لە وشە فۆنۆلۆجیەکەدا ڕێگە پێدراو نییە ببن بە/**ŋ**/ وەک لە وشەی فۆنۆلۆجیی [نگین]دا نابن بە /**ŋ**/ لە زمانی کوردیدا.

:[هەڵگری پەیوەندییە 'زەقکراوەکانن/دەرکەوتوویی'ەکانن (بۆ نموونە پەیوەندیی بەهێزیی و لاوازیی (برگەو 'پێ'یە هاوسێکان ،..] واتە لەناو کەتیگۆرییە پرۆسۆدیکییەکاندا شوێنی هێز دیاریدەکرێت، بە جۆرێک ئەگەر کەتیگۆرییە پرۆسۆدیکییەکە وشەیەکی فۆنۆلۆجی بوو لە دوو برگە یان زیاتر پێکهاتبوو، ئەگەر(ناو) بوو، هێزدانان تیایدا کۆتاگری دەبێت و هێزی سەرەکی دەکەوێتە سەر بزوێنی برگەی کۆتایی، لەمبارەدا وشەکە، کە کەتیگۆرییەکی پرۆسۆدیکییە، هەڵگری پەیوەندییە زەقکراوەکەیە، کە هێزدانانەکەیەتی و بە برگە هێزدارو برگەناهێزدارە هاوسێکانی وشەکە دەنوێنرێت لە کوردیدا، چونکە زەقکردنەوە و دەرخستن بە (هێز) دەکرێت، لەبەرئەوەی زمانی کوردی زمانێکی هێزییە. ئەگەر زمانەکە زمانێکی تۆنی بێت پەیوەندییە زەقکراوەییەکە بەبرگە هاوسێیە تۆندار و برگە ناتۆندارەکان دەنوێنرێت. هەروەها بەهەمان شێوەیە بۆ ئەو وشانەی کە لە دوو(پێ) پێکهاتوون، (پێ)ی هێزدار دەبێتە هەڵگری زەقێتی، واتە دەبێتە هەڵگری هێز یان تۆنەکە، ئەوەش پەیوەندیی بەهێزی و لاوازی لە نێوان برگە و (پێ)یە هاوسێکان دروستدەکات؛ (**بڕوانە نموونەکانی بەشی سێیەم**).

لە هەندێکی تر لە سەرچاوەکاندا (مۆرا)یش بە بچووکترین کەتیگۆریی پرۆسۆدیکی دادەنرێت، وەک لە (**BRETT Hyde, 2001:50**)و(**Kiparsky, 2021: 657-675**). بەگشتی هەریەکە لە (**Bekman&Edwards,1990), (Gee&Grosjean,1983), (Hays1990),( Nespor & Vogel 1986),( Selkirk, (1986)**) هەرەمێکی پرۆسۆدیکی پێشنیار دەکەن، <u>کە مۆرای تێدا نییە</u>، وەک:





**هێڵکاریی (١١) نواندنی درەختییانەی هەرەمی پرۆسۆدیکی کە تییدا ئاماژە بە مۆرا نەدراوە .**

## ١/٢–١) مۆرِا:

زاراوەیەکە لە لێکۆڵینەوە باوە پێوانەییەکاندا بەکاردێت، بۆ ئاماژەکردن بە بچوکترین یەکەی کاتی پێوانەیی یان بۆ کێش. لە ئێستادا لە هەندێک لە مۆدیلەکانی فۆنۆلۆجیای ناهێڵی (فۆنۆلۆجیی پێوانەیی، پرۆسۆدیکی)دا مۆرا بەکاردێت وەک ئاستێکی جیاکراوەی نواندنە فۆنۆلۆجییەکان. ئاماژەکردن بە مۆرا زۆربەی کات تەنها بەشی سەرواrhymeی برِگە دەگرێتەوە کە کرۆکnucleus و پاشکۆcodaی برِگە لەخۆدەگرێت. لە هەرەمی پرۆسۆدیکیدا هێماکراوە بە μ یان بە 'mu' (**Crystal, 2008:312**). مۆرا، مۆراس **'moras'** و ' **'morea** شی پێدەگوترێت، بە یەکەی قورسایی **weight unit**دادەنرێت، کە یەکەیەکی فۆنۆلۆجییە لە تاکە سەگمێنتێکی دەنگی گەورەترە و لە برِگە بچووکترە. برِگەی سووک لە یەک تاکە مۆرا پێکدێت، برِگەی قورس لە دوو مۆرا پێکدێت. مۆرا وەک دانەیەکی ڕیتمییانە دەردەکەوێت لە هەندێک زماندا، وەکو زمانی ژاپۆنی و گریکی کۆن، بەڵام لە هەندێک زمانی تردا دەرنەکەوتووە( **TRASK, 1996: 226-227**).

برێت هاید(**BRETT HYDE, 2001:50-52**) لە پەسنکردنی بیچمی باوی کەتیگۆرییە پرۆسۆدیکییەکاندا وای دەردەخات کە برِگەیەک لە دوو مۆرا پێکدێت بەڵام لەکاتی بەیەکگەیشتنی بیچمەکاندا کە مەبەستی کەتیگۆرییە پرۆسۆدیکییەکانی وەک برِگە و (پێ) و وشەی پرۆسۆدیکییە، یەکێک لە دوو مۆراکەی دوو برِگە بەیەکگەیشتووەکە ون دەبێت و یەک (پێ) پێکدەهێنن، لە ڕووی تیۆری ئۆپتیماڵیتییەوە/ تیۆری نموونەییەوە، بەمشێوەیە:




ستیڤیک( (**Stevick, (1965, 1969**) پێشنیاردەکات کە تاکە یەک دەنگی نەبزوێن=٠/سفر مۆرا، دوو دەنگی نەبزوێن یان یەک دەنگی بزوێن= ١ یەک مۆرا، جووتە دەنگی بزوێن= ٢ دوو مۆرا)؛ بەڵام تا ئێستا چەمکی مۆرِا جێگای مشتومرِە کە ئاخۆ مۆرا 'یەکە'یەکە یان تەنها پێوەرێکە بۆ پێوانەی درێژکردنەوەیە لە برِگەدا؟، لەبەرئەمەیە کە هەندێک لە زمانەوانان مۆرایان بە گرنگ دانەناوە. مارتنێت(**-Martinet,1949:16 (18**) مۆرا وەک چەمکێکی  پەیوەندیدار بە کردەیەکی کاراوە**operative concept** دەبینێت و پێیوایە کە بەهاکەی لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگۆرِێت، لەم ڕووەوە سێ جۆر لە زمانەکان دیاریدەکات کە بریتین لەو زمانانەی کە سوود لە مۆرا نابینن، ئەوانەی سوودی لێدەبینن و ئەوانەش کە وێناکردنی زمانەکەیان ئاڵۆزدەکات(**Anthony Fox, 2000: 48,50**).)

## ١/٢–١–١) مۆرا لە کوردیدا:

لەڕووی ئەو لێکدانەوەیەوە کە بۆ مۆرا کرا و لە پەسنکردنی هێزدانانی ئەکسێنتی و ڕیتمی لە کوردیدا لەبەشی سێیەمدا، ئەو دەرئەنجامە بەدەستدێت کە مۆرا چەمکێکی پەیوەندیدارە بە کردەی هێزدانانەوە کە کردەیەکی کارایە لەکوردیدا لە بواری نواندنی پرۆسۆدیکییانەی وشەی فۆنۆلۆجی/پرۆسۆدیکیدا؛ زمانی کوردی لەو زمانانەیە کە سوود لە مۆرا وەردەگرێت وەک دروستکەری برِگەی هێزدار و نواندنی

شوێنپێی هێز لە وشە فۆنۆلۆجییەکانیدا. دەکرێت لە کوردیدا (مۆرایەک = بە نیو دەنگی بزوێن = بزرۆکەیەک **i**) (**بڕوانە** ٢/٨-١))؛ بەڵام لە سەرچاوە دەنگسازییەکانی زمانی کوردیدا زۆر بەکەمی گرنگیدراوە بە 'مۆرا' ؛ لە ( (**فەقێ ئیبراهیم، هاوسەر نەوزاد٢٠٢٢: ٦٢-٦٣**)دا بە کورتی ئاماژەپێدراوە.

## ٢-١/٢) بڕگە:

لە زۆربەی لێکۆڵینەوە دەنگسازییەکانی کوردیدا، گرنگیدراوە بە بڕگە، جۆرەکانی، پێکهێنەرە بنچینەییەکانی بڕگە/پێکهاتەی بڕگە، دەرخستنی چێوەبەندی پێکهاتەکەی، کە لە سەرەتا و سەروا پێکدێت، ڕیم(سەروا) لە کرۆک و پاشکۆ/کۆدا پێکدێت، کرۆکیش لە دەنگێکی بزوێن یان دووان پێکدێت،..هەروەها پەسنکردنی بڕگە لە ڕووی دروستەی پێوانەییەوە،..(**بڕوانە سەرچاوەکانی وەک: مەحویی، محەمەد، ١٣٩٨: ١٥٩-١٧٥ )؛ (مەحویی، محەمەد – غەریب، دڵشاد محمەد ٢٠١٩ :٢٨٢-٢٨٩) ؛(فەقێ ئیبراهیم، هاوسەر نەوزاد،٢٠٢٢ : ١٢١-١٢٣).**

لەم تێزەدا بۆ خۆ بەدوورگرتن لە دووبارەکردنەوە، تەنها ئاماژە بە خاڵە گرنگە باسنەکراوەکان دەدرێت کە تایبەتن بە بڕگە و هەروەها تایبەتن بە ناوەڕۆکی ئەو بیرۆکەیەی لەم تێزەدا خراوەتەڕوو، کە پەسنکردنی دروستەی پرۆسۆدیکیی وشەی فۆنۆلۆجی و دروستەی (پێ)ی ڕیتمی و ئەکسێنتی هێزی ڕیتمییە لە دانەکانی فەرهەنگی کوردیدا، چونکە بڕگەکان دانەی پێکهێنەری (پێ)یەکانن، ئەوانیش دەبنە یەکەی ڕیتم و وشەفۆنۆلۆجییەکان و کەتیگۆرییە پرۆسۆدیکییەکانی تر پێکدەهێنن.

'هێز' لە وشەی فۆنۆلۆجیدا، لە ئاستی فەرهەنگدا، دەکەوێتە سەر بڕگەکان، وشوێنی هێزەکەش بەپێی ڕیزبەندیی ڕیزکردنی بڕگەکان دەگۆڕێت لە ئینگلیزیدا. لەسەرچاوە فۆنۆلۆجییەکاندا و بەتایبەت لە فۆنۆلۆجیی پێوانەییدا، ڕیزکردنی بڕگەکان و بەرودواهاتنی بڕگەکان لە زنجیرەکاندا، وەک لە ( **Hammond M,1995**) و لە زۆربەی سەرچاوە فۆنۆلۆجییە پێوانەییەکاندا، ئاماژەپێدراوە، ناویان لێنراوە بە:

١-ئەنتی پەنەڵت **untipenult**/ ئەنتی پەنەڵتیمەیت **untipenultimate**:بڕگەی سەرەتای زنجیرەکەیە.

٢- پەنەڵت**penult** /پەنەڵتیمەیت**penultimate** : بڕگەی دووەم تا بڕگەی کۆتایی، واتە گەر بڕگەکە دووەمدانە بوو یان دانەی پێش کۆتایی بوو پێیدەوترێت بڕگەی پەنەڵتیمەیت، لە( **Hammond M,1995: 318**)،( **TRASK, 1996:260**).

٣-ئەڵتیما**ultima** /ئەڵتیمەیت**ultimate** : بە دوایین بڕگە دەوترێت لە زنجیرەکەدا جا لە وشەی فۆنۆلۆجیدا بێت یان لە (پێ)دا، یان لە کەتیگۆری گەورەتردا بێت(**TRASK, 1996:365** ).

<u>**لە ئینگلیزیدا**</u> شوێنی هێزلە سەر بڕگەکان دیاریدەکرێت، واتە بڕگە هەڵگری هێزە لە ئاستی فەرهەنگدا بۆ دانە فەرهەنگییەکان، بەڵام لە ئاستی دوافەرهەنگدا شوێنی هێز بەهۆی ڕیتمەوە دیاریدەکرێت، یەکەی ڕیتمیش (پێ)یە، واتە هێزدانانی ڕیتمی هەیە و هێز بۆ (پێ)یەکان دیاریدەکرێت، کە دەکەوێتە سەر یەکێک لە بڕگە پێکهێنەرەکانی (پێ)یەکە، <u>بە پێچەوانەی زمانی کوردییەوە</u>. لە هەندێک لە زمانەکانی جیهاندا هێزدانانەکە بەندە بە جۆری بڕگەکەوە کە بڕگەیەکی قورسە یان سووک، بەجۆرێک کە هێزی ڕیتمی دەکەوێتە سەر بڕگەی قورسی دوایین دانەی لای ڕاست/ڕاسترینی لای ڕاست، واتە دەکەوێتە سەر بڕگەی کۆتایی کە بڕگە ئەڵتیماکەیە، بەڵام گەر ئەو بڕگەیە بڕگەیەکی قورس نەبوو، ئەوا هێزەکە بەپێی

'سیستەمی یاسای هێزی بەند و ڕەها' دەکەوێتە سەر بڕگەی پەنەڵتیمەت/بڕگەی کۆتایی(**Hayes,1995:32**)).

لە هەندێک لە زمانەکاندا جۆری بڕگەکە کاریگەری لەسەر شوێنی هێزدانانەکە هەیە، وەک (تایبەتمەندیی بڕگەی قورس وسووک لە هەندێک زمانی وەک زمانی ئەکڵان **Aklan**دا هێز دەچێتە سەر بزوێنی بڕگەی یەکەم، کە (پێ)ی ترۆکێکی هەیە، بەڵام کاتێک هێز دەچێتە سەر بڕگەی سەرەتا، واتە ڕۆخی لای ڕاستی وشەکە، کە بڕگەیەکی قورس بێت، واتە بڕگە هێزدارەکە بە دەنگێکی نەبزوێن کۆتایی هاتبێت و پێیدەوترێت زمانێکی ترۆکێکی. هامۆند(**Hammond M,1995**) دەڵێت: هەرچەندە (**Hayes**) دەڵێت هێزدانان لەسیستەمی (پێ)ی ئایامبیکیشدا پشت دەبەستێت بە کێشی بڕگە کە بڕگەی قورس، سووک دەگرێتەوە، بەڵام لە زمانێکی وەک زمانی لیناکێڵ **Lenake** بەهەمان شێوە سیستەمی ئایامبیکی هەیە، بەڵام پشت نابەستێت بە کێشی بڕگە (**Hammond M,1995: 318**) ). کەواتە ئاساییە '**زمانی کوردی**'یش لەو زمانانە بێت کە کێشی بڕگە کار**نە**کاتە سەر بنەمای هێزدانان تیایدا، چونکە بەپێی ئەو شیکردنەوانەی کە لە بەشی سێیەمەوە بەدەستهاتوون، هێزی **ڕیتمیی فەرهەنگی** لە کوردیدا بەندە بە جۆری (پێ) **نەک** جۆری بڕگەکەوە(**بڕوانە** (٣/٢ ؛ ٣/٣ ؛ ٣/٤) ). هەروەک لە ڕاڤەکردنەکانەوە بۆ زمانی کوردی دەردەکەوێت، کە جۆرەکانی کێشی بڕگەی سووک یان قورس گرنگییان نییە لە پرۆسەکانی هێزدانان و دیاریکردنی جۆری (پێ)و دروستەی وشەی فۆنۆلۆجی و فرێزی فۆنۆلۆجیدا. تایبەتمەندیی بڕگە لە ڕووی درێژی و کورتییەوە و لە ڕووی پێکهێنەرە بنچینەیەکانی( **cv, cvc, cvcc, ccvc, ccvcc**) بەهەمان شێوە کاریگەری نییە لەسەر بنەماکانی هێزدانان وشوێنی هێز لە کوردیدا(**هەروەک لە بەشی سێیەمدا سەلمێنراوە**))، بەڵام لە هەریەکە لە (**مەحویی، محەمەد (١٣٩٨: ١٥٩-١٧٥ )؛ (مەحویی، محەمەد – غەریب، دڵشاد محمەد ٢٠١٩ :٢٨٢-٢٨٩) (غەریب، دڵشاد محمد ٢٠١٩**))دا بەتەواوی پەیڕەوی بنەمای 'هێزدانانی بەند و ڕەها' کراوە لە کوردیدا و بە 'شوێنکەوتەی هێز' ناوزەندکراوە، پەیوەستکراوە بە تایبەتمەندیی 'گرژ' و 'خاو'ی بڕگەکانەوە، هەروەک چۆن لە زمانی ئینگلیزیدا کراوە، بە پشتگوێخستنی دروستەی پێوانەیی وشەی پرۆسۆدیکی و تایبەتمەندییەکانی زمانی کوردی کە زمانێکی ئاوازەییە و هێزدانانی ڕیتمیی فەرهەنگی هەیە، لە (**مەحویی، محەمەد- غەریب، دڵشاد محمەد ٢٠١٨** )دا هەوڵدراوە ئەوە بسەلمێنن کە هەندێک وشەی فەرهەنگی وەک [قورس، گوند، بیست، نیسک] بە وشەیەکی یەک بڕگەیی **ناهێزدار** دابنێن و هۆکارەکەشی دەگەڕێننەوە بۆ 'گرژی' بڕگەکە(**مەحویی، محەمەد- غەریب، دڵشاد محمەد، ٢٠١٨: ٥٤**)، لەکاتێکدا بەپێی بنەمای هێزدانانی ڕیتمییانەو مۆرفۆلۆجییانە کە لەم تێزەدا پشتی پێبەستراوە و لە **بەشی سێیەمدا** جێبەجێکراوە، بەپێی دەرئەنجامە بەدەستهاتووەکان هەبوونی وشەی فەرهەنگیی **ناهێزدار** لە زمانی کوردیدا ڕەتدەکرێتەوە سەرەڕای نەبوونی کاریگەریی بڕگەی 'گرژ' و 'خاو' لە سەر بنەمای هێزدانان لەفەرهەنگی کوردیدا، بەڵکو دروستبوونی گرژی و خاوی لە بڕگەکانداو لە وشەی فۆنۆلۆجیی زمانی کوردیدا لە ئاستی دوافەرهەنگدا ڕوودەدات، چونکە کاتێک دانەفەرهەنگییەکە لەئاستی دوافەرهەنگدا دەچێتە ناو پێکهاتەی فرێزی فۆنۆلۆجی و فرێزەئاوازەییەکانەوە، ئەو بڕگەیەی دانەفەرهەنگییەکە کە دەبێتە '**بڕگەی کرۆکی ئاوازە**'، بزوێنەکەی گرە و یان کورت یان درێژ دەکرێنەوە، ئەوەش بەهۆی دروستبوونی 'تەوژم/پیچ'ەوەیە لەگەڵ هێزی ڕیتمی وشەکەدا لە فرێزە ئاوازەییەکەدا، کە بووە بە هێزی فرێزیی و 'ئاوازە'ی فرێزە

فۆنۆلۆجییەکە دروست دەکەن و دەیکەن بە فریزێکی ئاوازەیی. (بڕوانە: ٢/١-٦-١) )هەروەها (بڕوانە: **فەقێ ئیبراهیم، هاوسەر نەوزاد،٢٠٢٢ :٦١-٦٢)**؛ بەڵام 'هێز' کاردەکاتە سەر جۆرو کوالیتی دەنگە پێکهێنەرەکانی ئەو بڕگەیەی کە هێزی دەکەوێتەسەر، چونکە هێزدانان لە کوردیدا مۆرِاییە، هێز کە دەکەوێتە سەر بڕگە، لە هەندێکیاندا بزوێنی بڕگە هێزدارەکە درێژدەکاتەوە وەک[و، ی]، لەئەوانەی تردا فیچەرە فۆنۆلۆجییە زاڵەکانی بزوێنی بڕگە هێزدارەکە زەقتر دەکاتەوە، (**بڕوانە** ٢/٨-١)). لە هەندێک لە پرۆسە فۆنەتاکتییەکاندا دەنگەناوبەندەکان دێنە ناوەوە، کە ئەمەیان گۆڕانکاریی **نییە** لە کوالیتی کەرتە دەنگییەکاندا و دەبنە هۆی گۆڕانی دروستەی بڕگەیی (پێ)یە پێکهێنەکانی وشە فۆنۆلۆجییەکە، وەک لەهەندێک لە پرۆسە فۆنەتاکتیکییەکاندا گۆڕانکاری بەسەر بزوێنی بڕگە هێزدارەکاندا دێت، بەبێ ڕەچاوکردنی هێزداری یان ناهێزداری بڕگەکە وەک لە:

- [هاوین][pw /ناو] نواندنی پێکهاتەیی[هاوین**hawîn** ] ←نواندنی پرۆسۆدیکی [هاویین **hawîin**] نواندنی بڕگەیی دەبێت بە [ها. وین **ha. wîin.**]، هێزی سەرەکی لەسەر بزوێنی بڕگەی کۆتایی [ی]یە لە نواندنی پرۆسۆدیکیدا، بەهۆی مۆرای هێزەکەوە دەبێت بە [ی**îi.i** ]. کوالیتی دەنگە بزوێنەکە گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە، بەڵام لە ژینگەی دارشتنی [هاوینە][هاوەڵناو] دا ، کە هاوەڵناوە، هێزدانان تیایدا سەرەتاگری دەبێت، لەمبارەدا بەهۆی گۆڕانی شوێنی هێزەکەوە بۆسەر بزوێنی بڕگەی سەرەتا، مۆرای سەر بزوێنی بڕگەی کۆتایی لادەچێت و دەچێتە سەر بزوێنی بڕگەی سەرەتا، بەڵام لەبەرئەوەی بزوێنێکی درێژە، مۆراکە دەبێتە هۆی دەرخستنی فیچەری بەرزکردنەوەی بزوێنی[ا **ai**]، بەمشێوەیە← نواندنی پێکهاتەیی: [هاوینە **hawîne**]←نواندنی پرۆسۆدیکی:[هاوینە **haiwine.**]، نواندنی بڕگەیی [ها ́. وی. نە]. کوالیتی دەنگی بزوێنی سەرەتا بەهۆی هێزەکەوە گۆڕانکاری بەسەردا هات.
- بەڵام لە [پاییز**payîiz**] **cv.cv́c**دا، [ی **yî** ] بووە بە [یی**yîi**] لە [پا. ییز**pa.yîiz** ]بەهۆی هێزداری بڕگەی کۆتایی و هەروەها بەهۆی کردەی فۆنەتاکتیکی پێکەوەهاتنی دەنگەبزوێنەکانەوە، دواتر لە ژینگەی دارشتنی هاوەڵناوی [پا ́ یزە **páyîze**]دا نواندنی پرۆسۆدیکی هەر دەبێت بە [پا. یی. زە **cv́.cv.cv**[**pá. yî. ze** ، [یی] بەدیژی دەمێنێتەوە سەرِای گۆڕانی شوێنی هێزەکەی و نەمانی مۆرای هێزەکە لەسەر ئەو بڕگەیە و گوێزانەوەی بۆ بڕگەی سەرەتا، بە هۆکاری فۆنەتاکیکی نەهاتنی دوو بزوێن بە دوای یەکدا لە کوردیدا و بەهۆی دەنگی ناوبەندی [-ی] یەوە ،بزوێنەکە بە [یی**yî** ] بە گۆدەکرێت، بەوهۆیەوە دروستەی بڕگەکەی گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە.

کەواتەبەپێی ئەنجامە بەدەستهاتووەکانی بەشی سێیەمی ئەم تێزە جۆرەکانی بڕگەی وەک بڕگەی (درێژ، کورت ، قورس، سووک، کرژ، خاو)، کاریگەری لە بنەمای هێزدانانی مۆرفۆلۆجییانەو ڕیتمییانە ناکات لە کوردیدا، کە لەسەر بنەمای پۆلەکەتیگۆری و مۆرفۆلۆجییانە دادەنرێت، تەنها بڕگەی (هێزدار، ناهێزدار/بێهێز) گرنگە، چونکە دروستەی (پێ) دیاریدەکەن کە یەکەی هێزی ڕیتمی فەرهەنگییە لە کوردیدا، چونکە هامۆند**Hammond 1995** دەڵێت(دیاریکردنی (پێ)یەکان لە وشە و فریزە فۆنۆلۆجییەکاندا دووبارەکردنەوەی ئەو سیستەمەیە کە جیاکاری لە نێوان بڕگەهێزدارو ناهێزدارەکاندا دەکات( **Hammond**

Hammond M,1995: 319)، لەو زمانانەدا کە پشت بە (پێ) دەبەستین لە دروستەی پێوانەییاندا ( Hammond M,1995: 318).

## ٣-١/٢) پێ :

لە فۆنۆلۆجیدا (پێ) ئەو زاراوەیەیە کە دوو سەرچاوەی بنەڕەتی هەیە، کە بریتین لە هۆنراوە**poetry** ، فۆنەتیک (**phonetic** ) **Giovanna Marota,2003:2** ).

(پێ) دانەی بنچینەییە لە ڕیتمی هۆنراوەدا، (پێ)یەکەی بنچینەیی ڕیتم**Rhythm**ە لە فۆنۆلۆجیدا( **TRASK, 1996:147**). بەڵام بیرۆکەی (پێ) و جۆرەکانی کە دانەی ڕیتمیین، بۆ هەموو دەربڕاوەکان دەگونجێت لە زمانە <u>هێزییە کاترێکخراوەکاندا</u> **Stress Timed Languages** نەک تەنها بۆ هۆنراوە گونجاوبێت. بۆ نموونە لە دەربڕاوێکی :**/the' man is' walking in the g̀arden./-** تاکە یەک یەکەی ئاوازەیی/تۆنی**single tone unit** تێدایە کە پێکهاتووە لە سێ (پێ).

برگەکان دەتوانن ببن بە (پێ)، گەر بتوانرێت دروستەیان بۆ دیارییکرێت، واتە ببن بە بە شێک لە وشەی فۆنۆلۆجی و هێزدار بکرێن(**Crystat, 2008:193**). هەرچەندە تراسک دەڵێت کە تائێستا ڕوون نییە کە دەتوانرێت چەمکی (پێ) وەک یەکەی ڕیتم لە زمانە <u>برگەییە کاترێکخراوەکانیشدا</u> **Syllabel-Timed Languages** بەکاربهێنرێت، چونکە ئەوجۆرە زمانانە هێزی ئەکسێنتییان نییە(**TRASK, 1996:147**))، بەڵام مارۆتا(**Giovanna Marota,2003:2**) دەڵێت بیرۆکەی سەرسەرەتا بۆ (پێ) نەک هەر بۆ زمانە هێزییەکات ڕێکخراوەکان گونجاوە، بەڵکو بۆ زمانە برگەییە کاترێکخراوەکانی وەک ئیسپانی و ئیتاڵیش گونجاوە.

(زاراوەی (پێ) لە هۆنراوەدا گرنگی دەدات بە زاراوە باووتەقلیدییەکەی کە دەگەڕێتەوە بۆهۆنراوەی گریکی و لاتینی کۆن، کەتیایاندا برگەی قورس، برگەی سووک ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لە (پێ)یەکەدا؛ کە تێبینی گرنگترین گونجاندن دەکرێت لە نێوان ڕێکخستنی پێوانەیی لەنێوان دێڕەهۆنراوەکان و تەرزی هێزی وشەکاندا؛ <u>بە پێچەوانەی ئەوەوە</u> زاراوەکە لە لێکۆڵینەوە نوێیەکاندا گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە، وەک ئەو زاراوەیە **نییە** کە لە هۆنراوەی زمانە کلاسیکییەکاندا بەکارهاتووە، بەڵکو لە زمانە مۆراییە کاترێکخراوەکاندا **mora-timed languages**، کە جۆرێکە لە زمانە هێزییە کاترێکخراوەکان، چەمکی (پێ) لە چوارچێوەی (برگە هێزدار) و (برگە ناهێزدار)ەکاندایە، لە هەردوو بواری هۆنراوە و بواری بەهەندوەرگرتنی هێزی پێوانەییدایە(**Giovanna Marota,2003: 2**).)

دروستەی (پێ)و شوێنی بەکارهێنانەکەی لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازی هەیە، وەک ئەوەی لە زۆربەی زمانە برگەییە کاترێکخراوەکاندا (پێ)ی پێوانەیی هەیەو لە دوو برگە پێکدێت، ئاوازە یان تۆنی دەربڕاوەکان دیاریدەکات، بەڵام لە کوردیدا کە لە زمانە هێزییە کاترێکخراوەکانە، (پێ)ی ڕیتمی هەیە و پەیوەستە بە برگە هێزدارەکانیەوە، چونکە (لە ڤێرژنی فۆنۆلۆجیی پێوانەییدا کە لە لایەن (**Hayes,1995**)پەرەپێدراوە، ئەوەدەردەخات کە پێویستە هەر وشەیەکی فۆنۆلۆجی لانی کەم لە یەک (پێ) پێکهاتبێت، پەیوەندی نێوان برگەو (پێ)ش پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆدەبێت، ئەگەر یاساکانی دانانی هێز بەهۆی شرۆڤەکردنی برگەوە بێت بۆ (پێ)( **Hayes,1995: 47**).)، لەم ڕووەوە وشەکانی زمانی کوردی لە فەرهەنگدا، کە لە یەک تا سێ برگە پێکدێن، یەک (پێ) پێکدەهێنن، وشە یەک برگەییەکان دەبنە (پێ)ی

گرێنەدراو، وشە (٣،٢) بڕگەییەکانیش (پێ)ی پێکەوبەستراو**bounded foot** بەرهەمدێنێن. **<u>لە ئینگلیزیدا</u>** (پێ) دەکەوێتە ئاستی دوافەرهەنگ/ئاستی دەربڕاوە ڕستەییەکان و'ڕیتم'ێک دەبەخشێت بە دەربڕاوەکە و لەگەڵ ئاستی تەوژم/پیچدا کە (بەرز- کەوتوو)، ئاوازەی دەربڕاوەکان بەرهەمدێنن، بەڵام لە کوردیدا، (پێ) بنەمای هێزدانانی ئەکسێنتییە، یەکەی ڕیتمیی فەرهەنگییە، لە ئاستی فەرهەنگەوە دەست پێدەکات و وشەی فۆنۆلۆجی و فریزی فۆنۆلۆجیی فەرهەنگی بەرهەم دەهێنێت، لە ئاستی دوافەرهەنگیشدا لەگەڵ تەوژم/پیچدا ئاوازەی دەربڕاوە ڕستەییەکان بەرهەمدێنن، واتە (پێ) و ڕیتم لە زمانی کوردیدا کە بە زمانێکی ئاوازەیی دادەنرێت، هەمان ڕۆڵی تۆن دەبینن لە زمانە تۆنییەکاندا  کە لە ئاستی فەرهەنگ و دوافەرهەنگدان.

## ١/٢-٣-١) جۆرەکانی( پێ) لە ڕووی چەمکی پێوانەیی و ڕیتمییانە:

زاراوەی (پێ) بەگشتی دوو چەمکی تاڕادەیەک جیاواز لەخۆدەگرێت کە بریتین لە (پێ)ی پێوانەیی، (پێ)ی ڕیتمییانە.

**-(پێ)ی پێوانەیی metrical foot** : توخمێکە لە ڕێزمانی گشتیدا، بە واتای ئەوەی کە بچووکترین دانەی ڕێگەپێدراوی (فۆنەتیکییە)، لەهەمان کاتدا هەبوونی پرەنسیپی گشتی دووپەلکی/دوانەیی تیایدایەو بەڵگە نەویستە.

**-(پێ)ی ڕیتمیی rhthamical foot** : ئەم جۆرە (پێ)یە بە یەکەی کرۆکی**core unit** دادەنرێت لەو زمانانەدا کە بە زمانە هێزییەکاتڕێکخراوەکان ناودەبرێن، ئاماژە دەکات بۆ دروستەی ڕیتمی، کە پێکدێت لە بڕگەیەکی هێزدارو بڕگە ناهێزدارەکان بەدوایدا دێت تا دەگات بە بڕگەیەکی هێزداری تر( **Giovanna Marota,2003:2**). هەروەها ئەو چەمکە دەگەیەنێت کە لە بواری پرۆسۆدی و لەبواری هۆنراوەدا لە زمانە جێرمێنییەکاندا **Germanic**، کە لقێکی زمانە ئەوروپییەکانە، پەرەرپێدراوە، وەک لە ئینگلیزییدا، تیایاندا (پێ) پشت دەبەستێت بە کاتی ڕێکخراوو خایەنراوی هێز**stress timing** (**Giovanna Marota,2003:3**). لەم تێزەدا لە ڕاڤەکردنەکانی دروستەی (پێ) لە کوردیدا، <u>پەیرەوی چەمکی (پێ)ی ڕیتمییانە</u> کراوە.

## ١/٢-٣-٢)جۆرەکانی پێ لە ڕووی دروستەی بڕگە پێکهێنەرەکانییەوە:

### ١/٢-٣-٢-١) (پێ)ی گرێنەدراو :

(پێ)ی گرێنەدراو  **degenerate foot** ئەو (پێ)یەیە کە ڕاستەوخۆ لەیەک بڕگە پێکهاتووە هێز دەکەوێتە سەر بزوێنی بڕگەکە و دەبێتە بڕگەیەکی (پێ پێ کراو)**footed syllable** و یەک (پێ)ی بەهێز پێکدەهێنن، کە بە (پێ)ی گرێدراو  یان (پێ)ی گرێنەدراو ناسراوە **degenerate foot**، (**Crystal, 2008:193**). واتە لە دروستەی بڕگەیی (پێ)یەکەدا بڕگەی پێکەوە بەستراوی تێدانییە تەنها یەک بڕگەی تێدایە. پاشان وشەیەکی فۆنۆۆجی لێبەرهەمدێت. نواندنەکەی بەمشێوەیەیە:   ω→[Σ] →[σ́] وەک لە وشە فۆنۆلۆجییەکانی [گوڵ، دڵ، ژن، خۆر، خۆڵ، چاو ،..] کە لە یەک بڕگەو یەک (پێ) پێکهاتوون:

**<u>cv́c</u>** [σ́]← [Σ]←**ω**. نموونەی تر بۆ ئەم جۆرەی (پێ) و سەرجەم جۆرەکانی تری (پێ) لە بەشی سێیەمدا بە دووروودرێژی خراوەتەڕوو.

## ١/٢-٣-٢-٢) (پێ)ی ترۆکێکی:

(پێ)ی ترۆکێکی**trochaic foot** پێکهاتووە لە دوو برگە، کە برگەیەکی هێزدار و برگەیەکی ناهێزدار بە دوایدا دێت(**TRASK, 1996:363**). هێڵکارییەکەی : [Σ]→[σ́ . σ]. لە فۆنۆلۆجیی پێوانەییدا، بۆ زمانی ئینگلیزی وەک ناوێکی ناڕاستەوخۆ بەکاردێت بۆ(پێ)ی چەپ–باڵادەستی ئاوێتە، کە دروستەی ڕیتمی نیشاندەدات. (**Crystal, 2008:497**). نموونە: [تورِە، ئازا ]هاوەڵناو/ وشەی فۆنۆلۆجی نواندنی برگەیی دەبێت بە [تو.رِە، ئا.زا] **[tu. ře. ، 'a. za.]** دروستەی برگەییان دەبێت بە: **cv́.cv** [ **σ́ .σ** ]← [Σ]←ω پێ ی ترۆکێکی پێکهێناوە.

## ١/٢-٣-٢-٣) (پێ)ی داکتڵ:

(پێ)ی داکتڵ**dactyl foot** یان (پێ)ی کێشی پەنجەیی(لە ئینگلیزیدا)، ئەو (پێ)یەیە، کە لە سێ برگە پێکدێت و برگەی یەکەمیان هێزدارە و دوو برگەی لاواز بە دوایدا دێت(**TRASK, 1996:101**)).

هێڵکارییەکەی: [Σ]→ [**σ́.σσ**]

فوربی(**Furby 1974**) لە زمانی (گاراوا **Garawa**) و ( **Cohn(1989, 1993), Cohn and McCarthy 1994,** **Kenstowicz1995**) لە زمانی ئیندۆنیزیدا ئاماژەیان داوە بەوەی کە هێزدانان لە برگەکانی ئەو زمانانەدا و بەتایبەت زمانی گاراوادا سەرەتاگرییە و لە وشە دووبرگەییەکاندا پێی ترۆکێکی و لە سێ برگەییەکانیشدا پێی داکڵ بەرهەمهاتووە: وەک لە ( **σ́σ→ Σ yámi (eye),**)، (**σ́σσ→Σ púnjala(white)**) .( **BRETT Hyde,** **2001:261-262**). نموونە: [گەشاوە] [گە.شا.وە **ge. Şa.we**]→ **cv́.cv. cv** [**σ́ σσ**]→ [Σ]→ω.

## ١/٢-٣-٢-٤) (پێ)ی ئایامبیکی:

(پێ)ی ئایامبیکی **iambic foot** پێکهاتووە لە دوو برگە، کە برگەیەکی ناهێزدار/لاواز و برگەیەکی هێزدار بەدوایدا دێت(**TRASK, 1996:175**). هێڵکارییەکەی: [Σ]→ [ **σ.σ́**]، (پێ)ی ئایامبیکی لە فۆنۆلۆجی پێوانەییدا، بۆ زمانی ئینگلیزی وەک ناوێکی ناڕاستەوخۆ بەکاردێت بۆ(پێ)ی ڕاست–باڵادەستی ئاوێتە، کە دروستەی ڕیتمی نیشاندەدات (**Crystal, 2008:234**). نیکلاس(**Nicklas 1975**)لەزمانی (چۆکتاو**Choctaw**)دا ئاماژەی داوە بەوەی کە هێزدانان لە برگەکانی ئەو زمانەدا کۆتاگرییە و لە وشە دووبرگەییەکاندا پێی ئایامبیکی بەهەم هاتووە، وەک : (( **σσ́→ ,(to see) pisá Σ**)( **BRETT HYDE, 2001: 215** ). هەروەها لە ( **Hammond M,1995: 318**) هەریەکە لە (پێ)یەکانی ترۆکێکی و ئایامبیکی بۆ زمانەکانی لێناکێڵ**Lenakel** و ئەکلان **Aklan** پەسنکراوە، بەپێی تایبەتمەندێتیی هەردوو زمانەکە. لە کوردیشدا بۆ نموونە: [دیمەن]ناو → [دی.مەن]→[**dî. mén**] **cv.cv́c** [**σσ́**] →[ Σ́ ] →ω.

## ١/٢-٣-٢-٥) (پێ)ی ئەناپست:

(پێ)ی ئەناپست**anapest foot** پێکدێت لە سێ برگە، کە دوو برگەی لاواز و برگەیەکی هێزدار بە دوایاندا دێت.(**TRASK, 1996:24** ).هێڵکارییەکەی: [Σ]→ [**σσ**. **σ́**]. نموونە:[کامەران]→ [کا.مە. ران [ka.me.ran **cv.cv.cv́c** → [σ.σ .σ́] →[Σ ̃]→ ω پێ ی ئەناپست.

## ١/٢-٣-٢-٦) (پێ)ی سپۆندی:

(پێ)ی سپۆندی **spondee foot** ئەو جۆرە (پێ)ییە کە لە دوو (پێ)ی هێزدار پێکدێت، دەشێت ئەو دوو (پێ)یە لە هەرکام لە پێنج جۆرەکەی تری (پێ)بن. **(TRASK, 1996:332).** ω→ [ Σ´ Σ´ ]→ [σ...] [σ..] ، ئەم جۆرە (پێ)یە ڕاستەوخۆ فریزی فۆنۆلۆجیی فەرهەنگی پێکدەهێنێت، وەک لە ڕاڤە کردنەکانی ئاستەکانی هێزدانان لە (بەشی سێیەم)ەوە دەردەکەوێت (پێ)ی سپۆندی پارادایمە ناوی، هاوەڵناوی، کردارییەکان پێکدەهێنێت، لەئاستی فەرهەنگ و دوافەرهەنگی کوردیدا. نموونە:[ گوڵەکان]فریزی فۆنۆلۆجی**pph** →[گو.ڵە. کان **gu. l'e. kan**] **<u>cv.cv. cv́c</u>** → [Σσs Σσw σs] → [Σs Σs] → **pph** . (بڕوانە ٣/٥)).

## ١/٢-٣-٣)دروستەی (پێ):

هایس(**Hayes, 1990: 15**) ئاماژە بە دروستەی (پێ) دەدات لە زمانی ئینگلیزیدا، دەڵێت لە لای ڕاستی وشەدا، بنیادنانی گەورەترین دروستەی (پێ) ملکەچی ئەم مەرجانە دەبێت:

١- (پێ) لقدارە، واتە لە دوو لق پێکدێت، گرێیەکی دوانەیی (بەهێز، لاواز)(**S W**)پێکدەهێنێت، گرێیەکە دووبارە دەبێتەوە لە (پێ)یە سێ برگەییەکاندا و دەبێتە (پێ)ی ئاوێتە.

٢- نابێت (پێ)لە <u>سێ برگە</u> زیاتر پێکبێت.

٣- لە زمانی ئینگلیزیدا دوایین برگەی لاوازی لای ڕاست لە (پێ)یەکەدا نابێت بزوێنی گرژی **tense vowel** تێدا بێت. بە واتایەکی تر(پێ)ی چەپ باڵادەست کە (پێ)ی ترۆکێکیشی پێدەگوترێت، نابێت بزوێنی برگەی کۆتایی گرژ بێت لە زمانی ئینگلیزیدا.

٤- ئەگەر لە (پێ)یەکەدا سێ برگە هەبوو، بەڵام دوانیان کە برگەی هێزدارو لاوازن **w**, **s** پێکەوە بەسترانەوە ویەک برگەی لاواز مایەوە، دەبێت ببێت بە برگەیەکی سووک، ئینجا (پێ)یە ئاوێتەکە بەرهەمدێنن وەک لە (**b.**)دا دەرخراوە؛ یان ئەم برگە لاوازە پاش گۆڕینی ئاستەکەی بۆ بەهێز**s→w** ، بەتەنها (پێ)یەک پێکدەهێنێت ولەگەڵ (پێ)یەکەی تردا وشە فۆنۆلۆجییەکە پێکدەهێنن، وەک لە (**a.**)، (**بڕوانە هێڵکاریی** (١٢)) بۆ ڕاڤەکردنەکەی؛ بەڵام دروستەی (پێ) لە کوردیدا تەواو جیاوازە لەو قاڵبەی کە بۆ زمانی ئینگلیزی دیاریکراوە.


لە فۆنۆلۆجیی پێوانەییدا و لە زمانە هێزییە کاترێکخراوەکاندا، (پێ)یە هێزدارەکان بەوە جیادەکرێنەوە کە لە هەر بوارێکدا بن، واتە لە وشەی فۆنۆلۆجیدا بن یا لە فریزی فۆنۆلۆجیدا،...، ئەوا تیایاندا هارمۆنی دەنگی بزوێن هەیە (**Van der Hulst & Norval Simth,1982:44**)، ئەمە سەردەکێشێت بۆ ئەوەی بگوترێت کە هێزی مۆرایی لە کوردیدا ڕەنگە تەنها هارمۆنییەک ببەخشێت بە بزوێنی ئەو برگە هێزدارەی کە (پێ)یە هێزدارەکە پێکدەهێنێت.(**بڕوانە**( ٢/٨-١)).

## ١/٢-٣-٣-١)(پێ)ی ئاوێتە:

(پێ)ی ئاوێتە**bounded feet** لە فۆنۆلۆجیی پێوانەییدا لە ڕووی ژمارەی برگە پێکهێنەرەکانییەوە، کە حوکمی دابەشکردنی هێزەکان دەکات بەسەر برگەکاندا دەبێتە شێوەی پارامێتەری (پێ) **a foot –shape parameter**. لە زمانی ئینگلیزیدا، (پێ)ی ئاوێتە لە دوو برگە پێکدێت، هێز دەکەوێتە سەر دووربیە

سنووردارەکان لە بڕگەکانەوە و لە لێوارەکانی وشەوە؛ بەڵام (پێ)ی پێکەوەنەبەستراو نەسنووردارکردن لە قەبارەدا و نە دابەشکردنی هێزی هەیە(Crystal, 2008:59,193). لەئەنجامی ڕاڤەکردنەکانی بەشی سێیەمەوە دەردەکەوێت، (پێ)ی ئاوێتە لە کوردیدا لە(٣،٢)سێ بڕگە پێکدێت و بەپێی شوێنی هێزەکە کە لەسەر یەکێک لە بڕگەکانە جۆری (پێ)یەکە گۆڕانکاری بەسەردا دێت و دەبێت بە (پێ)ی (ئایامبیکی، ئەناپست، ترۆکێکی، داکتڵ، سپۆندی).

**-لەڕووی هێزداری و لاوازییەوە:** لە هەر (پێ)یەکدا تەنها لەیەک بڕگەی هێزداربوونی دەبێت، لە کاتێکدا بڕگەی سەرەکی، کە هێزدارە لە وشەیەکدا، بەهێزترین بڕگەیە لە بەهێزترین (پێ)دا لە وشە فۆنۆلۆجییەکەدا(Hayes, 1990:14- 15) ، وەک لە :




**هێڵکاریی (١٢) نواندنی دروستەی بڕگە و(پێ) و وشەی فۆنۆلۆجی/پرۆسۆدیکی لە ئینگلیزیدا، وشەی یەکەم ( a. bandanna)لە دوو (پێ)ی پێکهاتووە، وشەی دووەم (b. banana) لە یەک پێ پێکهاتووە. F=foot, ω= pw**

## ١/٢-٣-٤) (پێ)ی بەهێز و (پێ)ی لاواز و هێزی سەرەکی و هێزی ناوەندی/دووەم:

لە ڕاستیدا هەر(پێ)یەک بەهۆی هەبوونی هێزێک لەسەر یەکێک لە بڕگە پێکهێنەرەکانییەوە دروستدەبێت. گەر وشە فۆنۆلۆجییەکە لە یەک (پێ) زیاتر پێکهاتبوو، ئەوا یەکێک لە (پێ)یەکان، هێزەکەی دەبێتە هێزی سەرەکی و دەبێت بە (پێ)ی بەهێز، (پێ)یەکەی تریان ئاستی هێزەکەی دادەبەزێت بۆ ئاستی دووەم و دەبێتە (پێ)ی لاواز و هێزەکەی دەبێت بە هێزی ناوەندی/دووەم، لە ئاستی ناوەندیی بەستنەوەی (پێ)دا، لە پێکهێنانی وشەی فۆنۆلۆجیدا، پێکەوە دەبەسترێنەوە بە شێوەی [پێ ی بەهێز پێ ی لاواز][**Σs** Σw] یان بە شێوەی [پێ ی لاواز پێ ی بەهێز][Σw **Σs**]. گەر وشەکە لە سێ (پێ)ش پێکهاتبێت، هێزی (پێ)ی سێیەمیان دەبێتە هێزی لاوەکی/سێیەم (**بڕوانە**٣/٤)).

## ١/٢-٣-٥) کورتکردنەوەی ئاستی (پێ):

بەهۆی نەریتی سڕینەوەی هێزەوە**Stress Erasure Connention** یان بەهۆی پێکداچوونی کەرتە دەنگییەکانە کە هاوسێیەتی بوونیان دەبێت بەهۆی پێکداچوون لە ئاستی بڕگەدا، کە بە هۆکاری 'فۆنەتاکتیکی' ناسراوە، یەکێک لە (پێ)یە پێکهێنەرەکان تیادەچن لەئاستی (پێ)دا، ئەوەش پێیدەوترێت کورتکردنەوەی ئاستی (پێ)**foot-level shortening** (**TRASK,1996:147**). لەهەر زمانێکیشدا بەپێی تایبەتمەندییە پرۆسۆدیکی و فۆنۆلۆجییەکانی زمانەکە دەگۆڕێت. لە کوردیدا بەمشێوەیە لێکدەدرێتەوە:

١- کورتکردنەوەی ئاستی (پێ) لە ژینگەی دارشتنی ناوی کرداریی لە پارادایمی قەدی کردارەوە ڕوودەدات، کە هۆکارەکەی نەریتی سڕینەوەی هێزەوە لە دەرکردەکاندا لە ئاستەکانی دارشتن و کەتیگۆرییە پرۆسۆدیکییەکاندا، کەتیگۆری دانە بەرهەمهاتووەکەش دەگۆرێت، وەک لە:

- [هاتن][1] پارادایمی کردار [ها. تن.i ha. tin]←[σ́.σ́ ]←[Σ .Σ]←pph، فریزی فۆنۆلۆجییە پارادایمی کرداریی کلیتیکیە، لە دوو برگەی هێزدار و دوو (پێ)پێکهاتووە، چونکە پارادایمە کردارییەکان لە دوو(پێ)ی بەهێز یان زیاتر پێکدێن و (پێ)ی سپۆندی بەرهەمدێنن. ئاستی (پێ) کورت نەکراوەتەوە، بەڵام کاتێک تەنها بەهۆی دەربڕینی پرۆسۆدیکییەوە کەتیگۆرییەکەیان دەگۆڕدرێت بۆ ناوی کرداریی، لەیەک (پێ)ی بەهێز پێکدێن، لەمبارەدا ڕووبەڕووی کورتکردنەوەی ئاستی (پێ) دەبنەوە. بەمشێوەیە:
- [هاتن][2] ناوی کرداریی[ها. تن.i ha. tin]←[σ.σ́ ]←[Σ]←ω، وشەیەکی فۆنۆلۆجییە لە دوو برگە (کە ئەوەی کۆتاییان هێزدارە) و یەک( پێ)پێکهاتووە، (پێ) ئایامبیکی بەرهەمهاتووە.

لە نموونەکەدا کورتکردنەوەی ئاستی (پێ) ڕوودەدات، کاتێک وەک ناوی کرداریی دەربڕدرێت بە هۆکاری نەریتی سڕینەوەی هێزەوە، لەسەر یەکێک لە (پێ)یە پێکهێنەرەکانی پارادایمەکە، چونکە وشەی فۆنۆلۆجی بەرهەمهاتووە، وشەی فۆنۆلۆجیش لە کوردیدا گەر لە (١-٣) برگە پێکهات تەنها یەک (پێ) بەرهەمدێت. (**بڕوانە** (٦/٣)).

٢- لە ڕۆنانی پارادایمە کرداریەکانی قەدی کرداردا، کە پارادایمی ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندنی بکەردیارە، دەبێت ڕەگی کردارەکە لە یەک برگەو پاشان یەک (پێ)ی هێزدار پێکبێت، ئەسپێکتی شکانەوەیی کاتی ڕابردووش کە مۆرفیمەکانی تافن، دەبنە وشە ئەرکییە هێزدارەکانی وەک [ا-، -و، -ی،-د،-ت] دەبێت ببنە برگەیەک، پاشان (پێ)یەکی هێزداری تر بەرهەم بهێنن لە پارادایمەکەدا، چونکە 'وشە ئەرکییە هێزدارەکان' لە ژینگەڕۆنانییەکەدا پارێزگاری لە هێزەکەیان دەکەن، بەیەک وشەی فۆنۆلۆجیی هێزدار هەژماردەکرێن، وەک لە زۆربەی پارادایمە کردارییەکاندا ڕوودەدات، بەڵام لە شکانەوەی پارادایمێکی وەک:

- [چوون، بوون]ڕەگی کردار + -وئەسپێکتی شکانەوەیی]←[چو، بو]، نواندنی پرۆسۆدیکیان دەبێت بە [چوو، بوو]پارادایمی کرداری ڕابردوو، لەم ژینگەی دارشتنەدا کورتکردنەوەی ئاستی (پێ) ڕووی داوە، کە هۆکارەکەی فۆنەتاکتیکیە چونکە [چ+و، ب+و] دەنگی نەبزوێن و بزوێنن، ڕاستەوخۆ یەک برگە پێکدەهێنن واتە کەرتە پێکهێنەرەکان لە ئاستی برگەدا پێکدا دەچن و تەنها یەک برگەو یەک (پێ) بەرهەمدێنن ئەوەش هۆکارەکەی 'دراوسێیەتی کەرتە دەنگییەکان و پێکهاتنی دروستەی برگەیە'، بەمشێوەیە: [چوو. ]←[σ́.σ́ ]←[Σs .Σ]←pph هۆکاری فۆنەتاکتیکی←[σ́]←[ Σ́s ]←pph

بەڵام لە [هێنا] ← [هێن+ا]←[هێنا]←[هی.نا] [σ́.σ́]←←[Σs. Σs ]← pph هۆکاری کورتکردنەوەی ئاستی (پێ)ی نییە.

### ٢/١-٣-٦) باڵادەستی (پێ):

کاتێک هێزی سەرەکی لەسەر بزوێنی برگەی یەکەمی لای ڕاستی(پێ)یەکە بێت. پێیدەوترێت (پێ)ی ڕاست-باڵادەستright-dominate feet، کە شێوەی پارامێتەری (پێ)یە، ئەو لایە دیاریدەکات کە سەری

حوکمکەری لێیە، هەموو گرێکانی لای ڕاست، باڵادەستن لە  ئینگلیزیدا (**Crystal ,2008:197**). (پێ)ی ئایامبیک وەک ناوێکی ناڕاستەوخۆ بۆ ئەم جۆرە (پێ)یە بەکاردێت(**Crystal, 2008:59**). بەڵام لە کوردیدا (پێ)ی ترۆکێکی دەبێت بەپێی ڕاست-باڵادەست بەهۆی نووسینی ئەلفبێی عەرەبییەوە، بەڵام بە نووسین بە ئەلفبێی لاتینی بەهەمان شێوە (پێ)ی ئایامبیکییە. بە پێچەوانەوەیە بۆ (پێ)ی چەپ- باڵادەست.

## ٤-١/٢) وشەی فۆنۆلۆجیی پرۆسۆدیکی:

وشەی فۆنۆلۆجی ئەو پێکهێنەرە پرۆسۆدیکییەیە کە لە (پێ) و برگە گەورەترە و لە فریزی فۆنۆلۆجی بچووکترە لەئاستی فەرهەنگدایە، کە بە 'وشەی فۆنۆلۆجی' و 'وشەی پرۆسۆدیکی'یشی پێدەگوترێت، زاراوە و هێماکانی (**ω, pw، pword**)ی بۆ بەکاردێت، بەڵام مەرج نییە وشەی فۆنۆلۆجی یان وشەی پرۆسۆدیکی هاوتای وشەی ڕێزمانی بێت(**Hall, 1999 In: Hall,  Kleinhenz , 1999:1-2**). لە هەندێک لە سەرچاوەکانی تردا بە تەنها بە (**ω**) ئاماژەی بۆ کراوە. لەم بەشەی ئەم تێزەدا هەوڵدراوە هەردوو زاراوەی(فۆنۆلۆجیی پرۆسۆدیکی) بەکاربهێنرێت، لەبەرئەوەی لە هەندێک لە لێکۆڵینەوەکاندا (وشەی فۆنۆلۆجی) و لە هەندێکی تریاندا (وشەی پرۆسۆدیکی) بەکارهاتووە.

دروستەی پرۆسۆدیکی لە فۆڕمی فۆنۆلۆجییەوە دەردەهێنرێت، لەم ڕووەوە بویج ( **Booij1999 In: Hall, Kleinhenz , 1999:48**) یاسا بنچینەییەکانی وشەی فۆنۆلۆجیی پرۆسۆدیکی بەمشێوەیە دیاریدەکات:

١-وشەی پرۆسۆدیکی بواری گشتاندنی یاسا فۆنەتاکتیکییەکانە.

٢- بواری یاساکانی هێزدانانە .

٣- بواری یاسافۆنۆلۆجییەکانە .

٤- پێکهێنەرێکی سەرەکییە و پەیوەستە بە خستنەکاری ئەگەرەکانی سێ بوارەکەی پێشوو ترەوە، وەک ئەو ئەگەرانەی کە بۆ وشە ئالۆز و لێکدراوەکان دێنە ئاراوە لە خاڵەکانی(٣،٢،١)دا، بڕوانە ( **Booij1985, Wiese1996**)؛ هەروەها وەک ئەو لێکدانەوە ئەگەرییانەی لە بەشی سێیەمی تێزەکەدا، کە بۆ وشە لێکدراوەکان کراوە لە کوردیدا. ئەم یاسابنچینەییانەی وشەی پرۆسۆدیکی لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگۆڕێت، پەیوەستن بە تایبەتمەندیی خودی زمانەکەوە.

### ١/٢-٤-١)دروستەی پێوانەیی وشەی فۆنۆلۆجیی پرۆسۆدیکی:

دروستەی وشەی فۆنۆلۆجی بەگشگیری بەمشێوەیە دیاریدەکرێت:

١.هەروشەیەکی فۆنۆلۆجیی پرۆسۆدیکی لە یەک(پێ)یان زیاتر پێکدێت.

٢.یەکێک لە (پێ)یەکانی' دوایین (پێ)ی لای ڕاست  **rihgt-most** یان دوایین (پێ)ی لای چەپ**left-most** هێزدارە **strong S** واتە هێزی سەرەکی لەسەرە .

٣.  (پێ) لە یەک یان دوو برگە پێکدێت ((**Hayes, 1990: 15**))، لە هەندێک زمانی تردا لە سێ برگە پێکدێت، هەرچەندە لە زۆربەی  لێکۆڵینەوەکاندا ئاماژە بەو زمانانە دراوە کە (پێ) تیایاندا دوو برگەیە.

٤.یەکێک لە برگەکانی دوایینی لای ڕاست یان دوایینی لای چەپ هێزدارە، واتە برگەی بەهێز و برگەی لاوازی هەیە، کە بە ( **S ,W** ) هێما دەکرێن.

٥.هەر برگەیەک لە (سەر)ێکی سەرپشکانە و (سەروا )ێک پێکدێت. لە کوردیدا لە هەندێک لە وشە فۆنۆلۆجییە ئەرکییەکاندا، وەک مۆرفیمە بەندە دارێژەر و ڕێزمانییەکان دەکرێت تەنها لە 'ڕیم(سەروا)'ی برگەکە پێکبێن، (**بڕوانە** (٢/٣-٢-٥-١)).
٦. (سەروا)ی برگەکەی پێکدێت لە (ناوک) و کۆتایی برگە کە(پاشکۆ/کۆدا)یە.

هەریەکە لەو یاسانەی کە باسکران لە ڕاستیدا بەستنەوەیەکە/کۆتوبەندێکە**constraint** کە مۆڵەتدەدات بە پارچە بچووکەکان لە دروستەیەکی پرۆسۆدیکیی تەواودا کە 'وشەی فۆنۆلۆجییە' ( **Coleman S J,2006: 376**) ڕێکبخرێن.

دروستەی پێوانەیی وشەی فۆنۆلۆجی جیاوازە لە دروستەی مۆرفۆ–پرۆسۆدیکییەکەی، دروستەی مۆرفۆ–پرۆسۆدیکیەکەی کاردەکاتە سەر شوێنی هێزدانان لەوشە فۆنۆلۆجییەکەدا، ئەوەش کاریگەری دەبێت لەسەر دروستە ڕیتمییەکەی، چونکە ئەوەی گرنگە ئەو کەرتە فەرهەنگییە هێزدار و ناهێزدارانەیە کە وشە فۆنۆلۆجییەکە پێکدەهێنن، دواتر لە دروستەی پێوانەیی وشە فۆنۆلۆجییە بەرهەمهاتووەکەدا، ژمارەی برگە پێکهێنەرکانی وشە فۆنۆلۆجییەکە و شوێنی هێزەکە، گرنگە، کە بەهۆی بنەمای هێزدانانەوە لەو زمانەدا دیاریدەکرێت. شوێنی هێزەکە لەسەریەکێک لە برگەکان، جۆری (پێ)یەکە دەست نیشان دەکات، ئەوەش دەبێتە هۆی بەخشینی ڕیتمێکی تایبەتی فەرهەنگی  بە وشە فۆنۆلۆجییەکە، هەروەها دەستنیشانکردنی دروستەی مۆرفۆ–پرۆسۆدیکی لە دەستنیشانکردنی ئاستە فۆنۆلۆجییە فەرهەنگییەکاندا بۆ دیاریکردنی ئاستە مۆرفۆلۆجییەکانی وشەڕۆنان گرنگە، کە هاوتای ئاستە فۆنۆلۆجییە فەرهەنگییەکانە.

## ٢-٤-١/٢) دروستەی وشەی فۆنۆلۆجیی پرۆسۆدیکی لە ڕووی دروستەی مۆرفۆ-پرۆسۆدیکییەوە:

لە زۆربەی دەرکردەکانی/ڤێرژنەکانی کەتیگۆرەییە پرۆسۆدیکییەکاندا تەنها یەک پێکهاتووی سەرەکی مۆرفۆ–پرۆسۆدیکی**morpho-prosodic** هەیە کە ئەویش وشەی فۆنۆلۆجیی پرۆسۆدیکییە**PWord**  وەک لە (**Nespor & Vogel, 1986 Selkirk, 1986**)دا ئاماژەپێدراوە، کە لە برگە و (پێ) پێکدێت، بەڵام لە (**Inkelas,1989**)دا واگریمانە دەکات کە وشەی فۆنۆلۆجیی پرۆسۆدیکی زاڵدەبێت بەسەر وەچە کەتیگۆرییە مۆرفۆ–پرۆسۆدیکییەکانی وەک قەدی پرۆسۆدیکی و ڕەگی پرۆسۆدیکیدا ( **Laura.J. DOWNING.1999 In Hall, Kleinhenz , 1999:73**).

لە لایەن لێکۆڵەرانی(**Hall, Kleinhenz,1999**)دا، ئاماژە بە چەند جۆرێک لە دروستەی وشەی فۆنۆلۆجیی پرۆسۆدیکی دراوە، ئەوە دەخرێتەڕوو کە دروستەکە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازە، هەروەها ئاماژە دراوەی بەوەی کە وشەی پرۆسۆدیکی جیاوازە لە وشەی ڕێزمانی. لە هەندێک لە زمانەکاندا یەک وشەی ڕێزمانی لە دوو وشەی فۆنۆلۆجیی پرۆسۆدیکی یان زیاتر بپێکدێت، وەک لە کەرتە پێکهێنەرەکانی وشەی لێکدراودا، یان لە قەد و لاگرەکەیدا ڕوودەدات. لە هەندێک لە زمانەکانی تردا  یەک وشەی فۆنۆلۆجیی پرۆسۆدیکی لە دوو وشەی ڕێزمانی پێکدێت، وەک لەزنجیرە پێکهاتووەکانی [وشەی فەرهەنگی+ کلیتیکەکان]دا. ئەگەر یەک وشەی فۆنۆلۆجیی پرۆسۆدیکی لە دوو وشەی پرۆسۆدیکی تر یان زیاتر پێکهاتبێت، لەمبارەدا وشە فۆنۆلۆجییەکە ڕاستەوخۆ لە یەکگرتنی دوو مۆرفیمەکە پێکدێت.

لە زۆربەی لێکۆڵینەوە نوێکاندا توێژەران ئەوەیان سەلماندووە کە وشەی فۆنۆلۆجیی پرۆسۆدیکی ئایزۆمۆرفیمی/ هاوتاوچوونیەکی وشەی ڕێزمانی نییە(**Hall,1999 In: Hall, Kleinhenz, 1999:1-2**).

وشە ئەرکییە ڕێزمانییە ناهێزدارەکان(کە لە هەندێک زماندا ناهێزدارن) و هێزی فەرهەنگیی خۆیان نییە، کاتێک دەچنە ناو ژینگەی دارشتنی وشە فۆنۆلۆجییە بەرهەمهاتووەکانەوە، تەنها وشەیەکی فۆنۆلۆجیی پرۆسۆدیکی نوێی تر بەرهەمدێنن، نەک فرێزی فۆنۆلۆجی، واتە دەبنە ڕاکێشەری هێزی فەرهەنگی وشە خانەخوێیەکە یان لە هەندێ لە زمانەکاندا هیچ هێزێکیش ڕاناکێشێن و ناشبن بە وشەیەکی فۆنۆلۆجیی پرۆسۆدیکی، وەک لەو زمانانەدا کە کلیتیکەکانیان بەپێی تایبەتمەندیی زمانەکەیان ناهێزدارن، کاتێک دەچنە سەر وشە خانەخوێیەکە ڕاستەوخۆ یەک وشەی فۆنۆلۆجی تر بەرهەمدێنن، وەک لە:

زمانی شرێم، ماچڤا **Šrem, Mačva** دا کە لە زمانە صربییەکانن، کاتێک یەکێک لە کلیتیکە لکاوەکانی (ú) دەچێتە سەر وشە فەرهەنگییە خانەخوێیەکەی، پێکەوە یەک وشەی فۆنۆلۆجیی پرۆسۆدیکی بەرهەمدێنن، لە کاتێکدا کلیتیکەکە لە زمانەکانی تری وەک هەرزۆگۆڤینی ڕۆژهەڵاتی **Eastern Herzegovina**و زمانی بەلگراد **Belgrade**دا هێزدارە و خۆیشی بووە بە وشەیەکی پرۆسۆدیکی و پێکەوە لەگەڵ وشە فەرهەنگییە خانەخوێیەکەیدا، فرێزێکی فۆنۆلۆجی بەرهەمدێنن((**Gorka Elordieta, 2014:27**)، لەمبارەدا کلیتیکەکە لە دوو زمانەدا وەک وشەیەکی فۆنۆلۆجیی پرۆسۆدیکی دادەنرێت و لەگەڵ وشە خانەخوێکەیاندا کە وشەیەکی فۆنۆلۆجیی پرۆسۆدیکی ترن، فرێزی فۆنۆلۆجی بەرهەمدێنن، کە بەمشێوەیە دەنوێنرێت:

**-Eastern Herzegovina :((ú grad)ω)φ/pph**

**-Šrem, Mačva: ( (ú fnc. (graavu)ω.)ω**

**- Belgrade: (u(grad) ω)φ/PPh**

لە هەندێک لە زمانەکانی وەک زمانی ئینگلیزیدا، هەندێک لە وشە ئەرکییە دارێژەرەکان/مۆرفیمە بەندە وشەدارێژەرەکانی وەک (**un-, -ness**) هێزدارن، هەندێکی وەک (**in-, ..**) ناهێزدارن، لەمبارەدا وشە ئەرکییە ناهێزدارەکان لەگەڵ وشە فەرهەنگییەکاندا یەک وشەی فۆنۆلۆجیی پرۆسۆدیکی بەرهەمدێنن، بەڵام وشە ئەرکییە هێزدارەکان لە گەڵ وشە فەرهەنگییەکاندا فرێزی فۆنۆلۆجی بەرهەمدێنن، وەک لە شیکردنەوە خوارەزمییەکانی سزپایرا(**Szpyra1989**)دا بۆ نەخشەسازی دروستە مۆرفۆلۆجییەکان لەسەر دروستە پرۆسۆدیکییەکاندا ڕوونی کرووەتەوە :

**(R.Raffelsiefen 1999 In: Hall, Kleinhenz , 1999:133-134 ):**

**-[in+[moral]A]A → ( [in+[moral]A]A)ω =pw**

**-[[un+] [ripe]A]A → ( [[un+] ω ) ([ripe]A]A)ω → φ/pph**

**-[[in+[polite]A]A [ness]]N → ( [[in+[polite]A]A ) ω ( [ness]]N) ω → φ/pph**

**-[[un+] [grammatical]A]A ity] N → ( [[un+]ω [grammatical]A]A ity] N ) ω → φ/pph**

**A: Ajectiv. N: Noun**

لە سێڵکیرک ((**Selkirk,1996: 187-188**)یشدا بەوردی دروستەی پرۆسۆدیکی وشە ئەرکییەکانی ئینگلیزی ڕاڤەکراوە.

هەروەها بوویج(Booij1999) هەمان بۆچوونی هاڵ(Hall,1999) دووبارە دەکاتەوە و دەڵێت دەکرێت وشەی فۆنۆلۆجیی پرۆسۆدیکی بچووکتر بێت لە وشەی ڕێزمانی، وەک لە وشە ئاڵۆزەکانی (داڕێژراو، لێکدراو)ی زمانی ئەڵمانیGerman و هۆڵەندیداDutch، یا وشەی فۆنۆلۆجیی پرۆسۆدیکی زیاتر لە دوو وشەی ڕێزمانی دەگرێتەوە، وەک لە پێکەوەبەستنی [کلیتیک+ وشەخانەخوێیەکەی]ەکەیدا، کە لە (Booij1996)دا خراوەتەڕوو. لە ژینگەی داڕشتنی وشە ئاڵۆزەکانی زمانی هەنگاریدا، پاشگرە وشەداڕێژەرەکان لە ڕووی مۆرفۆلۆجییەوە سەربە هەموو وشەنوێیە داڕێژراوەکە دەبن، واتە سەربە دەرکردەکە دەبن، بەڵام لە ڕووی پرۆسۆدیکییەوە تەنها سەر بە کەرتی دووەمی دەرکردەکەن، وەک لە وشەی [بوداپیستBudapest ] و وشەی لێداڕێژراوی [بەرەوبۆداپیست Budapestnek]دا ( Booij.1999 In: Hall, Kleinhenz , 1999:48) بەمشێوەیە:

**-morphological structure: [ [[Buda] +[pest]] nek ]**
**-prosodic structure: (buda)ω (pestnek)ω**

لەو لێکدانەوەیە و لە سەرجەمی ئەو [نۆ] لێکۆڵینەوەی کە لە سەرچاوەی پێشوودا خراوەتەڕوو، ئەو دەرئەنجامە بەدەستدێت کە **دروستەی وشەی فۆنۆلۆجیی پرۆسۆدیکی لە ڕووی دروستەی مۆرفۆ-پرۆسۆدیکییەوە** بۆ هەندێک لە زمانە جیاوازەکانی جیهان، پێکدێت لە:

١- یەک وشەی فۆنۆلۆجیی پرۆسۆدیکی دەکرێت لە تاکە یەک مۆرفیم یان زیاتر پێک بێت. لەمبارەدا : وشە فەرهەنگییە تاک مۆرفیمییەکان دەبنە یەک وشەی فۆنۆلۆجیی پرۆسۆدیکیPW .

**- [وشەی فەرهەنگی$_{LW}$ ]$^{PW1}$** ، وەک: [گوڵ$_{LW}$] $^{PW1}$

٢- وشە فۆنۆلۆجییە ئەرکییە تاک مۆرفیمییە هێزدارەکانیش.fnc، کە لەیەک مۆرفیم پێک دێن، دەبن بە دوو بەشەوە:

**أ-** هەندێک لە وشە فۆنۆلۆجییە ئەرکییەکان بەتەنها دەبنە وشەی فۆنۆلۆجیی پرۆسۆدیکی:

**I.** وشەی فۆنۆلۆجیی ئەرکیی هێزدار، کاتێک سەربەخۆبێت، دەبێت بە وشەی فۆنۆلۆجیی پرۆسۆدیکی و بەتەنها دەنوێنرێت، وەک دەربڕاوەتاک مۆرفێمییەکان لە ئینگلیزیدا[..,yes, no]:

**-[وشەی ف.ئەرکیی هێزدار$_{fnc}$]$^{PW}$ ← .PW= fnc.**

هەروەها، وەک: [بەڵێ، نەخێر، نا، نەء،...ئاخر.$^{وشەی ف.ئەرکیی هێزدار}$ $_{fnc}$] $^{PW}$ ← **PW=fnc.**

لەم ڕووەوە (وشە تاک مۆرفیمییە پرۆسۆدیکییەکان هەرگیز ناکرێت شیبکرێنەوە بۆ دوو وشەی پرۆسۆدیکی یان زیاتر( **Hall,1999 In: Hall, Kleinhenz , 1999: 2**).)

**II.** وشەی فۆنۆلۆجیی ئەرکیی هێزدار، کاتێک ناسەربەخۆ بێت، دەبێت بە وشەی فۆنۆلۆجیی ئەرکی، بەڵام بەتەنها نانوێنرێت، بەڵکو کە دەچنە ژینگە داڕشتنییەکانەوە لەگەڵ وشە فەرهەنگییەکانی تردا فرێزی فۆنۆلۆجی بەرهەمدێنن، واتە دەبنە وشەی فۆنۆلۆجی ئەرکی بەڵام نابن بە وشەی فۆنۆلۆجیی پرۆسۆدیکی:

**-[[وشەی فەرهەنگی$_{LW}$]$^{PW1}$ + [وشەی فۆنۆلۆجیی ئەرکی$_{fnc}$ ]$^{PW2}$ ]$^{PPh/φ}$**

**-[[وشەی فۆنۆلۆجیی ئەرکی $_{fnc.}$] $^{PW2}$ + [وشەی فەرهەنگی$_{LW}$] $^{PW1}$] $^{PPh/φ}$**

–[[وشەی فەرهەنگیLW] PW1 +[وشەی فۆنۆلۆجیی ئەرکی .fnc] PW2 ]PPh/φ

–[[وشەی فۆنۆلۆجیی ئەرکی .fnc] PW2 + [وشەی فەرهەنگیLW] PW1 + [وشەی فۆنۆلۆجیی ئەرکی.fnc] PW3] PPh/φ

**نموونە وەک:**

–[[نوس ڕەگی کرداری نووسین LW] PW1 + [–را] PW2 [fnc] ]PPh/φ ←[نووسرا] PPh/φ

–[[– ب/مە .fnc] PW2 + [کە ڕەگی کرداری 'کردن' LW] PW1] PPh/φ ←[بکە/مەکە]PPh/φ

–[[کوردLW ] PW1 +[م/ین/یت/ن/ە/ن کلیتیکە لکاوە هێزدارەکان .fnc] PW2 ] PPh/φ ←[کوردم/کوردین/کردیت/ کوردن/ کوردە/ کوردن] PPh/φ

–[[دە.fnc] PW2 + [نووسLW] PW1 + [ێت.fnc] PW3] PPh/φ ←[دەنووسێت]PPh/φ

ب– هەندێک لە وشە فۆنۆلۆجییە ئەرکییەکان **نابنە** وشەی فۆنۆلۆجیی پرۆسۆدیکی:

لە هەندێک لە زمانەکانی تردا، بەپێی تایبەتمەندیی زمانەکان، وشە ئەرکییە ڕێزمانییەکان/مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکان ناهێزدارن، واتە هێزڕاکێشەرن، نابنە وشەی فۆنۆلۆجیی پرۆسۆدیکی، لەمبارەدا، کە دەچنە ژینگە دارشتنییەکانەوە لەگەڵ وشە فەرهەنگییەکانی تردا وشەیەکی فۆنۆلۆجیی پرۆسۆدیکی نوێ بەرهەمدێنن، بەمشێوەیە دەنوێنرێن:

–[[وشەی فەرهەنگیLW ]PW1 [وشەی ف.ئەرکیfnc] ]PW2 ، نموونە بۆ ئەم جۆرەی وشەی فۆنۆلۆجی لە سەرجەم ژینگە ڕۆنانییەکانی وشەدارشتندا، لە فەرهەنگی کوردیدا، بەدی دەکرێت. وەک:

–[[کردنLW ]PW1 + [–ەوە fnc] ]PW2.

٣– یەک وشەی فۆنۆلۆجیی پرۆسۆدیکی دەکرێت لە دوو مۆرفیم یان زیاتر پێک بێت:

ئەو وشەفۆنۆلۆجییە پرۆسۆدیکییانەی کە لە دوو مۆرفیم یان زیاتر پێکدێن، دروستەکەیان لەسەر بنەمای هێزداری کەرتە/مۆرفیمە پێکهێنەرەکانیان دیاریدەکرێت، ئەمەش تایبەتمەندییەکە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگۆڕێت، بە جۆرێک کە :

دەکرێت وشە فۆنۆلۆجییە پرۆسۆدیکییەکە لە چەند وشەیەکی فەرهەنگیLW/چەند مۆرفیمێکی سەربەخۆ پێکهاتبێت، واتە وشەیەکی ڕێزمانی بێت، یان وشەی ف.ئەرکی ناهێزداریشییان لەگەڵدا بێت، هەرچەندە ئەم وشە فەرهەنگییانە لە بنەڕەتدا هێزدارن، بەڵام بەهۆی نەریتی سڕینەوەی هێزەوە لە ژینگە ڕۆنانییە نوێیەکانیاندا، ڕووبەڕووی هەڵوەشانەوەی دروستەی بڕگەو پێ دەبنەوە، و هێزەکەیان لەدەست دەدەن و لە وشە بەرهەمهاتووە نوێیەکەدا دەبن بە خاوەنی هێزێکی پلەداری ڕیتمی، واتە هێزی سەرەکی، ناوەندی، سێیەمیان دەبێت، لە ئەنجامدا یەک وشەی فەرهەنگی نوێی ئاڵۆزLW/لێکدراویان لێ بەرهەمدێت، دەبنە یەک وشەی فۆنۆلۆجیی پرۆسۆدیکی نوێPW کە خاوەنی یەک هێزی سەرەکییە، بەمشێوەیە دەنوێنرێت:

–[[وشەی فەرهەنگیLW ]PW1 [وشەی فەرهەنگی]PW2] .PW3

–[[وشەی فەرهەنگیLW ] PW1[وشەی ف.ئەرکیfnc] [وشەی فەرهەنگیLW]PW2 ] .PW3

–[ [ [وشەی فەرهەنگی LW] ]PW1 [[وشەی ف.ئەرکی fnc] +[وشەی فەرهەنگی LW]]PW2 [وشەی فەرهەنگی LW] PW3 ] PW4،

نموونە بۆ ئەم جۆرەی وشەی فۆنۆلۆجیی پرۆسۆدیکی  لە سەرجەم ژینگە ڕۆنانییەکانی  لێکدانی وشەدا لە فەرهەنگی کوردیدا بەدی دەکرێت، وەک لە :

–[[گەڵا LW] PW1 [مێوLW] PW2 ]PW3

–[[گوڵ LW] [بە fnc]PW1 [دەمLW] PW2 ]PW3 ← [گوڵبەدەم]PW هەروەها: [،چاوبەخومار، دەمبە پێکەنین، ...].

–[[[خۆ LW] [[بە fnc] [زلLW]]PW1 [زانLW] PW2 ] PW3 ] PW4 ←[خۆبەزلزان]PW ..

شیکردنەوە و لێکدانەوە بۆ سەرجەم جۆرەکانی [دروستەی وشەی فۆنۆلۆجیی پرۆسۆدیکی لە ڕووی دروستەی مۆرفۆ-پرۆسۆدیکییەوە] لە چوارچێوەی لێکدانەوەکانی بەشی سێیەمدا خراوەتەڕوو.

دەکرێت بەم خشتەیە بنوێنرێت: (تێبینی: 'وشەی فەرهەنگی' مەبەست لە 'وشەی فەرهەنگی سەربەخۆیە')

| دانە فەرهەنگییەکانی ئاستی فەرهەنگ | وشەی فۆنۆلۆجیی پرۆسۆدیکی ئاستی فەرهەنگ |
|---|---|
| ١– [وشەی فەرهەنگی LW] | - [وشەی فەرهەنگی LW ]PW1 |
| ٢–[وشەی ف.ئەرکیی هێزدار fnc] | –[وشەی ف. ئەرکیی هێزدار fnc] PW ← PW=fnc. وەک: [بەڵێ، نەخێر، نا، نەء ،...ئاخر،. وشەی ف.ئەرکیی هێزدار fnc] PW |
| ٣–أ/ [[وشەی فەرهەنگی LW] PW1 وشەی ف.ئەرکیی ناهێزدار fnc] ب// [[وشەی ف.ئەرکی ناهێزدار fnc ]وشەی فەرهەنگی LW] PW1] | –[[وشەی فەرهەنگی LW] PW1 وشەی ف. ئەرکیی ناهێزدار fnc] PW2 / [[وشەی ف.ئەرکی ناهێزدار fnc ]وشەی فەرهەنگی LW] PW1] PW2 |
| ٤–[[وشەی فەرهەنگی LW] PW1 [وشەی فەرهەنگی LW ] PW2] | –[[وشەی فەرهەنگی LW ] PW1 [وشەی فەرهەنگی] PW2 ] PW3. |
| ٥–[[وشەی فەرهەنگی LW] PW1 [وشەی ف.ئەرکیی هێزدار fnc ] [وشەی فەرهەنگی LW ] PW2] | [[وشەی فەرهەنگی LW] PW1 [وشەی ف.ئەرکیی هێزدار fnc ] [وشەی فەرهەنگی] PW2] PW3 [[گوڵ LW] [بە fnc]PW1 [دەم] PW2] PW3. ← [گوڵبەدەم] PW |
| ٦–[ [ [وشەی فەرهەنگی LW] [[وشەی ف.ئەرکیی هێزدار fnc ] [وشەی فەرهەنگی LW]] [وشەی فەرهەنگی LW] ] | –[ [ [وشەی فەرهەنگی LW] ]PW1 [[وشەی ف.ئەرکیی هێزدار fnc ] [وشەی فەرهەنگی]] PW2 [وشەی فەرهەنگی LW] PW3 ] PW4، –[[[خۆ LW ]PW1 [[بە fnc] [زل]] PW2 [زان LW] PW3 ] PW4 ← خۆبەزلزان.. |
| ٧– وشە فەرهەنگییە سەربەخۆکان لەگەڵ وشە فۆنۆلۆجیەئەرکییە هێزدارەکاندا/مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکاندا وشەی ڕێزمانی یان مۆرفۆسینتاکسی M-word بەرهەمدێنن، وەک: –[[وشەی فەرهەنگی LW]PW1 + [وشەی ف.ئەرکیی هێزدار fnc]PW2 ] M-word | ئەگەر وشە فۆنۆلۆجییە ئەرکییەکان/مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکان هێزداربوون لەگەڵ وشە فەرهەنگییەکەدا فرێزی فۆنۆلۆجی بەرهەمدێنن. دەبنە فرێزی فۆنۆلۆجیی فەرهەنگی، وەک: –[[وشەی فەرهەنگیی LW ] PW1 + [وشەی ف. ئەرکیی هێزدار fnc ] PW2] PPh/φ |

| | |
|---|---|
| –[[وشـــەی ف.ئەرکیـــی هێـــزدار .fnc] PW2 +[وشـــەی فەرهەنگی LW] PW1<br>–[[وشـەی فەرهەنگی LW] +[وشـەی ف.ئەرکیـی هێزدار .fnc] M-word<br>–[[وشـــــەی ف.ئەرکیــــی هێـــزدار .fnc] + [وشــــەی فەرهەنگی LW] + [وشەی ف.ئەرکیی هێزدار.fnc]] M-word<br>لەلاپەڕە (٨٩–٩٠) دا ئامـــاژە بە نموونەکـــانی فرێـــزی فۆنۆلۆجی دراوە | –[[کورد LW] PW1 + [–ین کلیتیکی هێزدار fnc] PW2 ] PPh/φ<br>–[[وشەی ف. ئەرکیی هێزدارfnc] PW2 +[وشەی فەرهەنگی LW] PW1 ] PPh/φ<br>–[[وشەی فەرهەنگی LW] PW1 +[وشەی ف.ئەرکیی هێزدار .fnc] ] PPh/φ<br>–[[وشـــەی ف.ئەرکیـــی هێـــزدار .fnc] PW2 + [وشــــەی فەرهەنگی LW] PW1 + [وشەی ف.ئەرکی.fnc]] PPh/φ |

**خشتەی (٢)نواندنی دروستەی مۆرفۆ–پرۆسۆدیکی وشەی فۆنۆلۆجیی پرۆسۆدیکی**

## ٢/١–٥) فرێزی فۆنۆلۆجی:

فرێزی فۆنۆلۆجی**Phonological Phrase** زاراوەی (فرێزی پرۆسۆدیکی)شی بۆ بەکار دێت، لە هەندێک لە سەرچاوەکاندا وەک ئاستێک دادەنرێت لە دروستەی پرۆسۆدیکییدا، لە مۆدێلی هەرەمی پرۆسۆدیکیدا لە وشەی فۆنۆلۆجی گەورەترەو لە فرێزی ئاوازەیی بچووکترە، (**TRASK,1996:273**).
ئاشکرایە کە دروستە مۆرفۆسینتاکسیەکانیش هاوتای دروستە پرۆسۆدیکییەکان نین، کەواتە لەم ڕوانگانەوە دەکرێت ئەو دەرئەنجامە بەدەستبێت کە هەرکاتێک وشە فۆنۆلۆجییە پرۆسۆدیکییەکان لە ئاستی فەرهەنگەوە گوازرانەوە بۆ ئاستی دوافەرهەنگ، ڕاستەوخۆ دوو گۆڕانکاری سەرەکی تیایاندا ڕوودەدات، یەکەم: کە گۆڕانی هێزەکەیانە لە هێزی فەرهەنگییەوە بۆ هێزی فرێزی، لە کاتێکدا ئەگەر یەک هێزی سەرەکی لەسەر بوو، بەڵام ئەگەر دووهێز یان زیاتری لەسەر بوو وەک لە فرێزە فۆنۆلۆجییە فەرهەنگییەکاندا، کە دوو هێز یان زیاتریان لەسەرە، ئەوا یەکێک لە هێزەکان زەقدەکرێتەوە و دەبێتە هێزە فرێزییەکە، واتە هێزی جەختی دەکەوێتەسەر. دووەم: گۆڕانی ئاستە پرۆسۆدیکییەکەیان لە ئاستی وشەی فۆنۆلۆجیی پرۆسۆدیکییەوە بۆ فرێزی فۆنۆلۆجی. (**بڕوانە ٢/٨–٥)؛ ٢/١١–١)**).
لە کاتێکدا لە ڕووی دروستەی مۆرفۆپرۆسۆدیکییەوە (فرێزی فۆنۆلۆجی لە پێکەوەهاتنی دوو وشەی فۆنۆلۆجی یان زیاتر پێکدێت(**Gorka Elordieta, 2014:21**).) ڕافیڵ سیفێن (**R.Raffelsiefen 1999**) بە چەند هێڵکارییە ئەوەی خستووەتە ڕوو کە :

**نواندنە مۆرفۆلۆجییەکان← نواندنە پرۆسۆدیکییەکان← نواندنە فۆنەتیکییەکان**

ئەمە واتای ئەوە دەگەیەنێت کە نواندنە پرۆسۆدیکیەکان لە نواندنە مۆرفۆلۆجییەکانەوە وەردەگیرێن و پاشان دەبنە بنەمای نواندنی فۆنەتیکیی. هەرلەم ڕووەوە ئاماژە دەدات بەوەی کە ئەگەر وشەیەکی فۆنۆلۆجی جووتکرا لەگەڵ وشەیەکی تری فۆنۆلۆجیدا، گوێگرێک درکی کرد بەوەی کە ئەوە دوو وشەی فۆنۆلۆجین پێکەوە و بەهۆی سنووری هێزەکانیانەوە توانی شییان بکاتەوە، ئەوە بە فرێزێکی فۆنۆلۆجی دادەنرێت، ئەگەر وانەبوو ئەوا ئەو دوو وشەیە دەبن بە یەک وشەی فۆنۆلۆجی ( **R.Raffelsiefen 1999 (In: Hall, Kleinhenz , 1999:169-170**.

کەواتە کاتێک وشە فۆنۆلۆجییە پرۆسۆدیکییەکان کە لە ئاستی فەرهەنگەوە دێن بۆ دەربڕین و دەچنە ئاستە پرۆسۆدیکییەکانی ترو دەردەبڕرێن، گەر بەتەنهاش بن، هەردەبن بە فریزی فۆنۆلۆجی و هێزەکەشیان دەبێتە هێزی فریزی، لە ئاستی دوافەرهەنگدا .(**بڕوانە** ٢/١١-١))

## ٢/١-٥-١) دروستەی فریزی فۆنۆلۆجی:

فریزی فۆنۆلۆجی بە( **PhP, PPh, pph, φ** ) هێما دەکرێت. دەیڤد بێک**DAVID BECK 1999** وایدادەنێت دروستەی فریزی فۆنۆلۆجی بەپێی هێس (**Hess 1995**) کە بۆ زمانی لوشووت-سیدی باکووریی(**Northern Lushootseed**)ی پەسنکردووە، نزیکە لە دروستەی وشەی فۆنۆلۆجییەوە، هەروەها فریزی فۆنۆلۆجی لەو زمانەدا بنیاد نراوە بە جۆرێک کە 'سەر'ێک یان کرۆکێکی فریزی **Phrasal nucleus** لە سەنتەرەکەیدایە و فریزەکەش سەرکۆتایە و هیچ توخمێکی تر بەدوایدا نایەت، سەری فریزەکەش وشەیەکی فۆنۆلۆجیە، دەتوانێت بەتەنها بێت و فریزە فۆنۆلۆجییەکە دروست بکات، کە هەڵگری تاکە هێزێکە کە فیچەری درێژکردنەوەیی هەیە.

بواری فریزی فۆنۆلۆجی فریزی ئاوازەییە **IP**، کە شیدەکرێتەوە بۆ فریزە فۆنۆلۆجییەکان بەپێی باری ئەوەی کە وشەی فۆنۆلۆجیی ئەرکی یان وشەی فۆنۆلۆجیی پرۆسۆدیکین ( **DAVID BECK 1999 In: Hall, Kleinhenz , 1999:25-26**). وەک لە دروستەی وشەی فۆنۆلۆجیی پرۆسۆدیکیدا ئاماژەیان پێدرا.

لەو تێڕوانینەوە بۆدروستەی فریزی فۆنۆلۆجی لە زمانی لوشووت سیدی باکوریدا( **Northern Lushootseed**) و لەو (هەشت) لێکۆڵینەوانەی تردا، کە لەو سەرچاوەیەدا ئەنجام دراون، ئەوە دەردەکەوێت کە کاتێک دانەیەکی فەرهەنگی کە خاوەنی یەک هێزی سەرەکی فەرهەنگییە، کە دێتە ئاستی دوافەرهەنگەوە دەبێت بە فریزی فۆنۆلۆجی و دروستەکەی هاوتای دروستەی وشەی فۆنۆلۆجیی پرۆسۆدیکی دەبێت، بەڵام کاتێک دوو توخمی فەرهەنگی یان زیاتر کە هەڵگری دوو هێزی سەرەکی یان زیاترن، دوو(پێ)ی ڕیتمیی بەهێز یان زیاتر دروست دەکەن و دەبن بە فریزی فۆنۆلۆجی و یەکێک لە هێزی سەر (پێ)یە هێزدارەکان دەبێت بە هێزی فریزی، ئەوەش پەیوەستە بە تایبەتمەندیی زمانەکەوە، بۆ نموونە لە زمانی 'لوشووت سیدی باکوریدا' هێزی سەرەکی سەر کۆتایە، لە کوردیدا بەهەمان شێوەیە و لە پارادایمە ناوی و هاوەڵناوییەکاندا کە دەبنە فریزی فۆنۆلۆجی لە فەرهەنگدا، هێزە سەرەکیەکان لەسەر یەکێک لە (پێ)یە هێزدارەکانە و سەرکۆتایە، بەڵام لە پارادایمە کردارییەکاندا، کە دەبنە فریزی فۆنۆلۆجی، هێزەکەیان سەر سەرەتایە،( **بڕوانە** (٣/٥))، بەڵام لە ئاستی دوافەرهەنگدا، کە دەبنە فریزی ئاوازەیی بەپێی خواست و پێداویستی دەقی/کۆنتێکستی دەربڕینەکە، بەرزکردنەوەی هێزی کەرتە پێکهێنەرەکان بۆ هێزی فریزیی، گۆڕانکاری بەسەردا دێت و ئەوەش دەبێتە هۆی گۆڕینی شوێنی هێزەکە لە فریزە فۆنۆلۆجییەکەدا واتە هێزی جەخت دەکەوێتە سەر ئەو بەشەی کە مەبەستە؛ ئەم بابەتە لە ( ٢/١١-١)) ڕاڤەکراوە.

لەوزمانانەدا کە فریزە فۆنۆلۆجییەکانیان دەکەونە ئاستی فەرهەنگەوە بە فریزی فۆنۆلۆجیی فەرهەنگی دادەنرێن، کە خاوەنی هێزی پلەداری ڕیتمیین، واتە سەرەڕای هێز 'ڕیتم'یشیان هەیە، بەڵام تەوژمیان نییە و کاتێک کە دەچنە ئاستی دوافەرهەنگەوە سەرەڕای هێز و ڕیتم، تەوژمی دەربڕینییان دەکەوێتە سەر،

واتە بەهۆی دەربڕینەوە تەوژم وەردەگرن، دەبن بە فریزی ئاوازەیی  وەک لەم نموونەیەدا دەردەکەوێت : لە ئاستی دوافەرهەنگدا :

-[زانست  چرای ژیانە.]utt ← دروستەی مۆرفۆپرۆسۆدیکیی فریزە فۆنۆلۆجییە پێکهێنەرەکانی دەبێت بە:

-[[زانستi] pph1 [ڕیتم +تەوژم = IP1 + [ [چ ِرا ´ ی] pph2 + [ژیا نە ´ ] pph3[(ڕیتم+ڕیتم )+ تەوژم =IP2

-[[σ.σ ´ ] pph1 [ (هێزی فەرهەنگی =ڕیتم) +تەوژم = IP1 + [ [σ́. σ̀] (هێزی فەرهەنگی+هێزی فەرهەنگی=ڕیتم pph2 + [σ́. σ̀] (هێزی فەرهەنگی+هێزی فەرهەنگی =ڕیتم)pph3 [(ڕیتم+ڕیتم)+ تەوژم =IP2

-[[Σ´ ] pph1 [ ڕیتم +تەوژم = IP1 + [ [Σ´] ] ڕیتم pph2 + [Σ´ Σ] ڕیتمpph3 [(ڕیتم+ڕیتم)+ تەوژم =IP2

دەکرێت نەخشەسازی خوارەزمی **دروستەی مۆرفۆپرۆسۆدیکی فریزی فۆنۆلۆجی** بەمشێوەیە بنوێنرێت:

| **ئاستی فەرهەنگ** | **ئاستی دوافەرهەنگ** |
|---|---|
| ١-[[وشەی فەرهەنگی سەربەخۆ LW] PW1] | [ [[وشەی فەرهەنگی سەربەخۆ LW] PW1] ] PPh/ φ<br>وەک: [منداڵ]pph1+[خۆشەویستە] pph2 |
| ٢-[[وشەی ف.ئەرکیی هێزدارfnc] PW1 ] | [[وشەی ف.ئەرکیی هێزدارfnc] PW1] PPh/ φ<br>وەک: [[بەڵێ، نەخێر، نا، نەء .. وشەی ف.ئەرکیی هێزدار fnc] PW] pph |
| ٣- ١/ [[وشەی فەرهەنگی LW] PW1 وشەی ف.ئەرکی ناهێزدار fnc] PW2 ؛<br>ب/ [[وشەی ف.ئەرکی ناهێزدار fnc ]وشەی فەرهەنگی LW] PW1] PW2 | ا/[[وشەی فەرهەنگی LW] PW1 وشەی ف.ئەرکی ناهێزدار fnc] PW2] PPh/φ ؛<br>وەک: [[دار LW ] PW1 +ستان fnc ] pph1 سەرچاوەی هەوای پاکە.<br>ب/[[وشەی ف.ئەرکیfnc]وشەی فەرهەنگی LW] PW1] PW2] PPh/φ ؛<br>وەک: [پێ fnc ]نووس LW] PW1 ] pph1 بەسوودە. |
| ٤-[وشەی فەرهەنگیLW] PW1 [وشەی فەرهەنگیLW] PW2 ] | [[[وشەی فەرهەنگی LW] PW1 [وشەی فەرهەنگیLW] PW2] PPh/ φ ؛<br>وەک: [[[گەڵاLW] PW1 [مێوLW] PW2 ] PW3 ] pph1 بکە بە چێشت. |
| ٥-[ [وشەی فەرهەنگی LW] [[وشەی ف.ئەرکیی هێزدار fnc ] [وشەی فەرهەنگی]] [وشەی فەرهەنگیLW] ] | - [ [وشەی فەرهەنگی LW] [[وشەی ف.ئەرکیی هێزدار fnc ] PW1 [وشەی فەرهەنگی]] [وشەی فەرهەنگیLW] PW2 ] PW3 ] PW4 ] PPh/ φ ؛<br>وەک: [ [خۆLW] [[بەfnc ] PW1 [زل]] [زانLW] PW2 ] PW3 ] PW4 ] PPh1 مەبە. |
| ٧- (بڕوانە خاڵی (٧-)لە خشتەی (٢) )دا،بۆ نواندنی دوستەی فریزی فۆنۆلۆجی، کە لە وشە فەرهەنگییەکان و وشە فۆنۆلۆجییە ئەرکییە هێزدارەکان پێکدێن | |

**خشتەی (٣)نواندنی دروستەی مۆرفۆپرۆسۆدیکی وشەی فریزی پرۆسۆدیکی.**

له کوردیدا پارادایمه کردارییەکان و پارادایمه ناوی و هاوەڵناوییەکان فریزی فۆنۆلۆجی بەرهەمدێنن، کە دەکەونە ئاستی چوارەمی فەرهەنگەوە، لەگەڵ چەند کەتیگۆرییەکی تردا، کە لەبەر سنووورداری تێزەکە ئاماژە بەو کەتیگۆرییانەی تر نەدراوە، لە ئاستی دوافەرهەنگیشدا، لەگەڵ تەوژم دا فریزی ئاوازەیی بەرهەمدێنن، یان دەکرێت بوترێت وەک تایبەتمەندییەکی زمانی کوردی فریزی فۆنۆلۆجی وەک ئاستێکی نێوەنده لە نێوان فەرهەنگ و دوافەرهەنگدا.

### ٦-١/٢) فریزی ئاوازەیی:

ناساندنی فریزی ئاوازەیی**Intonational phrase** بەپێی تایبەتمەندییە پرۆسۆدیکییەکانی زمانەکان دەگۆڕێت، وەک لە زمانە هێزییە کاترێکخراوەکان، کە زمانە ئاوازەییەکان دەگرێتەوە و لە زمانە بڕگەییە کاترێکخراوەکان، کە زمانە تۆنییەکان دەگرێتەوە، بەمشێوەیە:

### ١-٦-١/٢) فریزی ئاوازەیی لە زمانە ئاوازەییەکاندا:

فریزی ئاوازەیی لە زمانە هێزییە کاترێکخراوەکان و زمانە ئاوازەییەکاندا، لە فریزە فۆنۆلۆجییەکان پێکدێت، فریزە فۆنۆلۆجییەکانیش لە وشە فۆنۆلۆجی و وشە فۆنۆلۆجییە ئەرکییە هێزدارەکان پێکدێت، کە لە (پێ)یە هێزدارەکان پێکهاتوون، کەواتە فریزی ئاوازەیی لە (پێ)یە هێزدارەکان پێکدێت، کە تیایدا هێزی یەکێک لە (بڕگەی پێ)یە پێکهێنەرەکانی بەرزکراوەتەوە/زەقکراوەتەوە، کە چەند ڕیتمێک دەبەخشن لەگەڵ تەوژمەکانیاندا، ئەوەش دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی فریزێکی پرۆسۆدیکی، کە فریزی ئاوازەییە، (درێژترین درێژکردنەوەی قسەیە، کە تاکە تەرزێکی ئاوازەیی بۆجێبەجێدەکرێت. لە فریزی ئاوازەییدا کرۆکی ئاوازەیی**Intonational nucleus** هەیە، کە دیارترین بڕگەیە لەناو فریزەکەدا، زۆرترین زەقێتی/دەرکەوتوویی هەیە ( **TRASK, 1996:184**)).

ڕۆچ (**Roach,1991:133, 148**) دەڵێت بۆ ئەوەی لە ئاوازە**Intonation** تێبگەیت دەبێت سەرەتا لە تەوژم/پیچ تێبگەیت. تەوژمیش لەڕووی 'بەرز و نزم'ەوە دەناسرێت، بەڵام تەوژم/پیچ ڕاسەوخۆ بەواتای ئاوازە نایەت، چونکە دوو تایبەتمەندیی پرۆسۆدیکیی لەیەکجیاوازن،(بڕوانە ٢/٢-١)).

زاراوەی ئاوازە **Intonation** ئاماژەیە بۆ بەکارهێنانی زمانییانەی تەوژم**pitch** ، جووڵەی تەوژم بە شێوازێکی سیستەماتیکییانە و بە ڕێگایەکی تایبەتمەند بەزمانەکە دەبێت بۆ گواستنەوەی واتا-دوافەرهەنگییەکان**post-lexical meaning** . (**Ladd1996, Hirst and Di Cristo1998**)، ئەمە بەو مانایە دێت کە لە زمانە ئاوازەییەکانی وەک لە زمانی ئینگلیزیدا، جووڵەی تەوژم ئەرکێکیی فۆنۆلۆجیانەی هەیە بۆ جیاکردنەوەی 'واتا' لەسەروو ئاستی واتای بنچینەیی وشەوە، واتە لە ئاستی دوافەرهەنگدا، بەڵام واتای تایبەتی و ڕەسەنی وشەکان ناگۆڕێت وەک ئەوەی لە زمانە تۆنییەکاندا ڕوودەدات( **Elisabeth, Mathieu, Sophie, 2015: 51-52**)، و تیایاندا تۆنەکە دەبێتە هۆی گۆڕینی واتای فەرهەنگی وشەکە لە فەرهەنگدا، وەک لە زمانی 'ماندارینی چینی'دا.

لە نموونەکانی (a, b)دا کاتێک دابەزینی تەوژم لە کۆتایی دەربڕاوەکەوە دەست پێبکات، ڕستەکە واتای ڕاگەیاندنی هەیە، بەڵام ئەگەر هەمان دەربڕاوبە تەوژمێکی بەرز لەسەرەتای ڕستەکەوە دەست پێبکات واتای پرسیارکردن بە سەرسووڕمانەوە دەگەیەنێت.

**(a) This is your new cat .**

**(b) This is your new cat?**

دەکرێت لەو لێکدانەوانەوە ئەو دەرئەنجامە بەدەست بێت کە :

دەبێت تێبینی ئەوە بکرێت، کە لە زمانی ئینگلیزیدا 'هێز' دەکەوێتە ئاستی فەرهەنگ و 'ڕیتم' دەکەوێتە ئاستی دوافەرهەنگەوە. واتە 'ڕیتم' لە سەر ئاستی فرێزە فۆنۆلۆجی و فرێزە ئاوازەییەکاندا دەردەکەوێت لە ئاستی دوافەرهەنگدا، واتە لە ئاستی دەربڕاوە ڕستەییەکاندا دەردەکەوێت، بەڵام لە کوردیدا 'هێز' و 'ڕیتم'یش دەکەونە ئاستی فەرهەنگەوە و لەسەر ئەو وشە فۆنۆلۆجی و ئەو فرێزە فۆنۆلۆجییانە دەردەکەون کە لە یەک (پێ)یان زیاتر پێکدێن (**بڕوانە** ٣/٤؛ ٣/٥))، دووبارە لە ئاستی دوافەرهەنگدا 'هێز'ەکەیان دەبێتەوە بە هێزی فرێزیی سینتاکسی و '**ڕیتم**'ی فرێزیی سینتاکسی و لەگەڵ '**تەوژم/پیچ**'دا لە شێوەی ئاوازە دەردەکەونەوە، چونکە 'هێزی ئەکسێنتی ڕیتمی'یان هەیە، ئەم جۆرە ئەکسێنتەش دروستدەبێت لە ئەنجامی ( **هێز لەسەر یەکێک لە برگەکانی ناو دروستەی (پێ) و برگەی هێزدار بەرهەمدێنێت، برگە هێزدارەکە 'تەوژم/پیچ'ی بۆ زیاد دەبێت، ئەوەش وەک بیچمێکی ئەکسێنتی لە ئاستی دوافەرهەنگدا لە دەربڕاوەکاندا دەردەکەوێت و دەبێتە 'ئاوازە'ی دەربڕاوەکە (Gussenhoven,2004: 20)**)، لەمبارەدا لە ئاستی دوافەرهەنگدا (**هێزی ئەکسێنتی ڕیتمی+ تەوژم/ پیچ= ئاوازە**)، هەروەها بێکمان **Beckman** لە (**Beckman1986:83**)وایدادەنێت لەو زمانانەدا کە وشەکان هێزی فەرهەنگییان نییە وەک زمانی فەرەنسی و زمانی ماندارینی چینی، لە ئاستی دوافەرهەنگ و لە ئاستی سینتاکسدا 'هێز' وەردەگرن و دەبنە 'هێزی فرێزی' و پاشان 'هێزی سینتاکسی' ئینجا لەگەڵ 'ڕیتم'ی سینتاکسیاندا 'ئاوازەی ڕستەکە' دروست دەکەن کە (**فەقێ ئیبراهیم ،هاوسەر نەوزاد**٢٠٢٢) بە 'ئاوازی ڕستە' **Intonation** ناوییبردووە (**فەقێ ئیبراهیم، هاوسەر نەوزاد**،٢٠١٩ : ٦١)؛ بەڵام کاتێک دەربڕاوەکە تاک برگەیی یان جووت برگەیی بێت، بە شێوەی ئاوازەی بەرز–نزم یان نزم–بەرز دەردەکەوێت و ئەوەش بووەتە هۆی بەلاڕێدابردنی هەندێک لە لێکۆڵەرانی بواری فۆنۆلۆجی کوردی، کە وای دادەنێن '**تۆن**' لە کوردیدا هەیە، چونکە لەمبارەدا ئەوەی کە هەیە 'ئاوازە'**Intonation** یە نەک 'تۆن'**Tone**.

کەواتە لە ئاستی دوافەرهەنگدا، ڕیتمە جیاوازەکان لە وشەو فرێزە فۆنۆلۆجییەکاندا لەگەڵ ئاستەکانی تەوژم/پیچ دا یەکدەگرن و '**فرێزی ئاوازەیی**' پێکدەهێنن. کەواتە یەکەی بنەڕەتی **دروستەی فرێزی ئاوازەیی** **Intonational Phrase structure** لە زمانە هێزییەکاترێکخراوەکاندا و لە 'کوردی'یشدا پێکدێت لە [ '**ڕیتم +تەوژم/پیچ**']ە کە بۆ زمانی کوردی سەلمێنراوە لە( (٢/١١–٢) ؛ (٢/١١–٢–١) ؛ ٢/١١–٢–٢))، بەمشێوەیە:

فرێزی ئاوازەیی پێکدێت لە فرێزێکی فۆنۆلۆجی**pph** یان زیاتر، وەک لە نموونەی:

١– له ئاستی دوافەرهەنگدا :

–[ژن کۆڵەکەی ماڵە.]utt ←

–[ژ ́ن ] IP1 + [کۆڵەکەی ماڵە]IP2 ←

–[ژ ́ن ]ڕیتم +تەوژم = IP1 + [کۆڵەکەی ماڵە](ڕیتم+ڕیتم )+ تەوژم =IP2 ←

–[[ژ ́ن]pph1 [ڕیتم +تەوژم = IP1 + [ [[کۆڵەکە ́ی] pph2 + [ماڵە ́]pph3 [(ڕیتم+ڕیتم )+ تەوژم =IP2 ←

–دروستەی مۆرفۆپرۆسۆدیکییەکەی دەبێت بە:

–[[[ژ ́ن] pw [pph1 [ (هێزی فەرهەنگی =ڕیتم)+تەوژم = IP1 + [ [[کۆڵەکە ́]pw + [ی]ناهێزدار fnc[ (هێزی فەرهەنگی =ڕیتم) pph2 +

[ [ماڵ]pw+[–ە ́]] (هێزی فەرهەنگی+هێزی فەرهەنگی =ڕیتم) pph3 [(ڕیتم+(ڕیتم +ڕیتم ))+ تەوژم =IP2

کەواتە دەکرێت هێڵکاریی دروستەی فرێزە ئاوازەییەکە بەمشێوەیە بنووسرێت:

–[وشەی فۆنۆلۆجی] هێزی فەرهەنگی=ڕیتم، [فرێزی فۆنۆلۆجی فەرهەنگی] هێزی فرێزی فەرهەنگی١+ هێزی فەرهەنگی٢ =ڕیتم له ئاستی دوافەرهەنگدا ←[فرێزی فۆنۆلۆجی] ((هێزی فەرهەنگی / هێزی فرێزی فەرهەنگی)= ڕیتم)+ تەوژم ←[فرێزی ئاوازەیی]ڕیتم + تەوژم١/ تەوژم٢= ئاوازەی ١، ئاوازەی ٢....

دەکرێت دروستەی فرێزە ئاوازەییەکە وردتر بنووسرێت له ڕێی ئەم هێڵکارییەوە:

**<u>دروستەی فرێزی ئاوازەیی</u>: له زمانە هێزییە کاتڕێکخراوەکاندا کە زمانە ئاوازەییەکان دەگرێتەوە بە شێوەیەکی گشتی پێکدێت له :**

–[بڕگە+ بڕگە+...]هێزدار ←[پێ]هێزدار ←[پێ + پێ +..] هێز=ڕیتم ←[وشەی فۆنۆلۆجی]هێز/هێزی ڕیتمی فەرهەنگی ←[[و. فۆنۆلۆجی+ و. فۆنۆلۆجی]هێزی ڕیتمی پلەدار/هێزی فرێزیی یان [و. فۆنۆلۆجی + وشەی ف. ئەرکی]هێزی ڕیتمی پلەدار/هێزی فرێزیی ←[فرێزی ئاوازەیی]هێزەڕیتمییەکان+تەوژمی١بەرزH/ یان [فرێزی ئاوازەیی]هێزەڕیتمییەکان+تەوژمی٢نزمL [فرێزی فۆنۆلۆجی](ڕیتم+ڕیتم)+تەوژم١=ئاوازە١/ [(ڕیتم+ڕیتم)+تەوژم٢=ئاوازە٢ ←[فرێزی ئاوازەیی]ئاوازە Intonation ←[دەربڕاوی ئاوازە جیاواز]IP1، IP2 .

–[σ .+ σ +...]هێزدار ←[Σs] ←[Σs/ Σs Σw .] هێز/ڕیتم ←[pω]هێزی ڕیتمی فەرهەنگی ←[[pω + pω]هێزی ڕیتمی/ هێزی فرێزیی یان [fnc.+pω]هێزی ڕیتمی/ هێزی فرێزیی ←[φ/pph](ڕیتم+ڕیتم)+ تەوژم=ئاوازە ←[فرێزیIP]= ئاوازە ←[ IP1 ]IP1 = H pitch1+ stress /[IP2] /IP2=Lpitch2 +stess [.....]

ئەو بڕگەیەی کە هێزەکەی زەقدەکرێتەوە/دەرکەوتوو دەکرێت، دەبێت بە کرۆکی ئاوازەیی **Intonational nucleus** (**TRASK, 1996:184**) له فرێزە ئاوازەییەکەدا.

لەبەرئەوەی لەم تێزەدا هەوڵدراوە ئەوە بسەلمێنرێت کە زمانی کوردی–شێوەزاری سلێمانی زمانێکی ئاوازەییە و له گروپی زمانە هێزییە کاتڕێکخراوەکانە، سەرەڕای هەندێک تایبەتمەندیی زمانەکە، ئەم بۆچوونەش دەربارەی دروستەی فرێزی ئاوازەیی و تەوژم بۆ زمانی کوردی بە گونجاو دەزانرێت.

چەندین لێکۆڵینەوەش ئەم گریمانەیە پشتڕاست دەکەنەوە ، ئاماژەیان داوە بە جیاوازی لە پلەکانی ئاوازەو شوێنی ئاوازەی بەرز و نزم لە دەربڕاوە ڕستەییەکاندا، ڕۆڵی ئاوازەیان لە گەیاندنی واتای سەروو واتای فەرهەنگییدا دیاریکردووە، وەک لە (**ئەمین، وریا عمر ١٩٩١؛ علی، بەکر عومەر- عەول، محەمەد عومەر ٢٠١٠؛ علی، طالب حسین ٢٠١٣؛ حەمەد، سۆران عەبدولڕەحمان٢٠١٤؛ ...** )، بەڵام لە هیچکامیاندا ئاماژە بە دروستەی پرۆسۆدیکی فرێزە ئاوازەییەکان نەدراوە، وەک ئەوەی کە لێرەدا پەسنکراوە. لە (**فەقێ ئیبراهیم، هاوسەر نەوزاد٢٠٢٢: ١٥٥-١٥٧**) بۆچوونی (فتاح، محمدمعروف) ومەکارس (**McCarus,1959**)دەربارەی شیکردنەوەی تۆن و ئاوازە لە کوردیدا بۆ شێوەزاری سلێمانی تاوتوێکراوە، کە تیایدا مەکارس زاراوەی **pitch** ی بە هاوتای زاراوەی **ئاوازە** باسکردووە، لەکاتێکدا لێکۆڵەر نەلایەنگری یان دژێتی بۆچوونەکەی لە شیکردنەوەکەدا نەکردووە، خۆیشی زاراوەی تۆن و ئاوازە وەک یەک بەکاردەهێنێت و جیاکاری نەکردووە لە نێوانیاندا، ڕەنگە هۆکارەکەشی بگەڕێتەوە بۆئەوەی لێکدانەوەی بابەتەکەی بەپێی تیۆری فۆنۆلۆجیی ئۆتۆسەگمێنتاڵی/دەنگسازی کەرتە دەنگییە خودکارییەکان کردووە، ئەم تیۆریە تایبەتە بەپۆلی زمانە تۆنییەکان، لەکاتێکدا واگریمانە دەکرێت کە زمانی کوردی-شێوەزاری سلێمانی لە پۆلی زمانە ئاوازەییەکان بێت.

### ١/٢-٦-٢) فرێزی ئاوازەیی لە زمانە تۆنییەکاندا:

لە زمانە تۆنییەکاندا بەهەمان شێوەی زمانە ئاوازەییەکان، فرێزی ئاوازەیی بۆ گەیاندنی واتا بەرهەمدێت، بەڵام دروستەکەی جیاوازە. لەبەرئەوەی لە زمانە تۆنییەکاندا، '**تۆن**' فیچەرێکی فەرهەنگییە، واتە دەبێتە هۆی گۆڕانی واتای دانە فەرهەنگییەکان و (دەبێتە بەشێک لە دەروازەی زانیاریی دانە فەرهەنگییەکان وەک لە زمانەکانی یورۆبا**Yoruba**، تیڤ**Tiv** ( **Pulleyblank, 1983: 46**)).

لە زمانە تۆنییەکاندا دەبێت هەموو بڕگەکان تۆنیان بچێتە سەر، کاتێک یەکێک لەو بڕگانە دەبێتە بڕگەیەکی هێزدار، دەبێت بە یەکەی تۆنی**tone unit** لە ئاستی فەرهەنگدا، بەڵام لە ئاستی دوافەرهەنگدا ئەو بڕگەیەی کە هێزی لەسەرە و بووەتە یەکەی تۆنی بە تەوژمێک دەردەبڕرێت کە ئاستی(بەرز یان کەوتوو)ی پێدەدرێت و دەبێتە هۆی زەقکردنەوە/دەرکەوتوویی ئەو بڕگەیە، لەمبارەدا ئاوازەی بۆ دروستدەبێت (**Roach,2009:151**) و دەبێت بە فرێزی ئاوازەی**Intonational phrase**. چونکە زەقکردنەوە و دەرکەوتوویی تەوژم**pitch prominence** لە فرێزی ئاوازەییدا لە زمانە تۆنییەکاندا بریتییە لە زەقکردنەوەی تەوژمی بڕگەکە یان وشە تۆندارەکە، بەوەی کە تەوژمێکی بەرزتر یان نزم تری دەبێت لەچاو دانە هاوسێکانیدا (**TRASK, 1996: 279**). بۆنموونە لە زمانە تۆنییەکانی وەک زمانی چینیدا هەموو بڕگەکان تۆنییان دەچێتە سەر(**TRASK, 1996:357**). لەو لێکدانەوانەوە ئەوە بەدەستدێت کە دانە فەرهەنگییەکانی زمانی کوردی (شێوەزاری کرمانجی ناوەڕاست- سلێمانی)، خاوەنی هیچ 'تۆن'ێک نین، کە وەک دەروازەیەکی زانیاری بێت و ببێتە هۆی گۆڕینی واتای فەرهەنگی؛ هەموو ئەو لێککۆڵینەوە و لێکدانەوانەش ڕەت دەکرێتەوە، کە دانەیەکی فەرهەنگی لە کوردیدا بەرامبەر بکرێت بە دەربڕاوێکی ئاستی دوافەرهەنگ لەڕووی هەبوونی فیچەری تۆنییەوە، چونکە ئەوە ئاوازەیە کە لە ئاستی دوافەرهەنگدا لەسەر دەربڕاوە تاک بڕگەییەکانی وەک (ئا، نا... هات[هاتϕ، چووϕ... کە پارادایمی کرداری کلیتیکی

ڕێژەی ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندنی بکەردیار بۆ کەسی سێیەمی تاک])،) دەردەکەوێت، یان وەک لە(ژیان ناوی کرداریی، ژیان دەربڕاوی ڕستەیی/هەواڵی) کە لە (**مەعروف، عەبدولجەبار مستەفا –غەریب، دڵشاد محمەد٢٠٢١: ٦٣**)) کراوە، ڕەت دەکرێتەوە، هۆکارەکەشی لە(**٢/٢-١**):خراوەتەڕوو.

## ٢/١-٧) دەربڕاوی فۆنۆلۆجی:

تراسک**TRASK** لە سادەترین پێناسەی 'دەربڕاو'دا دەڵێت: (دەربڕاو هەر پارچە دەربڕاوێکی دەنگیی قسەیە، کە لە لایەن تاکە کەسێکی تایبەتەوە دەردەبڕڕێت لە بارودۆخێکی تایبەتدا(**TRASK, 1996:370**)؛ بەڵام کریستاڵ **Crystal** دەڵێت کە پێناسەکردنێکی دیاریکراو بۆ 'دەربڕاو' کارێکی قورسە، لەبەرئەوەی هیچ گریمانەیەکی لە بارەوە نەکراوە، چونکە دەکرێت لە وەڵامی وتارێکدا دەربڕاوێکی یەک وشەیی بەکاربهێنرێت، بەڵام هەوڵدراوە بە بەکارهێنانی فیچەرەکانی وەک وەستان **pause**، ڕیتم، تەرزی هەناسەدان، جووڵەی تەوژم،...،پێناسەیەکی سنوورداری بۆ بکرێت (**Crystal, 2008:505-506**).

لەئەنجامی ئەو تاوتوێکردنانەوە، کە بۆ هەرەمی کەتیگۆرییە پرۆسۆدیکییەکان و تایبەتمەندییە پرۆسۆدیکییەکان دەکرێت، ئەو دەرئەنجامە بەدەستدێت کە '**دەربڕاو**' دوایین ئاستی کەتیگۆری هەرەمی پرۆسۆدیکییە کە ئاوازەیی**Intonational** یان تۆنین **Tonal**، بەپێی تایبەتمەندیی زمانەکە.

'دەربڕاو' لە هەموو پۆلی زمانەکاندا، کە بەپێی تایبەتمەندیی پرۆسۆدیکی پۆلینکراون، لە لایەن ئاوازەوە حوکم دەکرێت، چونکە ئاوازە**Intonation** و **Tone** واتای گۆڕانی تەوژم/پیچ دەگەیەنێت لە دەربڕاوەکانی **Utterance** ناو گفتوگۆیەکدا، ئاوازەکان حوکمی سەرانسەری گفتوگۆکە دەکەن، کە دەربڕاوەکانی تێدایە، کە دیاردە هاوزمانییەکانی وەک : بارە هۆشییە ئاوەزییەکان، هەڵچوونی هەستەکان، ڕەوشت، دەرخستنی دەروونی قسەکەر لەخۆدەگرێت (**Yuji Kawaguchi,.. 2006:199**). کەواتە دەکرێت دەربڕاوە زمانییەکان: یان لە تاکە وشەیەکی ئەرکیی سینتاکسی پێکبێن، کەدواتر دەبنە وشەیەکی فۆنۆلۆجیی ئەرکی و پاشان تاکە وشەیەکی پرۆسۆدیکی بەسەرجەم دروستە جۆراوجۆرەکانییەوە پێکبهێنن، یان لە تاکە فرێزێکی فۆنۆلۆجی، یان چەند فرێزێکی فۆنۆلۆجی، پێکبێن، کە تاکە فرێزێکی ئاوازەیی، یان چەند فرێزێکی ئاوازەیی دروستبکەن .

ئاخێوەرانی زمانی ئینگلیزی ئاستەکانی 'تۆن' بەشێوەیەکی زۆر دووبارەییانە بەکارناهێنن لە دەربڕینی دەربڕاوە تاک بڕگەییەکانی **one syllable utterance** وەک ( **yes, no**)دا، گەر ویستییان (**yes, no**)بەکاربهێنن بۆ ڕوونکردنەوەی ڕەوشی کۆتایی پێهێنان، تۆنی کەوتوو بەکاردەهێنن، گەر ویستیشیان بە شێوازی پرسیاریی بەکاریان بهێنن، ئەوا لە تۆنی نزمەوە بەرەو تۆنی بەرز دەچن(**Roach,1991:135**). بەڵام لە زمانە هێزییە کاترێکخراوەکاندا هێزی سەر بڕگەکە لەگەڵ تەوژمی دەربڕینەکە، ڕۆڵی تۆن**tone** دەبینێت و دەبێتە ئاوازە **Intonation**..

## ٢/٢) تایبەتمەندییە پرۆسۆدیکییەکان:

تایبەتمەندییە فۆنۆلۆجیەکانی وەک درێژکردنەوە، ئەکسێنت**accent**، تۆن(ئاواز)**tone**، ئاوازە**intonation**، ڕیتم**rhythm**،.... بەتایبەتمەندیی پرۆسۆدیکی دادەنرێن و دەکرێت فۆنۆلۆجییانە ڕێکبخرێن. هەریەکێک لەو

فیچەرانە سیستەمێکی پرۆسۆدیکی سەربەخۆن، بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندییە جیاکارییەکانیان و هۆکاری تایبەتمەنکردنیان. تایبەتمەندییە پرۆسۆدیکییەکان زۆر شتی هاوبەشییان هەیە؛ تۆن و ئاوازە (**intonation**) هاوبەشن لە تەوژم/پیچدا(**Anthony Fox, 2000: 330**). زۆربەیان لە لێکۆڵینەوە فۆنۆلۆجییە کوردییەکانیشدا بە شێوەیەکی بەرچاو ئاماژەیان پێدراوە، زاراوەی جیاجیا و نا هاوتایان بۆ بەکارهاتووە، بە ڕادەیەک بەکارهێنانی زاراوەکان بۆیان لە توێژەرو لێکۆڵەرێکەوە بۆ یەکێکی تریان دەگۆڕێت. لەبەرئەوە لەم تێزەدا بە پەسەند زانرا ڕاستەوخۆ زاراوە ئینگلیزییەکان بەکابهێنرێنەوە لە پەسنکردنییاندا تەنها ئاماژە بە لایەنە باسنەکراوەکانیان دەکرێت.

### ١-٢/٢)(هێز، تۆن، تەوژم **pitch**، ڕیتم) :

هێز **stress** : دەکرێت پێناسە بکرێت بەوەی کە پلەیەکی ڕێژەییە لە زەبر **force** یان لە جەخت وتەرکیز **emphasis**، کە دەخرێتە سەر برگەیەک یان وشەیەکی دیاریکراو بۆ ئەوەی دەربخرێت یان زەقبکرێتەوە، تا تێبینی کراوبێت لە چاو برگە یان وشەکانی تردا، لە دەربڕاوێکدا (**Zapata.A,2009: 1**). یان هێز: (بریتی دەبێت لە دەستەبەرکردنی ڕێگەی جیاکردنەوەی پلەکانی جەختکردنەوە، یان جیاکردنەوە لە نێوان برگە جیاوازەکانی ناو یەک ڕستە(**Crystal 2008:455**)، لە ( **فەقێ ئیبراهیم، هاوسەر نەوزاد٢٠٢٢: ٦٢**))یشدا ئاماژەپێدراوە.

(**فەقێ ئیبراهیم، هاوسەر نەوزاد،٢٠٢٢**) پشتی بە بۆچوونی کاتامبا بەستووە (**Katamba1985:221**)و وایدادەنێت لە تیۆری 'فۆنۆلۆجی پێوانەیی' دا هێزی فۆنەتیکی لە سێ پێکهێنەری سەرەکی پێکدێت کە بریتین لە (**pitch**/ کە زاراوەی پلەی دەنگی بۆ بەکارهێناوە، کە لەم تێزەدا زاراوەی تەوژم/پیچ لەبەرامبەری بەکارهاتووە)، درێژی ماوەی دەنگ**length**، گڕی دەنگ**Loudness** (**فەقێ ئیبراهیم، هاوسەر نەوزاد،٢٠٢٢: ٥٩**)) بەبێ ئاماژەدان بە نموونە.

بەپێی لێکۆڵینەوە دەنگسازییەکان چەندین جۆری هێز دیاریکراوە، (**بڕوانە ٢/٢-٤) ؛ ٢/٢-٤-١)؛ ٢/٢-٤-٢).**

**تەوژم** **pitch**: ئەو 'بەرهەستە بیستەنیی **auditory impression**' یەیە/ ئەو تەوژمە دەنگییانەیە کە بەهۆی جیاوازی لە گۆڕانی ڕێژەی لەرینەوەی دەنگە ژێیەکانەوە دروستدەبێت. بەکارهێنانی کونتوورەکانی تەوژم/پیچ بەدرێژایی زنجیرەی دەربڕاوەقسەییەکان، کە بەگشتی لەیەک وشە زیاتر پێکدێن، ئاوازەیەک**Intonation** دەبەخشێن بە دەربڕاوەکە(**CARR ,2013: 23**).

تۆن**tone** : تۆن بریتییە لە جووڵەیەکی زیادی تەوژم/پیچ کەلەسەر برگە دادەنرێت.(**سەرچاوەی پێشوو: 235-236**)، یان لە زمانە تۆنییەکاندا کە 'ئاستی تۆن**level tone** ' یان هەیە، پێویستە برگەکە بگاتە بەرزترین ئاستی تەوژمێکی/پیچێکی دیاریکراو(**Gussenhoven Carlos,2004: 26**).

**ڕیتم:** لە زمان و ئەدەبدا، ڕیتم سەرچاوەدەگرێت لە، **یەکەم:** بەرودواهاتنی**alternation** لێدانەکان/ترپەکان لە نێوان ترپە دەرکەوتووەکان/زەقکراوەکان و ترپەدەرنەکەوتووەکاندا، کە بەپێی جۆری زمانەکان گۆڕانکاری بەسەردا دێت، دەکرێت ترپەکان برگە هێزدارو ناهێزدارەکان، یان برگە قورس و

سووکەکانبن، ،.... ). **دووەم**: 'ڕیتم' سەرچاوەدەگرێت لە بەرودواهاتنی ترپە دەرکەوتووەترەکان، لە نێوان ترپە زیاتردەرکەوتووترەکان و ترپە کەمتر دەرکەوتووەکاندا (**(Kiparsky,2021: 657-675** ). جۆری دووەم دەکەوێتە ئاستی دوافەرهەنگەوە و لە ڕیتمی فرێزی فۆنۆلۆجی و فرێزی ئاوازەیی و دەربڕاودایە.

لە زمانە هێزییەکاترپێکخراوەکاندا (پێ) دەبێتە یەکەی ڕیتمی لە کاتێکدا گەر زمانەکە خاوەنی هێزی ئەکسێنتی بێت. لە زمانی ئینگلیزیدا، لە ئاستی فەرهەنگدا، ڕیتمی هێزی ئەکسێنتی لەسەر بڕگەکانە، لە ئاستی دوافەرهەنگدا لەسەر (پێ)یە پێکهێنەرەکانی دەربڕاوە فۆنۆلۆجییەکانە.

دیاریکردن و دانانی 'ڕیتم' (بەندە بە چەند بنەمایەکەوە، وەک: ١- شوێنی هێز دەکەوێتە کوێوە ؟، ٢- ئایا ئەو زمانەی کە ڕیتمەکەی بۆ دیاریدەکرێت، جیاوازی دەکات لە نێوان بڕگەی درێژ و کورتدا؟، ٣- ئایا لە زمانەکەدا بوار بە هاتنی دوو دەنگی بزوێن بەسەریەکەوە دەدرێت؟ (فەقێ ئیبراهیم، **هاوسەر نەوزاد،٢٠٢٢:٨٢**)). بە لەبەرچاوگرتنی ئەم بنەمایانەو چەند بنەمایەکی تری تایبەت بە زمانی کوردی هەوڵدەدرێت دروستەی 'ڕیتم' لە ئاستی فەرهەنگی زمانی کوردیدا دیاربکرێت و لە ئەنجامی ئەو پەسن و شیکردنەوانەوە کە لەبەشی سێیەمی ئەم تێزەدا خراوەتە ڕوو، ئەوەدەردەکەوێت کە لە کوردیدا لە هەردوو ئاستەکەدا 'ڕیتم' لەسەر (پێ)یە پێکهێنەرەکانی وشەی فۆنۆلۆجی و فرێزی فۆنۆلۆجییە. (**بڕوانە ٩/٢**).

هەریەکە لە تایبەیمەندییەکانی (هێز، تۆن، تەوژم، ڕیتم) لە چوارچێوەی پەسنی فیچەرەکانی تر و لە تایبەتمەندییە پرۆسۆدیکییەکانی پۆلی زمانەکاندا و لە چەند بابەتێکی تری ئەم بەشەدا ئاماژەیان پێدراوە.

ئەو زاراوانەی کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێدراوە و زاراوەکانی (**تۆن، ئاوازە، تەوژم/ پیچ، هێز، ڕیتم، ئەکسێنت**) تێکەڵییەکی زۆر لە نێوانیان دا کراوە، ئەوەش هەر لە زمانی کوردیدا نییە، بەڵکو لە زمانی ئینگلیزیدا و لەو لێکۆڵینەوانەشدا کە بۆ زمانەکانی تر کە بەو زمانە ئەنجام دراون، بەدی دەکرێت، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەو بۆ بەهەند وەر**نە**گرتنی جیاوازی زمانەکان لە ڕووی تایبەتمەندییە پرۆسۆدیکییەکانی وەک زمانە تۆنی و زمانە ئاوازەییەکان و زمانە هێزییە کاترپێکخراوەکان و زمانە بڕگەیە کاترپێکخراوەکان و زمانە مۆرایییەکان،..

لە هەندێک لە لێکۆڵینەوە دەنگسازییە نوێیەکانی کوردیدا وەک لە (**غەریب، دڵشاد محمەد ، ٢٠١٩: ٩-١٠،١٨٠-١٩٤**)دا ، لە بەرامبەر 'زرنگە' **pitch** دانراوە لە هەمان کاتدا لە باسی 'تۆن' دا هەر **pitch** دانراوەتەوە بەمشێوەیە(**pitch/tone**)، لە باسی 'تەوژم'یشدا 'ئەکسێنت' دانراوە بەمشێوەیە (تەوژم/ئەکسێنت**accent** )، ڕوون نییە کە چۆن ئەو فیچەرانە کراون بەیەک و وەک یەک بابەت پێناسەکراون، بەبێ ئاماژە دانیش بە جۆری تایبەتمەندیی پرۆسۆدیکی ئەو زمانانەی کە تیایدان، وەک زمانە تۆنی و زمانە ئاوازەییەکان. ئاماژە دراوە بە هەبوونی 'تەوژم' لە ئاستی فەرهەنگی زمانی کوردیدا وەک تایبەتمەندییەکی واتاگۆڕ، لە کاتێکدا ئەوە پێچەوانەی ئەو تایبەتمەندییە پرۆسۆدیکییەی زمانی کوردی زاری کرمانجی ناوەڕاستە، کە لە پۆلی زمانە ئاوازەیەکانە، لە ئاستی فەرهەنگدا نەتۆن و نەتەوژم نابنە هۆی گۆڕینی واتای فەرهەنگی دانە فەرهەنگییەکان، تەنها لە ئاستی دوافەرهەنگدا ڕۆڵدەبینن بۆ گەیاندی واتای سەروو واتای فەرهەنگی. لە(**مەعروف، عەبدولجەبار مستەفا – عەریب، دڵشاد محمەد ،٢٠٢١:٦٣-٦٤)دا**، لە بابەتی 'تەوژم'دا هەر

**accent**بەرامبەری دانراوەتەوە، بەڵام لە ناوەڕۆکدا بەراوردکراوە لە نێوان، وشە فەرهەنگییەکانی وەک (ژیان، چوون) وەک دوو ناوی کرداریی و سێ ڕستەی مۆرفۆسینتاکسی جیاواز، کە گوایە تەنها لە تەوژم دا کە بە ئەکسێنتی داناوە جیاوازن.

بەڵام بەپێی ئەو ڕاڤە کردنانە بێت کە لە پێشتردا و لە بەشەکانی دواتردا خراوەتە ڕوو:

١- دەکرێت زمانێک ئەکسێنتی تەوژمی هەبێت بەڵام تەوژم ئەکسێنت**accent** نییە. بەڵکو ئەکسێنت جۆری تایبەتمەندییە پرۆسۆدیکییەکەیە.

٢- گەر واش دانرابێت کە زمانی کوردی زمانێکی تەوژمی/پیچی بێت، دەبێت دانەکانی هەمان ئاست بەراورد بکرێن بۆ بەدەست هێنانی جیاوازی لە نێوانیاندا، تا بسەلمێنرێت کە تەوژمەکە وەک تایبەتمەندێتییەکی واتا گۆڕی فەرهەنگییە و دەوازەی زانیارییە بۆ دانەکە، لە کوردیدا، کە لە ڕاستدا لە کوردیی شێوەزاری سلێمانیدا بەرچاوناکەوێت، نەک دانەیەکی ئاستی فەرهەنگی وەک ناوی کرداریی و دانەی ئاستی دوافەرهەنگی وەک ڕستە مۆرفۆسینتاکسییەکان، پێکەوە بەراورد بکرێن.

٣- ئەوەی کە لەوێدا(**لەسەرچاوە پێشوودا:** ٦٣) خراوەتەڕوو : (ژیان<ناوی کرداریی>، ژیان <ڕستەی هەواڵی>....)، بە بەڵگەی ئەوەی کە لە ئاستی 'تەوژم/پیچ'دا لەیەک جیاوازن، لە ڕاستیدا جیاوازییەکەیان بەهۆی جیاوازییەوە نییە لەئاستی 'تەوژم/پیچ'دا بەڵکو تەنها هاوبێژییەکی ئاستی نواندنی هێڵییە، واتە هاوبێژییەکە کە بەهۆی ئاستەکانی نواندنی کەرتەدەنگییە فۆنیمییەکانەوە ڕوودەدات)، بەڵام لە ئاستی نواندنی ناهێڵیدا، <u>**بەهۆی دروستەی پرۆسۆدیکییانەوە زۆر لەیەک جیاواز دەبن**</u> (**بڕوانە** (٢/٥-١) ؛ ٢/٥-٢)).

بەپێی تیۆری فۆنۆلۆجیی فەرهەنگی و دوافەرهەنگی لە تێڕوانینی پرۆسۆدیکییدا، کە لەم تێزەدا پەیڕەوکراوە، دروستەی فۆنۆلۆجیی پرۆسۆدیکییان بەمشێوەیە لێکدەدرێتەوە:

ژیان، چوون] ناوی کرداریی<sup>Pw</sup> لە بەرامبەر [ژیان، چوون]<sup>Utt, IP, PPh</sup>دەربڕاو کە دەربڕاوی فۆنۆلۆجین و لە هەمان کاتدا سێ جۆر فرێزی ئاوازەیین، کە هەڵگری ئاوازەی مودەکانی هەواڵی، پرسیار، سەرسووڕمانن.

(لە ئاستی دوافەرهەنگدا، بەتایبەت لە دەربڕاوە تاک بڕگەیی و جووت بڕگەییەکاندا، ئاوازەی دەربڕاوەکە پێکدێت لە [هێزی فەرهەنگی کە بووە بە هێزی فرێزیی فۆنۆلۆجی+ تەوژمی/پیچی ئاستی دوافەرهەنگ] ( **(Gussenhoven Carlos,2004: 20**)) یەکساندەبێت بە ئاوازەیەک، کە هاوشێوەی تۆنە لە زمانە تۆنییەکاندا، <u>چونکە لە زمانە تۆنییەکاندا تۆن دەچێتە سەر یەک بە یەکی بڕگەکان، بەڵام لە زمانە پیچییەکاندا تەوژمەکە/پیچەکە دەچێتە سەر تەنها یەک بڕگە لە کۆی بڕگەکان لە وشەکەدا</u>، لەمبارەدا لە دەربڕاوەکەدا، کە پارادایمەکردارییەکانی/ڕستەمۆرفۆسینتاکسییەکانی[ژیان، چوون]ن لەدوو بڕگە و دوو(پێ) پێکهاتوون، بوون بە فرێزی فۆنۆلۆجی، چونکە پارادایمی کرداری ڕابردووی نزیکن، هەردوو (پێ)یە هێزدارەکە، کە هەریەکەیان لە یەک بڕگە پێکهاتوون، [هێزەکەیان+تەوژم/پیچەکەیان]=ئاوازەی دەربڕاوەکە و دروستی دەکەن، لەمبارەدا سێ تەوژمی/پیچی جیاوازی ئاستەکانی نزم-نزم (هەواڵی)، نزم-بەرز(پرسیاری)، بەرز-بەرزتر(سەرسووڕمان) وەردەگرن، واتە پیچی بەرز یان نزم بۆ دەربڕاوە تاک بڕگەییەکان کە دەبنە یەک (پێ)، پیچە گۆڕاوە دوانییەکانی تر بۆ دەربڕاوە جووت بڕگەییەکان کە دەبنە دوو (پێ)، سەرەڕای ئەوەی هێزەکەشیان یەکسان دەبێت بە ئاوازەی فرێزە ئاوازەییەکە، لەمبارەدا

تایبەتمەندیی ئاوازە وەک تۆنی لێدێت چونکە هەموو بڕگە و (پێ)یە پێکهێنەرەکانی دەربڕاوەکە تەوژمەکەیان وەرگرتووە و دروستەپرۆسۆدیکییەکەیان بە شێوەی خوارەزمی بەمشێوەیە دەنوێنرێت:

-[ژیان، چوون]pw وشەی فۆنۆلۆجین، ئەکسێنتی هێزی ڕیتمییانەیان هەیە، کە هێزدانانی کۆتاگرییە، چونکە کەتیگۆری (ناون)، بەڵام ڕیتمی چەسپاویان هەیە چونکە لەیەک بڕگە پێکهاتوون. نواندنی پێوانەییان دەبێت بە: -[ ژیان، چوون]ناو (ناون) لە یەک بڕگە پێکهاتوون، نواندنی پێوانەییان:

– [ژیان ، jyan. ، چوون. ûçn] ← [σ́] ← [Σ] ← PW/ ω
– بەڵام دەربڕاوەکانی:

-[[ [ [ژیان، چوون]pw ]pph ]IP ]Utt

IP1 هێز=ڕیتم← ڕیتم+تەوژم=ئاوازە وەک تۆن دەردەکەوێت ئاوازەی نزم-نزم (هەواڵی)
IP2 ئاوازەی نزم-بەرز(پرسیاری)
IP3 ئاوازەی بەرز-بەرزتر(سەرسووڕمان)

– -[ ژیان، چوون] Utt (دەربڕاوی یەک بڕگەیین) نواندنی بڕگەییان دەبێت بە :
– [ژیان ، jyan. ، چوونçûn]←[σ́]← [Σ]← pw←pph← IP←Utt.) **بڕوانە**(٢/١١-١) ؛ ٢/١١-٢)

هەروەها لەهەمان سەرچاوەدا، لە بابەتی (زرنگە)دا، تەوژم/پیچ **pitch** لە بەرامبەری دانراوە، بەراورد کراوە لە نێوان دانە فەرهەنگییەکانی [شین]ناو، [شین]هاوەڵناو، [زانا]ناو، [زانا]هاوەڵناو، لە ڕاستی دا وەک ئاماژەپێیدرا، زمان کوردی زمانێکی پیچیی نییە(**بڕوانە** ٢/٤-٥))، بەڵکو جیاوازی لە نێوان ئەودووکەتیگۆرییەدا **نە تەوژمە** و نە زرنگە، بەڵکو جیاوازییەکەیان بەهۆی هێزدانانی ڕیتمییەوەیە، لە سەربنەمای پۆلەکەتیگۆرییانە، کە تیایاندا هێزی بۆ هاوەڵناوە (٣،٢)بڕگەییەکان دەبێتە سەرەتاگری و (پێ)ی ترۆکێکی و داکتڵ بەرهەمدێنن، بۆ ناوە (٢،٣)بڕگەییەکانیش هێزدانان کۆتاگرییە و (پێ)ی ئایامبیکی و ئەناپست پێکدەهێنن، ئەوەش دەبێتە هۆی بەخشینی ڕیتمی جیاواز بەو وشانە، کاتێک کەتیگۆرییەکەیان بەهۆی هێزدانانەوە لە ئاستی داڕشتنی سفردا، لەیەکجیادەکرێتەوە. نواندنی دروستە پرۆسۆدیکییەکەیان بە شێوەی خوارەزمی بەمشێوەیە دەنوێنرێت:

-[شیین]ناو کاتێک (ناو) بێت، درێژبوونەوەی بزوێنەکە بەهۆی هێزەوەنییە، بەڵکو بەهۆی ئەوەوەیە کە دوو بڕگەیە، هێزی سەرەکی دەکەوێتە سەر بزوێنی بڕگەی کۆتایی ،(پێ)ی ئایامبیکی پێکهێناوە نواندنی پێوانەیی [شی، ی**i**ن . **şîyin**]←[σσ́]← [Σ]← pω، کاتێک بەواتای [شینو واوەیلا] هاتبێت، ئەگەر نەکرێت بە دوو بڕگە ئەوا ئەو واتایە ناگەیەنێت.

-[شیین]هاوەڵناو (هاوەڵناوە) لە یەک بڕگە پێکهاتووە، نواندنی پێکهاتەیی [شین] نواندنی پرۆسۆدیکییانەی [شیین]، نواندنی بڕگەیی [شین.**şîn**] ←[σ́]← [Σ]← pω، لەبەرئەوەی لەیەک بڕگە پێکهاتووە، هێزی سەرەکی کەوتووەتە سەر بزوێنی /ی/ و بە /یی/ دەردەبڕرێت لە نواندنی پرۆسۆدیکییەکەیدا.

-[زانا]ناو لە دوو بڕگە پێکهاتووە، کاتێک (ناو) بێت هێزی سەرەکی دەکەوێتە سەر بزوێنی بڕگەی کۆتایی (پێ)ی ئایامبیکی پێکهێناوە. نواندنی بڕگەیی[زا. نا **za.ná**]←[σσ́]← [Σ]← pω،

-[زانا ]هاوەڵناو لە دوو بڕگە پێکهاتووە کاتێک (هاوەڵناو)بێت، هێزی سەرەکی دەکەوێتە سەر بزوێنی بڕگەی سەرەتا(پێ)ی ترۆکێکی پێکهێناوە. نواندنی پێوانەیی[زا. نا **zá.na**]←[σσ́]← [Σ]← pω،

لە (**فەقێ ئیبراهیم، هاوسەر نەوزاد،٢٠٢٢**)یشدا، لە پەسنکردنی تایبەتمەندییە پرۆسۆدیکییەکاندا کە بە (سیمای ناکەرتییەکانی (کێشناسی)) ناونیشانی بۆ دانراوە، ئاماژە بە چەند پلەیەکی تۆنەکان کراوە، بەڵام ئاماژە نەدراوە بەوەی کە نموونەکان لە هەندێکیاندا فریزی فۆنۆلۆجین و لە هەندێکی تریاندا دەربڕاوی فۆنۆلۆجین، لە فریزەکانیشدا جیاوازی نەکراوە لە نێوان ئەوەی کە فریزی تۆنین یان فریزی ئاوازەیی، تایبەتمەندیی پرۆسۆدیکی زمانی کوردیش یەکلا نەکراوەتەوە کە زمانێکی تۆنییە یان زمانێکی ئاوازەییە (**فەقێ ئیبراهیم، هاوسەر نەوزاد ،٢٠٢٢: ٦٩-٧٧**). هەروەها لە هەمان سەرچاوەدا لە پەسنکردنی (تۆن و ئاوازە لە کوردیدا) جیاوازی لە نێوانیاندا نەکراوە(**فەقێ ئیبراهیم، هاوسەر نەوزاد ،٢٠٢٢: ١٥٥-١٥٦**)؛ لە لە کاتێکدا زمانی کوردی زمانێکی هێزییە کاتڕێکخراوەکانە، لەم جۆرە زمانانەدا ئەوەی هەبێت (ئاوازە)یە واتە پێکداچوونی تەوژمە/پیچە بەرزو نزمەکانە لەگەڵ هێزی فەرهەنگی وشە فۆنۆلۆجییەکاندا کە لە ئاستی دوافەرهەنگدا، کە بە شێوەی ڕیتم دەردەکەوێت، بەڵام لە دەربڕاوە تاک برگەییەکان و دەربڕاوە تاک وشەییە دوو برگەییەکاندا بە شێوەی تۆن دەردەکەوێت لەبەر کەمی ژمارەی برگە و (پێ)یە پێکهێنەرەکان کە هەموویان دەبنە هەڵگری تەوژمەکە/پیچەکە، وەک تۆن دەردەکەون نەک وەک پێکداچوونی ئاوازەکان، چونکە تۆن تایبەتمەندیی زمانە تۆنییەکانەو لە ئاستی فەرهەنگدا دەبێتە هۆی گۆڕینی واتای فەرهەنگی، ئەوەش لە کوردی –شێوەزاری سلێمانیدا بەدی ناکرێت.

### ٢-٢-٢) ئاوازەIntonation:

پێناسەکردنی ئاوازە بەپێی تایبەتمەندییە پرۆسۆدیکییەکانی زمانەکە دەگۆڕێت، کە زمانێکی تۆنی بێت یان زمانێکی ئاوازەیی، لە زمانە هێزییە کاتڕێکخراوەکان بێت یان لە زمانە برگەییە کاتڕێکخراوەکان.

لە زمانە هێزییە کاتڕێکخراوەکاندا برگە هێزدارو و ناهێزدارەکان (پێ)یەکان پێکدەهێنن، (پێ)ش یەکەی پێکهێنانی (ڕیتم)ە، ڕیتمەکانیش لەگەڵ تەوژمدا ئاوازە بەرهەمدێنن..(**Crystal, 2008:193** ). هەروەها (**فەقێ ئیبراهیم، هاوسەر نەوزاد٢٠٢٢** ) بە ناڕاستەوخۆ ئەوە دەخاتەڕوو کە ئاوازە لە (هێز + ڕیتم + تەوژم) پێکدێت؛ دەڵێت تەوژم/پیچ، کە زاراوەی لەرەی دەنگ/ پلەی دەنگ ی بۆ بەکار هێناوە، لەگەڵ ڕیتم و لەگەڵ هێزی وشەکاندا لە ئاستی سینتاکسدا 'ئاوازە'دروستدەکەن، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە ڕیتم و هێزی بە دوو بابەتی جیاوازداناوە؛ بەبێ ئەوەی هیچ نموونەیەک لەو بارەیەوە بخاتەڕوو(**فەقێ ئیبراهیم، هاوسەر نەوزاد٢٠٢٢: ٦١-٦٢**)).

لە زمانە تۆنییەکاندا تۆنە بەرز و نزمەکان کە لەسەر برگە تۆنییەکانن، ئاوازە بەرهەمدێنن لەگەڵ تەوژمدا. لە هەموو بارەکاندا بەکارهێنانی تەوژم/پیچ و ئەگەری زیادکردنی دیاردە پرۆسۆدیکییەکانی وەک (هاوار بەرزکردنەوە**loudness**، کێش**tempo**، وەستانەکان**pouse** ...)ە لەسەر **درێژکردنەوەی کاتی دەربڕاوەکانە،** بەمەبەستی گەیاندنی واتا. **ئاوازە** بەکاردێت بۆ دروستکردنی بەستنەوە ڕێزمانییەکانی وەک گرێ و دەستەواژەکان، بۆ ئاماژەکردن بۆ موودەکانی ڕستە، بۆ گەیاندنی هەڵوێستی قسەکەر وەک (سەرسووڕمان**surprise**، گاڵتە**irony**، تووڕەیی**anger**)(**TRASK, 1996:184**). بۆ پەسنی دروستەی 'ئاوازە لە کوردیدا (**بڕوانە** ٢/١-٦) ؛ ٢/١١-٢)).

### ٣-٢/٢) ئەکسێنتaccent:

ئەکسێنت زاراوەیەکی بەرفراوانە و چەندین لێکدانەوە و تایبەتمەندیی جیاواز لەخۆدەگرێت، کە بەکورتی لەم خاڵانەدا کۆدەکرێتەوە:

١-سیستەمێکی تایبەتە بۆ دانانی دەرکەوتوویی/ زەقێتی**assigning prominence** بۆ برگەیەکی دیاریکراو لە وشەیەکی فۆنۆلۆجیدا یان لە دەربڕاوێکدا(**TRASK, 1996:4**). ڕێگایەکی تایبەتمەندە بۆ گۆکردنی/نواندنی زمانێک. ئەو زمانانەی کە هێز دەبێتە هۆی گۆڕینی واتای فەرهەنگی دانەکان و پێیدەوترێت ئەکسێنتی هێزیی یان (هێزی ئەکسێنتی)یان هەیە. ئەوانەی کە تۆن دەبێتە هۆی گۆڕینی واتای فەرهەنگی دانەکان پێیدەوترێت ئەکسێنتی تۆنی هەیە. ئەوانەش کە تەوژم/پیچ دەبێتە هۆی گۆڕینی واتای فەرهەنگی دانەکان پێیدەوترێت ئەکسێنتی (تەوژم/پیچ)یان هەیە(**TRASK, 1996:278-279**). یان (کاتێک بەرهەمهێنانی جەختکردنەوەکە (هێزەکە) لە زمانێکدا لە ڕێگای تەوژمەوە/پیچەوە**pitch** بێت، بەو زمانە دەگوترێت ئەکسێنتی تەوژمی هەیە، واتە زمانێکی تەوژمی/پیچییە، وەک زمانی ژاپۆنی. گەر جەختەکە لەڕێی تۆنە بەرزو نزمەکانەوە بێت لەسەر یەکە یەکەی برگەکانە، ئەوا ئەکسێنتی تۆنی هەیە، زمانەکە دەبێتە زمانێکی تۆنی، وەک زمانی چینی. گەر جەختە فەرهەنگییەکە لە ڕێی هێز یان هێزەڕیتمە پلەدارەکانەوە بێت، ئەوا زمانەکە ئەکسێنتی هێزیی هەیە، ئەمەش دەبێت بە دوو جۆرەوە، ئەو زمانانەی ئەکسێنتی هێزی سەر(برگە برگە)یان هەیە لە ئاستی فەرهەنگدا، لەمبارەدا ڕیتمی سینتاکسییان لە ئاستی دوافەرهەنگدا دەبێت، وەک زمانی ئینگلیزی، ئەو زمانانەی کە ئەکسێنتی سەر (پێ پێ) کردنییان هەیە ، ئەکسێنتێکی هێزی ڕیتمییان دەبێت لە ئاستی فەرهەنگدا، وەک لە کوردیدا کەلە دەرئەنجامەکانی ئەم تێزەوە بەدەستهاتووە.

٢- ئەکسێنت بە گۆکردنێکی نمونەیی تاکە کەسی یان شوێنی جوگرافی یان گروپێکی کۆمەڵایەتی دادەنرێت، کە جێگای تێڕوانین بێت(**TRASK, 1996:4** ). زۆر جار تەنها گەورەکردن و هەڵاوساوکردن یان فەخم کردنی دەنگەکانی دەربڕاوەکەیە بەمەبەستی سەرنج ڕاکێشانی دەوروبەر لەلایەن قسەکەرێکەوە.

٣- ئەکسێنت هاوواتایەکە کە بەکەمی بەکاردێت لە بەرامبەر 'هێزی سینتاکسی' دا.(سەرچاوەی پێشوو.)

٤- لە هەندێک سەرچاوەی تری وەک (**Zapata.A ,2009: 1**)دا ، ئەکسێنت بە هاوواتای 'هێزی وشە' **word stress**دادەنێت، کە مەبەست لێی هێزی فەرهەنگی سەر وشەکانە.

٥- هەندێکجار زاراوەی هێز و ئەکسێنت لە زۆر سیاقی فۆنەتیکیدا بە هاوتای یەک بەکاردەهێنرێت، بەڵام لە زۆر ژینگەی تردا جیادەکرێنەوە(**Fry, 1955: 767**) لە (**فەقێ ئیبراهیم، هاوسەر نەوزاد٢٠٢٢: ٦١**).

لەناوەرۆکی ئەم تێزەدا زاراوەی 'ئەکسێنت' بەواتای **خاڵی یەکەم** بەکارهاتووە.

### ٤-٢/٢)هێزی ئەکسێنتیaccent stress:

هێزی ئەکسێنتی، مەبەست لەوەیە کە لە وشەی ئەکسێنتیدا **word accent** کە وشە فۆنۆلۆجییەکانی زمانێکە، تیایاندا برگەیەکی دیاریکراو زیاترزەقدەکرێتەوە دەردەخرێت لە چاو برگە پێکهێنەرەکانی ترلە وشە فۆنۆلۆجیەکەدا، بەمەش زنجیرەیەکی ڕێکخراو لە برگەی هێزدارو ناهێزداری پێکەوە بەستراو

دروستدەبێت کە (پێ)یەک بەرهەمدێنن، بەمەرجێک لە سێ برگە زیاتر نەبێت و ئەوەش ڕیتمێک دەبەخشن بە وشەکە کە شێوازی وتنەکەی/نواندنە فۆنۆلۆجییەکەی دیاریدەکات بەپێی کەتیگۆرییەکەی، کە پێیدەوترێت ئەکسێنتی وشە، ئەوەش کاتێک دەکرێت کە هێز لە وشەکەدا هەبێت( **TRASK,1996: p4, p336**). دەکرێت وشە فۆنۆلۆجییەکە لە یەک (پێ) زیاتر پێکبێت لەمبارەدا هێزی ئەکسێنتییەکەی پلەداری ڕیتمی دەبێت. بەستنەوەی ئەم برگە هێزدارو برگە ناهێزدارانە (پێ) پێکدەهێنن و ئەم (پێ)یە یاخود ئەم (پێ)یانەش وشەی فۆنۆلۆجی **phonolocical word** پێکدەهێنن لە زمانەکەدا،( بۆ شیکاری نموونەکانی ئەم بابەتە (**بڕوانە** هێلکاریی (١١)).

ئەم یاسایە بۆ دانە فەرهەنگییەکانی زمانی ئینگلیزی پێڕەو دەکرێت بەپێی یاسایەک کە پێیدەوترێت (یاسای دەرکەوتوویی/زەقیتی کەتیگۆرییانەیی فەرهەنگی**Lexical Category Prominence Rule LCPR**)، کە لە هەندێک لە وەشاندنەکانی فۆنۆلۆجیی پێوانەییدا و لە فۆنۆلۆجی فەرهەنگیدا وەک بنەمایەک بۆ داڕشتنی تەرزی هێزی وشە بۆ دانە فەرهەنگییەکانی زمانی ئینگلیزی لە وشە فرەبڕگەییەکان و لە وشە لێکدراوە و ئاڵۆزەکانیشدا، بەکاردێت (**TRASK,1996:207**).

لەم تێزەدا هەوڵدراوە بەپێی تایبەتمەندیی دانە فەرهەنگییەکانی زمانی کوردی یاسای (**LCPR**) یان 'یاسای دەرکەوتوویی کەتیگۆرییانەیی فەرهەنگی' دابڕێژرێت، وەک لە دیاریکردنی ئاستە فەرهەنگییەکاندا دەبینرێت لەبەشی سێیەمدا.

ئەم پرەنسیپە بۆ ئەو زمانانە شیاوە کە بە زمانە هێزییە کاترێکخراوەکان ناسراون، کەتیایاندا وشە فۆنۆلۆجییەکان لە ئاستی فەرهەنگدا بە ڕیتمێکی تایبەت دەردەبڕرێن، یەکەی ڕیتمیش لە (پێ) پێکدێت و (پێ)یەکانیش لە برگە هێزدارو ناهێزدارەکان پێکەوە پێکدێن، کە هەر (پێ)یەکی هێزدار کە هێزی ئەکسێنتی هەڵگرتووە، لە یەک تا سێ برگە پێکدێت و هێزەکە دەکەوێتە سەر بزوێنی یەکێک لەو برگە هێزدارانەی کە (پێ)یەکەیان پێکهێناوە لە ئاستی فەرهەنگدا. بە جۆرێک کە ڕیتمی دانە فەرهەنگییەکان لە زمانی کوردیدا بەپێی جۆرە جیاوازەکانی (پێ)یەکە دەبێت، کە بەهۆی جیاوازی لە شوێنی دەرکەوتووییەوە دروستبووە، یان بەواتایەکی تر، ڕیتمی وشەکان لە شوێنی هێزدانان لەسەر برگە پێکهێنەرەکانی (پێ)یەکەوە دروستدەبێت. بۆ ڕاڤەکردنەکەیان بڕوانە(بەشی سێیەم)

### ٢/٢-٤-١)هێزی جەخت **emphatic stress**:

دانانی هێزە لەسەر بەشێکی تایبەتی دەربڕاوێک بەمەبەستی سەرنج خستنەسەر ئەو بەشەی دەربڕاوەکەیە. لە هەندێک لە سەرچاوەکاندا زاراوەی 'هێزی جیاکاری'**contrastive stress**یشی بۆ بەکاردەهێنرێت(**TRASK, 1996:130**). بۆنموونە لە زمانی ئینگکلیزیدا، لە (**a.**)دا جەخت لەسەر واتای کەرتی یەکەمە، لە (**b.**) جەختەکە لەسەر واتای کەرتی دووەمە :

**a.`I did not say that.** **b. I did not`say that.**

ئەو لێکدانەوەیەی تراسک بۆ هێزی جەخت، نزیکە لە لێکدانەوەو پێناسەکردنی ئەو هێزەی کە دەخرێتە سەر فریزە ئاوازەییەکان لە دەربڕاوێکدا، کاتێک دەربڕاوەکە لە زیاتر لەیەک فریزی ئاوازەیی پێکهاتبێت. واتە هاوواتای هێزی فریزی دەبێت لە کوردیدا.

## ٢/٢-٤-٢)هێزی فەرهەنگی Lexical stress و هێزی فرێزیPhrase stress و هێزی ڕستەیی/سینتاکسیSentence stress:

هێز لە زمانە هێزییە کاترێکخراوەکاندا و لەو زمانانەدا کە ئەکسێنتی هێزییان هەیە، بە دوو شێواز هەست بە هێز دەکرێت، بەڵام ئەمەش بەپێی تایبەتمەندیی تاکە تاکەی زمانەکان شیاوی گۆڕان و هەبوونی جیاوازییە. لە زمانی ئینگلیزیدا بەگشتی دوو جۆر هێز جیاکراوەتەوە کە بریتین لە هێزی فەرهەنگی کە 'هێزی وشە'شی پێدەگوترێت، لەگەڵ 'هێزی سینتاکسی'.

هێزی فەرهەنگی یان هێزی وشە: چەند پلەیەکی ڕێژەییانەی جەختە یان زۆرلێکردنە یا فشارە، کە وشەکان یان بەشێک لە وشەکان هەیانە یاخود لەسەریانە، کاتێک کە گوزارشتییان لێدەکرێت یان گۆدەکرێن بەتەنها و بە جیاکراوەیی لە دانەکانی تر، وەک ئەوەی کە لە فەرهەنگدا هەن( Zapata.A ,2009: 1). دوو ئاست یا سێ ئاست بۆ هێزی فەرهەنگی دیاریکراوە، کە بریتین لە هێزی سەرەکی، هێزی ناوەندی/دووەم، هێزی لاواز، سێیەم.

لە ئیگلیزیدا بەگشتی دوو ئاستی هێزی سەرەکی و هێزی ناوەندی دیاریکراوە. هێزی سەرەکی **primary stress** دەکەوێتە سەر ئەو بڕگەیەی کە بە بەرزتر**loudest** یان بە جەختێکی زیاترەوە**great emphasis** لە وشەکەدا گۆ دەکرێت. هێزی ناوەندی/ دووەم دەکەوێتە سەر ئەو بڕگەیەی، کە بە جەختێکی کەمترەوە لەو بڕگەیەی تر گۆدەکرێت، کە هێزی سەرەکی لەسەر بووە.(**Zapata.A ,2009: 1** )، بەڵام لە کوردیدا بەپێی دەرئەمجامە بەدەستهاتووەکانی بەشی سێیەم، هێزی فەرهەنگی بۆ (ناو)دەکەوێتە سەر ئەو بڕگە هێزدارەی کە (پێ)یە هێزدارەکە لە وشەکەدا پێکدەهێنێت، گەر وشەکە لە دوو (پێ)ی هێزدار پێکهات، هێزی ناوەندی دەکەوێتە سەر بڕگە هێزدارەکەی (پێ)ی دووەم.

گەر زمانەکە زمانێکی' تۆنی' بوو ئەوا گەورەترین دەرکەوتوویی کە 'تۆنەکەیە، دەکەوێتە سەر یەکێک لە بڕگەکانی وشەکە، دەبێتە هەڵگری هێزی سەرەکی، پاشان دووەم پلەی دەرکەوتووییەکە دەکەوێتە سەر ئەو بڕگەیەی کە هێزی دووەمی دەکەوێتە سەر، هەروەها بۆ زمانە پیچییەکانیش (**TRASK, 1996:336**).

هێزی فرێزی: گەورەترین دەرکەوتوویی وشەیە ، چ هێز بێت لە زمانە هێزییەکاندا، یان تۆن بێت لە زمانە تۆنییەکاندا، یان تەوژم/پیچ بێت لە زمانە تەوژمییەکاندا، کە لەسەر پێکهێنەرە بنچینەییەکانی فرێزێک دەردەکەوێت. لە ئینگلیزیدا گەورەترین دەرکەوتووییە، کە لەسەر وشە پێکهێنەرە بنچینەییەکانی کۆتادانەی لای ڕاستدا دەردەکەوێت. (**Selkirk, 1984:146**)، هێزی یەکێک لە فرێزە پێکهێنەرەکانی ڕستەکە/دەربڕاوەکە دەبێتە هێزی سەرەکی سینتاکسی ، وەک لە

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| - | | | | **X** | **sentence stress** |
| - | | **X** | | **X** | **phrase stress** |
| - | **X** | **X** | **X** | **X** | **lexical stress** |

**-The mayor of Chicago won their support**

دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگیرێت، کە دروستەی فرێزی فۆنۆلۆجی و هێزی فەرهەنگی و هێزی فرێزی لە وشەی فۆنۆلۆجی و فرێزی فۆنۆلۆجیدا، لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازە، بە لەبەرچاو گرتنی ئەو جیاوازییە ڕەنگە هێزەکان و شوێنی یان جێکەوتەی هێزەکان گۆڕانی بەسەردا بێت.

له کوردیشدا هێزی سینتاکسی هاوتای هێزی فریزی نییه، چونکه هێزی سینتاکسی سەرەکی دەرکەوتووترین هێزی سەر یەکێک لە بڕگەکانی وشە فۆنۆلۆجییە پێکهێنەرەکانی ناو فریزە فۆنۆلۆجییە پێکهێنەرەکانی سەرجەم دەربڕاوەکەیە، دەشێت دەربڕاوەکە لە یەک، دوو، سێ،.. فریزی فۆنۆلۆجی یان زیاتر پێکهاتبێت و هەریەکێکیش لەو فریزە فۆنۆلۆجییانە لە چەند وشەیەکی فۆنۆلۆجی پێکهاتبێتن، لەمبارەدا، <u>تەنها هێزی سەر یەکێک لە وشە فۆنۆلۆجییەکانی ناو یەکێک لە فریزە فۆنۆلۆجییەکان دەبێت بە هێزی سەرەکیی سینتاکسی</u>، لە کاتێکدا بەپێی ژمارەی فریزە فۆنۆلۆجییە پێکهێنەرەکان هێزی فریزی بەردەست دەبێت، پاشان بەپێی ژمارەی ئەو فریزە ئاوازەییانەی پێکی دەهێنن، ئەوەندە هێزی سەرەکی تری فریزی ئاوازەیی بەردەست دەبێت و تیایاندا هێزی یەکێک لە فریزە ئاوازەییەکان دەبێتە هێزی سەرەکی سینتاکسی، واتە هێزی جەخت وەردەگرێت و هێزەکانی تر هەر بە هێزی فریزی دەمێننەوە لە دەربڕاوەکەدا، کە بە هێڵکاریی تۆڕ/گرید بەمشێوەیە دەنوێنرێت:

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٤- | Utt X | | | | | . | ئاستی هێزی سینتاکسی |
| ٣- | IP1 X | IP2 X | | IP3 X | | . | ئاستی هێزی فریزی ئاوازەیی |
| ٢- | pph1 X | pph2 X | pph3 X | pph4 X | pph5 X | | ئاستی هێزی فریزی فۆنۆلۆجی |
| ١- | X X | X | X X X | X | X X. | | ئاستی هێزی فەرهەنگی |

-[ مامۆستایان مان دەگرن، نەک فەرمانبەران.]

– مامۆستایان مان دەگرن، نەک فەرمانبەران.

له کوردیدا ، دەکرێت هەریەکێک لە هێزە فریزییەکان ببن بە هێزی سینتاکسی، نواندنی کەوانەیی دەبێت بە :

١- [ مامۆستایان مان دەگرن، نەک فەرمانبەران]Utt

٢- [مامۆستایاٰن] IP1 + [ماٰن دەˊگرن ] IP2+ [نەˊک فەرمانبەران] IP3. (لە ٣ فریزی ئاوازەیی پێکهاتووە کەواتە ٣ هێزی فریزی ئاوازەیی هەیە)

٣- [مامۆستایاٰن]pph1 + [ماٰن] [دەˊگرن]pph2 [ pph3 + [نەˊک [فەرمانبەران]pph4 [ pph5. (لە ٥ فریزی فۆنۆلۆجی پێکهاتووە، کە واتە ٥ هێزی فریزی فۆنۆلۆجی هەیە.)

٤- [ [[مامۆستا]pw ] +[یان]fnc [ pph1 [ IP1 + [ [ [[مان] pw+[ [دە]fnc +[گر]pw + [ن]fnc [ pph2 [ pph3 [ IP2 + [[ [نەک]fnc + [[فەرمانبەر]pw +[ ان ]fnc[ pph4[ pph5[ IP3 (لە ٩وشەی فۆنۆلۆجی/پرۆسۆدیکی و (وشەی فۆنۆلۆجی ئەرکی) هێزدار پێکهاتووە. واتە ٩ هێزی فەرهەنگی هەیە.)

سەرجەم دەربڕاوەکە یەک هێزی سینتاکسی سەرەکی هەیە، کە هێزی یەکێک لە سێ فریزە ئاوازەییەکەیە، بەرز دەکرێتەوە، بەپێی خواست و پێداویستی گفتوگۆکە و دەبێتە هێزی سەرەکی سینتاکسی.

هێزی سینتاکسی، دەبێت سەرەتا هێزی سینتاکسی لە هێزی فریزی جیابکرێتەوە، پاشان هێزی سینتاکسی دەبێتە گەورەترین دەرکەوتوویی لە سەر یەکێک لە بڕگەکان لە سەرجەمی دەربڕاوێکدا، بۆ نموونە لە ئینگلیزیدا، هێزی سینتاکسی/ڕستەیی دەکەوێتە سەر دەرکەوتووترین/زەقترین بڕگە لە دوایین <u>دانەی فەرهەنگی</u> لە سەرجەمی دەربڕاوەکەدا(**TRASK, 1996:320**)، بۆ نموونە لە:

**a. Janet lóves it .   vs.   b. Janet loves her fóod.**

بەڵام زاپاتا (**Zapata.A, 2009**) واگریمانە دەکات، کە هێزی ڕستەیی/سینتاکسی : چەند پلەیەکی ڕێژەییانەی جەختە یان زۆرلێکردن و فشارە کە وشەکان یان بەشێک لە وشەکان هەیانە، کاتێک کە گوزارشتییان لێدەکرێت یان گۆدەکرێن یان بەکاردەهێنرێن لە قسە ئاوێتەکاندا یان لە دەربڕاوەکاندا لەگەڵ وشەکانی تردا. هێزی سەرەکی ڕستەیی **primary sentence stress** دەکەوێتە سەر ئەو بڕگەیەی کە بە بەرزتر **loudest** یان بە جەختێکی زیاترەوە **great emphasis** لە وشەکەدا گۆدەکرێت لە دەربڕاوەکەدا. هێزی ناوەندی ڕستەیی/سینتاکسی**secondary sentence stress** دەکەوێتە سەر ئەو بڕگەیەی کە بە جەختێکی کەمترەوە لەو بڕگەیەی تری گۆدەکرێت، کە هێزی سەرەکی لەسەر بووە لە دەربڕاوەکەدا.( **Zapata.A, 2009:1-4**).

هەروەها لەگەڵ ئاماژەدان بە هێزی سینتاکسی، زاراوەی هێزی کرۆکی**nuclear stress** دێتەئاراوە، کە واتای هەمان چەمکی هێزی سینتاکسی دەگەیەنێت، بەڵام تایبەتمەندکراوە بە هێزدانان لە فریزەناوییەکاندا و جیای دەکاتەوە لە هێزی فەرهەنگی لە وشە لێکدراوەکاندا(**TRASK, 1996:242**)، وەک لە جیاکردنەوەی:

هێزی کرۆکی سینتاکسی لەسەرە **a black bîrd (ph.)**

هێزی فەرهەنگی لەسەرە **a bláckbird(N.)**

## ٣/٢) یاسا بنچینەییەکانی بنەمای هێزدانان و یاساکانی هێز:

لە پەسنکردنی یاسابنچینەییەکانی هێزداناندا سەرنج دەخرێتە سەر ئەو یاسایانەی کە هێزییان پێدادەنرێت، نەک سەرنج بخرێتە سەر ڕووکاری خودی هێز، لەم ڕووەوە تیشک دەخرێتە سەر جۆرە بنەڕەتییەکانی یاساکانی بنەمای هێزدانان، کە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازە، زاپاتا ( **Zapata.A, 2009: 4-5**)چەند بنەمایەک بۆ زمانی ئینگلیزی دیاریدەکات، کە دەکرێت چەند خاڵێکی لێوە هەڵبگوازرێت.

### ٣/٢-١) یاسا بنچینەییەکانی بنەمای هێزدانان:

یاسا بنچییەکانی بنەمای هێزدانان لە زۆربەی زمانەکاندا بەگشتی بەندە بە چەند تایبەتمەندییەکەوە، وەک:

١- ژمارەی بڕگە پێکهێنەرەکانی وشە.

٢- بەکارهێنانی وشەکە بەتەنها و بەجیا یان لەگەڵ وشەی تردا. واتە وشەکە لەئاستی فەرهەنگدایە، واتە بەجیا بەکارهاتووە، یان لە ئاستی دوافەرهەنگدایەو لە زنجیرە دەربڕاوەکاندایە. لە ئاستی فەرهەنگیشدا لە ناو پێکهاتە داڕێژراو و لێکدراوەکان دایە، یان بەتەنهایە.

٣- هێزداری یان ناهێزداری وشەکە. وەک لە وشە فەرهەنگیی سەربەخۆ**LW** و وشە ئەرکییە فۆنۆلۆجییەکاندا **fnc.** و بەدی دەکرێت.

٤-وشەکە لە ژینگە داڕشتنییەکاندا هێزەکەی دەپارێزێت، یان لەدەستی دەدات، وەک لە وشە فەرهەنگییە ئاڵۆزەکاندا، کە لە ژینگە داڕشتنییەکانی وشە داڕێژراو و لێکدراوەکاندا هێزەکەیان دەپارێزن یان لەدەستی دەدەن، لە وشە ئەرکییە ناهێزدارەکانیشدا، کە ناهێزدارن و دەبنە هێزڕاکێشەر یان نا، یان لە وشە ئەرکییە هێزدارەکاندا هێزەکەیان دەپارێزن یان نا.

٥- له كاتی جوولانی وشەكان له ئاستی فەرهەنگەوه بۆ ئاستی دوافەرهەنگ، چ جۆره گۆڕانێک بەسەر شوێنی هێزەکەیاندا دێت.

٦- ڕەچاوکردنی تایبەتمەندیی پرۆسۆدیکیی زمانەکە، کە سەر بە چ پۆلێکی پرۆسۆدیکییه.

لەسەر ئەو بنەمایانەی كه باسكران له كاتی هێزدانانی سەرەكی و هێزی ناوەندی،...دا ، پێویسته:
(١- ڕەچاوی کەتیگۆری ڕێزمانی وشەکە/دانه فەرهەنگییەکە بکرێت و بزانرێت كه ناو، هاوەڵناو، كردار/پارادایمی کرداریی، پێشناوه،...چونکه ئەم کەتیگۆرریيانه ڕۆڵیان دەبێت له دەسنیشانكردنی شوێنی هێزەکەدا.
٢- دەبێت ڕەچاوی دروستەی برگەییەکەیان بکرێت.
٣- دەبێت ڕەچاوی کەتیگۆری و دروستەی مۆرفۆلۆجیدانه فەرهەنگییەکه بکرێت (**Zapata.A, 2009: 4-5**))، له هەردوو ئاستی فەرهەنگ و دوافەرهەنگدا.
هەمان ئەو بنەمایانەش له کوردیدا پەیڕەوکراون وەک بنەمای هێزدانانی کەتیگۆرییانەو مۆرفۆلۆجییانه و به بەکارهێنای یاسای هێزی ڕیتمی که یەکەی (پێ)یه، له بەشی سێیەمدا بۆ زمانی کوردی تاقیکراوەتەوه. لەدەرئەنجامی ئەو بنەما بنچینەییانەی هێزداناندا سێ جۆر یاسای هێز دێتەئاراوه كه بەیاساکانی هێز دەناسرێن، بریتین له (هێزی ئازاد بەرامبەر هێزی چەسپاو**Free Vs. Fixed stress** ، هێزی ڕیتمی بەرامبەر به هێزی مۆرفۆلۆجی**Rhythmic Vs. Morphological stress** ، هێزی دیاریکراو بەرامبەر به هێزی نادیاریکراو **Bounded Vs. Unbouned stress** (**Hayes,1995:31-33**)).

## ٢-٣/٢) هێزی ئازاد بەرامبەر هێزی چەسپاو Free Vs. Fixed stress :

هێزی ئازاد مەبەست له هێزی شوێنگۆڕاوه بەرامبەر به هێزی شوێن چەسپاو. كۆنترین چەمک و بیرۆکەی یاسای هێزدانانه، بەسادەیی ئاماژه دەکات بۆباری فۆنەمیکیی هێز له زماندا. هێزی شوێن چەسپاو**Fixed stress** پێشبینی شوێنی هێزەکه دەکات، که له کوێدا دادەنرێت، دەکرێت بەهۆی یاسایەکەوه دابنرێت، وەک یەکێک لەو یاسایانەی له بنەمای هێزداناندا ئاماژەی پێ دەدرێت، له کاتێکدا هێزی ئازاد شوێنی دانانەکەی پێشبینی نەکراوه. بۆ نموونه له زمانی ئیسپانیدا هێز لەسەر یەکێک له سێ برگەکانی کۆتایی دادەنرێت، یا له پۆلەندیدا هێزی سەرەکی لەسەر برگەی پێش کۆتای دادەنرێت/هێزی پەنەڵتیمەیتی هەیه، که له هەردووکییاندا پێشبینی کراوه، بەڵام له وشه خوازراوەکانی زمانەکەدا بەو جۆره پێشبینی کراو نییه و هێزەکه ئازاد دەبێت و دەچێته سەر برگەییەکەم دەبێته هێزی ئەنتی پەنەڵتیمەیت(**Hayes,1995:31**)؛ به پێی ئەو زمانەی که لێوەی وەرگیراوه.
له سیستەمی هێزدانانی ئازاد و چەسپاو/نەگۆڕدا، بنەمای هێزدانان لەسەر بنەمای کێشی برگە(قورس،سووک) و لەسەر سنوور دیاریکردنی دووری مەودای نێوان هێزەکان و دووری له نێوان هێز و سنووری وشەکان، دیاریدەکرێت.
لەو شیکردنانەوه که بۆ هێزدانان له فەرهەنگ و دوافەرهەنگی کوردیدا خراوەتەڕوو له بەشی سێیەمی ئەم تێزەدا، ئەوه دەردەکەوێت که کێشی برگه و کورتی درێژییەکەی و سنوور دیاریکردنی دووری

مەودای نێوان هێزەکان و دووری لە نێوان هێزەکاندا، کاریگەریی لەسەر هێزدانان نییە لە وشەکانی کوردیدا لە هەردوو ئاستەکەدا، تەنها جۆریتی ئازاد و چەسپاوییەکەی بەدی دەکرێت، چونکە هێزدانان لە پارادایمە ناوی و هاوەڵناوییەکاندا، کە فرێزی فۆنۆلۆجی فەرهەنگی و دوافەرهەنگیش پێکدەهێنن، شێوازی هێزدانانەکە چەسپاوە و کۆتاگرییە، بۆ (پێ)ی کۆتایی نەک برگەی کۆتایی، بەڵام لە پارادایمە کرداریەکاندا لە ئاستی دوافەرهەنگدا، کە فرێزە ئاوازەییەکان لە دەربڕاوەکاندا بەرهەمدێنن، پێشبینیکراونییە واتە ئازادە، بەپێی پێکهاتەی فۆنۆلۆجی (پێ)یە پێکهێنەرەکانی و بەپێی ئەو هێزە جەختەی کە بەکارهێنەرەکە/قسەکەرەکە دەیخاتە سەرکام کەرتە، دەگۆڕێت و هێزی سەرەکی تیایدا ئازاد دەبێت، (**بڕوانە**(٢/١١-٢-١) ؛ ٢/١١-٢-٢) ؛ ٣/٤) ؛ ٣/٥)) .

### ٢/٣-٣) هێزی ڕیتمی بەرامبەر بە هێزی مۆرفۆلۆجی **Rhythmic Vs. Morphological stress:**

هێز لە سیستەمی 'هێزی ڕیتمی'دا، بەتەنها لەسەر بنەمای هۆکارە مۆرفۆلۆجییەکان دادەنرێت(**Hayes,1995:31-2**)، پشت دەبەستێت بە تایبەتمەندییە ڕیتمییەکانی خودی زمانەکە، بۆنموونە تایبەتمەندیی ڕیتمی لە ئینگلیزیدا بەندە بە کێشی برگە، هێزدانان بەپێی شوێنی برگە لە سنوورەکانی وشەکەوە دەبێت، وەک ئەنتیبەنەڵتیمەیت، پەنەڵتیمەیت، ئەڵتیمای وشەکە، بەڵام لە کوردیدا بەندە بە تایبەتمەندیی ڕیتمی، کە بەهۆی جۆری دروستەی (پێ) لە ئاستی فەرهەنگدا دیاریدەکرێت.

(هێز لەم جۆرە سیستەمی مۆرفۆلۆجی و ڕیتمییەدا کاردەکات بۆ ڕوونکردنەوەی دروستەی مۆفۆلۆجی وشەکە، زۆرجار برگەیەکی تایبەت لە ڕەگەکەدا دەبێتە هەڵگری هێزی سەرەکی، یان لاگرەکان ناهێزداردەبن، یان هێزێکی لاوازیان هەیە لە ئینگلیزیدا، وەک ئەوەی کە لە (**Kiparsky1982 b**)دا خراوەتەڕوو بۆ نواندنی سیستەمی هێزی مۆرفۆلۆجی لە ئینگلیزیدا. وشە فۆنۆلۆجییەئەرکییەکان/لاگرەکان کۆمەڵێک تایبەتمەندیی جیاکەرەوەیان بۆ دیاریدەکرێت لە ڕووی بنەمای هێزدانانی مۆرفۆلۆجییەوە، وەک : دەکرێت خۆڕسکانە هێزداربن و هێزی فەرهەنگی خۆیانیان لەسەر بێت، یان خۆڕسکانە ناهێزداربن، بتوانن هێز لەسەر ئەو بوارە/ ژینگە دارشتنییە لاببەن کە پێوەی دەلکێن، بۆ خۆیانی ڕابکێشن، یان..... هەندێکجار ئەم سیستەمانە وەک تەرزێکی پێشوەختە گریمانە کراون، وەک ئەوەی کە لەم تێزەدا بنەمای هێزدانانی کەتیگۆرییانەو مۆفۆلۆجیانە بۆ کوردی گریمانەکراوە. سیستەمێکی لەم جۆرە بۆ زمانە ئەوروپییەکان و لقە جیاوازەکانییان گونجاوە. بەڵام چەمکەکانی هێزی مۆرفۆلۆجییانەو ڕیتمییانە هەمیشە بەجیا دەرناکەون، بەڵکو زۆربەی سیستەمەکانی هێز تێکەڵەیەکە لە هەردووکیان (**Hayes,1995:331-32** )، یان بە پێچەوانەوە دەکرێت لە ڕێگەی دروستەی مۆرفۆلۆجیی وشەکەوە و لە دیاریکردنی کەتیگۆرییە ڕێزمانییەکەیەوە شوێنی هێزەکە دیاریبکرێت، وەک ئەو بنەمای هێزدانانەی کە بۆ دانە فەرهەنگییەکانی کوردی کە تاقیکراوەتەوە (**بڕوانە**٢/٩)) .

### ٢/٣-٤) هێزی بەند/پابەندکراو بەرامبەربە هێزی ڕەها/پابەندنەکراو **Bounded Vs. Unbouned stress :**

سیستەمی هێزی بەند یان پابەندکراو و ڕەها یان پابەند نەکراو ڕەچاوی جۆری سیستەمی هێزی ڕیتمی دەکات، کە دەکرێت خودی هێزی ڕیتمی دابەش بکرێت بۆ ئەم دووجۆرە هێزە، بۆ نموونە لە ئینگلیزیدا

هێزی ڕیتمی دەکەوێتە سەر بڕگەی قورسی دوایین دانەی لای ڕاست، دەکەویتە سەر بڕگەی کۆتایی، کە بڕگە ئەڵتیماکەیە، بەڵام گەر ئەو بڕگەیە بڕگەیەکی قورس نەبوو، ئەوا هێزەکە بەپێی سیستەمی بەند و ڕەها دەکەوێتە سەر بڕگەی پەنەڵتیمەت، واتە لە بڕگەی دووەمەوە تا بڕگەی پێش کۆتایی بەپێی ژمارەی بڕگەکانی زنجیرەکە(**Hayes,1995:32**)؛ کەواتە شوێنی هێزەکە بەندە بە بڕگەی قورسەوە، ڕەهایە بۆ بڕگە سووکەکان، بەڵام ئەم تایبەتمەندییەی بڕگەی قورس وسووک کار لەسەر بنەمای هێزدانان ناکات لە کوردیدا، چونکە ڕیتم لە زمانی کوردیدا بەندە بە جۆری (پێ) نەک جۆری بڕگەکەوە.

## ٤/٢) تایبەتمەندییە پرۆسۆدیکییەکانی پۆلی زمانەکان:

ئەو تایبەتمەندییانەیە کە بنەمای ئەکسێنی زمانەکەن، وەک ئەوەی زمانەکە ئەکسێنتی 'هێزیی' هەیە، ئەکسێنتی تۆنی، یا ئەکسێنتی تەوژم/پیچ ی هەیە. دواتر دەبێت بە بنەما بۆ لێکۆڵینەوە پرۆسۆدیکییەکانی تری زمانەکە. ئەم تایبەتمەندییانەش چەند جۆرێکن:

### ٤/٢-١) زمانە هێزییە کاتڕێکخراوەکان **stress-timed languages** :

زمانە هێزییە کاتڕێکخراوەکان **stress-timed languages** تایبەتمەندیی هێزی کاتڕێکخراویان هەیە، کە تایبەتمەندییەکی پرۆسۆدیکیی پۆلی زمانەکانە، لەسەر بنەمای ڕیتم/ئیقاع لە زمانەکەدا پەسندەکرێت؛ دوو جۆری جیاواز ڕیتم هەیە، 'ڕیتمی هێز' کە لەسەر بڕگە هێزدارەکانە لە ڕووی کاتی خایەنراوەوە، بەنزیکەیی وەک یەک دەبن، واتە بڕگە هێزدارەکان مەیلی ئەوە دەکەن لەماوەیەکی هاوتاو یەکساندا بە بەدوای یەکدا بێن، هەرچەندە تراسک پێیوایە یەکسانبوونیان بابەتێکی تیۆریە نەک کارەکی(**TRASK,1996:337**). ئەوەش واتای ئەوە دەگەیەنێت کە درێژی بڕگەکان لەیەک جیاواز دەبن لەسەر بنەمای هێزداری و ناهێزدارییان، واتە ئەو بڕگانەی کەدەکەونە نێوان بڕگە هێزدارەکانەوە کورت دەبنەوە.

لە ئینگلیزیدا ڕیتم بەپێی (پێ)یەکان ڕێکخراوە لە ئاستی دوافەرهەنگدا، (پێ)یەکەی بە بڕگە هێزدارەکان دەست پێدەکات و بە بڕگە ناهێزدارەکان کۆتایی دێت. هیچ زمانێک بەتەنها و بەتەواوەتی لە زمانە هێزییە بڕگە ڕێکخراوەکان یان لە زمانە هێزییە ڕێکخراوەکان نییە، بۆ نموونە زمانی ئەڵمانی شوێنێکی ناوەندی لە نێوان زمانی ئینگلیزی و ئیسپانیدا وەردەگرێت  لەگەڵ ڕەچاوکردنی 'ڕیتم'دا، کە زمانی ئیسپانی زمانێکی بڕگە ڕێکخراوە. ڕیتم وابەستەی 'کێش'ە، تا قسەکردنەکە خێراتر بێت ڕیتمەکە زیاتر ڕیتمێکی هێز ڕێکخراو دەبێت لە ڕووی کاتەوە، لە هەموو زمانێکدا تەنانەت گەر زمانێکی بڕگە ڕێکخراویش بێت لەڕووی کاتەوە.(**Maria-Josep Solé, 1991:153** )، چونکە((پێ)یەکەی کرۆکییە لە زمانە هێزییە کاتڕێکخراوەکاندا و ئاماژەیە بۆ دروستەی ڕیتمی**rhythmical structure**، کە دروستدەبێت لە بڕگەهێزدارو بڕگەناهێزدارەکان، تا بڕگەیەکی هێزداری تر بەدوایاندا دێت(**Giovanna Marota,2003: 2**). هەرلەسەر ئەوبنەمایەش لە لێکۆڵینەوەکاندا لە زمانی کوردیدا، پێویستە ئاماژە بە دروستەی (پێ) بدرێت بۆ دیاریکردنی شوێنی 'هێزی فەرهەنگی' و بەپێی ئەوە شوێنی هێزەکە دیاریبکرێت، کە ڕیتمێکی تایبەت دەبەخشێت بە وشە فەرهەنگییەکە.

## ٢-٤/٢) زمانە بڕگەییە کاتڕێکخراوەکان syllabel-timed languages :

زمانە بڕگەییە کاتڕێکخراوەکان **syllabel-timed languages** ئەو زمانانەن کە تیایاندا بڕگەکان مەیلی ئەوە دەکەن کە ماوەیەکی هاوتاو یەکسان بخایەنن، هەموو بڕگەکان هەمان درێژییان هەیە، چ بزوێنی بڕگەکەیان بزوێنێکی درێژ بێت یا کورت یا چ لەڕووی پێکهێنەرە بنچینەییەکانیانەوە جیاوازبن، وەک لە زمانی ئیسپانی و فەرەنسیدا (**Maria-Josep Solé,1991:153-154**) .

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم دوو تایبەتمەندییە، جیاوازی نێوانییان بە چەند خاڵێک دەخرێتەڕوو :

| زمانە هێزییە کاتڕێکخراوەکان | زمانە بڕگەییە کاتڕێکخراوەکان |
|---|---|
| ١- کەمکردنەوەیەکی زۆر لە کوالێتی بزوێنی بڕگەکاندا هەیە، چونکە بڕگە **ناهێزدارەکان** کاتێکی کەمییان هەیە بۆ دەربڕین بۆ پارێزگاری کردن لە ترپەی سەر بڕگە هێزدارەکان. | ١-کورتکردنەوەی زیاتری بزوێنی بڕگە ناهێزدارەکانە، وەک لە ئیسپانیدا، چونکە بڕگە هێزدارو ناهێزدارەکان بەنزیکەیی بە هەمان کاتی خایەنراو گۆدەکرێن. |
| ٢- دروستەی بڕگەییان ئاڵۆزە. | ٢- دروستەی بڕگەییان سادەیە |
| ٣- کێش کاریگەری نارێژەیی نەگونجاوی هەیە تیایاندا، چونکە ڕەوتی قسەکردنەکە چ خێرا بێت یان هێواش کارناکاتە سەر ماوەی خایەنراوی بڕگە هێزدارەکان. | ٣- کێش کاریگەری ڕێژەیی گونجاوی هەیە تیایاندا، چونکە ڕەوتی قسەکردن کاردەکاتە سەر بڕگە هێزدارو بڕگە ناهێزدارەکان. |
| ٤- هێزی ناوەندییان هەیە. لەئاستی فەرهەنگ و دوافەرهەنگدا. یان هێزی ڕیتمی بەرهەمدێنن لە زنجیرە دەنگییە درێژەکاندا، وەک لەو وشانەدا کە لە سێ بڕگە زیاترن یەکسەر دەبنە دوو پێ و دوو ڕیتم بەرهەمدێنن، بۆ دوور کەوتنەوە لە دروست بوونی زنجیرەی درێژ کە تیایاندا نەتوانن بڕگە هێزدارەکە هێندە درێژ بکەنەوە بەقەد ژمارەی بڕگە ناهێزدارەکان. | ٤- هێزی ناوەندی/ دووەمیان نییە.<br>کێشەی دەربڕینی زنجیرەی درێژیان نییە، چونکە بڕگە بڕگە دەربڕاوەکان دەردەبڕن. |
| ٥- سیستەمی دروستەی پێوانەییان لە جۆری ئەکسێنتییە، چونکە لەم جۆرەزمانانەدا، بڕگەهێزدارەکان بە بەنزیکەیی لە هەمانکاتی خایەنراودا دێن، هێزدانان لە سیستەمە پێوانەییەکەیاندا لە دروستەی (پێ)وە سەرچاوەدەگرێت.<br>(پێ) دەبێتە یەکەی ڕیتم لە زمانەکەدا | ٥- سیستەمی دروستەی پێوانەییان لە جۆری بڕگەییە، چونکە بڕگەهێزدار و ناهێزدارەکان بە بەنزیکەیی لەهەمانکاتی خایەنراودا دێن، هێزدانان لە سیستەمە پێوانەییەکەیاندا لە دروستەی بڕگەوە سەرچاوەدەگرێت.<br>بڕگە دەبێتە یەکەی ڕیتم لە زمانەکەدا. |

**خشتەی (٤) نواندنی جیاوازی لە نێوان تایبەتمەندیی زمانە هێزییە کاتڕێکخراوەکان و زمانە بڕگەییە کاتڕێکخراوەکاندا**

لە کوردیدا ئەکسێنتی هێزی ڕیتمی هەیە، کە سەرچاوەکەی (پێ)یە هێزدارەکانە، بڕگە هێزدارەکان 'مۆرا'یەکییان دەچێتە سەر لە بری 'ترپە**beat**' و پارێزگاری لێدەکرێت. هەرچەندە ڕەوتی قسەکردن خێرا بکرێت یان هێواش کارناکاتە سەر بڕگە هێزدارەکان، لە دەربڕینی وشەی [گا]$^{pw}$ کە یەک بڕگە و یەک (پێ)یە بە نزیکەیی هەمان کات دەخایەنێت لەگەڵ بڕگەی [ گا] لە دەربڕینی وشەی [دەرگا$^{pw}$ ، دەر. گا]،

چونکە هێزی سەرەکی دەکەوێتە سەر برگەی کۆتایی لە هەر دووکیاندا و یەکەکی مۆراییان بۆ زیاد دەبێت کە کاردەکاتە سەر هارمۆنی دەنگە بزوێنی\\ی برگە هێزدارەکە، بەڵام کوالێتی دەنگە نەبزوێنەکانی برگەکان گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە، لە پێناو پاراستنی برگە هێزدارەکە لە وشەی دووەمدا.
لە وشە(٥،٤،٦)برگەیەکانی کوردیدا وشەکە بە دوو (پێ) دەنوێنرێت، لەبەرئەوەی دروستەی (پێ) لە سێ برگە زیاتر نییە، ئەوەش هۆکارەکەی ئەوەیە کە تەنها دەتوانرێت برگەیەکی هێزدار بەقەد دوو برگەی ناهێزدار درێژ بکرێتەوە، لەبەرئەوە (پێ) بە ڕیتمێکی( ١-٣) برگەیی دەردەبڕرێت؛ لەو جۆرە وشانەدا، واتە لە وشە(٦،٥،٤)برگەیەکاندا برگەکان دابەش دەکرێنەوە بەسەر دروستەی (پێ)یەکاندا وەک لە [سلێمانی، تەلەفیزۆن،..]دا. لەم ڕووەوە زمانی کوردی بە زمانە هێزییە کاترێکخراوەکان دادەنرێت، کە ئەکسێنتی هێزی ڕیتمی هەیە و دروستەی ڕیتمەکەی (پێ)یە پێکهێنەرەکانییەتی لە ئاستی فەرهەنگدا.

### ٢/٤-٣) زمانە تۆنییەکان **Tonal languages :**

زمانە تۆنییەکان ئەو زمانانەن، کە دەتوانرێت 'تۆن' بەکار بهێنرێت بۆ جیاکردنەوەی ئەو وشانەی کە لە ڕووی دروستەی فۆنۆلۆجییەوە لە کەرتی چوونیەک پێکهاتوون، وەک لە زمانی چینی زمانی یۆرۆبا **Yoroba**و زمانی نەرویجیدا. لە هەندێک لە زمانە تۆنیەکاندا هەموو برگەیەک تۆن وەردەگرێت،(**TRASK,1996: 357**). بۆ نموونە لە زمانی (ماندارین- چینی)دا چوار ئاستی تۆنی هەیە، بۆ وشەی(**shu**)، بە چوار تۆنی جیاواز، چوار واتای جیاواز دەبەخشێت: (دەنووسێت: **shū**)، (تۆوی هەرزن: **shú**)، (هونەری کاری دەستی:**shù** )، (جۆر/پۆل:**shǔ** ) (**TRASK,1996: 356**)، بەگشتی ئەگەر وشەکان لە دوو برگە زیاتر بوون تایبەتمەندیی تۆن بە تایبەتمەندییەکی دوانەیی بەکاردێت و پێکدێن لە بەرز، ناوەند، نزم، کەوتوو،..( **سەرچاوەی پێشوو:357**). بەپێی ئەو تایبەتمەندییانە بێت، زمانی کوردی 'زمانێکی تۆنی' **نییە،** بەڵکو زمانێکی ئاوازەییە. (**بڕوانە** ( ٢/١-١-٦-٢):).

### ٢/٤-٤) زمانە ئاوازەییەکان**Intonational languages :**

زمانە ئاوازەییەکان ئەو زمانان کە **نە** 'زمانێکی تۆنی'، **نە** 'زمانێکی تەوژمی/پیچی' ین، ئەوزمانانەن کە لەهەموو بارەکاندا پیچی زمان بەکاردێنێت(**TRASK,1996: 184**)، لەگەڵ جۆری ئەکسێنتی زمانەکەدا بۆ پێکهێنانی ئاوازە. واتە ئەو زمانانەن کە 'تۆن' و 'پیچ' یەکەی واتاگۆڕی فەرهەنگییان نین، ڕیتم یان ئەکسێنتی هێزی ڕیتمی لەگەڵ تەوژم/پیچدا بەکاردەهێنن لە ئاستی دوافەرهەنگدا، بۆ دەربڕینی واتای دوافەرهەنگی. زمانەکان ئاوازە بەکاردەهێنن بۆ مارکە لێدان لە فرێزی فۆنۆلۆجی بۆ دەربڕینی واتای گفتوگۆ. لاد **Ladd,1996** وا گریمانە دەکات کە ئاوازە، دروستەداربێت (**Gussenhoven Carlos, 2004: 22**).

### ٢/٤-٥) زمانە تەوژمییەکان/ پیچییەکان**Pitch languages :**

زمانە تەوژمییەکان/ پیچییەکان ئەو زمانانەن، کە تیایاندا هەر وشەیەک تایبەتمەندێتی کونتوری تەوژمی هەیە لە وشەکاندا بۆ دیاریکردنی تەوژمەکە. بەواتایەکی تر ڕەفتاری دیاریکردنی شوێنی تەوژمیان لە یەکێک لە لێوارەکانی وشەکەدا هەیە. لەم زمانانەدا ئەکسێنتی تەوژم جیاوازە لە سیستەمی تۆن، چونکە

دەبێت تەنها تەوژمی بڕگەیەکی دیاریکراو دەستنیشان بکرێت لە وشەیەکدا، نەک هی هەموو بڕگەکان، وەک ئەوەی لە سیستەمی تۆنیدا دەکرێت(TRASK, 1996: 278-279 ). بۆنموونە زمانی ژاپۆنی زمانێکی تەوژمی/پیچییە، وشەکانی وەک [shiro, ame] بە گۆڕانی تەوژمەکەیان واتا فەرهەنگییەکەشیان دەگۆڕێت:

**-[ʃ́hirò] H-L white** سپی **-[ʃ̀hiró] L-H castle** قەڵا

**-[ámè] H-L rain** باران **-[àmé] L-H candy** نوقڵ

## ٥/٢) نواندنە فۆنۆلۆجییەکان:

نواندنی دروستەی دەنگەکانی فۆڕمی زمانەوانییە، کە زانیاریە فۆنەمیکییە پێشبینیکراوەکان بەهۆی یاساکانەوە جیادەکاتەوە، وەک لەبەرگرتنەوەی قسەکان (TRASK,1996:273)، کە نووسینی فۆنیمی/ڕێنووسیش پێدەگوترێت. دووجۆر نواندنی فۆنۆلۆجییانە هەیە، کە نواندنی قسەیە کە لە نووسینە ئاساییەکانە لەسەرجەم بوارەکاندا بەرجەستەدەکرێت، نواندنی شیکاریە لە لێکۆڵینەوە فۆنۆلۆجییەکاندا.

### ٢/٥-١) نواندنی هێڵی:

نواندنی هێڵی مەبەست لە نواندنی فۆڕمی دروستەی کەرتەدەنگییەکانی زمانە، کە بۆ دەربڕین و گفتوگۆ و.... بەکاردێت، ئەم جۆرە نواندنە لە ڕێگای پیتەکانی ئەلفبێی تایبەت بەزمانەکانەوە ئەنجام دەدرێت، وەک ئەلفبێی (لاتینی، ئینگلیزی ،فارسی، کوردی...)،کە تیایدا تەنها نواندن بۆ فۆنیمە کەرتییە بنچینەییە پێکهێنەرکانی دانەکانی زمانەکە دەکرێت لە دەربراو و تۆمارکراوەکاندا، کە پێیدەوترێت نواندنی پێکهاتەیی. بۆنموونە وەک نواندنی **[night, thumb, write,...]** لەو وشانەدا، لە نواندنی پێکهاتەییاندا سەرجەم دروستە فۆنەمیکییەکەی دەخرێتەڕوو، واتە ئەو کەرتەدەنگییانەی کە گۆدەکرێن، ئەوانەشی کە گۆناکرێن وەک **[gh, b, w]** ، لەم نواندنەدا هیچکام لە فۆنیمە سەرووکەرتییەکان و فیچەرە پرۆسۆدیکییەکان نانوێنرێن. زۆربەی تۆمارکردنە زمانییە ئاساییەکان لەسەرجەم بوارەکاندا بەگشتی بە نواندنی هێڵی دەکرێت کە بەڕێنووس/ ئۆرسۆگرافی ناسراوە. نواندنی 'هێڵی' دەبێتە بەشێک لە 'نواندنی پێکهاتەیی'.

### ٢/٥-١-١)نواندنی پێکهاتەیی بەرامبەر بە نواندنی پرۆسۆدیکییانە:

ئاماژە درا بەوەی کە نواندنی هێڵی نواندنی پێکهاتەییش دەگرێتەوە، لەبەرامبەردا نواندنی 'پرۆسۆدیکییانە' هەیە، کە تیایدا تەنها ئاماژە بە کەرتە دەنگییە گۆکراوەکانی ناو نواندنی پێکهاتەیی دەدرێت، هەروەها نواندنی تایبەتمەندییە/فیچەرە پرۆسۆدیکییەکانیش دەگرێتەوە، کە بە نواندنی فۆنیمە سەروکەرتییەکان دادەنرێت، وەک (هێز، تۆن، تەوژم/پیچ، بەرزکردنەوە، درێژکردنەوە ، بەردەوامی،......) لە ڕێگای هێما تایبەتمەندەکان بەو بوارەوە. لەمبارەدا نواندنی پرۆسۆدیکی دەبێتە نواندێکی ناهێڵی. وەک ئەوەی لە نووسینەوەی قورئانی پیرۆزدا، کە بەزمانی عەرەبییە، سەرەڕای نواندنی هێڵی نواندنی ناهێڵیش بە چەند هێمایەکی تایبەت ئاماژەی پێدەدرێت، تا نواندنی پرۆسۆدیکییانە بۆ چۆنییەتی خوێندنەوەی ئایەتەکان بەرجەستە بکرێت.

## ٢-٥/٢) نواندنی ناهێڵی:

ئەم جۆرە نواندنە بە نواندنی پرۆسۆدیکی ناسراوە بۆ دروستەی فۆڕمی زمانەکان، جگە لە نواندنی فۆنیمە کەرتییەکان نواندنی فۆنیمە ناکەرتییەکانیش لەخۆدەگرێت، کە لە ڕێگای هێما تایبەتییەکانەوە ئەنجام دەدرێت، وەک نواندنی ڕێنووس لە زمانی عەرەبیدا هەردوو نواندنی هێڵی کە نواندنی کەرتەدەنگییە پێکهێنەرەکانە و نواندنی ناهێڵیش کە بەزەمە و کەسرە و فەتحە،..دەنوێنرێت، لەخۆدەگرێت.
سەرەڕای ئەوەی لە نواندنی ناهێڵی سیستەمی نووسینی/ئۆرسۆگرافی هەندێک لە زمانەکانە، بەڵام لە دوو بواری تریشدا بەکاردەهێنرێت، **یەکەم:** لە بوارە تایبەتمەندەکانی وەک فێرکردن و فێربوونی زمان و چۆنییتی گۆکردنی دانەکان و دەربڕاوەکان لە زمانێکدا بەکاردێت، وەک ڕاست خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز، کە پاش نواندنە هێڵییەکەی نواندنێکی ناهێڵی هەیە، کە حەوت جۆر نواندنی پرۆسۆدیکی لەخۆدەگرێت، کە بە 'قراءات سبعة' ناسراوە. لە بواری ئەدەبیشدا لە نووسینی ڕۆمان و چیرۆکدا لە سیناریۆ و بەرجەستەکردنی گفتوگۆو حیوارەکاندا بەکاردێت. **دووەم:** لە بواری لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان و بەکاردەهێنرێت لە ڕێگای هێما تایبەتمەندەکان بەو بوارەوە، بە مەبەستی شیکردنەوە ڕوونکردنەوە، هەروەک لە 'تیۆری فۆنۆلۆجی فێرثانی'شدا بۆ لێکۆڵینەوە فۆلۆجییەکان لە زمانە ئەفەریقاییەکان پێڕەوکراوە. نواندنی ناهێڵی لە لێکۆڵینەوە فۆنۆلۆجییەکاندا بۆ سەرجەم زمانەکان بەسێ ڕێگا دەنوێنرێت. کە: نواندنی کەوانەیی، نواندنی درەختی، نواندنی تۆڕییە.

## ١-٢-٥/٢) نواندنی کەوانەیی، نواندنی درەختی، نواندنی تۆڕی:

### نواندنی کەوانەیی:

یەکێکە لە ڕێگاکانی نواندنی ناهێڵی، کە تیایدا نواندنە پێوانەییەکان، بۆ دەرخستنی دروستە و فیچەری پرۆسۆدیکی بەکاردێت، کە پاش ئاماژەدان بە نواندنی پێکهاتەیی دروستەی فۆڕمە زمانییکە، نواندنی پرۆسۆدیکشی ڕوونـدەکرێتەوە. لە زۆرێـک لە لێکۆڵینەوەفۆنۆلۆجییەکانـدا بە براکێتەکانی/کەوانەکـانی () ئاماژە بە گۆڕانە فۆنۆلۆجییەکان و کەتیگۆرییە پرۆسۆدیکییەکان دەدرێت، سەرەڕای بەکارهێنانی هێما پرۆسۆدیکییەکانی وەک : [ ´ ، ` ، σ، Σ، ... ]، لە هەنـدێکی تـر لە لێکۆڵینەوەکانـدا کەوانەکـانی [ ] بەکاردێت بۆ نواندنی مۆرفۆلۆجییانە، یان کاتێک کە دروستەی مۆرفۆلۆجییانەش بەهەند وەربگیرێن و بەشێکبن لە لێکۆڵینەوە فۆنۆلۆجییەکان، وەک ئەوەی لەم تیۆریەدا کاری پێدەکرێت.
لەم تێزەدا کەوانەکـانی [ ] بەکارهـاتووە، چـونکە نوانـدنی نـاهێڵی پێـوانەیی دانەکـان پەیوەسـتکراوە بە دروسـتەی مۆرفۆلـۆجییەوە و یاسـای هێزدانـانی مۆرفۆلـۆجیی پرۆسـۆدیکی پەیڕەوکـراوە، بەڵام لە وەرگرتنی نموونەکان لەسەرچاوەکانەوە هەمان کەوانەی بەکارهاتوو لەسەرچاوەکەدا بەکار هێنراوەتەوە.

### نواندنی درەختی:

لە فۆنۆلـۆجی پێوانەییـدا، نوانـدنی درەختـی جـۆرێکە لە نوانـدنی هێڵکارییـانە، کە تیایـدا دروسـتە پێوانەییەکـانی فـۆڕمی زمانێـک شـیدەکرێتەوە بـۆ پێکهێـنەرە بنچینەیـیە بچـووک و گەورەکان(**TRASK,1996:223**). لە هەردوو ئاستی نواندنی هێڵی و ناهێڵیدا.

### نواندنی تۆڕ/گریدی پێوانەیی:

ستایلێکی تری نواندنی ناهێڵی و پرۆسۆدیکییە لە لێکۆڵینەوە فۆنۆلۆجییەکاندا، کە فۆڕمە زمانەوانییەکان وەک زنجیرەیەک لە پێکهێنەرە بنچینەییە گەورەتر کراوەکان دەنوێنێت، کە هێزی سەرەکی لە هەر ئاستێک لە ئاستەکانیدا بە هێمای ئاستریسک (*) دەنوێنرێت، (TRASK,1996:222). لە لێکۆڵینەوە نوێیەکانیشدا، فراوانتر کراوە، دەکرێت ئاستی **بڕگە، پێ، وشەی فۆنۆلۆجی، فرێزی فۆنۆلۆجی، فرێزی ئاوازەیی، دەربڕاو**، لە خوارەوە بۆ سەرەوە بنوێنرێت. ئاستی دەرکەوتوویی بڕگە هێزدار و (پێ)یە هێزدارەکان و پاشان نواندنی هێزی سەرەکی لە کەتیگۆریەکانی تردا دەنوێنێت، بە **X** هێمادەکرێت، وەک لە (**Kiparsky P., 2021: 2-3**)دەبینرێت.

## ٦/٢) یاسا فۆنۆلۆجییە فەرهەنگیی و دوافەرهەنگییەکان لە کوردیدا:

### ٦/٢-١) تایبەتمەندییە پرۆسۆدیکییەکانی پۆلی زمانەکان و زمانی کوردی:

لە تێڕامان لە ڕاڤەکردنەکانی پێشەوەی ئەم بەشەدا و ڕاڤە کردنەکانی بەشی سێیەمەوە، ئەوە دەردەکەوێت، کە دەکرێت زمانی کوردی لە پۆلی زمانە هێزییە کاترێکخراوەکان دابنرێت، کە ئەکسێنتی هێزی ڕیتمی هەیە، (پێ) 'یەکەی' ڕیتمە لە ئاستی فەرهەنگ و دوافەرهەنگدا، هێز دەکەوێتە سەر بزوێنی بڕگەی هێزدار لە (پێ)یە هێزدارەکاندا. زمانی کوردی زمانێکی ئاوازەییە و دروستەی ئاوازەکەی پێکدێت لە [هێزی ڕیتمی + تەوژم/پیچ ] لە فرێزە ئاوازەییەکانی ئاستی دوافەرهەنگدا. هێزدانان لە کوردیدا مۆراییە و جۆری بڕگەی قورس، سووک، کورت، درێژەکان، کارناکاتە سەربڕگە هێزدارەکان، بەڵکو هێز کە لەسەر بڕگەهێزدارەکانە، کاردەکاتە سەر کوالیتی کەرتەدەنگییە پێکهێنەرەکانی بڕگەکان.

### ٦/٢-٢) بنەمای هێزدانان لە کوردیدا:

لە ئەنجامی ڕاڤەکردن بە گریمانەی هێزدانانی ئەکسێنتی بۆ دانە فەرهەنگییەکانی زمانی کوردی، دەردەکەوێت کە بنەمای هێزدانان بۆ دانە فەرهەنگییە (١، ٢، ٣) بڕگەییەکان لە کوردیدا بەپێی بنەمای هێزدانانی مۆرفۆلۆجییانەو کەتیگۆرییانەیە، بەڵام هێزدانان بۆ دانە فەرهەنگییە ئاڵۆزەکان/لێکدراوەکان تاڕادەیەک کێشەدارە و تەنها دیاریکردنی کەتیگۆرییەکانییان بەس نییە بۆ دیاریکردنی هێزی سەرەکی، کە بەهۆی فرەیی و چۆنییەتی ژینگە ڕۆنانییەکانی لێکدانەوەیە، هەروەها بەهۆی بەکارهێنانە دوانەییە کەتیگۆرییەکانی ئەو دانە فەرهەنگییانەوە لە ئاستی دوافەرهەنگدا، کە دەبێتە هۆی گۆڕینی شوێنی هێزی سەرەکییان، لەبەرئەوە دیاریکردنی کەتیگۆری ئەم دانە فەرهەنگییانە پرۆسەیەکی پێویست و گرنگە لەپێش پرۆسەکانی هێزدانانەوە ئەنجام دەدرێت لە فەرهەنگدا، پاشان هێزدانان بەپێی دیاریکردنی پۆلەکەتیگۆری وشەکە دەبێت، ئەم دیاریکردنەش بۆ پۆلەکەتیگۆری دەرکردە لێکدراوەکان بەپێی چەند گریمانەیەکی سیمانتیکی و مۆرفۆلۆجییانەی تایبەت بە زمانی کوردی ئەنجام دەدرێت، کە دەکرێت بە (گریمانەی سیمانتیکی و مۆرفۆلۆجییانە) ناو ببرێت.

### ٦/٢-٣) بنەمای هێزدانانی مۆرفۆلۆجییانەو کەتیگۆرییانە:

یەکێکە لەو بنەمایانەی کە شوێنی/ جێکەوتەی هێزی سەرەکی لەسەر دانە فەرهەنگییەکانی پێ دیاریدەکرێت، ئەوەیە کە دەبێت ڕەچاوی کەتیگۆری دانە فەرهەنگییەکە بکرێت، بەتایبەت کاتێک لە دووبڕگە یان زیاتر پێکهاتبێت(**Zapata.A, 2009: 4**)).

دیاریکردنی شوێنی هێزی دانە فەرهەنگییەکان لە کوردیدا بەپێی کەتیگۆری و ژمارەی بڕگە پێکهێنەرەکانییان دەبێت و لە ئەنجامدا هێزێکی ڕیتمی بەرهەمدێت کە 'یەکە' کرۆکییەکەی (پێ)یەهێزدارەکانە. (بڕوانە٩/٢)).

### ٦/٢-٤) بنەمای هێزدانانی سیمانتیکی و مۆرفۆلۆجییانە:

یەکێکی تر لەو بنەمایانەی کە شوێنی هێزی سەرەکی لەسەر دانە فەرهەنگییەکانی پێ دیاریدەکرێت، بەتایبەت کاتێک لە (سێ بڕگە) یان زیاتر پێکهاتبێت، بنەمای هێزدانانی سیمانتیکی و مۆرفۆلۆجیانەیە، کە تیایدا :

**یەکەم:** بەهۆیەوە پۆلەکەتیگۆری دانە فەرهەنگییەی پێ دیاری دەکرێت.

**دووەم:** هەندێکجار ئەم بنەمای سیمانتیکی و مۆرفۆلۆجییانەیە، سەرەڕای دیاریکردنی کەتیگۆری دانە فەرهەنگییەکان، دەبێتە هۆی گۆڕینی شوێنی هێزی سەرەکی تیایاندا.

ئەم بنەمای هێزدانانی سیمانتیکی و مۆرفۆلۆجییانەیە لە ڕێگەی چەند گریمانەیەکی تایبەت بە زمانی کوردییەوە جێبەجێدەکرێت، کە وەک دەرئەنجامێکی لێکۆڵینەوەکانی ناو ئەم تێزە بەدەستهاتووە، وەک: [ گریمانەی کۆی واتای گشتی کەرتە پێکهێنەرەکان، گریمانەی جەختی واتایی فەرهەنگی، گریمانەی واتای زاڵی یەکێک لە کەرتە پێکهێنەرەکان، گریمانەی چۆنییەتی ژینگەی داڕشتن] بۆ دیاریکردنی شوێنی هێزی سەرەکی لە دانە فەرهەنگیە لێکدراو و داڕێژراوەکاندا، هەروەها 'گریمانەی سەری واتایی حوکمکەر' بۆ دیاریکردنی ئاستی هێزی ڕیتمیی ئەو وشە فەرهەنگییە مۆرفۆسینتاکسییانەی کە 'فرێزی ناوی'ین و بوون بە وشەی فەرهەنگی بەکاردێت، وەک لە وشەکانی: زانکۆی سلێمانی، بەنداوی دوکان، دەروازەی ڕاپەڕین،...دا. (**بڕوانە** ٤/٣)).

### ٦/٢-٤-١) گریمانەی کۆی واتای گشتی کەرتە پێکهێنەرەکان بۆ نواندنی ئاستی هێزی سەرەکی :

لە گریمانەی کۆی واتای گشتی کەرتە پێکهێنەرەکاندا، دیاریکردنی کەتیگۆری دەرکردە لێکدراوەکان بەپێی کۆی گشتی واتاکەیان دەبێت، نەک کەرتە پێکهێنەرەکان، ئەوەش جیادەکرێنەوە بۆ دوو گرووپ، یەکەمیان ئەو وشە داڕێژراو و لێکدراوانەن، کە بۆ دەرخستنی سیفەتێکن دەبنە پۆلەکەتیگۆری (هاوەڵناو)، دووەمیان بۆ'ناونان و نازناو و ناوونatۆرە،...' دەبنە کەتیگۆری (ناو) ، ئەو دانە فەرهەنگییانەش دەگرێتەوە کە بە وشە 'ئێکسۆسێنتریکییەکان' ناسراون، دەکرێت پۆلەکەتیگۆری (هاوەڵناو)،(ناو) ،'هاوەڵکردار' بن.

## ا–دیاریکردنی کەتیگۆری ئەودانە فەرهەنگییانەی کە کۆی واتای گشتییەکەیان (هاوەڵناو) دەگەیەنێت:

ئەو وشە و لێکدراوانەی کە کۆی گشتی ی واتاکەیان بۆدەرخستنی سیفەتێکە بە (هاوەڵناو) و بە تیگۆری (هاوەڵناو)دادەنرێن. :

١– گەر (٣،٢) بڕگەیی بوون، تەنها هێزی سەرەکییان هەیە، <u>هێزی سەرەکی دەکەوێتە سەر بڕگەی یەکەم لە کەرتی یەکەمی دەرکردەکەدا</u>، کە بە بڕگەی سەرەتا **initial** یاخود بە ئەنتیپەنەڵتیمەیت ناسراوە، دەکەونە ئاستی یەکی فەرهەنگەوە .

ا–هەندێکجار دەشێت کەرتەپێکهێنەرەکان لە ژینگەی داڕشتنی [[ناو]+[هاوەڵناو]] پێکهاتبن بەڵام (هاوەڵناو) بگەیەنێت، لەمبارەدا بەپێی ئاستی هێزدانان لە (هاوەڵناو)دا مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت و دروستەی بڕگەیی و دروستەی (پێ)ی بۆ دیاریدەکرێت، پاشان بەپێی ئەوەش ئاستی هێزدانانەکەی بۆ دیاریدەکرێت، بەڵام لەبەرئەوەی لە ئاستی فەرهەنگدایە و وشەیەکی لێکدراو پێکدێت، ئەوا کەرتە بنچینەییەکان، کە لە پێش پرۆسە داڕشتنەکەوە خاوەنی دروستەی بڕگەیی و دروستەی (پێ) و هێزی خۆیان بوون، لە پرۆسەی لێکدانەکەدا بە نەریتی هەڵوەشانەوەی کەوانە فۆنۆلۆجییەناوەکییەکان و نەریتی سڕینەوەی هێزی فەرهەنگییاندا تێپەڕدەبن، دروستەی بڕگەو (پێ) و هێزدانانی پێش داڕشتیان هەڵدەوەشێتەوە، دروستەی بڕگەیی و (پێ) و هێزدانانیان بەپێی دەرکردە نوێیەکە بۆ دادەنرێتەوە، کە هاوەڵناون، وەک لە :

- [دەستکورت، چاوپیس، ڕۆحسوک، دەمپان] کە لە دوو بڕگە پێکهاتوون، [دەمدرێژ، لۆقدرێژ سەربەرز، ورگزل[ وٰ**ر**ن**گز**ل]، خوێنشیرین، ڕەزاتاڵ، ڕووڕەش، چاوشین، دڵپاک، دڵپیس، دڵگەش، دەستکورت، سەربەرز، دەمهەراش...]لە سێ بڕگە پێکهاتوون. سەرجەمیان دەکەونە ئاستی یەکی فەرهەنگەوە.

ب– هەروەها لە: [مێباز، ڕێگر، دوودڵ، ، چاوباز، خەمخۆر، قۆڵبڕ، دەستبڕ، چوارچاو،..] کە لە دوو پێکهاتوون، [کاسەلێس، خۆفرۆش، شۆخەژن، گێلەپیاو، لەشفرۆش، چڵکاوخۆر، ئاستبەرز، ئاستنزم، دەستبڵاو] لە سێ بڕگە پێکهاتوون، بۆ ڕاڤە کردنەکەیان (**بڕوانە**(٣–٢–٢–١–١))، (٣–٢–٢–١–٢)).

٢– ئەگەر هاوەڵناوە بەرهەمهاتووە لێکدراوەکە <u>لە سێ بڕگە زیاتر بوو</u>، ئەوا بەپێی دروستەی بڕگەیی و ژمارەی بڕگەکانی کەرتە پێکهێنەرەکانی هاوەڵناوە لێکدراوەکە <u>دروستەی (پێ)یەکەی</u> دەگۆڕێت، هێزەکەی دەبێتە هێزێکی پلەداری ڕیتمی و <u>هێز دەکەوێتە سەر کەرتی یەکەم کە مەبەست و زاڵە **نەک** بڕگەی یەکەمی دروستەکە</u>. زیاتر لەیەک (پێ)ی بەهێز بەرهەمدێت، وەک لە :[باڵابەرز، پایەبەرز، پایەبڵند]دا. بۆ ڕاڤەکردنەکەی (**بڕوانە**٣/٤–٤–١–١))

## ٢– دیاریکردنی پۆلەکەتیگۆری ئەودانە فەرهەنگییانەی کە کۆی واتا گشتییەکەیان (ناو) دەگەیەنێت:

ئەو وشە و لێکدراوانەی کە کۆی واتا گشتییەکەیان بۆ 'ناونان'ی شوێن، کەس ، نازناو، ناوی بیرۆکە، ناوی تیۆری، ناوی بارودۆخ،..... بەکاردێن، بەمشێوەیە:

ئەگەر کۆی گشتی کەرتە پێکهێنەرەکان واتای (ناو)ی گەیاند یان بۆ 'ناونان' بەکارهات، ئەوا هێزدانان تیایاندا کۆتاگری دەبێت:

١- لە(ناو)ە ڕۆنراوە لێکدراوە (٢، ٣) بڕگەییەکاندا، هێزی سەرەکی دەکەوێتە سەر بزوێنی بڕگەی کۆتایی کە بە بڕگەی**final** یان بە ئەڵتیما**ultima** ناسراوە، وەک لە :

- [ڕەشەبا، شنەبا، شۆڕەبی، سورەبان، گوڵەباخ، دارەبەن، گەلامێو، تەختەڕەش، گوڵفرۆش، مێرگەسوور، مێرگەپان، سەرچنار، داربەڕوو، سورەبان، گوڵەباخ، دارەبەن، گەلامێو، کێوەڕەش، براژن، خاڵۆژن، ئامۆژن، داربەڕوار، کانیبا، کانیسارد، گڵەزەردە، کێوەڕەش،...] ناوی تایبەتی و ناوی گشتین، دەکەونە ئاستی دووی فەرهەنگەوە (**بڕوانە** ٣/٢-٤)).
- ناوە ئێکسۆسێنتریکەکانی وەک: [دەموچاو، دەسوچاو، سەروچاو، دەمولێو، دەمودان، دەموپل، سەروملِ، شانوملِ، دەسوقاچ، سەروپێ، شەووڕۆژ، کەسوکار]، دەکەونە ئاستی دووی فەرهەنگەوە بۆ ڕاڤەکردنەکەیان (**بڕوانە**٣/٣-١-٣-١))

٢-بەڵام ئەگەر ناو/وشە فەرهەنگییەکە <u>لە سێ بڕگە زیاتر بوو</u>، کۆی گشتی واتاکەی (ناو) بگەیەنێت، ئەوا بەپێی دروستەی بڕگەیی و ژمارەی بڕگەکانی کەرتە پێکهێنەرەکانی ناوە لێکدراوەکە <u>دروستەی (پێ)یەکەی</u> دەگۆڕێت، هێزەکەی دەبێتە هێزێکی ڕیتمی و <u>هێز دەکەوێتە سەر بزوێنی بڕگەی کۆتایی لە کەرتی کۆتاییدا</u>، هێزی ناوەندیش دەکەوێتە سەر کەرتی یەکەم و بەپێی بڕگە هێزدارەکەی کەرتی کۆتایی هێزیان بۆ دیاریدەکرێتەوە، هەندێکجار بۆ (ناو)ە چوار بڕگەییەکان بەپێی ڕیزبەندی (**w s w s**$_1$)، بۆ ناوە پێنج بڕگەییەکانیش بەپێی ڕیزبەندی (**s**$_2$ **w s**$_3$ **w s**$_1$)، لەبەرئەوەی دروستەی سەرجەم جۆرەکانی (پێ)ی هێزدار لە سێ بڕگە تێپەڕناکات، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی وشە فۆنۆلۆجییەکە زیاتر لەیەک (پێ)ی بەهێز یان لە دوو (پێ)ی هێزدار پێکبێت، وەک لە ناوەسادە چواربڕگەییەکان: [سلێمانی، تەلەفیزۆن، سەتەلایت]، ناوەلێکدراوەکانی وەک [کانیسپیکە...] کە چواربڕگەییە، [هاوینەهەوار، هەنبانەبۆرینە،....] کە پێنج بڕگەیی و شەش بڕگەیین،( نازناوەکان)ی وەک:[، ئیبراهیم پاشا، بەدرخان پاشا... ].بۆ ڕاڤە کردنەکەیان (**بڕوانە** (٣/٤)).

٣- بەهۆی گریمانەی واتای زاڵی یەکێک لە کەرتە پێکهێنەرەکانەوە، هەڵاوێرکردن لەم بنەمای هێزدانانانی کۆتاگرییەدا بۆ (ناو) ڕوودەدات، کاتێک واتای کەرتی یەکەم زاڵ بووێت بەهۆی جەختی واتایی/سیمانتیکی فەرهەنگییەوە، وەک لە: [کچەمام، کوڕەمام، گوڵەباخ، گوڵەجۆ، تازەبووک، تازەیار، کۆنەماڵ، کچەکورد، بەردەئاش/بەرداش،..]، هەروەها لەو ناوانەشدا کە لە سێ بڕگە زیاترن بەهەمان شێوەیە، وەک لە[گوڵەگەنم، گوڵەیاسەمین، ماسییە پانکە، ...].

## ٣-بەکارهێنانی (دووانەیی کەتیگۆری) لە فەرهەنگدا:

هەندێکی تر لە وشە لێکدراوەکان بەپێی گریمانەی کۆی واتای گشتی کەرتە پێکهێنەرەکانیان (هاوەڵناو)ن، بەڵام هەندێکجار وەک (ناو)یش بەکاردەهێنرێن، هەندێک لە بۆچوونەکان گریمانەی ئەوە دەکەن کە بەکارهێنانیان وەک (ناو) لە بارەکانی دەربڕیندا، دەکەوێتە ئاستی دوافەرهەنگەوە، بەڵام سەرەڕای ئەو

بۆچــوونە، تێبینــی ئەوەش دەکرێـت کە دەکەونە فەرهەنگیەوە، چـونکە لە زۆربەی بەکارهێنانەکانـدا وەک (ناو) بۆ مەبەستی 'ناونان بەکاردێن، لەمبارەدا دەبێتەوە بە بەکارهێنانێکی فەرهەنگی، وەک لە :

- [خاوەنموڵک، دەسەڵاتدار، فەرمانڕەوا]دا ، گەر وەک (هاوەڵناو) بەکارهاتن هێزدانان تیایاندا سەرەتاگری دەبێت و هێزە ڕیتمییە فەرهەنگییەکەیان بەپێی ڕیزبەندی [Σs Σw]، گەر وەک (ناو)یش بەکارهاتن بەپێی ڕیزبەندی [Σw Σs] دەبێت، بۆ ڕاڤەکردنەکەیان (**بڕوانە** لقەکانی (٤/٣)).
- هەروەها ئەو (ناو) انەش کە بەهۆی گریمانەی جەختی واتایی فەرهەنگییەوە دەکرێت وەک (ناو) و وەک (هاوەڵناو)یش بەکاربهێنرێن، دەکەونە ئەم بوارەوە، وەک [لەشفرۆش، خۆفرۆش،...].. .

## ٦/٢-٤-٢) گریمانەی جەختی واتایی فەرهەنگی بۆ نواندنی ئاستی هێزی سەرەکی:

جەختی واتایی فەرهەنگی لە دیاریکردنی پۆلەکەتیگۆری دەرکردەکاندا ڕۆڵدەبینێت، ئەم گریمانەیە زیاتر لەو وشە لێکدراوانەدا جێبەجێدەکرێت، کە هەمان ژێنگەی داڕشتنیان هەیە، بەڵام بەهۆی دانانی جەختە فەرهەنگییەکە لەسەر کەرتەکان، کە چ لەسەر کەرتی یەکەم بێت یان لەسەر کەرتی دووەم، دەبێتە هۆی جیاوازی لە پۆلەکەتیگۆری ئەو وشانەدا، یان دەبێتە هۆی جیاوازی لە هەمان وشەدا.

جەختی واتایی فەرهەنگی لەسەر ئەو کەرتەی وشە لێکدراوەکە دادەنرێت کە واتاکەی مەبەست بێت، ئەوەش دەبێتە هۆی دیاریکردنی کەتیگۆری وشەکە، واتە دەرکردەکە بەپێی خەختی واتایی کەرتی مەبەست دەبێتە (ناو) یان (هاوەڵناو)، بەپێی کەتیگۆرییەکەی و ژمارەی بڕگە پێکهێنەرەکانیان هێزیان بۆ دادەنرێت، گەر لە سێ بڕگەش زیاتر بوو هێزی ڕیتمی سەرەکی بۆ سەرئەو کەرتە دادەنرێت کە مەبەستە، هێزدانانیش لەسەر کەرتەکە هەر بەپێی کەتیگۆرییەکەی خودی کەرتەکە دەبێت، (واتە هەر بەپێی بنەمای هێزدانانی پۆلەکەتیگۆرییانە هێزدانان بۆ پۆلەکەتیگۆرییەکانی <u>ئەو کەرتە</u> جێبەجێدەکرێت و هێزی بۆ دادەنرێت، هێزی ناوەندیش لەسەر کەرتەکەی تر دادەنرێت. هەندێکجاریش بەهۆی ئەم گریمانەیەوە هەڵاوێرکردن دروستدەبێت لە گریمانەی سەرەکی بنەمای هێزدانانی پۆلەکەتیگۆرییانەدا وەک لە نموونەکاندا دەردەکەوێت، وەک لە:

جەخـــت لەســـەر کەرتـــی دووەمە کە ڕەگـــی کـــردارەکەیە، کەتیگـــۆری (نـــاو)ە (میـــوە . فـرۆش . سەوزە فـرۆش،...)


ژێنگەی داڕشتنی[ناو+ڕەگی کردار]

جەخـــت لەســـەرکەرتی یەکەمە، کەتیگـــۆری (هاوەڵنـــاو)ە (شـــەڕفـــرۆش، جوێن فرۆش، خۆفرۆش،...)

وەک لە:

- [میـوەفرۆش، سـەوزەفرۆش] چـوار بـڕگەیین و [ گـوڵفرۆش،...]، سـێ بـڕگەییە، جەختـی واتـای فەرهەنگی لەسەر کەرتی دووەمە، ئەوەش دەیانکات بە کەتیگۆری (ناو) پاشـان بەپێی کەتیگۆری (ناو) هێزی کۆتاگرییان بۆ دادەنرێت.
- [شـەڕفرۆش، جـوێن فـرۆش] سـێ بـڕگەییە: جەختـی واتـایی فەرهەنگـی لەسـەر کەرتـی یەکەمە ئەوەش دەیانکات بە کەتیگۆری (هاوەڵناو)، لەمبارەدا هێزدانانی سەرەتاگرییان بۆ دادەنرێت.

• [لەشفرۆش] لەهەمان وشەدا گەر جەختی واتایی فەرهەنگی لەسەرکەرتی یەکەم بێت، واتای گشتی وشەکە دەبێتە (هاوەڵناو) و وەک سیفەت دەردەکەوێت، گەر لەسەر کەرتی کۆتایی بێت دەبێتە (ناو)  وەک پیشەیەک دەردەکەوێت.




لەو وشانەدا کە لە سێ برگە زیاترن :

دروستەی پێوانەیی لە [میوەفرۆش، سەوزەفرۆش] پاش ئەوەی کە تیگۆرییەکەی دیاریکرا کە 'ناون، هێزدانان تیایندا کۆتاگری دەبێت، بەڵام لەبەرئەوەی کە لە چوار برگە پێکهاتوون هێزدانان تیایاندا ڕیتمی و پلەدار دەبێت.

## ٦/٢-٤-٣) گریمانەی واتای زاڵی یەکێک لە کەرتە پێکهێنەرەکان بۆ نواندنی ئاستی هێزی سەرەکی :

گریمانەی واتای زاڵی یەکێک لە کەرتە پێکهێنەرەکان زۆر نزیکە لە گریمانەی جەختی واتایی فەرهەنگی، بەڵام ئەوەی لەیەکیان جیادەکاتەوە ئەوەیە کە گریمانەی واتای زاڵی یەکێک لە کەرتە پێکهێنەرەکان زیاتر لەو وشە لێکدراوانەدا جێبەجێدەکرێت کە ژینگەی داڕشتنیان  جیاوازە.

### ٦/٢-٤-٣-١)هێزدانان لە (هاوەڵناو)دا بەپێی گریمانەی واتای زاڵی یەکێک لە کەرتەپێکهێنەرەکان:

 کاتێک واتای کەرتی یەکەم زاڵ بێت لە (هاوەڵناو)دا، جێبەجێکردنی گریمانەی واتای زاڵی یەکێک لە کەرتە پێکهێنەرەکان بۆ دیاریکردنی شوێنی هێز بۆ (هاوەڵناو)ەکان چ (٢، ٣) برگەیی یان لە سێ برگە زیاترین جێبەجێدەکرێت، کە تاڕادەیەک هاوتای  گریمانەی هێزدانانە بەپێی بنەمای کەتیگۆرییانە، کە هێزدانان تیایاندا سەرتاگرییە، بەڵام گەر واتای کەرتی کۆتایی زاڵ بوو ئەوا هێزدانان تیایدا دەبێتە کۆتاگری.

### ٦/٢-٤-٣-٢) هێزدانان لە  (ناو)دا بەپێی گریمانەی واتای زاڵی یەکێک لە کەرتە پێکهێنەرەکان:

 جێبەجێکردنی ئەم گریمانەیە بۆ دیاریکردنی شوێنی هێز بۆ (ناو)ە لێکدراوەکان چ (٢، ٣)برگەیی  یاخود لە سێ برگە زیاترین، واتە چوار برگەیی و پێنج برگەیی و شەش برگەیی بن، هەندێکجار:

 ١- هێزدانان بەپێی گریمانەی واتای زاڵی یەکێک لە کەرتە پێکهێنەرەکان هاوتای گریمانەی هێزدانان بەپێی بنەمای پۆلەکەتیگۆرییانە دەبێتەوە، کاتێک واتای کەرتی کۆتایی زاڵ بێت، وەک ئەو (ناو)ە داڕێژراو

و لێکدراوانەی کە بۆ ناونان و نازناو، بەکارهاتوون، هێزدانان تیایاندا کۆتاگری دەبێت و هێزی سەرەکی دەکەوێتە سەر بزوێنی برگەی کۆتاییان، وەک لە:

- ناوە دوو بڕگەییە لێکدراوەکان: [[شاتوو، شارێ]، [دارتوو]، [دارمێو]، [دارگوێز]، [شاگوڵ، شاناز]،].
- ناوە سێ بڕگەییە لێکدراوەکان: [ڕەشەبا، شنەبا، شۆڕەبی،...]،[ [سورەبان، دارەبەن، گەلامێو، براژن، خاڵۆژن، ئامۆژن]، [گوڵفرۆش، ژنخوشک،..]، [داربەڕوو، ژنبرا...]، [داربەڕوار،..] [کانیسارد،،...]. لەسەرجەمییاندا واتای کەرتی کۆتاییان زاڵە و لەبەرئەوەی (٢ ،٣) بڕگەیین هێزدانان تیایاندا کۆتاگری دەبێت، لەمبارەدا هاوتای گریمانەی هێزدانان بەپێی بنەمای پۆلەکەتیگۆرییانە دەبنەوە.
- ناوە لێکدراوە چواربڕگەییەکان، وەک لە [سوورەماسی]،[ماسییەپانکە]دا

–لە [سوورەماسی]دا واتای [ماسی] زاڵە بەسەر واتای گشتی پێکهاتەکەدا و لەبەرئەوەی دەکەوێتە کەرتی کۆتاییەوە، کەواتە هێزی ڕیتمی کۆتاگری هەیە، هێزی سەرەکی دەکەوێتە سەر برگەی کۆتایی لەکەرتی دووەمدا بەپێی ڕیزبەندی[ΣwΣ**s**].

– لە [ماسییەپانکە]دا هەر واتای [ماسی] زاڵە، بەڵام لەبەرئەوەی دەکەوێتە کەرتی یەکەمەوە، کەواتە هێزی ڕیتمی سەرەتاگری هەیە، هێزی سەرەکی دەکەوێتە سەر  برگەی کۆتایی لە کەرتی یەکەمدا بەپێی ڕیزبەندی [Σ**s** Σw]. لەمەیاندا بووە هەڵاوێرکردن لە بنەمای هێزدانانی کەتیگۆرییانە بۆ ئەو ناوانەی کە لە سێ بڕگە زیاترن.

کەواتە لەو دوو (ناو)ە لێکدراوەدا هێزدانانی سەرەتاگری و کۆتاگری هەیە، بۆڕاڤە کردنەکەیان (**بروانە** (٤/٣))

٢– هەندێکجار هێزدانان بەپێی گریمانەی واتای زاڵی یەکێک لە کەرتە پێکهێنەرەکان دەبێتەهۆی:

ا– <u>هەڵاوێرکردن لە یاسای فۆنۆلۆجی فەرهەنگی هێزدانان بەپێی بنەمای هێزدانانی کەتیگۆرییانە، بۆ (ناو)ە لێکدراوە (٣،٢) برگەییەکان</u>، چونکە بەپێی گریمانەی هێزدانانی پۆلەکەتیگۆرییانە بێت، هێزدانان لە (ناو)دا کۆتاگری دەبێت، بەڵام بەهۆی ئەم گریمانەیەوە دەبێتە  هێزدانانی سەرەتاگری لە  (ناو)دا.

جارێکی تریش دەبێتە <u>هەڵاوێرکردن لە **نواندنی** ئاستی هێز لە هەندێ لە (ناو)ەلێکدراوە (٢ ،٣)برگەییەکاندا</u> لە جێبەجێکردنی <u>یاسای فۆنۆلۆجیی فەرهەنگی هێزدانانی کۆتاگری و یاسای نواندنی ئاستی هێزی (ناو)ە لێکدراوە سێ برگەییەکان بە یەک (پێ)ی هێزداری 'ئایامبیکی' یاخود 'ئەناپست'</u>، چونکە گەر هێزدانان تیایدا بووە سەرەتاگری گەر دوو برگەیی بوون بە (پێ)ی 'ترۆکێکی' و گەر سێ برگەییش بوون بە (پێ)ی 'داکتڵ' دەدەبرڕێن.

. وەک لە:

- [ڕۆنماسی **řón. ma. sî**]دا
- لە [کچەمام، کوڕەمام، گوڵەباخ، گوڵەجۆ، تازەبووک، تازەیار، کۆنەماڵ، کچەکورد، بەردەئاش/بەرداش..]یش دا بە هەمان شێوەیە.

ب- گریمانەی واتای زاڵی یەکێک لە کەرتە پێکهێنەرەکان لە (ناو)ە لێکدراوە(٤ ،٥ ،٦)برگەییەکاندا، دەبێتە هەڵاوێرکردن لە یاسای فۆنۆلۆجیی فەرهەنگی هێزدانان بەپێی بنەمای هێزدانانی کەتیگۆرییانە بۆ ناوە لێکدراوە (٤، ٥، ٦ ) برگەییەکان، کە هێزدانان تیایاندا کۆتاگرییە، هێزی ریتمی پلەداریان هەیە، بە دوو (پێ)یان زیاتر دەردەبڕرێن بەپێی ریزبەندی [ΣwΣs]، بەڵام بەهۆی واتای زاڵی کەرتی یەکەم لەم جۆرە وشانەدا هێزدانان دەبێتە سەرەتاگری و لادان و هەڵاوێرکردن لە ریزبەندی (پێ)یە بە هێز و لاوازەکاندا ڕوودەدات و ریزبەندی [Σs Σw] دیتەئاراوە بۆ هێزە ریتمییە پلەدارەکە لە (ناو)ە لێکدراوەکەدا، چونکە بەپێی گریمانەی هێزدانانی کەتیگۆرییانە بێت، هێزدانان لە (ناو)دا کۆتاگری دەبێت، بەڵام بەهۆی ئەم گریمانەیەوە دەبێتە هێزدانانی سەرەتاگری لە (ناو)دا. وەک لە :

- [ تازەزاوا، گوڵەگەنم،] ناوێکیی لێکدراوی چوار برگەیین،[ گوڵەیاسەمین، ماسییەپانکە] پێنج برگەیین، بەهەمان شێوە بەپێی گریمانەی واتای زاڵی یەکێک لە کەرتە پێکهێنەرەکانیان، کە تیایاندا واتای کەرتی یەکەم زاڵە، بەهۆی ئەم گریمانەیەوە هێزدانان تیایاندا ریتمی دەبێت و دەبێتە سەرەتاگری بەپێی ریزبەندی[ΣsΣw] بۆ (پێ)یەکان لە کەرتەپێکهێنەرەکانیاندا.

## ٦/٢-٤-٤) گریمانەی چۆنییەتی ژینگەی دارشتن بۆ نواندنی ئاستی هێزی سەرەکی:

سەرەڕای هێزدانان بەپێی بنەمای کەتیگۆرییانە، کەتیایدا هێزدانان سەرەتاگری دەبێت بۆ هاوەڵناوەکان، کۆتاگری دەبێت بۆ ناوەکان، چ هێزی سەرەکی بێت یان ریتمی، بەڵام هەندێکجار بەهۆی چۆنییەتی ژینگەی دارشتنەوە، دەبێتە هۆی لادان لەم بنەمایە و هەڵاوێرکردن لە یاسافۆنۆلۆجییە فەرهەنگییەکەی هێزدانان بۆ نواندنی ئاستی هێزی سەرەکی لە دانە فەرهەنگییەکاندا.

یەکێک لەو ژینگە دارشتنیانەی کە کاریگەری هەیە لە جێبەجێکردن، یان دەبێتە هۆی هەڵاوێرکردن لە یاسای فۆنۆلۆجیی فەرهەنگی هێزدانان بەپێی بنەمای هێزدانانی کەرتگۆرییانە، دارشتنی یەکێک لە کەرتە پێکهێنەرەکانی(ناو) یان (هاوەڵناو)ەکەیە بە پێشگرەکان و شوێنی کەرتە دارێژراوەکەیە لە وشە/ دەرکردەکەدا، چونکە بەگشتی <u>هێزی سەرەکی دەکەوێتە سەر ئەو کەرتە لە وشە لێکدراوەکەدا کە دارێژراوە بە یەکێک لە پێشگرەکان [ پێ، بێ، لێ، تێ، دەر، لە ، بە... ] تیایشیدا دەکەوێتە سەر پێشگرەکە،</u> چونکە پێشگرەکان، کە بە وشە فۆنۆلۆجییە ئەرکییە دارێژەرەکان ناسراون، ناهێزدارن، بەڵام ڕاکێشەری هێزی سەرەکین، جا وشە لێکدراوەکە (ناو)بێت یان (هاوەڵناو) جیاوازی نییە، واتە گریمانەی ژینگەی دارشتن بۆ نواندنی ئاستی هێزی سەرکی، تیایدا ئەوەدەردەخات کە هێزی سەرەکی دەکەوێتە سەر ئەو کەرتەی کە دارێژراوە بە پێشگر و تیایدا دەکەوێتە سەر پێشگرەکە، زاڵ دەبێت بەسەر گریمانەی هێزدانان لەسەر بنەمای کەتیگۆرییانە، لەمبارەدا دەکرێت گریمانەکە ناوبنرێت <u>بە هێزدانانان لەسەر بنەمای مۆرفۆلۆجی بۆ ژینگەی دارشتن</u>، بەڵام دووبارە هەڵاوێکردنیش لەم بنەمایەدا هەیە، وەک لە دواتردا ئاماژەپێدراوە،

گریمانەی چۆنییەتی ژینگەی دارشتن یان گریمانەی هێزدانانی مۆرفۆلۆجییانە، جێبەجێدەکرێت لە :

## ٦/٢-٤-٤-١)جێبەجێکردنی گریمانەکە بۆ نواندنی ئاستی هێزی سەرەکی:

١-هێزدانانی سەرەتاگری بۆ دانە فەرهەنگییە داڕێژراوەکان بە پێشگر کە (٢، ٣) بڕگەیین، دەکەونە ئاستی (یەک)ی فەرهەنگەوە، بۆ ڕاڤەکردنەکەیان (**بڕوانە** ٣/٢-٢)).

٢- هێزدانانی سەرەتاگری بۆ دانە فەرهەنگییە ڕۆنراوەکان بە پێشگر کە (٤، ٥، ٦)بڕگەیین، دەکەونە ئاستی (سێ)ی فەرهەنگەوە، وەک لە خوارەوە ڕوونکراوەتەوە:

### ا- هێزی ڕیتمی سەرەتاگری[(پێ)ی بەهێز (پێ)ی لاواز][Σs Σw] :

لە وشە لێکدراوە (٤، ٥، ٦ )بڕگەییەکاندا، کە داڕێژراون بە پێشگر: هێزدانان تیایاندا سەرەتاگرییە و هێزی سەرەکی دەکەوێتە سەر کەرتی یەکەم و تیایدا دەکەوێتە سەر بزوێنی بڕگەی یەکەم لە کەرتی یەکەمدا، چونکە وشەکە داڕێژراوە بە پێشگر وەک:

**-لە (هاوەڵناو)دا:**

- لە (هاوەڵناو)ە داڕێژاوە چوار بڕگەییەکان: [بەسالاچوو، بێبەزەیی]، هێزدانان تیایاندا ڕیتمییە بەپێی ڕیز بەندی[(پێ)ی بەهێز (پێ)ی لاواز] [Σs Σw]، دەکرێت وەک هاوەڵناوی ناوئاسا بەکاربهێنرێن بەبێ گۆڕانی شوێنی هێز و دروستەی پێوانەییان.
- لەهاوەڵناوە لێکدراوە پێنج بڕگەییەکانی وەک: [هەڵخەڵەتێنەر، هەڵبژێردراو...] هێزدانان تیایاندا ڕیتمییە و بەپێی ڕیز بەندی[(پێ)ی بەهێز (پێ)ی لاواز] [Σs Σw]

**-لە (ناو)دا:**

- لە ناوە داڕێژراوە چوار بڕگەییەکانی وەک [تێهەڵکێشان، دەرهاویشتن،....]، کە ناوی کردارییین، هێزدانان تیایندا ڕیتمییە بەپێی ڕیز بەندی[(پێ)ی بەهێز (پێ)ی لاواز] [Σs Σw]
- لە ناوە داڕێژراوە پێنج بڕگەییەکان [لێکۆڵینەوە، لێپێچینەوە،... ] هێزدانان تیایاندا ڕیتمییە و بەپێی ڕیز بەندی [Σs Σw].

### ب-هێزدانانی ڕیتمیی کۆتاگری [(پێ)ی لاواز (پێ)ی بەهێز] [Σw Σs] :

لە وشە لێکدراوە (٤، ٥، ٦ )بڕگەییەکاندا، کە کەرتی دووەمیان داڕێژراوە بە پێشگر: هێزدانان تیایاندا کۆتاگرییە و هێزی سەرەکی دەکەوێتە سەر کەرتی دووەم/کۆتایی و تیایدا دەکەوێتە سەر بزوێنی بڕگەی یەکەم لە کەرتی دووەمدا، کە پێشگرەکەیە، چونکە وشەکە داڕێژراوە بە پێشگر وەک:

- لە هاوەڵناوە لێکدراوە چوار بڕگەییەکان: [چاوبەخومار، دەمبەهاوار، سەربەگۆبەن، سەربەڕزق...]، [دەمبەخەندە]، [کاربەڕێکەر، خۆبەزلزان]، هێزدانان تیایاندا بەپێی ڕیزبەندی [(پێ)ی لاواز (پێ)ی بەهێز] [Σw Σs].
- لە هاوەڵناوە لێکدراوە پێنج بڕگەییەکان: [ماوەبەسەرچوو... ] لە هاوەڵناوە شەش بڕگەییەکانی [هیچ لەبارانەبوو...]، هێزدانان تیایاندا ڕیتمییە بەپێی ڕیزبەندی [(پێ)ی لاواز (پێ)ی بەهێز] [Σw Σs].

- له هاوەڵناوە لێکدراوە شەش برگەییەکانی: [هیچ لەبارانەبوو،..]، هێزدانان تیایدا ڕیتمییە بەپێی ڕیزبەندی[(پیَ)ی لاواز (پیَ)ی بەهێز] [Σw Σs].
- هەروەک دەبینرێت گریمانەی چۆنییەتی ژینگەی دارشتن بووە بەهۆی هەڵاوێرکردن لە بنەمای هێزدانانی پۆلەکەتیگۆرییانە لەهاوەڵناودا.
- له ناوه لێکدراوە پێنج برگەییەکان: [کولێرەبەرۆن]، هێزدانان تیایاندا ڕیتمییە و بەپێی ڕیزبەندی [(پیَ)ی لاواز (پیَ)ی بەهێز] [Σw Σs].
- له (ناوه) لێکدراوە شەش برگەییەکانی وەک [مریشکبەتەنوور، کولێرەبەقیمە] هێزدانان تیایاندا ڕیتمییە و بەپێی ڕیزبەندی[(پیَ)ی لاواز (پیَ)ی بەهێز] [Σw Σs].

## ٦/٢-٤-٤-٢)هەڵاوێرکردن لە جێبەجێکردنی گریمانەی چۆنییەتی ژینگەی دارشتن بۆ نواندنی ئاستی هێزی سەرەکی:

هەڵاوێرکـردن لە بنەمـای هێزدانـانی بەپێـی چـۆنییەتی ژیـنگەی دارشـتن و گریمـانەی هێزدانـانی مۆرفۆلۆجییانە دا بەدی دەکرێت لەو (هاوەڵناو)ە لێکدراوە (٤، ٥، ٦ )برگەییـانەدا کە سـەرەڕای ئەوەی کە کەرتی دووەمیان دارێژراوە بە پێشگر بەڵام هەر هێزدانان تیایاندا سەرەتاگرییە، وەک لە:

- له هاوەڵناوە لێکدراوەکانی [گومانلێکراو، جادوولێکراو، تازەپێگەشتوو، تازەپیاکەوتوو]، کە هاوەڵناوێکی لێکدراون، لە پێنج برگە پێکهاتوون، هێزدانان تیایاندا سەرەتاگرییە، بەپێی بنەمای پۆلەکەتیگۆرییانە، بەڵام بەپێی گریمانەی ژینگەی دارشتن بێت دەبێت هێزدانان تیایاندا کۆتاگری بێت و هێزی سەرەکی بکەوێتە سەر کەرتی کۆتاییان، کە لە پێشگرەکانی [لیَ، پیَ،..] ڕۆنراوە، کەدەبنە ڕاکێشەری هێزی سەرەکی لە (ناو) و (هاوەڵناو)ە دارێژراوەکاندا، جا لە کەرتی سەرەتادا بن یان لە کەرتی کۆتاییدا، بەڵام لەم وشانەدا بەهۆی گریمانەی واتای زاڵی یەکێک لە کەرتە پێکهێنەرەرکان، کە واگریمانە دەکرێت کەرتەکانی [گومان، جادوو، تازە]دا واتاکەیان زاڵ بێت و هێزی سەرەکی لەسەر کەرتی دووەمەوە ڕابکێشێت بۆ سەر کەرتی یەکەم، بۆ ڕاڤەکردنەکەیان (**بڕوانە**(٣/٤-٤-١-١، ٣/٤-٤-١-٢)).

## ٦/٢-٥) هێزی ئەکسێنتی لە کوردیدا:

ئەکسێنتی دەرخستنی دەرکەوتوویی/زەقێتی لەکوردیدا، ئەو 'هێز'ەیە کە لە سەر بزوێنی برگە هێزدارەکانە لە دانە فەرهەنگییەکاندا، کە وشە فۆنۆلۆجییەکان بەرهەمدێنن. لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی ورد و ڕاڤەکردنی دروستەی پێوانەیی زۆربەی دانە فەرهەنگییەکان و دەرکردەکانی پرۆسەمۆرفۆلۆجییەکانی وشەڕۆنان و دەسنیشانکردنی شوێنی هێز لە وشەکاندا و بەراورد کردنی شوێنی هێزەکە و دروستە پێوانەییەکەی لەپێش دارشتن و لەدوای دارشتنەوە، کە لە بەشی سێیەمدا ڕاڤەکراوە، توانرا ئەو دەرئەنجامە بەدەستبێت کە هێزدانان لە کوردیدا ئەکسێنتی هێزێکی ڕیتمییە و دروستەی (پیَ)ی هێزداردەبێتە کرۆکی هێزدانانەکە.کەواتە لە کوردی شێوەزاری سلێمانیدا، دوو ئەکسێنت هەیە، ئەکسێنتی یەکەم: ئەکسێنتی

هێزە، کە ڕیتمییە، ئەکسێنتی دووەم: ئەکسێنتی ڕیتمەکەیە، کە ئەکسێنتی هێزی ڕیتمی چەسپاو، ئەکسێنتێکی ڕیتمیی ڕیتمیی گۆڕاوە، کە ئەکسێنتی هێزی ڕیتم گۆڕاویش سەرەتاگری یان کۆتاگریە.

## ٦/٢-٥-١)جۆرەکانی هێزی ئەکسێنتی:

### ٦/٢-٥-١-١)نواندنی ئەکسێنتی هێزی ڕیتم چەسپاو:

ئەکسێنتی هێزی ڕیتم چەسپاو لەو دانە فەرهەنگییانەدا دەردەکەوێت کە تەنها لەیەک بڕگە پێهاتوون، یەک (پێ)ی گرێدراو دروست دەکەن، هەمیشە یەک ڕیتمی دیاریکراویان هەیە، چونکە هێزەکە دەکەوێتە سەر بزوێنی بڕگەکە. هەرچەندە کەتیگۆرییان جیاواز بێت. وەک نواندنی هێز لە دانە فەرهەنگییەکانی ئاستی ڕیتمی چەسپاو لە فەرهەنگی کوردیدا، ڕیتم چەسپاو واتە نەهێزی سەرەتاگری نە کۆتاگرییە، بەڵام لە وشەکانی [پشک، مشک] کە ناون، [وشک، زبر، ترش]کە هاوەڵناون، سەرجەمییان لە یەک بڕگە پێکهاتوون، بزرۆکە/**i**/ بزوێنی دروستکەری بڕگەکەیانە، بەهۆی بنەمای هێزدانانی کەتیگۆرییانەوە شوێنی بزوێنەکە لە ناو دروستەی بڕگەکەیاندا دەگۆڕێت، بە جۆرێک کە : لە [پشک**pşik**، مشک**mşik**]دا نواندنی دروستەی بڕگەییان دەبێت بە <u>**ccvc**</u> لەبەرئەوەی کە کەتیگۆری ناون لە ناویشدا هێزدانان کۆتاگرییە، هێزەکە هەوڵدەدات لە نزیکترین شوێنی کۆتایی ناوەکەدا بێت، هێزیش دەچێتە سەر بزوێن لە بڕگەکاندا، لەبەرئەوە بزرۆکە دەبێتە بزوێنی بڕگە دروستکەری وشەکە؛ بەڵام لە [وشک**wişk**، زبر**zibr**، ترش**tirş**]دا نواندنی دروستەی بڕگەییان دەبێت بە<u>**cvcc**</u> لەبەرئەوەی کە کەتیگۆری هاوەڵناون لە هاوەڵناویشدا هێزدانان سەرەتاگرییە، هێزەکە هەوڵدەدات لە نزیکترین شوێنی سەرەتای هاوەڵناوەکەدا بێت. دەکرێت ئەمە وەک بەڵگەیەک دابنرێت بۆ سەلماندنی ئەوەی کە هێزدانان لە کوردیدا مۆراییە وبە بزرۆکەیەک دەنوێنرێت؛ بزرۆکەش بە شوێنپێی هێزدادەنرێت، هەرچەندە ئەم گۆڕانە لە شوێنی بزرۆکە و شوێنی هێزەکەدا لە هەردوو کەتیگۆرییە جیاوازەکەدا، <u>**نابێتە**</u> هۆی دروست بوونی دوو ڕیتمی جیاواز، لەبەرئەوەی لە هەردوو کییاندا تەنها <u>یەک بڕگە پێکدێت و دەبێتە (پێ)ی گرێدراو</u> ، لە (پێ)یە گرێدراو ەکانیشدا ڕیتمی جیاواز بوونی نییە، تەنها لە دروستەی بڕگەییاندا لێک جیاواز دەبن. گەر وشەی [ترش] وەک ناو بەکارهات بۆ ئاماژەکردن بە [درەختی ترش]، ئەوا نواندن و دروستەی بڕگەییەکەی دەبێت بە [ترش **triş**] ، <u>**ccvc**</u>. وەک لە پێشتریشدا ئاماژەییپێدرا، هەندێک لەسەرچاوەکانی وەک (**مەحویی، محەمەد – غەریب، دڵشاد محمەد ٢٠١٨ :٥٤**) ئەم دانانە فەرهەنگییانە بەدانەی **ناهێزدار** دادەنێن لە فەرهەنگدا، بەڵام بەپێی ئەم شیکردنەوەیە بۆچوونەکەیان لەم تێزەدا ڕەتکراوەتەوە.

### ٦/٢-٥-١-١-٢)نواندنی ئەکسێنتیی هێزی ڕیتم گۆڕاو:

نواندنی ئەکسێنتی هێزی ڕیتم گۆڕاو، ئەوەیە کە ئەکسێنت یان شێوازی نواندنی هێزە سەرەکییەکە بە شێوەی ڕیتمە گۆڕاوەکان دەردەکەوێت، ڕیتمە گۆڕاوەکانیش واتە جۆرەجیاوازەکانی (پێ) کە بەرهەمدێت، لەمبارەدا نواندنی هێزی سەرەکی لە سەر وشە فەرهەنگییە (٢، ٣، ٤، ٥، ٦، ..)بڕگەییەکان لە کوردیدا، بە ڕیتم گۆڕاو دادەنرێت، چونکە بەپێی پۆلە گەتیگۆری دانە فەرهەنگییەکان، شوێنی نواندنی ئاستی هێزەکە دەگۆڕێت، ئەوەش دەبێتە هۆی دروستبوونی (پێ)ی هێزداری جیاواز، بە دوو شێوە، کە بریتین لە

ئەکسێنتەکانی  'هێزی ڕیتمیی' یان هێزی ڕیتم جیاواز'، کە تەنها هێزی سەرەکی هەیە و 'هێزی پلەداری ڕیتمی'، کە هێزی سەرەکی، هێزی ناوەندی و هێزی سێیەمی هەیە.
نواندنی هێزی ڕیتمی و هێزی پلەداری ڕیتمی دەبێتە هۆی هەبوونی ئەکسێنتێکی تایبەت بۆ هێزی ڕیتمی لە کوردیدا.

## ٦/٢-٥-١-١-٢-١) ئەکسێنتی هێزی ڕیتمیی لە کوردیدا:

ئەکسێنتی هێزی ڕیتمی لە کوردیدا،  هێزێکی مۆراییەو  کارناکاتە قورسکردن یان گرژکردن، یان درێژکردنەوەی بڕگەکان، بەڵکو لەسەر بزوێنی بڕگەی هێزداری ناو (پێ)یە هێزدارەکان دادەنرێت،  هێزی سەرەتاگری لەسەر بزوێنی بڕگەی سەرەتای (پێ)یەکەدا دادەنرێت، هێزی کۆتاگری لەسەر بزوێنی بڕگەی کۆتایی (پێ)یەکەدا دادەنرێت و ئەمە ڕیتمی جیاواز دەبەخشێت، ڕیتمی جیاوازیش واتا هەبوونی (پێ)ی هێزداری جیاواز، چونکە (پێ)یەکەی ڕیتمە. لە فۆنۆلۆجیی پێوانەییدا لە زمانە هێزییە کاتریێکخراوەکاندا، (پێ)یە هێزدارەکان بەوە جیادەکرێنەوە کە لە هەر بوارێکدا بن، واتە لە وشەی فۆنۆلۆجیدا بن یا لە فرێزی فۆنۆلۆجیدا،.... ئەوا هارمۆنی دەنگی بزوێنیان تێدایە ( **Van der Hulst & Norval Simth,1982:44**)، ئەمە سەردەکێشێت بۆ ئەوەی بگوترێت کە هێزی مۆرایی لە کوردیدا ڕەنگە تەنها هارمۆنییەک ببەخشێت بە بزوێنی ئەو بڕگە هێزدارەی کە (پێ)یە هێزدارەکە پێکدەهێنێت.
لە ڕاڤەکردنەکانی دانە فەرهەنگییەکانی کوردیدا، شەش جۆری (پێ) دەستنیشانکراوە ، کە  شەش جۆر ڕیتمی جیاواز دەبەخشن، لە وشە دوو بڕگەیی و سێ بڕگەییە کەتیگۆریە جیاوازەکانی وەک هاوەڵناو و (ناو)دا چوارڕیتمی جیاوازیان هەیە، کە دەبێتە هۆی دروستبوونی (پێ)یەکانی وەک: ترۆکێکی و داکتڵ، ئایامبیکی، ئەناپست، لە کاتێکدا کە هەمان ژمارەی بڕگەیان هەبێت؛ هەروەها (پێ)یەکانی 'گرێدراو ' و 'سپۆندیش' کە دوو ڕیتمی تری جیاوازی دانە فەرهەنگییە یەک بڕگەیی و فرەبڕگەییەکانن کە لە سێ بڕگە زیاترن ، ئەوەش ئەکسێنتی  هێزی ڕیتمی لەئاستی فەرهەنگدا دەبەخشێت بە زمانی کوردی؛ کەواتە لە کوردیدا هێزی ئەکسێنتی هەیە لە ئاستەکانی ڕیتمی چەسپاو، یەک، دوودا و لە ئاستی  سێ و چواری فەرهەنگدا ڕیزکراون، لە ئاستی دوافەرهەنگیشدا ئەکسێنتی ڕیتمیی پلەدارە بۆ  فرێزە فۆنۆلۆجییەکان و فرێزە ئاوازەییەکان و (پێ)ی ئەناپست پێکدەهێنن.
ئەکسێنتی هێزی ڕیتمی گۆڕاو دوو جۆرە:
-هێزی سەرەتاگری:وەک ئەودانە فەرهەنگییانەی کەدەکەونە ئاستی یەک لەفەرهەنگدا .
- هێزی کۆتاگری:بەپێی بنەمای هێزدانانی پۆلەکەتیگۆرییانە، هێزدانان کۆتاگری دەبێت بۆ ئەو دانە فەرهەنگیانەی کە لە ئاستی دوودا ئاماژەیان پێدراوە. (بڕوانە٩/٢)

## ٦/٢-٣-١-١-٢-٢) ئەکسێنتیی هێزی پلەداری ڕیتمی:

هێزی پلەداری ڕیتمیی سەرەتاگری [(پێ)ی بەهێز (پێ)ی لاواز] [ΣsΣw]، هێزی پلەداری ڕیتمیی کۆتاگری [(پێ)ی لاواز (پێ)ی بەهێز] [Σw Σs] دەکەونە ئاستی سێ لەفەرهەنگدا.

دیاریکردنی شوێنی هێزی سەرەکی لە دانە ئاڵۆز/لێکدراوەکاندا، بەپێی گریمانەی مۆرفۆلۆجی و کەتیگۆرییانە گریمانەی سیمانتیکی مۆرفۆلۆجییانە دەستنیشاندەکرێت.
دیاریکردنی شوێنی هێزی سەرەکی لە دانە ئاڵۆز/لێکدراوەکاندا، بەتایبەت کاتێک لە (سێ برگە) یان زیاتر پێکهاتبێتن، هێزدانانێکی ڕیتمییانەی پلەداردەبێت، چونکە لەمبارەدا دوو (پێ) پێکدەهێنێت و زیاتر لە یەک هێز لە وشە فۆنۆلۆجییەکەدا دەبێت، وەک (هێزی سەرەکی، هێزی ناوەندی/دووەم، هێزی لاواز، سێیەم،..)، واتە بەپێی ژمارەی (پێ)یە بەهێزە پێکهێنەرەکان، هێز لەسەر وشە فۆنۆلۆجییە نوێیەکە دەبێت، لەمبارەدا هێزەکەی دەبێتە هێزێکی ڕیتمی پلەدار.
دەبێت سەرەتا کەتیگۆری دانە بەرهەمهاتووە ئاڵۆزەکە/لێکدراوەکە دیاری بکرێت، سەرەڕای لەبەرچاوگرتنی دروستە مۆرفۆلۆجییەکەی، ئینجا پاش دیاریکردنی کەتیگۆرییەکەی، شوێنی هێزە ڕیتمییەکە، کە دەکەوێتە سەر یەکێک لە کەرتەکان دیاردەکرێت، پاشان کەتیگۆری ئەو کەرتەش دیاریدەکرێتەوە، بۆ دیاریکردنی شوێنی هێزی سەرەکی لەسەر یەکێک لە برگەکانی کەرتەهێزدارەکە، لەکۆتاییدا ئەو برگەیەی کە هێزی سەرەکی دەکەوێتەسەر لەناو (پێ)یە هێزدارەکەدا، لەو کەرتەدا کە هێزی سەرەکی دەکەوێتەسەر، دەبێتە سەنتەر بۆ دیاریکردنی برگە هێزدار و ناهێزدارەکانی تر، بە جۆرێک کە بەچەند هەنگاوێکی ئاڵۆز جێبەجێدەکرێت (**بڕوانە**(٤/٣)).

## ٧/٢) یاسا فۆنۆلۆجییە فەرهەنگییەکان لە کوردیدا:

یاسا فۆنۆلۆجییە فەرهەنگییەکان **LP** وەچە مۆدولی مۆرفۆلۆجی، وەچە مۆدولی فۆنۆلۆجیی وشە، وەچە مۆدولی فۆنۆلۆجیی فرێزییە)، مۆدولی مۆرفۆلۆجی هەریەکە لە مۆدولەکانی (ئەلۆمۆرفی پێش وشەیی، مۆدولی مۆرفۆلۆجی لەخۆدەگرێت، بەڵام ڕۆجا(**Roca,1994:255**) وایدادەنێت کە هەموو یاسا مۆرفۆلۆجییەکان لە خۆدەگرێت لەگەڵ مەرجە قورسە مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجییەکانیشدا. کەواتە سەرجەم ئەو یاسا فۆنۆلۆجییانە دەگرێتەوە کە لە پرۆسە مۆرفۆلۆجییەکانی وشەڕۆنان/داڕشتن**WFRs** و پرۆسەمۆرفۆلۆجیەکانی شکانەوەدا جێبەجێدەکرێن لە ئاستی مۆرفۆفۆنەمیکیدا، هاوشان لەگەڵ ئاماژەدان بە دروستەی پێوانەییان لە ئاستی فەرهەنگدا کە کەتیگۆرییە پرۆسۆدیکییەکانی وەک برگە، پێ، وشەی فۆنۆلۆجی یان فرێزی فۆنۆلۆجیی فەرهەنگی دەگرێتەوە، لەگەڵ تایبەتمەندییە پێوانەییەکانی وەک ئاستەکانی هێزدانان، شوێنی هێزی سەرەکی، ناوەندی، لاواز دەگرێتەوە لە کوردیدا، پاشان گواستنەوەیان بۆناو دەربڕاوە فرێزیی و ڕستەییەکان و پێکهێنانی کەتیگۆرییە پرۆسۆدیکییەکانی وەک فرێزی فۆنۆلۆجی، فرێزی ئاوازەیی، دەربڕاو و دەرخستنی تایبەتمەندییە پرۆسۆدیکییەکانی وەک هێزی سینتاکسی، ڕیتم، ئاوازە، سەربارکراوە دەنگییەکانی تر، دەگرێتەوە، لە ئاستی دوافەرهەنگدا.
نواندن و ڕیزکردنی دانە فەرهەنگییەکان لە فەرهەنگی کوردیدا لە چەند ئاستێکدا ڕێکخراوە، کە گریمانە دەکرێت بەپێی کەتیگۆریی پێوانەیی (پێ) وجۆری (پێ) و ڕیتمی گۆکردنی دانە فەرهەنگییەکان بێت، کە بەپێی شوێنی هێزو ژمارەی برگە پێکهێنەرەکانی وشەکە دەگۆڕێت.

## ٨/٢)نواندنی کەتیگۆرییە پرۆسۆدیکییەکان لە ئاستی فەرهەنگی کوردیدا:

### ٨/٢-١) نواندنی مۆرا لە وشەی فۆنۆلۆجیی پرۆسۆدیکی کوردیدا:

پەسنکردنی مۆرا لە کوردیدا پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی وردوچڕ هەیە، لە سەرچاوە دەنگسازییەکانی زمانی کوردیدا زۆر بەکەمی گرنگیدراوە بە 'مۆرا' .

لە ( (**فەقێ ئیبراهیم،هاوسەر نەوزاد٢٠٢٢: ٦٢-٦٣**)دا مۆرا بە یەکەی 'درێژی کاتی دەنگ'(خایاندنی ماوە) **length/duration**دانراوە، واگریمانە دەکات کە بزوینەکورتەکان/ڤاوڵە کورتەکان تاک مۆراییین **Monomora** و بزوێنە درێژەکانیش جووت مۆراییین **Biomoraic**) بەناڕاستەوخۆیی ئاماژە بە خاڵێکی گرنگ دەدات و دەڵێت جیاکردنەوەی درێژی دەنگییان، کە مەبەستی لە بزوێنە تاک مۆرایی و بزوێنە جوت مۆراییەکانە، پەیوەستە بە تایبەتمەندیی ڕۆنانی بڕگەکەوە **a structure property of syllable** ؛ بەڵام لە میانەی ڕاڤەکردنی ئاستەکانی هێزدانانی ڕیتمییانە لە کوردیدا لە بەشی سێیەمدا، چەند دەرئەنجامێکی وردتر بەدەستهاتووە، کە سەرەڕای ئەوەی 'مۆرا' پەیوەستە بە تایبەتمەندییەکانی دروستەی بڕگەوە، بەتەواوی پەیوەستە بە 'هێز' ی سەر دانە فەرهەنگییەکانەوە لە ئاستی فەرهەنگی و لە ئاستی دوای فەرهەنگیشدا کە ئاستی دەربڕین دەگرێتەوە؛ دەکرێت بەمشێوەیە لێکبدرێتەوە:

لەبەرئەوەی (یەک دەنگی نەبزوێن =٠ مۆرا، دوو دەنگی نەبزوێن یان یەک دەنگی بزوێن=١مۆرا، دوو دەنگی بزوێن=٢ مۆرا (**Anthony Fox, 2000: 48**)) ، **کەواتە دەبێت مۆرا بوونێک بێت هاوشێوەی دەنگە بزوێنەکان**، بەڵام نیوەی دەنگە بزوێنێک بێت، هەر لەم ڕووەوە لەم تێزەدا واگریمانەدەکرێت لە کوردیدا مۆرا= **i** بزرۆکەیەک، وادادەنرێت دەنگێکی ½ بزوێنێک بێت، نیو کەرتەدەنگی بێت، کە بەتەنها بەهای تەواوی فۆنیمێکی نییە، بەڵام لەگەڵ بزوێنەکان یان نەبزوێنەکاندا دێت، دەبنە کەرتێکی دەنگی کە لە دەنگە بزوێنێک گەورەتر دەبن و لە بڕگەیەکیش بچووکتردەبن، کەواتە دوومۆرا= بە یەک دەنگی بزوێن، لەهەمان کاتدا لە ئاستی پرۆسۆدیکیشدا مۆرا= هێزی سەر بڕگە و وشەکان، بە جۆرێک کە:

لە کوردیدا، لەکاتی هەبوونی هێزی سەرەکی لەسەر بڕگەیەک لە وشەیەکدا، بزوێنی بڕگەکان هەموویان به یەک شێوە ڕەفتار ناکەن و ببنە بڕگەی 'گرژ' یان 'خاو'. ئەم بۆچوونە ڕەت دەکرێتەوە کە **لە (مەحویی، محەمەد (١٣٩٨: ١٥٩-١٧٥ )؛ (مەحویی، محەمەد - غەریب، دڵشاد محمەد ٢٠١٩ :٢٨٢-٢٨٩)، غەریب، دڵشادمحەمەد ٢٠١٩) ئاماژەیان پێداوە و دەڵێن** بزوێنی بڕگە هێزدارەکان خاودەبن، یان درێژ دەبن، یان گرژن و بەگرژی دەمێننەوە بۆ نواندنی هێزەکە (**غەریب، دڵشادمحەمەد ٢٠١٩: ٨٦-٨٧**)، هۆکاری ڕەتکردنەوەکەش ئەوەیە کە: هێزەکە مۆرایەک= **i** (بزرۆکەیەک) دەبەخشێت بەو بزوێنانەی کە هەڵگری هێزەکەن و لە ئەنجامدا کاتی خایاندنی ئەو بزوێنەی کە هێزەکەی لەسەرە زیاتر دەبێت و ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی بزوێنەکە توندتر و بەرزتر و لەکاتێکی زیاتردا گۆبکرێت و بنوێنرێت لە چاو بزوێنی ئەو بڕگانەی تر کە هێزیان لەسەر نییە، یان هێزی سەرەکیان لەسەر نییە، لە ئەنجامدا هارمۆنیی دەنگە بزوێنەکە بەرزدەبێتەوە؛ ئەو بزوێنانەی کە دەکەونە ئەو بڕگانەوە کە هێزیان لەسەر نییە، 'مۆرا'شیان لەسەر نامێنێت، چونکە (بزوێنەکان لە بڕگە ناهێزدارەکاندا کورت دەبنەوە، بەوەش کاتی کەمتر وەردەگرن بۆ درکاندنیان (**فەقێ ئیبراهیم، هاوسەر نەوزاد٢٠٢٢:٧٩** ))، ئەوەش مانای وایە مۆرایان لەسەر نامێنێت.

بەپێی ئەم لێكدانەوەیەی كە خرایە ڕوو، لە زمانی كوردیدا، كاتێك هێز دەچێتە سەر بڕگەیەك، گەر بزوێنی بڕگەكە لە بزوێنە كورتەكانی(یî، وu، i) پێكهاتبوو، ئەوا تایبەتمەندیی[+درێژكردنەوەیان Length ] پێدەبەخشێت و لە نواندنی پرۆسۆدیكیدا دەبن بە: [/یی، وو، ii/]، گەر بزوێنی بڕگەكەش (/ە/) بوو، كە بزوێنێكی كورتە، توانای درێژكردنەوەی نییە [– درێژكردنەوەیە] لەبەرئەوە كاتێك هێزی دەچێتە سەر توندتر و بەرزتر دەنوێنرێت و[+تایبەتمەندیی توندی و بەرزكردنەوەیی Loundness ] پێدەبەخشێت، گەر بزوێنە درێژەكانی وەك[ۆ،ێ ا]ش بوو، ئەوا لەبەرئەوەی ئەو دەنگە بزوێنانە خۆیان لە بنەڕەتدا خاوەنی تایبەتمەندیی[+درێژكردنەوە]یان هەیە، لەبەرئەوە هێزەكە، كە وەك مۆرایەكە **نابێتە** هۆی درێژكردنەوەیان، بەڵكو تەنها كاتی خایەنراوی گۆكردن/نواندنیان زیاتر دەكات و ئەوكاتە تایبەتمەندیی زیاتری [+ بەردەوامی **continuos**]یان پێ دەبەخشێت كە لە بنەڕتدا تایبەتمەندییەكی خۆیانە، لەمبارەدا هێزەكە بەپێی جۆری بزوێنەكە تایبەتمەندێتییە زاڵەكەی زیاتر دەكات، واتە هارمۆنی دەنگە بزوێنەكە بەرز دەبێتەوە، چونكە پێناسەی هارمۆنی، بەدەر لەو پێناسەیەی كە لە ڕێزمانی بەرهەمهێناندا پێشكەش كراوە، لە 'فۆنەتیكی بیستن**acoustic phonetic**'دا، هارمۆنی بریتییە لە شەپۆلێكی ڕێكوپێك كە لەگەڵ فریكوێنسیی بنچینەیی بزوێنەكەدا دێت، بۆ دەرخستنی ئاوازێكی زیادە **overtone**. تێكەڵكردنی فریكوێنسی بنچینەیی بزوێنی بڕگەكە كە هێزی لەسەرە لەگەڵ 'فراوانییە/زۆری'یە نوێیەكەدا**amplitude**، كە مۆرای هێزەكەیە، پێكەوە یەكدەگرن و ئاوازەیەكی تایبەتی خاوەن كوالیتی دەبەخشن بە بزوێنە هێزدارەكە(**Crystal, 2008:228**)، هەر لەبەرئەم پێناسەیەیە كە زاراوەی 'گونجاندن' بەرامبەر بە 'هارمۆنی' بە شیاو نازانرێت.

دەكرێت ئەو لێكدانەوانە بوم شێوەیە سەلماندنی بۆ بكرێت:

١- [**i**] خودی بزرۆكە وەك بزوێنێكی بڕگە دروستكەر لە وشەكانی زمانی كوردیدا بوونی هەیە، كاتێك كە هێزی سەرەكیی بكەوێتە سەر، دەبێت بە دوو بزرۆكە، وەك لە وشەكانی [دڵ،ترش/ت**i**رش/...] ، لە ئەنجامدا یان بزرۆكەكە زۆرتر درێژ دەكرێتەوە دەبێت بە /**ii**/، یان دەبێت بە [/و/]ی كورت:

-[**i**]←[ **i** ´ ]←[**ii**] ← [د**i**ڵ**diil'**]، یان **ii** **= و ←** [ت**i** رش **tiiriş** ←تورش**ş,turi** ].

٢-دەنگی [و] لە كوردیدا سێ ئەلۆفۆنی جێگیری هەیە:

ا- /و/ زۆر كورت ڕەنگە لەباری دیاكرۆنیدا بزرۆكە بوو بێتن و بەهۆی هێزی سەرەكییەوە بووبێتن بە /و/، وەك لە[ گوڵ، كورد، ،.. ]كە تائێستاش لە زمانە ئێرانییەكانی وەك فارسیدا بە [گُ ڵ، كُرد] دەنوێنرێن.

لەمبارەدا ئەلۆفۆنی/و/ زۆر كورتە بەهۆی هێزەوە درێژ نابێتەوە، بۆ /وو/، وەك لە [كورد] بەهۆی هێزی سەرەكییەوە **نابێت بە** [ كوورد]، بە لابردنی هێزی سەرەكیش زۆر كورت دەبێتەوە وەك لە [كوردستان/ كُردستان] وەك بزرۆكە دەردەكەوێت، بەڵام لە بزرۆكە درێژترە و نەبووتە بزرۆكە.

ب- ئەلۆفۆنی /وو/ لەكاتی هەبوونی هێزی سەرەكیدا درێژە، بە لابردنی هێزی سەرەكی دەبێتە بە/و/ وەك لە[ ژوو ر]دا لەژینگەی داڕشتندا دەبێت بە [[ژوور]+ ەوە]←نواندنی پێكهاتەیی[ژوورەوە] نواندنی پرۆسۆدیكی[ ژورەو ەˊ ]، [سوور]هاوەڵناو←[[سوور]+ -ە]ناو←[سورە].

پ–هەندێکی تر لە ئەلۆفۆنی /و/ تەنها لە نواندنی پرۆسۆدیکیدا دەردەکەون لە نواندنی پێکهاتەییدا بزرۆکەیەکی بڕگە دروستکەرن[i] و کە هێزی سەرەکییان دەکەوێتە سەر دەبن بە /و/، وەک لە [ترش **ti, riş**]دا کە هاوەڵناوە و لە دوو بڕگە دروست بووە، بزوێنی هەردوو بڕگەکە بزرۆکەن[i] هێزی سەرەکی لەسەر بڕگەی یەکەمە، لەبەرئەوە دەکرێت نواندنی پرۆسۆدیکی بزوێنی بڕگەی یەکەم بەهۆی هێزی سەرەکییەوە ببێت بە /و/ [تورش**tu, riş** ] کە دەچێتە ژینگەی دارشتنی (ناو)ەوە بە پاشگری (–ی) هێزدانان تیایدا دەبێتە کۆتاگری و نواندنی پێکهاتەیی دەبێت بە [[تورش]هاوەڵناو+ی]ناو ←[ترشیی ´].


٣– سێ جۆرئەلۆفۆنی [ی**î**] هەیە:

ا– [ی] لەباری ئاساییدا نە کورتکراوەیە نە درێژ، کە بڕگەیەکی ناهێزداری پێکهێناوە، وەک لە[ی]یەکەم لە [زیوین]دا .

ب– [یی **îi**] فیچەری درێژبوونەوەی هەیە کاتێک لە بڕگەیەکی هێزداردا بێت، وەک لە [زێرپیین ] .

پ– [ی] فیچەری کورتبوونەوەی هەیە دەبێت بە [i] وەک لە [ناشیرین]دا [ی ]لە بڕگەی [شی]دا کورت دەبێتەوە بۆ [i] دەبێت بە [**na. şi. rîn**]، هێزی سەرەکی لەسەربڕگەی یەکەمە[نا]، چونکە کەتیگۆری هاوەڵناوە.

هەروەها لە: [ی]←[ی،**i**یی] ([شیییر، **şîir** ] ^ناو^ فیچەری درێژبوونەوە، لە [شیریین، **şîrîin**]،[ناشیرین ،نا´ش**i**رین ، **naşîrîin/ naşirîin** ]دا [/ی/]یەکەم فیچەرەکەی نامێنێت.)واتە کاتێک هێزی لەسەر نەمێنێت و بکەوێتە ناو بڕگەی دووەمەوە [ی← **i** ] وەک لە [ناشیرین/ناش**i**رین/، لاگیرە←/لا´گ**i**رە/]دا لە بڕگەی ناوەڕاست دا دەبن بە [i] چونکە کورترین بڕگەی وشەکەن.




– **cv.cvc** **cv́**[σσ. σ́] ←[Σ] ← **ω** . (پی)ی ترۆکێکییان پێکهێناوە و بووەتە وشەیەکی فۆنۆلۆجی، کە وشەیەکی فەرهەنگییەو لە کەتیگۆری هاوەڵناوە.

٤– [ۆ] [**i** ۆ] [ دۆ**doi** ، بۆ **boi**، فیچەری بەرزبوونەوەی هەیە] لە [بۆری**borîi**/ قۆری**qorîi**]دا بزوێنەکە فیچەری بەرزبوونەوەی نییە چونکە هێز لەسەر بزوێنی بڕگەی کۆتایە نەک لەسەر بزوێنی /ۆ/ .

٥– [ا] [ **i**ا] [با **bai** فیچەری بەرز بوونەوە ]لە[ باکۆ **bakoi**]دا بزوێنەکە فیچەرەکەی نییە چونکە لەو بڕگەکەی هێزدار نییە..

٦– [ێ] [ **i**ێ] [پێ، **pêi** فیچەری درێژکردنەوە و بەردەوامی هەیە ] لە [پێڵاو**pêl'aiw**]دا بزوێنەکە فیچەرەکەی نییە چونکە بڕگەکەی هێزدار نییە.

٧- [ە]   [کەو**keiw**، فیچەری بەرزبوونەوەو کرژبوونی هەیە ] لە کەوتن**kewtiin**] بزوێنی [ە] فیچەرەکەی نییە چونکە بڕگەکەی هێزدار نییە.

٢- [پاشگرە هێزڕاکێشەرە وشە داڕێژەر و ئەسپێکتە شکانەوەییەکانی گەردانکردن کە هێزدارن،...،...مۆرفیمە بەندە وشەداڕێژەر و سینتاکسییەکان، کلیتیکە لکاوەکە تاک دەنگییە نەبزوێنەکانی [-م کەسی یەکەمی تاک، -ن کەسی دووەم و سێیەمی کۆ،] کە تەنها لە یەک دەنگی/فۆنیمی نەبزوێن پێکدێن، لەفەرهەنگدا لەگەڵ مۆرایەکدان، لە ژینگە ڕۆنانییەکانی داڕشتن و گەردانکردندا وەک شوێنپێی هێز یان وەک بزوێنێکی بڕگە دروستکەری هەڵگری هێزی سەرەکی دەردەکەون. (**بڕوانە**٦/٣)).

## ٢-٨/٢) نواندنی بڕگە:

لە دەرئەنجامی ڕاڤەکردنەکانی بەشی سێیەمەوە و لە نواندنی بڕگەدا ئەوە دەردەکەوێت: دروستەپێکهێنەرە بنچینەییەکانی بڕگە کە بریتین لە: سەرەتا، ڕیم(سەروا)، کە ڕیمیش کرۆک، پاشکۆ/کۆدا دەگرێتەوە، دروستەکانی  بڕگە کە بریتین لە :( **CV, CVC, CCV, CCVC, CVCC, CCVCC**)، هەرچۆنێک بن کارناکەنە سەر بنەمای هێزدانان و شوێنی هێز؛ بە پێچەوانەشەوە هێز کارناکاتە سەر هیچ کام لە پێکهێنەرە بنچینەییەکانی بڕگە، بەڵام لە هەندێ باردا کاردەکاتە سەر دروستەی بڕگە، کاتێک بە کەتیگۆری جیاواز بەکار بهێنرێن، وەک[ترش**ccvc**][ناو/داری ترش]، [ترش**cvcc**][هاوەڵناو/تامی ترش]، هەروەها لە وشە فەرهەنگییە تاک بڕگەییەکانی وەک[پش**i**ک ][ناو]، [و**i**شک][هاوەڵناو]، کە دروستەی بڕگەییان دەبێت بە: [**ccvc**][ناو]، [ **cvcc**][هاوەڵناو]،تیایاندا شوێنی هێز دەبێتە هۆی جیاوازی لە دروستەی بڕگەییاندا. لە هەندێک لە وشەکانی تریشدا، هێز کاریگەرییەکی کاتی دەکاتە سەر بزوێنی بڕگە هێزدارەکان و هارمۆنی دەنگە بزوێنەکە بەرزدەکاتەوە، بە نەمانی هێزەکە لەسەر بڕگەکە، بزوێنەکە دەچێتەوە باری پێشووتری. هەروەها ژمارەی بڕگەکان گرنگە لە دروستەی (پیّ)دا بۆ دیاریکردنی شوێنی هێزەکە، لەمبارەدا لە نواندنی دروستەی پێوانەیی دانە فەرهەنگییەکاندا ئاماژە دەدرێت بە ژمارەی بڕگە پێکهێنەرەکان، بڕگە هێزدارو ناهێزدارەکان دەست نیشان دەکرێت. (**بڕوانە** (٢/١-٢))

## ٣-٨/٢) نواندنی ئاستی (پیّ) Σ :

نواندنی ئاستی (پیّ) لە چینەکانی فەرهەنگدا بەندە بە نواندنی دروستەی پێوانەیی وشەی فۆنۆلۆجیی پرۆسۆدیکیی و دروستەی پێوانەیی فریێزی فۆنۆلۆجیی فەرهەنگییەوە، کە لە بەشی سێیەمدا ڕاڤەکراوە. لە ئاستی دوافەرهەنگیشدا بە نواندنی پێوانەیی کەتیگۆرییە پرۆسۆدیکییەکانی وەک فریێزی فۆنۆلۆجی دوافەرهەنگی و فریێزی ئاوازەیی و دەربڕاوەوە، کە لەم بەشەدا ڕاڤەکراون.

## ١-٣-٨/٢) نواندنی هێز ودروستەی پێوانەیی(پیّ) Σ :

(پیّ) لە کوردیدا دەتوانێت لە چوارچێوەی وشەی ف.ئەرکیی ڕێزمانیدا، ببێت بە دەربڕاوە تاک بڕگەیی یان جووت بڕگەییەکان و بنوێنرێت، وەک: (نا، ئا، بەڵام ، بۆ؟) و کە ڕاستەوخۆ دەبنە فریێزی فۆنۆلۆجی لە ئاستی دوافەرهەنگدا، بەڵام لە نواندنی فۆنۆلۆجیی پرۆسۆدیکیدا بە وشەی فۆنۆلۆجی دادەنرێن، چونکە

وشەیەکی فۆنۆلۆجیی ئەرکیی هێزدارن. (پێ) لە پێکهاتەی وشەی فۆنۆلۆجی و فرێزی فۆنۆلۆجیشدا هەیە، وەک لە پارادایمە یەک بڕگەی و دوو بڕگەیی و سێ بڕگەییەکانیشدا دەنوێنرێت و پێکییان دەهێنن.

### ٤-٨/٢) نواندنی وشەی فۆنۆلۆجی :

### ١-٤-٨/٢)نواندنی ئاستی هێز و دروستەی پێوانەیی لە وشەی فۆنۆلۆجیدا:

وشەی فۆنۆلۆجی دەکەوێت ئاستی فەرهەنگەوەو دەکرێت یەک بڕگەیی، دوو بڕگەیی، سێ بڕگەیی، بێت یان (٤ ،٥ ، ٦)بڕگەیی بێت و لە ئاستەکانی( یەک ،دوو، سێ، چوار)دا دەنوێنرێن وەک لە(٩/٢)دا ڕاڤەکراوە.

### ٥-٨/٢) نواندنی فرێزی فۆنۆلۆجیی فەرهەنگی:

نواندنی ئاستی هێز و دروستەی پێوانەیی لە فرێزی فۆنۆلۆجیی فەرهەنگیدا دەکەونە ئاستی چواری فەرهەنگەوە، هەروەها دەشکەونە ئاستی دوافەرهەنگەوە و دەبنە پێکهێنەری فرێزە ئاوازەیی و دەربڕاوەکانی زمانی کوردی ( **بڕوانە**١٠/٢))

## ٩/٢) دیاریکردنی ئاستەفەرهەنگییەکان بەپێی دروستەی پێوانەیی(پێ)ی ڕیتمی و هێز لە مۆدێلی فەرهەنگ و دوافەرهەنگی کوردیدا:

لە دیاریکردنی ئاستەکانی فەرهەنگدا بەپێی ئاستەکانی هێزدانان ودروستەی پێوانەیی دانە فەرهەنگییە بنچینەییەکان/ڕەگەکان و هەندێک لە دەرکردەی پرۆسەمۆرفۆلۆجییەکانی وشەڕۆناندا، لە نواندنی هێزدانان بۆ دانە فەرهەنگییەکانی زمانی کوردی لە سەرجەم ئاستەکاندا، بەگشتی پێڕەوەی هێزی ئەکسێنتی و بنەمای هێزدانانی کەتیگۆرییانە و مۆرفۆلۆجییانە کراوە، هەر لەسەر ئەو بنەمایەش ئاستەکانی فەرهەنگ جیاکراوەتەوە. بەپێی ئەو بنەمایە تیایدا هێزی ئەکسێنتی بەپێی جۆری کەتیگۆرییەکان بۆ دانە فەرهەنگییەکانی زمانی کوردی دادەنرێت. ئەم هێزدانانە دروست بوونی ڕیتمی جیاوازی لێدەکەوێتەوە، کە لە چوار ئاستدا، لە فەرهەنگدا دیاریکراوە، بە جۆرێک کە:

### ١-٩/٢)ئاستی ڕیتمی چەسپاو:

نواندنی ئاستی ئەودانە فەرهەنگییانەیە کە لە تەنها یەک بڕگە پێکدێن و دەبنە (پێ)ی گرێنەدراو ی هێزدار، ڕیتمێکی چەسپاویان هەیە، کە ئاستی بڕگە یەکسانە بە ئاستی (پێ)یەکسانە بە ئاستی وشەی فۆنۆلۆجی.
ئەو دانانەی دەکەونە ئەم ئاستەوە :
١-نواندنی (ناو)ە یەک بڕگەییە ڕیتم چەسپاوەکان
٢-نواندنی (هاوەڵناو)ە یەک بڕگەییە ڕیتم چەسپاوەکان:
٣-ڕاستاندنی ئاستی هێزدانان لە نواندنی (ڕەگی کردار)دا:

### ٢-٩/٢) ئاستی یەک:

نواندنی ئەو دانە فەرھەنگییانەی کە وشەی فۆنۆلۆجین، دوو بڕگەیی یان سێ بڕگەیین و لە یەک (پێ)ی هێزدار پێکدێن، کە هێزدانانی سەرەتاگرییان **Initial Stress Assignment ISA**هەیە، لەیەک (پێ)دا، کە ئاستی (پێ) یەکسەر یەکسانە بە ئاستی وشەی فۆنۆلۆجی. گەر دوو بڕگەیی بوون (پێ)ی 'ترۆکێکی' بەرھەمدێنن، سێ بڕگەیش (پێ)ی 'داکتڵ'، بەرھەمدێنن. ئەو دانانەی کە دەکەونە ئەم وەچە ئاستەوە، بریتین لە:

١- نواندنی 'ھاوەڵناوە' دووبڕگەیی و سێ بڕگەییەکان و دەرکردەی پرۆسەمۆرفۆلۆجییەکانی داڕشتن و لێکدانی (ھاوەڵناو)، بە مەرجێک لە سێ بڕگە زیاتر نەبن.

٢-نواندنی دانە فەرھەنگییە داڕێژراوەکان بە پێشگر بۆ ناو، ھاوەڵناو، ڕەگی کردار.

٣-نواندنی ھاوەڵناوە داڕێژراوەکان بەپاشگری [-ی].

٤-نواندنی (ڕەگی کردار)ە (٢، ٣)بڕگەییەکان.

٥-نواندنی کلیتیکە سەربەخۆکان، پۆلەڕەگەزە ناسەرەکییەکان.

### ٣-٩/٢)ئاستی دوو:

نواندنی ئەو دانە فەرھەنگییانە دەگرێتەوە، کە دوو بڕگەیی یان سێ بڕگەیین و لە یەک (پێ)ی هێزدار پێکدێن، کە هێزدانانی کۆتاگرییان ھەیە **Final Stress Assignment FSA** ، لەیەک (پێ)دا، کە ئاستی (پێ) یەکسەر یەکسانە بە ئاستی وشەی فۆنۆلۆجی. گەر دوو بڕگەیی بوون (پێ)ی 'ئایامبیکی' بەرھەمدێنن، سێ بڕگەیش (پێ)ی 'ئەناپست'، بەرھەمدێنن. ئەو دانانەی دەکەونە ئەم وەچە ئاستەوە:

١-نواندنی (ناو)ە دووبڕگەیی و سێ بڕگەییەکان و دەرکردەی پرۆسەمۆرفۆلۆجییەکانی داڕشتن و لێکدانی (ناو) ، بەمەرجێک لە سێ بڕگە زیاتر نەبن،

٢-داڕشتنی ھاوەڵناو بە پاشگری [-ین]، بە مەرجێک لە سێ بڕگە زیاتر نەبن

٣-دەرکردەکانی ئاستی داڕشتنی سفر، کە گۆڕینی کەتیگۆری [ھاوەڵناو/ ڕەگی کردار بۆ ناو] تەنھا بە گۆڕینی شوێنی هێز، بە مەرجێک لە سێ بڕگە زیاتر نەبن.

لە ئاستی یەک و دوودا تەنھا یەک هێزی سەرەکی ھەیە، دەچێتە یەکێک لە بڕگەکان و یەک (پێ)ی بەهێز دروستدەکات، کە (پێ)ی ترۆکێکی، داکتڵ، ئایامبیکی، ئەناپستە و(پێ)یەکەش وشە فۆنۆلۆجییەکە بەرھەمدێنێت.

### ٤-٩/٢)ئاستی سێ:

ئەو دانە فەرھەنگییانە لە خۆدەگرێت کە لە سێ بڕگە زیاتر پێکدێن ولەم بارەشدا لە دوو یان لە سێ (پێ)ی ئاوێتە پێکدێن، کە ڕیتمی سەری ڕاست-گر **the right-most head rhyme** یان ڕیتمی سەری چەپ-گر **the left-most head rhyme** یان لە چەند (پێ)یەکدا لە وشەیەکی فۆنۆلۆجیدا ھەیە. بەپێی کەرتە پێکھێنەرەکانی وشە فەرھەنگییە و بەپێی چەند 'گریمانەیەکی سیمانتیکیی فەرھەنگی' بۆ دیاریکردنی شوێنی هێزی دانە فەرھەنگییەکان، ڕیزبەندی (پێ)ی هێزدار/هێزی یەکەم (پێ)ی ناهێزداری ناوەندی

/لاواز، بۆ دروستەی پێوانەیی وشە فۆنۆلۆجییەکە دیاریدەکرێت کە بە **[(پێ)ی بەهێز (پێ)ی لاواز]** [Σs Σw] یان**[(پێ)ی لاواز (پێ)ی بەهێز]** [Σw Σs] دەستنیشان دەکرێت. بۆ نواندنی ئاستی (پێ) لە دانە فەرهەنگییەکانی ئەم چینەدا، بڕوانە (٢-٤/٣)).

بەگشتی ئەو دانە فەرهەنگییانەی دەکەونە ئەم وەچە ئاستەوە:

١-نواندنی هەندێک لە ناوە سێ بڕگەییە لێکدراوەکان کە هێزی سەرەتاگری ڕیتمییان هەیەو هەڵاوێرکردنن لە هێزدانانی ئاستی دوودا.

٢-نواندنی (ناو، هاوەڵناو)ەکان کە لە سێ بڕگە زیاترن دوو (پێ) بەرهەمدێنن.

٣-نواندنی سەرجەم دەرکردەی پرۆسە مۆرفۆلۆجییەکانی داڕشتن و لێکدانی (ناو، هاوەڵناو)ەکان کە لە سێ بڕگە زیاترن دوو (پێ) بەرهەمدێنن.

٤-نواندنی وشە ئێکسۆسێنتریکەکان و وشە ئێندۆسێنتریکەکان.

٥-هەروەها بۆهەموو ئەو کەتیگۆرییانەی تریش ڕاستە کە هێزدانانی سەرەتاگریی یان کۆتاگرییان هەیە و لە سێ بڕگە زیاتر پێکدێن، وەک پۆلی کەتیگۆری ڕەگی کردار و هاوەڵکارەکان لە فەرهەنگدا.

لەم ئاستەدا سەرەڕای هێزی سەرەکی هێزی ناوەندی/دووەم و هێزی سێیەمیش بوونی هەیە بەپێی ژمارەی (پێ)یەکان لە وشە فۆنۆلۆجییەکەدا.

## ٢/٩-٥)ئاستی چوار:

ئەو دانە فەرهەنگیانە لە خۆدەگرێت کە لە دوو یان سێ (پێ)ی هێزداری پێکەوە بەبەستراوە پێکدێت، لە یەک کەرتی مۆرفۆلۆجی زیاترن، یان لە مۆرفیمی سەربەخۆ ومۆرفیمەبەندە ڕێزمانییەکان پێکدێن، وەک :

١- پارادایمە ناوییەکان.

٢-پارادایمە هاوەڵناوییەکان.

٣-پارادایمە کردارییەکان.

### ٢/٩-٥-١)نواندنی ئاستی (پێ) (Σ) لە دانە فەرهەنگییەکانی ئاستی چواردا:


دانەکانی ئاستی چوار فریزی فۆنۆلۆجی فەرهەنگین و لەیەک کەتیگۆری فەرهەنگی زیاتر پێکدێن، لەمبارەدا (پێ)یە هێزدارەکان پشت نابەستن بە ژمارەی بڕگە پێکهێنەرەکان، بەڵکو پشتدەبەستن بە کەرتە فەرهەنگییە هێزدارەکان، و زیاتر لە لەیەک (پێ)ی هێزدار پێکدێنن کە ڕیتمی سەری ڕاستگر یا ڕیتمی سەری چەپگریان لە چەند (پێ)یەکدا هەیە، بەڵام <u>لە فریزی فۆنۆلۆجیدا</u> **نەک** <u>لە وشەی فۆنۆلۆجیدا</u>، واتە بەگشتی زیاتر لە یەک (پێ)ی هێزدار هەیە لە دانە فەرهەنگییەکەدا، لەهەندێ باری هەڵاوێرکردندا نەبێت، کە تەنها لە یەک بڕگەو یەک (پێ)پێکدێن، <u>بەڵام ئاستی دووەمی (پێ)ی نییە و تیایدا (پێ)یەکان پێکەوە نا بەستریێنەوە</u> **unbounded feet** <u>واتە (پێ)ی ئاوێتە بەرهەم ناهێنن، چونکە لەبری وشەی فۆنۆلۆجی فریزی فۆنۆلۆجی بەرهەمدێنن</u>، هەموو کاتێک ڕێگەپێدراوە کەرتی نوێی وەک وشەی فەرهەنگی، یان چەند وشەیەکی ئەرکی ڕێزمانیی وەک [ئەسپێکتەشکانەوەیەکانی وەک مۆریفەکانی کات، نەرێکردن، کۆ وناسراوی،.. یان کلتیکەکان ] بکەونە نێوانیانەوە و (پێ)ی هێزداری تر دروست بکەن، چونکە ئەم کەرتە

پێکهێنەرانەی کە باسکران دانەی هێزدارن و زۆرجار دەتوانن (پێ)ی هێزداری تر دروستبکەن، بە مەرجێک ڕووبەڕووی پێکداچوونی ئاستی بڕگەیی نەبنەوە. لەمبارەدا بالادەستی (پێ) لەفرێزە فۆنۆلۆجییەکەدا دیتەئاراوە، کە پارامیتەری شیوەی (پێ)یە، ئەمەش لە زمانی کوردیدا بەپێی جۆری پارادایمەکە دیاریدەکریتەوە، بە جۆرێک ئەو (پارادایمە ناویی)انەی کە لە یەک کەرتی پێکهێنەر زیاترن لە یەک (پێ)ی هێزدار زیاتر پێکدێن و هێزی سەرەکی دەکەویتە سەر بزوێنی بڕگەی کۆتاییان لە (پێ)ی کۆتاییاندا، بەپێی نووسینی ئەلفبێی جیهانی و لاتینی ڕیتمی سەری ڕاستگریان دەبێت و لەمبارەدا (پێ)ی ڕاست –بالادەست بەرهەمدێت، وەک لە پارادایمەکانی (ناو)دا. ئەگەر پارادایمی 'هاوەڵناوی' پێکهات، کە لە یەک کەرتی پێکهێنەر زیاتربوو، ئەوا لە یەک (پێ)ی هێزدارزیاتر پێکدێن و هێزی سەرەکی دەکەویتە سەر بزوێنی بڕگەی سەرەتا لە (پێ)ی سەرەتایاندا لە کەرتی سەرەتادا، بەپێی نووسینی ئەلفبێی جیهانی و لاتینی ڕیتمی سەری چەپگریان دەبێت و لەمبارەدا (پێ)ی چەپ–بالادەست بەرهەمدێت. (بڕوانە( **Crystal, 2008:193**))، بەڵام بە نووسینی ئەلفبێی عەرەبی پێچەوانە دەبێتەوە.

ئەم ئاستە وەک ئاستێکی ناوەند لە نێوان فەرهەنگ و سینتاکسدا مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، چونکە لەم ئاستەدا سەرەڕای هێزی سەرەکی هێزی ناوەندی/دووەم و هێزی سێیەمیش بوونی هەیە بەپێی ژمارەی (پێ)یەکان لە فرێزە فۆنۆلۆجییەکەدا، بەڵام ئەوەی جیای دەکاتەوە لە ئاستی سێیەم ئەوەیە کە:

هەموو(پێ)یە پێکهێنەرەکانی دانەکانی ئاستی چوارەم لە فرێزە فۆنۆلۆجییەکەدا هێزدارن، دەتوانن دووجار ئاستی پلەداری هێزەکەیان بگۆڕن. (بڕوانە ١١/٢))

بەپێی دەرئەنجامە بەدەستهاتووەکان، ئاستەکانی هێزو نواندنی پێوانەیی ئاستە فەرهەنگییەکان و ئاستە دوافەرهەنگییەکانی زمانی کوردی لەم خشتەیەدا ڕووندەکرێتەوە:




**هێڵکاریی (١٣)دیاریکردنی ئاستەفەرهەنگییەکان بەپێی دروستەی پێوانەیی(پێ)ی ڕیتمی و هێز لە مۆدێلی فەرهەنگ و دوافەرهەنگی کوردیدا، کە ئاستی نواندنی فۆنۆلۆجییانەی دانە فەرهەنگییەکان هاوشان بە نواندنی پرۆسەمۆرفۆلۆجییەکانی دارشتن بەپێی شوێنی هێز و نواندنی دروستەی پێوانەیی دانەفەرهەنگییەکان شانبەشانی پرۆسە مۆرفۆلۆجییەکانی وشەڕۆنان لەئاستی فەرهەنگ و دوافەرهەنگی کوردیدا دەردەخات.**

## ١٠/٢) یاسا فۆنۆلۆجییە دوافەرهەنگییەکان لە کوردیدا:

یاسا فۆنۆلۆجییە دوافەرهەنگییەکان بەپێی دوو تێڕوانینە سەرەکییەکەی تیۆری فۆنۆلۆجیی فەرهەنگی، دابەش دەبێت بۆ یاسا فۆنۆلۆجییە کەرتییەکان/مۆفۆفۆنەمیکییەکان و یاسافۆنۆلۆجییە ناکەرتییەکان/پرۆسۆدیکییەکان.

### ١٠/٢-١)یاسا فۆنۆلۆجییە مۆرفۆفۆنەمیکییە دوافەرهەنگییەکان لە کوردیدا:

بواری سەرەکی یاسا دوافەرهەنگییەکان لە ڕستە و دەربڕاوەکان دایە، لەبەرئەوەی ئەم یاسا دوافەرهەنگییانە بۆ زنجیرە دەنگییە داڕێژراوەکانی وەک (دەربڕاو)ەکان جێبەجێدەکرێن، کە لەلایەن ئۆپەراسیۆنە سینتاکسییەکانەوە جێبەجێکراون(**Rubach,2008:45**)لە (**Waffa Suhib,2019:13**).

هەروەها مۆدولی فرێزی فۆنۆلۆجی، کە هاوتایە لەگەڵ یاسا فۆنۆلۆجییە دوافەرهەنگییەکاندا، بە واتای فۆنۆلۆجیی ڕیزبەندی وشە، یان ڕیزکردنی وشە یان فرێز دێت (**Roca,1994:254-255**). لە ڕاڤەکردنی یاسافۆنۆلۆجییە فەرهەنگییەکانی زمانی کوردییەوە دەرکەوت، کە فرێزی فۆنۆلۆجی دەکەوێتە ئاستی چواری فەرهەنگەوە لە ڕۆنانی پارادایمە ناوی و هاوەڵناوی کردارییەکاندا، بەڵام لە ڕۆنانی فرێزە سینتاکسییەکانی تری دیارخەری و خاوەنداری و پێکهێنانی فرێزی بەرکاری،..دا دەکەوێتە ئاستی دوافەرهەنگەوە، کەواتە دەکرێت ***ئاستی فرێزی فۆنۆلۆجی*** وەک ئاستێکی نێوەند لە نێوان ئاستی فەرهەنگ و دوافەرهەنگدا لە کوردیدا دابنرێت، وەک تایبەتمەندییەکی زمانی کوردی و دەرچوون لە بنەماکانی تیۆریەکە، کە وایدادەنێت دەکەوێتە ئاستی دوافەرهەنگەوە.

نەریتی سڕینەوەی کەوانەکان و مەرجی توندی سووڕی و بنەمای پاراستنی دروستە، هیچ کام لەم نەریتانە لە ئاستی دوافەرهەنگدا ڕێگە پێدراو نییە.

کەواتە یاسا فۆنۆلۆجییەکانی ئاستی دوافەرهەنگ لە ئەنجامی چوونە پاڵیەکی وشە فۆنۆلۆجییەکان لە فرێزداو لە ڕستەدا/سینتاکسدا، هاوسێیەتی بوونی کەرتە دەنگییەکان ڕوودەدات، کە فەرهەنگی نین و هی هیچ ئاستێکی داڕشتن نین، ئەنجامی ئەم هاوسێیەتی بوونەش دروست بوونی ئەلۆفۆنە جیاوازە کاتییەکانە بۆ ئەو کەرتە دەنگییانەی کە لەسەرجەمی زنجیرە دەنگییە دەربڕاوەکەدا دێن، بەڵام لە سنووری ئەلۆفۆمۆرفی وشەکانی دەربڕاوەکە دەرناچن. کەواتە ئەو پرۆسە فۆنۆلۆجییانەی کە دەخرێنەکار لە نێوان وشەکاندا، جگە لەوانەی کە لە ناو پرۆسەکانی لێکدانی وشەکاندان، بە یاسا دوافەرهەنگییەکان دەناسرێن (**Robert Hgiwara, 1992:2-3**) .

کەواتە سەرجەم ئەو گۆڕانە دەنگییانەی کە لە ئاستی سینتاکسدا ڕوودەدەن بە گۆڕانی دوافەرهەنگی دادەنرێن وەک ئەو گۆڕانکارییە فۆنۆلۆجییانەی کە بە'ئابووریکردن' ئاماژەیان پێدراوە.

لە زمانەوانی کوردیدا لێکۆڵینەوەی زۆر لەم بوارەدا ئەنجامدراوە بەڵام بەبێ ئاماژەدان بە جۆری یاسا فۆنۆلۆجییەکە کە فەرهەنگییە یان دوافەرهەنگی و گۆڕانە فۆنۆلۆجییەکان کاتین یان فەرهەنگی و هەمیشەیین.

گەر پرسیاربکرێت: گرنگی چییە ئاماژە بە جۆری یاساکە بدرێت یان نا؟

لەسادەترین وەڵامدا واگریمانە دەکرێت کە ئاماژەدان بە جۆرو تایبەتمەندیی یاسا فۆنۆلۆجییەکە بەوەی کە فەرهەنگییە یان دوافەرهەنگی! لەوەدایە کە: یارمەتیدەرە لە پاراستنی فۆرمی فۆنۆلۆجی بنج/ڕەگی دانە فەرهەنگییەکان کە کارتێکراو دەبن بە یاسا فۆنۆلۆجییەدوافەرهەنگییەکان لەدەربڕینەکاندا، جیاکردنەوەی زارۆچکەکان لە ناو شێوەزارێکدا، پاراستنی زمانی کوردی لە تێکەڵبوون و ژەهراوی بوونی زمانەکە لەگەڵ زمانەهاوسێکانیدا. دەستنیشانکردنی شێوەزارێک وەک زمانی ستاندارد، وەکو دەستنیشانکردنی شێوەزاری سلێمانی و جیاکردنەوەی لە زارۆچکەی شارەزووری و گەرمیانی و بەرزنجەیی،... .

## ٢-١٠/٢)یاسا فۆنۆلۆجییە پرۆسۆدیکییەکانی ئاستی دوافەرهەنگ:

دەستنیشانکردنی کەتیگۆرییە پرۆسۆدیکییەکانی وەک: مۆرا، برگە، پێ، وشەی فۆنۆلۆجی، فرێزی فۆنۆلۆجی، فرێزی ئاوازەیی، دەربڕاو، کە بە هەرەمی پرۆسۆدیکیش ناو دەبرێت، لە کۆی دەربڕاوێکدا، بەپێی یاسافۆنۆلۆجییە دوافەرهەنگییە ناکەرتییەکان دەبێت.

مەرج نییە هەریەکێک لەم کەتیگۆرییە پرۆسۆدیکییانە هاوتا و ئایزۆمۆرفیمی کەتیگۆرییە سینتاکسییەکانی وەک مۆرفێم، وشە، فرێز، ڕستە بێت. واتە مەرج نییە هەموو دەربڕاوێک **Utt.** ڕستەیەکی تەواوبێت.

دەستنیشانکردنی هەریەکێک لەو کەتیگۆرییە پرۆسۆدیکییانە، بەپێی ئەو تایبەتمەندییە فۆنۆلۆجییانە دەبێت کە بۆ کەتیگۆرییەکە دیاریکراوە.

کاریگەرییە فۆنۆلۆجییەکانی دروستبوونی <u>فرێزی فۆنۆلۆجی</u> وەک برگەبرگە کردنەوە، پێ پێ کردنەوە، بەرزکردنەوەی هێزی یەکێک لە (پێ)یە هێزدارە پێکهێنەرەکانی فرێزە فۆنۆلۆجییەکە، دروستبوونی فرێزی ئاوازەیی، کە دەربڕی موودە جیاوازەکانە لە ڕستەدا، پاشان زیادکردنی/سەرپارکردنی تایبەتمەندییە پرۆسۆدیکییەکانی وەک: تۆنەکان**Tone** لەزمانە تۆنییەکاندا، پلەبەندیی زرنگەی پیچ/ڕێنجی پیچ **Pitch range**، وەستان**pouse**، درێژکردنەوە، بەرزکردنەوە، نزمکردنەوە، لەرزۆکی**Tremulous**، زبری**Husky**، توندی**Harsh** )ی دەنگ،..) کە دەبنە هۆی گەیاندنی واتاو مەبەستی زیاتر لە دەربڕاوەکەدا بڕوانە (**فەقێ ئیبراهیم، هاوسەر نەوزاد ،٢٠٢٢: ٦٩-٧٧**)). سەرجەمییان دەچنە چوارچێوەی یاسا فۆنۆلۆجییە دوافەرهەنگییە پرۆسۆدیکییەکانەوە.

## ١١/٢) نواندنی کەتیگۆرییە پرۆسۆدیکییە دوافەرهەنگییەکان لە کوردیدا :

زمانەوانە لێکسیکاڵیستەکان/فەرهەنگناسەکان بانگەشەی ئەوەدەکەن، کە وشەکان دانەی فەرهەنگین **Lexical items**، ئەوە مانای وایە کە هەندێک لە یەکەی گرنگی فۆنۆلۆجی وەک وشەی فۆنۆلۆجی، هاوتایە لەگەڵ یەکەی بنەڕەتی پێکهاتەی ڕستەسازی. هەرچەندە لەناو فۆنۆلۆجیی فەرهەنگی و مۆرفۆلۆجیی فەرهەنگیدا هەرگیز هیچ کەسێک بانگەشەی ئەوەی نەکردووە کە وشەکان هاوتای دانە فەرهەنگییەکانن /لێکسیمەکانن، لەمەوە ئەو ڕاستییە دەردەکەوێت کە لە لێکۆڵینەوەی فۆنۆلۆجیی پرۆسۆدیکیدا **prosodic phonology** دروستە سینتاکسییەکانیش هاوتای/ئایزۆمۆفێمی دروستە پرۆسۆدیکییەکان **prosodic structure** <u>نین</u> (**Marantz,1997: 206-207**). لێرەوە ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە لە لێکۆڵینەوە

پرۆسۆدیکییەکاندا مەرج نییە هەموو کاتێک دانە فەرهەنگییەکان هاوتای وشەی فۆنۆلۆجی بن، دروستە سینتاکسییەکانیش هاوتای دروستە پرۆسۆدیکییەکان بن. کەواتە مەرج نییە هەموو دانە فەرهەنگییەکان وشەی فۆنۆلۆجی بن، فرێزی سینتاکسیش هاوتای فرێزی فۆنۆلۆجی و فرێزی ئاوازەیی بێت، دەربڕاوەکانیش هاوتای ڕستەی تەواو بن. لەم بەشەدا هەوڵدراوە جەخت بخرێتە سەر نواندنی ئاستی هێز لە دروستەی کەتیگۆرییە پرۆسۆدیکییە دوافەرهەنگییەکانی وەک (فرێزی فۆنۆلۆجی، فرێزی تۆنی، دەربڕاو) شانبەشانی ڕاڤەکردنی هەندێک لە تایبەتمەندێتییە پرۆسۆدیکییە واتاگۆڕەکان تیایاندا.

## ۱-۱۱/۲) ئاستی هێزدانان و نواندنی دروستەی پێوانەیی فرێزی فۆنۆلۆجی لە دەربڕاوی کوردیدا:

نواندنی دەربڕاوە فۆنۆلۆجییەکان .Utt کە لە لەیەک وشەی فۆنۆلۆجی یەک برگەیی پێکهاتبێت و ئەویش لە وشەی فۆنۆلۆجی یەک برگەیی، دوو برگەیی، سێ برگەیی پێکهاتبێت، واتە لە یەک وشەی فۆنۆلۆجیی فرەبرگەیی پێکهاتبێت، هەروەک لە دروستەی فرێزی فۆنۆلۆجیدا ئاماژەپێدراوە، بەمشێوەیەیە :

۱- ئاستی هێزدانان لە فرێزە فۆنۆلۆجییانەدا کە دەربڕاوەکە تەنها <u>لە یەک وشەی فۆنۆلۆجی پێکهاتووە</u>، ئەمانەش دەبن بە سێ گرووپی ترەوە کە بریتین لە:

ا- ئەگەر **وشە فۆنۆلۆجییەکە** لە <u>دەربڕاوە یەک برگەییەکانی</u> وەک : [ئا، نا، ئێ، چی، بۆ، هات ڕۆشت،...] پێکهاتبوو، ئەوا ڕاستەوخۆ هێزە فەرهەنگییەکەیان بەرز دەکرێتەوە و دەبێتە هێزی فرێزی و فرێزێکی فۆنۆلۆجی بەرهەمدێت، پاشان هەر ئەو هێزە دەبێتە هێزی سەرەکی بۆ پێکهێنانی فرێزی ئاوازەیی لەگەڵ تەوژم/پیچدا، هێزەکە دەبێتە هێزی سینتاکسی و دەربڕاوی فۆنۆلۆجی بەرهەمدێت، درەبڕاوەکە یەک، ئاوازەی بۆ دروستدەبێت، کە وەک تاکە تاکە یەک (تۆن) دەنوێنرێت، چونکە لەیەک برگە پێکهاتووە؛ بەڵام لەم جۆرە دەربڕاوانەدا کە کەتیگۆرییە پرۆسۆدیکییەکەیان پێکهاتووە لە تەنها یەک برگە، تایبەتمەندییە پرۆسۆدیکییەکانی وەک: (بەرزکردنەوە، دێژکردنەوە، نزمکردنەوە، لەرزۆکی،... دەبنە بەشێکێکی خورتی لە دەربڕاوەکەدا بۆ گەیاندنی واتای جیاواز.

وەک لە وەڵامی دەربڕاوێکی وەک:

- [کوڕم دەرچوویت لە تاقیکردنەوەکانتدا؟ ]⟵ وەڵام - : نا.

Utt [IP [pph [ pw[fnc[نا]]]]]

IP1 هێز+تەوژمێکی نزم ، نزمکردنەوە، شەرم

IP2 هێز+ تەوژمی نزمتر، نزمکردنەوە و لەرزۆکی، ترس

IP3 هێز+ تەوژمی بەرز ، بچڕ بچڕ، نەترسان بەڵام بێزاری

IP4 هێز+تەوژمی بەرزتر، توندکردنەوە، توڕەیی

هەروەها هەریەکە لە دەربڕاوەکانی [هات] ، [چوو]، [ڕۆشت]،... دا هەمان دروستەی کەتیگۆری پرۆسۆدیکییانەی فرێزی فۆنۆلۆجی و فرێزی ئاوازەیی و دەربڕاویان هەیە.

ب- ئاستی هێزدانان لەو فرێزە فۆنۆلۆجییانەدا کە دەربڕاوەکە تەنها لە یەک وشەی فۆنۆلۆجیی دوو برگەیی پێکهاتووە کە لە بنەڕەت دا وشەی ف.ئەرکین، وەک : (بەڵێ ، نەخێر) ئەوا لەبەرئەوەی ئەم

وشانە لە فەرهەنگدا بە وشەی ف.ئەرکی دادەنرێن هێزدانانی سەرەتاگرییان هەیە، (پێ)ی ترۆکێکییان پێکهێناوە، کاتێک لە ئاستی دوافەرهەنگدا دەبن بە فرێزی فۆنۆلۆجی، ڕاستەوخۆ هێزە فەرهەنگییەکەیان بەرز دەکرێتەوە و دەبێتە هێزی فرێزی و فرێزێکی فۆنۆلۆجی بەرهەمدێت، پاشان هەر ئەو هێزە دەبێتە هێزی سەرەکی بۆ پێکهێنانی فرێزی ئاوازەیی لەگەڵ تەوژم/پیچدا، هێزی فرێزە ئاوازەییەکە دەبێتە هێزی سینتاکسی و دەربڕاوێکی فۆنۆلۆجی بەرهەمدێت، کە دوو ئاستی نواندنی (بەرز_نزم) ی دەبێت لە دەربڕاوەکەدا. بەهەمان شێوە لەم جۆرە دەربڕاوانەدا تایبەتمەندییە پرۆسۆدیکییەکانی وەک: بەرزکردنەوە، درێژکردنەوە، نزمکردنەوە، لەرزۆکی،...، دەبنە بەشێکیکی خورتی لە دەربڕاوەکەدا بۆ گەیاندنی واتای جیاواز. بۆ نموونە:

- [دەتەوێت کچە پوورەکەت بۆ بخوازین؟ ]⟵ وەڵام – : نەخێر.

Utt [$^{IP}$ [$^{pph}$ [ $^{pw}$[نە´خێر]]]]

$IP_1$ هێز+تەوژمێکی بەرز_نزم ، شەرم

$IP_2$ هێز+تەوژمێکی بەرزی هەڵکشاو_بەرز، درێژکردنەوە، پێداگری

$IP_3$ هێز+ بەرز_ بەرز، بچڕ بچڕ، نەترسان بەڵام بێزاریی

$IP_4$ هێز+بەرز_ بەرزتر، توندکردنەوە، تورەیی

(+ : بەواتای 'لەگەڵ'، هێز+تەوژم واتە: هێزەکەی لەگەڵ تەوژم)

ت– ئەگەر گەر وشە فۆنۆلۆجییەکە لە دەربڕاوە فرە بڕگەییەکانی وەک : [زلە، گەمژە، لادێیی، چاوچنۆک،..] پێکهاتبوو، ئەوا لەبەرئەوەی ئەم وشانە لە فەرهەنگدا بە کەتیگۆری هاوەڵناو دادەنرێن هێزدانانی سەرەتاگرییان هەیە، گەر دوو بڕگەیی بوون (پێ)ی ترۆکێکییان پێکهێناوە، گەر سێ بڕگەیی بوون (پێ)ی داکتڵ، گەر لە سێ بڕگەش زیاتر بوون بەپێی بنەماکانی هێزدانانی ئاستی سێ، هێزیان بۆ دادەنرێت، کاتێک لە ئاستی دوافەرهەنگدا دەبنە فرێزی فۆنۆلۆجی، دروستەی بڕگەیی و دروستەی (پێ)یان هەڵدەوەشێتەوە، چونکە دەبنە دەربڕاو، ڕاستەوخۆ هێزە فەرهەنگییەکەیان بەرز دەکرێتەوە و دەبێتە هێزی فرێزی و فرێزێکی فۆنۆلۆجی بەرهەمدێت، پاشان هەر ئەو هێزە فەرهەنگییە دەبێتە هێزی سەرەکی بۆ پێکهێنانی فرێزی ئاوازەیی لەگەڵ تەوژم/پیچدا، هێزی فرێزە ئاوازەییەکەش دەبێت هێزی سینتاکسی و درەبڕاوێک پێکدەهێنن، لە دەربڕاوە دووبڕگەییەکاندا تەنها یەک ئاستی نواندنی (بەرز_نزم) ی دەبێت. چونکە بۆ مەبەستی لۆمەکردن و سەرزەنشت و جنێو بەکار دێت. لە سێ بڕگەییەکانیشدا یەک ئاستی نواندنی (بەرز_نزم _بەرز)یان دەبێت، لەگەڵ تایبەتمەندییە پرۆسۆدیکییەکانی وەک بەرزکردنەوە، دێژکردنەوە، توندی،.... بۆ نموونە:

- لەسەرزەنشت کردن دا : [نەزان]⟵

–[[[نە]$^{pw}$[زانˊ ] $^{pph}$] $^{IP}$] Utt

IP هێز+ تەوژمێکی بەرزی هەڵکشاو_بەرز، درێژکردنەوە، ناوونانۆرە لێنان

IP هێزی سەرەتاگری +تەوژمی بەرز_ بەرز، بێزاریی

IP هێزی سەرەتاگری +تەوژمی بەرز_ بەرزتروبەردەوامی، توندکردنەوە، تورەیی.

### ٢– نواندنی ئاستی هێزی فرێزی فۆنۆلۆجی لەناو دەربڕاوە ڕستەییەکاندا:

گەر وشە فۆنۆلۆجییەکە لە وشەیەکی فەرهەنگی پێکهاتبوو، نەچووبووە دروستەیەکی فرێزی سینتاکسییەوە، وەک: [ژن، پێشمەرگە]، ئەوا ڕاستەوخۆ هێزە فەرهەنگییەکەیان بەرز دەکرێتەوە و دەبێتە

هێزی فرێزی و فرێزێکی فۆنۆلۆجی بەرهەمدێت، گەر هەر ئەو فرێزە فۆنۆلۆجییە لە ئارادابوو بۆ پێکهێنانی فرێزە ئاوازەییەکە، ئەوا هێزە فەرهەنگییەکە دەبێتە هێزی سەرەکی بۆ پێکهێنانی فرێزە ئاوازەیەکە، دواتر لەگەڵ فرێزە ئاوازەییەکانی تردا بەپێی ویستی قسەکەرو پێویستی دەورووبەری گفتەگۆکە، کام فرێزە ئاوازەییەیان مەبەست بێت هێزی ئەوەیان دەبێتە هێزی سەرەکی لە دەربڕاوەکەدا واتە هێزەکەی دەبێتە هێزی جەخت و بە بەرزترین ئاستی پێویست هێزەکە دەنوێنرێت، لەمبارەدا یاسای هێزدانانی ئازاد پەیڕەودەکرێت وەک لە:

١–[گوڵ ]$^{pw}$⟵ $^{pph}$[گو´ڵ] نیشانەی جوانییە.← [ [[گو´ڵ $^{pw}$[guľ ]$^{pph}$ ]$^{IP}$نیشانەی جوانییە.

ب– [پێشمەرگە ´ $^{pw}$[ pêş. mer. gé ⟵ [پێشمەرگە ´]$^{pph}$ وەک شێرە.← [[ پێشمەرگە ´]$^{pw}$ ]$^{pph}$ ]$^{IP}$ وەک شێرە.

٢– ئەگەر فرێزە فۆنۆلۆجیەکە لە چەند کەرتێکی پێکهێنەری مۆرفۆلۆجیی فەرهەنگی وەک [وشەی فەرهەنگی، وشەی فۆنۆلۆجیی ئەرکی/مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی] پێکهاتبوو لە ئاستی بڕگەدا، ئەوا هێندەی ژمارەی کەرتە پێکهێنەرە هێزدارەکان، (پێ)ی هێزدار بەرهەمدێت، بەمەرجێک ڕووبەڕووی کورتبوونەوەی ئاستی (پێ) نەبنەوە، لەمبارەدا (پێ)ی سپۆندی بەرهەمدێت، پاشان هێزی یەکێک لە (پێ)یەکان بەرزدەکرێتەوە ودەبێت هێزی فرێزی و فرێزی فۆنۆلۆجی بەرهەمدێت. یان دەکرێت فرێزە فۆنۆلۆجییەکە لە فرێزێکی فۆنۆلۆجی و کەرتێکی تری مۆرفۆلۆجی هێزدار پێکبێت، ئەمە لە کاتێکدا ئەگەر دروستەی فرێزە فۆنۆلۆجییەکە پارادایمێک بوو یان فرێزێکی ناوی بوو،،،، وەک لەنموونەی (ا،ب)دا بۆ [نیشانەی جوانی ][کۆڵەکەی ماڵ] ڕوونکراوەتەوە :

ا– گوڵ نیشانەی جوانییە.

ا– ژن کۆڵەکەی ماڵە.

**لە ئاستی دوافەرهەنگدا :**

–[ گوڵ نیشانەی جوانییە.]$^{utt}$ ⟵

**–[گو´ڵ] $^{IP1}$ + [نیشانەی جوانییە]$^{IP2}$ ←**

**–[گو´ڵ]**ڕیتم +تەوژم = $^{IP1}$ + **[نیشانەی جوانییە]**(ڕیتم+ڕیتم )+ تەوژم =$^{IP2}$ ←

**–[[ گو´ڵ]$^{pph1}$ ]**ڕیتم +تەوژم = $^{IP1}$ + **[ [[نیشانە´ی]$^{pph2}$ + [جوانییە ´]$^{pph3}$ ]**(ڕیتم+ڕیتم )+ تەوژم =$^{IP2}$ ←

**–دروستەی مۆرفۆپرۆسۆدیکییەکەی دەبێت بە:**

–[[[ گو´ڵ]$^{pw}$ ]$^{pph1}$ ] (هێزی فەرهەنگی =ڕیتم)+تەوژم = $^{IP1}$ + [ [[نیشانە´]$^{pw}$ + [–ی]$^{fnc}$ناهێزدار]$^{pph2}$(هێزی فەرهەنگی =ڕیتم) +
[ [جوانی´]$^{pw}$+[–ی]$^{fnc}$فیلەر/ ناهێزدار+[–ە ´]] (هێزی فەرهەنگی+هێزی فەرهەنگی =ڕیتم) $^{pph3}$ ](ڕیتم+(ڕیتم +ڕیتم ))+ تەوژم =$^{IP2}$

–[ [گو´ڵ] $^{pph1}$]$^{IP1}$ + [ [نیشانە´ی] $^{pph2}$ + [جوانییە ´]$^{pph3}$ ]$^{IP2}$

– [ [گو´ڵ]$^{pph1}$]$^{IP1}$ + [ [[نی.شا. نە´ی.nĭ .şa. néy]]$^{pph2}$ + [جوا. نی.`یە cwa. nî` . yé.]$^{pph3}$ ]$^{IP2}$

–[ [σ́]]$^{IP1}$ + [ [.σ́ . σσ̀]] (هێزی فەرهەنگی+هێزی فەرهەنگی=ڕیتم) $^{pph2}$ + [.σ́ . σ σ̀] هێزی فەرهەنگی+هێزی فەرهەنگی =ڕیتم$^{pph3}$ ]$^{IP2}$

– [[pph1[ Σ́ ]]IP1 + [[Σ́ ]] ڕیتم pph2 + [Σ́ Σ] ڕیتم pph3 ]IP2

[-[pph1[ Σś ]]IP1 + [[Σ́s ] ] ڕیتم pph2 + [Σś Σw] ڕیتم pph3 ]IP2

لەنموونەی: [نیشانەی جوانی]دا، فرێزی فۆنۆلۆجی دووەمەو **pph2** و پێکهاتووە لە فرێزێکی ناوی دیارخراو، تیایدا هێزی سەرەکی دەکەوێتە سەر (ناو)ە دیارخراوەکە، کە [نیشانە]یە ، هێزدانان لەناودا کۆتاگرییە لەبەرئەوە هێزی سەرەکی لە وشە فۆنۆلۆجییەکەدا دەکەوێتەسەر بزوێنی برگەی کۆتایی ناوەکە، ناوگری/مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی[–ی]یش، <u>**نە**</u> هێزدارە و <u>**نە**</u> ڕاکێشەری هێزی سەرەکیشە، هیچ هێزێکی ناکەوێتە سەر، لەبەرئەوە تەنها یەک (پیَ)ی هێزدار بەرهەم دێت لە فرێزی فۆنۆلۆجی دووەمدا، لە ئەنجامدا هێزی [نیشانە]بەرزدەکرێتەوە و دەبێتە هێزی فرێزی، لە فرێزە فۆنۆلۆجییەکەدا.

لە فرێزی فۆنۆلۆجی**pph3** دا کە پێکهاتووە لە [ [جوانی ́] + [–ی–]ناوبەند/ناهێزدار [–ە ́ ]کرداری ناتەواو]، تیایدا هێزی سەرەکی دەکەوێتە سەر کەرتی دووەم، کە کردارە ناتەواوەکەیە و بە وشەی فەرهەنگی**pw** دادەنرێت، چونکە پاشماوە و ئەسپێکتی کردارێکە، پاشان هێزی ناوەندی دەکەوێتە سەر وشەی [جوانی]، کە ناوێکی واتاییە، بەهەردووکیان فرێزی فۆنۆلۆجی سێیەمی دەربڕاوەکە پێکدەهێنن.

لە کۆتاییدا [ **pph2**´ + **pph3** ` ]IP فرێزێکی ئاوازەیی بەرهەمدێنن، کە تیایدا هێزی سەرەکی فرێزە ئاوازەییەکە دەکەوێتە سەر یەکەم فرێزی فۆنۆلۆجی تیایدا کە **pph2**´ ە. بەهەمان شێوەشە بۆ [ژن کۆڵەکەی ماڵە.]

بەم جۆرە دەکرێت ئاستی هێزدانان لە فرێزی فۆنۆلۆجییدا، تاڕادەیەک ببەسترێتەوە بە کەرتە پێکهێنەرە فەرهەنگییەکانییەوە، کە پەیرەوی هێزدانانی سەرەتاگری دەکات لە دروستەی فرێزی ناوی دیارخەریدا لەگەڵ فرێزی پارادایمی کرداری نەرێ و داخوازیدا..؛ بەڵام ئاستی هێزدانان لە فرێزی فۆنۆلۆجییدا پەیرەوی هێزدانانی کۆتاگری دەکات لە پارادایمە ناوییەکاندا، لەهەندێک باری تایبەتدا نەبێت کە قسەکەر بە مەبەست جەختێکی زۆر زەقکراوە بکاتە سەر یەکێک لە کەرتە پێکهێنەرەکانی فرێزە فۆنۆلۆجییەکە، ئەوەش بەپێی ڕووکار/موودی دەربڕاوەکە و جۆری ستایلی/شێوازی قسەکردنەکە دەگۆڕێت، ئەمە زیاتر لە ڕووکاری پرسیاری و لەبواری ستایلی وتاردانا و... دەردەکەوێت. لەمبارەدا پەیرەوی <u>یاسای هێزدانانی گۆڕاو</u> دەکرێت لە کوردیدا.

## ٢-١١/٢)ئاستی هێزدانان و نواندنی دروستەی پێوانەیی فرێزی ئاوازەیی لە کوردیدا:

فرێزی ئاوازەیی پێکدێت لە فرێزێکی فۆنۆلۆجی یان زیاتر، وەک لە نموونەی:

١- ژن کۆڵەکەی ماڵە:

لە ئاستی دوافەرهەنگدا :

**–[ژن کۆڵەکەی ماڵە.]utt** ←

**–[ژ ́ن ]IP1 + [کۆڵەکەی ماڵە]IP2** ←

**–[ژ ́ن ]**ڕیتم +تەوژم = IP1 + **[کۆڵەکەی ماڵە]**(ڕیتم+ڕیتم )+ تەوژم =IP2 ←

**–[[ژ ́ن]]pph1**ڕیتم +تەوژم = IP1+ **[ [[کۆڵەکە ́ی] pph2 + [ماڵە ́] pph3 ]**(ڕیتم+ڕیتم )+ تەوژم =IP2 ←

–دروستەی مۆرفۆپرۆسۆدیکییەکەی بەم هەنگاوانە دەنوێنرێت:

–نواندنی ئاستی فرێزی ئاوازەییانەی لە ئاستی دوافەرهەنگدا دەبێت بە:

–[ژ ́ن ] IP1 + [کۆڵەکەی ماڵە] IP2

–نواندنی ئاستی فرێزی فۆنۆلۆجییانەی لە ئاستی دوافەرهەنگدا دەبێت بە:

–[[ژ ́ن]pph1 [ڕیتم +تەوژم = IP1 + [ [[کۆڵەکە ́ی]pph2 + [ماڵە ́]pph3 [(ڕیتم+ڕیتم )+ تەوژم =IP2

– نواندنی ئاستی وشەی فۆنۆلۆجییانەی لە ئاستی دوافەرهەنگدا دەبێت بە :

–[[[ژ ́ن ]pw ]pph1 (هێزی فەرهەنگی =ڕیتم)+تەوژم = IP1 + [ [[کۆڵەکە ́]pw + [ی]ناهێزدارfnc (هێزی فەرهەنگی =ڕیتم)pph2 +

[ [ماڵ]pw+[–ە ́]] (هێزی فەرهەنگی+هێزی فەرهەنگی =ڕیتم) pph3[(ڕیتم+(ڕیتم +ڕیتم ))+ تەوژم =IP2

–نواندنی ئاستی (پێ)ی لە ئاستی دوافەرهەنگدا دەبێت بە:

–[[ Σ ́ ]pph1 [(ڕیتم +تەوژم) = IP1 + [ [Σ ́ ] ڕیتم pph2 + [Σ ́ Σ ] ڕیتمpph3 [((ڕیتم+ڕیتم )+ تەوژم) =IP2

-[ Σs ́ ]pph1 ڕیتم + [ Σ ́s ] ڕیتم+ڕیتم pph2 + [Σs ́ Σw] ڕیتمpph3

–نواندنی ئاستی بڕگەیی لە ئاستی دوافەرهەنگدا دەبێت بە:

–[[ژن.jin]pph1 [(ڕیتم +تەوژم) = IP1 + [ [[کۆڵەکە ́ی.ko. l`e. kéy] pph2 + [ماڵە ́ m`à .le]pph3 [((ڕیتم+ڕیتم )+ تەوژم) =IP2

-[[σ ́.]pph1 ] هێزی فەرهەنگی =ڕیتم +تەوژم = IP1 + [ [ὸσ . σ ́.] هێزی فەرهەنگی+هێزی فەرهەنگی=ڕیتم pph2 + [ό.ὸ] هێزی فەرهەنگی+هێزی فەرهەنگی =ڕیتمpph3 [(ڕیتم+ڕیتم )+ تەوژم =IP

کەواتە لەباری ڕاگەیاندندا، دەربڕاوەکە ڕیتمێکی:

– بەرز[IP1] ( (بەرز_نزم= ماماناوەند) (بەرز))[IP2] . ← بەرزتر[IP1] (ماماناوەند_بەرز)[IP2]. ←

لە دەربڕاوەکەدا، ئەگەر جەخت لەسەر ناوی [ژن] بێت ئاوازەی ڕستەکە: ←بەرزتر[IP1] بەرز_نزم[IP2].

هێزدانان لە فرێزی ئاوازەییدا تاڕادەیەکی زۆر ئازادانەیە، بەتایبەت لەو فرێزە ئاوازەییانەدا کە لەچەند فرێزێکی فۆنۆلۆجی پێکدێن، چونکە هەبوونی چەند فرێزێکی فۆنۆلۆجی واتای هەبوونی چەندین هێزی فەرهەنگی و چەندین هێزی فرێزییە، لەمبارەدا بەرزی و نزمی و هێزە فەرهەنگییەکان لە دەربڕاوەکەداو بەزکردنەوە و جەختکردنەکانی تایبەتمەندییە پرۆسۆدیکییە سەربارکراوییەکانی تریش بۆ گەیاندنی زانیارییەکان لەگەڵ تەوژمەکانیاندا، بەپێی خواستی قسەکەرەکە دەبێت، جۆرە ئاوازێک بە دەربڕاوەکە دەبەخشن کەقاڵبەکەی لە فەرهەنگی ئاوەزی قسەپێکەراندا چەسپاوە و پێیدەوترێت ئاوازە.

### ١١/٢-٢-١) فرێزی ئاوازەیی لە دەربڕاوی ڕاگەیاندندا:

ئاوازەی دەربڕاوێک بە ئاسۆیی بوو، واتە هێزی فرێزە ئاوازەییەکان، کە لە فرێزە فۆنۆلۆجییە پێکهێنەرەکانەوە وەری دەگرێت لەگەڵ تەوژم/پیچی گۆڕاودا، لەیەک ئاستدا دەبێت، لەمبارەدا بە دەربڕاوێکی هەواڵی دادەنرێت، بەڵام جەخت کردنە سەر هەریەکێک لە فرێزە فۆنۆلۆجییە پێکهێنەرەکان، کە بۆ مەبەستی جەختکردنی واتایی بێت، دەبێتە هۆی گۆڕانی ڕیتمی فرێزە ئاوازەیەکە، چونکە ئاستی

تەوژمەکەی/پیچەکەی گۆڕانکاری بەسەردا هێنراوە، بەمەش ئاوازەی ڕستەکە گۆڕانکاری بەسەردا دێت، وەک لە نموونەی: -زانست چرای ژیانە.

-[زانست چرای ژیانە.]utt ←

**-دروستەی مۆرفۆپرۆسۆدیکیی کەتیگۆرییە پرۆسۆدیکییە پێکهێنەرەکان بەمشێوەیە دەنوێنرێت:**

-[[زانسـتَ]pph1 [ ڕیتم +تەوژم = IP1 + [ [چ ìـ را یَ Çi.ray]pph2 + [ژیا نە jya.ne´]pph3 [(ڕیتم+ڕیتم )+ تەوژم =IP2

-[[σ.σ ´.]pph1 [ (هێزی فەرهەنگی =ڕیتم) +تەوژم = IP1 + [ [σ.σ ´.] (هێزی فەرهەنگی =ڕیتم) pph2 + [σ́.σ̀] (هێزی فەرهەنگی+هێزی فەرهەنگی)=ڕیتم pph3 [(ڕیتم+ڕیتم )+ تەوژم =IP2

-[[Σ´ ]pph1 [ڕیتم +تەوژم = IP1 + [ [Σ´] ڕیتم pph2 + [Σ´ Σ] ڕیتم pph3 [(ڕیتم+ڕیتم )+ تەوژم =IP2


-[Σs´ ]pph1 ڕیتم + [Σ´s] ڕیتم+ڕیتم pph2 + [Σs´ Σw] ڕیتم pph3 . بەڵام ئەگەر <u>شوێنی هێزی جەخت گۆڕا</u> ئەوا <u>دروستەی ڕیتمییەکەش گۆڕانی بەسەردا دێت</u>، بەمشێوەیە:

١– گەر جەخت لەسەر فرێزی ئاوازەیی یەکەم بێت، ئەوا هێزی فرێزی فۆنۆلۆجی فرێزی ئاوازەیی یەکەم بەرزکراوەتەوە لە دەربڕاوەکەدا ⟵[ Utt=[ IP2+IP1´ ، دەربڕاوەکە هێزی سەرەتاگری هەیە، ئاوازەی ***'بەرز_نزم_نزم'*** ی هەیە هێزی جەخت لەسەر [زانستە]ە.

٢–گەر جەخت لەسەر فرێزی ئاوازەیی دووەمIP2 بێت، بەڵام لە فرێزە ئاوازەییەکەدا هێزی فرێزی فۆنۆلۆجی یەکەمpph1 بەرزکرابێتەوە لە دەربڕاوەکەدا ⟵ [ IP2 [pph1]´ +IP1 ] ، ئەوا دەربڕاوەکە هێزی ناوبەندی و ئاوازەی ***'نزم_بەرز_نزم'*** ی هەیە جەخت لەسەر [چرای ژیانە].

٣–گەر جەخت لەسەر فرێزی ئاوازەیی دووەمIP2بێت، بەڵام لە فرێزە ئاوازەییەکەدا، هێزی فرێزی فۆنۆلۆجی دووەم pph2 بەرزکرابێتەوە لە دەربڕاوەکەدا ⟵ [IP2 [pph2]´ +IP1] ، ئەوا دەربڕاوەکە هێزی کۆتاگری و ئاوازەی ***'نزم_نزم_بەرز'*** ی هەیە، هێزی جەخت لەسەر کاتی ئێستایە.

هەروەک لە هێڵکاریی تۆڕ/گریددا دەردەکەوێت بۆ نواندنی کەتیگۆرییە پێکهێنەرە پرۆسۆدیکییەکان لە سەرجەم دەربڕاوەکەدا، <u>پێش جەختکردنە سەر فرێزە فۆنۆلۆجییەکان هێزی سینتاکسی بەسەرکۆتا دانراوە</u>. **نواندنی پرۆسۆدیکییانەی بە هێڵکاریی درەختی دەبێت بە:**



کەواتە دەربڕاوەکە بەپێی مەبەستی قسەکەرەکە ئاوازەی دەربڕینەکانی دەگۆڕێت، ئەمە لە کاتێکدا کە دەربڕینەکە تەنها بۆ نواندنی رووکاری ڕاگەیاندن بێت، کەواتە جەختی سینتاکسی بۆ زەقکردنەوەی واتای فەرهەنگی یان بارودۆخی واتاییە. تەنها لەو دەربڕاوە سینتاکسییەدا.

## ٢-٢-١١/٢)فرێزی ئاوازەیی لە دەربڕاوی پرسیاریدا:

گۆڕانی ئاستەکانی تەوژم/پیچی فرێزە ئاوازەییەکان و تایبەتمەندییە پرۆسۆدیکییەکانی تر، کە رووکاری ڕستەکە/مووددەکە دەگۆڕێت لە ڕاگەیاندنەوە بۆ پرسیاری، یان بۆ سەرسوورمان، سەرەڕای ئەو زەقکردنەوەیەی کە لە پێشتردا باسکرا، <u>تایبەتمەندیی درێژکردنەوە</u> و <u>تایبەتمەندییە پرۆسۆدیکییەکانی تر</u> دەکەوێتەکار بۆ ئەو فرێزە فۆنۆلۆجییەی کە مەبەستە و پرسیاری لەبارەوە دەکرێت، لەمبارەدا خودی وشە فۆنۆلۆجییەکە ڕووبەڕووی دووبارە برگە برگەکردن و (پێ پێ) کردن دەبێتەوە(بە جیاواز لە برگە برگەکردن و (پێ پێ) کردنە فەرهەنگییەکەیەوە) بۆ دروستکردنی فرێزێکی فۆنۆلۆجی، ئینجا دەبێت بە فرێزێکی ئاوازەیی لەگەڵ گۆڕانی ئاستی تەوژم/پیچدا، لەگەڵ فرێزە ئاوازەییەکانی تردا، دەربڕاوێکی پرسیاری بەرهەمدێنن، وەک:

- پێشمەرگە وەک شێرە؟

١- گەر پرسیار دەربارەی [پێشمەرگە] بکرێت. ئەوا لە فەرهەنگدا خودی وشەی [پێشمەرگە]ناو، دروستەی پێوانەییەکەی پێکهاتووە لە سێ برگە، هێزدانانی کۆتاگری هەیە و هێزی سەرەکی وشەکە دەکەوێتە سەر بزوێنی برگەی کۆتایی ویەک (پێ) ئەناپستی پێکهێناوە**<u>cvc.cvc.cv́</u>** ← [.σ.σ .σ́] ← [΄Σ ] ←**pw**، لە دەربڕینی ڕووکاری ڕاگەیاندیش دا بەهەمان شێوە بووە تەنها هێزەکەی بەرزکراوەتەوە بۆ هێزی فرێزی و فرێزی فۆنۆلۆجی و فرێزی ئاوازەیی بەرهەم هێناوە، بەڵام کاتێک دەبێتە ڕووکاری پرسیاری و پرسیار دەربارەی [پێشمەرگە] دەکرێت، ڕووبەڕووی <u>دووبارە برگە برگەکردن و (پێ پێ) کردن دەبێتەوە</u> بۆ دروستکردنی فرێزێکی فۆنۆلۆجی و ئینجا دەبێت فرێزێکی ئاوازەیی، بەمشێوەیە:

- [پێش. مەر. گە **pêş. mer. ge**]← هێزی سەرەکی دەکەوێتە سەر بزوێنی برگەی یەکەم، پاشان بزوێنەکە ڕووبەڕووی تایبەتمەندیی درێژکردنەوە دەبێتەوە، بەهۆی گۆڕانی شوێنی هێزەوە ڕیتمی وشەکە دەگۆڕێت و (پێ)ی داکتڵ بەرهەمدێت، ئینجا ئاستی تەوژمەکەی دەگۆڕێت بۆ تەوژمی پرسیاری، فرێزێکی فۆنۆلۆجی و فرێزێکی ئاوازەیی جیاواز بەرهەمدێت کە هێزدانانی سەرەتاگری هەیە:

- [[ پێ ́ ش. مەر. گە **pêş. mer. ge** ]pw ]pph ]IP وەک شێرە.

- [[ پێشمەرگە ]pw ]pph ]IP. هێزی سەرەتاگری دەبێت تەوژمی ***بەرز_نزم_نزم*** دەبێت (چونکە لە سێ برگە پێکهاتووە) هەر برگەیەک لە ئاستی دوافگەرهەنگدا تەوژمی خۆی وەرگرتووە لەم فرێزە ئاوازەییەی یەکەمدا.



ئاوازەی سەرجەم دەربڕاوەکە : پێشمەرگە وەک شێرە؟

–[ [پێشمەرگە ]IP1 + [وەک شێرە]IP2 ]Utt ←

–[ [[پێشمەرگە]pph ]IP1 + [[ وەک +[شێر + –ە]pph1 + ]pph2 ]IP2 ]Utt ←

–[ [[ پێشمەرگە ]pw ]pph ]IP1 + [[ وەک ]fnc +[[شێر ]pw+ [ـە]pw ]pph1 + [ ]pph2 ]IP2 ]Utt


← [ IP1´+ IP2]= **بەرز_نزم** (چونکە سەرجەمی دەربڕاوەکە لە دوو فریزی ئاوازەیی پێکهاتووە) دوو ئاستی نواندنی هەیە.

٢– گەر پرسیار دەربارەی [وەک شێر] بکرێت، ئەوا بەهەمان شێوە لەناو خودی وشە فۆنۆلۆجییەکانەوە گۆڕان لە شوێنی هێزدا دەست پێدەکات، هێزی وشەی [شێر] دەبێتە سەرەتاگری و (یێ)ی ترۆکێکی بەرهەمدێت، لەکاتێکدا لە ئاستی فەرهەنگدا و لەئاستی دوافەرهەنگدا، لە باری ڕووکاری ڕاگەیاندندا (یێ)ی ئایامبیکی بەرهەم هێنابوو، ئەو کەرتەش(وشە ئەرکییەکە) کە لەیەک بڕگە پێکهاتووە شوێنی هێزەکەی ناگۆڕێت و تەوژمی فریزە ئاوازەییەکەی دووەم دەبێت بە:

–[وەک. شێ. رە ]

–[ [[ وەک ]fnc +[[شێر ]pw+ [ـە]pw ]pph1 + [ ]pph2 ]IP2 [ Utt ←[ IP1+ ´IP2]=هێزی ناوبەندی دەبێت و تەوژمی **نزم_بەرز_نزم** بەرهەمدێت (چونکە لە سێ بڕگە پێکهاتووە) هەر بڕگەیەک لە ئاستی دوافگەرهەنگدا تەوژمی خۆی وەرگرتووە لەم فریزە ئاوازەییەی دووەمدا:

ئاوازەی سەرجەم دەربڕاوەکە دەبێت بە : دەبێت بە: ← پێشمەرگە وەک شێرە؟



´[pph2] IP2= نزم_بەرز (چونکە لە دوو فریزی ئاوازەیی پێکهاتووە).

بەمشێوەیە بەپێی دەربڕاوە جیاوازەکان کەتیگۆرییە پرۆسۆدیکی و تایبەتمەندییە پرۆسۆدیکییەکان گۆڕانکارییان بەسەردا دێت.

## ٢/١١–٣)ئاستی هێزدانان و نواندنی دروستەی پێوانەیی دەربڕاوUtterance :

نواندنی دەربڕاوەکان، کە لەیەک وشەی فۆنۆلۆجی یەک بڕگەیی، دوو بڕگەیی، سێ بڕگەیی پێکهاتبێت، یان زیاتر لە یەک وشەی فۆنۆلۆجی پێکهاتبێت، لە پێشتردا خرایەڕوو.


## ٢/١١–٣–١) نواندنی دەربڕاو کە لە یەک فریزی فۆنۆلۆجی و ئاوازەیی پێکهاتبێت:

لە کوردیدا زۆرێک لە دەربڕاوەکان تەنها لە پارادایمێکی کلیتیکی کرداری پێکدێن، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەبوونی تایبەتمەندیی بکەرخراو لە ئاستی سینتاکسدا، لە پێکهێنانی پارادیمە کلیتیکییە کردارییەکاندا، دوای پێکداچوونی کەرتەدەنگی هەریەکە لە کەرتەکانی پارادایمەکە، چەند کەرتی پێکهێنەری فەرهەنگیی وەک وشەی فەرهەنگی(ڕەگی کردار) و وشەی ف.ئەرکی/مۆرفیمەبەندە ڕێزمانییەکان لەئاستی بڕگەدا هەبێت، ئەوەندە (یێ)ی هێزدار بەرهەمدێت، لەمبارەدا پێویستە ڕەگی کردارەکەش هێزە فەرهەنگییەکەی کە بە تەنها لە فەرهەنگدا نانوێنرێت/گۆناکرێت، لە ئاستی وشە مۆرفۆسینتاکسییەکەدا بنوێنرێت، وەک لە نواندنی پارادایمی کلیتیکی کرداریی ڕانەبردووی ڕاگەیاندن یان لە کرداری داخوازیدا دەخرێتەڕوو، وەک لە:

–[بنووسە]Utt . ژینگەی ڕۆنانەکەی پێکدێت لە:

- [[ب–]وشەی ف.ئەرکیی هێزدار fnc+ [نووس]ڕەگی کردار pW+[ـە]کلیتیک/کەسی دووەمی تاک هێزدار fn ]pph →[[[بنووسە]pph ]IP ]Utt

پاش پێکداچوونی کەرتە دەنگییە پێکهێنەرەکان، نواندنی پێوانەییەکەی دەبێت بە : [ب**i**. نوو. سە. **bi. nû.** **se.]**، فریزە فۆنۆلۆجییەکە لە سێ بڕگە پێکدێت کە هەریەکەیان دەبێتە (پێ)یەکی هێزدار چونکە کەرتە پێکهێنەرەکانی پارادایمەکە دەنوێنێت کە پارێزگاری لە هێزی فەرهەنگییان دەکەن ←[ب . نوو. سە **bi.** **nû.se]**← c$\acute{v}$. c$\acute{v}$. c$\acute{v}$ →[.σ.σ.σ]← [ Σs Σs Σs ]←PPh ←IP← .Utt**.**




کەواتە لە ئاستی دوافەرهەنگدا قسەکەر بەپێی ویست و پێداویستی بارودۆخی گفتوگۆکە، هێزی کامە لەو (پێ)یە پێکهێنەرانەی فریزە فۆنۆلۆجییەکە بەرزبکاتەوە، جەختی واتایی سینتاکسی دەکەوێتە سەر ئەو کەرتە، کەواتە پەیرەوی یاسای هێزی ئازاد دەکات، بەوەش تەوژمی/پیچی دەربڕاوەکە گۆڕانکاری بەسەردا دێت، ئیتر فریزە فۆنۆلۆجییەکە دەگۆڕێت بۆ فریزێکی ئاوازەیی**IP**، ئەویش دەبێتە دەربڕاو**Utt**،

**IP$_1$** [ب**i**´ نوو ` سە ` ]هێزی سەرەتاگری و تەوژمی ***بەرز_نزم_نزم*** ی هەیە
_[[[بنووسە] $^{pph}$] $^{IP}$] $^{Utt}$ → **IP$_2$** [ب**i**` نوو´ سە ` ]هێزی ناوبەندی تەوژمی***نزم_ بەرز _نزم*** ی هەیە
**IP$_3$** [ب**i**` نوو ` سە´ ] هێزی کۆتاگری تەوژمی***نزم_نزم_بەرز*** ی هەیە

-گۆڕانی تەوژمی فریزە فۆنۆلۆجییەکە لە ئاستی دوافەرهەنگدا، گۆڕانی واتایی لێدەکەوێتەوە بە جۆرێک کە:

١-بنووسە. [ب**i**´ نوو ` سە ` ] جەختی واتایی لەسەر فەرمانکردنەکە.
٢- بنووسە [ب**i**` نوو´ سە ` ] جەختی واتایی لەسەر کارەکەیە.
٣- بنووسە [ب**i**` نوو ` سە´ ] جەختی واتایی لەسەر کەسەکەیە.


## ١١/٢-٣-٢) نواندنی دەربڕاو کە لە چەند فریزێکی فۆنۆلۆجی و ئاوازەیی پێکهاتبێت:

بەگشتی کەرتە پێکهێنەرەکانی فریزە فۆنۆلۆجییەکان هێزدارن و پەیرەوی هێزی سەرەکی کۆتاگری دەکەن، کاتێک لە فەرهەنگدابن، پێش ئەوەی ببن بە فریزی ئاوازەیی، بەڵام کە چوونە ئاستی دوافەرهەنگەوە دەبن بە فریزی ئاوازەیی، بەپێی ویستی قسەکەر، ڕێگەی پێدراوە ئاستی هێزەکان بگۆڕێت بەهۆی گۆڕینی ئاستی تەوژمەکەیەوە، یان هێزی یەکێک لە فریزە ئاوازەییەکانی تر بەرز بکاتەوەو بیکات بە هێزی سەرەکی سینتاکسی لە دەربڕاوەکەدا، ئەوەش بەمەبەستی جەختی واتایی. کەواتە لەناو دەربڕاوە ڕستەییەکاندا هێزی سەرەکی پارادایمی ناویی دەکەوێتە سەر دوایین (پێ)، کە وشە ئەرکییە فەرهەنگییەکان/مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکان دەگرێتەوە، بۆ نموونە وەک لە:

-لە دەربڕاوێکی وەک: -مامۆستایان ماندەگرن، نەک فەرمانبەر.

١- لە ڕووکاری ڕاگەیاندن دا: نواندنی پێوانەیی دەربڕاوەکە بریتییەلە: نواندنی برگەییان دەبێت بە←
[ما. مۆس. تا ٘ . یا ٘ ن . ما ن٘. دە. گ**i**. ر**i**ن. نە ک٘. فەر. مان. بە ر٘. ]،-
[ [[ماموستا] pw ] +[یان] fnc [ pph1 [ IP1 + [ [ [[مان] pw+ [ [دە] fnc +[گر] pw + [ن] fnc [ pph2 [ pph3 [ IP2 +
[[ [نەک] fnc + [فەرمانبەر] pw [ pph4 [ IP3

نواندنی پێوانەیی دەربڕاوەکە بە هێڵکاریی درەختی دەبێت بە:
- ma.mos.ta. yan.   man.  de.gi.rin., nek.   fer.man.ber




-[ ماموستایان ماندەگرن، نەک فەرمانبەر]
-[ ماموستا یان ] IP1 + [مان دەگرن] IP2 + [ نەک فەرمانبەر] IP3
-[ [ماموستا +یان] pph1 [ IP1 + [ [ [مان] +[ دە +گر + ن] pph2 [ pph3 [ IP2 + [[نەک +فەرمانبەر] pph4 [ IP3

-[ [[ماموستا] pw ] +[یان] fnc [ pph1 [ IP1 + [ [ [[مان] pw+ [ [دە] fnc +[گر] pw + [ن] fnc [ pph2 [ pph3 [ IP2
+ [[ [نەک] fnc + [فەرمانبەر] pw [ pph4 [ IP3

-[ [[.σ] [΄ σ. σσ ]] pph1 ] [[.σ] [σ. σ. σ] pph2 [ pph3 ، [ [.σ] [σ.σσ] pph4 [ Utt .
-[ [[Σ] [Σ ]] pph1 ] [Σ Σ Σ] Σ] pph2 [ pph3 ، [Σ.Σ] pph4 [ Utt .

$IP1^{H L}$ [ماموستایاْن] هێزی سەرەتاگری هەیە. **دەربڕاوەکە** تەوژمی بەرزی هەڵخزاو IP1 _نزم IP2 _نزم IP3

–[IP3 + IP2+IP1] Utt

$IP1^{LH}$ [ماموستایاْن٘] هێزی کۆتاگری، **دەربڕاوەکە:**تە. بەرزی هەڵکشاو IP1 _نزم IP2 _نزم IP3
$IP2^{HL}$ [مان٘ دەگرنْ] هێزی سەرەتاگری، **دەربڕاوەکە:**تە. نزم IP1 _بەرزی هەڵخزاو IP2 _نزم IP3
$IP3^{HL}$ [نەک٘ فەرمانبەرْ] هێزی سەرەتاگری، **دەربڕاوەکە:** تە. نزم IP _نزم IP2 _بەرزی هەڵخزاو IP3
$IP3^{LH}$ [نەکْ فەرمانبەر٘] هێزی کۆتاگری، **دەربڕاوەکە** تە. نزم IP1 _نزم IP2 _بەرزی هەڵکشاو IP3
( تە: واتە تەوژم)

وەک لە نموونەکەدا دەردەکەوێت بەرزکردنەوەی هێزی سەر هەر یەکێک لەکەرتەکانی فرێزە فۆنۆلۆجییەکە لە ئاستی دوافەرهەنگ/سینتاکسدا، فرێزێکی ئاوازەیی بەرهەمدێنێت، تەوژمی جیاواز

دەبەخشێت و دەبێتە هۆی گۆڕینی تەوژمی سەرجەم دەربڕاوەکە. گۆڕانی تەوژمی فریزە فۆنۆلۆجییەکان گۆڕانی واتایی لێدەکەویتەوە، کە واتا و مەبەستی دەربڕاوەکە/ڕستەکە جیاوازتر دەکات وەک لە بارەکانی تردا، بە جۆرێک کە:

١-هێزی سەرەکی لەسەر IP1 [مامۆستایان]ە، [هێزی جەخت لەسەر خودی وشەی مامۆستایە] لە دەربڕاوەکەدا ، تەوژمی بەرزی داخزاوی هەیە

٢- هێزی سەرەکی لەسەر IP1 [مامۆستایا ́ن]ە،[هێزی جەختی واتایی لەسەر کۆی چینی مامۆستایە.] لە دەر بڕاوەکەدا، تەوژمی بەرزی هەڵکشاوی هەیە.

٣- هێزی سەرەکی لەسەر IP2[ما ́ن دەگ̀رن̀]ە، [جەختی واتایی لەسەرهەڵوێستەکەیانە.] لە دەر بڕاوەکەدا، تەوژمی بەرزی هەیە.

٤- هێزی سەرەکی لەسەر IP3[نە ́ ک فەرمانبەر̀]ە، [ جەختی واتایی لەسەر پێچەوانەی واتای ڕستەی پێشووە] لە دەربڕاوەکەدا، تەوژمی بەرزی داخزاوی هەیە.

٥- هێزی سەرەکی لەسەر IP3[نە ̀ ک فەرمانبە ́ ر]ە، [جەختی واتایی لەسەر کۆی چینی فەرمانبەرانە]لە دەر بـــــــــــــڕاوەکەدا، تەوژمـــــــــــــــــی بەرزی هەڵشـــــــــــــــــاوی هەیە.

# بەشی سێیەم

## نواندنی ئاستی هێز و دروستەی پێوانەیی دانە فەرهەنگییەکان بەپێی ئاستەکان

## ٠/٣)سەرەتا:

لەم بەشەدا هەوڵدراوە بنەمای هێزدانانی ڕیتمییانە و مۆرفۆلۆجییانە بۆ دانە فەرهەنگییەکانی زمانی کوردی تاقیبکرێتەوە و نواندنی ئاستی هێزی ڕیتمییانە لە کەتیگۆرییە پرۆسۆدیکییە فەرهەنگییەکانی وەک وشەی فۆنۆلۆجیی و فریزی فۆنۆلۆجیی بخرێتەڕوو.

دروستەی پرۆسۆدیکییانەی دانە فەرهەنگییەکانی وەک وشەی فەرهەنگی و وشە مۆرفۆسینتاکسیەکان کە دەبن بە وشەی فۆنۆلۆجی و فریزی فۆنۆلۆجی لە ئاستەکانی فەرهەنگدا پەسنکراوە، لەگەڵ ئاماژەدان بە دروستەی مۆرفۆپرۆسۆدیکی ئەو دانە فەرهەنگییانە.

لە پەسنکردنی دروستەی پرۆسۆدیکیی دانە فەرهەنگییەکاندا پێویستە ئاماژە بە یەکە پێکهێنەرە بنچینەییە پرۆسۆدیکییەکانی وشەی فۆنۆلۆجی و فریزی فۆنۆلۆجی بدرێت، کە  پەسنی مۆراکانیان، دروستەی برگەکانیان، دروستەی (پێ)یەکانیان دەگرێتەوە، کە دەبنە هۆی دیاریکردنی شوێنی هێز لە دانە فەرهەنگییەکەدا.

لە ژینگەڕۆنانی و دارشتنییە مۆرفۆلۆجیی و فۆنۆلۆجییانەکاندا، ئاماژە بەو گۆڕانکارییانە دراوە کە لە دروستەی وشەی فۆنۆلۆجیی پرۆسۆدیکی و فریزە فۆنۆلۆجییەکاندا دێتەئاراوە، دەبێتە هۆی هەڵوەشانەوەی دروستەی برگە و (پێ)یە پێکێنەرەکانییان و دارشتنەوەیان لە ژینگە ڕۆنانییە نوێیەکاندا و جەخت خستنەسەر شوێنی دانانی هێزی ڕیتمی لە  دەرکردە نوێیەکانیاندا. ئاماژە بەو گۆڕانە مۆرفۆفۆنەمیکییانەش دراوە کە لەئەنجامی پرۆسەمۆرفۆلۆجییەکانەوە ڕوودەدەن لە دروستەی فۆنۆلۆجیی دانە فەرهەنگییەکاندا.

سەرجەمی ئەو لێکدانەوانە <u>بەرئەنجامی ڕێکخستنی دانە فەرهەنگییەکانی و ڕێکخستینی ئاستەکانی لە ناو فەرهەنگدا لێ دەکەوێتەوە</u>، کە ئەوە دەسەلمێنێت دانە فەرهەنگییەکان بە شێوەیەکی نارێک/شاز لە فەرهەنگدا ڕیزنەبوون وەک ئەوەی لە فۆنۆلۆجی بەرهەمهێنان ئاماژەی پێداوە، بەڵکو دانە فەرهەنگییەکان بەشێوەی چەند ئاستێکی ڕێکخراو لە فەرهەنگدا ڕێکخراون، کە لەسەر بنەمای هۆکاری فۆنۆلۆجی و دروستەی پرۆسۆدیکییانەیە لە کوردیدا، لەم بەشەدا هەوڵی سەلماندنی دراوە، بە جۆرێک کە لەسەر بنەمای دروستەی ڕیتمییانەیانەیە، ئاستێک لە سەروو ئاستکانەوە هەیە کە ئاستی ڕیتمی چەسپاوە بۆ دانە یەک برگەییەکان، ئاستی یەکەم ئاستی ڕیتمی ترۆکێکی و داکتلە، ئاستی دووەم ئاستی ڕیتمی ئایامبیکی و ئەناپستە، ئاستی سێیەم ئاستی هێزی پلەداری ڕیتمییە واتە ئاستی ڕیتمێکی زاڵە بەسەر ڕیتمەکەی تردا، ئاستی چوار ئاستی دووڕیتمی زاڵ یان زیاترە، کە ڕاستەوخۆ لە ئاستی دوافەرهەنگدا دەبنە فریزی ئاوازەیی، واتە ئاستی ڕیتمی (پێ)یە هێزدارەکانە کە هاوشانی یەکن. سەرەڕای ئاماژەدان بە هەڵاوێرکردنەکان تیایاندا.

## ٣) نواندنی ئاستی هێز و دروستەی پێوانەیی دانە فەرهەنگییەکان بەپێی ئاستەکان:

### ١/٣) نواندنی دروستەی پێوانەیی دانە فەرهەنگییەکانی <u>ئاستی ڕیتمی چەسپاو:</u>

ئاستی نواندنی هەندێک لە دانە فەرهەنگییە یەک بڕگەییەکانی **monosyllable** وەک ( ناو، هاوەڵناو و ڕەگی کردارە یەک بڕگەییەکانە)، کە هێزدانان تیایاندا نە کۆتاگرییە و نە سەرەتاگری، بەڵکو هێز دەکەوێتە سەر بزوێنی بڕگە و دەیکات بەبڕگەیەکی (پێ پێ کراو) **footed syllable** (**Crystal,2008:193**)، وشەیەکی فۆنۆلۆجی بەرهەمدێت کە لە ئاستی یەکەمی فەرهەنگدا دەنوێنرێت. سەربە هەرکام لە کەتیگۆرییە فەرهەنگییەکان بێت یان لەبەکارهێناندا بە کەتیگۆری جیاواز بەکار بهێنرێت، دروستەی (پێ)یەکەی ناگۆڕدرێت، واتە ڕیتمەکەی چەسپاوە. دروستەی پێوانەییەکەی بە هێڵکاریی بە کەوانەیی دەبێت بە : [σ́ ] ←[Σ]←ω، [بڕگە]←[پێ]←وشەی فۆنۆلۆجی.واتە وشە فۆنۆلۆجییەکە لە تەنها یەک بڕگەو یەک (پێ) پێکهاتووە.

### ٣/١-١) نواندنی (ناو)ە یەک بڕگەییە ڕیتم چەسپاوەکان:

نواندنی (ناو)ە بنچینەییە یەک بڕگەییەکان تا ڕادەیەکی زۆر کێشەدارن، لەبەرئەوەی <u>ڕەنگە گۆڕانکاری بەسەر دروستەی بڕگەییاندا بێت</u> بەهۆی <u>تایبەتمەندییە پرۆسۆدیکییە فەرهەنگی دوافەرهەنگییەکانی وەک جەختی فەرهەنگی لە وشە لێکدراوەکاندا لە ئاستی فەرهەنگدا</u>، <u>جەختی دوافەرهەنگی لە ئاستی دوافەرهەنگدا</u>، کە وەک (هێز)ێکی تر دەردەکەون، ئەوەی یەکەمیان هێزی فەرهەنگی دروست دەکات بۆ دانە فەرهەنگییەکە و دەبێت بە هێزی سەرەکی و وشەی فۆنۆلۆجی دروستدەکات، ئەوەی دووەمییان هێزێکی ڕیتمی بۆ دروست دەکات لە ئاستی دوافەرهەنگداو دەبێتە فریزی فۆنۆلۆجی. زۆرێک لە لێکۆڵەران، تێکەڵییەکیان لە نێوان نواندنی فەرهەنگی و دوافەرهەنگی وشە و دانە فەرهەنگییەکاندا کردووە، لێرەدا هەوڵدەدرێت جیاوزییەک لە نێوان هەردوو نواندنەکەدا بکرێت، بەپێی جیاوزی لە دروستەی بڕگەییاندا. ئەو(ناو) انەی کە دروستەی بڕگەییان **[cv,cvc]** تاڕادەیەک بێ کێشەن و ڕاستەوخۆ لەیەک بڕگە پێکهاتوون، هێز دەکەوێتە سەر بزوێنی بڕگەکە و یەک (پێ)ی بەهێز پێکدەهێنن، کە بە (پێ)ی گرێنەدراوبەرهەم دێنن (**Crystal,2008:193**)، کە وشەیەکی فۆنۆلۆجی لێ بەرهەمدێت. هەبوونی جەخت گۆڕانکاری لە دروستەی بڕگەییاندا ناکات، بەڵام لە نواندنی (ناو)ە یەک بڕگەییە دروستەجیاوازەکانی تردا، گەر هێزی جەخت بەکارهات گۆڕانکاری بەسەر دروستەی بڕگەییاندا دەهێنێت و دەبن دوو بڕگە.

#### -نواندنی (ناو)ە یەک بڕگەییەکان**monosyllablic** :

ناوە یەک بڕگەییەکان چەند دروستەیەکی جیاوازی بڕگە لەخۆدەگرێت :**[cv, cvc, cvcc, ccv, ccvc]** و دەبنە یەک (پێ)ی گرێنەدراو و وشەیەکی فۆنۆلۆجی بەرهەمدێنن لەفەرهەنگدا، وەک لە :

- [دۆ]^ناو^← [د ۆ́] **[do]** [σ] **<u>cv́</u>** [Σ]←**ω** ، هێز لەسەر دەنگە بزوێنی بڕگەکەیە.
- [شیر **rîş**، شێر **rêş**، ئاو **'aw**، نان **nan**..]← **<u>cv́c</u>** [σ́ ]←[Σ́ ] ←**ω**.

- [سەنگ][ناو]، بەواتای(بەرد)، هێز دەکەوێتە سەرەتاوە، نواندنی پێکهاتەیی[سەنگ][ناو]، نواندنی پرۆسۆدیکییەکەی [سەŋ] (لەبەرئەوەی لە نووسینی ئەلفبێی کوردییدا هیچ پیتێک بەرامبەر ئەو دەنگە دانەنراوە، لەبەرئەوە ئەم شێوازە نووسینە بۆ ڕوونکردنەوە بەکارهاتووە)، [seŋ] **cv́c** [σ́]←[Σ́]، نابێت بە **cv́cc** ئاماژەی پێبدرێت، چونکە هەرگیز بە [/سە**نگ**/] گۆ ناکرێت، بەڵکو بە [/سەŋ/ seŋ /] گۆدەکرێت، هەریەکە لە [هەنگ، دەنگ، ڕەنگ، جەنگ، زەنگ..]یش هەمان دروستەی بڕگەیی و (پێ)یان هەیە. واتە دروستەی بڕگەییان **cvc** یە نەک **cvcc** هەمان باری گۆکردنیشیان هەیە بۆ دەنگی [/نگ=ŋ/].
- [بەردberd، جەژنjejn ،چەرمçerm، هەورhewr... ] لەم تێزەدا وا گریمانە دەکرێت کە بە یەک بڕگە دادەنرێن و هێز دەکەوێتە سەر بزوێنی بڕگەکە و یەک (پێ)ی بە هێز پێکدەهێنن، دروستەی بڕگەییان بە **cv́cc** وشەی فۆنۆلۆجی بەرهەمدێنن. **cv́cc** [σ́]←[Σ́] ←ω.

بۆچوونی دووەم: زۆرێک لە سەرچاوەکان ئاماژەیان داوە بەوەی کە دەکرێت بە دوو بڕگەش بنوێنرێت بەمشێوەیە: وەک لە [جەژ**i**ن]، [بە.ر**i**د] **cv.cvc** وای دادەنێن کە هێز لە(ناو)ەکەدا دەکەوێتە سەر <u>بزوێنی بڕگەی سەرەتا</u>، بە بیانووی ئەوەی کە بڕگەی دووەم بڕگەیەکی فۆنەتیکییە و بزوێنەکەی بزرۆکەیە، بەبێ گرنگیدان بە دروستەی (پێ)، بەڵام لێرەدا بۆچوونی دووەمیان ڕەتدەکرێتەوە بە بەڵگەی ئەوەی دانانی هێز لە (ناو)دا کۆتاگرییە و <u>بزرۆکە بە شوێن پێی هێزەکە دادەنرێت</u>، ئاسایی دەتوانێت هێز وەربگرێت لە ئاستی فەرهەنگدا. بەڵام لە ئاستی دوافەرهەنگدا دەکرێت ببن بە دوو بڕگە و لەمبارەدا پێکدێت لە یەک بڕگەی لاواز و بڕگەیەکی بە هێز، کە هێزی سەرەکی دەکەوێتە سەر بزوێنی بڕگەی کۆتایی، کە بزرۆکەکەیە، چونکە هێز تیایدا کۆتاگرییە: دروستەی بڕگەییان دەبێت بە:

[بە.ر**i**د، جە.ژ**i**ن] **cv.cv́c** [σ.σ́] ←[Σ]←ω.

- [ماست، خواست، دەست، هەست ...] ← **cv.cv́c** [σ.σ́] ←[Σ]←ω.

هەرگیز لە ئاستی فەرهەنگ و دوافەرهەنگیش دا ناکرێن بە دوو بڕگە، هەر بە **cv́cc** دەمێننەوە، ئەوەش ڕەنگە پەیوەندی بە جۆری دەنگە پێکهێنەرەکانی ناو بڕگەکەوە بێت، بەڵام ڕەنگە ئەو دەنگە پێکهێنەرانە بریتین لە دەنگە بزوێنەکان (دەنگە بڕگەییەکان) و دەنگە نەبزوێنەکان (دەنگە نابڕگەییەکان)، جۆری ئەم دەنگە نەبزوێنانە لە ڕووی (خشۆک، گیراو، ئەفریکاتەکان، لوتییەکان، لاییەکان، لەرزۆکەکان، گەروویییەکان..) کاریگەرییان هەیە لەسەر هۆکاری ئەو گۆڕانەی کە لە دروستەی بڕگەکاندا ڕوودەدت، کە بەهۆی (شوێنی هێز)ەوە، دەبنەهۆی ئەوەی کە، هەر بەیەک بڕگەی **cv́cc** بمێننەوە یان ببن بە دوو بڕگەی **cv. cv́(i)c**، ئەو بابەتە بۆ لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆ جێدەهێڵین.

- [ برا bra، چراڵ raçl، تری trê.. ] **ccv́** [σ́]←[Σ́] ←ω
- [ژیانjyan، زیان zyan، ڤیان vyan، زمان zman، مرۆڤ mrov..] **ccv́c** [σ́]←[Σ́] ←ω

زۆرێک لەو ناوە یەک بڕگەییانە ڕێگە پێدراوە لە ئاستی دوافەرهەنگدا ببن بە دوو بڕگە ، بەڵام لەمبارەدا فرێزی فۆنۆلۆجی بەرهەمدێنن نەک وشەی فۆنۆلۆجی.

### ٢-١/٣) نواندنی (هاوەڵناو)ە یەک بڕگەییە ڕیتم چەسپاوەکان:

هاوەڵناوە یەک بڕگەییەکانیش بە هەمان شێوەی ناوە یەک بڕگەییەکان، چەند دروستەیەکی جیاوازی بڕگە لەخۆدەگرێت، هێز دەکەوێتە سەر بزوێنی بڕگەکە و دەبێتە بڕگەیەکی (پێ پێ کراو **footed syllable**(پێ)ی گرێنەدراو بەرهەمدێت و وشەیەکی فۆنۆلۆجی لێ بەرهەمدێت، وەک لە :

- [چاک **çák** ، باش**báş**، خۆش**xóş**، ڕەق**réq**، تەڕ**téř**.....]، ڕەنگەکانیش کە بە هاوەڵناو دادەنرێن:[ڕەش**réş**، شین**şîn**، سوور**sûr**، مۆر**mór**، بۆر**bór**..]، ژمارەکان گەر وەک هاوەڵناو دابنرێن [یەک**yék**، ، شەش**şé**.ş]→**c<u>ý</u>c** [ ́σ]→[Σ] →ω.
- [دوو**dû**، سێ **sế** نۆ **nó**، دە**dé**]→**c<u>ý</u>** [ ́σ]→[Σ] →ω.
- [نەرم**nérm**، گەرم**gérm**، سەخت **séxt**، تەخت **téxt** ، بەرز**bérz**، ترش**tirş**...]، [زەرد**zerd** ، سەوز،**sewz** ..]→ **c<u>ý</u>cc** [σ́] →[Σ] →ω.

دەکرێت لە ئاستی دوافەرهەنگدا ببن بە دوو بڕگە بەهۆی هێزی جەختەوە لەمبارەدا هەردوو هێزی سەرەکی فەرهەنگی و هێزی جەختی دوافەرهەنگی دەکەوێتە سەر بزوێنی بڕگەی یەکەم و چونکە لە کەتیگۆری هاوەڵناون، هێزی جەختی دوافەرهەنگیش هەمیشە سەرەتاگرییە، لەمبارەدا دروستەی بڕگەییان دەبێت بە: [نە ́ رم**i** **né. rim**]، [گە ́ رم**i** **gé. rim**]، [ سە ́ خ**i**ت **sé. xit** ]، [ تە ́ خ**i**ت **té. xit** ]، [ بە ́ رز**i** **bé. riz**] ، [ت ́ **i**.رش **ti ́. riş**] ، [زەر**i** ́د **zé. rid** ، سە و**i** ́ز، **sé.wiz** ..]→ **c<u>ý</u>.cv(i)c**→**c<u>ý</u>.cvc** [σ́. σ]→ [Σ] →**PPh**، یەک پێی ترۆکێکی بەرهەمدێنن و دەبنە <u>فریزێکی فۆنۆلۆجی</u>، **نەک** وشەی فۆنۆلۆجی.

لە بۆچوونی سەرەکی ئەم تێزەدا واگریمانە دەکرێت کە هەندێک لە هاوەڵناوەکان هەرگیز نابن بە دوو بڕگە لە ئاستی فەرهەنگ و دوافەرهەنگیشدا، وەک :

- [ پەست، سارد، مەست، توند، ... ] هەموو کاتێک نواندنی بڕگەییان هەر یەک بڕگەی هێزدارن [ پەست] **[pést.]** ، [سارد] **[sárd.]**، [مەست] **[mést.]** ، [توند] **[túnd.]**.
- ژمارەکان گەر وەک هاوەڵناو دابنرێن [س**i**فر **sîfr** پێنج **pênc** ، حەوت **ĥéwt**، هەشت **héşt**، بیست **bîst**، .....]، هەرگیز نابن بە دوو بڕگە، هەر بە یەک بڕگە دەنوێنرێن، نواندنی پێوانەیان: **c<u>ý</u>cc** → [ ́σ ] →[Σ] →ω.
- [خراپ، سوێر، کوێر،]→ [خراپ] **[xráp. ]** ، [سوێر] **[swế r]** ، [کوێر] **[ kwế r. ]**→**cc<u>ý</u>c** [σ́] [Σ] →ω
- ژمارە: [چوار] **[çwár.]** **cc<u>ý</u>c** →[ ́σ ] →[Σ] →ω.
- [سپی] **[spî.]**→ **cc<u>ý</u>** →[ ́σ ] →[Σ] →ω.
- [سپڵە] **[spl’e.]**→**ccc<u>ý</u>**→[ ́σ ] →[Σ] →ω.

### ٣-١/٣) ڕاستاندنی ئاستی هێزدانان لە نواندنی (ڕەگی کردار)دا:

ڕەگی کردارەکان بە وشەی فەرهەنگی**LW** دادەنرێن، واتە دانەیەکی فەرهەنگین و خاوەنی دروستەی پێوانەیی بڕگە و (پێ)ن، هێزی فەرهەنگییان هەیە، ڕەگی کردار لە زمانی کوردیدا مۆرفیمێکی بنچینەییە لە ڕۆنانی پارادایمە کردارییەکان دا، واتە [ هەموو کاتێک **X** و نابێتە تەواوکەر –**Y**]، بەڵام توانای نواندنی پرۆسۆدیکیانەییان نییە بەتەنها، بەڵکو هەمیشە لەگەڵ تەواوکەرەکانیاندا نواندنی پرۆسۆدیکییانەییان

دەبێت، ئەوەش تایبەتمەندییەکی ڕەگی کرداری زمانی کوردییە و وای کردووە زۆربەی لێکۆڵەران بە مۆرفیمێکی بەندییان دابنێن، بەبێ ڕەچاوکردنی ئەوەی کە هەرگیز ڕەگی کردار وەک مۆرفیمە بەندەکان نابنە تەواوکەر، بەڵکو تەواوکەر بۆ خۆیان ڕادەکێشن، ئەم تایبەتمەندییە دووانەییەی لە نێوان مۆرفیمە بەندەکان(لاگرەکانی دارِشتن و شکانەوە) و سەربەخۆکاندا وایکردووە هەرگیز ڕەگی کردار بە تەنها و بەمەبەستی ڕەگێتی نەتوانرێت نواندنی پرۆسۆدیکیانەیی هەبێت و بنوێنرێت، ئەوەش مانای وایە ناکرێت هێزی بۆ دابنرێت یان پێ پێ بکرێت چونکە هێزدانان و پێ پێ کردن لەئاستی قووڵدا ناکرێت، بەڵکو لە ئاستە نواندنییە پرۆسۆسۆدیکییە فەرهەنگییەکاندا دەکرێت، بەڵام دەتوانرێت نواندنی پێکهاتەیی بۆ دیاریکردنی هێزەکەی یان بۆ (پێزانین/ڕاستاندن)ی شوێنی هێزەکەی بۆ بکرێت، چونکە:

١-لە هەندێک لە ژینگەکانی دارِشتن و لێکداندا، ڕەگی کردار وەک کەرتێکی سەربەخۆ بەشدار دەبێت لە پرۆسەی دارِشتنەکەدا، وەک لە ژینگە دارِشتنیی و لێکدانییەکانی (ناو)دا، لەمبارەدا دەبێت شوێنی هێز بۆ ڕەگی کردارەکە لە فەرهەنگدا زانراو بێت، تا لەم ژینگەیەی دارِشتندا هێزی بۆ دابنرێت، وەک هێزدانان بۆ ڕەگی کردار لە ژینگەی دارِشتنی[میوەفرۆش، سەوزەفرۆش]دا (**بڕوانە** ٤/٣)).

٢- هەروەها لە ژینگە لێکدانییەکانی **ئاستی** چوار بۆ پێکهێنانی وشە مۆرفۆسینتاکسییەکان، وەک لە پارادایمە کردارییەکاندا جێبەجێدەکرێت، پێویستە نواندنی ئاستی هێز بۆ ڕەگی کردار بکرێت، چونکە لەگەڵ پاشگر یان پێشگرە ئەسپێکتییەکانی شکانەوەدا (مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکاندا) وشەی مۆرفۆسینتاکسی و فرێزی فۆنۆلۆجی پێکدەهێنن.

لەبەرئەو هۆکارانەی کە لە (١ و٢) دا ئاماژەیان پێدرا، بەپێی گریمانەی هێزدانانی مۆرفۆلۆجییانە و کەتیگۆرییانە واگریمانە دەکرێت کە هێزدانان لە ڕەگی کرداردا سەرەتاگری بێت، چ سادەبن یان دارِێژراو بە پێشگر یان پاشگر، بەڵام زۆربەی ڕەگی کردارەکان لە زمانی کوردیدا، لەیەک برگە پێکدێن واتە تاک برگەن، لە دیاریکردنی شوێنی هێزەکەیان دا، هێز دەکەوێتە سەر بزوێنی برگەکە و دەبنە برگەیەکی پێ پێ کراو و (پێ)یەکی گرێنەدراوی بەهێز پێکدەهێنێت، خاوەنی ڕیتمی چەسپاون، وەک لە :

لە چاوگەکانی [نووسین، خوێندن، بینین، بیستن، بەستن، برِین، ناردن، چەشتن، کوشتن، چاندن،..]، ڕەگی کردارەکانیان دەبێت بە :

- [نووس **nûs**، خوێن **xwên**، بین **bîn** ، برِ **biř**، نێر **nêr**، چێژ **çêj**، کوژ **kuj**، چێن **çên**...]ڕەگ ←[σ́]← [Σ]← ω. **cv́c** ، [بیست **bîst**، بەست **best**] **cv́cc**←[σ́ ]← [Σ]← ω.

ڕەگی کردارەکان بوون بە وشەی فۆنۆلۆجی کە خاوەنی دروستەیەکی پێوانەییە، بەڵام بە تەنها نواندنی پێکهاتەییان بۆ دەکرێت و نواندنی پرۆسۆدیکییانەیان بۆ ناکرێت، هەتا بە ژینگە دارِشتنییە فۆنۆلۆجی یان مۆرفۆلۆجییەکاندا تێپەرنەبن. هەرکاتێک بە ژینگە دارِشتنییەکاندا تێپەرِ بوون، وەکو لە ئاستی دارِشتنی سفردا کە بە ژینگەی دارِشتنی فۆنۆلۆجیانە دادەنرێت نواندنی پرۆسۆدیکیانەشیان بۆ دەکرێت، وەک لە [چێژ،..] بەهۆی ئاستی دارِشتنی سفرەوە و دەبێت بە (ناو) بەبێ ئەوەی دروستەی پێوانەییان هیچ گۆرِانکارییەکی بەسەردا بێت، چونکە خاوەنی ڕیتمی چەسپاون(٣/٣-٣)).

## ٢/٣) نواندنی هێزی سەرەتاگری ودروستەی پێوانەیی دانە فەرهەنگییەکانی ئاستی یەک:

### ئاستی یەکL1:

دەستنیشانکردنی زۆربەی ئەو دانە فەرهەنگییانەیە، کە تیایاندا هێزی سەرەکی دەکەوێتە سەر بزوێنی بڕگەی سەرەتا، واتە هێز تیایاندا سەرەتاگرە، جیاوازی لە ژمارەی بڕگەکانیاندا دەبێتە هۆی جیاوازی لە جۆری (پێ) لە وشە فۆنۆلۆجییەکەدا، بە جۆرێک ئەگەر دوو بڕگەیی بوون (پێ)ی (ترۆکێکی) بەرهەمدێنن، گەر سێ بڕگەیش بوون (پێ)ی (داکتڵ) یان پێی (کێشی پەنجەیی) پێکدەهێنێت. دروستەی پێوانەییەکەیان بە هێڵکاریی بە کەوانەیی دەبێت بە : ڕیتمی ترۆکێکی:[σ́.σ]← [Σ]←ω، [بڕگەی هێزدار. بڕگەی ناهێزدار]←[پێ]←وشەی فۆنۆلۆجی. واتە وشە فۆنۆلۆجییەکە لە دوو بڕگەو یەک (پێ) پێکهاتووە، یان ڕیتمی داکتڵ: **[بڕگەی هێزدار. بڕگەی ناهێزدار. بڕگەی ناهێزدار]←[پێ]←وشەی فۆنۆلۆجی** [σ́ σσ.]← [Σ]←ω. واتە وشە فۆنۆلۆجییەکە لە سێ بڕگەو یەک (پێ) پێکهاتووە.

### ٣-٢-١) نواندنی هێزی سەرەتاگری ودروستەی پێوانەیی هاوەڵناوە (٢، ٣)بڕگەییەکان:

پرۆسەکانی دارشتنی هاوەڵناو لە فەرهەنگی کوردیدا، کۆمەڵە پرۆسەیەکی چڕوپڕو زۆرن، لە چەندین لێکۆڵینەوەدا لە ڕووی دروستەی مۆرفۆلۆجی و سینتاکس و سیمانتیکییەوە ئاماژەیان پێدراوە(بڕوانە: **عەبدولرەحیم، عوسمان کەریم، ٢٠١٤: ٢٢-٧٩**)؛ (ڕەمەزان، هێمن سەلاحەدین ،٢٠١٥: ٢٦-٨٠)؛ **عەزیز، عومەرئەحمەد ، ٢٠١٦: ٤٥-٨١.....**)، بەڵام تا ڕادەیەک لە ڕووی دروستەی پرۆسۆدیکییەوە ئاماژەی پێ نەدراوە. لێرەدا لە ڕووی دروستەی پرۆسۆدیکی و هێزدانانەوە، ئاماژە بە هەندێک لە هاوەڵناوەکان دەدەرێت.

### ٢/٣-١-١) نواندنی هێزی سەرەتاگری ودروستەی پێوانەیی هاوەڵناوە دوو بڕگەییەکان(سادە-دارِێژراو-لێکدراو)، دەبنە پێی ترۆکێکی:

هێزدانان لە هاوەڵناوە دوو بڕگەییەکاندا چ سادەبن یان دارِێژراو یان لێکدراو، بەپێی بنەمای هێزدانانی کەتیگۆری، سەرەتاگری دەبێت، هێزی سەرەکی دەکەوێتە سەر بزوێنی بڕگەی سەرەتا و دەبێت بە بڕگەیەکی هێزدار، بڕگەی دواتر ناهێزدار دەبێت، لەمبارەدا تەنها هێزی سەرەکی بوونی هەیە لە وشە فۆنۆلۆجییەکەدا، (پێ)ی ترۆکێکی بەرهەمدێت، کە ڕاستەوخۆ (پێ)یەکە، وشە فۆنۆلۆجییەکە بەرهەمدێنێت، بەڵام هاوەڵناوەکان چ تاک بڕگەیی بن، یان جوت بڕگەیی یا زیاتر، لە ئاستی دوافەرهەنگدا شیاوێتی ئەوەیان هەیە وەکو دەربڕاوی فۆنۆلۆجی.**Utt** بەکاربهێنرێن، زیاتر بۆ مەبەستی لۆمەکردن و جنێو، لەمبارەدا دەبن بە ***دەربڕاو*** و ڕیتمەکەیان لەگەڵ تەوژمەکەیاندا فریزێکی ئاوازەیی بەرهەمدێنن ، ئاوازەکە ڕیتمی ***بەرز_نزم*** **H-L**دەبێت. ئەم ڕیتمە بە (تۆن)ی وشە هەژمار ناکرێت لە زمانی کوردیدا، چونکە وەک لە بەشی دووەمدا ئاماژەپێدراوە، ئاوازەیەکە لە ڕووی دروستەوە هاوشێوەی تۆنە و زمانی کوردیش زمانێکی **تۆنی** نییە. نواندنی دروستەی پێوانەیی کەوانەییان: **[بڕگەی هێزدار. بڕگەی ناهێزدار]←[پێ]←وشەی فۆنۆلۆجی** [σ́σ]←[Σ]←ω.

## -هاوەڵناوە سادە دوو بڕگەییەکان:

- [تورە، ئازا ][هاوەڵناو/ وشەی فۆنۆلۆجی] نواندنی بڕگەیی دەبێت بە: [تو.ڕە، ئا.زا] [tu. ře. ، 'a. za.] دروستەی پێوانەییان دەبێت بە: cv́.cv [ σ. σ́] [Σ]←ω (پێ) ی ترۆکێکی پێکهێناوە.
- [تاریک، شیرین، هەژار، زیرەک، نەخۆش] ← [تا. ریک، شی. رین، هە. ژار، زی. رەک، نە. خۆش] ← [ta. rîk, şî. rîn, he. jar , zî.rek, ne.xoş] cv́.cvc [σ́ σ .] [Σ]←ω کاتێک وەک هاوەڵناو بەکار بهێنرێن (پێ)ی ترۆکێکی پێکهێناوە لە وشە فۆنۆلۆجییەکەدا.
- [، قەڵەو، لاواز، توکن، کەچەڵ، تەسک، بچوک، نزم، بەرز، تەنک ، هێواش] ←[ قە.ڵەو، لا.واز، تو.ک.ن، جو.ڵاو، کە. چەڵ، تە. س.ک، ب.چوک، ن.زم، بە. رز، تە. ن.ک ، هێ. واش] [ qe.l’ ew, la.waz, tu.kin, ke.çel’, te.sik, bi.çuk, ni.zim, be.riz, te.nik, hê.waş]← cv́.cvc [σ́ σ] [Σ]←ω.
- [هێمن، ئارام] ←[هێ.م.ن، ئا.رام hê.min ، ʹaram] ← cv́.cvc [σ́ σ .] [Σ]←ω.
- [وریا، گەمژە...] ←[و.ر.یا، wir.ya، گەم. ژە gem.je] ← cv́c.cv [σ́ σ.] [Σ]←ω
- [پەسەند] ←[پە.سەند] ←[ pé. send] cv́.cvcc [σ́ σ.] [Σ]←ω پێی ترۆکێکی بەرهەمدێنن،
- [ئەستوور] ←[ئەس. تور ʼas. tur] ←[ئەس. تور ʼas. tur] ← cv́c.cvc [σ́ σ.] [Σ]←ω .

[ئەستوور]: کاتێک هاوەڵناوە (پێ)ی ترۆکێکی پێکهێناوە لە وشە فۆنۆلۆجییەکەدا، گەر سەرنجبدرێت کەرتە دەنگی /و/ لە بڕگەی کۆتاییدا بە /وو/ نەنوێنراوە، بەڵکو بە یەک /و/ نوێنراوە، بەڵام لە [مەستوور]دا کە لە ئێستادا کەتیگۆری (ناو)ە، ئەنالۆجیای/(هاوتا)ی [ئەستوور]ە، گەر وەک ناوی تایبەتی دابنرێت، کەرتە دەنگی /و/ بە /وو/ دەنوێنرێت، هێزدانانی کۆتاگری دەبێت و (پێ)ی ئایامبیکی پێکدەهێنێت؛ کەواتە دەکرێت جیاوازی لەم ئەم نواندنانەدا بۆ /و/ لە (ناو)ی [مەستوور] و (هاوەڵناو)ی [ئەستور]دا وەک بەڵگەیەک دابنرێت بۆ هێزدانانی کۆتاگری لە (ناو) و هێزدانانی سەرەتاگری لە (هاوەڵناو)دا.

## -هاوەڵناوەداڕێژراوە دوو بڕگەییەکان:

دروستەی پێوانەیی لە[هاوەڵناوە داڕێژراو یان لێکدراوەکان]دا، لە ژینگەی داڕشتن و لێکدانیشدا، سەرەڕای تێپەڕین بە نەریتی سڕینەوەی کەوانە مۆرفۆلۆجییەکان و لەکارکەوتنی مەرجی توندی سووڕی و نەمانی بنەمای پاراستنی دروستە، پاشان نەریتی سڕینەوەی هێز لە دەرکردەکەدا، کەرتە پێکهێنەرەکان ڕووبەڕووی هەڵوەشانەوەی دروستەی بڕگەو (پێ) دەبنەوە و بەپێی دەرکردە نوێیەکە دروستەی بڕگەو ودروستەی (پێ)یان دادەڕێژرێتەوە و دووبارە بەپێی بنەمای هێزدانانی کەتیگۆرییانە لە (هاوەڵناو)دا، شوێنی هێزییان بۆ دیاریدەکرێتەوە، دوای داڕشتن، هێزدانان تیایاندا سەرەتاگری دەبێت. بەم جۆرە دەنوێنرێن :

- [نێرەر، کوژەر... ] ←[ نێ. رەر nê.rer، کو. ژەر ku.jer] ←cv́.cvc [σ́σ] [Σ]←ω.
- [کوژراو، چەسپاو.] ←[کوژ. راو kuj. raw، چەس. پاو çes. paw] ← cv́c.cvc [σ́σ] [Σ]←ω.
- [گچکە ] ←[گ.چ.کە giç. ke] ← cv́c.cv [σ́σ] [Σ]←ω
- [وشک][هاوەڵناو]لەبەرئەوەی هاوەڵناوە، یەک بڕگەیە نەک دوو بڕگە، هێزدانان تیایدا سەرەتاگرییە نواندنی بڕگەیی دەبێت بە [وشک] بە یەک بڕگە دەنوێنرێت و نواندنی بڕگەیی لە ئاستی

فەرهەنگ دادەبێت بە **cvcc**، نەک بە دوو بڕگەی **cv.cvc** بنوێنرێت، یەک (پێ)ی گرێدراو و یەک وشەی فۆنۆلۆجی بەرهەم دەهێنێت.

### -هاوەڵناوە لێکدراوە دوو بڕگەییەکان:

- [مێباز، ڕێگر، دوودڵ، ڕووڕەش،..]← [مێ. باز**mê.baz**، ڕێ.گر**gir êř i**. دوو. دڵ **dû. dil'**، ڕوو. ڕەش **řû. řeş**]← **cv́. cvc** [σ́.σ.] [Σ]←ω.
- [چاوباز، چاوشین، خەمخۆر، قۆڵبڕ، دەسبڕ، دڵپاک، دڵپیس، دڵگەش، چاوپیس، ڕۆحسوک، دەمپان]، [چوارچاو، ] ← [چاو. باز**çaw.baz** ، چاو. شین **çaw. şîn**، خەم. خۆر**xem. xor** ، قۆڵ. بڕ**qol'. biř**، دەس. بڕ، **des. bir** ، دڵ. پاک**dil'. pak**، دڵ. پیس**dil'. pîs**، دڵ. گەش**dil'. geş**، چاو. پیس**çaw. pîs**، ڕۆح. سوک **řoħ.suk**، دەم. پان**dem. pan**]← **cv́c. cvc** [σ́.σ.] [Σ]←ω، [چوار. چاو**çwar. çaw**]← **ccv́c. cvc** [σ́.σ.] [Σ]←ω.
- [دەستکورت] نواندنی پێکهاتەیی دەبێت بە [دەست. کورت **dest. kurt**]← **cv́cc. cvcc** ، بەڵام نواندنی پرۆسۆدیکییەکەی دەبێت بە [دەسکورت]← (**cv́c. cvcc**) [σ́.σ.] [Σ]←ω **(پێ)ی** ترۆکێکی بەرهەمهاتووە.

## ٢/٣-١-٢) نواندنی هێزی سەرەتاگری و دروستەی پێوانەیی هاوەڵناوە سێ بڕگەییەکان(سادە، داڕێژراو، لێکدراو) دەبنە (پێ)ی داکتڵ:

هێزدانان لە هاوەڵناوە سێ بڕگەییەکاندا چ سادەبن یان داڕێژراو یان لێکدراو، بەپێی بنەمای هێزدانانی مۆرفۆلۆجییانەو کەتیگۆرییانە، سەرەتاگری دەبێت، هێزی سەرەکی دەکەوێتە سەر بزوێنی بڕگەی سەرەتا و دەبێتە بڕگەیەکی هێزدار، دوو بڕگەکەی دواتر ناهێزدار دەبن، لەمبارەدا تەنها هێزی سەرەکی بوونی هەیە لە وشە فۆنۆلۆجییەکەدا، (پێ)ی داکتڵ بەرهەمدێت، کە نواندنی بە دروستەی پێوانەیی کەوانەیی وشەکە دەبێت بە **[بڕگەی هێزدار. بڕگەی ناهێزدار. بڕگەی ناهێزدار]←[پێ]←وشەی فۆنۆلۆجی**. واتە وشە فۆنۆلۆجییەکە لە سێ بڕگەو یەک (پێ) پێکهاتووە. [ σ́ σσ]←[Σ]←ω.

ئەگەر وەک 'دەربڕاوێکی تاک وشەییش چووە ئاستی دوافەرهەنگەوە، ڕیتمی داکتڵ+تەوژم ئاوازەی **بەرز- نزمتر-نزمH-L-L** دەبەخشێت بەدەربڕاوەکە، چونکە هاوەڵناوەکان دەتوانن ببن بە دەربڕاوە **utterance**تاک وشەییەکان. ئەم ڕیتمە بە (تۆن) ی وشە هەژمار ناکرێت.

### -هاوەڵناوە سادە سێ بڕگەییەکان:

- [ شارەزا، شاراوە، ئامادە ]← [شا. رە.زا، شا.را.وە، ئا.ما.دە.] [ **şa. re. za. , şa.ra.we, 'a. ma. de** ]← **cv́.cv. cv.** [σ́ σσ]←[Σ.]← **ω.**

### -هاوەڵناوەداڕژراوە سێ بڕگەییەکان:

- [دەوڵەمەند]← [دەو. ڵە.مەند] **[dew. l'e. mend]**، نواندنی پرۆسۆدیکی [دەوڵەمەن]← **[dew. l'e. men]** دروستەی پێوانەییەکەی هاوتای هاوەڵناوی داڕژراوی: [دەردەدار]ە، [ دەر. دە. دار**der. de. dar**] ← **cv́c.cv.cvc** ← [σ́σσ]←[Σ´ ]←ω.

- [گەشاوە] [گە.شا.وە **ge. Şa.we**]← **cv́.cv. cv** [σ́. σσ] [Σ]←ω.
- [شکۆمەند]← [ش**i**. کۆ. مەند] [**şi. ko. mend**] نواندنی پرۆسۆدیکی دەبێت بە[شکۆمەن]← [ش**i**. کۆ. مەن] [**şi. ko. men**]، دروستەی پێوانەیی هاوتا دەبێت لەگەڵ[دەمەوەر]، [دە.مە.وەر**de. me. wer**] ← **cv́.cv. cvc** [σ́. σσ] [Σ]←ω.

بەڵام ئەگەر هەریەکێک لەو هاوەڵناوانە وەک ناوی تایبەتی بەکارهات، ئەوا هێزدانان تیایاندا کۆتاگری دەبێت و بە (پێ)ی ئەناپست دەنوێنرێن، وەک لە [گەشاوە]دا کە نواندنی پێوانەییەکەی دەبێت بە: ← **cv.cv. cv́**[σσ.σ́] [Σ]←ω، (ناوی تایبەتی).

- [خوێندەوار] نواندنی پێکهاتەیی برگەیی دەبێت بە [خوێن.دە.وار**xwên. de. war**] نواندنی پرۆسۆدیکی دەبێت بە ←[خوێنەوار] [خوێ. نە. وار**xwê. ne. war** ]، وەک دەبینرێت تیاچوونی کەرتەدەنگی /د/ هەیە لە هاوەڵناوە دارێژراوەکاندا بە مەبەستی کورتکردنەوەی برگەکان، ئەوەش دەبێتە هۆی جیاوازی لەنێوان دروستەی برگەکاندا لە **ccvc. cv.cvc** ← **ccv. cv. cvc** لەباری یەکەمەوە بۆ باری نواندنی دروستە پرۆسۆدیکییەکەیان.

## -هاوەڵناوە لێکدراوە سێ برگەییەکان:

- [خۆفرۆش، گوتەبێژ، ڕەزاتاڵ ]←[ خۆ.ف**i**. رۆش **xo. fi.roş** ، گو.تە. بێژ **g. te. bêj**، ڕە. زا. تاڵ **ře. za. tal’**]← **cv́. cv.cvc** [σ́.σσ.] [Σ]←ω.
- [گێلەپیاو] ←[گێ. لە. پیاو**gê. Le.pyaw**]← **cv́. cv.ccvc** ←[σ́.σ.] [Σ]←ω.
- دروستەی پێوانەیی [چاوبرسی،]← [چاو. ب**i**ر. سی**çaw. bir .sî**] ، ← **cv́c. cvc.cv** [σ́.σσ.] [Σ]←ω.
- [دەمدرێژ، لەشفرۆش، دەمهەراش، سەربەرز، لۆقدرێژ، دەسبلاو ]← [دەم. د**i**. رێژ **dem. di.rêj** ، لەش. ف**i**. رۆش**leş. fi.roş**، دەم. هە. راش**dem. he. raş**، سەر. بە. ر**i**ز **ser. be.ri** ، لۆق. د**i**. رێژ **loq. di. rêj**، دەس.ب**i**. لاو**des. bi. l’aw** ]← **cv́c. cv.cvc** [σ́.σ.] [Σ]←ω.
- [ ورگزل(وْ**i**رگ**i**زل)، کۆمەڵکوژ]← [وْ**i**. رگ. ز**i**ل**wi. rig. zil**، کۆ.مەڵ.کوژ **ko. mel’. kuj**] **cv́. cvc. cvc** ←[σ́.σσ]←[Σ´.]←ω .
- [خوێنشیرین] ،[خوێن. شی. ر‌ین **xwên. şî. rîn** ] **ccv́c. cv. cvc** ←[σ́.σσ]← [Σ´]←ω . .
- [ چڵکاوخۆر]← [چ**i**ڵ. کاو. خۆر **çil’. kaw. xor** ]← **cv́c. cvc.cvc** [σ́.σ.] [Σ]←ω.
- [ ئاستبەرز، ئاستنزم، دەستبلاو] نواندنی پێکهاتەیی برگەیی دەبێت بە [ئاست. بە. ر**i**ز**’ast. be.riz** ، ئاست. ن**i**. زم **’ast. ni. zim** ، دەست. ب**i**. لاو **dest. bi. l’aw**]← **cv́cc. cv. cvc** [σ́.σ.] [Σ]← **ω** بەڵام لەنواندنی پرۆسۆدیکییەکەیاندا دەبن بە[ئاسبەرز، ئاسنزم، دەسبلاو] دەنگی /ت/ تیادەچێت و/س/ بەئەلۆفۆنێکی نزیک لە /ز/ دەردەکەوێت، واتە زیاتر بەرەو گڕبوون دەچێت، ←[ئاس. بە. ر**i**ز **’as. Be.riz**، ئاس. ن**i**. زم **’as. ni. zim** ، دەس. ب**i**. لاو**des. bi. l’aw**]← **cv́c. cv.cvc** [σ́.σ.] [Σ]←ω.
- هەریەکە لە وشەکانی [کاسەلێس، شۆخەژن،شۆڕەسوار.. ] دەکرێت وەک (هاوەڵناوێکی ناوئاسا) دابنرێن، لەمبارەدا هێزدانانان تیایاندا دەبێت کۆتاگری دەکەونە (ئاستی دوو)ی فەرهەنگەوە،

دەبێتە هەڵاوێرکردن لە یاسای هێزدانان بەپێی بنەمای هێزدانانی کەتیگۆرییانە، دروستەی پێوانەییان بەمشێوەیە دەنوێنرێت: [کاسەلێس، شۆخەژن،.. ] ←[کا.سە. لێس **ka.se.lês**، شۆ. خە. ژن **şo.xe.jin** ،..]← **cv. cv.cv́c** ، [شۆ.ڕە. سوار**şo. ře. swar**[**cv. cv.ccv́c** [σσ σ́.] [Σ]←ω. پێی ئەناپست پێکدەهێنن.

## ٢/٣-١-٢-١)نواندنی (هاوەڵناو)ە ئێکسۆسێنتریکە سێ بڕگەییەکان:

لە پۆلێنکردنی دانە فەرهەنگییەکاندا، گرووپێک لە وشە دەسنیشانکران، کە بریتی بوون لە وشە ئێکسۆسێنتریکەکان و وشە ئێندۆسێنتریکەکان (**بڕوانە** ٢/١-١-٥- ١)، ئەو وشە ئێکسۆسێنتریکییانەی کە لە سێ بڕگە پێکهاتوون، وەک لە :

- [ڕەنگاوڕەنگ، گورجوگۆڵ، ترشوتاڵ، ڕەشوبۆر، ڕەشوڕووت، زۆروبۆر، پانوپۆڕ، سووروسپی، ڕەشوسپی،.. ]، لەبەرئەوەی کۆی واتای گشتییان (هاوەڵناو) دەگەیەنێت و لە سێ بڕگە پێکهاتوون، لە مبارەدا هێزدانان تیایاندا سەرەتاگری دەبێت و یەک (پیێ)ی بەهێز بەرهەمدێنن و هێزی سەرەکی دەکەوێتە سەر بڕگەی یەکەم و (پیێ)ی داکتڵ بەرهەمدێنن. دروستەی پێوانەییەکایان بەمشێوەیە دەنوێنرێت: ←[ڕەن. گاو. ڕەنگ/ڕە/ŋ **řen. gaw. řeŋ**] **cv́c.cvc.cvc** ،[ گور. جو. گۆڵ **gur. gu. gol’**، تر. شو. تاڵ **tir. şu. tal’**] **cv́c.cv.cvc**، [ڕە. شو. بۆر **ře. şu. bor**،ڕە.شو.ڕووت **ře. şu. řût** ، زۆ. رو. بۆر **zo. ru. bor** ، پا. نو. پۆڕ **pa. nu. poř**] **cv́.cvc.cvc** [سوو. رو. سپی **sû. ru.spî**، ڕەشوسپی **ře. şu. spî** ] **cv́.cv.ccv.** [σσ σ́]←[Σ]←ω. هەرچەندە دروستەی بڕگەییان جیاوازە، بەڵام کاریگەری لەسەر شوێنی هێزدانانیان و دروستەی (پیێ) نەکردووە.

لە نموونەکاندا دوو دەربڕینی پرۆسۆدیکی دەبینرێت، یەکەم: لە /ڕەنگاوڕەنگ/دا دروستەی بڕگەی کۆتایی /ڕەنگ/ لە**cvc** پێکهاتووە واتە لە /ڕە/ŋ **cvc** نەک لە/ڕەنگ/ **cvcc**. هەروەها لە /سووروسپی/دا، لەبەرئەوەی هێزی سەرەکی دەکەوێتە سەر بزوێنی بڕگەی سەرەتا، کەواتە لە/سوور/دا دەنگی /و/ بە /وو/ دەنوێنرێت، بەڵام ئەگەرهێزی لەسەر لاچوو دەبێتەوە بە /و/ لە ژینگە ڕۆنانییەکانی تردا، وەک لە [سورەچنار]دا، کە هێزی سەرەکی لەسەر بزوێنی بڕگەی کۆتاییە، چونکە کۆی واتای گشتی وشەکە بۆ (ناونان)ی جۆرێکی درەختی (چنار) بەکارهاتووە، جەختی واتایی فەرهەنگی ناکەوێتە سەر ڕەنگەکەی لە دەربڕینەکەدا، بەڵکو دەکەوێتە سەر کۆی گشتی واتای دەربڕاوەکە؛ لەمبارەدا بە پێی جۆری ڕێنووس بڕیار لە چۆنییەتی نووسییان دەدرێت.

نواندنی هاوەڵناوەکان کە لە سێ بڕگە زیاترن: دەکەونە ئاستی سێ و هێزی ڕیتمییان هەیە.وەک:

- [باڵابەرز، پایەبەرز، پایەبڵند ،چاوبەخومار، دەمبەهاوار، سەربەگۆبەن، سەربەڕزق، کاربەڕێکەر، دەمبەخەندە] [ماوەبەسەرچوو، هیچ لە بارانەبوو]، [جادوو لێکراو، گومان لێکراو، تازە پێگەشتوو، تازەپیاکەوتوو، تازەبەرهەمهاتوو، ].

## ٢/٣–٢) نواندنی هێزی سەرەتاگری ودروستەی پێوانەیی دانە فەرهەنگییە **<u>داڕێژراوەکان بە پێشگر</u>**:

نواندنی شوێنی هێز لە دەرکردەی سەرجەم پرۆسەمۆرفۆلۆجییەکانی داڕشتن بە پێشگر بۆ هەرسێ کەتیگۆرییەکە(ناو، هاوەڵناو، قەدی کردار) دەکەونە ئەم ئاستەوە، چونکە واگریمانە دەکرێت کە سەرجەم پێشگرە وشە داڕێژەرەکان لە زمانی کوردیدا ڕاکێشەری هێزی سەرەکیبن لە وشەداڕێژراوەکاندا.

### ٢/٣–٢–١)(ناو)ە داڕێژراوەکان بە پێشگر:

نواندنی هێزدانان بۆ ناوەکان بەگشتی، ناوە داڕێژراوەکان بە پاشگر، کۆتاگرییە واتە هێزی سەرەکی دەکەوێتە سەر بزوێنی بڕگەی کۆتایی، بەڵام لە داڕشتنی (ناو) بەپێشگردا دەبێتە هێزدانانی سەرەتاگری چونکە واگریمانە دەکرێت کە پێشگرەکان ڕاکێشەری هێزی سەرەکی (بنجە)کە بن، دوای نەریتی سڕینەوەی کەوانە مۆرفۆلۆجییەکان، بەهۆی نەریتی سڕینەوەی هێزەوە، کەرتەپێکهێنەرەکان ڕووبەڕووی هەڵوەشانەوەی دروستەی بڕگە و (پێ) دەبنەوە و بەپێی دەرکردە نوێیەکە دروستەی بڕگەو ودروستەی (پێ)یان دادەڕێژرێتەوە و دووبارە بەپێی بنەمای هێزدانانی کەتیگۆرییانە و مۆرفۆلۆجییانە شوێنی هێزییان بۆ دیاریدەکرێتەوە، <u>لەبەرئەوەی داڕشتنەکە بە پێشگرە، لەبەرئەوە (ناو)ە بەرهەمهاتووەکە شوێنی هێزەکەی لە کۆتاگرییەوە دەبێت بە سەرەتاگری</u>، گەر لە دوو بڕگە پێکهاتن (پێ)ی ترۆکێکی و گەر سێ بڕگەش بوون (پێ)ی داکتڵ بەرهەمدێنن.

دەکرێت بگوترێت لەم ژینگەی داڕشتنەدا، دەستنیشانکردنی کەتیگۆریی دەرکردەکان وەک ئەوەی (ناو) بن یان (هاوەڵناو) تاڕادەیەک کێشەدارە، چونکە زۆربەیان لەبنەڕەتدا هاوەڵناوی داڕێژراون، بەڵام (ناو)ن بۆ ناونانی سیفەتەکان–هاوەڵناوەکان، گەر بەمەبەستی ناوی سیفەتەکە بەکارهاتن، ئەوا بە(ناو)ی داڕێژراوی دادەنرێن، یان لە زۆربارادا دەبن بە(ناو) بۆ حاڵەتێکی تایبەت، وەک لە [هاوسەر، ڕاگر، وەرگێڕ،...]، لەمبارەدا دەکرێت وەک (ناوی هاوەڵناوئاسا) بناسێنرێن [بە پێچەوانەی (هاوەڵناوی ناوئاسا) کە لە داڕشتنی هاوەڵناو بە پاشگری [–ین]ەوە دروستدەبێت ]، سەرەڕای ئەوەی بەکارهێنانیشییان لە ئاستی سینتاکسدا زیاتر کەتیگۆرییەکەیان دەردەخات، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە چ (ناو) یا (هاوەڵناو) یا (ڕەگی کردار)ی داڕێژراوبن بەپێشگر، لەڕووی فۆنۆلۆجیەوە جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە، چونکە لە هەرسێکیاندا هێزدانان سەرەتاگرییە و هێزی سەرەکی فەرهەنگی دەکەوێتە سەر بزوێنی بڕگەی یەکەم. بەمەرجێک وەک (ناوی تایبەتی) بەکارنەهێنرابن، چونکە گەر وەک ناوی تایبەتی بەکارهاتن، ئەوا هێزدانان تیایاندا دەبێتە کۆتاگری و(پێ)ی ئامبیکی و ئەناپست پێکدەهێنن کە ئەوەش ڕیتمێکی جیاوازییان پێ دەبەخشێت و لەمبارەدا دەکەونە (ئاستی دوو)ی فەرهەنگەوە، وەک (ناو)ەکانی [هاوژین، بەڕیز، تێبین،... ].

#### –ناوە دوو بڕگەییە داڕێژراوەکان بە پێشگر:

- [بکەر، بکوژ ، بخۆر، ڕامان، ڕاگر، پێناس، پێنووس، پێخۆر، پێخەف، لێزان،..] ←[ب.i کەر**bi. ker**، ب.**i** ، کوژ **bi. kuj** ، ب.**i** خۆر**bi. xor**، ڕا. ما **řa . man**، ڕا. گ**i**ر**řa. gir**، پێ. ناس**pê. nas**، پێ. نوس**pê. nus** ،. پێ. خۆر**pê. xor**، پێ. خەف**pê.xef**، لێ. زان**lê. zan**...]← **<u>cv́.cvc</u>** [σ́.σ]←[Σ]←ω.

گەر سەرنجبدرێت لە  [پێنوس]دا کەرتە دەنگی /و/ بەیەک /و/ دەنووسرێت نەک بە دوو /وو/ چونکە هێزی سەرەکی دەکەوێتە سەر بڕگەی سەرەتا نەک بڕگەی کۆتایی.

- هەروەها لە [تێچوو] کەبەمانای (کلفە) دێت، هەمان دروستەی پێوانەیی هەیە، بەڵام دروستەی بڕگەییەکەی**cv́.cv** یە، جیاوازترە. دەبێت لە ڕێنووسدا بە /تێچو/بنووسرێت، چونکە هێزەکە لەسەر بڕگەی یەکەمە
- [هاوسەر، هاوشان، هاوپۆل، وەرگر، وەرگێڕ... ] ←[هاو. سەر **haw. ser** ، هاو. شان**haw. şan** ، هاو. پۆل**haw. pol** ، وەر. گ‌ر**wer. gir**، وەر. گێڕ**wer. gêř**]← **cv́c.cvc** [σ́.σ]←[Σ]←ω، بەڵام گەر وەک 'ناوی تایبەتی' بەکارهاتن هێزدانان تیایاندا دەبێتە کۆتاگری.
- [هاوڕێ، هاوتا... ]← [هاو. ڕێ **haw. řê**، هاو. تا **haw. ta**]← **cv́c.cv** [σ́.σ]←[Σ]←ω.
- لە [ڕۆنراو]← [ڕۆن. راو**řon. raw** ] بە: **cv́.ccvc** [σ́.σ]←[Σ]←ω، دەکرێت[ڕۆنراو] ببێت بە سێ بڕگەییش.

## –ناوە سێ بڕگەییە دارِژراوەکان بە پێشگر:

- [دابەزین ، دارمان، راهێنەر، داهێنەر، وەرگەڕاو، دابڕاو، هەڵهاتوو، ...]← [دا. بە. زین **da. be. zîn** ، دا. ڕ‌ی. مان **da.ři. man**، ڕا. هێ. نەر **řa. hê. ner**، دا. هێ. نەر **da. hê. ner** ، دا. ب‌ی. ڕاو **da. bi. řaw**]← [σ́ σσ]**cv́.cv.cvc** ←[Σ]←ω پێی داکیل بەرهەمدێنن و دەبنە وشەیەکی فۆنۆلۆجی.
- [داهێنراو، ڕاهێنراو، داپۆشراو،...]← [دا. هێن. راو **da. hên. raw**، ڕا. هێن. راو **řa hên. raw** ، دا. پۆش. راو **da. poş. raw**]← **cv́.cvc.cvc**[σ́ σσ]←[Σ]←ω.
- [وەرگەڕاو، هەڵهاتوو ،...]← [وەر. گە. ڕاو **wer.ge. řaw**] **cv́c.cv.cvc** ، [هەڵ. ها. توو **hel'. ha. tû**]← **cv́c.cv.cv** [σ́ σσ ]←[Σ]←ω.

هەندێکجار جیبەجێکردنی یاسا مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجییەکان لە ئاستی مۆرفۆفۆنەمیکیدا بە شێوەی ناسووڕییانە جیبەجێدەکرێن، بەڵام لە ئاستی پرۆسۆدیکیدا سووڕیین ، وەک لە:

- لە [هاوڵاتی]دا جیبەجێکردنی یاسا مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجییەکان بە ناسووڕی دەبێت بۆ کەرتە پێکهێنەرەکانی ئاستی مۆرفۆفۆنەمیکی لە ژینگەی دارشتنەکەدا، چونکە ژینگەی دارشتنەکە بریتییە [هاو–پێشگری وشەدارێژەری فەرهەنگی ناهێزداری هێزراکێشەر + [وڵات]ناو+ –ی]دا دەبێت بە [هاو+[ وڵات]–ی]←[هاووڵاتی]، [haw- +[wl'at] + -î] لەمبارەدا لە سێ بڕگە پێکدێت ←[هاوو. ڵا. تی **ha<u>ww</u>. l'a. tî**]، وەک دەبینرێت دوو دەنگی /w/ , /w/ لە بڕگەی یەکەمدا هاتووە، کە هەردووکیان نەبزوێنن هەمان جۆرو هەمان لەرەلەری دەنگی و هەمان تایبەتمەندیی فیزیکییان هەیە، ئەوەش وادەکات ئەو دوو دەنگە تووشی پێکداچوون ببن و تەنها یەک دانەیان دەربکەوێت، لەمبارەدا وشەکە دەبێت بە [هاوڵاتی]، ئەم بابەتی پێکداچوونی هەمان دەنگییانە لە (**Josseph Galasso,2009**) لە نێوان زمانی ئیسپانی و ئینگلیزی گرنگی پێدراوە)؛ هەروەها هەریەکە لە ناوە دارێژراوەکان بە پێشگر[ هەڵبژێردراو، لێپێچینەوە، لێکۆڵینەوە] چوار بڕگەیی و پێنج بڕگەیین و دەکەونە ئاستی سێ لەفەرهەنگدا.

### ٢/٣-٢-٢) (هاوەڵناو)ە دارێژراوەکان بە پێشگر:

-هاوەڵناوە دوو بڕگەییە دارێژراوەکان بە پێشگر:

- [بێخەم ، بێتام ، بێناز، بێڕێز، بێخێر، بێهێز، بێباک، ناپاک، نەزان، نەفام، نەمر، ناڕون، بەکوڵ، بەناز، بەڕێز، بەچێژ]← [بێ. خەم **bê. xem**، بێ. تام **bê. tam**، بێ. ناز **bê. naz**، بێ. ڕێز**bê. řêz**، بێ. خێر**bê.xer** ، بێ. هێز**bê. hez**، بێ. باک**bê. ba** ، نا. پاک**na.pak** ، نە. زان**ne.zan**، نە. فام**ne. fam**، نە. م**i**ر**ne.mir**، بە. کوڵ**be. kul'**، بە. ناز**be. naz**، بە. ڕێز**be.řêz**، بە. چێژ**be.çêj**.]← cv́.cvc [σ́σ] [Σ]←ω
- [ناڕون، بێسود، بێتوک]← [نا. ڕون**na. řun** ، بێ. سود**bê. sud** ، بێ. توک**bê.tuk** ]، لەبەر هەمان هۆی ئەوەی کە هێزدانان تیایاندا سەرەتاگرییە، لەبەرئەوە/و/، کە هێزی لەسەر نەبێت فیچەری درێژبوونەوە لە دەستدەدات، هەر بە /و/ گۆ دەکرێت، **نەک** بە/وو/، چونکە هێز لەسەر بڕگەی یەکەمە، بەڵام کاتێک **دانە** ڕێژراو بن و پێشگریان لەسەر نەبێت، ئەوا بە /وو/ گۆدەکرێن، چونکە هێز دەکەوێتە سەر بزوێنی بڕگەکەیان کە /و/ ە، هۆکاری درێژبوونەوەکەشی مۆرای هێزەکەیە/i/ کەوا دەکات /و/ ببێت بە /و←i/ ←/وو/، نواندنەکەیان بریتیی دەبێت لە :[ ڕوون، سوود، تووک].

**– هاوەڵناوە سێ بڕگەیی دارێژراوەکان بە پێشگر:**

- [بەڕۆژو، بێوەفا، بەوەفا، بێلانە.. ]← [بە. ڕۆ. ژو**be. řo.ju**، بێ. وە. فا**bê.we.fa**، بە. وە. فا**be. we.fa** ، بێ. لا. نە**bê.la.ne**] ←cv́.cv.cv [σ́.σσ] [Σ]←ω.
- لە [بێنرخ، بەنرخ، بێشەرم، بێکەڵک، ناپەسەن، نادیار ...]← [بێ. ن**i**. ڕخ **bê. ni. rix**، بە. ن**i**. ڕخ **be.ni. rix**، بێ. شە. ڕم**bê. şe.rim**، بێ. کە. ڵ**i**ک**bê. ke. l'ik**، نا. پە. سەن**na. pe. sen**، نا. د**i**. یار**na. di.yar**]← cv́.cv.cvc [σ́.σσ] [Σ]←ω.
- [بەتوانا، بێتوانا..]← [بە. توا. نا**be. twa. na**، بێ. توا. نا**bê. twa. na** ]← cv́.ccv.cv [σ́.σσ] [Σ]←ω.

### ٢/٣-٢-٣) (ڕەگی کردار)ە دارێژراوەکان بە پێشگر:

- [دابڕ][دابڕین][دا. بڕ**i**]←[**da.biř**]←cv́.cvc [σ́σ] [Σ]← ω .
- [هەڵ کەن] [هەڵکەندن] [هەڵگر][هەڵگرتن]←[هەڵ.کەن**hel'.ken**، هەڵ.گ**i**ر**hel'.gir** ]← cv́c.cvc [σ́σ] [Σ]← ω.

## ٢/٣-٣) نواندنی هێزی سەرەتاگری ودروستەی پێوانەیی بۆ (هاوەڵناوە) داڕێژاوەکان بە پاشگری[-ی]

لە پرۆسەی دارشتنی (هاوەڵناو) لە (ناو)ەوە بە پاشگری[-ی] ،پاشگرەکە [-ی] **نابێتە** پاشگرێکی هێز ڕاکێشەر، چونکە (هاوەڵناو) بەرهەمدێت، بەپێی بنەمای هێزدانانی کەتیگۆرییانە لە (هاوەڵناو)دا شوێنی هێز سەرەتاگرییە، هێزی سەرەکی دەکەوێتە سەر بزوێنی بڕگەی یەکەم لە هاوەڵناوە داڕێژراوەکەدا، بە پێچەوانەی ئەوەی کە لە دارشتنی (ناو)دا پاشگرەکە دەبێت بە پاشگرێکی وشەدارێژەری هێز ڕاکێشەر، چونکە لە (ناو)دا هێزدانان کۆتاگریە.

هاوەڵناوە دارێژراوەکە گەر لە دوو بڕگە پێکهات (پێ)ی ترۆکێکی و گەر لە سێ بڕگەش پێکهات (پێ)ی داکتڵ پێکدەهێنێت، گەر لە چواربڕگەش پێکهات دەکەوێتە ئاستی سێیەمەوە. وەک لە :

## ـلە دوو بڕگەییەکاندا کە پێی ترۆکێکی بەرهەمدێنن:

- [ شاری، هندی، میسری/مصری]، **پێکهاتووە لە:**[[شار، هند، مسر/مصر]ناو+ **ـی** پاشگری وشە داڕێژەرەی ناهێزدار] ← [هندی، میسری، مصری]هاوەڵناو← [ ،هان.دی **hin. dî**، م**i**س.ری **mis. rî**/مص.ری ] ←**c<u>v́</u>c.cv**.[σ́.σ]←[Σ]←ω ، [شاری،] ←[شا. ری **şa. rî**] ←**c<u>v́</u>.cv**.←[σ́.σ]←[Σ]←ω.

لەمبارەدا نواندنی پێکهاتەییان = نواندنی پرۆسۆدیکییەکەیان، بەڵام لە 'مسری'دا /س/ بە ئەلۆفۆنۆنی /ص/ یش دەردەبڕرێت، ئەوەش کار لە دەربڕینی کەرتەدەنگی/ی/ کۆتایی نەکردووە، هەمان نواندنن، لەمبارەدا لەڕێنووسی پرۆسۆدیکیدا [ـی] بە [یی*] نانوێنرێت، چونکە هێزی سەرەکی نەکەوتووەتە سەر تا بزوێنی بڕگەکە درێژ بکاتەوە.

- لە [تورکی، سووری]دا، لە ژینگەی دارشتنی هاوەڵناوەکەدا، لە ناوەکانی [[تورکیا، سووریا]+ـی] جێبەجێکردنی یاسا فۆنۆلۆجییەکان بە شێوەی ناسووڕییانەیە بۆ زیادکردنی پاشگرەکە، چونکە دوای نەریتی سڕینەوەی کەوانە مۆرفۆلۆجییەکان، مەرجی سووڕی توند لەکارکەوتووە، ئەوەش بووە تەهۆی لەکارکەوتنی بنەمای پاراستنی دروستە، لەئەنجامدا گریمانەی بواری بەهێز لەکارکەوتووە، هەریەکە لە [تورکیا، سوریا] و بەشێک لە دەنگە پێکهێنەرەکانیان لەدەست داوە، کە بڕگەی کۆتاییانە، کە پێکهاتووە لە بزوێنی/ی/لەگەڵ بزوێنی کۆتایی /یا/، ئینجا پاشگرەکەیان بۆ زیاد کراوە، بوون بە: [تورکی، سووری]←[تور.کی **tur. kî**] **c<u>v́</u>c.cv**، [سوو. ری **sû. rî**] **c<u>v́</u>.cv.** [σ́.σ] ←[Σ]←ω. لە هەر دووکیاندا (پێ)ی ترۆکێکی بەرهەمهاتووە؛ ئەگەر سەرنجبدرێت دەنگی /وو/ لە [سووری]دا کورت نەبووەتەوە بۆ /و/، هۆکارەکەشی دەگەڕێنینەوە بۆ ئەوەی کە <u>هاوەڵناوە</u>، هێزی سەرەکی لەسەر بزوێنی بڕگەی یەکەمە، لەکاتێکدا کە [سوریا] (ناو)ە بە یەک /و/ دەنوێنرێت، چونکە لە (ناو)دا هێزدانان کۆتاگرییە و هێزی سەرەکی دەکەوێتە سەر بزوێنی بڕگەی کۆتایی، دەکرێت ئەم لێکدانەوەیە وەک بەڵگەیەک بەکاربهێنرێت بۆ لایەنگری لەو گریمانەیەی کە لەم تێزەدا پشتی پێ بەستراوە، کە هێزی ئەکسێنتی لەسەر بنەمای هێزدانانی کەتیگۆرییانە و مۆرفۆلۆجییانە پێڕەودەکات، بۆ پەسنکردنی شوێنی هێزی سەردانە فەرهەنگییەکان، گەر هەریەکە لە نموونەکانی [زاخۆیی] یان [لادێیی] بە بەڵگە بهێنرێنەوە لەدژی ئەم بۆچوونە، ئەوا دانانی [ـی ]کۆتایی بە [یی]، بەهۆی هێزەوە نییە، بەڵکو بەهۆی پێواژۆفۆنەتاکتیکییەکانی زمانی کوردییەوەیە لە 'کردەی فۆنەتاکتیک'دا، نەک لە 'کردەی پرۆسۆدیکیی'دا، وەک لە دواتردا ڕوونکراوەتەوە.

## لە سێ بڕگەییەکاندا کە (پێ) ی داکتڵ بەرهەمدێنن:

- دروستەی پرۆسۆدیکی [[کەلار]+ ـی] ←[کەلاری]← [کَ .ەَ .لا.ری **ke.la.rî**]← **c<u>v́</u>.cv.cv** [σ́ σσ] ←[Σ]←ω. لەڕێنووسە پرۆسۆدیکییەکەیدا [ـی] بە [یی*] نانوێنرێت، چونکە هێزی سەرەکی نەکەوتووەتە سەر، تا بزوێنی بڕگەکە درێژ بکاتەوە.

پرسیارێک دێتە ئاراوە: ئایا لە هەریەکە لە نموونەکانی[بازنەیی] [زاخۆیی] یان [لادێیی]دا، نواندنی [ـی ] کۆتایی بە [یی]، بەهۆی هەبوونی هێزی کۆتاییەوەیە؟

وەلام: نواندنی [–ی ] کۆتایی بە [یی] لەو نموونانەدا، بەهۆی دانانی هێزەوە نییە، بەڵکو بەهۆی کردەی فۆنەتاکتیکەوەیە، کە بەپێی پێواژۆفۆنۆلۆجییەکانی زمانی کوردی لە ژینگەکانی دارِشتندا، هەریەکە لە (ناو)ەکانی[بازنە، زاخۆ، لادێ،..] بە دەنگی بزوێن کۆتاییان هاتووە، لەم ژینگەی دارِشتنەدا و لە کاتی زیادکردنی [–ی]دا دوو دەنگی بزوێن لە ناو وشەیەکدا بەدوای یەکدا نایەن لە زمانی کوردییدا، پرۆسەی بلۆککردن دێتەئاراوە، پێویستە کەرتەدەنگییە ناوبەندەکان کە پێیاندەگوترێت ناوبەند، بهێنرێتە نێوانیانەوە بۆ چارەسەرکردنی پرۆسەی بلۆککردنەکە لە ژینگەی دارِشتنەکەدا، کە دەبێتە هۆی دەربرِینی [ی] بە [یی]، نەک بەهۆی هێزی کۆتاگرییەوە بێت، هەروەها لە لایەکی تریشەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە پاشگری وشەدارِێژەری [–ی] هاوەڵناو، کەرتەدەنگییەکی بزوێنە، راڤەکردنەکەیان بەمشێوەیە دەبێت:

- [[بازنە/زاخۆ]ناو+-ی]←[بازنە/زاخۆ] ⃠بلۆککردن↪چارەسەرکردن←[بازنە/زاخۆ]ناو+ی ناوبەند+–ی پاشگری وشە دارِێژەرەی ناهێزدار]←[بازنەیی/ زاخۆیی]هاوەڵناو،

–پێش دارِشتن [[زاخۆ] نواندنی پێوانەیی دەبێت بە: [زا.خۆ ´] [زا. خ ۆ́ [za.xo]ناو **cv.cv́**[σ .σ́] ←[Σ]←ω.

–دوای دارِشتن: [زاخۆیی]هاوەڵناو ← [ز اَ. خۆ.یی[za,xo, yî]هاوەڵناو]←**cv́.cv.cv** [σ́.σσ]← [Σ] ←ω

- بۆ [بازنەیی]، [هێلکەیی] و [لادێیی]هاوەڵناو بەهەمان شێوەیەی[زاخۆی] هاوەڵناو ییە.
- [هەولێری، کەرکوکی، عەربەتی، عێراقی، ئێرانی،.. ]← [ هەو. لێ. ری**hew. lê. rî**، کەر. کو. کی **ker. ku. kî**، عەر. بە تی**ʼer. be. tî.** ، عێ. را. قی**ʒê. ra. qî** ، ئێ. را. نی **ʼê. ra. nî**]←**cv́.cv.cv** [σ́.σσ]← [Σ] ←ω
- لە ناوەکانی [ [ئیتاڵیا، ئیسپانیا، فەرەنسا، هەورامان،..]ناو+–ی]←[ ئیتاڵی، ئیسپانی، فەرِەنسی، هەورامی] پاش ئەوەی یاسا مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجیەکان لە ژینگەی دارِشتنی هاوەڵناوەکەدا بەشێوەی ناسووریانە جێبەجێکراوە، پاشدارِشتن هەریەکە لە فۆرِمەکانی [ئیتاڵی، ئیسپانی، فەرِەنسی، هەورامی]، بەرهەمدێن، کە هەرچەندە لە دروستەی برِگەییاندا لێکجیاوازن، بەڵام لە سەرجەمیاندا برِگەی کۆتاییان، یان بەشێک لە برِگەی کۆتاییان لەدەستداوە، ئنجا پاشگرەکەیان وەرگرتووە، لە (ناو) ی [فەرەنسا]شدا، کەرتەدەنگی /ا/ لەدەستداوە، کە بەشێکە لە برِگەی کۆتایی ناوەکە و [فەرەنسی]هاوەڵناو بەرهەمهاتووە. لەمبارەدا پاشدارِشتن هێزدانان تیایاندا سەرەتاگری دەبێت نواندن و دروستەی پێوانەییان دەبێت بە[ئی. تا. ڵی**ʼî. ta. ľî**] **cv́.cv.cv** ، [ئیس. پا. نی **ʼîs. pa. nî**، [هەو. را. می **hew.ra.mî**] **cv́c.cv.cv**، [ فە. رِەن.سی **fe. řen. sî**]←**cv́.cvc.cv** [σ́.σσ]←[Σ]← ω.

رِەنگە هۆکاری ئەو گۆرِانە فۆنۆلۆجییە، کورتکردنەوەی سێ برِگەیی بێت، تا هاوەڵناوە بەرهەمهاتووەکە بە سێ برِگە دەربرِدرێت، ببێتە یەک(پێ)ی داکتڵ، ئەگینا گەر راستەوخۆ پاشگری[–ی] ناوبەندەکەی یان فیلەرەکەی بۆ زیاد بکرێت دەبنە چوار برِگە و لەمبارەدا دەبنە دوو (پێ) و دەکەونە ئاستی سێیەمەوە.

- لە ناوێکی وەک [[سلێمانی]ناو+ –ی]دا:

لە ژینگەی دارِشتنەکەیدا تووشی پرۆسەی بلۆککردنی فۆنۆلۆجییانە دەبێت، لە رِێی چارەسەرکردنی مۆرفۆلۆجیشەوە بە هێنانی کەرتەدەنگییە ناوگرەکان چارەسەرنابێت، لەبەرئەوەی کە [سلێمانی] لە چوار برِگە پێکهاتووە [س**i**. لێ. ما. نی]، هەوڵدەدرێت کورت بکرێتەوە بۆ سێ برِگەیی[سلێ. ما. نی أ]، پاشان هێزدانان تیایدا کۆتاگری دەبێت، نواندنە پرۆسۆدیکییەکەی دەبێت بە: [سلێمانیی]، نواندنە پێوانەییەکەی

پاش کورتکردنەوەی سێ بڕگەیی دەبێت بە: [سلێ. ما. نیی[slê. ma. nîy]، کەرتەدەنگی [یی] کۆتایی بە [îy] یان بە [îi]دەنوێنرێت، [i]وەک شوێنپێی هێز بۆ کەرتەدەنگی کۆتایی (ناو)ەکە زیاددەکرێت، (بەپێی گریمانەی سەرەکی ئەم تێزە وادادەنرێت بە [´slêmanîi] بنوێنرێت)، چونکە هێزی سەرەکی دەکەوێتە کۆتاییەوە. پاش ئەوەی دەچێتە ژینگە دارشتنییە نوییەکەوە، دەبێت بە هاوەڵناو، هێزدانانی کۆتاگری لەسەر لادەچێت دەبێتە هێزدانانی سەرەتاگری و دەبێتەوە بە:[ slêmanî ، سلێمانی]، چونکە لە ژینگە دارشتنە نوییەکەدا: [[سلێمانیی]+ [–ی–]ناوبەند +[ –ی]پاشگر]، کاتێک پاشگری وشە دارێژەری [–ی] بۆ زیاد دەکرێت(کەرتەدەنگییەکی بزوێنە)، لەمبارەدا دوو دەنگی بزوێنی [–ی] بەدوای یەکدا نایەن، ئەوەش پرۆسەی بلۆککردنی فۆنۆلۆجییانەی بەدوادا دێت، کاتێک ژینگەی دارشتنەکە هەوڵدەدات لەرێی یاسا مۆرفۆلۆجییەکانەوە چارەسەری بکات، بە بەکارهێنانی کەرتەدەنگی ناوبەندی[–ی]، کە کەرتە دەنگییەکی نەبزوێنە، دووبارە ***بلۆککردنی*** فۆنۆلۆجییانە و مۆرفۆلۆجییانەی بەدوادا دێتەوە، چونکەرێگە پێدراو نییە کە سێ دەنگی [ی] بەدوای یەکدابێت، هەرچەندە هێزدانان سەرەتاگریش بێت، پاشان دەرکردەکە دەبێت بە: [ [slê manî]+ [-y]+ [ î]→⊘] ، لەئەنجامدا **نە** پاشگرەکە وەردەگرێت، **نە** ناوبەندەکەش، هەر بە فۆرمی [سلێمانی[slê manî]] دەمێنێتەوە، بەڵام کەتیگۆرییەکەی دەبێت بە هاوەڵناو. ئەگەر سەرنج بدرێت لە پرۆسەی دارشتنی هاوەڵناو بە پاشگری [–ی]دا، ئەو(ناو)انەی کە بە کەرتەدەنگی /ی/ کۆتاییان هاتووە، راستەوخۆ ناچنە وەچەلقی ژینگەی دارشتنی (هاوەڵناو)ەوە، بەڵام ئەگەر چوون، ئەوا پرۆسەی کورتکردنەوەی سێ بڕگەیی بۆ بەرهەمهێنانی یەک (پێ) لەئاستی یەکی فەرهەنگی کوردیدا لەم جۆرە هاوەڵناوە بەرهەم هاتووانەدا جێبەجێدەکرێت، ئەو هۆکارەش کە رێگاخۆشکەرە/مۆڵەتدەرە بۆ پرۆسەی کورتکردنەوەکە، ئەوەیە کە: پاشگری [–ی] پاشگرێکی ناهێزدارە، هێزی فەرهەنگی دەرکردەکەش راناکێشێت، لەمبارەدا پاشگرەکە وەرناگرن، لە ئەنجامدا فۆرمە فۆنۆلۆجییەکەیان وەک خۆی دەمێنێتەوە؛ ئەگەر سێ بڕگەیی بوون دروستەی بڕگەیی (پێ)ی داکتڵ بەرهەم دێنن، کە نواندنی سێ بڕگەیە بۆ پێکهێنانی یەک (پێ) و هێزدانانی سەرەتاگریی هەیە، زاڵ دەبێت بەسەر پرۆسە مۆرفۆلۆجییەکەی وشەرۆناندا، کە دارشتنی هاوەڵناوە بە پاشگری [–ی].

### ٢/٣–٤)نواندنی (ناو)ە لێکدراوە سێ بڕگەییەکان کە واتای کەرتی یەکەمیان زاڵە:

هەڵاوێرکردن لە جێبەجێکردنی یاسای فۆنۆلۆجی فەرهەنگی هێزدانانی کۆتاگری و یاسای نواندنی (ناو) سێ بڕگەییەکان بە یەک (پێ)ی هێزدار دێتە ئاراوە بۆ هەندێک لە (ناو)ە لێکدراوەکان، بەهۆی 'گریمانەی واتای زاڵی یەکێک لە کەرتە پێکهێنەرەکان بۆ نواندنی ئاستی هێزی سەرەکی'، هێزدانان تیایاندا دەبێت سەرەتاگری دەکەونە ئەم ئاستەوە، هێزی سەرەکی دەکەوێتە سەر بزوێنی بڕگەی یەکەم و (پێ)ی داکتڵ بەرهەمدێت،

- وەک لە:[کچەمام، کورەمام، گوڵەباخ، گوڵەجۆ، تازەبووک، تازەیار، کۆنەماڵ، کچەکورد]، نواندنی پێوانەییان دەبێت بە : [کi. چە. مام ki. çe. mam، کو. رە. مام ku. ře. mam، گو. لە. باخgu. l’e. bax، تا. زە. بوک ta. ze. buk، تا. زە. یار ta. ze. yar، کۆ. نە. ماڵ ’ko. ne. mal] cv́.cv.cvc ، [گو. لە. جۆ gu. l’e. co ،[ cv́.cv.cv ،[کi. چە. کورد ki. çe. kurd] cv́.cv.cvcc ← [σ´σσ]←[Σ]←ω.

## ٢/٣–٥)نواندنی هێزی سەرەتاگری و دروستەی پێوانەیی وشە ئەرکییەکان:

نواندنی ئەو دانە فەرهەنگیيانە دەگرێتەوە، کە لە فەرهەنگدا بە وشە فۆنۆلۆجییە ئەرکییە سەربەخۆکان ناسراون، ئەم وشە ئەرکییانە خاوەنی دروستەی برگەیی و دروستەی (پێ)ی بەهێزن و هەمیشە هێزدارن، ئەوانیش وەک: پۆلی کلیتیکە سەربەخۆکان ، پۆلی ئارتیکڵەکان**articles**، پۆلی پێشناوەکان، پۆلی وشە ئەرکییە سینتاکسییەکانی، کە بە پۆلی ئامرازە پەیوەندییەکان و لێکدەرکانیش ناودەبرێن، (وەک ئامرازە پەیوەندییەکان، کە بە کەتیگۆری ناسەرەکیش ناو براون. (**بڕوانە**١-٢-١-٣)). لێردا ئاماژە بە هەندێکییان دەدرێت.

### ٢/٣–٥–١) نواندنی هێزدارانی کلیتیکە سەربەخۆکان:

- [تۆ] **c<u>ý</u>** ]←[ó.]←[Σ ]←**ω= Fn.**
- [من، ئەو]←**c<u>ý</u>c** [ó.σ]←[Σ´ ]←**ω= Fn** یەک وشەی ف.ئەرکیین، هێزی ڕیتمی چەسپاویان هەیە، چونکە ف.ئەرکییەکانیش بە وشەی <u>فۆنۆلۆجی</u> دادەنرێن.
- [ ئێمە، ئێوە، ئەوان]←: [ئێ. مە، ئێ. وە] **[ʾê. me, ʾê. we]←** **c<u>ý</u>.cv** [ ó.σ]←[Σ´ ]←**ω** ، لە [ئە. وان] [ **ʾe** **.wan]** بە **c<u>ý</u>.cvc** [ó.σ]←[Σ´ ]←**ω= Fn.** دوو برگەیین، هێزدارانی سەرەتاگرییان هەیە، پێی ترۆکێکییان پێکهێناوە.

### ٢/٣–٥–٢) نواندنی هێزداران بۆ وشە ئەرکییەکان /پۆلەڕگەزی ناسەرەکی:

هێزداران بۆ بەشێک لە وشە ئەرکییەکان، کە لە پۆلینکردنی دانە فەرهەنگییەکاندا، بە کورتی ئاماژەیان پێدرابوو لە بەشی یەکەمدا، گەر لە دوو برگە زیاتر پێکهاتن هێزداران تیایدایان دا سەرەتاگری دەبێت، بەمشێوەیە:

### ٢/٣–٥–٢–١) لەوشە ئەرکییە مۆراییەکان دا وەک [ و]-vc :

[و] وشەیەکی ئەرکی سینتاکسییە، واتە لە سینتاکسدا واتاکەی دەردەکەوێت بەڵام لە فەرهەنگدا بەپۆلەڕەگەزە ناسەرەکییەکان دادەنرێن دروستەی برگەییەکەی بە[ **vc–**] دادەنرێت، واتە دروستەی فۆنۆلۆجیی و پرۆسۆدیکییەکەی لە فەرهەنگدا دەرناکەوێت تەنها ئەوەندە نەبێت کە پێکدێت لە مۆرایەک و وشە ئەرکییە ناهێزدارەکە، کە بە دەنگێکی نەبزوێن دادەنرێت، دواتر لەئاستی دوافەرهەنگدا لە دروستکردنی فرێزە فۆنۆلۆجییەکاندا دروستەکەی دەردەکەوێت و دەبێتە ڕاکێشەری هێزی سەرەکی لەو فرێزە فۆنۆلۆجییانەدا، کە بەرهەمییان دەهێنێت، بەمشێوەیە:

لە دەربڕاوێکی وەک : [ تۆ و من دەڕۆیین] نواندنی پێوانەیی ئەم دەر بڕاوە لە ئاستی دوافەرهەنگدا دەردەکەوێت، و دەبێت بە: [ [ [تۆ]] Fnc +-و Fnc[pph1 .+من Fnc [.pph2[ IP1 + ]] دە.ڕۆ یین [ pph3 [IP2[دەربڕاو**Utt.**.
نواندنی برگەیی [ [ [تۆ]] Fnc +و Fnc[pph1 [+ من Fnc [.pph2 [ IP1 ←[تۆومن] [تۆو. من]دەبێت به :

**-[ [ [to]+iw]+min]→[t<u>oi</u>w.min]=[t<u>ó</u>w.min]**

<u>مۆراکە</u> دەبێتە هۆی درێژکردنەوەی بزوێنی برگەی [تۆ]، واتە بزوێنێکی هێزدار**[<u>oi</u>=ó]**، وەک کەرتە دەنگی بزرۆکە دەرناکەوێت چونکە برگە دروستکەر نییە لەوێدا، دروستەی برگەیی دەبێت بە: **cýc. cýc** ←

[σ́.σ] [Σ.Σ]←pph←IP هەروەک دەبینرێت لە ئاستی دوافەرهەنگدا فریزێکی ئاوازەییان IP پێکێناوە؛
بەڵام ئەگەر هەمان دەربڕین بە هۆکاری ویستی قسەرکەر بە گرنگی دان بە (هەڵبژاردەی پێشینە) لە دروستە سینتاکسییەکادا دەربڕینەکە ببێت بە [من و تۆ دەڕۆیین] ، ئەوا دروستەکە بە شێوەیە دەنوێنرێت
: **:** [ [ [[من] Fnc +-و Fnc[ **pph1** +.تۆ Fnc[. **pph2**[ IP1 + ]] دە.ڕۆ یین[ pph3 [ **IP2**[دەربڕاو.**Utt**.
نواندنی بڕگەیی [ [ [[من]Fnc +و Fnc[ pph1[+ تۆ Fnc[. pph2[ IP1 ←[منو. تۆ] [منو. تۆ]دەبێت بە :
[منو. تۆ]← هەڵوەشانەوەی دروستەی بڕگەکانیان: [م**i**. نو. تۆ**mi. niw. to**] → **[ [ [min]+ i̠w]+ to]** –[
بەهۆی هەڵوەشانەوەی دروستەی بڕگەکانیانەوە لە ئاستی دوافەرهەنگدا، مۆراکە دەبێتە بزوێنی بڕگەی دووەم و وەک کەرتە دەنگی بزرۆکە دەردەکەوێت، چونکە بڕگەدروستکەرە، دروستەی بڕگەیی دەبێت بە: **cv.cv́c. cv́** ←[σσ́.σ́] [Σσσ́.Σσ́] ←[Σ́ Σ]←pph ←**IP**]. هەرچەندە دوای پاش و پێشخستنی [تۆ. من] دروستەی بڕگەیی فریزە فۆنۆلۆجییەکە، کە دواتر دەبێتە فریزێکی ئاوازەیی، هەڵوەشاوەتەوە و تەواو لەیەک جیاوازن، بەڵام کاریگەری لەسەر دروستەی فریزە فۆنۆلۆجی و ئاوازەیی نەکردووە، بەڵام هێزی ڕیتمی بەخشیوە بە فریزە فۆنۆلۆجییەکە و هەر لەدوو (پی)ی هێزدار پێکهاتووە، هەروەک دەبینرێت لە ئاستی دوافەرهەنگدا فریزێکی ئاوازەییان پێکێناوە. لەمبارەدا هەندێک لە توێژەران ڕاستەوخۆ [و] بە بزوێن دادەنێن.

### ٢/٣-٥-٢-٢) لەوشە ئەرکییە یەک بڕگەییەکاندا:

- [کە، تا، یا] **cv́** [σ́.σ]←[Σ́ ]← **Fn = ω** ←ω.
- [گشت گشت.**gişt**] **cv́cc**[σ́.]←[Σ́ ] ←Fnc← ω . یەک (پی)ی هێزدار پێکدەهێنن، چونکە وشەیەکی فۆنۆلۆجی ئەرکیین، کە بە وشە ئەرکییە سینتاکسییەکان ناسراون، بەکارهێنانیان دەکەوێتە ئاستی دوافەرهەنگەوە، لەگەڵ وشە فۆنۆلۆجیەکانی تردا یەکدەگرن و فریزە فۆنۆلۆجی و فریزە ئاوازەییەکان پێکدەهێنن IP لە دەربڕاوەکاندا.

### ٢/٣-٥-٢-٣) لە وشە ئەرکییە دوو بڕگەییەکاندا:

- [وەک **wek**، یان **yan**...] **cv́c** [σ́.σ]←[Σ́ ] ← Fnc←ω
- [کەچی **ke.çî**، پاشی **pa.şî**، هەتا **he.ta**، هەموو **he.mû**، بەڵێ **be.l’ê**...] **cv́.cv**[σ́.σ]←[Σ́ ] **Fnc**←ω.
- [بەڵام **be.l’am**، یاخود **ya.xud**، نەوەک **ne.wek**، نەخێر **ne.xêr**، پاشان **pa.şan**] **cv́.cvc** [σ́.σ]←[ Σ] **Fnc**←ω
- [بەڵکو **bel’.ku**، چونکە **çun.ke**، ئینجا **în.ca**؛ هێشتا **hêş.ta**] **cv́c.cv** [σ́.σ]←[Σ́ ] ← Fnc←ω.

سەرجەمیان دەبنە وشەیەکی فۆنۆلۆجی ئەرکی.

### ٢/٣-٥-٢-٤) لە سێ بڕگەییەکاندا :

- لە [هەتاکو **he.ta.ku** **cv́.cv.cv**، هەرئێستا **her.’ês.ta** **cv́c.cvc.cv** ] [σ́σ.σ]←[Σ́ Σ] ← Fnc←ω. لە سێ بڕگە پێکدێن هەر چەندە دروستەی بڕگەییان جیاوازە (پی)ی داکتڵ بەرهەمدێنن.

## ٣/٣) نواندنی هێزی کۆتا-گری و دروستەی پێوانەیی دانە فەرهەنگییەکانی ئاستی دوو:

ئاستی دووL2: ، هێزدانانان لە دانەفەرهەنگییەکانی ئاستی دوودا کۆتاگرییە، لەسەر بنەمای هێزدانانی کەتیگۆری و مۆرفۆلۆجییانەیە. یەک هێزی سەرەکییان لەسەرە و بە یەک (پێ)ی بە هێزی ئایامبیکی یان ئەناپست دەنوێنرێن. وشەیەکی فۆنۆلۆجی بەرهەمدێنن.

بەگشتی هێزدانان لە کەتیگۆری (ناو)ە سادە، داڕێژراو، لێکدراوەکاندا لە فەرهەنگدا، دەکەوێتە سەربزوێنی برگەی کۆتایی، کاتێک لە سێ برگە زیاتر نەبن، لەسەر بنەمای مۆرفۆلۆجیانە دەبێت. واتە دەبێت (ناو)ەکە داڕژراو **نەبێت** بە پێشگر، چونکە پێشگرەکان دەبنە وشەی ف.ئەرکی و هێزی سەرەکی (بنج)ەکە ڕادەکێشن، جگەلەوە (هاوەڵناو)ە داڕێژراوەکان بە پاشگری [-ین]، کە دەبنە هاوەڵناوێکی ناوئاسا، لەگەڵ دەرکردەی پرۆسەمۆرفۆلۆجییەکانی وشەڕۆنانیش کاتێک (ناو) بەرهەمدێنن، وەک لە ئاستی داڕشتنی سفردا، هەردەکەونە ئەم ئاستەوە، بەگشتی هێزدانان تیایاندا کۆتاگری دەبێت و ئەگەر دوو برگەیی بوون (پێ)ی ئایامبیکی کە ڕیتمێکی ***نزم_بەرز*L-H** ی هەیە و گەر سێ برگەییش بوون پێی ئەناپست بەرهەمدێنن کە ڕیتمێکی ***نزم_ نزمتر_بەرز*L-L-H** ی هەیە ودەبنە وشەیەکی فۆنۆلۆجی.

نواندنیان بە دروستەی پێوانەیی کەوانەیی: **[برگەی ناهێزداربرگەی هێزدار]**←[(پێ)ی هێزدار]←وشەی فۆنۆلۆجی: [σσ́]←[Σ]←ωپێ ئایامبیکی بەرهەمدێت.

: **[[برگەی ناهێزدار برگەی ناهێزداربرگەی هێزدار]** ]←[(پێ)ی هێزدار]←وشەی فۆنۆلۆجی: [σ σσ́]←[Σ]←ω پێ ئەناپستی بەرهەمدێت.

### ٣/٣-١) نواندنی هێزی کۆتا-گری و دروستەی پێوانەیی(ناو)ە (سادە وداڕێژراو و لێکدراو)ە (٣،٢)برگەییەکان:

نواندنی ناوە (٢ ،٣)برگەییەکان چ سادەبن یان ئاڵۆز دەکەونە ئاستی دووی فەرهەنگەوە بەمشێوەیە:

### ٣/٣-١-١)نواندنی هێزی کۆتا-گری و دروستەی پێوانەیی(ناو)ە سادە(٣،٢)برگەییەکان:

-لەدووبرگەییەکانbisyllabic:

- وەک لە : [دیمەن]^ناو ← نواندنی پێکهاتەیی= نواندنی پرۆسۆدیکی[دیمەن] ← [دی. م ەَن]←[**dî. mén**] **cv.cv̋c** [σσ́ ]←[Σ́ ] ←ω
- [هاوین]^ناو نواندنی پێکهاتەیی [هاو یِن] نواندنی پرۆسۆدیکی[هاویین]←[**ha. wîîn**] **cv.cv̋c** [σ.σ́]←[Σ΄] ← ω
- [قارچک]^ناو نواندنی پێکهاتەیی= نواندنی پرۆسۆدیکی[قارچiک] ←[**qar.çik**] **cvc. cv̋c** [σ.σ́] ←[ Σ̃] ← ω

-لەسێ برگەییەکانtrisyllabic:

- [هەورامان، کامەران، شەمێران، پارێزەر، مامۆستا، پزیشک،..]^ناو← [هەو.را.مان**hew.ra.man**، **cvc.cv.cv̋c**[کامەران**ka.me.ran**، شەمێران. **şe.mê.ran**، پارێزەر**pa.rê.zer**] **cv.cv.cv̋c**، [مامۆستا **ma.**

**cv.cvc.cv́** [mos.ta ، [پزیشک] نواندنی پێکهاتەیی [پ**i**زیش **í**ک]، نواندنی پرۆسۆدیکی [پزیش **í**ک]، نواندنی بڕگەیی[پ**i**. زی. ش**i**ک]←[pi.zi.şi´k] **cv.cv.cv́** → [.σ.σ .σ́] ←[Σ̃ ] ← **pω** پیٚ ی ئەناپست.

لەدەرەنجامدا دەردەکەوێت ئەو ناوانە سەرەڕای جیاوازی لە دروستەی بڕگەییاندا، بەڵام هەموویان هەمان ڕیتمی (پیٚ)ی ئەناپستیان پێکهێناوە.

-نواندنی(ناو)ەسادە چوار بڕگەییەکان: دەکەوێتە ئاستی سیٚ.

## ٣/٣-١-١-١)هەندێک تێبینی و دەرئەنجام دەربارەی نواندنی هێزی ئەکسێنتی لە (ناو)دا:

هەندێک لە سەرچاوەکان ئاماژە دەدەبن بەوەی ئەگەر(( وشەی سادە لە دوو بڕگە پێک هات و بڕگەی یەکەمیان بزوێن/ڤاوڵ(بڕگەی فۆنۆلۆجی) بێت و بڕگەی دووەمیان بزرۆکەدار بێت(بڕگەی فۆنەتیکی)بیٚ، ئەوا هێز دەکەوێتە سەر بڕگەی یەکەم))، وشەکانی [جەژن]و [تەخت]یان بە بەڵگە هێناوەتەوە. (**دزەیی، عەبدولواحید موشیر،٢٠١٤ : ١٢٧**) ئەم بۆچوونەش پشگیری لێکراوە لە لایەن (**عەلی، پێشڕەو ساڵەح، ٢٠١٥: ٤٢** )، بەڵام لێرەدا ئەم بۆچوونە ڕەتدەکرێتەوە، بە بەڵگەی ئەوەی ئەگەر بەپێی بۆچوونەکەی ئەوان بێت، دەبێت بڕگەی فۆنەتیکی، کە بەهۆی بزوێنی پرۆسۆدیکی(بزرۆکەوە) دروستبووە، نابێت هێز وەربگرێت، بەڵام لەم تێزەدا هەوڵدراوە ئەوە بسەلمێنرێت، کە لە زۆربەی بارەکانی نواندندا (بزرۆکە) دەبێتە دروستکەری بڕگەیەک، یان بزرۆکەکە دەبێت بە شوێنپێی هێز بۆ نواندنی هێزەکە، واتە دەبێتە ئەو دەنگە بزوێنەی کە شوێنی هێزەکە دەنوێنێت، کە هێزەکەش لاچوو، بزرۆکەکەش نامێنێت، وەک لە:

- <u>ناوی</u> [لەرز][ناو] دا ، نواندنی پێکهاتەیی=نواندنی پرۆسۆدیکی ←[ لەر **i** ´ ز][ناو] نواندنی پێوانەیی: [ لە. ر **i** ´ ز.] [le. riz] **cv. cv́c** [σ.σ́] ←[Σ̃ ] ←ω ، هێز کەوتۆتە سەر بڕگەی کۆتایی، چونکە لەوێدا وەک (ناو) بەکارهاتووە، **<u>نەک وەک ڕەگی کردار</u>**، لە دوو بڕگە و یەک پیٚ پێکهاتووە، بووەتە(پێی ئایامبیکی)، وەک دەبینرێت هێزی سەرەکی لەسەر بڕگەی کۆتایی کە [ر **i** ´ ز.]ە بزوێنی بڕگەکە (بزرۆکە)یە، بەڵام پاش ئەوەی دەچێتە ژینگەیەکی ڕۆنانییەوە، وەک لە[لەرزوتا][ناو] دا، کە ناوێکی لێکدراوە، تیایدا هێز بەپێی کەتیگۆری دەرکردەکە دادەنرێت، لەمبارەدا دەرکردەکە [لەرزوتا][ناو] (ناو)ە و لە سیٚ بڕگە پێکهاتووە، کەواتە هێز دەکەوێتە سەر بڕگەی کۆتایی لە دەرکردەکەدا، دەبێت بە: [لەرزوتا][ناو] ←[لەر. زو. ت اٙ ] ← [ler. zu. tá] **cvc.cv.cv́** [.σ.σ .σ́] ← [Σ̃ ] ←ω (پیٚ)ی ئەناپست پێکهاتووە، کەواتە وەک دەبینرێت، پاش ئەوەی بە پرۆسەکانی هەڵوەشانەوەی بڕگە و (پیٚ) تێپەڕیوە و پاش لاچوونی هێز لەسەر بڕگەی کۆتایی [لەرز][ناو]، **<u>بزوێنە پرۆسۆدیکییەکە(بزرۆکە)کە</u>** لاچووە، ئەوەش پێی دەوترێ پرۆسەی (**<u>قووتدانی دەنگ</u>**) کە دەنگێک **<u>قووت دەدرێت لە ناو بڕگە بێهێز/لاوازەکاندا لە پێناوی ڕێکخستنەوەی بڕگەکان و هێزدانان لە سەر بڕگەی هێزدار لە پێکهاتەی (پیٚ) بەهێزی دەرکردە نوێیەکەدا(Maria-Josep Solé,1991:154-155)</u>**. لەم پێکهاتەیەدا دروستەکەی بڕگەکانی وشەی [لەرز] پێکداچووە لەگەڵ کەرتەپێکهێنەرەکانی تردا، <u>بزرۆکە</u>کە <u>بوونی نەماوە</u> وبڕگەکەشی هەڵوەشاوەتەوە، چونکە لەم ژینگە ڕۆنانییە نوێیەدا دانە پێکهێنەرەکان کە [لەرز]، [و]، [تا]، بە نەریتی سڕینەوەی کەوانە مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجییەکاندا تێپەڕیون.

- بەڵگەیەکی تر بۆ ڕەتکردنەوەی بۆچوونەکە، لە وشەیەکی وەک [پزیشک]،[ پ**i**. زی. ش**i**ک]دا، کە لە پێشتردا ڕاڤەکرا، لە سێ بڕگە پێکهاتووە بڕگەکانی یەکەم و سێیەم بە بزوێنی بزرۆکە دروستبوون، بەپێی بۆچوونەکەی ئەوان بێت، دەبێت هێز بکەوێتە سەر بڕگەی ناوەڕاست، چونکە تەنها بڕگەی ناوەڕاست فۆنۆلۆجییە، کە ئەوش ڕەت دەکرێتەوە.

هەروەها دەربارەی نموونەکانیان [جەژن] و [تەخت] ، لە [جەژن]دا هێز ناکەوێتە سەر بڕگەی یەکەم بەڵکو دەکەوێتە کۆتاییەوە، لە یەک (پێ)ی ئەیامبیکی پێکهاتووە، بەمشێوەیە ڕاڤە دەکرێت:

- [جەژن][ناو] ناوە← [جە. ژ ن]←[ce. Ji´n] **i**´ <u>**cv. cv́c**</u> [σ. σ́] ـ[ ← پێی ئەیامبیکی [Σ́ ] ←ω.
- بەڵام [تەخت][هاوەڵناو] ، هاوەڵناوە، لە هاوەڵناودا لە ئاستی فەرهەنگدا، هێز سەرەتاگرییە، لە یەک بڕگە و یەک پێی بەهێز پێکدێت: [تەخت.] [text.] <u>**cv́cc.**</u> [ σ́] ← [Σ´]←ω. یان لە ئەگەرێکی لاوازدا، ئەگەر بە دوو بڕگە دەربڕرا لە ئاستی فەرهەنگدا، هێز دەکەوێتە سەر بڕگەی یەکەم، پێی ترۆکێکی بەرهەمدێنێت، دروستەی بڕگەیی دەبێت بە <u>**cv́.cv(i)c**</u> بەهۆی بزوێنی بزرۆکەوە.
- لە [مۆبایل]دا، کە وشەیەکی خوازراوە، دروستەی دەنگیی گۆڕانی بەسەرداهاتووە لە بنەڕەتدا **[ḿobile /məʊbail]** ، لە زمانە بنەڕتییەکەی خۆیدا [مۆبەیڵ]ە هێز لەسەرەتادا دانراوە، چونکە لە زمانی ئینگلیزیدا هێزدانان بۆ (ناو) سەرەتاگرییە، بەڵام لە زمانی کوردیدا گۆڕاوە بۆ: [مۆبایل]، چونکە لە کوردیدا هێزدانان بۆ (ناو) کۆتاگرییە، لە سێ بڕگە پێکهاتووە [مۆ با. ی**i**ل][**mo.ba. yîil**] [σσ .σ́ ] <u>**cv. cv. cv́.**</u> ←[ Σ̃] ←ω، هێز دەکەوێت سەر بڕگەی کۆتایی و(پێ)ی ئەناپست ی پێکهێناوە، ئەوەش وادەکات نواندنی پرۆسۆدیکییەکەی ببێت بە [مۆباییل]. واتە بەهۆی هێزدانانەوە بزرۆکەکە وەک /ی/ێکی تر دەرکەوتووە، یا /ی/ وشەکە بەهۆی هێزەوە درێژ بووەتەوە و بە /**yî**/، لە هەبوونی هێزەکەشدا دەبێت بە ←/**yîi**/.، واتە /**y**/ی نەبزوێن و /**îi**/ بزوێنی هێزداری درێژی بڕگەی کۆتایی.

## ٣/٣-١-٢) نواندنی هێزی کۆتا-گری و دروستەی پێوانەیی (ناو)ەداڕێژراوەکان بە پاشگرە هێزڕاکێشەرەکان(٢، ٣)بڕگەیی:

پرۆسەکانی داڕشتنی (ناو) لە فەرهەنگی کوردیدا، کۆمەڵە پرۆسەیەکی چڕوپڕو بە پێزنن، لە چەندین لێکۆڵینەوەدا لە ڕووی دروستەی مۆرفۆلۆجی سینتاکسییەوە ئاماژەیان پێدراوە(**بڕوانە: عەبدولڕەحیم، عوسمان کەریم ٢٠١٤: ٢٢-٧٩، ڕەمەزان، هێمن سەلاحەدین ،٢٠١٥: ٢٦-٨٠** ). لێرەدا لەبەر زۆری ئەو پرۆسە مۆرفۆلۆجییانە تەنها ئاماژە بە هەندێک لەو پرۆسە مۆرفۆلۆجیانەی داڕشتن و ڕۆنان(لێکدانی) ناو دەدەرێت، بەپێی پێویستی لە تێزەکەدا، چونکە لە ڕووی دروستەی پێوانەیی، کە دروستەی (بڕگە، پێ، وشەی فۆنۆلۆجی، فرێزی فۆنۆلۆجی) دەگرێتەوە لە ئاستی فەرهەنگدا، پەسن دەکرێن.

لە ڕووی دروستەی پێوانەییەوە سەرجەم پرۆسەکانی(داڕشتن و لێکدان) بۆ بەرهەمهێنانی (ناو) کە لە سێ بڕگە تێپەڕنەکات، هەر بە یەک (پێ)ی هێزدار دەردەبڕرێن، بەڵام بەگشتی دوو یان سێ بڕگەن، لەمبارەدا (پێ)ی ئایامبیکی یان (پێ)ی ئەناپست پێکدەهێنن و دەبنە وشەیەکی فۆنۆلۆجی.

هێزدانان لەم  دوو ژینگانەی دارشتن و ڕۆناندا، پاش ئەوەی کەرتە پێکهێنەرەکان لە ژینگەی ڕۆنانەکەدا بەیەک دەگەن، پاش نەریتی سڕینەوەی کەوانە مۆرفۆلۆجییەکان و بەهۆی نەریتی سڕینەوەی هێزەوە، کەرتە پێکهێنەرەکان ڕووبەڕووی هەڵوەشانەوەی دروستەی برگەو پێ دەبنەوە و بەپێی دەرکردە نوێیەکە، دروستەی برگە و دروستەی (پێ)یان دادەڕێژرێتەوە، دووبارە بەپێی بنەمای هێزدانانی کەتیگۆرییانە شوێنی هێزییان بۆ دیاریدەکرێتەوە، هێز بۆ  دەرکردەکە دادەنرێت، بەمشێوەیە:

**١-دارشتنی (ناو) لە (هاوەڵناو)وەوە بە پاشگری[-ە]:**

- [ [چاک]^هاوەڵناو/ وشەی فۆنۆلۆجی + -ە وشەی ف.ئەرکیfnc ناهێزدار] ←[چاکە] ←[چا. کە ] ←[ ´ ] [ça. ké ] ← **cv.cv́** [σ .σ́] [Σ]←**ω**. نواندنی پێکهاتەیی[چاکە] =نواندنی پرۆسۆدیکی. ڕاڤەکردنەکە بەهەمان شێوەیە بۆ هەر یەکە لە [باشە]، لە [خراپە]دا، بەڵام لە [خراپە]دا دروستەی (پێ)دا جیاوازدەبێت و (پێ)ی **ئەناپست** پێکدەهێنێت، چونکە لە سێ برگە پێکهاتووە[خ**i**. را. پە  ].

**٢-دارشتنی (ناو)  لە (ڕەگی کردار)ەوە بە پاشگرە هێز ڕاکێشەرەکان:**

**ا- دارشتنی (ناو)  بە پاشگری[-ەر] لەو (ڕەگی کردار)انەوە کە لە بنەڕت دا تێپەڕبوون:**

- وەک لە : [نووسەر، خوێنەر، بینەر، بیسەر(پاش تیاچوونی دەنگی /ت/)، بەستەر، بڕەر، نێرەر، چێژەر، کوژەر، چێنەر،..] ← [نوو. سەر **nu .sér** ، بی. نەر **bî. nér** ، بی. سەر **bî. sér** ، ب**i**. ڕەر **bi. řér** ، نێ. رەر **nê. rér** ، چێ. ژەر **çê. jér** ، کو. ژەر **ku. jér** ، چێ. نەر **çê. nér** ،..] **cv.cv́c** [σ.σ́ ]←[Σ]←**ω**. دروستەی برگەییان لە دوو برگە بپێکدێت, پێ ی ئایامبیکی پێکدەهێنن.
- [ [پاڵیو، پارێز]^ڕەگی کردار/وشەی فۆنۆلۆجی + -ەر وشەی ف.ئەرکیfnc ناهێزدار] ←[پاڵێوەر، پارێزەر] نواندنی پێوانەییان دەبێت بە[پا. ڵێ. وەر **pa. l'ê. wér** ، پا. ڕێ. زەر **pa. rê. zér** [ **cv.cv.cv́c** ] σ.σσ́] ←[Σ´ ]←**ω**

**ب-دارشتنی (ناو)  بە پاشگری[-ەر]، لەو (ڕەگی کردار)انەوە کە  کراون بە تێپەڕ:**

- [ترسێنەر، خنکێنەر، سوتێنەر، برژێنەر، قرتێنەر،..] ← دروستەپێوانەییان دەبێت بە: [ت**i**ر. سێ. نەر **tir.** **sê. nér** ، خ**i**ن. کێ. نەر **xin. kê. nér** ، ب**i**ر. ژێ. نەر **bir. Jê. nér** ، ق**i**ر .تێ. نەر **qir. tê. nér** ] **cvc.cv. cv́c** [ .σσ.σ́ ] ←[Σ´ ]←**ω**. پێی ئەناپست، پێکدەهێنێت.

**پ-دارشتنی (ناو)  لە (ڕەگی کردار)ەوە بە پاشگرە هێز ڕاکێشەرەکانی[-ە،-ا ،-یار، -گە، -گار،.]**

**دارشتن بە[-ە]:**

لە ناوەکردارییەکانی: [ناڵین، کۆکین، پژمین، قیژان،..]،دارشتن بە[-ە]، ڕەگی کردارەکانیانەوە، دەبن بە:

- [ [ناڵ، کۆک، پژم، قیژ،..]^ڕەگی کردار + -ە وشەی ف.ئەرکیfnc ناهێزدار] ← [ناڵە، کۆکە، پژمە، قیژە،..]  دەرکردەکە ناوی دارێژراوە، هێز تیایاندا کۆتاگرییە← [نا. ڵە **na. l'é** ، کۆ. کە **ko. ké** ، قی. ژە  **qî. jé** [ **cv.cv́** ، [پژمە] [پ**i**ژ. مە **pij. mé**] **cvc. cv́** →[σ.σ́ ] ←[Σ ]←**ω**.

**دارشتن بە [-ا]:**

لە ناوەکردارییەکانی [زانین، توانین، دانان]، دارشتن بە [-ا]ڕەگی کردارەکانیان دەبن بە:

- [[زان، توان،]رەگ + – ا وشەی ف. ئەرکیfnc ناهێزدار]←[زانا، توانا]و لە[ [دانێ]+ [– ا] جێبەجێکردنی یاسا فۆنۆلۆجییە فەرهەنگییەکان ناسووڕییانەیە، پرۆسەی بلۆککردنی فۆنۆلۆجییانە بۆ هاتنی دوو دەنگی بزوێن دێتە ئاراوە، بۆ بنجەکە و بەهۆی یاسا فۆنەتاکتیکییەکانی هاوسێیەتی دەنگی /ێ/، کە بەشێکە لە ڕەگەکە تیادەچێت و دەبێتە[ [دان]رەگ+ –ا]←[دانا]، نواندن و دروستەی پێوانەییان دەبێت بە: [زا.نا]، [دا.نا]،[za. ná]، [da. ná] هی **cv.cv́** [توانا]دەبێت بە [توا. نا] [twa. ná] **ccv. cv́** [σ.σ́] ←[Σ]←ω،

## داڕشتن بە [–یار]:

لە ناوەکرداریەکانی [فرۆشتن، کڕین، خواستن]داڕشتن بە [–یار] ،ڕەگی کردارەکانیان دەبن بە:

- [[فرۆش، کڕ، خواز]ڕەگی کردار + –یار وشەی ف.ئەرکیfnc ناهێزدار]← [فرۆشیار، کڕیار، خوازیار] دەرکردەکان ناوێکی داڕێژراون هێزدانان تیایاندا کۆتاگری دەبێت، ←[فرۆش. یار **froş. yar**، خواز. یار **xwaz. yár**← **ccvc.cv́c** ، [کڕi. یار **kiř. yár** **cvc.cv́c** [σ.σ́] ←[Σ]←ω،

## داڕشتن بە [–گە]:

لەناوەکرداریەکانی [فڕین، بڕین]داڕشتن بە [–گە]، ڕەگی کردارەکانیان دەبن بە:

- [[فڕ، بڕ]ڕەگ + –گە وشەی ف.ئەرکیfnc ناهێزدار]←[فڕگە، بڕگە] ←[فڕi. گە ، بڕi. گە]،[fiř. gé]، [biř. ge] ←[**cvc.cv́** [σ.σ́] ←[Σ´]←ω.

## داڕشتن بە [–گار،–گا]:

لە [پاراستن]داڕشتن بە [–گار،گا] ،ڕەگی کردارەکە دەبێت بە:

[[پارێز]ڕەگی کردار + –گار/گا وشەی ف.ئەرکیfnc ناهێزدار]←[پارێزگار،پارێزگا] نواندنی پێوانەیی دەبێت بە: [پا. رێز. گار]، [pa. rêz. gár] **cv.cvc.cv́c** ، [پا. رێز. گا] **cv.cvc.cv́** [σσ.σ́] ←[Σ´]←ω،

ت–ئاستی هێزدانان لە پرۆسەکانی داڕشتنی (ناو) لە(ناو) ێکی ترەوە بە پاشگر:

## داڕشتن بە[–ستان] وەک لە:

- [گۆڕستان، دارستان، گوڵستان، مێروستان] ←[گۆ. ڕiس تان **go. ris tán** ، دا. رiس. تان **da. ris. tán** ، گو. ڵiس. تان **[gu. l'is.tán**، [مێ. ڕوس. تان[ **mê. rus. tán** ، **cv.cvc.cv́c** [کوردستان]← [کور. دiس. تان **[kur. dis. tán** **cvc. cvc.cv́c** هەموویان ←[σσ.σ́] ←[Σ´]←ω

## داڕشتن بە پاشگری [–دان]:

- [ئاگردان، نوقڵدان، چیکڵدان لە باڵندەدا ] ← [ئا. گi ر. دان **'a. gir. dán** ، نو. قiڵ. دان **nu. qil'. dán** ، چی. کiڵ. دان **[ ç î. kil'. dán** **cv.cvc. cv́c** [σσ.σ́] ←[Σ´]←ω، لە سێ بڕگە پێکدێن، هێز تیایاندا کۆتاگرییە، لەبەرئەوە (پێ)ی 'ئەناپیست'یان پێکهێناوە
- [خوێدان، منداڵدان]دا نواندنی پرۆسۆدیکییان دەبێت بە [خوێیان، مناڵان]← [خوێ.یان **xwê. yán** ، منا. ڵان **[mna. l'án** **ccv. cv́c** [σ.σ́] ←[Σ´]←ω، لە دوو برگە پێکدێن، هێز تیایاندا کۆتاگرییە و لەبەرئەوە پێ ی ئایامبیکییان پێکهێناوە

## داڕشتن بە پاشگری [–گە]:

• [فێرگە، یادگە، جێگە]← [فێر. گە fêr. gé، یاد. گە [yad. gé cvc.cv́ و لە [جێ. گە [cê. gé] cv.cv́ [σ.σ́ ] ←[Σ´ ]←ω.

## دارِشتن بە پاشگری [–ەوان]:

• [شاخەوان ، دارەوان، ڕەزەوان،..] ←[شا.خە. وان şa. xe. wán ، دا.رە. وان da. re. wán ، ڕە. زە. وان [ře. ze. wán، cv.cv.cv́c [σσ.σ́ ] ←[Σ´ ]←ω.

## ٣/٣-١-٢-١) نواندنی پێوانەیی (ناو) ی دارِێژراو بە پاشگری[–ی]:

لەسەرجەمی پرۆسەی دارِشتنی (ناو) لە (هاوەڵناو)ەوە بە پاشگری [–ی]، کە وشەیەکی فۆنۆلۆجی ئەرکی fnc ناهێزدارەو دەبێتە پاشگرێکی هێزراکێشەر، زۆربەی جار هەردوو نواندنی پێکهاتەیی و نواندنی پرۆسۆدیکی بۆ دەرکردە نوێیەکان دێتەئاراوە ، چونکە کاتێک هێزی سەرەکی دەکەوێت سەرپاشگری [–ی]، ئەوا نواندنی پرۆسۆدیکییەکەی دەبێت بە [–یی îi]، بەڵام لەوبارانەدا، کە خودی هاوەڵناوەکە بە دەنگی بزوێن کۆتایی هاتووە، بەپێی یاسا فۆنەتاکتیکییەکانی زمانی کوردی و یاسای/کۆتوبەندی (پێکەوەنەهاتنی دوو بزوێن) لەڕووی پێکهاتەییەوە، کەرتەدەنگی ناوبەندی [–ی–] وەک ناوبەندێک دەکەوێتە نێوان هاوەڵناوەکەو پاشگرە هێزراکێشەرەکەوە لە بواری دارِشتنەکەدا، لەمبارەدا نواندنی پێکهاتەییان یەکسان نییە بە نواندنی پرۆسۆدیکی، وەک لەم نموونانەدا دەرکەوتووە:

• [[چاک]هاوەڵناو/وشەی فۆنۆلۆجی pw + –ی وشەی ف.ئەرکی fnc ناهێزدار]←[چاکی]ناو/وشەی فۆنۆلۆجی pw

پێش دارِشتن [چاک]هاوەڵناوە، هاوەڵناوێکی یەک برگەییە، دەکەوێت ئاستی ڕیتمی چەسپاوەوە، هێزی سەرەکی دەکەوێتە سەر /ا/، نواندنی برگەیی [چ اَک.] [çák] cv́c [.σ]←[Σ́ ]←ω،

دوای دارِشتن (ناوێکی واتایی) بەرهەمهاتووە، هێزدانان تیایدا کۆتاگرییە، دەبێتە: [چاک یَ]ناو [ça . kî ] cv.cv́ [σ. σ́]← [Σ] ←ω ، (پێ)ی ئایامبیکی پێکدەهێنێت. نواندنی پرۆسۆدیکیی دەبێت بە[چاکیی]، چونکە بوونی هێز لەسەر دەنگە بزوێنی /ی/لە زمانی کوردیدا، فیچەری درێژکردنەوەی پێدەبەخشێت ئەوەش وادەکات نواندنە فۆنۆلۆجییە پێکهاتەییەکەی ببێت بە [چاک یَ] ، نواندنی پرۆسۆدیکییەکەشی بە [چاکیی ça.kîi] بنوێنرێت، ئەوکاتە بەپێی جۆری ڕێنووس بریار لە جۆری نووسینەکەی دەدەرێت کە ئایا بەرِێنووسێکی پرۆسۆدیکی بنوسرێت بە شێوەی [چاکیی]، یان بە ڕێنووسێکی پێکهاتەیی/فۆنۆلۆجی بێت بە شێوەی [چاک یَ] .

• [بە رِزْ]هاوەڵناوە و پێش دارِشتن هێزی سەرەکی دەکەوێتە سەر بزوێنی برگەی یەکەمی دانە فەرهەنگییەکە و لە دوو برگە پێکدێت و (پێ)ی ترۆکێکی پێکهێناوە [ب ەَ. رِز ]← [be. riz] cv́.cvc [σ́. σ]← [Σ] ← ω.

**پاشدارِشتن** : [[بەرز]هاوەڵناو/ pw + –ی fnc ناهێزدار]←[بەرز یَ]ناو , بە پرۆسەکانی هەڵوەشانەوەی برگەو (پێ)دا تێدەپەرِێت و دروستەی برگەیی گۆرِانی بەسەردا دێت و لە رووی دروستەی (پێ)شەوە دەبێت بە یەک (پێ)ی بە هێزی ئایامبیکی ←[بەر. ز یَ][ber. zî] cvc. cv́ ←[σ σ́]←[Σ ]، نواندنی پێکهاتەیی← [بەرز یَ]، نواندنی پرۆسۆدیکی← [بەرزیی] . وەک دەبینرێت، کە کاتێک [بەرز]هاوەڵناوە، برِگەی دووەمی

هاوەڵناوەکە بەهۆی فۆنیمی پرۆسۆدیکی/i/ ەوە دروست بووە. لەگەڵ هاتنی پاشگرەکە/-ی/، فۆنیمی پرۆسۆدیکی/i/ نامێنێت، چونکە لەمبارەدا پاشگرەکە کە/ی/یە و دەنگێکی بزوێنە برگەکەی دروستکردووە، دەنگەبزوێنەکانیش دەتوانن هێز وەربگرن و برگەو (پێ)ش دروست بکەن؛ کەواتە لەبەرئەوەیە بە بزرۆکەکە دەوترێت فۆنیمێکی پرۆسۆدیکی.

- [پەسەند]^هاوەڵناو / pw^ + ـی [پەسەندی]^fnc ناهێزدار^→

[پەسەند]^هاوەڵناوە^، [pé. send ] cv́.cvcc [σ́. σ.] [Σ]→ω کاتێک هاوەڵناوە (پێ)ی ترۆکێکی پێکهێناوە لە وشە فۆنۆلۆجییەکەدا.

**پاشداڕشتن:** نواندنی پێکهاتەیی [پەسەند یٌ]، نواندنی پرۆسۆدیکی[پەسەندیی] لە سێ برگە پێکهاتووە، نواندنی پێوانەیی: [پە. سەن. دی] [pe. sen. dî ] cv.cvc.cv́ [σσ .σ́ ] [Σ]→ω پێ ی ئەناپستی پێکهێناوە.

هەروەها بەهەمان شێوەیە بۆ وشەکانی [شیرینی، تاریکی، هەژاری، نەخۆشی...] نواندنی پرۆسۆدیکییان دەبێت بە [شیرینیی، تاریکیی، هەژاریی، نەخۆشیی،..] و پێی ئەناپستی پێکدەهێنن.

بەڵام لە:

- [ئازا]^هاوەڵناو^ → [[ئازا]^هاوەڵناو / وشەی فۆنۆلۆجی^ + ـی ^وشەی فـ.ئەرکی fnc ناهێزدار^] → [ئازا*ی] ↪ Ʊ→[[ئازا]^هاوەڵناو pw^ + ـی^ناوبەند^ + ـی^fnc^]→[ئازایی] →[ئا. زا. یی] [ 'a. za. yî ]cv.cv.cv́ [σσ .σ́ ] [Σ]→ω (پێ)ی ئەناپستی پێکهێناوە، نواندنی پێکهاتەیی:[ئازایی] = نواندنی پرۆسۆدیکی،هێزی سەرەکی دەکەوێتە سەر برگەی کۆتایی دەرکردەکە، بزوێنی برگەی کۆتایی [ی] درێژتر و بەهێز تر دەردەکەوێت لەچاوئەو (ناو)ە داڕێژراوانەی تر کە (هاوەڵناوە بنجەکە)یان بە دەنگی بزوێن کۆتایی نەهاتووە.

## ٣/٣-١-٣)نواندنی هێزی کۆتا-گری و دروستەی پێوانەیی(ناو)ە لێکدراوە (٢، ٣)برگەییەکان:

**-هێزدانان لە نواندنی (ناو)ە لێکدراوە دوو برگەییەکاندا** :وەک لە :

- [شاتوو، شاڕێ]، [دارتوو]، [دارمێو]، [دارگوێز]، [شاگوڵ، شاناز، کۆڕەو]، →[شا.توو، شا.ڕێ]، [şa.řê, şa.tû] cv.cv́ ، [دار. توو] [dar.tû ] cvc.cv́، [دار. مێو] [dar.mêw] cvc.cv́c ، [دار.گوێز] [dar. gwêz] cvc.ccv́c، [شا.گوڵ، شا.ناز، کۆ.ڕەو] [şa. gul',، şa. naz، ko. řew] cv.cv́c →[σσ́ ]→[Σ]→ω.

**هێزدانان لە نواندنی (ناو)ە لێکدراوە سێ برگەییەکاندا:**

- وەک لە: [ ڕەشەبا، شنەبا، شۆڕەبی، کانیبا...]→ [ڕە.شە.با ře. şe. ba ، ش**i**.نە.با şi. ne. ba، شۆ.ڕە.بی şo. ře. bî، کا. نی. با ka. nî. ba ]→ cv.cv.cv́ →[σσ σ́ ]→[Σ]→ω.
- [سورەبان، دارەبەن، گەلامێو، کێوەڕەش، براژن، خاڵۆژن، ئامۆژن]→ [سو.رە.بان su.re.ban، دا.رە.بەن da.re.ben، گە.لا.مێو ge. l'a. mêw، کێ. وە. ڕەش kê. we. řeş، ب. را. ژن bi. ra. jin، خا. لۆ. ژن xa. l'o. jin، ئا. مۆ. ژن 'a. mo. Jin]→ cv.cv.cv́c [σσ σ́]→[Σ]→ω .
- [تەختەڕەش، گوڵفرۆش، مێرگەسوور، مێرگەپان، سەرچنار، ژنخوشک] → [تەخ.تە.ڕەش tex.te.řeş، گوڵ.فـ**i**.رۆش gul'. fi. roş، مێر.گە.سوور mer.ge.sûr، مێر.گە.پان mer.ge.pan، سەر.چ**i**.نار ser. çi.nar، ژن. خو. ش**i**ک jin.xu. şik]→ cvc.cv.cv́c →[σσ σ́ ]→[Σ]→ω.

- [داربەڕوو، ژنبرا...]←[ دار.بە.ڕوو dar.be. řû، ژن. ب.i. را jin. bi. ra]← cvc.cv.cv̍ ← [ σσ σ́ ]←[Σ]←ω.
- [داربەڕوار، ...] ←[دار.بەڕ.وار... dar.beř.war] cvc .cvc. cv̍c ←[ σσσ́ ]←[Σ]←ω.
- [ کانیسارد، ، گڵەزەردە، ]، [کا. نی. سارد ka. nî. sard ] cv.cv.cv̍cc ، [گڵە. زەر. دە gl'e. zer. de.] ccv.cvc.cv̍ [ σ σσ́ ] ←[Σ]←ω.

لە [کچەمام، کوڕەمام، گوڵەباخ، گوڵەجۆ، تازەبووک، تازەیار، کۆنەماڵ، کۆنەساڵ، کچەکورد]دا ، هەڵاوێرکردن لە جێبەجێکردنی یاسای فۆنۆلۆجی فەرهەنگی هێزدانانی کۆتاگری و یاسای نواندنی (ناو)ە سێ برگەییەکان بەیەک (پێ)ی هێزدار دێتەئاراوە بۆ هەندێک لە (ناو)ە لێکدراوەکان بەهۆی (گریمانەی واتای زاڵی یەکێک لە کەرتە پێکهێنەرەکان بۆ نواندنی ئاستی هێزی سەرەکی) **(بڕوانە** (٣/٢-٤))

## ٣/٣-١-٣-١)هێزدانان لە (ناو)ە ئیکسۆسێنتریکەکان دا(٢،٣)برگەییەکان:

بەشێک لە (ناو)ە ئیکسۆسێنتریکەکان، کە کۆی گشتی واتاکەیان (ناو) دەگەیەنێت، وەک :

- [دەموچاو، دەسوچاو، سەروچاو، دەمولێو، دەمودان، دەموپل، سەرومل، شانومل، دەسوقاچ، سەروپێ، شەووڕۆژ، کەسوکار، ..] دروستەی پێوانەییان دەبێت بە سێ برگە، هێزی سەرەکی دەکەوێت سەر برگەی کۆتایی، یەک (پێ)ی بەهێزی ئەناپست بەرهەمدێنن نواندنی برگەییان دەبێت بە: [سە. رو. مل se.ru.mil، دە. سو. قاچ de. su. qaç، شە. وو. ڕۆژ e. wu. řoj، کە. سو. کار ke. su. kar، دە. مو. چاو de.mu.çaw، دە. سو. چاو de.su. çaw، سە. رو .چاو se.ru. çaw، دە. مو. لێو de.mu.lêw ، دە. مو. دان de.mu.dan ، دە. مو. پل de. mu. pil، سە. رو. مل se. ru. mil، شا. نو .مل şa.nu.mil ، دە . سو .قاچ de.su. qaç ، سە. رو. پێ se. ru. pê، شە. وو. ڕۆژ şe. wu. řoj، کە. سو. کار ke. sw. kar ]← cv.cv.cv̍c ← [σσ σ́ ]←[Σ]←ω
- [لەرزوتا]←[ لەر.زو.تا ler. zu. tá] ← cvc.cv.cv̍c ← [σσ σ́ ]←[Σ]←ω.

## ٣/٣-١-٣-٢) هەڵاوێرکردن لەیاسای هێزدانانی کۆتاگری لە ئاستی دوودا:

هەبوونی هەڵاوێرکردن لە جێبەجێکردنی یاسای هێزدانانی کۆتاگری بۆ ناوە لێکدراوە(٢، ٣)برگەییەکان بەپێی بنەمای هێزدانانی کەتیگۆری و مۆرفۆلۆجی ڕێگە پێدراوە، بە دوو شێواز:

١-لەکاتی بەکارهێنانی (ناو)ەکان وەک (هاوەڵناو)، یان بەپێی گریمانەی جەختی واتایی فەرهەنگی بۆ دیاریکردنی شوێنی هێز، لەمبارەدا وەک هاوەڵناو ڕەفتار دەکەن، هێزدانان تیایاندا دەبێتە سەرتاگری، وەک لە [شەڕفرۆش، جنێوفرۆش، خۆفرۆش]دا، کە وەک هاوەڵناو بەکاردێن، یان دەکرێت بگوترێت بەپێی گریمانەی جەختی واتایی فەرهەنگی دەبنە هاوەڵناوی سێ برگەیی و هێزدانان تیایاندا سەرەتاگری دەبێت و پێی داکتڵ بەرهەمدێنن، دەکەونە ئاستی یەک.

٢-لە هەندێک لە (ناو)ە لێکدراوە سێ برگەییەکاندا، بەپێی گریمانەی واتای زاڵی یەکێک لە کەرتە پێکهێنەرەکان شوێنی هێزدانان دیاریدەکرێت و هێزدانان تیایاندا دەبێتە سەرەتاگری.

## ٢-٣/٣) نواندنی هێزی کۆتا-گری و دروستەی پێوانەیی <u>هاوەڵناوە دارێژراوەکان</u> بە پاشگری [-ین] (٢، ٣)برگەیی:

لە پرۆسەی دارشتنی (هاوەڵناو) بە پاشگری هێز ڕاکێشەری [-ین]، لە ژینگەی دارشتنی (هاوەڵناو) لە (ناو)ەوە، هەڵاوێرکردنە لە یاسای هێزدانان بەپێی بنەمای پۆلەکەتیگۆرییانە، چونکە دەرکردەکە (هاوەڵناو)ە و پێویستە هێزدانان تیایدا سەرەتاگری بێت، بەڵام بەهۆی ئەم پاشگرە هێزڕاکێشەرەوە هێزدانان تیایاندا کۆتاگری دەبێت، لەمبارەدا جیاوازی لە دروستەی (پێ) بەرهەمهاتووەکەشیاندا دروستدەبێت، ئەوەش وادەکات کەتیگۆرییەکی <u>هاوەڵناوی ناوئاسا</u> بەرهەمبێت، کە زۆرێک لە قسە پێکەرانیش ناتوانن بەڕوونی جیاوازی بکەن لە نێوان کەتیگۆرییەکەیاندا، ئەوەش بەهۆی هەبوونی ئەو کێش و ڕیتمەوەیە کە هاوەڵناوە بەرهەمهاتووەکە هەیەتی، کە هاوشێوەی کێش و ڕیتمی (ناو)ە دارێژراوە بەرهەمهاتووەکانە، کە بەهۆی جۆری دروستەی (پێ)یەکەیانەوە دروستدەبێت، وەک لە:

- [[زێڕ، زیو ، قووڕ ، دار،..]<sup>ناو/pw</sup> + ـین <sup>fnc ناهێزدار</sup> ] ⟵[زێڕین، زیوین، قووڕین ، دارین،..] ⟵[زێ. ڕین**zê. řîn**، زی. وین**zî. wîn**، قوو.ڕین**qû. řîn**، دا. رین**da. rîn**]، لە دووبرگە پێکدێن: **<u>cv.cv́c</u>** ] [σσ]⟵[Σ ´ ]⟵ω ، یەک (پێ) ئایامبیکی بەرهەمدێت، پاشگرەکە، کە وشەیەکی ئەرکی ناهێزدارە، دەبێتە پاشگرێکی دارێژەری هاوەڵناویی هێزڕاکێشەر نواندنی پرۆسۆدیکییان دەبێت بە [زێڕیین، زیویین ،قووڕیین ، دارئین]، بەپێی <u>جۆری ڕێنووس</u> بڕیار دەدرێت کە کام فۆڕمەیان بەکاربهێنرێت لە نووسیندا.
- [ڕەنگ] [زەنگ]<sub>کۆکراو(جمع)</sub>، [سەنگ]<sub>بەرد</sub>، لەڕاستیدا وەک ئاماژەپێیدرا، ئەم ناوانە لە سێ کەرتی دەنگی پێکهاتوون، نەک چوار، نواندنە پرۆسۆدیکییەکەیان [ڕە**ŋ** ، زە**ŋ**، سە**ŋ**]، هەردوو دەنگی /ن+گ/ پێکداچوون ە /**ŋ** / یان پێکهێناوە، لە ڕێنووس بە ئەلفبێی عەرەبی هیچ پیتێک بەرامبەری دانەنراوە، بەڵام لەم ژینگەی دارشتنی هاوەڵناوەدا بە پاشگری[-ین]، <u>ئەو دەنگە هەڵدەوەشێتەوە بۆ دەنگە پێیکهێنەرەکانی</u>، چونکە دروستەی برگەیی و شوێنی هێزەکەی گۆڕانکاری بەسەردا دێت، هەرلەبەر ئەمەیە دەگوترێت لەم ژینگەی دارشتنەدا دروستەی برگەیی و دروستەی (پێ) کەرتە دەنگییە پێکهێنەرەکانیشی ڕووبەڕووی پرۆسەی هەڵوەشانەوە دەبێتەوە، بەمجۆرە:
- [[ڕەنگ، زەنگ، سەنگ]<sup>ناو/pw</sup> + -ین <sup>fnc ناهێزدار</sup>] ⟵ [ڕەنگین، زەنگین، سەنگین ..] : [ڕەن.گین**řen .gîn**، زەن. گین **zen .gîn**، سەن. گین**sen. .gîn**] دروستەی پێوانەییان دەبێت بە **<u>cvc.cv́c</u>** [σ.σ́]⟵[Σ ´ ]⟵ω نواندنی پێکهاتەییان دەبێت بە : [ڕەنگین، زەنگین، سەنگین] بە نواندنی پرۆسۆدیکییان دەبێت بە: [ڕەنگیین، زەنگیین، سەنگیین]<sup>هاوەڵناو/ pw</sup>، ئاساییانە بە فۆڕمێکی پرۆسۆدیکی نافەرمییانەی وەک:[ڕە**ŋ**یین **řeŋîn**، زە**ŋ**یین**zeŋîn**، سە**ŋ**یین**seŋîn**] یش دەردەبڕرێن. دەکرێت درێژبوونەوەی بزوێنی/ی**î**/ بۆ /یی**îi**/ لە برگەی کۆتاییدا، بە بەڵگەی (هێزدانانی کۆتاگری) دابنرێت لەم جۆرە هاوەڵناوانەدا.
- گەر سەرنج لە هاوەڵناوی دارێژراوی [غەمگین]<sup>هاوەڵناو/pw</sup> بدرێت، [[غەم]<sup>ناو/</sup> +-ین <sup>fnc ناهێزدار</sup>]، بەڵام بە شێوەیەکی **ناسووڕییانە** لە جێبەجێکردنی یاسافۆنۆلۆجییەکان لەم ژینگەی دارشتنەدا، دەنگی

/گ/ کە بەشێک نییە لە هیچکام لە پێکهاتەکان و هاتووەتە ناو دروستەی دەرکردەکەوە، کە دەکرێت وەک یەکێک لە کەرتە دەنگییە ناوبەندەکانی کەتیگۆری کەرتەدەنگییە فەرهەنگییەکان دابنرێت. [غەمگین] هەمان دروستەی بڕگەیی و (پێ)و هێزدانانی کۆتاگری هاوەڵناوەکانی پێشووتری هەیە لەم ژینگەی دارِشتنەدا .

- لە[پۆلاین، ئاگرین، ئاسنین،..] : [[پۆلا، ئاگ**ر**، ئاس**ن**]ناو/pw + –ین fnc ناهێزدار]←[ پۆلاین، ئاگرین، ئاسنین]← [پۆ. لا. یین**po. Lʼa. yîn**، ئا. گ**i**. رین **ʼa.gi. rín**، ئا. س**i**. نین **a. si. nín**] **cv.cv.cv́c** [σσ.σ́] ←[Σ´ ]←**ω**،

زمانی کوردی زمانێکی دارِشتنییە، دەکرێت ژمارەیەک پاشگری وشەدارِێژەری تر هەبن لە ژینگە دارِشتنییەکاندا، بۆ دارِشتنی (ناو، هاوەڵناو)، بەڵام لەبەر سنووورداری تێزەکە، ئاماژەیان پێ نادرێت.

## ٣/٣–٣) نواندنی هێزی کۆتا–گری و دروستەی پێوانەیی دانەکانی ئاستی دارِشتنی سفر/ئاستی دارِشتنی زیرِۆمۆرفیم:

نواندنی هێزی کۆتاگری لە ئاستی دارِشتنی سفردا لە ئاستی دووی فەرهەنگدا دانراوە، چونکە دەرکردەی ژینگە دارِشتنییەکانی ئەم ئاستە لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا کەتیگۆری (ناو)ە، واتە دارِشتنی ئاستی سفر کەتیگۆری (ناو) بەرهەمدێنێت و بەپێی بنەمای هێزدانانی کەتیگۆرییانەش، ئاستی هێزدانان لە (ناو)دا کۆتاگرییە، دەکەوێتە ئاستی دوو.

### ٣/٣–٣–١) ئاستی دارِشتنی سفر/ئاستی دارِشتنی زیرِۆمۆرفیم:

دارِشتن لە مۆرفۆلۆجیدا، دارِشتنی لێکسیمێکە لە لێکسیمەکانی ترەوە(**John T. Jensen,1990:5**)؛ واتە دارِشتنی دانەیەکی فەرهەنگییە لە دانەکانی ترەوە، وشەی فەرهەنگی لەگەڵ وشە ئەرکییەکانی دارِشتن/مۆرفیمە بەندە وشە دارِێژەکاندا، (بەڵام هەندێکجار پرۆسەی دارِشتن جێبەجێدەکرێت بەبێ هیچ زیاد کردنێک، پێیدەوترێت دارِشتنی سفر**Zero Derivation**.(سەرچاوەی پێشوو:5 ).

کەواتە ئاستی دارِشتنی سفر مەبەست لەو ئاستەی دارِشتنەیە، کە گۆرِان لە کەتیگۆری دانە فەرهەنگییەکەدا رِوودەدات، تەنها بەهۆی گۆرِان لە تایبەتمەندێتییە پرۆسۆدیکییەکانیدا، وەک گۆرِانی شوێنی هێز یان شوێنی تۆن ئەگەر زمانەکە زمانێکی تۆنی بێت، کە ئەوەش گۆرِانی دروستەی بڕگە و دروستەی (پێ)ی لێدەکەوێتەوە، بەبێ هیچ گۆرِانێک لە پێکهاتەی کەرتە دەنگییەکان، یاخود لە پێکهاتە مۆرفۆلۆجییەکەی دانە فەرهەنگییەکەدا، کە <u>پێیدەوترێت ژینگە دارِشتنییە فۆنۆلۆجییەکان</u>. بۆنموونە لە زمانی ئینگلیزیدا لە کردار **verb** هێز لەسەر بزوێنی بڕگەی ئەڵتیما **ultima** یە، کاتێک دەچێتە ژینگەی دارِشتنی سفرەوە شوێنی هێز دەگۆرِێت بۆ سەر بزوێنی بڕگەی پەنەڵتیمەیت **penultimate** ، وەک لە :

**-[protést]V→ [[protést] VØ] →[prótèst] N.( John T. Jensen,1990:88).**

لێرەدا بە راڤەکردنی چەند نموونەیەک، هەوڵدەدرێت ئاستی دارِشتنی سفر لە پرۆسەمۆرفۆلۆجییەکانی وشەرِۆنان لە زمانی کوردیدا بسەلمێنرێت و ئاماژە بدرێت بە گۆرِانکارییە فۆنۆلۆجییەکان لە ئاستی

دروستەی پێوانەییدا، گۆڕینی شوێنی هێز دەستنیشان بکرێت، لە ئەنجامدا گۆڕینی کەتیگۆری وشەکانی لێدەکەوێتەوە کە دەبێتە هۆی گۆڕینی واتاکەشیان.

هەبوونی ئاستی داڕشتنی سفرلە فەرهەنگی زمانی کوردیدا، بە بەڵگەیەکی بە هێز دادەنرێت بۆ **ڕەتکردنەوەی ئەو بۆچوونانەی کە پێیان وایە** ((هێز بۆ گۆڕینی واتا نییە،...)) وەک لە (**غەریب، دڵشاد محەمەد،٢٠١٩**)،چونکە وای دادەنێت کە(( کاتەگۆرییە فەرهەنگیی و سینتاکسییەکان لە بنەڕەتدا مارکەلێدراون و بەپێی جێکەوتەکانیان هێزی چەسپاو تایبەت بە خۆیان هەیە)) (**غەریب، دڵشاد محەمەد ،٢٠١٩:١١٥**)، بەبێ ئەوەی ئاماژە بە کەتیگۆرییە فەرهەنگییەکانی دانەفەرهەنگییەکان بدەن، سەرەڕای ئاماژە نەدان بە دروستەی (پێ) لە پەسنکردنەکەیاندا. گەر بەپێی ئەو گوتەیە بێت و جێکەوتەی هێز چەسپاو بێت، کەواتە شیاوی شوێنگۆڕیین نییە، بەڵام وەک لەو ڕاڤەکردنانەوە دەردەکەوێت شوێنی هێز چەسپاونییەو شیاوی گۆڕانە، بەگۆڕانی شوێنی هێزەکەش گۆڕان لە پۆلەکەتیگۆری دانە فەرهەنگییەکاندا ڕوودەدات، ئەوەش دەبێتە ژینگەیەکی داڕشتنی فۆنۆلۆجی و، پێیدەوترێت ئاستی داڕشتنی سفر. سەرەڕای ئەوەی کە گۆڕان لە شوێنی هێزدا، گۆڕان لە دروستەی (پێ) و دروستەی بڕگە بە دوای خۆیدا دەهێنێت.

ئاستی داڕشتنی سفر لەزمانی کوردیدا لە دووباردا جیبەجێدەکرێت: گۆڕینی [ڕەگی کردار←ناو]، گۆڕینی [هاوەڵناو←ناو].

## ٣/٣-٣-٢)نواندنی هێزی کۆتا-گری و دروستەی پێوانەیی لە گۆڕینی کەتیگۆرییەکانی [ڕەگی کردار← ناو] لە ئاستی داڕشتنی سفردا:

### -لە ڕەگی کردارە یەک بڕگەییەکاندا:

ا-لەو ژینگە داڕشتنییە فۆنۆلۆجییانەدا کە بەبێ گۆڕینی شوێنی هێز و گۆڕینی دروستەی (پێ) کەتیگۆری ڕەگی کردارەکە دەگۆڕێت بۆ ناو، واتە لە ڕەگی کردارە یەکبڕگەییەکان کە هیچ گۆڕانکارییەک لە شوێنی هێز و دروستەی بڕگە و (پێ)دا ڕوونادات، لەبەرئەوەی زۆربەی ڕەگی کردارەکان لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا لەیەک بڕگە پێکدێن، لەمبارەدا، هیچ گۆڕانێک لە شوێنی هێز و دروستەی بڕگە و (پێ)یەکەدا دەرناکەوێت و تەنها لە بواری بەکارهێنانە سینتاکسییەکاندا لە ئاستی دوافەرهەنگدا، گۆڕانی کەتیگۆرییەکانیان هەستی پێدەکرێت، وەک لە:

- [خەوْ]ڕەگی کرداری خەوتن← [خە وْ]ناو/وشەی فۆنۆلۆجی **c<u>v́</u>c** ←[σ́ ]←[Σ]← **ω**وشەی فۆنۆلۆجی.
- [چێژْ] ڕەگی کرداری چێشتن/چەشتن← [چێژ ́ ] ناو ← **c<u>v́</u>c** ←[σ́ ]←[Σ]← **ω**.
- [گەز/ گ ەْز]ڕەگی کرداری گەستن←[گ ەْز]ناو← **c<u>v́</u>c** ←[σ́ ]←[Σ]← **ω**.
- [ڕێس/ ڕێ ̒س] ڕەگی کرداری ڕێستن←[ڕێ ̒س]ناو← **c<u>v́</u>c** ← [σ́ ]← [Σ]← **ω**. وەک لە [ڕێسەکەی بووەوە بە خوری]

ب- هەندێک لە ڕەگەکان لەیەک بڕگە پێکهاتوون، بەڵام گۆڕانی شوێنی هێز لەم ژینگەی داڕشتنەدا پێکهاتەی بڕگەییەکەیان دەگۆڕرێت و دەیانکات بە دوو بڕگە و ئەو پڕۆسەی گۆڕانی بڕگەییەش بەهۆی فۆنیمی پرۆسۆدیکی دەنگی بزوێنی /بزرۆکەوەi / دەبێت و بڕگە نوێیەکە دیاریدەکرێت، ئینجا گۆڕینی

شوێنی هێز  هەستی پێدەکرێت، بەڵام لەباری یەکەمدا بڕگەکە دەبێتە بڕگەیەکی هێزداری پێ پێ کراو**stressed foot**، (پێ)ی گرێنەدراو **degenerate foot** بەرهەمدێت، پاشان دەبێتە وشەیەکی فەرهەنگی، بەڵام لە ژینگە دارِشتنییەکاندا وشەی فۆنۆلۆجی بەرهەمدێنن، لە هەردوو کەتیگۆرییەکەدا لە یەک (پێ) پێکدێت، بەڵام لە باری یەکەمدا (پێ) گرێنەدراوە، لەباری دووەمدا کە دەبێت بە ناو (پێ)ی ئایامبیکی بەرهەمدێنێت کە (پێ)یەکی گرێدراوە و پاشان وشەیەکی فۆنۆلۆجی بەرهەمدێت، کە هەردوو نواندنی پێکهاتەیی و پرۆسۆدیکی فەرهەنگی هەیە، وەک لە:

- [ل ەَرز][ڕەگی کردار] کاتێک کە ڕەگی کردارە، هێزی سەرەکی دەکەوێتە سەربزوێنی بڕگەی یەکەم و دروستەکە لە یەک بڕگە پێکدێت: [ل ەَرز][ڕەگی کردار] **[lérz]**←**c<u>v́</u>cc** [.σs]←[Σ]←ω ، هەرچەندە ڕەگی کردار بەتەنها نانوێنرێت/گۆ ناکرێت، بەڵکو لە نێو پارادایمێکدا بۆ کردارەکە دەنوێنرێت، کە خاوەنی هێزێکی ڕیتمی و دروستەیەکی (پێ)ی جیاوازە، یان لەناو ژینگە دارِشتنییەکانی (ناو) و(هاوەڵناو)دا دەنوێنرێت، بەڵام کاتێک دەگۆڕدرێت بۆ (ناو)، بەهۆی بنەمای هێزدانانی کەتیگۆرییەوە، هێزدانان کۆتاگری دەبێت بۆی و دەبێتە دوو بڕگە: [لە. ر i ژ][ناو]←**[le. ríz]** **<u>cv.cv́c</u>** [.σ σ́]←[Σ]←ω پێی ئایامبیکی پێکدەهێنێت، بەڵام بۆ [فرۆش] هەمان پرۆسە پێچەوانەدەبێتەوە.
- لە ڕەگی کرداری [فرۆش]دا  لەبەرئەوەی دروستەی بڕگەییەکەی بە پێچەوانەی [لەرز]ەوەیە واتە لە [فرۆش]دا دروستەی بڕگەییەکەوی **<u>ccvc</u>** ئەم پرۆسەی لەتبوونە پێچەوانە دەبێتەوە،
- بەڵام کاتێک دەچنە ناو پێکهاتەی وشەی ترەوە، لە ژینگە دارِشتنی و ڕۆنانییەکانی لێکداندا، بەپێی وشە بەرهەمهاتووەکە هێزیان بۆ دیاریدەکرێت**، <u>نەک</u>** وەک (ڕەگی کردار) یان (ناو).

### -لە ڕەگی کردارە (٢، ٣)بڕگەییەکاندا:

لەو ڕەگی کردارانەدا کە لەیەک بڕگە زیاتر پێکهاتوون، لە ژینگە دارِشتنیەکەدا تەنها بە گۆڕینی شوێنی هێز و گۆڕینی دروستەی (پێ) کەتیگۆری ڕەگی کردارەکە دەگۆڕێت بۆ ناو، بەبێ هیچ گۆڕانێکی مۆرفۆلۆجییانە، وەک لە:

- [ پاَرێز][ڕەگی کرداری پاراستن] کاتێک کە ڕەگی کردارە، هێزی سەرەکی دەکەوێتە سەربزوێنی بڕگەی یەکەم، دروستەکە لە دوو بڕگە پێکدێت و پێ ی ترۆکیکی بەرهەمدێنێت: [ پاَرێز][ڕەگی کرداری پاراستن] **[pá. rêz]**← **<u>cv́.cvc</u>** [.σ́. σ] ←[Σ́ ] ←ω.

بەڵام لە ژینگە دارِشتنیی پێکهێنانی(ناو)دا، کە ژینگەیەکی <u>دارِشتنی فۆنۆلۆجییانەیە</u>، شوێنی هێز  دەگۆڕێت بۆ سەر بزوێنی بڕگەی کۆتایی، دروستە بڕگەییەکەی دەبێت بە [پا. ر ێَز][ناو]**[pa. rê´z]**← **<u>cv.cv́c</u>** [.σ. σ́ ] ←[Σ]←ω. (پێ)ی ئایامبیکی پێکدەهێنێت، کەواتە دروستەی (پێ) لەهەردوو کەتیگۆرییەکەدا هەر لە یەک (پێ) پێپێکدێت، بەڵام بەدوو ڕیتمی جیاواز، یان بە دوو کێشی **tempo** ی جیاواز، هەر ئەم هۆکاری جیاوازییەیە لە جۆری (پێ)دا، کە جیاوازی دروست دەکات لە ڕیتم یان لە کێشدا، وای کردووە کە هەندێک لەسەرچاوەکان بە جیاوازی لە (تەوژم)ی دابنێن.

- بەڵام لەو ڕەگی کردارانەدا، کە لەیەک بڕگە زیاتر پێکهاتوون، لە ژینگە دارِشتنییەکەدا، گۆڕینی شوێنی هێز دەبێتە هۆی گۆڕینی دروستەی بڕگەییەکەی ڕەگی کردارەکە و لە دوو بڕگەوە

دەیکاتەوە بە یەک بڕگە و لە دروستەی (پیَ)ی ترۆکێکییەوە دەبێتە یەک (پیَ)ی گرێنەدراو، لەمبارەشدا گۆڕان لە ڕیتمی وشەکەدا دروستدەبێت، ئەوەش دەبێتە هۆی گۆڕانی هارمۆنییەکەی، ئینجا کەتیگۆری ڕەگی کردارەکە دەگۆڕێت بۆ ناو، بەبێ هیچ گۆڕانێکی مۆرفۆلۆجییانە، وەک لە:

- [ فٌرۆش]ڕەگی کردار ← [فرۆٌش]ناو← کاتێک کە ڕەگی کردارە، هێزی سەرەکی دەکەوێتە سەربزوێنی بڕگەی یەکەم، دروستەکەی لەدوو بڕگە پێکدێت و پیَ ترۆکێکی پێکهێناوە : [ف ´ i .ڕۆش]ڕەگی کردار ←[fi´. roş] **cv́.cvc** [.ớ. σ]←[Σ́ ]← ω ، بەڵام لەناودا دەکەوێتە سەر بڕگەی کۆتایی، دروستەکە دەبێتەوە بە یەک بڕگە و یەک (پیَ)ی بەهێز: [فرۆٌش] ناو [fróş] **ccv́c** [.ớ] ← [Σ́] ←ω

## ٣/٣-٣-٣) نواندنی هێزی کۆتا-گری و دروستەی پێوانەیی لە گۆڕینی کەتیگۆرییەکانی [هاوەڵناو← ناو] لە ئاستی داڕشتنی سفردا:

گۆڕینی کەتیگۆری[ هاوەڵناو←ناو] لە ئاستی داڕشتنی سفردا، بە زۆری لەبارێکدا ڕوودەدات کە هاوەڵناوەکان وەک 'ناوی تایبەتی' بەکاربهێنرێن. ئەوەش دەبێتە هۆی گۆڕینی دروستەی بڕگەیی و دروستەی پێوانەیی وهاوەڵناوەکە، دەبێتە (ناو)، هێزدانان تیایدا کۆتاگری دەبێت، بەمشێوەیە:

١-لەهاوەڵناوە یەک بڕگەییە ڕیتم چەسپاوەکاندا هیچ گۆڕانکارییەک لە دروستەی پێوانەییاندا ڕوونادات، وەک لە

- [شا ژٌ]هاوەڵناو←[شا ژٌ]ناو←**cv́c** ←[σ́ ]←[Σ]← ω، تەنها لە ئاستی دوافەرهەنگدا، کە بوو بە فرێزی فۆنۆلۆجی ئاوازەکەی دەگۆردرێت بەهۆی تەوژم/پیچەوە. ئەمە بۆگشت ئەوهاوەڵناوە یەک بڕگەییانە دروستە کە وەک (ناو/ناوی تایبەتی )بەکاربهێنرێن.

٢-لە هاوەڵناوە دوو بڕگەیی و سێ بڕگەییەکاندا، شوێنی هێز لە سەرەتاگرییەوە دەبێتە کۆتاگری و ئەوەش دەبێتە هۆی:

أ- لە هەندێ لە هاوەڵناوە دوو بڕگەییەکاندا گۆڕینی دروستەی پیَ لە (پیَ)ی ترۆکێکیەوە بۆ یەک (پیَ) بە دیهێنراو/گرێنەدراو، وەک لە:

- [ج**i**وان]هاوەڵناو/pw ←[جو اٌن]ناو/pw ،

[ج**i**وان]هاوەڵناو لە دوو بڕگە پێکدێت، هێزی سەرەکی دەکەوێتە سەر بزوێنی بڕگەی یەکەم، بەهۆی بزرۆکەوە، کە فۆنیمی پرۆسۆدیکییە و بە شوێنپێی هێز دادەنرێت، بووەتە هۆی دروستبوونی بڕگەی یەکەم لە هاوەڵناوەکەدا، دەبێت بە : [ج**i**. وان]هاوەڵناو نواندنی پێوانەیی :[cĭ . wan] **cv́.cvc** [σ́ .σ]←[Σ]←ω ،(پیَ) ترۆکێکی بەرهەم هێناوە، بەڵام کاتێک ببێت بە (ناو) لە[جوان]ناودا، هێزدەبێت کۆتاگری و دروستەی بڕگە و (پیَ) گۆڕانی بەسەردا دێت، دروستەکە دەبێتەوە بەیەک بڕگە، هێزی سەرەکی دەکەوێتە سەر بزوێنی /ا/ ی بڕگەی دروستەکە ، نواندنی بڕگەییەکەی: [cwán] **ccv́c** [.ớ] ←[ Σ́] ناو← ω .

وەک بینرا بزرۆکە هاتە ناوەوە بۆ نواندنی هێزی سەرەتاگری لە هاوەڵناوەکەدا، پاش گۆڕانی شوێنی هێز، کە بوو بە کۆتاگری لە (ناو)دا، بزرۆکەکەش وەک فۆنیمێکی پرۆسۆدیکی و شوێنپێی هێزەکە لە دروستەی فۆنۆلۆجی وشەکەدا نەما و لاچوو.

وشەکان لە هەردوو بارەکەدا، واتە کاتێک کە هاوەڵناوە و کاتێک کە (ناو)ە، دوو ڕیتمی جیاوازییان هەیە، بەهۆی جیاوازی لە جۆری (پێ)یاندا، کەدەبێتە هۆی جیاوازی لە ڕیتمیاندا و ئەوەش دەبێتە هۆی جیاوازی هارمۆنییەکەیاندا کە بە (**H=1** و **H=2**) ئاماژەی پێدەدرێت. نەک جیاوازی لە (تەوژم) دا، چونکە تەوژم لە ئاستی دوافەرهەنگدا دێت ئاراوە.

ب- لە هەندێ لە هاوەڵناوە دوو برگەییەکاندا، لەم ئاستەی داڕشتندا، گۆڕینی دروستەی پێ لە (پێ)ی ترۆکێکی و بۆ (پێ)ی ئایامبیکی، لە سێ برگەییەکاندا لە (پێ)ی داکتلەوە بۆ (پێ)ی ئەناپستی، دێتە ئاراوە، وەک لە :

- [شی ڕَین]هاوەڵناو← [شیر یَن]ناو ، [ش یَ . ڕین]هاوەڵناو **[.şî´. rîn.] cý.cvc [σ́ .σ] ←[Σ́ ] ←**، لەمبارەدا نواندنی پرۆسۆدیکی دێتەئاراوە و دەبێت بە [شییرین**şîirîn**]( پێ**)**ی ترۆکێکی بەرهەمهاتووە . بەڵام لە[شیر یَن]ناو، هێزی سەرەکی دەکەوێتە سەر بزوێنی برگەی کۆتایی← **[ şî . rî´n] cv.cýc [σσ́] ←[** ]Σ́ناو ←ω. ، نواندنی پرۆسۆدیکی دێتەئاراوە و دەبێت بە [شیرییین] **(** پێی**)** ئایامبیکی بەرهەمهاتووە.
- [گە. شا. وە]هاوەڵناو←**[gé.şa.we] cý.cv.cv [σ́. σ .σ] ←[Σ́ ] ←ω**. نواندنی (پێ) دەبێتە **(**پێ**)**ی داکتل، بەڵام کاتێک وەک ناوی تایبەتی بەکاربهێنرێت هێزی سەرەکی دەکەوێتە سەر بزوێنی برگەی کۆتایی ← :**[ge.şa.wé ] cv.cv.cý [ σ.σσ́] ←[** ]Σ́ناو ←ω.

## ٤/٣) نواندنی هێزی ڕیتمی پلەدار و دروستەی پێوانەیی دانە فەرهەنگییەکانی ئاستی سێ:

**ئاستی سێ L3:** ئاستی نواندنی زۆربەی دانە فەرهەنگییە داڕێژراو و لێکدراوەکانە، کە لە سێ برگە زیاتر پێکدێن، دەبن بە وشەی فۆنۆلۆجی، لە یەک باری هەڵاوێرکردنیشدا ئەو (ناو)ە لێکدراوە سێ برگەییانە دەگرێتەوە، کە هێزدانان تیایاندا بووەتە سەرەتاگری بەهۆی گریمانەی واتای زاڵی یەکێک لە کەرتە پێکهێنەرەکان. ئاستی هێز لەم چینەی فەرهەنگدا، ئاستی هێزدانانی ڕیتمی پلەدارە، واتە سەرەڕای هەبوونی هێزی سەرەکی هێزی ناوەندی/دووەم، سێیەمی فەرهەنگی، هەیە لە وشە فۆنۆلۆجیەکەدا.

نواندنی ئاستی هێزدانانیش لە وشە فۆنۆلۆجییەکاندا بە دوو (پێ)ی هێزدار یان زیاتر دەبێت.

دەکرێت هێزدانان لە وشە فۆنۆلۆجییەکاندا سەرەتاگری بێت، لەمبارەدا هێزی سەرەکی دەکەوێتە سەر کەرتی یەکەم، بەپێی ڕیزبەندی[ (پێ)ی بەهێز (پێ)ی لاواز ][**Σs Σw**] هێزی سەرەکی بۆ دادەنرێت، یان دەکرێت هێزدانان لە وشە فۆنۆلۆجییەکاندا کۆتاگری بێت، لەمبارەدا هێزی سەرەکی دەکەوێتە سەر کەرتی کۆتایی/دووەم، بەپێی ڕیزبەندی **[**(پێ)ی لاواز و (پێ)ی بەهێز**]** [**ΣwΣs**] هێزی سەرەکی بۆ دادەنرێت.

## ٣-٤-١)نواندنی پێوانەیی و دیاریکردنی شوێنی هێز لە وشە فۆنۆلۆجییەکان لە ئاستی سێدا:

١- هێزدانان بەپێی بنەمای هێزدانانی کەتیگۆرییانە دەبێت، کە تیایدا:

ا- هێزدانان بۆ (هاوەڵناو)ە سادە و داڕێژراوو لێکدراوەکان، کە لە سێ بڕگە زیاترن، هێز سەرەتاگری دەبێت بۆ کەرتی یەکەمییان و هێزی ڕیتمی پلەدار بەرهەمدێت لە سەر دوو (پێ)یان زیاتر دەنوێنرێن، بەپێی ڕیزبەندی [(پێ)ی بەهێز (پێ)ی لاواز][Σs Σw].

ب- هێزدانان بۆ (ناو)ە سادە و داڕێژراوو لێکدراوەکان، کە لە سێ بڕگە زیاترن، کۆتاگری دەبێت و هێزی ڕیتمی پلەدار بەرهەمدێت لە سەر دوو (پێ)یان زیاتر دەنوێنرێن، بەپێی ڕیزبەندی[(پێ)ی لاواز (پێ)ی بەهێز] [ΣwΣs]

٢-سەرەڕای ئاماژدان بەهەڵاوێرکردن لە شوێنی هێزدانانی ڕیتمی لەم بنەمایەی هێزداناندا کە بەپێی (گریمانە سیمانتیکی و مۆرفۆلۆجییە فەرهەنگییەکان)، بۆ دووبارە دیاریکردنەوەی ئاستەکانی هێز لە وشە فۆنۆلۆجییەکاندا لە ئاستی فەرهەنگدا.

## ٣/٤-٢)نواندنی ئاستی (پێ) (Σ) لە دانە فەرهەنگییەکانی ئاستی سێدا :

ئاستی سێ ئەو دانە فەرهەنگییانە لە خۆدەگرێت، کە لە سێ بڕگە زیاترن و لە دوو (پێ)یان زیاتر پێکدێن، کە ڕیتمی سەری ڕاست-گر یان ڕیتمی سەری چەپ-گریان لە چەند (پێ)یەکدا لە وشەیەکی فۆنۆلۆجیدا هەیە، واتە زیاتر لە یەک (پێ) هەیە و ئاستی دووەمی (پێ)ی هەیە کەتیایدا (پێ)یەکان پێکەوە دەبەسترێنەوە؛ واتە لە کاتی پێکهێنانی وشە فۆنۆلۆجییەکەدا (پێ)ی ئاوێتە بەرهەمدێت. لەمبارەدا باڵادەستی (پێ) دێتەئاراوە لە وشە فۆنۆلۆجییەکەدا، کە پارامێتەری شێوەی (پێ)یە ، بە جۆرێک ئەو (پێ)یەی کە بڕگە هێزدارەکەی تێدایە و هێز دەکەوێتە سەر بزوێنەکەی دەبێتە (پێ)ی باڵادەست، ئەو لایە دەستنیشان دەکات کە سەری حوکمکەری (پێ)یەکەیە؛ ئەمەش لە زمانی کوردیدا بەپێی کەتیگۆری دیاری دەکرێت، بە جۆرێک بۆ ئەو (ناو)انەی کە لە سێ بڕگە زیاترن، لە یەک (پێ) زیاتر پێکدێن و هێزی سەرەکی دەکەوێتە سەر بزوێنی بڕگەی کۆتاییان و(پێ)ی کۆتاییان، بەپێی نووسینی ئەلفبێی جیهانی و لاتینی 'ڕیتمی سەری ڕاست-گر'یان دەبێت و لەمبارەدا (پێ)ی ڕاست-باڵادەست بەرهەمدێت.

بۆ (هاوەڵناو)ەکان، کە لە سێ بڕگە زیاترن لە یەک (پێ) زیاتر پێکدێن، هێزی سەرەکی دەکەوێتە سەر بزوێنی بڕگەی سەرەتا و(پێ)ی سەرەتایان، بەپێی نووسینی ئەلفبێی جیهانی و لاتینی ڕیتمی سەری چەپ-گریان دەبێت و لەمبارەدا (پێ)ی چەپ-باڵادەست بەرهەمدێت(**CRYSTAL, 2008:193**). هەروەها بۆهەموو ئەو کەتیگۆرییانەی تریش ڕاستە، کە هێزدانانی سەرەتاگرییان هەیە و لە سێ بڕگە زیاتر پێکدێن وەک پۆلی کەتیگۆری ڕەگی کردار و هاوەڵکارەکان لە فەرهەنگدا، کە لە سێ بڕگە زیاترن. هەرچەندە شوێنی هێز و بڕگەی هێزدار لە(پێ)یە هێزدارەکەدا بەپێی (گریمانە سیمانتیکی و مۆرفۆلۆجییە فەرهەنگییەکان بۆ دیاریکردنی ئاستەکانی هێز) دەگۆڕدرێت.

دروستەی (پێ)ی هێزدار[Σś]، کە هەڵگری هێزی سەرەکییە و (پێ)ی لاواز[Σw]، کە هەڵگری هێزی ناوەندییە، لە دانەکانی ئاستی سێدا، بەپێی کەرتە هێزدارەکە لە وشەکەدا، لەسەر بنەمای هێزدانانی

کەتیگۆری یان گریمانەکانی تری هێزدانان لە وشەکەدا دیاریدەکرێت، **نەک** بەپێی دروستەی (پێ)ی پێش دارشتنی کەرتە پێکهێنەرەکانی وشەکە، چونکە کەرتە پێکهێنەرەکان لە ژینگە دارشتنە نوێیەکەدا، پاش نەریتی سرینەوەی کەوانە مۆرفۆلۆجییەکان و بەهۆی نەریتی سرینەوەی هێزەوە، رووبەرووی هەڵوەشانەوەی دروستەی برگە و (پێ) دەبنەوە و بەپێی دەرکردە نوێیە بەرهەمهاتووەکە، دروستەی برگەو ودروستەی (پێ)یان دادەرێژرێتەوە. دروستەی برگەیی و دروستەی (پێ) و شوێنی هێزدانانی پێش دارشتنییان هیچ گرنگی و بایەخێکی نامێنێت لە ژینگە دارشتنییە نوێیەکەیاندا.

دیاریکردنی دروستەی (پێ)یەکانی وشەکە لە ئاستی سێدا، لەسەر بنەمای دیاریکردنی ئەو برگەیەیە کە هێزی سەرەکی لەسەرە و پاشان دیاریکردنی برگە هێزدارو برگە ناهێزدارەکان بەپێی ئەو دەبێت لە دەرکردە نوێیەکەدا، لەمبارەدا لەناو یەک 'وشەی فۆنۆلۆجی'دا ناکرێت دوو برگەی هێزدار بەدوای یەکدا بێن، هەر چەندە دوو (پێ)ی جیاوازیش پێکدەهێنن، بەڵکو هەمیشە برگەیەکی هێزدار یەک برگەی ناهێزداری بەدوادا دێت و یەک برگەی ناهێزدار لە پێشییەوە دێت بەپێی ڕیز بەندی (w s w s w s ....) یان ڕیزبەندی (s w s w s w....)، ئەگەر دوو برگەی هێزداریش بوون بە هاوسێی یەک، بەهۆی گۆڕینی ئاستی هێزەوە یەکێکیان دەگۆڕێت بۆ [لاواز]،ئەوەش بە چەند هەنگاوێک ئەنجام دەدرێت.

## ٣-٤/٣)تایبەتمەندیی پرۆسۆدیکیی دانە فەرهەنگییەکان کە دەکەونە ئاستی سێ :

ئەو دانە فەرهەنگییانەی کە دەکەونە ئاستی سێ لەفەرهەنگدا، مەرجە لە سێ برگە زیاتربن و هێزی ڕیتمی پلەدارییان هەبێت، بە دوو (پێ)یان زیاتر بنوێنرێن، لەسەر ئەم بنەما پێوانەییە بۆ نواندنی دانە فەرهەنگییەکان لە ئاستی سێدا، دانەکانی ئەم ئاستە پۆلین دەکرێن بۆ گرووپ:

یەکەم: نواندنی دانە فەرهەنگییەکان کە هێزی ڕیتمی سەرەتاگرییەکانن بەپێی ڕیزبەندی[ΣsΣw]

دووەم: نواندنی دانە فەرهەنگییەکان کە هێزی ڕیتمی کۆتاگرییەکانن بەپێی ڕیزبەندی [ΣwΣs].

## ٤-٤/٣) نواندنی پێوانەیی و دیاریکردنی ئاستی هێز دانە فەرهەنگییەکان کە هێزی ڕیتمیی سەرەتاگریی [ΣsΣw]یان هەیە :

١-نواندنی (هاوەڵناو)ە (سادە، دارێژراو، لێکدراو)ەکان کە لە سێ برگە زیاترن (٤، ٥، ٦ )برگەیین، هێزی ڕیتمی سەرەتاگرییان هەیە وبە دوو (پێ) زیاتر دەنوێنرێن ، بەپێی ڕیزبەندی[Σs Σw].

٢- نواندنی هەندێک لە (ناو)ە (٤، ٥، ٦ )لێکدراوەکان، کە هێزی سەرەتاگری ڕیتمییان هەیە، بە دوو (پێ) دەنوێنرێن، بەپێی ڕیزبەندی[Σs Σw]. و هەڵاوێرکردنن لە هێزدانانی کۆتاگری لە (ناو)دا.

٣-نواندنی(ناو)ە دارژراوەکان بە پێشگر، کە لە سێ برگە زیاترن، (٤، ٥، ٦ ) برگەیین بەهۆی گریمانەی چۆنییەتی ژینگەی دارشتن و هێزدانانی مۆرفۆلۆجییانەوە، هێزی ڕیتمی سەرەتاگریان دەبێت بەپێی ڕیزبەندی[Σs Σw].

### ٤/٣-٤-١)نواندنی پێوانەیی هەندێک لە هاوەڵناوە (داڕێژراو، لێکدراو)ە (٤، ٥، ٦ ) بڕگەییەکان بەپێی ڕیزبەندی هێزی ڕیتمی [Σs Σw].

بەپێی بنەمای هێزدانانی کەتیگۆرییانە، هێزدانان لە هاوەڵناوە (١، ٢، ٣ ) بڕگەییەکاندا سەرەتاگرییە دەکەونە ئاستی ڕیتمی چەسپاو و ئاستی یەک، بەڵام گەر لە سێ بڕگە زیاتربوون دەکەونە ئاستی سێ، هێزدانان تیایاندا ڕیتمی پلەدار دەبێت و هێزی سەرەکی دەکەوێتە سەر کەرتی یەکەم و هێزی ناوەندیش دەکەوێتە سەر کەرتی دووەم، پاشان نواندنی دروستەی پێوانەییان بۆ دەکرێت، کە ئاستی دانانی هێزی سەرەکی و دروستەی بڕگە و (پێ) هێزدار و ناهێزدارەکان دەگرێتەوە لە ئاستی فەرهەنگدا.

### ٤/٣-٤-١-١)نواندنی پێوانەیی هاوەڵناوە چوار بڕگەییەکان:

١- لە [باڵا بەرز، پایەبەرز، پایە بڵند، ...]، بەپێی گریمانەی کۆی گشتی واتای کەرتە پێکهێنەرەکان دەبێتە هاوەڵناو، کەواتە (هاوەڵناو)ن، لە چوار بڕگە پێکهاتوون، کەواتە هێزی ڕیتمییان هەیە و هێزدانان تیایاندا سەرەتاگرییە، بەڵام لەبەرئەوەی ژینگەی داڕشتنەکەیان پێکهاتووە لە [[ناو]+[هاوەڵناو]]هاوەڵناوی لێکدراو کەواتە هێزی سەرەکی دەکەوێتە سەر بزوێنی بڕگەی کۆتایی لەکەرتی یەکەمدا، چونکە کەرتی یەکەمیان [ناو]ە، لە (ناو)یشدا هێزی سەرەکی دەکەوێتە سەر بزوێنی بڕگەی کۆتایی، هێزی ناوەندیش (هێزی دووەم) بەپێی کەتیگۆری کەرتی دووەم دانانرێت، بەڵکو بەپێی ڕیزبەندی ($w\ s_1\ w\ s_2$) دادەنرێت، بەمەش هێزی ناوەندی دەکەوێتە سەر بزوێنی بڕگەی کۆتایی کەرتی دووەم(لە کەرتی کۆتاییدا)، هەرچەندە کەرتی دووەم هاوەڵناوە، دەبوو هێزدانان تیایدا سەرەتاگری بێت، بەڵام بەهۆی ژینگەی نوێی داڕشتنەکەیانەوە، پاشداڕشتن لە ژینگەی داڕشتنی(هاوەڵناوەلێکدراو)ەکەدا، دوای نەریتی سڕینەوەی کەوانە مۆرفۆلۆجییەکان، بەهۆی نەریتی سڕینەوەی هێزەوە، لە دەرکردەکەدا کەرتە پێکهێنەرەکان ڕووبەڕووی هەڵوەشانەوەی دروستەی بڕگە و (پێ) دەبنەوە و بەپێی دەرکردە نوێیەکە دروستەی بڕگە و دروستەی (پێ)یان دادەرێژرێتەوە، ئیتر هێزی ناوەندی سەر کەرتی دووەم، کە هاوەڵناوەکەیە کۆتاگری دەبێت، ئەوەش بەهۆی ژینگە داڕشتنە نوێیەکەیەتی، کە هاوەڵناوێکی لێکدراوە.

نواندنی دروستەی پێوانەییەکەیان بەپێی نواندنی کەوانەیی دەبێت بە :

[[با. ڵا. بە. رز **ba. l'a. be. riz**، پا. یە. بە.رز **pa. ye. be. riz** ] **cv.cv̀c** **cv.cv́.** ] پا. یە ب**i**. ڵند **pa. ye. bi.** **i**

**[l'ind** **cv.cv̀cc** **cv.cv́.** [σw σs2] σw. s1 ´σ σw]← [w →σs2 σw. s1 ´σ σw] [Σs Σw]←ω

،گەرسەرنجبدرێت لە دەرئەنجامدا بۆ (هاوەڵناو)ەکە ڕیزبەندی (پێ)ی ([ΣsΣw]) بەرهەمهاتووە، بەپێی ئەلفبێی لاتینی و ئەلفبێی جیهانی.

– نواندنی پێوانەییەکەی بە هێڵکاریی درەختییان پێوانەیی دەبێت بە :

pa. σw ye. σS̀ be. σw riz σS

pa. σw ye. σS̀ bi. σw l'ind σS

ئاستی برگە σ : . ba. σw l'a. σS̀ be. σw riz. σS

ئاستی پێ : Σs1 Σs2→ w.

ئاستی وشەی فۆنۆلۆجی : pω

–هێڵکاریی نواندنی ڕیتمییەکەیان کە لە نواندنی تۆڕییەوە سەرچاوەدەگرێت، دەبێت بە :

- ω X. . .
- Σ: . X. . X.
- σ: X. X. X. X.
- σ :ba. l'a. be . riz
- pa. ye. be. riz
- pa. ye. bi. l'ind

ئەو نواندنی پێوانەییە بۆ سەرجەم ئەو هاوەڵناوە لێکدراوە چوار برگەییانە ڕاستە کە هەمان ژینگەی دارِشتنییان هەیە.

تێبینی١: گەر هەریەکێک لەو هاوەڵناوە دارِێژراو و لێکدراوانە وەک کەتیگۆری (ناو)yش گەنجکران لە فەرهەنگدا، یان وەک (ناو) بەکارهاتن لە ئاستی دوافەرهەنگدا، ئەوا شوێنی هێزی فەرهەنگییان دەگۆڕدێت، بەپێی بنەمای هێزدانانی کەتیگۆرییانە لە(ناو)دا هێزی سەرەکییان بۆ دیاریدەکرێت، لەمبارەدا لەبەرئەوەی بەکارهێنانەکەیان دەبێتە (ناو)، کەواتە بەپێی گریمانەی کۆی واتای گشتی کەرتە پێکهێنەرەکان لە(ناو)دا، هێزدانان تیایاندا کۆتاگری دەبێت و هێزی سەرەکی لەسەر کەرتی کۆتایی دادەنرێت، بەپێی پۆلەکەتیگۆری و ژینگەی دارشتنی کەرتی کۆتایی شوێنی هێزی سەرەکی لەسەر دیاریدەکرێت، بەپێی ڕیزبەندی [Σw Σs]، هێزی ڕیتمییەکەیان دیاریدەکرێت.

٢–لە [تازەزاوا]دا، هەر چەندە کەتیگۆری (هاوەڵناو)ە، بەڵام وەک (ناو)یش بەکاردێت، هێزدانان تیایدا سەرەتاگری دەبێت، چونکە واتای کەرتی یەکەم زاڵە، هێزی سەرەکی دەکەوێتە سەر بزوێنی برگەی کۆتایی [تازە]، بەمەرجێک ژینگەی دارشتنەکەی بە: [ [[تازە] +ە]ناوی نیشانە کراو + [ناو]] پێناسەکرابێت، بەهۆی یاسا فۆنەتاکتیکییەکانەوە /ە/ لێکدەردەرناکەوێت،)]، هێزی ناوەندیش بەپێی ڕیزبەندی (w s1 w s2) دادەنرێت، هێزەکە دەکەوێتە سەر بزوێنی برگەی کۆتایی، نواندنی برگەیی و دروستەی برگەیی دەبێت بە:

[تا. زە. زا. وا. :[ta. ze. za. wa. cv.cv́. cv.cv̀ [σw σ́ s1 .σw σs2] [Σs Σw]← ω.

σئاستی بڕگە : ta. σw zeσs̀ za. σw wa. σs

ئاستی پێ : Σs1 Σs2→ w.

ئاستی وشەی فۆنۆلۆجی : pω

–هێڵکاریی نواندنی ڕیتمییەکەی کە لە نواندنی تۆرییەوە سەرچاوەدەگرێت، دەبێت بە :

- ω X. . .
- Σ: . X. . X.
- σ: X. X. X. X.
- σ : ta. ze. za. wa



ta. ze. za. wa

٣– لە [بەساڵاچوو، بێبەزەیی، بەرفراوان]دا، هاوەڵناون، لە چوار بڕگە پێکهاتوون، کەواتە هێزدانانی ڕیتمییان دەبێت، و هێزی سەرەکی دەکەوێتە سەر کەرتی یەکەم، بەڵام لە ژینگەی دارشتنەکەیاندا لێکجیاوازن، ئەوەش دەبێتە هۆی جیاوازی لە دروستەی پێوانەییاندا و لە دروستەی (پێ)یە هێزدارەکانیاندا، بەمشێوەیە:

–لە [بەساڵاچوو] پێکهاتووە لە: [[هاوەڵکاری کاتی]+ هاوەڵناوی کراوی دارێژراوبە پاشگری–وو]

بە چەند هەنگاوێکی پرۆسەی مۆرفۆلۆجیدارشتندا تێپەڕیوە، ژینگەی دارشتنەکەی پێکهاتووە لە: هەنگاوی یەکەم:

[ [بە]^پێشگر + [ساڵ]^ناو + دا]^پاشگر [هاوەڵکاری کاتی]+[[چوو]]^قەدی کردار +وو]^پاشگر [هاوەڵناوی کراوی دارێژراو]^هاڵێکدراو، پاش جێبەجێکردنی یاسا فۆنەتاکتیکییەکانی بزوێن ولابردنی/وو/ و ئابووری کردن و تیاچوونی دەنگی /د/ لە هەنگاوی دووەمدا بووە بە:

[[بە + [ساڵ] + [ا]+ [[چوو]]، لە هەنگاوی سێیەمدا بووە بە : [ [بەساڵا]+ [چوو] ]، ئەوەش مانای وایە کە هاوەڵناوەکە/وشەفۆنۆلۆجییەکە لە دوو (پێ)ی هێزدار پێکهاتووە کە بریتین لە[ [بەساڵا]+ [چوو] ]، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە کەرتی یەکەمی هاوەڵناوەکە دارێژراوە بە پێشگر.

کەواتە هێزدانان تیایدا <u>سەرەتاگرییە</u> لەبەرئەوەی کەرتی یەکەمیش بەپێشگر دارێژراوە، کەواتە هێزی سەرەکی دەکەوێتە سەر بزوێنی بڕگەی یەکەم، بەهۆی سروشتی دارشتنی کەرتە پێکهێنەرەکانییەوە لە ژینگەی دارشتنەکەیدا، نواندنی دروستەی پێوانەییەکەی لە دوو پێی هێزدار پێکدێت، لە دەرئەنجامیشدا ڕیزبەندی (پێ)ی [Σs Σw] بەرهەمهاتووە لە هاوەڵناوە دارێژراوەکە دا. نواندنی پێوانەیی دەبێت بە :

[بە. سا. ڵا. چوو. be. sa. l'a. çû.]⟵ <u>.cv̀</u> <u>cv́.cv.cv</u> ⟵ [σw σs2 σw s1 σ́]⟵ [Σs Σw]⟵ω–

σئاستی بڕگە : . be σs̀ sa. σw l'a. σs çû.σw

ئاستی ناوەندی بڕگە و (پێ) : σS̀ σs→w Σw→s2.

ئاستی پێ Σ s1 Σ s2→w

ئاستی وشەی فۆنۆلۆجی : pω

–هێڵکاریی نواندنی ڕیتمییەکەی کە لە نواندنی تۆرییەوە سەرچاوەدەگرێت، دەبێت بە :

- X. . . .
- Σ: X. . . X.
- X. . X. X.
- σ: X. X. X. X.
- σ : be. sa. l'a. çû

–[بێ بەزەیی، بەرفراوان] ژینگەی دارشتنەکەیان پێکهاتووە لە:

[بێ بەزەیی] ⟵[پێشگر + [ناو]]، [بەر فراوان] ⟵[پێشگر + [هاوەڵناو]]، بەهۆی سروشتی دارشتنی کەرتە پێکهێنەرەکانییەوە لە ژینگەی دارشتنەکەیاندا، لە دوو پێی هێزدار پێکدێت و(پێ)ی یەکەم تەنها لە پێشگرەکە پێکدێت و (پێ)ی دووەمیش لە برگەکانی کەرتی دووەم پێکدێت، هێزی ناوەندیش بەپێی ڕیزبەندی (s1 w s2 w) دادەنرێت. لە دەرئەنجامیشدا ڕیزبەندی (پێ)ی [Σs Σw] بەرهەمهاتووەکە هاتووەتە ئاراوە بۆ هاوەڵناوە دارێژراوەکە بە پێشگر. کە لە سێ برگە زیاتر پێکهاتووە. نواندنی پێوانەییەکەیان دەبێت بە : [بێ. بە. زە. یی. [bê. be. ze. yî. c**ý**. cv.cv.cv̀ ، [بەر. ف. را. وان. ber. fi. ra. wan.]⟵

ω.⟵[Σs Σw] [σ´ s1 .σw σs2 σw] cýc. cv. cv.cv̀c

ber. σs` fi.σw ra.σs wan.σw

σئاستی برگە : bê. σs` be.σw ze. σs yî.σw

ئاستی ناوەندی برگە و (پێ) : Σs` σs. σw.

ئاستی پێ Σs1 Σ.s2 (→w)

ئاستی وشەی فۆنۆلۆجی : pω

–هێڵکاریی نواندنی ڕیتمییەکەی کە لە نواندنی تۆرییەوە سەرچاوەدەگرێت، دەبێت بە :

- ω X. . . .
- Σ: X. . X. .
- X. . X. X.
- σ: X. X. X. X.
- σ : bê. be. ze. yî.
- : ber. fi. ra. wan.

تێبینی ٢:

–گەر هەریەکێک لەو هاوەڵناوە دارێژراو و لێکدراوانە وەک کەتیگۆری (ناو)یش گەنجکران لەفەرهەنگدا، یان وەک (ناو)بەکارهاتن لە ئاستی دوافەرهەنگدا، ئەوا شوێنی هێزی فەرهەنگییان ناگۆڕدێت، چونکە کەرتی یەکەمییان دارێژراوە بە پێشگر.

## ٤/٣-٤-١-٢)نواندنی پێوانەیی هاوەڵناوە (٥، ٦)بڕگەییەکان:

١- لە[نیشتیمان پەروەر]دا، بەپێی گریمانەی کۆی گشتی واتای کەرتە پێکهێنەرەکان، دەبێتە (هاوەڵناو)، لە لە پێنج بڕگە پێکهاتوون، کەواتە هێزی ڕیتمییان هەیە و هێزدانان تیایاندا سەرەتاگرییە، بەڵام لەبەرئەوەی ژێنگەی دارشتنەکەیان پێکهاتووە لە [[نیشتیمان] ناو+[پەروەر] (واتە بەخێوکار)] ناو]، کەواتە هێزی سەرەکی دەکەوێتە سەر بزوێنی بڕگەی کۆتایی لەکەرتی یەکەمدا، چونکە کەرتی یەکەمییان (ناو)ە، نواندنی پێوانەییەکەی دەبێت بە [نیش. تی. مان. پەر. وەر. nîş. tî. man. per. wer ]← cvc.cv. cv́c. cvc.cv̀c ←

[w →σs2 σw. s1 σ́ σs σw ]← [Σs Σw] ←ω.

٢- لە[تازەپێگەشتوو، تازەپیاکەوتوو] بەپێی گریمانەی کۆی واتای گشتی کەرتە پێکهێنەرەکان، بە کەتیگۆری (هاوەڵناو)دادەنرێن، کەواتە هێزدانان تیایاندا سەرەتاگرییە، لە پێنج بڕگە پێکهاتوون، کەواتە هێزی ڕیتمی پلەداریان هەیە، لەمبارەدا هێزی سەرەکی دەکەوێتە سەر بزوێنی بڕگەی کۆتایی لە کەرتی یەکەمدا، چونکە کەرتی یەکەم وەک لە [تازە زاوا]شدا ئاماژەپێیدرا، کە هەردووکیان ناوێکی دارێژراوی نیشانە کراون پێکهاتوون لە :[[تازە]هاوەڵناو + -ە]ناوی دارێژراو، بەهۆی یاسافۆنەتاکتیکییەکانی پێکەوە هاتنی دوو دەنگی بزوێن بەدوای یەکدا دەنگی /ە/ دەرناکەوێت، هێزی ناوەندیش بەپێی ڕیزبەندی بڕگەی (w s1 w s2 w) دادەنرێت، نواندنی بڕگەییەکەیان و دروستەی بڕگەییەکەیان دەبێت بە:

[تا. زە. پێ. گەش. توو ta. ze. pê. geş. tû ] cv.cv́. cv.cv̀c cv ، [تا.زە. پیا. کەو.توو ta. ze. pya. kew. tû]

cv.cv́. ccv.cv̀c.cv [σw s2σ σw. s1 σ́ σw] [Σs Σw]←,.ω

ta. σw ze. σS̀ pya. σw kew. σS tûσw

ئاستی بڕگەσ : . ta. σw ze. σS̀ pê. σw geş. σS tû. σw

ئاستی ناوەندی بڕگە و پێ: Σ s1 σw σs2

ئاستی پێ : Σ s1 Σs2→w.

ئاستی وشەی فۆنۆلۆجی : pω

-هێڵکاریی نواندنی ڕیتمییەکەی کە لە نواندنی تۆڕییەوە سەرچاوەدەگرێت، دەبێت بە :

- ω: . X. . . .
- Σ: . X. . X. .
- : . X. X. X. .
- σ: X. X. X. X. X.
- σ: ta. ze. pê. geş. tû
- ta. ze. pya. kew. tû

تێبینی :

بەپێی گریمانەی چۆنییەتی ژینگەی دارشتن بێت دەبوو هێزدانان لەو دوو هاوەڵناوەدا ببێتە کۆتاگری چونکە کەرتی دوومییان دارێژراوە بە پێشگر، بەڵام لە م جۆرە ژینگەی دارشتنانەدا کە واتای یەکێک لە کەرتە پێکهێنەرەکان زاڵە بە سەر کۆی واتای وشەکەدا، کە واتای [تازە]یە وادەکات هێزی سەرەکی بکەوێتە سەر کەرتی یەکەم. لەمەوە دەگەین بەوەدەرئەنجامەی کە بنەمای هێزدانان لە کوردیدا سیمانتیکی مۆرفۆلۆجییانەیە.

لە [تازەبەرهەمهاتوو]یش دا هەر واتای کەرتی یەکەم زاڵە، لەبەرئەوە گەر وەک (ناو) یش بەکارهاتن کار لە گۆڕینی شوێنی هێزی سەرەکییان ناکات، هەروەها لە [تازەزاوا]ش دا.

٣- [تازەبەرهەمهاتوو]دا لە شەش برگە پێکهاتووە، بەهەمان شێوەی سێ نموونەکەی پێشتر، هێزی سەرەکی دەکەوێتە سەر برگەی کۆتایی لە کەرتی یەکەمدا، هێزی ناوەندی و هێزی سێیەمیش بەپێی ڕیزبەندی (w $s_1$ w $s_2$ w $s_3$) برگەی بەهێزو لاواز دادەنرێت، لەبەرئەوەی ژینگەی ڕۆنانییە مۆرفۆلۆجییەکەی پێکهاتووە لە:

-[ناو+ هاوەڵناو]، بە چەند هەنگاوێکی پرۆسەی مۆرفۆلۆجیدارشتن دا تێپەڕیوە:

هەنگاوی یەکەم: ژینگەی دارشتنەکەی پێکهاتووە لە:

**[ [[تازە]**هاوەڵناو**+ـە]**ناوی دارێژراوی نیشانە کراو **+ [[بەرهەم]**ناو**+ [[هات]**قەدی کردار **+ ـوو]**هاوەڵناوی کراوی دارێژراو**]]] هاوەڵناوی** لێکدراو. **[ [[تازە]+ە] + [[بەرهەم]+[[هات]+وو]]]**

پاش جێبەجێکردنی یاسا فۆنەتاکتیکییەکانی بزوێن ولابردنی/ە / لە هەنگاوی دووەمدا بووە بە:

[ [تازە] + [[بەرهەم]+ [هاتوو]] ]

–هێڵکاریی نواندنی ڕیتمییەکەی کە لە نواندنی تۆڕییەوە سەرچاوەدەگرێت، دەبێت بە

- ω : . . . X. . .
- Σ . . . X. . X. .
- Σ: . X. . X. . X. .
- : . X. . X. . X. X.
- σ: X. X. X. X. X. X. X.
- σ dawn. ze. swa. rey. me. rî. wan .

## ٥/٣) نواندنی هێزی ڕیتمی و دروستەی پێوانەیی دانە فەرهەنگییەکانی ئاستی چوار:

### ئاستی چوارL4:

ئەم ئاستە دەکەوێتە کۆتایی فەرهەنگەوە، پرۆسە مۆرفۆلۆجییەکانی شکانەوە لەخۆدەگرێت، کە وشە مۆرفۆسینتاکسییەکانی پارادایمەکانی (ناو) و (هاوەڵناو) (کردار)ی لێ بەرهەمدێت، هێزدانان تیایاندا ڕیتمییە و دروستەی (پێ) بە شێوەی (پێ پێ)ی بەهێزە، واتە (پێ)یە بە هێزەکان تیایاندا پێکەوە نابەسترێنەوە، دەکرێت لەهەرکاتێکدا بێت ئاستی هێزەکەیان گۆڕانی بەسەردا بێت، چونکە کەرتە پێکهێنەرە مۆرفۆلۆجییەکان کە پێکهێنەری پارادایمەکانن، هێزدارن و هەریەکەیان خاوەنی هێزی سەرەکی فەرهەنگی خۆیانن، کاتێکیش دەچنە ناو ژینگەکانی شکانەوەوە، پارێزگاری لە هێزە سەرەکیەکانییان دەکەن، لەبەرئەوە فریزی فۆنۆلۆجی بەرهەمدێت(**بڕوانە** ٢/١-٥-) ، بەڵام وەک دانەیەکی فەرهەنگی دادەنرێن چونکە گەردانکردن و شکانەوەیان پەیوەستە بە زانیارییە فەرهەنگییەکانەوە.(**بڕوانە** ٢/١-١-٥-٢).

بەکارهێنانەکەیان دەکەوێتە ئاستی دوافەرهەنگەوە، بەڵام گەنجکردنییان و سەرجەم زانیارییە ڕۆنانییە مۆرفۆلۆجی و زانیارییە فۆنۆلۆجییەکانیان دەکەوێتە ئاستی فەرهەنگەوە.

ژمارەی پارادایمەکانی (ناو) و (هاوەڵناو) و (کردار) لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازن، لە کوردی شێوەزاری سلێمانیدا (کردار) خاوەنی ژمارەیەکی یەکجارزۆری پارادامەکانە، چونکە زمانێکی لکاوە و کلیتیکدارە، دوو کۆمەڵە کلیتیک/جێناوی کەسی لکاو و کۆمەڵەیەکی سەربەخۆی هەیە، لەگەڵ کاتە جیاوازەکاندا بەپێی هێزی کردارەکە (تێپەڕ و تێنەپەڕ) بکەردیارو بکەرنادیار لە موودەکانی ڕاگەیاندن و

داناندا،... لەبارەکانی ئەرێ و نەرێدا، بەکاردەهێنرێن. (ناو) لە کوردیدا نزیکەی شەش پارادایمی هەیە، (هاوەڵناو)یش نزیکەی سێ پارادایمی هەیە.
پارادایمەکان بەگشتی پێکدێن لە بنجەکان لەگەڵ وشەئەرکییەکانی شکانەوە کە لە مۆرفۆلۆجیدا بە (مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکان ناسراون) و تایبەتمەندیی فۆنۆلۆجییان ئەوەیە کە بە پێچەوانەی وشەئەرکییەکانی دارِشتنەوە هێزدارن، خاوەنی هێزی فەرهەنگیین، کاتێک لە ئاستی سینتاکسدا پارادایمەکان دادەڕێژن، دەرکردەکە دەبێتە خاوەنی دوو هێزی سەرەکی، کە دەکەونە سەر دوو بڕگە لە بڕگە پێکهێنەرەکانی پارادایمەکە، ئەوەش وادەکات دوو (پێ)ی هێزدار بەرهەمبێت، هەرچەندە ژمارەی کەرتە پێکهێنەرە هێزدارەکان زیاتر ببێت، هێندەش ژمارەی (پێ)یە هێزدارەکان زیاد دەبێت، لەو بارەدا نەبێت کە تووشی پێکداچوونی ئاستی بڕگە دەبن، کە تیایدا وشە ئەرکییە هێزدارەکە دەبێتە پاشکۆ یان سەرەتا لە ناو دروستەی بڕگەیی یەکێک لە بڕگەکانی سەرەتا یان بڕگەی کۆتایی بنجەکەدا و هێزەکەی لەدەستدەدات و فرێزە فۆنۆلۆجییەکە تووشی کورتکردنەوەی ئاستی (پێ) دەبێت، ڕەنگە تەنها یەک بڕگە بمێنێتەوە، لە ئەنجامدا پارادایمەکە بەناچاری تەنهایەک هێزی سەرەکی دەبێت، وەک لە پارادایمە کردارییەکانی کرداری ڕابردووی نزیکی [هات، چوو]دا.
لە کوردیدا لە شێوەزاری سلێمانیدا، لە دەرئەنجامە بەدەستهاتووەکانی ئەو لێکدانەوەو پەسنکردنانەی کە بۆ پارادایمەکان کراون لەم بەشەدا، بەگشتی دەکرێت بوترێت: دەبێت پارادایمەکان هەمیشە لەیەک (پێ) زیاتر پێک دێن، زیاتر لەیەک هێزی سەرەکییان لەسەرە(جگە لە هەندێک حاڵەتی هەڵاوێرکردندا نەبێت)، فرێزی فۆنۆلۆجی بەرهەمدێنن، ئەگەر تەنها لەیەک بڕگەش پێکهاتبێتن.
لە دروستەی پێوانەیی پارادایمیشدا، ڕێگە پێدراوە دوو بڕگەی هێزدار بەدوای یەکدا بێن و (پێ)ی (سپۆندی) بەرهەمدێنن، بەمەرجێک هەر یەکێکیان لە ناو دروستەی (پێ)یەکی جیاوازدابن، [σs σs] لە کاتێکدا ئەوە لەناو دروستەی وشەی فۆنۆلۆجیدا ڕێگە پێدراو نییە.
کاتێکیش دەچنە ئاستی دوافەرهەنگەوە ڕاستەوخۆ دەبنە فرێزی ئاوازەیی، تەنها بە بەرزکردنەوەی کەمێک زیاتری هێزی سەرەکی یەکێک لە (پێ)یە هێزدارەکان. فرێزە ئاوازەییەکە بەرهەمدێنن کە دواتر ئەوانیش دەربڕاوەکان پێکدەهێنن. بۆ نواندنی دروستەی پێوانەیی ئاستی (پێ)ی دانەکانی ئاستی چوار (بڕوانە (٢/٩-٥-١))

### ٣-٥-١)نواندنی هێزی ڕیتمی و دروستەی پێوانەیی پارادایمە ناوییەکان:

لە کوریدا نزیکەی شەش پارادایمی (ناو) ی هەیە، بەگشتی پەیڕەوی هێزدانانی کۆتاگری دەکەن کاتێک لە فەرهەنگدابن، پێش ئەوەی ببن بە فرێزی ئاوازەیی، بەڵام کە چوونە ئاستی دوافەرهەنگەوە، دەبنە فرێزی ئاوازەیی و ئەوکاتە بەپێی ویستی قسەکەر و باری دەربڕینەکە لە کۆنتێکستەکەدا، دەکرێت هێزی فەرهەنگی ناوەکە یان هێزی یەکێک لە کەرتەکانی تر بەرزبکرێتەوە و ببێت بە هێزی سەرەکی.
لێرەدا تەنها بە کورتی پەسنی دروستەی پێوانەیی پارادایمە ناوییەکان دەخرێتەڕوو، کە بریتین لە :
١- ناوی گشتی ناسراو: پێکدێن لە [ [ناو]وشەی فەرهەنگی **pW** + [- ەکە/کە/یەکە] وشەی ف.ئەرکیی هێزدار**.fnc** ⟵[ناوی ناسراو] فرێزی فۆنۆلۆجی**pph**

-[ [گوڵ/هەڵۆ/با]وشەی فەرهەنگی pW + [– ەکە/کە/یەکە] وشەی ف.ئەرکیی هێزدار.fnc ←[گوڵەکە، هەڵۆکە،بایەکە] فریزی فۆنۆلۆجیpph نواندنی پێوانەییان دەبێت بە: [گو.ڵە. کە .gu. l'e. ke.، هە. ڵۆکە he. l'o. ke ] cv.cv. cv́ ← [Σσs ← [Σs Σs]←pph [Σσs σw

[با. یە. کە .ba. ye. ke.] ← cv. cv́. cv́ ← [Σσw σs Σσs] ← [Σs Σs] ← pph. لەئاستی دوافەرهەنگدا **هەرکاتێک قسەرکەر بیەوێت ناوەکەی مەبەست بێت ئەوا هێزی سەرەکی ناوەکە دەکات بە هێزی فریزی سەرەکی، یان گەر ویستی هێزی کەرتی دووەم بەرزتر دەکاتەوە، لەم بارانەدا فریزی ئاوازەیی بەرهەمدێت.**

٢- ناوی گشتی کۆ: [ [ناو]وشەی فەرهەنگی pW + [–ان، یان]وشەی ف.ئەرکیی هێزدار.fnc ←[ناوی کۆ]فریزی فۆنۆلۆجیpph
[ [گوڵ/هەڵۆ]وشەی فەرهەنگی pW +[–ان، یان] وشەی ف. ئەرکیی هێزدار fnc. ←[ گوڵان/هەڵۆیان] فریزی فۆنۆلۆجیpph
نواندنی پێوانەییان دەبێت بە: [گو.ڵان .gu. l'an. ] cv. cv́c ←[Σσs Σσs]← [Σs Σs] ← pph، [ هە. ڵۆ. یان .he. l'o.yan ] cv.cv. cv́c ←[Σσw σs Σσs]← [Σs Σs] ←pph

–لەم ڕوانگەیەوە، بەراورد لە نێوان دروستەی پێوانەیی [منداڵان]ڕەحمی ئافرەت، [منداڵان]ناوی کۆی [منداڵ] دا، بەمشێوەیە:

- [منداڵان]ڕەحمی ئافرەت، ←.[م.ن. دا. ڵان mi. na. l'an] cv.cv.cv́c ←[Σ]←pω نواندنی پێکهاتەیی [مندالّدان]، پاش تیاچوونی دەنگی/د/← نواندنی پرۆسۆدیکی [منداڵان]، لەبەرئەوەی ناوەکە لە سێ برگە پێکهاتووە هێزدانانی کۆتاگری هەیە، هێزی سەرەکی دەکەوێتە سەر بزوێنی برگەی کۆتایی، یەک (پێ)ی ئەناپستی پێکهێناوە، بووەتەیەک وشەی فۆنۆلۆجی .
- [منداڵان]ناوی کۆی [منداڵ] : .[م.ن. دا. ڵان mi. na. l'an] cv.cv. cv́c [Σs Σs] ← pph. پارادایمی ناوی کۆیە، هەر لە سێ برگە پێکهاتووە، [[منداڵ]+ –ان] ←[منداڵان]

لە پێش دارشتن دا [منداڵ] وشەیەکی فەرهەنگییە لە هەمان کاتدا وشەیەکی فۆنۆلۆجیشە، دووبرگەیە و هێزی سەرکی دەکەوێتە سەر بزوێنی برگەی کۆتای کە بزوێنی /ا/ یە [م.ن. ناڵ mi. nal'] cv.cv. ←[Σ]←ω. <u>یەک (پێ)ی ئایامبیکی پێکهێناوە</u>، لە وشە فۆنۆلۆجییەکەدا. (ناو)ەکە، پاشدارشتن لەگەڵ وشەی ف.ئەرکیی هێزداری [–ان]ی کۆ، کە ئەویش هێزدارە، پارێزگاری لە هێزی فەرهەنگی و لە شوێنی هێزەکەشی کردووە لە پارادایمەکەدا و <u>دوو (پێ)ی هێزداریان بەرهەم هێناوە</u>، و دەبنە فریزێکی فۆنۆلۆجی، دەبنە فریزی ئاوازەیی و لەگەڵ چەند فریزێکی ئاوازەیی تردا دەربڕاو پێکدەهێنن.

٣–ناوی ناسراوی کۆ : [ [ناو]وشەی فەرهەنگی pW + [[– ەک/ک/یەک]+ –ان] وشەی ف.ئەرکیی هێزدار.fnc ←[ناوی ناسراوی کۆ]فریزی فۆنۆلۆجیpph. گەر سەرنجبدرێت هەرچەندە دوو وشەی ف.ئەرکی پێکەوەن [ناسراو و کۆ]، بەڵام وەک یەک وشەی ف.ئەرکی ڕەفتاریان کردووە، <u>تەنها یەک پێی هێزدار بەرهەمدێنن</u> لەگەڵ (پێ)یە هێزدارە پێکهێنەرەکەی ناوەکەدا، دەبنە <u>دوو پێ</u> و فریزی فۆنۆلۆجی بەرهەمدێنن، ئەوەش بەهۆی پێکداچوونی ئاستی برگەوە کە کورتبوونەوەی ئاستی (پێ)ی لێ دەکەوێتەوە، وەک لە:
–[[گوڵ]وشەی فەرهەنگی pW + [–ەکان]وشەیف ف. ئەرکیی هێزدارfnc] ←[گوڵەکان]فریزی فۆنۆلۆجیpph ←[گو.ڵە. کان .gu. l'e. kan] ← cv.cv. cv́c ←[Σσw σs Σσs]←[Σs Σs]←pph

٤–ناوی نەناسراو: [ [ناو]وشەی فەرهەنگی pW + [–ێک، یەک، –ییێک]وشەی ف.ئەرکیی هێزدار fnc. ←[ناوی نەناسراو]فریزی فۆنۆلۆجی pph. وەک لە :

–[ [گوڵ/هەڵۆ/با]وشەی فەرهەنگی pW + [–ێک، یەک، –ییێک]وشەی ف.ئەرکیی هێزدار fnc←[گوڵێک، هەڵۆیەک،باییێک]فریزی فۆنۆلۆجی pph نواندنی پێوانەییان دەبێت بە: [گو.ڵێک **gu. l'êk**] ←**c<u>v́</u>. c<u>v́</u>c.** ← **[Σs Σσs]** ←**[Σs Σs]** ←**pph** [هە. ڵۆ.یەک **he. l'o. yek**] **cv.cv. cv́c** ← **[Σσw σs Σσs]** ← **[Σs Σs]** ← **pph**، [با. ییێک **ba. yêk.**] ← **cv́. cv́c.** ← **[Σσs Σσs]** ← **[Σs Σs]** ←**pph** . لەئاستی دوافەرهەنگدا هەرکاتێک قسەرکەر بیەوێت ناوەکەی مەبەست بێت ئەوا هێزی سەرەکی ناوەکە دەکات بە هێزی فریزی سەرەکی، یان گەر ویستی هێزی کەرتی دووەم بەرزتر دەکاتەوە، لەمبارەدا فریزی ئاوازەیی بەرهەمدێت.

٥–ناوی کۆی نەناسراو: [ [ [ناو]وشەی فەرهەنگی pW + –ان] فریزی فۆنۆلۆجی pph + [–ێک، یەک، –ییێک]] وشەی ف.ئەرکیی هێزدار fnc. ←[ناوی ناسراوی کۆ] فریزێکی فۆنۆلۆجی تر pph.

لەم جۆرە پارادایمەدا فریزێکی فۆنۆلۆجی پارادایمی ناوی کۆ پێکدێت، ئینجا دەکرێت بە نەناسراو، بەواتایەکی تر فریزێکی فۆنۆلۆجی پارادایمی ناوی کۆ لەگەڵ وشەی ف.ئەرکی نەناسراویدا فریزێکی فۆنۆلۆجی ناوی کۆی نەناسراوی تر پێکدەهێنێت، سێ (پێ)ی هێزدار بەرهەمدێت، وەک لە:

هەنگاوی یەکەم: [ [کەس] وشەی فەرهەنگی pW + –ان] وشەی ف.ئەرکیی هێزدار fnc ←[کەسان]فریزی فۆنۆلۆجی pph. نواندنی پێوانەییان دەبێت بە [کە. سان **ke. san**] **c<u>v</u>. c<u>v́</u>c** ←**[Σσs Σσs]**← **[Σs Σs]** ← **pph**

هەنگاوی دووەم: [ [کەسان]ناوی کۆ/فریزی فۆنۆلۆجی pph +[– یک] وشەی ف.ئەرکی fnc]فریزی فۆنۆلۆجی pph ←[کەسانێک] ←[کَ ەس اَن یَک]pph ، کە چووە ئاستی دوافەرهەنگەوە بە پێی ویستی قسەکەرەکە یەکێک لە هێزەکان دەکات بە هێزی فریزی سەرەکی، لەمبارەدا هێزی جەختی سینتاکسی دێتەئاراوە، فریزێکی ئاوازەیی بەرهەمدێت، دواتر لەگەڵ فریزەئاوازەییەکانی تردا دەربڕاوێک پێکدەهێنن. نواندنی پێوانەیی دەبێت بە: [کە. سا. نێک **ke. sa. nêk**] **c<u>v</u>. c<u>v</u>. c<u>v́</u>c** **[Σσs Σσs Σσs]** ← **[Σs Σs Σs]** ← **pph** .

٦– ناوی بانگکراو: [ [ناو]وشەی فەرهەنگی pW + [[–ێ[بۆ تاکی مێ]، –ۆ[بۆ تاکی نێر]،–ە[بۆ تاکی نێرومێ]، –ینە[بۆ کۆی نێرو مێ] ]وشەی ف.ئەرکیی هێزدار fnc. ←[ناوی بانگکراو]فریزی فۆنۆلۆجی pph. لەم جۆرە پارادایمەدا فریزێکی فۆنۆلۆجی پارادایمی ناوی بانگکراو پێکدێت، بەڵام بەگشتی بەکارهێنانەکەی دەکەوێتە ئاستی دوافەرهەنگەوە، وەک :

–[ [پوور، کچ، خوشک]وشەی فەرهەنگی pW + [–ێ[بۆ تاکی مێ] ]وشەی ف.ئەرکیی هێزدار fnc. ←[پووری، کچێ، خوشکێ]ناوی بانگکراو/فریزی فۆنۆلۆجی pph.

–[ [خاڵ، مام]وشەی فەرهەنگی pW + [–ۆ [بۆ تاکی نێر] ]وشەی ف.ئەرکیی هێزدار fnc. ←[خاڵۆ، مامۆ،.. ]ناوی بانگکراو/فریزی فۆنۆلۆجی pph.

–[ [خوشک، کوڕ، کاک]وشەی فەرهەنگی pW + [–ە[بۆ تاکی نێرومێ]]وشەی ف.ئەرکیی هێزدار fnc. ←[خوشکە، کوڕە، کاکە]فریزی فۆنۆلۆجی pph.

–[ [کوڕ، کچ،]وشەی فەرهەنگی pW +–ینە[بۆ کۆی نێرو مێ] ]وشەی ف.ئەرکیی هێزدار fnc. ←[کوڕینە، کچینە]ناوی بانگکراو/فریزی فۆنۆلۆجی pph.

نواندنی پێوانەییان دەبێت بە[پوو.ڕێ **pû. rê**، کi. چێ **ki. çê**، خا. لۆ **xa. l'o**، ما. مۆ **ma. mo**، کو.ڕە **ku. ře**، کا. کە **ka. ke** ] **cv. cv́** ، [خۆش. کێ **xuş. kê**، خۆش. کە] ] **cvc. cv́** [Σσs Σσs]← [Σs Σs] ← **pph**. ، هەرچەرندە لە دوو برگە پێکهاتوون هەر دوو پێی هێزدار بەرهەمدێت، واتە دوو برگەی هێزدار هەیە لە ئاستی فەرهەنگ دا.

[کو.ڕی.نە **ku. řî. ne**، کi.چی.نە **ki. çî. ne**] **cv. cv.cv́** [Σσs Σσw σs] ← [Σs Σs] ← **pph**. لە [کوڕینە ، کچینە]دا، هەرچەرندە لە سێ برگە پێکهاتوون هەر دوو (پێ)ی هێزدار بەرهەمدێت، چونکە پاشگرەکە دوو دەنگی بزوێنی تێدایە، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی دوو برگە بەرهەم بهێنێت، بەڵام تەنها برگەی کۆتایی دەبێتە هێزدار، (پێ)ی بەهێز بەرهەمدێنن، لە بنچەکەشدا دەنگی کۆتاییان کە پاشکۆی برگەکەیە دەکات لەگەڵ دەنگەبزوێنی سەرەتای برگەی پاشگرەکەدا پێکدا دەچێت و دەبێتە بەشێک لە پێکهێنەری برگەی یەکەمی پاشگرەکە، بەڵام سەرەتای برگەکە کە دەنگێکی نەبزوێنە لەگەڵ کرۆکی برگەکەیدا کە بزوێنەکەیەتی برگەیەک پێکدەهێنن و دەبنە (پێ)یەکی هێزدارکە هەڵگری هێزە فەرهەنگییەکەیەتی، بەم جۆرە دوو (پێ)ی هێزداربەرهەمهاتووە.

کە چوونە ئاستی دوافەرهەنگەوە بەپێی ویستی قسەکەرەکە یەکێک لە هێزەکان دەکات بە هێزی سەرەکی لەمبارەدا جەختی سینتاکسی دێتەئاراوە، فرێزێکی ئاوازەیی بەرهەمدێت، دواتر لەگەڵ فرێزە ئاوازەییەکانی تردا دەربڕاوێک پێکدەهێنن.

تێبینی:

ناوی تایبەتی لە شێوەزاری سلێمانیدا، لە ئاستی دوافەرهەنگدا، کە بوو بە بانگکراو، گەر سێ برگەیی بوو هێزی سەرەکی دەکەوێتە سەر بزوێنی برگەی یەکەمی ناوەکە، گەر لە سێ برگەش زیاتربوو هێزی سەرەکی دەکەوێتە سەر کەرتی یەکەمی ناوە تایبەتییەکە، بەڵام لەمبارەدا فرێزی ئاوازەیی پێکدەهێنێت و دەکەوێت ئاستی دوافەرهەنگەوە.

## ٣/٥-٢) نواندنی هێزی ڕیتمی و دروستەی پێوانەیی پارادایمە هاوەڵناوییەکان:

لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا چەند جۆرێک هاوەڵناو هەیە، وەک: (هاوەڵناوی چۆنییەتی ،هاوەڵناوی پرس، هاوەڵناوی ژمارە، هاوەڵناوی ڕێکخستن، هاوەڵناوی ڕەنگ،...) بەڵام تەنها(هاوەڵناوی چۆنییەتی) پارادایمی پلەی بەراورد و باڵای هەیە.

(هاوەڵناو) لە زمانی کوردیدا هاوشێوەی زمانی ئینگلیزی(**John T. Jensen , 1990:116-117**))، بەگشتی سێ پارادایمی هەیە، کە پارادایمی پلەی ئاسایی، کە هیچ پاشگرێک وەرناگرێت. پلەی بەراورد و پلەی باڵایە، کە پەیڕەوی هێزدانانی سەرەتاگری دەکەن، کاتێک لە فەرهەنگدابن، پێش ئەوەی ببن بە فرێزی ئاوازەیی لە ئاستی دوافەرهەنگدا، بەڵام کە چوونە ئاستی دوافەرهەنگەوە دەبن بە فرێزی ئاوازەیی و ئەوکاتە بەپێی ویستی قسەکەر و باری دەربڕینەکە لە بازنەی گفتوگۆکەدا، دەکرێت هێزی فەرهەنگی هاوەڵناوەکە یان هێزی پاشگرەکە بەرزبکرێتەوە و ببێت بە هێزی سەرەکی.

لێرەدا تەنها بە کورتی پەسنی دروستەی پێوانەیی پارادایمە هاوەڵناوییەکان دەخرێتەڕوو، کە بریتین لە :

١-هاوەڵناوی پلەی ئاسایی: دەکەونە ئاستی یەک و سێ و هێزی سەرەتاگرییان هەیە، وەک ئاماژەپێدرا.

٢- هاوەڵناوی پلەی بەراورد: ژینگەی دارِشتنەکەیان پێکدێت لە [[هاوەڵناو]+ -تر]، وەک لە [چاکتر، باشتر ، خۆشتر،..]، نواندنی پێوانەییان دەبێت بە[چاک.تر **çak. tir**، باش. تر **baş. tir**، خۆش. تر **xoş. tir**] **cvc. cv́c** ، [Σσs] ← [Σs Σs] ← **pph** ، هەرچەرندە لە دوو برِگە پێکهاتوون هەر دوو پێی هێزدار بەرهەمدێت، واتە دوو برِگەی هێزدار هەیە لە ئاستی فەرهەنگ دا.

٣- هاوەڵناوی پلەی باڵا: ژینگەی دارِشتنەکەیان پێکدێت لە [[هاوەڵناو]+ -ترین] وەک لە [چاکترین، باشترین ، خۆشترین،..] نواندنی پێوانەییان دەبێت [چاک. ت**i**. رین **çak. ti. rîn**، باش. ت**i**. رین **baş. ti. rîn**، خۆش. ت**i**. رین **xoş. ti. rîn**]← **cvc. cv.cv́c** ← [Σσs Σσw σs] ← [Σs Σs] ← **pph** لە سێ برِگە پێکهاتوون هەر دوو پێی هێزدار بەرهەمدێت، چونکە پاشگرەکە دوو دەنگی بزوێنی تێدایە، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی دوو برِگە بەرهەم بهێنێت، برِگەی کۆتایی دەبێتە هێزدار، (پێ)ی بەهێز بەرهەمدێنن، لە بنجەکەشدا دەنگە بزوێنەکەی برِگەیەکی هێزدار پێکدەهێنن و دەبنە (پێ)یەکی هێزدارکە هەڵگری هێزە فەرهەنگییەکەیەتی. بەم جۆرە دوو (پێ)ی هێزدار بەرهەمدێت لە ئاستی دوافەرهەنگدا.

تێبینی: ئەم پاشگرە دەچێتە سەر هاوەڵکردارەکان لە ئاستی فەرهەنگ و دوافەرهەنگیشدا، وەک لە [ زووتر، درەنگتر، خێراتر، زووترین، درەنگترین ,خێراترین] واگریمانە دەکرێت کە هەمان دروستە پێوانەیی فەرهەنگی و دوافەرهەنگی هەبێت.

تێبینی: مەبەست لە پاشگرە ئەسپێکتییەکانی شکانەوەی قەدی کردار، (مۆرفیمەکانی کات)ە لە کرداردا

## ٣-٥/٣) نواندنی هێزی ریتمی و دروستەی پێوانەیی پارادایمە کردارییەکان:

پارادایمە کردارییەکان لەزارەکانی زمانی کوردیدا جۆراو جۆرن و لە زارێکەوە بۆ زارێکی تر لەیەکجیاوازن، لە زاری کرمانجی خوارووودا و بەتایبەت لە شێوەزاری سلێمانیدا ژمارەیەکی زۆرن، هەر پارادایمێکی کرداریی، کات و کەس و ژمارەی کەس وروووکار/موود لەخۆدەگرێت، کە بەهۆی ئەسپێکتەکانی شکانەوە/مۆرفیمە بەندەرِێزمانییەکانی شکانەوەی کردار، مۆرفیمەکانی کات، کلیتیکەکانەوە دەنوێنرێن، لە رووی دروستەی مۆرفۆلۆجی و و گەردانکردنی مۆرفۆلۆجی و سینتاکسییەوە چەندین لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە ئەنجامدراوە، هەروەها لە ئاستی دروستەی فۆنۆلۆجیشدا، ئاماژە بە گۆرِانە مۆرفۆفۆنەمیکییەکانی رەگی کردار دراوە، بەڵام بە رِادەیەکی کەمتر لەرِووی دروستەی پێوانەیی و دروستەی پرۆسۆدیکییەوە لە چوارچێوەی دروستەی فۆنۆلۆجییدا لە چەند تێز و لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمی تردا لێکۆڵینەوەیان لە بارەوە کراوە، رِێبازی لێکۆڵینەوەکان بە شێوەیەکی گشگیر بەپێی تیۆرە فۆنۆلۆجیەکانی تری بەدەر لە تیۆری فۆنۆلۆجیی فەرهەنگی و دوافەرهەنگییە.

لێکۆڵینەوە لە دروستەی پێوانەیی و پرۆسۆدیکی فۆنۆلۆجییانەی پارادایمە کردارییەکان، بەپێی تیۆری فۆنۆلۆجی و فەرهەنگی و دوافەرهەنگی بابەتێکی فراوانە و دەکرێت بەتایبەتی چەند تێزێک تەرخان بکرێت بۆ لێکۆڵینەوەو وردبوونەوە لە دروستەی فۆنۆلۆجی و نواندنی فۆنۆلۆجییان، چونکە بابەتێکی بەرفراوانی لەو شێوەیە ناکرێت بە چەند لاپەرِیەک رِاڤە بکرێت.

لێرەدا تەنها تێزی گشتی نواندنی پێوانەیی پارادایمە کردارییەکان دەخرێتەڕوو کە بریتییە لەوەی : هەر کەرتێک لە کەرتە پێکهێنەرە سەرەکیەکانی پارادایمە کردارییەکە، کە خاوەنی هێزی سەرەکی خۆیانن، (پێ)یەکی هێزدار پێکدەهێنن، کە بریتین لە [ ڕەگی کردار، ئەسپێکتی شکانەوەی کاتی ڕابردوو(ا،و،ی، د، ت)، ئەسپێکتەکانی نەرێ(نە، نا، نی، مە)، ئەسپێکتەکانی نواندنی موودەکانی ڕاردووی (تەواو( –ووە/وە)، بەردەوام( پێشگری: دە–)، دوور(–بوو)، ئەسپێکتەکانی نواندنی بکەرنادیار (–را، –رێ)، ئەسپێکتەکانی نواندنی شێوازی ڕابردووی دانانی(–با، –بێت، – بووبا،....)، ئەسپێکتی نواندنی داخوازی ئەرێ و نەرێ (ب–. مە–)، ..] سەرەڕای کلیتیکە لکاوەکان ، کە بەشدارن لە پێکهێنانی پارادایمە کردارییەکان لە زمانی کوردیدا لە شێوەزارەکەدا، لەسەر بنەمای <u>ئەوەی کە ئەسپێکتەکانی شکانەوە کە مەبەست لێیان مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکان و مۆرفیمەکانی **کاتن**،</u> کە لە سەرەوەدا ئاماژە بە هەندێکیان دراوە، بەشدارن لە پرۆسەکانی شکانەوەی کرداردا، سەرجەمییان هێزدارن و خاوەنی هێزی فەرهەنگی خۆیانن، چونکە بەشێکی سەرەکی لە واتای پارادایمە کردارییەکە لەگەڵ ڕەگی کرداردا دەستەبەردەکەن، کاتێک دەچنە ناو پرۆسەکانی گەردانکردن وشکانەوەی کردارەوە، ڕووبەڕووی توانەوەی واتاکانییان نابنەوە لە ناو پارادایمە کردارییە بەرهەمهاتووەکەدا، **<u>نابن</u>** بە بەشێکی فەرهەنگی لە پارادایمەکەدا، بەڵکو هەمیشە ئامادەن بۆ ئەوەی پارادایمەکە هەڵبووەشێتەوەو کەرتی نوێ بێتە نێوانییانەوە یان خۆیان ڕووبەڕووی لێک ترازان و لێکردنەوە یان بۆزیادکردنن ببنەوە و پارادایمێکی نوێی تر بەرهەم بهێننەوە، <u>لەبەرئەو هۆکارانە لە ڕووی دروستەی فۆنۆلۆجیشەوە وەک کەرتێکی 'خاوەن کییان' مامەڵە دەکەن</u> و <u>هێزی سەرەکی خۆیان لەدەست نادەن و برگە پێکدەهێنن و پاشانیش (پێ)ی هێزدار بەرهەمدێنن لەناو پارادایمە کردارییەکەدا</u>، <u>لەبەرئەوە بە وشەی فۆنۆلۆجیی ئەرکیی هێزدار دادەنرێن</u>؛ بەپێی ئەم لێکدانەوەیە هەر پارادایمێکی کرداری وەربگیرێت لە چەند کەرتی پێکهێنەری مۆرفۆلۆجی پێکهاتبێت لەوەندە برگەو (پێ)ی هێزدار پێکدێت. بەمەرجێ ڕووبەڕووی پێکداچوونی برگەیی و کورتبوونەوەی ئاستی (پێ) نەبێتەوە لە ئاستی دروستەی فۆنۆلۆجیدا، کەواتە هەر پارادایمێکی کرداری وەربگیرێت دەبێت لە دوو برگە و پاشانیش لە دوو (پێ)ی هێزدار یان زیاتر پێکبێت، بێگومان ئەمەش بەدەرنییە لە هەڵاوێرکردن، هەروەک لە پارادایمە کردارییەکانی [هات[هاتن]، چوو[چوون]، نا[نان]، دا[دان(پێدان)]، ما[مان(مانەوە)]، زا[زان(لە دایکبوون)]، .. ] کە ڕووبەڕووی پێکداچوونی برگەیی بوونەتەوە لە ئاستی برگەدا و ئەوەش بووەتە هۆی کورت بوونەوە لە ئاستی (پێ)دا، لە دەرئەمجامدا پارادایمێکی کرداری بەرهەمهاتووە کە لە یەک برگە و یەک (پێ) پێکهاتوون.

سەرجەم پارادایمە کردارییەکانیش فریزێکی فۆنۆلۆجی بەرهەمدێنن و دەکەونە ئاستی چواری فەرهەنگەوە.

کەواتە پارادایمە کردارییەکە فریزێکی فۆنۆلۆجی هێزدارە و هێزی پلەداری ڕیتمی هەیە و هێز لەسەر هەریەکە لە کەرتە پێکهێنەرە فۆنۆلۆجییەکانیەتی، ئەوەش بووەتە هۆی بەرهەمهێنانی دوو (پێ)ی هێزدار(پێ)ی سپۆندی یان زیاتر، هەر دوو هێزەکە سەرەکیین، دەکرێت لەمبارەدا وەک وشەیەکی مۆرفۆسینتاکسی دابنرێت، کە دانەیەکی فەرهەنگییە و نواندنی هێزدانان تیایاندا ڕیتمی بێت و هێزی سەرەکی لەسەر بزوێنی برگەی(پێ)یە هێزدارەکەی یەکەم بێت. ئەم لێکدانەوەیە بۆ هەموو پارادایمە

کردارییەکانی تریش ڕاستە کاتێک لە ناو فەرهەنگ دابن، بەڵام لەئاستی دوافەرهەنگدا فریزە فۆنۆلۆجییەکە دەبێتە فریزی ئاوازەیی و لەمبارەدا بەپێی ویستی بەکارهێنەر یەکێک لە هێزەکان دەبێتە سەرەکی و ئەوی تریان دەبێتە ناوەندی (دووەم)...

خاڵێکی گرنگ کە لێرەدا پێویستە ئاماژەی پێ بدرێت ،ئەوەیە کە سەرجەم ئەنجامە بەدەستهاتووەکان بۆ نواندنی پێوانەیی پارادایمە کردارییەکان وپارادایمە کلیتیکییە کردارییەکان، هەروەها نواندنی پێوانەیی ناوی کرداریی کە بەپێی پرەنسیپی لووپ بەرهەمدێت، کە تێیدا ئاماژە دراوە بەوەی کە پارادایمەکردارییەکان هێزی پلەداری ڕیتمییان هەیە و لەئاستی دوافەرهەنگدا دەبنە فریزی ئاوازەیی، بەڵام ناوی کرداریی هێزێکی چەسپاوی کۆتاگرییان هەیە و دەبنە وشەی فۆنۆلۆجی و بەپێی ژمارەی برگە پێکهێنەرەکانییان (پێ)ی ئایامبیکی یاخود ئەناپست پێکدەهێنن و ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی ڕیتمی جیاوازییان هەبێت. ئەم ئەنجامە بەدەستهاتووانە تا ڕادەیەکی زۆر هاوتای ئەو ئەنجامە بەدەستهاتووانەیە کە بۆ بۆ نواندنی ئەو دوو جۆرە کەتیگۆرییە خراوەتە ڕوو لە (**حەمەد، سۆران عەبدولڕەحمان ، ٢٠١٤: ٥٤-٥٩**)) دا، کە بەپێی ڕێبازی شیکردنەوەی ژمێرەیی/کۆمپیوتەری پرۆگرامی پرات **praat** بەدەستهێنراوە، بەبێ ئاماژەدان بە دروستە پێوانەیی و کەتیگۆرییە پرۆسۆدیکییەکان کە لەم تێزەدا ڕوونکراوەتەوە و خراوەتەڕوو وەک دروستەیەکی فۆنۆلۆجی.

لەبەر زۆری پارادایمە کردارییەکان و سنووورداری تێزەکە نواندنی پێوانەیی دروستەی فۆنۆلۆجیی چەند نموونەیەک لە پارادایمە کردارییەکان وەردەگرین وەک لە :

ئاستی هێزدانان لە پرۆسەکانی شکانەوەی پارادایمی کرداری ڕێژەی ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندنی بکەردیار و بکەر نادیاردا.

## ٥/٣-٣-١) ئاستی هێزدانان نواندنی پێوانەیی لە پرۆسەکانی شکانەوەی پارادایمی کرداری ڕێژەی ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن:

ئەم پارادایمە دەکەوێتە ئاستی چوارەمەوە چونکە لە ڕووی دروستەی پێوانەییەوە فریزی فۆنۆلۆجیی بەرهەمدێنێت لە ئاستی فەرهەنگدا، لەبەرئەوەی [[ڕەگی کردار]<sub>وشەی فەرهەنگی</sub>+ [ـا، ـو، ـی، ـد، ـت]<sup>بۆ بکەر دیار</sup>،/ [ـرا <sup>بۆ بکەر نادیار</sup>]<sub>وشەی ف.ئەرکی</sub>]= فریزی فۆنۆلۆجی **PPh**. نواندنی پێوانەیی دروستەی فۆنۆلۆجییەکەیان بەم شێوازانە دەخرێنە ڕوو:

## ٥/٣-٣-١-١)ئاستی هێزدانان و نواندنی پێوانەیی لە پرۆسەکانی شکانەوەی پارادایمی کرداری ڕێژەی ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندنی بکەردیار لە ڕەگی کردارەوە:

ئاستی هێزدانان و نواندنی پێوانەیی لە پرۆسەکانی شکانەوەی پارادایمی کرداری ڕێژەی ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندنی بکەردیار بە پاشگرە هێز ڕاکێشەرەکانی ئەسپێکتی شکانەوەی قەدی کرداری ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن[ـا، ـو، ـی، ـد، ـت] لە ڕەگی کردارەوە.

ئەم پارادایمە دەکەوێتە ئاستی چوارەمەوە چونکە فریزی فۆنۆلۆجیی بەرهەمدێنێت لەبەرئەوەی [[ڕەگی کردار]وشەی فەرهەنگی+ [ـا، ـو، ـی، ـد، ـت] وشەی ف.ئەرکیی هێزدار]= فریزی فۆنۆلۆجی **PPh**. بەپێی ئەوگریمانەیە بێت

که بۆ نواندنی پێوانەیی پارادایمە کرداریی‌ەکان خراوەتە ڕووو دەبێت لە دوو (پێ)ی هێزدار پێک بێن، چونکە لە دوو کەرتی مۆرفۆلۆجی بەرهەمدێن کە هەردوو کەرتەکە [ڕەگی کردارەکە و پاشگرەکە/مۆرفیمەو بەندە ڕێزمانییەکە] هێزدارن و خاوەنی هێزی فەرهەنگی خۆیانن. بەڵام  نواندنی پێوانەیی دروستەی فۆنۆلۆجییەکەی لە زۆربەیاندا لەیەک برگەو یەک (پێ)ی هێزدار پێکدێن. ئەوەش بەهۆی پێکداچوونی ئاستی برگە و کورتبوونەوەی ئاستی (پێ)وە ڕوودەدات، وەک لە خوارەوەدا دەخرێتەڕوو:

### ٥/٣-٣-١-١-١) ئەو پارادایمە کرداریی‌انەی کە لە دوو برگەو دوو (پێ)ی هێزدار پێکدێن:

هەندێک لە پارادایمەکانی کرداری ڕابردووی نزیک پێکدێن لە زیاتر لە یەک برگە و یەک (پێ)ی هێزدار، چونکە پارادایمە کرداریی‌ەکان فریزی فۆنۆلۆجین و فریزە فۆنۆلۆجییەکان لە زمانی کوردیدا گەر لەیەک برگە زیاتربوون، کەواتە کەرتە پێکهێنەرەکانی پارادایمەکە هێزە فەرهەنگییەکەی خۆیانیان پاراستووە، ئەوەش بەمانای ئەوە دێت کە لەمبارەدا پارادایمە کرداریی‌ەکان زیاتر لەیەک (هێز)یان لەسەرە و هەر یەکێکیش لەو هێزانە کە لەسەر برگەکانن (پێ)یەکی هێزدار دروست دەکەن، بەو پرۆسەیەش دەوترێت **foot formation** (**TRASK,1996:147**)، بەمەرجێک ئەگەر توانرا  ئەو برگانەی کە کەرتە پێکهێنەرەکانیان تێدایە، دروستەی (پێ)یان بۆ دابنرێت تابین بەبرگەی پێ پێ کراو **footed syllable** (**Crystal, 2008: 197**)، و ڕووبەڕووی پێکداچوونی برگەیی نەبنەوە لەگەڵ برگەیەکی هێزداری پێش خۆیاندا، چونکە ئەگەر ڕووبەڕووی پێکداچوونی برگەیی بوونەوە ئەوا ئەو کەرتە پێکهێنەرە، هێزە فەرهەنگییەکەی و (پێ)یە هێزدارەکەی، تیادەچن، کە ئەوەش  هەر پێیدەوترێت کورتکردنەوەی ئاستی (پێ) **foot-level shotening**، کە هۆکارەکەی فۆنەتاکتیکییە (بەهۆی دراوسێیەتی کەرتەدەنگییەکان و دروستەی برگەییان)ە ڕوودەدات.
هەروەک ئاماژەیپێدرا ئەم پارادایمە کرداریی‌انە ژینگەی داڕشتنەکەیان پێکدێت لە [[ڕەگی کردار]وشەی فەرهەنگی/هێزدار + [-ا، -و، -ی، -د، -ت]ئەسپێکتی شکانەوە /وشەی ف. ئەرکیی هێزدار]= فریزی فۆنۆلۆجی **PPh**.

زۆربەی گۆڕانکارییە فۆنۆلۆجییەکان لەم ژینگەی داڕشتنەدا بە شێوەی ناسووڕی جێبەجێدەکرێت (**بڕوانە١-٩-٢**)، و گۆڕانکاری لە دروستەی فۆنۆلۆجی کەرتی لە پێکهاتەی ئاستی فۆنیمە پێکهێنەرەکانی ڕەگی کردارەکەدا بەرچاو دەکەوێت، وەک لە :

- شکانەوە:
- [[سپێر **sipêr**، خۆ**xo**]ڕەگی کردار/وشەی فۆنۆلۆجی + -د وشەی ف.ئەرکی]← **ناسووڕی** [دوای نەریتی سڕینەوەی کەوانەکان**BEC** + لەکارکەوتنی مەرجی سووڕیی توند **SCC** + کارانەبوونی بنەمای پاراستنی دروستە**PSP** + لە کارکەوتنی گریمانەی  بواری بەهێز **SDH**]←[سپێرد، خۆد] فریزی فۆنۆلۆجی پرەنسیپێکی بلۆککردن کارادەبێت بۆ سەرجەمی نواندنە فۆنۆلۆجییەکەیان←⃠[**B**] ↪چارەسەرکردن[گۆڕینی کەرتە دەنگییەکانیان بە ]← [سپارد، خوارد] فریزی فۆنۆلۆجی
- [ [خواز **xiwaz** ] +-ت وشەی ف.ئەرکی] ←**ناسووڕیی**[دوای **BEC**، **SCC** لەکاردەکەوێت، **PSP** کارناکات، **SDH** دانانەوەی دەنگی /ز/ وەک خۆی] ←[ خوازت] لەم بارەشدا پرەنسیپی بلۆککردن کارا دەبێت←⃠[**B**] ↪چارەسەرکردن[گۆڕینی /ز/ بە /س/]← [خواست] پارادایمی کرداری ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندنی بکەردیار/ فریزی فۆنۆلۆجی .

• بەڵام لە [فرۆش firoş]دا گۆڕانە فۆنۆلۆجییەکان بۆ شکانەوەی فریزە فۆنۆلۆجییەکە بە شێوەی سووڕییانە جێبەجێدەکرێت و دەبێت بە:

: [فرۆش firoş] ⟵سووڕیی[SDH+PSP+SCC+BEC]⟵[فرۆشت]پارادایمی کرداری ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندنی بکەردیار /فریزی فۆنۆلۆجی هیچ پرەنسیپێکی بلۆککردن نییە.

کەواتە [ خواز xiwaz ، سپێر sipêr ، خۆ xo ،پاڵێو pal'êw...]ڕەگی کردار + [–ت، د] ئەسپێکتی شکانەوە/ وشەی ف.ئەرکیی هێزدار] ⟵ **ناسووڕیی**[دوای شکانەوە:[خواست، سپارد، خوارد، پاڵاوت]، نواندنی پێوانەییان هەموویان دەبێت بە:

[ف.iـ ڕۆشت fi. roşt ، خ.i واست xi. wast ، س.i پارد si. pard ، خ.i . وارد xi. ward ، پا.ڵاوت pa.l'awt...]،

نواندنی پێوانەییان دەبێت بە : cv́.cv́cc ⟵ [σ.́σ́]⟵ [Σσs Σσs] ⟵ [Σs Σs] ⟵ pph . لە دوو برگە و دوو(پێ)ی هێزدار کە (پێ)ی سپۆندییە پێکهاتوون، چونکە پارادایمە کردارییەکە فریزێکی فۆنۆلۆجی هێزدارە . هەروەک ئاماژەپێدرا گۆڕانە فۆنۆلۆجییەکان بە شێوەی سووڕی و ناسووڕی جێبەجێکرا و گۆڕانکاری لە دروستەی فۆنۆلۆجی کەرتی لە پێکهاتەی ئاستی فۆنیمە پێکهێنەرەکانی ڕەگی کردارەکەدا بەرچاو دەکەوێت

• شکانەوە :[ [خنکێ xinkê، برژێ birjê ، گری girî ]+ ا – ا ئەسپێکتی شکانەوە/ وشەی ف. ئەرکیی هێزدار] جێبەجێکردنی یاسافۆنۆلۆجییەکان بە شێوەی **ناسووڕی**⟵ [ دوای BEC، SCC لەکاردەکەوێت، PSP کارناکات، SDH دانانەوەی کەرتەدەنگییەکانیان وەک خۆیان کارناکات] ⟵ دوای شکانەوە[خنکا،برژا، گریا]:

نواندنی پێوانەییان دەبێت بە : [خ.iن.کا xin.ka، ب.iر.ژا bir.ja، گ.iر.یا gir.ya، ..]پارادایمی قەدی کردار/ فریزی فۆنۆلۆجی، نواندنی پێوانەییان بریتییە لە : cv́c.cv́ ⟵ [σ.́σ́]⟵ [Σσs Σσs] ⟵ [Σs Σs] ⟵ pph ، گۆڕانە فۆنۆلۆجییەکان بە شێوەی ناسووڕیی جێبەجێ کرا و گۆڕانکاری لە دروستەی فۆنۆلۆجیی کەرتی لە پێکهاتەی ئاستی فۆنیمە پێکهێنەرەکانی ڕەگی کردارەکەدا بەرچاو دەکەوێت.

سەرجەمییان لە دوو برگە و دوو (پێ)ی هێزدار پێکهاتوون، کە (پێ)ی سپۆندییان پێکهێناوە

• لە [هێن هێنان hên، کێڵ کێڵان kêl'، شێل شێلان şêl، کێش کێشان kêş، نووس نووسین nûs ، زان زانین zan ..]ڕەگی کردار+ [ـا،ـی] ئەسپێکتی شکانەوە/وشەی ف.ئەرکی ]گۆڕانە فۆنۆلۆجییەکان لە دروستەی فۆنۆلۆجی کەرتە پێکهێنەرەکان دا بە شێوەی <u>سووڕیی</u> جێبەجێدەکرێن). [هێنا،کێڵا، شێلا، کێشا،نووسی،زانی]نواندنی پێوانەییان دەبێت بە [هێ.نا hê.na کێ.ڵا kê.l'a شێ.لا şê.la، کێ.شا kê.şa، نوو.سی nû.sî ، زا.نی za.nî، ..] نواندنی پێوانەییان دەبێت بە : cv́.cv́ ⟵ [σ.́σ́]⟵ [Σσs Σσs] ⟵ [Σs Σs] ⟵ pph

• هەر لەبەر ئەم هۆیانە واگریمانە دەکرێت کە نواندنی پێوانەیی دروستەی فۆنۆلۆجییانەی [خوارد] کە وشەیەکی مۆرفۆلۆجییەو بە فریزێکی فۆنۆلۆجییش دادەنرێت، بە دوو برگەو دوو (پێ)بێت، دەبێت بە: [خ.i وارد xi. ward] cv́.cv́cc ⟵ [σ.́σ́]⟵ [Σσs Σσs] ⟵ [Σs Σs] ⟵ pph. بەڵام لە لە سەرچاوەکانی پێشوودا و لە سەرچاوە نوێیەکانی تری وەک (**فەقێ ئیبراهیم، هاوسەر نەوزاد**

،۲۰۲۲: ۷۹ )به یەک وشە و یەک بڕگە [ ccvcc xward ]دانراوە  ئاماژە بە فرێزی فۆنۆلۆجیی و دروستەی (پێ)یەکەشی نەکراوە.

## ۵/۳-۳-۱-۱-۲) ئەو پارادایمە کردارییانەی کە ڕووبەڕووی پێکداچوون لە ئاستی بڕگە و کورتکردنەوەی ئاستی (پێ) بوونەتەوە ولەیەک بڕگەو یەک (پێ)ی هێزدار پێکدێن:

هەندێکی تر لە پارادایمەکانی کرداری ڕابردووی نزیک ( کە سادە دەردەکەون لەڕووی مۆرفۆلۆجییەوە)، لە دروستەی فۆنۆلۆجییاندا و لە نواندنی پێوانەییدا، لەڕووی دروستەی بڕگەیی و دروستەی (پێ)وە، تەنها لە یەک بڕگە پێکدێن(سەرەڕای ئەوەی کە پێکدێن لە ڕەگی کردار (کە وشەیەکی فەرهەنگیی هێزدارە) لەگەڵ پاشگرە ئەسپێکتییەکانی شکانەوەی قەدی کردار/مۆرفیمی کاتدا= ڕێژەی ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن (کە ئەمانیش وشەیەکی ئەرکیی هێزدارن)، بەڵام بەهۆی جێبەجێکردنی یاسا مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجییەکانەوە بە شێوازی <u>سووڕییانە</u> یان <u>ناسووڕییانە</u> لە ئەنجامدا دروستەی بڕگەیی هەردوو کەرتەکە پێکدا دەچن .

واتە کاتێک جێبەجێکردنی یاسافۆنۆلۆجییەکان بە شێوەی سووڕییانە بێت، پاشگرەکە دەچێتە شوێنی پاشکۆ/کۆدا لەناو پێکهاتەی دروستەی بڕگەیی لەناو بنجەکەدا کە ڕەگی کردارەکەیە، وەک پاشگرە ئەسپێکتییەکانی شکانەوەی پارادایمی کردارەکە [-د، -ت، -و، -ی،-ا] .

بەڵام ئەگەرجێبەجێکردنی یاسافۆنۆلۆجییەکان بە شێوەی ناسووڕییانە بێت، ئەوا پاش گۆڕانکاری لە کەرتەدەنگییە پێکهێنەرەکانی بڕگەی بنجەکە، کە ڕەگی کردارەکەیە، پاشگرە ئەسپێکتییەکانی شکانەوەی پارادایمی کردارەکە(کە وشەی فۆنۆلۆجی ئەرکین) بەتایبەت ئەوانەی کەدەنگی بزوێن وەک [-ا، -ی، -و]، بە سێ ڕێگا دەچنە ناو دروستەی فۆنۆلۆجییانەی پارادایمە کردارییە نوێیە بەرهەمهاتووەکەوە :

۱-پاشگرە ئەسپێکتییەکانی شکانەوە شوێنی کرۆکی بڕگەکە دەگرنەوە، کە دەنگە بزوێنی پێکهێنەری بڕگەکەیە، دەنگە بزوێنی کرۆکی بڕگەی ڕەگی کردارەکە  بە ناسووڕییانە تیادەچێت، وەک لە:  ڕەگەکانی [[دە دان، زێ زان، نێ نان، شێ شیان]ڕەگی کردار + ا- ئەسپێکتی شکانەوە/وشەی ف.ئەرکیی هێزدار]← ناسووڕیی[ دا، زا، نا، شیا ] دروستەی بڕگەیی و نواندنی پێوانەییان دەبێت بە :[ دا  da، زا ، za، نا na] ، [شیاşya]ccv، [[مێن مان]ڕەگی کردار + ا-]← [ما  ma]←       دروستەی   بڕگەیی   و   نواندنی   پێوانەییان  دەبێت  بە
← <u>ccv́</u>, <u>cv́</u> ←<u>[σ́]</u>← <u>[Σs]</u>← <u>PPh</u>.

۲- یان پاشگرە ئەسپێکتییەکانی شکانەوە، ڕاستەوخۆ دەبنە کرۆکی بڕگەکە، وەک لە: ڕەگەکانی [ [چ چوون، ب بوون]ڕەگی کردار + -و ئەسپێکتی شکانەوە/وشەی ف.ئەرکیی هێزدار  ]←سووڕیی[چوو، بوو] دروستەی بڕگەیی و نواندنی پێوانەییان دەبێت بە :[چووçû بووbû]← <u>cv́</u> ←<u>[σ́]</u>← <u>[Σ]</u>← <u>PPh</u>.

۳- یان شوێنی پاشکۆ/کۆدای بڕگەکە دەگرنەوە لە بەشی ڕیم (سەروا)ی بڕگەکەدا، وەک لە:

- [[گر گرتن، ڕس ڕستن، کڕ کڕین، بڕ بڕین،سڕ سڕین، دڕ دڕین]+-ت،-ی ئەسپێکتی شکانەوە/وشەی ف.ئەرکی ]← سووڕییانە [گرتgirt، ڕستřist] cv́cc← <u>[σ́]</u>← <u>[Σs]</u>← <u>PPh</u>.  پێش شکانەوە لە دروستەی بڕگەیی بنجەکەدا/ ڕەگەکەدا، بزرۆکە وەک دەنگێکی بزوێن دروستکەری بڕگەی بنجەکەبووە کە ڕەگی

کردارەکەیە، پاشداڕشتنیش هەروا دەمێنێتەوە چونکە، پاشگرە ئەسپێکتییەکە کە /ت/ دەنگێکی نەبزوێنە و ناتوانێت بڕگە دروست بکات.

- بەڵام لە [ کڕیkřî، بڕیbřî، سڕیsřî، دڕیdřî ]پێش ئەوەی بێتە ناو ژینگەی داڕشتنە نوێیەکەوە، لە دروستەی بڕگەیی ڕەگەکەدا، بزرۆکە وەک دەنگێکی بزوێن دروستکەری بڕگەی بنجەکە بووە: [کڕkiři، بڕ biři، دڕdiři، سڕsiři] بەڵام پاش شکانەوە، پاشگرە ئەسپێکتییەکە وەک دەنگێکی بزوێن دەبێتە کرۆکی بڕگەکە لە پارادایمەکەدا بزرۆکەکە کە وەک دروستکەری بڕگە ڕۆڵی دەگێڕا، پاش هاتنی دەنگێکی بزوێن کە ئەسپێکتەکەیە، بزرۆکەکە لادەچێت و دروستەی بڕگەیی بڕگەکە گۆڕانکاری بەسەردا دێت، پاش شکانەوە دروستەی بڕگەیی و نواندنی پێوانەیی پارادایمەکە دەبێت بە: [کڕیkřî، بڕیbřî، سڕیsřî، دڕیdřî] __ccv́__ ←__[ʊ́]__ ←__[Σs]__ ←__PPh__.

٤- یان دەنگێکی ناوبەند دەکەوێتە نێوانیان بنجەکە و پاشگرە ئەسپێکتییەکەوەو هەندێکجار بزوێنی بڕگەکەش دەگۆڕدرێت، هەندێکجاریش دەمێنێتەوە. یان زۆربەی کەرتەدەنگییەکان گۆڕانکاریان بەسەردا دێت، وەک لە: [[هێ^هاتن^، ەوێ^ویستن^، ، نوو^نووستن^، ڕۆ^ڕۆشتن^، هێڵ^هێشتن^، شۆ^شوشتن^، خە^خستن^، لێ^وتن^]ڕەگی کردار + –ت ئەسپێکتی شکانەوە/وشەی ف.ئەرکی ]← ناسووڕیی :[ هات، ویست، ، نووست، ڕۆشت، هێشت، شوشت، خست، گوت/وت] نواندنی پێوانەییان دەبێت بە : [هاتhat،گوت/وتgut] __cv́c__، [ویستwîst، نووستnust، ڕۆشتoştř، هێشتhêşt، شوشتuştş، خستxist، گوت/وت[gut__cv́cc__ ← ← __cv́cc__, __cv́c__ ←__[ʊ́]__ ←__[Σs]__ __PPh←__.

٥- یان لە هەندێک لە پارادایمە کردارییەکان دا هیچ پاشگرێکی ئەسپێکتی شکانەوە، وەرناگرێت، ئەوەش لەبەرئەوەی ڕەگی کردارەکە کە بنجەکەیە بە هەمان کەرتەدەنگی ئەسپێکتیە شکانەوەییەکە کۆتایی هاتووە، هیچ دەنگێکی ناوبەندێک ناکەوێتە نێوانیانەوە، دەبێتە هۆی ئەوەی پێکداچوونی دەنگی لەنێوانیاندا دروستببێت و وەک تەنها یەک دەنگ دەر بکەون، ئەوەش لەو ڕەگی کردارانەدا ڕوو دەدات کە بە دەنگەکانی /وو/، /ت/ کۆتاییان هاتووە و بەهەمان پاشگرە ئەسپێکتە شکانەوەییەکانی [–و]، [–ت] پارادایمی کردارییان لێ گەردان دەکرێت، وەک لە :

- لە [[دروو^دروون^، گروو^گروون^، سوو^سوون(سوونی چەقۆ لە هەسان)^، جوو^جوون(جوونی پاروو)^)]ڕەگی کردار+_وئەسپێکتی شکانەوە/وشەی ف.ئەرکی]← ناسووڕیی [دوای BEC، SCC لەکاردەکەوێت، PSP کارناکات، SDH بۆدانانەوەی کەرتە دەنگی پاشگرەکە وەک خۆی] ←[ [دروو و، گروو و، سوو و، جوو و]] لەم بارەشدا پرەنسیپی بلۆککردن کارا دەبێت←⃠[B]↪چارەسەرکردن[پێکداچوون/تراکم ی هەردوو دەنگە لێکچووەکان دەرکەوتنییان وەک یەک دەنگ و لاچوونی ئەوی تریان]← [[دروو، گروو، سوو، جوو]]، لەمبارەدا هاوبێژییەک لە نێوان ڕەگەکە کە وشەیەکی فەرهەنگییە pw و پارادایمە کردارییەکەدا دروستدەبێت کە فرێزێکی فۆنۆلۆجییە PPh، کاتێک وەک پارادایمی کرداری دابنرێن دەبن بە فرێزی فۆنۆلۆجی و دروستەی بڕگەیی و نواندنی پێوانەییان دەبێت بە: [درووdrû، گرووgrû]__ccv__، [سووsû، جووcû] __cv́__ ←__[ʊ́]__ ←__[Σ́]__ ←__PPh__.

کاتێکیش وەک ڕەگی کردار دابنرێن دەبن بە وشەیەکی فەرهەنگی**pω** و نواندنی پێوانەییان دەبێت بە[درووdrû، گرووgrû،[ccý سووsû، جووcû] cý [σ]←[Σs]←pω.

لە ئاستی دوافرهەنگیش دا: گەر وەک پارادایمی فریزی کلیتیکی بۆ کەسی سێیەمی تاک بەکارهاتن و کلیتیکی [–ی ,-y]وەردەگرن، لە ڕووی دروستەی پرۆسۆدیکییەوە دەبنە فریزی ئاوازەیی **Intonational phrase IP**، دواتر وەک دەربڕاو**utterance Utt.** ڕەفتاردەکەن نواندنی پێوانەییان دەبێت بە[درووی**drûy**، گرووی**grûy**،] ccýc [سوویsûy، جوویcûy] cýc ← [σ]←[Σs]←pω ←PPh← IP ←Utt .

پێکداچوونی ئاستی (پیَ) تیایدا ڕووی داوە بۆ کلیتیکەکە کە هۆکارەکەی فۆنەتاکتیکییە.

- لە[[بیستبیستن، بەستبەستن، پەرستپەرستن]ڕەگی کردار+ –ت وئەسپێکتی شکانەوە/وشەی ف.ئەرکی]←ناسوورِیی←[دوای **BEC**، **SCC** لەکاردەکەوێت، **PSP** کارناکات، **SDH** بۆدانانەوەی کەرتە دەنگی پاشگرەکە وەک خۆی] ←[ [بیست+ت، بەست+ت، پەرست+ت]] لەم بارەشدا پرەنسیپی بلۆککردن کارا دەبێت←⃠[B] ↩چارەسەرکردن[پێکداچوون وتراکم ی هەردوو دەنگە لێکچووەکان دەرکەوتنییان وەک یەک دەنگ و لاچوونی ئەوی تریان]← [بیست، بەست،]ڕەگ/pw =[بیست، بەست،]پارادایمی کردار/قەدPPh ، هاوبێژییەک لە نێوان ڕەگەکە کە وشەیەکی فەرهەنگییە **pw** و پارادایمە کردارییەکەدا دروستدەبێت کە فریزێکی فۆنۆلۆجییە **PPh**، کاتێک وەک پارادایمی کرداری دابنرێن دەبن بە فریزی فۆنۆلۆجی و دروستەی بڕگەیی و نواندنی فۆنۆلۆجییان دەبێت بە: [بیستbîst، بەستbest] **cýcc**← [σ́]←[Σ́s]←**PPh**. کاتێکیش وەک ڕەگی کردار دابنرێن دەبن بە وشەیەکی فەرهەنگی**pω** و نواندنی پێوانەییان دەبێت بە[بیستbîst، بەستbest] cýcc [σ́]←[Σs]←pω.

لە ئاستی دوافەرهەنگیش دا [درووو، گرووو، سووو، جووو] بە هەمان شێوە ڕەفتار دەکەن.

## ٥/٣–٣–١–٢) ئاستی هێزدانان ونواندنی پێوانەیی لە پرۆسەکانی شکانەوەی قەدی کرداری سادەی ڕێژەی ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندنی بکەرنادیار لە ڕەگی کردارەوە:

ئەم پارادایمە دەکەوێتە ئاستی چوارەمەوە، چونکە فریزی فۆنۆلۆجی بەرهەمدێنێت بەمشێوەیە: [[ڕەگی کردار]وشەی فەرهەنگی+ [–را بۆ بکەر نادیار]وشەی ف.ئەرکیی هێزدار]= فریزی فۆنۆلۆجی **PPh**. بەرهەمدێت نواندنی پێوانەیی دروستە فۆنۆلۆجییەکەی ئەم پارادایمە بەگشتی لە زۆر بەیاندا لەدوو بڕگەو دوو(پیَ)ی هێزدار یان زیاتر بپێکدێت، بە جۆرێک گەر ڕەگی کردارەکە لەیەک بڕگە پێکهاتبوو، ئەوا پارادایمە کردارییەکەی لە دوو بڕگەو دوو (پیَ)ی هێزدار پێکدێت، گەر بنجەکە کە ڕەگەکەیە لە دوو بڕگە پێکهاتبوو ئەوا پارادایمە کردارییەکە کە فریزێکی فۆنۆلۆجییە لە سێ بڕگەو دوو (پیَ)ی هێزدار پێکدێت بە مەرجێک ڕووبەڕووی پێکداچوونی بڕگەیی نەبنەوە، وەک لە:

١– لەو ڕەگی کردارانەدا کە لەیەک بڕگە پێکهاتوون وەک لە:

- [[نووس، خوێن، بین، نێر، کوژ، چێن،...]ڕەگ + –را ئەسپێکتی شکانەوە/وشەی ف.ئەرکیی هێزدار ] ← سوورِیی←[SDH+PSP+SCC+BEC]←[نووسرا، خوێنرا، بینرا، نێررا، چێنرا]پارادایمی کرداری ڕابردووی

هیچ پرەنسیپێکی بلۆککردن نییە[نزیکی ڕاگەیاندنی بکەرنادیار /فریزی فۆنۆلۆجی]. دروستەی بڕگەیی و نواندنی پێوانەییان دەبێت بە : [نووس.را **nûs. ra** ، بین.را **bîn. ra** ، نێر.را**nêr.ra** ، چێن.را**çên. ra** ] **cv́c.cv́** ، [خوێن.را **xwên. ra**] **ccv́c.cv́** ← [σ́.σ́]← [Σσs Σσs] ← [Σs Σs] ← **pph** .

- بەڵام لە [[بیست **bîst**، بەست**best**، بڕ**biř**]ڕەگی کردار+ –را ] ←ناسووریی←[دوای **BEC**، **SCC** لەکاردەکەوێت، **PSP** کارناکات، **SDH** بۆزیادکردنی ڕاستەوخۆی پاشگرەکە] ←[ [بیسترا، بەسترا، بڕرا]] لەم بارەشدا پرەنسیپی بلۆککردن کارا دەبێت←⃠[B]↪چارەسەرکردن[تێچوونی دەنگی /ت/ ، هێنانە ناوەوەی ناوبەندی/د/ بۆ [بڕ]]← [[بیسرا، بەسرا، بڕدرا]]، دروستەی بڕگەیی و نواندنی پێوانەییان دەبێت بە :[ بیس.را**bîs. ra**، بەس.را**bes. ra**، بـ**i**ڕ. درا**biř. dra**] ← **cv́c.cv́**← [σ́.σ́] ← [Σσs Σσs] ← [Σs Σs] ← **pph** .

٢–لەو ڕەگی کردارانەدا کە لە بنەڕتدا لە دوو بڕگە پێکهاتوون، کاتێک دەکەونە ژینگە ڕۆنانییەکانی شکانەوەی پارادایمی کردارەوە، بەم پاشگرە، ئەوا دەکرێت: ببنە سێ بڕگە بەڵام بەهۆی دروستە مۆرفۆلۆجییەکەیانەوە، بنجەکە تەنها یەک هێزی سەرەکی خۆی لەسەر دەبێت کە هێزە فەرهەنگییەکەیەتی و پاشگرەکە ئەسپێکتییە شکانەوەیی پارادایمەکەش، هێزە سینتاکسییەکەی خۆی دەپارێزێت، دەبنە سێ بڕگەو و دوو پێی هێزدار بەرهەمدێنن، وەک لە:

- لە [[پارێز، فرۆش]،[ شکێن، سوتێن]، [ترسێن، خنکێن، ، برژێن، قرتێن،..]ڕەگ/ وشەی فۆنۆلۆجی+ –را ]ئەسپێکتی شکانەوە/وشەی ف.ئەرکی ف.هێزدار ← سووڕیی←[SDH+PSP+SCC+BEC]←[ پارێزرا، فرۆشرا]، [شکێنرا، سوتێنرا]، [ترسێنرا، خنکێنرا، برژێنرا، قرتێنرا]، دروستەی بڕگەیی و نواندنی پێوانەییان دەبێت بە :[ پا.رێز.را. **pa. rêz. ra**، فـ.رۆش.را **fi.roş. ra** ][ ش**i**.کێن.را**ş i. kên. ra**، سو. تێن. را **su. tên. ra**] **cv́.cvc. cv́**  [ت**i**ر.سێن.را**tir. sên. ra**، خ**i**ن.کێن.را **xin. kên. ra**، بـ**i**ر.ژێن. را**bir. jên. ra**، ق**i**ر. تێن. را**qir. tên. ra**] ← **cv́c.cvc. cv́** ← [σ́σ. σ́] ← [Σσs σw. Σσs] ← [Σs Σs] ← **pph**
- لە [[بەخش]ڕەگی کردار+ –را] ← سووڕیی←[SDH+PSP+SCC+BEC]←[بەخشرا] ڕەگی کردارەکە لە دوو بڕگە پێکهاتووە و پاشگرەکەش لە یەک بڕگە، بەڵام بەهۆی پێکداچوونی کەرتە دەنگییەکان لە ئاستی بڕگەدا، دەبێت بە دوو بڕگەو دوو (پێ)ی هێزدار، دروستەی بڕگەیی و نواندنی پێوانەییان دەبێت بە :[بەخ. شرا**bex. şra** ] **cv́c.cv́c** ← [σ́.σ́] ← [Σσs Σσs] ← [Σs Σs] ← **pph**

.

## ٦/٣) جێبەجێکردنی پرەنسیپی لووپ لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا:

لە ژینگەی دارشتنی ناوی کرداریدا  کە لە پارادایمی قەدی کرداری ڕابردووی نزیک لەگەڵ پاشگری وشەدارێژەری [–ن**i**] وشەی فۆنۆلۆجی بەرهەمدێنن، بە واتایەکی ڕوونتر لەم ژینگەی دارشتنەدا  فرێزی فۆنۆلۆجی لەگەڵ پاشگرێکی وشەدارێژەردا وشەی فۆنۆلۆجی بەرهەمدێنن واتە :

– [[فرێزی فۆنۆلۆجی] pph +[ وشەی ئەرکی]fun.]← [دەبێتەوە بە وشەی فۆنۆلۆجی فەرهەنگی]PW

–[پارادایمی قەدی کردار کەدەکەوێتە ئاستی چوار هێزی پلەداری ڕیتمی هەیە]pph  +[–ن**i** وشەی ف.ئەرکی]fnc.w ←[ناوی کرداریی کە دەکەوێتە ئاستی دوو هێزدانانی کۆتاگری هەیە]pw

له جێبەجێکردنی 'پرەنسیپی لووپ'دا نەریتی سرینەوەی هێز SEC جێبەجێدەکرێت بۆ کەرتە پێکهێنەرەکان(بنجەکە و پاشگرەکە) (Halle and Vergnaud,1987: 45-84)، کە سرینەوەی هێزە ڕیتمییەکانی فرێزە فۆنۆلۆجییەکە و هێزی پاشگرە وشە داڕێژەرەکەیە، ئەگەر پاشگرێکی هێزداربوو، لەمبارەدا کورتکردنەوەی ئاستی (پێ) ی لێدەکەوێتەوە، چونکە (ناو)ێکی داڕێژراو بەرهەمدێت، کە وشەیەکی فۆنۆلۆجییە و گەر لە یەک تا سێ برگە پێکهات تەنها لە یەک (پێ)ی هێزداری (گرێنەدراو) یان (پێ)ی (ئایامبیکی، ئەناپست) پێکدێت، چونکە پرۆسەکە هەڵگەڕانەوە و هەڵفرینەوەی ئاستە فەرهەنگییەکەیە لە ئاستی چوارەوە بۆ ئاستی دوو، دانەکانی ئاستی دووش گەر لە یەک تا سێ برگە پێکهاتبوون بەگشتی لەیەک پێی هێزدار پێکدێن، گەر لە سێ برگەش زیاتر بوون لە دوو (پێ) پێکدێن، بەڵام لە فرێزی فۆنۆلۆجیدا لە ئاستی (پێ)دا، هەریەک (پێ)ی هێزدار بەرهەمدێت و (پێ)یە لاوازەکەی پێوە دەبەسترێتەوە، چونکە فرێزە فۆنۆلۆجییەکان بەگشتی لەیەک (پێ)ی هێزدار زیاتر پێکدێن(جگە لەپارادایمە کردارییەکانی قەدی کردار کە ئاماژەیان پێدرا)، لەبەرئەوە پێیدەوترێت کورتکردنەوەی ئاستی (پێ)؛ ئەگەر پارادایمە کردارییەکەش لە سێ برگە زیاتری پێکهاتبوو، ئەوا پرەنسیپی لووپەکە، پرۆسەیەک دەبێت کە هەڵگەڕانەوە و هەڵفرینەوەی ئاستە فەرهەنگییەکەدەبێت، لە ئاستی چوارەوە بۆ ئاستی سێ.

کەواتە پرەنسیپی لووپ گەڕانەوەی کەتیگۆری فرێزی فۆنۆلۆجییە بۆ کەتیگۆرییەکی بچووکتر، کە بەرهەمهێنانی وشەی فۆنۆلۆجییە. هەروەک چۆن لە ئاستی سینتاکسدا فرێزێکی ناوی بەرهەمدێت دواتر دەبێتە ناوێکی تایبەتی یان گشتی و دووبارە دەبێتەوە بە دانەیەکی فەرهەنگی. پرۆسەی گەڕانەوی <u>فرێزی فۆنۆلۆجیش</u> بۆ <u>وشەی فۆنۆلۆجی</u> هاوشێوەی ئەو پرۆسەیەیە(بە ئەنالۆجییانە).

## ١-٦/٣) داڕشتنی ناوی کرداریی(چاووگ) بە[-ن] لەو پارادایمی قەدی کردارانەوە کە بەپاشگرە ئەسپێکتییەکانی [-ا، -و، -ی] کۆتاییان هاتووە:

ژینگەی داڕشتن لەم ئاستەی هێزدانان دا بریتییە لە [[پارادایمی قەدی کردار]فرێزی فۆنۆلۆجی + -ن i- وشەی ف.ئەرکیfnc ناهێزدار[ناوی کرداریی/وشەی فۆنۆلۆجی ،

وەک لە:

- لە : [دا da، ما ma، زا za، نا na، چوو çû، بووbû ، سووsû، جوو cû]پارادایمی قەدی کردار/ فرێزی فۆنۆلۆجی+ -ن i- وشەی ف.ئەرکیfnc ناهێزدار[ناوی کرداریی/وشەی فۆنۆلۆجی←**سووڕیی**← [دان dan، مان man، زان zan، نان nan، چوون çûn، بوون bûn ، سوون sûn، جوون cûn] نواندنی پێوانەییان دەبێت بە ← cv́c ← <u>[σ́]← [Σs]← pω</u> .
- لە[شکا şka ، دڕا dřa، کڕی křî، بڕیbřî ، سڕیsřî ، دڕیdřî ، فڕی fřî، گرووgrû ، درووdrû ، .. ] پارادایمی قەدی کردار/ فرێزی فۆنۆلۆجی+ -ن i- وشەی ف.ئەرکیfnc ناهێزدار[ناوی کرداریی/وشەی فۆنۆلۆجی←**سووڕیی**← [شکان şkan ، دڕان dřan، کڕین křîn، بڕین břîn ، سڕین sřîn ، دڕین dřîn ، فڕین fřîn ، گروون grûn ، دروون drûn ، .. ]ناوی کرداریی/ وشەی فۆنۆلۆجی نواندنی پێوانەییان دەبێت بە: <u>ccv́c</u>← [σ́]← [Σs]← pω هەروەک لەو دوو خاڵەی سەرەودا دەبینرێت، دەرکردەکە

کە ناوی کردارییە لەیەک برگەی هێزدار پێکهاتووە، یەک (پێ)ی بەهێزی پێکهێناوە، شوێنی هێز تیایدا نەگۆڕاوە هەر لەسەر بزوێنی برگەکەیە. لەمبارەدا پاشگری [-ن]، وەک پاشکۆ/کۆدای برگەی برگەی بنجەکە ڕەفتار دەکات و مۆراکەشی تیایاندا وەک فیچەرێکی پرۆسۆدیکی درێژکەرەوەی بزوێنی برگە هێزدارەکە ڕەفتار دەکات، نەک وەک دروستکەری برگە.

- لە [هێنا **hêna**، کێڵا **kêl'a**، شێلا **ş laê**، کێشا **kêşa**، نووسی **nûsî** ، زانی **îzan** ..][پارادایمی قەدی کردار/ فریزی فۆنۆلۆجی] + –**i**ن [وشەی ف.ئەرکی fnc ناهێزدار][ناوی کرداریی–وشەی فۆنۆلۆجی]، پارادایمە کردارییەکە لە پێش دارشتن دا، نواندنی پێوانەییان بریتییە لە لە: **cv́.cv́** ←[σ.σ] ←[Σ**s**.Σ**s**]← **PPh** لە دوو برگە و دوو (پێ)ی هێزدار پێکهاتوون، کە پێی سپۆندییان پێکهێناوە، **چونکە پارادایمە کرداریەکە پێش داڕشتن فریزێکی فۆنۆلۆجی هێزدارە و هێزی پلەداری ڕیتمی هەیە و هێز لەسەر هەریەکە لە کەرتە پێکهێنەرەکانییەتی،** پاشداڕشتن لە ژینگەی داڕشتنی (ناو)دا، دوای نەریتی سڕینەوەی کەوانە مۆرفۆلۆجییەکان، بەهۆی نەریتی سڕینەوەی هێزەوە، لە ژینگەی داڕشتنەکەدا کەرتە پێکهێنەرەکان ڕووبەڕووی هەڵوەشانەوەی دروستەی برگەو پێ دەبنەوە و بەپێی دەرکردە نوێیەکە دروستەی برگەو ودروستەی (پێ)یان دادەرێژرێتەوە و **دووبارە بەپێی بنەمای هێزدانانی کەتیگۆرییانە** شوێنی هێزییان بۆ دیاریدەکرێتەوە، ←**سووڕیی**←: [هێنان **hênan** کێڵان **kêl'an**، شێلان **şêlan**، کێشان **kêşan**، نووسین **nûsîn** ، زانین **zanîn**، .. ] [ناوی کرداریی/ وشەی فۆنۆلۆجی] نواندنی پێوانەییان دەبێت بە: [هێ.نان **hê.nan**، کێ.ڵان **kê.l'an**، شێ.لان **şê.lan**، کێ.شان **kê.şan**، نوو.سین **nû.sîn** ، زا.نین **za.nîn**، ..]: **cv.cv́c** ←[σ.σ́] ←[Σ **s**.]← **p** ω.

- هەروەها لە [خنکا **xinka**، برژا **birja**، گریا **girya**، ..][پارادایمی قەدی کردار/ فریزی فۆنۆلۆجی]+ –**i**ن [وشەی ف.ئەرکی fnc ناهێزدار][ناوی کرداریی–وشەی فۆنۆلۆجی] ←**سووڕیی**←[خنکان **xinkan**، برژان **birjan**، گریان **giryan**..] [ناوی کرداریی/ وشەی فۆنۆلۆجی] نواندنی پێوانەییان دەبێت بە : [خ**i**ن.کان **xin.kan**، ب**i**ر.ژان **bir.jan**، گ**i**ر.یان **gir.yan**...] **cvc.cv́c** ←[σ.σ] ←[Σ**s**.]← **p**ω_بەهەمان شێوەی خاڵی پێشووە.

## ٢-٦/٣) داڕشتنی ناوی کرداریی(چاووگ) بە[–iن] لەو پارادایمی قەدی کردارانەوە کە بەپاشگرە ئەسپێکتییەکانی [–د، –ت] کۆتاییان هاتووە:

بەهەمان شێوە ژینگەی داڕشتن بریتییە لە : [[پارادایمی قەدی کردار][فریزی فۆنۆلۆجی]+ –**i**ن [وشەی ف.ئەرکی fnc ناهێزدار][چاووگ/وشەی فۆنۆلۆجی] وەک لە:

- [هات، گوت،...] [پارادایمی قەدی کردار/ فریزی فۆنۆلۆجی] لە پێش داڕشتن، نواندنی برگەییان و دروستەی پێوانەییان، بریتییە لە : [هات **hat.**، گوت **gut**...] **cv́c** ← [σ́]→[Σ**s**]—←**PPh** ، ←سووڕیی← [هاتن **hatin** ، گوتن **gutin** ][ناوی کرداریی/ وشەی فۆنۆلۆجی]دروستەی برگەییان لەپاشداڕشتندا لە ژینگەی داڕشتنی (ناو) دا، (لە cvc دەبێت بە ←**cv.cv́c**)، دروستەی برگەیی و نواندنی پێوانەییان دەبێت بە: [ها.ت**i**ن **ha.tin.**، گو.ت**i**ن **gu. tin** ]، **cv. cv́c** ← [σ́]→[Σ**s**]—←**p**ω ، هەروەک دەبینرێت،

دووباره بەپێی بنەمای هێزدانانی کەتیگۆرییانە شوێنی هێزییان بۆ دیاریدەکرێتەوە، چونکە بوون بە (/hat+in→cvc+vc→cv. cvc/) **نەک** بووبێتن بە (cvc+c→cvcc)، لەمبارەدا مۆرای پاشگرەکە کە بزرۆکەیە، بووەتە بزوێنێکی برگە دروستکەر و برگەی کۆتایی دروست کردووە و وەک شوێن پێی هێزی سەرەکی ڕۆڵ دەبینێت لە دەرکردەکەدا، بەڵام هەر یەک (پێ)ی بەهێزی ئایامبیکییان پێکهێناوە و بووەتە وشەیەکی فۆنۆلۆجی.

- لە [ویست **wîst**، بەست **best**، بیست**bîst** ، نووست **nûst**، خست **xist**، گەست **gest** ، ڕۆشت **oştř**، هێشت **hêşt** ، شوشت **şuşt** ، کوشت **kuşt** ، ڕشت **řişt** ، گرت **girt** ، برد**bird** ، کرد **kird**، مرد **mird**، نارد **nard** ، چاند **çand**، سەند **send** ، .....] پارادایمی قەدی کردار/ فرێزی فۆنۆلۆجی پێش دارِشتن: نواندنی پێوانەییان: **cv́cc** [σ́]⟵ [Σs]⟵ PPh ، **دوای دارِشتن دەبێت بە:** [ویستن **wîstin**، بەستن **bestin**، بیستن **bîstin** ، نووستن **nûstin**، خستن **xistin**، گەستن **gestin** ، ڕۆشتن **řoştin** ، هێشتن **hêşit** ، شوشتن **şuşitn** ، کوشتن **kuştin** ، ڕشتن **řiştin** ، گرتن **girtin** ، بردن **birdin** ، کردن **kirdin**، مردن **mirdin**، ناردن **nardin** ، چاندن **çandin**، سەندن **sendin** ، .....] ناوی کرداریی/وشەی فۆنۆلۆجی ، لەمبارەدا دروستەی برگەییان (لە **cvcc+vc** دەبێت بە ⟵**cvc.cv́c**)ئەم جۆرە لە دروستەی برگە بە ئاسانی ڕووبەڕووی کەرت کردن دەبنەوە، کاتێک هێزدانان تیایدا کۆتاگری بێت). نواندنی برگەییان دەبێت بە**:** [ویس.تن **wîs.tin**، بەس.تن **bes.tin**، بیس.تن **bîs.tin** ، نووس.تن **nûs.tin**، خ**i**س.تن **xis.tin**، گەس.تن **ges.tin** ، ڕۆش.تن **řoş.tin** ، هێش.تن **hêş.itn** ، شوش.تن **şuş.itn** ، کوش.تن **kuş.tin** ، ڕ**i**ش.تن **řiş.tin** ، گ**i**ر.تن **gir.tin** ، ب**i**ر.دن **bir.din** ، ک**i**ر.دن **kir.din**، م**i**ر.دن **mir.din**، نار.دن **nar.din** ، چان.دن **çan.din**، سەن.دن **sen.din** ، .....] دروستەی پێوانەییان دەبێت بە: **cvc. cv́c**⟵ [ **σ.σ́**]⟵ [**Σ.Σs**]⟵ **pω** _وەک دەبینرێت پاشگرەکە بووەتە هێزراکێشەر.
- لە[ فرۆشت **firoşt**، خواست **xiwast** ، سپارد**sipard** ، خوارد**xiward**، ....]پارادایمی کردار رابردوو، پێش دارِشتن: نواندنی پێوانەییان: [ف**i**.رۆشت **fi. roşt** ، خ**i**.واست **xi. wast** ، س**i**.پارد **si. pard** ، خ**i**.وارد **xi. ward**، ....] ، **cv́.cv́cc**⟵[σσ]⟵ [**Σs Σs**] ⟵ **PPh** ، پاشدارِشتن دەبن بە : [فرۆشتن **firoştîn**، خواستن **xiwastîn** ، سپاردن **siparđîn**، خواردن **xiwarđîn**، ....]پارادایمی کردار رابردوو، نواندنی پێوانەییان دەبێت بە: [فرۆش. ت**i**ن **froş. tin**، خواس. ت**i**ن **xwas. tin** ، سپار. د**i**ن **spar. din** ، خوار. د**i**ن **xwar. din** ،...]⟵ **ccvc. cv́c**⟵[σσ]⟵ [**Σ Σs**] ⟵**pω** ، هەرچەندە دروستەی برگەییەکەیان دوو برگەیە، بەڵام بەڵام دروستەی ئەم دووبرگەیە لە دەرکردەکەدا جیاوازە لە دروستەی دوو برگەکەی پێشوولە بنجەکەدا، ئەوەش بەهۆی بنەمای هێزدانانی کۆتاگرییە لە (ناو)دا، سەرەڕای ئەوەی کە لە یەک (پێ)ی هێزدار پێکهاتوون، لە یەک (پێ)ی ئایامبیکیش پێکهاتوون، بەهۆی نەریتی سرینەوەی هێزەوە ڕووبەڕووی کورتکردنەوەی ئاستی (پێ) بوونەتەوە و یەک وشەی فۆنۆلۆجییان پێکهێناوە. بەڵام دەکرێت بە سێ برگەش بنوێنرێن.

- لە [پاڵاوت **pal’awt**، پاراست **parast**، پەرست **perist**، ..][ناوی کرداریی/ وشەی فۆنۆلۆجی] پێش داڕشتن: نواندنی پێوانەییان بریتییە لە : [پا. ڵاوت **pa. l’awt** ، پا. راست **pa. rast**، پە. رiست **pe. rist]** :**c<u> v́</u>.c<u>v́</u>cc**→[σ.σ́] →[. **s** Σ**s** Σ ]→ **PPh**. پاشداڕشتن دەبن بە: [پاڵاوتن **pal’awtin**، پاراستن **parastin** ، پەرستن **peristin**..][پارادایمی کردار ڕابردوو]، نواندنی پێوانەییان دەبێت بە: [پا. ڵاو.تiن **pa. l’aw. tin** ، پا. راس.تiن **pa. ras. tin**، پە. رiس.تiن **pe. ris. tin**..]**, <u>cv. cv́c. cv́c</u>**→[σσ]→ [**s**Σ] →**pω** ، هەرچەندە دروستەی بڕگەییەکەیان سێ بڕگەیە، نواندنی هێز تیایاندا، هێزدانانی کۆتاگرییە لە (ناو)دا، لە یەک (پێ)ی هێزدار پێکهاتوون، کە یەک (پێ)ی ئەناپستە. بەهۆی نەریتی سڕینەوەی هێزەوە ڕووبەڕووی کورتکردنەوەی ئاستی (پێ) بوونەتەوە و یەک وشەی فۆنۆلۆجییان پێکهێناوە. هەروەها بۆ داڕشتنی ناوەکرداریییەکانی[سوتاندن، قیژاندن، نووساندن،..]یش بەهەمان شێوەیە، بەڵام لە ناوەکردارییەکانی [ترساندن، خنکاندن، برژاندن، قرتاندن]دا تەنها لەوەدا جیاوازن کە دروستەی بڕگەییان دەبێت بە: **<u>cvc. cvc. cv́c</u>**→[σσ́]→ [ Σ **s**] →**pω** .

## ئەنجام :

ئەنجامە بەدەستهاتووەکانی ئەم تێزە لە دوو پۆل دەرئەنجامدا دەبینرێتەوە:

ا- دەرئەنجامە گشتییەکان: کە بریتین لە:

1. تیۆری فۆنۆلۆجیی فەرهەنگی و دوافەرهەنگیی لە بنەڕەتدا بۆ لێکۆڵینەوە لە دروستەی وشە هاتووەتە ئاراوە. دوو تێڕوانینی جیاوازلە تیۆریەکەدا هەیە، کە تێڕوانینی مۆرفۆفۆنۆلۆجییانە و تێڕوانینی پرۆسۆدیکییانەیە.
2. جیاوازی لە نێوان یاسا فۆنۆلۆجییە فەرهەنگییەکان و دوافەرهەنگییەکاندا لەسەر پێوەری ئەو بنەما مۆدولارانەیە کە لەم تێزەدا ئاماژەپێدراوە، مەرج نییە بۆ هەموو زمانەکان وەک یەک بگونجێن، بەپێی تایبەتمەندیی زمانەکان لادان لە بنەماکاندا هەیە.
3. . لادان لە بنەما گشتیەکانی تێڕوانینی مۆرفۆفۆنۆلۆجییانە بۆ زمانی کوردی لە کەتیگۆری وشە فەرهەنگییەکاندا لە وشە تابۆکاندا دەبینرێتەوە، سەرەڕای لادان لە مەرجی توندی سووڕی لە ژینگە دارِشتنییەکانی پرۆسەمۆرفۆلۆجییەکان و سووڕێتی و ناسووڕێتی لە ڕۆنانی قەدی کردار و لە پارادایمەکانی تری کرداردا .
4. لە ئەنجامی ڕاڤەکردنەکانی بەشی یەکەمدا، ڕێکخستنی ئاستە سووڕی و ناسووڕی و دواسووڕییەکان بەدەست دێت بۆ فەرهەنگی زمانی کوردی کە لە هێڵکاری (٨)خراوەتەڕوو.
5. کەتیگۆرییە پێوانەییەکان/مێتریکاڵییەکان بەشێکن لە کەتیگۆرییە پرۆسۆدیکییەکان و دەکەونە ئاستی فەرهەنگەوە لە زمانی کوردیدا.
6. کەتیگۆرییە پرۆسۆدیکییە پێوانەییەکانی وەک (مۆرا، بڕگە، پێ، وشەی فۆنۆلۆجیی)و هەندێک لە فرێزە فۆنۆلۆجییەکانی وەک پارادایمەکانی (ناو ، هاوەڵناو، پارادایمە کردارییەکان) دەکەونە ئاستی فەرهەنگەوە، دەبن بە فرێزی فۆنۆلۆجی فەرهەنگی و بە ڕیتمێکی تایبەت نواندنی پرۆسۆدیکییانەیان بۆ دەکرێت.
7. دەکرێت لە شیکاریی زیاتردا ئەوەبسەلمێنرێت کە هێز لە کوردیدا یەکەیەکی ناکەرتی نییە، بەڵکو یەکەکی کەرتی مۆراییە و دەکرێت بە مۆرایەکی وەک بزرۆکە(**i**)بنوێنرێت، ئەمەش زمانی کوردی دەکات بەیەکێک لە زمانە مۆراییە-کاترێکخراوەکان**mora-timed language**.
